ئەدەب و مێژوو

ئەدەب مێژوو

چەپکێ لێکۆڵینەوە لە ئەدەب
و
بەڵگەنامەی مێژوویی کورد

محەمەد حەمە باقی

MUKIRYANI
ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

هەولێر - ٢٠١٣

خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

● **ئەدەب و مێژوو** **(چەپکێ لێکۆڵینەوە لە ئەدەب و بەڵگەنامەی مێژوویی کورد)**

● نووسین: **محەمەد حەمە باقی**

● نەخشەسازی ناوەوە: **رێدار جەعفەر**

● بەرگ: محەمەد قادر

● نرخ: (٥٠٠٠) دینار

● چاپی یەکەم: ٢٠١٣

● تیراژ: ١٠٠٠ دانە

● چاپخانە: چاپخانەی موکریانی (هەولێر)

● **لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی (١٥)ساڵی (٢٠١٢)ی پێ دراوە.**

زنجیرەی کتێب (٧١١)

هەموو مافێکی بۆ نووسەر پارێزراوە

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com
ئیمەیل: info@mukiryani.com

پێڕست

وەك بەرایی ٧

نامەیەکی مێژوویی بۆ شێخ بەزایی تاڵەبانی و هەواڵی تازە.................... ٩

چەپکێ نامەی شێخ مەحموودی حەفید ٣٣

مزگێنیی دۆزینەوەی مێژووی مەرگی شاعیری ناودار ١٠١

دیسان مزگێنی تازە و بەڵگەی تازەتر.. ١٠٧

دوونامەی نێوان شاعیری ناسراو (میسباح دیوان ـ ئەدەب) و دۆستێکی.......... ١١٥

نامەی یەکەم:.. ١٢١

نامەی دووەم:.. ١٢٩

دەقی نامەکەی میرزا محەمەد ساڵح بۆ عەبدوڵڵا بەگی میسباح دیوان ـ ئەدەب ١٣٥

دەقی وەڵامنامەی عەبدوڵڵا بەگی میسباح دیوان ـ ئەدەب بۆ میرزا محەمەد ساڵح.... ١٤١

وێنەی نامەی میرزا محەمەد ساڵح بۆ: عەبدوڵڵا بەگی میسباح دیوان ـ ئەدەب ١٤٥

وێنەی وەڵامنامەی عەبدوڵڵا بەگی میسباح دیوان ـ ئەدەب بۆ: میرزا محەمەد ساڵح ١٥١

دیتنەوەی (١٧) غەزەلی تازەی (ئەدەب ـ میسباح دیوان) ١٥٥

مەستوورە مێژوونووس و مرۆڤ (١٨٠٥ ـ ١٨٤٧) ١٨٩

نالی و مەستوورە ٢١١

نالی لەسەفەرنامەی باڵوێزێکی فرەنسادا (١٩٠٦ ـ ١٩٠٧)........................... ٢٣٥

ئەنجام ٢٤٩

مەولانا خالید (١٧٧٩ ـ ١٨٢٧ ز) ٢٥٧

بەشی یەکەم: ٢٥٩

مەولەوی! یان گەڕانەوە بۆ سەرچاوە؟ ٢٧٥

مەولەوی تاوەگوزی و موزیك و گۆرانی ٢٩٩

مەحوی میراتگری پەیام و هەڵوێستی جوامێرانەی مەلانا خالید ٣٦١

بەدواداچوونی وتارێکی مامۆستا تۆفیق وەهبی ٣٧٥
هەندێ ئاشنای نامۆ ٣٨٩
ئەم کتێبەم خوێندەوە (شاری سلێمانی ـ ململانێی گروپە کۆمەڵایەتییەکان: ١٨٢٠ ـ١٩٢٠)....... ٤٠٣
هێمن موکریانی و رۆژنامەی کوردستان (١٩٥٩ ـ ١٩٦٣)................................. ٤٣١
دیاری خوێنەران نامەی (هێمن) ٤٤٥
کوڕ: وەرگیراو لە کتێبی هەفتە ـ بەپێنووسی: مامۆستا هێمن ٤٥٦
مانای وشەی کوڕ... ٤٦١
شینی گۆران ٤٦٤
بەرهەمی چاپکراوی نووسەر ٤٦٩
بەرهەمی داهاتوو ٤٧١

وەك بەرایی

ئەم کۆمەڵە بەڵگەنامە و وتارانەی لەباوەشی ئەم کتێبەدا جێگەی خۆیان کردۆتەوە، لە سەرەتادا لە چەند ڕێبوارێکی لە یەکتر دوور و دابڕاو دەچوون، کە مێژووی هەنگاوهەڵگرتنی پێشینەکانیان، بۆ زیاتر لە (٢٥) بیست و پێنج ساڵ دەگەڕێتەوە و پاشان لە درێژایی ئەم (٢٥) ساڵەدا، بەرەبەرە، بەڵگەنامە و وتاری تریان شوێن کەوتووە، تا وایان لێهاتووە بەهەموویان کاروانێکیان پێکهێناوە. هەرچەندە هەر یەکەیان بەجیا، بۆنە و بابەت مێژووی نووسینیان لەیەکتر جیاوازە و ئەم جیاوزییەش، کەشوهەوای تایبەت و سەربەخۆی پێ بەخشیون و هەندێکیشیان، وەك بابەتەکانی: مەولانا خالید (١٧٧٤ ـ ١٨٢٧ز)، مەولەوی تاوەگۆزی (١٨٠٦ ـ ١٨٨٢ز)، نالی (١٨٠٠ ـ ١٨٧٣ز)، ئەدەب ـ میسباح دیوان (؟ ـ ١٩١٦ز)، سەرەڕای ئەوەی نەفەسی بابەتەکانیشیان کورت و خێراشن، بەڵام هەریەکەیان ڕەگەز و کەرەسە و هەوێنی کتێبی سەریەخۆیان لەخۆیاندا هەڵگرتووە. بۆیە ئەگەر مردن مەودا بدات، هەریەکەیان وەك کتێبی سەربەخۆ، دەگەنە بەر دەستتان. هەر بەو مەبەستەش لێرەدا، ئەم کەرەسە و ڕەگەزانەی ئەو چەند بابەتەم (بەر لەهەمووکەس زیاتر، بۆ بەرچاوی خۆم) بەرجەستە و یادداشت کردوون، تائەرکی لە ئەستۆگرتن و بە ئەنجام گەیاندنیان، وەك کتێبی سەربەخۆ، لەیاد و بیرەوەریی هەمیشەییمدا بژین و نەچنە خانەی لە بیرکردنەوەوە. چونکە ئەگەر لەمەودای نێوان نووسینی هەریەکە لەم بابەتانەدا، کتێبی ترم، نۆرە بڕیی لێکردبن، بەڵام دیسانیش هەرخۆم دەزانم کە چەند لەگەڵ کۆکردنەوە و تەتەڵەو تاوتوێ پێکردنی ئەم بابەتانەدا ماندوو بووم و شەونخوونیم لەگەڵدا کێشاون و چەند بەدژواریی و ڕاکەڕاك و تەقەللای بێ پشوو، ئەم کاروانی نووسینەم بەڕێ خستووە. بەتایبەتی بۆ تەواوکردنی هەندێکیان، وەك بابەتی: چەپکێ نامەی شێخ مەحموودی حەفید و نامە و بەڵگەنامەکانی شاعیری ناوداری موکریان: عەبدوڵلابەگی میسباح دیوان ـ ئەدەب (کە ئەم نموونانەی بەردەستتان لەبارەی

ناوبراوەوە، مشتێکی زۆر کەمی ئەو خەروارەن، کە لەسەر ئەم شاعیرە کۆمکردوونەتەوە) چەندان ماڵان و گوندانی خۆرهەڵاتی کوردستان بە دوایاندا گەڕاوم و دەستەودامێنی دۆست و نادۆست بووم و چەند رەنجی نەپساوم داوە و چەندیش تاسە و حەسرەتی چنگخستنیانم خواستووە!. چونکە هەریەکە لە کەرەسەکانی ئەم دوو بابەتەی ناوم هێناون، لەماوەی نزیکەی (٢٠) ساڵی تەمەنمدا، لەچەند ساڵی پچڕپچڕدا دەستم خستوون و سەریەکم ناون، کە دڵنیام هێشتا کەرەسە و نامە و بەڵگەنامەی بابەتی ئەمی دواییان (ئەدەب)، لە زۆر لەو گوندانە و قەڵەمڕەوی موکریاندا ماون و بەردەستی من نەکەوتوون و بە ئاواتی دەستخستنیانەوە دەژیم و خەونیان پێوە دەبینم. هەر بۆیەش ئەو کتێبەی بەناوی (نامە و بەڵگەنامە جێماوەکانی ئەدەب – میسباح دیوان)، لە دەمێکەوە ئامادەی چاپکردنم کرووە، بەو هیوایە دەستم راگرتووە و بەدوای دەخەم ، تا بەڵکو هەندێکی تریشم چنگ بکەوێ. جگە لە ئاواتی لە چاپدانەوەی سەرلەنوێی دیوانی (ئەدەب)، کە خۆشبەختانە، دوای دووجار چاپکردنەوەی دیوانەکەی، دیسانەوە شیعر و غەزەلی تریم دەست کەوتوون.

محەمەد حەمە باقی

هاوینی ٢٠١٢ ـ هەولێر

نامەیەکی مێژوویی
بۆ
شێخ ڕەزای تاڵەبانی و هەواڵی تازە

یەکەم:

(کەوثـــەر) نازناوی: قازی (مەلا مەحەمەد کەریم)ی سەقزی یە، کەبە (قازی کەوثـــەر) ناسراوە، کوڕی مەلامستەفای کوڕی مەلا محەمەد سەلیمی کوڕی مەلا شەریفی قازی یە و سالی (١٢٥٦) کۆچی، بەرامبەر سالی (١٨٤٨)ی زایین، لەسەقز هاتۆتە دنیاوە.

لەسەرەتای خوێندنیدا، لای ماموٚستایان: مەلا محەمەدی مودەڕیسی مزگەوتی سەقز و دواتر لای مەلا عەبدولسەلام مودەڕیسی (بانە) و ماوەیەکیش لە(بۆکان) لای مەلا محەمەد شەریف و دووساڵیش لە(ئوتومیش) لای مەلا عەبدوڵای پیرەباب و دووساڵیش لە(تورجان) لای مەلا عەلی قزلجی تورجانی خوێندویەتی...

دوای تەواوکردنی خوێندن لە(سەقز) بۆتە قازی، ناوناوەش دەرسی وتۆتەوە... لەدوای تەمەنی (٦٢) ساڵی، لە(**١٢**)ی جمادی الاخری ـ ی سالی (**١٣٢٨**)ی کۆچی، بەرامبەر (**١٩١٠/٦/٢١ی** ز) کۆچی دوایی کردووە. (کەوثـــەر) لە بنەماڵە کۆنەکانی سەقزـ ن، کە پشتاوپشت بەبنەماڵەی (شێخ الاسلام) بە

ناوبانگن. خۆیشی بە خەتخۆش و شاعیر و ئەدیب ناسراوە و دیوانێکی شیعری بە فارسی لەپاش بەجێماوە، کە هێشتا چاپ نەکراوە[1]

جگە لەم دیوانە، کۆمەڵێك نامەی لەدوا بەجێماوە، کە ئەمانیش هەموویان بەزمانی فارسی و بە پەخشانێکی ئەدەبیی زۆر باڵا داڕێژراون و ئەم نامانە، وێنەی دووەمی ئەو نامانەن، کە لە ژیانی خۆیدا بۆ دۆستگەل و شاعیران و رووناکبیران و لێپرساوان و وەزیری قاجار و نامەیکیشی بۆ (ناسرەدین شای قاجار ـ **١٨٤٨ز ـ ١٨٩٦ز**) نووسیونی...

ئەگەرچی لە دیوانە شیعرەکەی و لە ئەلبوومی ئەو کۆمەڵە نامە ئەدەبییانەدا، کە لە قازی کەوثـــەر جێماون، چ شیعرەکان و چ نامەکانیش هیچیان بەکوردی نین... بەڵام دیارە کە کوردییەکی باشی بەخوێندنەوە و نووسین زانیوە و شیعری شاعیرانی کوردی لەبەر بووە و لەگەڵ هێندێکیشیاندا سەروبەندێکی هەبووە... چونکە یەکێك لەم نامە ئەدەبییانەی بۆ شاعیری گەورە (شێخ رەزای تاڵەبانی **١٨٣٦ ـ ١٩١٠ز**) نووسیوە..

ئەم نامەیەی (قازی کەوثـــەر)، بۆ (شێخ رەزای تاڵەبانی) مێژووی لەسەر نییە" بەڵام بەوەدا کە لە دووتوێی نامەکەدا، دێڕە شیعرێکی (شێخ رەزا) تێهەڵکێش دەکات، کە لەم شیعری خواستووە:

خزمینە، مەدەن پەنجە، لەگەڵ عەشرەتی جافا
مێرووله، نەچێ چاکە، بەگژ قوللەیی قافا!

وەك دواتریش باسی دەکەین، ئەم شیعرە، لە هاوینی ساڵی (**١٨٦٥ز**)دا نووسراوە، بۆیە دەبێ ئەم نامەیە، دوای ئەو ساڵە نووسرابێ.

---

(١) تاریخ مشاهیر کرد ـ تألیف: بابا مردوخ روحانی، (شیوا)، انتشارات سروش ـ تهران ١٣٦٦ ص ١١٨ ـ نامەکەم بەهۆی نەوەکانی بنەماڵەی بەڕێزی (قازی کەوثـــەر)ەوە، لە سەقز، دەست کەوت. سوپاسیان دەکەم.

ئەم نامەیەی (قازی کەوثــەر)، چەند لایەنێکی گرنگی تێدایە، کەجێی سەرنجن:

١ ـ نامەکە لەبارەی دارِشتن و هەڵچنینی بناغەی رستەسازیی و وێنەی شیعریی و رەوانبێژییەوە، پارچە پەخشانێکی ئەدەبیی زۆر باڵا و بەپیز و تۆکمەیە، کە نیشانەی شارەزایی و ئاستی تێگەیشتنی یەکجار بەرزی (قازی کەوثــەر)ە. لە جیهانی ئەدەب و دەنگوباسی ئەدەبیی و ئاگاداربوونی لە باسوخواسی شاعیرانی کۆن و سەردەمی خۆی.

٢ ـ لەنامەکەدا، نیشانەیەکی ئاشکرای پێوەندی توند و تۆڵی نووسەرانی هەردوو بەشی کوردستانی دابەشکراوی نێوان قاجاری و عوسمانی تێدایە...

٣ ـ نامەکە، ئەوە دەسەلمێنیٚ، کە شیعر و شاعیرێتی و ناوبانگی (شێخ رەزای تاڵەبانی ـ کە هێشتا خۆی لە ژیان و لە هەرِەتی لاوێتی و شاعیرێتیدا بووە، لە کوردستانی بندەستی قاجاریدا)، زۆر بەربڵاو و لەسەر زاران بووە و شیعری دەستاودەست و گونداوگوند و شاران گەراوە.. بۆیە بۆ رووناکیی خستنەسەر ئەو زانیارییانە، بەچاکم زانی لەناو نامەگەلە جێماوەکەی (قازی کەوثــەر)دا، ئەم نامە گرنگەی لیٚ بکەمە کوردی، کە زۆری پێوە ماندوو بووم و هەوڵیشم داوە بناغەی رستەکان و مەبەستی ئەدەبیی و پەیامی (قازی کەوثــەر) وەك خۆی بهێڵمەوە.... ئەمەش دەقی نامەکەیە:

بۆ خزمەتی جەنابی زمانپاراوترینی شاعیران: شێخ رەزا
بەسەرگەردی وجوودی بەختەوەرت بم.

دوای پێکەشکردنی ئارەزوومەندیی بێ بڕانەوە، لەبیری درەوشاوەی ئێوەی پایەبەرزدا، ئاشکرابێ و نادیار نەمێنێتەوە...

لەو رۆژەوە ئەم کەمینەیە، توانای ئەوەی بووە، مرواریی شایستەی شیعرەکانت و وتەی تەڕ و تازەی گەوهەری بیری دەست بۆنەبراوی ئێوەی بەڕێز (خواتەمەنیان درێژ بکات) لەسەدەف دەربهێنێ و لەگوێچکەی دڵدا بیکاتە گوارە و لەلاپەڕەی دڵەی خەمیندا ببنە مایەی سەردانەواندن و بەخشین و لەکۆشکی باخی بیری کەم و کورتیدا، ببنە حوور و غیلمانی بەهەشت و خزمەتگوزارانی سەردارانی تاجدار.. سەرومڕی ساڵ و مانگ و سەعات و رۆژ و شەو، ئارەزووی ئەم چاوە فرمێسکاوییە، دیتنی روخساری ئەو زاتە داوێنپاکەیە.. دڵخوازی ئەم ستەمدیدەیەی رۆژگار، بۆ هەمیشە، خوێندنەوەی شیعری ئەو پیرۆزوتارەیە، کە بەزمان و گیان و دیار و نادیار، لە پێشگای یەزدانی پەروەردگار، لە سینەی پڕ بڵێسەدا، مایەی هێوربوونی کڵپەی ئاگری دووری و هاوڕاز و هاوخەمییە...

بەڵێ لەم ماوەیەدا ئەوەی توانای لە ئەستۆگرتنی باسی ژانی دووریی و باری ئاوات و تاسەی ئەم کەمینەیەی لەباردا بوو، لە پاڵەوانی دەوران، برای میهرەبان، مەلا عەبدوڵلا[(٢)]، زیاتر بە چاك نەزانرا... بۆیە هەلی لەدەست نەدا و بەناردنی ئەم کورتە ئاوات نامەیە، کەوتە پەلە و بەکلیلی دەروازەی خستنەڕووی سکاڵا و پوختەی ئەم رازەوە، قفڵی سنووقی ئاواتی مێژینەی خۆی کردەوە و بە پشتیوانی

(٢) بە داخەوە نەزانرا ئەم (مەلا عەبدوڵلا)یە کێیە!.

کردگار، جوڵای باڵای سروشتکار، تانوپۆی سێ غەزەلی[٣]، لە پاڵاوتەی بیری خۆی، داڕشت و چنی:

سازم مگر سیاهی چشمان خود مداد
تا در لباس نامه ببینم جمال دوست[٤]

هەرچەند پێشکەشکردنی ئەم غەزەلانە و ناردنی ئەم دیارییانە، بۆ مەڵبەند و هەرێمگەلی دەوڵەتی عوسمانی، وەك ناردنی وردە(زیر)ەو (شاڵ)ە، بۆ(کرمان)[٥]، یان وەك لافی خەتخۆشییە لای هونەرمەندانی ئەسفەهانی[٦] بە تایبەتیش بۆ وڵاتی (کەرکوك)، کە بەبوونی تەشریفی موبارەکی ئێوە (خوا دەوامی گەورەییتان بدات)، وەك زێڕی قاڵی کەمعەییاری بێبرەوە، کە شایستەی بەکارهێنان نەبێ.. بەڵام رەنگە لەکاتی ناوبردنی ئەم کەمینەیەدا، ببێتە مایەی یادگار و لەکاتی خوێندنەوەشدا، بە گوێرەی ئایەتی: (لا یکلف الله نفساً الا وسعها)... ببێتە مایەی یادکردنەوە، بۆیە ناردمە خزمەتتان... چونکە وتوویانە:

---

(٣) ئەم سێ غەزەلەی (قازی کەوثـەر)یش نەزنرا کامانەن، چونکە لەناو شیعرە جێماوەکانی ناوبراودا، شیعری وایان تیا نەبوو، کە ئاماژەیان بۆ ئەم مەبەستە لەسەربێ.

(٤) **واتە:** مەگەر لە رەشایی چاوی خۆم، قەڵەمێك ساز بکەم، تا لە دووتوێی نامەکەدا، جوانیی ئەو دۆستەم ببینم، کە پێشتر وێنەی ئەو دۆستە لە رەشایی چاومدا بووە.

(٥) ئەمە پەندێکی فارسییە، چونکە شاری (کرمان)ی ئێرانی، لە (زیرە) و (شاڵ)دا بەناوبانگە. واتە: کاری بێهوودەکردن، وەك چۆن بڵێین:خورما بۆ شاری بەسرە دەبا!. "سالم" هەرلەم باریەوە دەڵێ:

زیرە، سەرمایەیە بۆ "سالم" و "کرمـــــان"ی دەبا

شیعری کوردی، کێ بدا جیلوە؟ لەلای شێخی کەبیر!

دیوانی سالم، ل٦٩

(٦) ئەمەش هەر وەك پەندی سەرەوە وایە، چونکە هونەرمەندان و خۆشنووسانی (ئەسفەهان) وێنەیان کەمە.

طاعت ار هیچ نباشد، گنهی باید کرد
در دل دوست بهر حیله رهی باید کرد(٧)

منیش بەناردنی ئەم شیعرە نارێکانە، ڕێگەی دۆستایەتیم لە دڵی ئێوەدا کردۆتەوە.. جەنابیشتان بەوپەڕی سۆز و ویژدانی خواپێداوی خۆتانەوە، چاوپۆشیی و پەسندی چەشی گەوهەرباری بفەرموون... داخواز و تکاکاریشم چەند لاپەڕەیەك، لە مرواری شیعری خۆتان، کە لە بەردەستدان و ئامادەن، لەهەر بابەتێك بن، چ لە بابەت ستایشی خوا و چ پیاهەڵدان و چ قەسیدە و چ لاقرتێ و توانج و داشۆرین و چ پارچە غەزەل و چوارینە، کە لەم هەرێمانە لەبەردڵن و داواکارییان یەکجار زۆرە، بە تایبەتی لای ئەم کەمینەیە، وەك گۆگردی سوور وایە، بەناوی دیاری و خەڵاتەوە، کەلای چاو و دڵڕوونەکان، دیارییەکی بێهاوتایە و لەگەڵ وەڵامنامەکەدا، بە مەلا عەبدوڵلادا بۆمی ڕەوانە بفەرموون، تا بۆ بڵاوکردنەوە و برەوپێدانیان، کەسانێکی زۆر لە وێژەی ئێوەی بەڕێز و دەستڕەنگینیتان ئاگادار بکەمەوە... چونکە خۆت واتەنی (حەیفە برِزێ تیغی مجەوهەر لە غیلافا)(٨)

---

(٧) **واتە:** ئەگەر خوا پەرستیی هیچ دادێ نەدا، دەبێ گوناهێك بکەیت، تا بەهەر فێلێك بێت، ڕێگەیەك بۆ ناو دڵی دۆست بکەیتەوە.

ئەم بەیتە، شیعری، (نەشاطی ئەسفەهانی ١٧٦١ز ـ ١٨٢٨ز) یە، بەڵام بەیتەکە لە دیوانی (نەشاطی ئەسفەهانی)دا بەمجۆرەیە:

طـاعــت ار دست نیاید، گنهی باید کرد

در دل دوست بهر حیله، رهی باید کرد

بڕوانە: گنجینەء دیوان نشاط اصفهانی ـ با تصحیح و مقدمة دکتر حسین نجفی ـ چاپ دوم ـ چاپ تابش ـ ١٣٦٢ شمسی ـ انتشارات شرق ـ ص ٩٦.

(٨) ئاماژەیە بۆ شیعرێکی شێخ ڕەزای تاڵەبانی کە سەرەتاکەی ئەمەیە:

خزمینە مەدەن پەنجە، لەگەڵ عەشرەتی جافا

مێروولە، نەچێ چاکە، بەگژ قوللەیی قافا

لەکۆتاییدا خوا تەمەنتان درێژ بکات و هەمیشەش چاوەڕوانی مژدەی سەلامەتی و فەرمانتانم...

بدون سابقه ابلاغ گفته‌اند خطا است
ولی بسوی هنرمند و اهل فضل، روا است
سؤال کردم، ازین نکته از وزیر خرد
جواب داد: که آری جناب شیخ رضا است(٩)

کێ بێ لە دلێرانی عەشایر، کە نەچووبێ
وەك تیری ئەجەل، نووکی رمی جافی بەنافا!
چونکو رەسەنن، ورد و درشتیان هەموو جەنگین
مەی سارییە نەشئەی، چ لەدوردا، چ لە سافا
وابێ خەم و پەروا دەچنە عەرسەیی هەیجا
تو ناچییە سەر دۆشەکی بووکێ لە زەفافا
خوێنرێژو شەرەنگێزو عەدوومەندو زەفەرمەند
کامیان کە گەنە، وەك شێرە لە مەیدانی مەسافا
عوسمان بەگیان، ئامرە، وەقتێ کە دەڵێ: دەی(*)
دێنە جەوەلان، هەروەکو ((حاجی)) لە تەوافا
یأتون الی الحرب صغاراً و کباراً
یسعون الی الامر ثقالا و خفافا
خواهم زخدا هرکه شود دشمن جاهت
کۆتی لەدەسا، دەس لەملا، من لە تەنافا
رەحمێ بکە با ((شێخ رەزا)) بێتەوە گوفتار
حەیفە بڕزێ تیغی مجەوهەر، لە غیلافا

بڕوانە: دیوانی شێخ رەزای تاڵەبانی، چاپی یەکەم ـ **١٩٤٦**ز، **ل ٣ و ٤**.

(٩) ئەم دوو بەیتەی دوایی، شیعری (قازی کەوپەر)ە.

واتە:

بەبێ پیشەکی، ئاگادار کردنەوە، خەتایە بەڵام بۆ هونەرمەندان و بەهرەوەران، رەوایە

لەم بارەیەوە پرسیارم لەوەزیری هزر کرد وتی: بەڵێ قەیناکە، جەنابی (شێخ رەزا)یە

* * *

سەرنج: وشەی (کەمینە)م، لە جیاتی وشەی (حقیر)ی عەرەبی بەکاربردووە، بە پێودانی: سەنگین، دێرین، شیرین... تاد، دامڕشتووە، ئەگینا دەزانم وشەی (کەمینە) لە دیوی کوردستانی ئێراندا بۆ (مێینە) بەکار دێ.

(*) ئەم نیوە بەیتە لەتێکڕای دیوانە چاپکراوەکانی شێخ رەزادا، بەهەڵەو بەجۆرێتر نووسراون.

دووەم:

هەر ئەو شیعرەی شێخ رەزا، کە لە نامەکەی (قازی کەوثـــەر)دا، نیوە دێڕێکی هاتبوو، واتە ئەو شیعرەی، کە سەرەتایەکەی بەم بەیتە دەست پێدەکات:

خزمینە، مەدەن پەنجە، لەگەڵ عەشیرەتی جافا
مێروولە نەچێ چاکە، بەگژ قوللەیی قافا

پێشتر، دەمێك بوو، هەمیشە لەخۆم دەپرسی: ئاخۆ مەبەستی شێخ رەزا لەم شیعرە و رووی دەمی و واژەی (خزمینە)ی بۆ کێ بێ؟ لە وەرامدا جارجارە ئەوەم بە بیردا دەهات، کە دەبێ مەبەستی لەخزمانی خۆی، واتە (تاڵەبانی) بێت... و تکایان لێ بکات، کە لەگەڵ عەشیرەتی ئازا و سەرکەشی (جاف)دا تێك هەڵنەچن... تا ئەم ساڵانەی دوایی، کە ژیانی ئاوارەیی، لە شاری جوانکیلەی (سەقز)دا گلی دامەوە. رۆژێ لەگەڵ هاوڕێیەکی ئەدەبدۆستمدا، (سەرهەنگ: رەشیدخانی ناهید)، لە هۆزی بەناوبانگ و بەربڵاوی (فەیزوڵڵا بەگ)[١٠] لە

---

(١٠) فەیزوڵڵا بەگ (؟ ـ ١٨٨٢ز) کوڕە گەورەی ئەوڕەحمان بەگ بووە. بەو هۆیەوە کە منداڵی زۆر بووە، لە ناو بەگزادەکاندا لە هەموویان بەرچاوتر بووە. هەر بۆیە لەناو بەگزادەکاندا وەك تیرەیەکی تازە و جیاواز، پێیان وتوون: فەیزوڵڵا بەگی. نووسەری ئەرمەنی: ئەسکەندەر غۆریانس، کە دۆستایەتی نزیکی لەگەڵیدا هەبووە، دەڵێ: (١٥) پازدە کوڕی هەیە و (١٠٠٠) سوارە و تفەنگچی هەیە. ئەمە ناوی (٩) کوڕی فەیزوڵڵا بەگن: حاجی محەمەد، ساڵح بەگ، حاجی محەمەد حەسەن بەگ، شێر بەگ، حاجی سەلیم خانی سەرتیپ (کە شاعیریش بوو)، ئەمانوڵڵا بەگ، کەیخسرەو بەگ، عەبدولڕەحمان بەگ.

بۆ زیاتر زانیاریی لەم بارەیەوە بنواڕە: محەمەد حەمە باقی: (شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵا لە بەڵگەنامەی قاجاریدا، چاپەمەنی موکریانی، هەولێر، ساڵی(٢٠٠٠)، ل **٥٥٩**)

سەقزەوە بە ئۆتۆمبێل بەرەو (بۆکان) دەچووین.. لەنیوەڕێدا لە ئاستی (پیر یوونس)دا هاوڕێکەم لایەکی بۆ لای راستی رێگەکە کردەوە و پێمی وت:

ئا لێرەدا عەشیرەتی (جاف) و هۆزی (فەیزوڵڵا بەگ)، شەڕە سەختەکەیان کردووە.

وتم: کامە شەڕ؟!

وتی: ئەو شەڕەی کە (شێخ رەزای تاڵەبانی) شیعرە بەناوبانگەکەی بۆ وتوون...

وتم: کام شیعرەیان؟!

وتی: ئەو شیعرەیان کە دەڵێ:

خزمینە! مەدەن پەنجە لەگەڵ عەشیرەتی جافا....

ئیتر هاوڕێکەم کەوتە گێڕانەوەی چۆنییەتی روودان و ئاکامی شەڕەکە، کە وەك دەزانن: عەشیرەتی کۆچەری (جاف) لە دێرزەمانەوە، تا سەرەتای هەڵایسانی شەڕی یەکەمی جیهان، بەو هۆیەوە کە ئاژەڵدارییان کردووە و ئەم پیشەیەش چونکە پێویستی بە دۆزینەوەی لەوەڕگەی بەردەوام هەیە.. بۆیە هەموو هاوینان لە دەشتی (شارەزوور) و (کفری) و (کەلار) و (شاکەل) و ئەمبەروئەوبەری رووباری سیروانەوە، روویان لە ناوچە کوێستانەکانی خۆرهەڵاتی خۆیان کردووە و بە بناری (هەورامان)و (مەریوان) و (شلێر) و (ناوخوان) و (بانە) و (نەکەرۆز) و (سەر شیوی سەقز)دا هەڵگەڕاون و گەیشتوونەتە ناوچە ساردەسێرەکانی وەك: (چل چەمە)ی (سەقز) و (بۆکان) و (هۆبەتوو)ی نێوان سەقز و (دیواندەرە) و ناوچەی (سارال) و تا (بان لێلاخ)ی خۆرهەڵاتی شاری سنە، پەرت و بڵاوبوونەتەوە و بەهەزاران هۆبە رەشماڵیان بەم ناوچە بەرین و زۆزانانەدا هەڵداوە و بەدەم کۆچ و رەوت و گوزەرانیانەوە، لەم هەرێمانەدا، تووشی ماندووبوونێکی زۆر و دەستە و یەخەبوونێکی هەمیشەیی دانیشتووانە رەسەنەکانی ئەو ناوچانە بوون، کە لەوەڕگەی سەوزی تێدا بووە و بەڵگەنامەکان و رێکەوتننامەکانی نێوان هەردوو دەوڵەتی قاجاری و عوسمانیش پڕن لە باسی گێرە و کێشەی هۆز و تیرە پەرت و بڵاوەکانی (جاف) و گازندە و هاواری کۆچ و رەوی ئەو هۆزانەی هەمیشەیی جاف پێشێلی کردوون.. لاپەڕەکانی زنجیرە کتێبی (رشتەی مرواری)ی مامۆستا (عەلائەدین سەجادی)ش. پڕن لە باسوخواسی زۆر شیرین و دەوڵەمەندی ئەو

ڕۆژگارانەی (جاف).. لەبەرئەمە، ئەم داروباری ژیانە پڕ لە ڕووداوەی جافەکان، گیانێکی سەرچڵ و تووڕەی داونەتێ، کە ناچار بوون لەو کۆچە بەردەوامەیاندا، چەکی پێویست بۆ شەڕ و بەرنگاریی، لەگەڵ خۆیاندا هەڵگرن و لەگەڵ زۆر هۆز و خێڵی نیشتەجێدا، تووشی شەڕ و بەرهەڵستی بێن و بەم هۆیەوە ناوبانگیان بە ئازا و شەڕانیی دەربچێ! کە دیارە ئەم شەڕەشیان لەگەڵ هۆزی گەورەی (فەیزوڵڵا بەگی)دا، کە لە دەمێکەوە لە ناوچەکانی دەوروبەری (سەقز) و (بۆکان) و (موکریان)دا نیشتەجێن ـ یەکێکە لەو شەڕ و ڕووداوانەی لە مێژووی (جاف)دا بەسەریان هاتووە.

شایانی وتنە هۆزی (فەیزوڵڵا بەگی)، جگە لە پیاوی ئازا و جوامێر و ناودار، گەلێ شاعیر و هونەرمەندی دەنگخۆش و گۆرانیبێژی ناسراویشیان تێدا هەڵکەوتووە، کە دەتوانم بڵێم: زۆربەیان شاعیر و هونەرمەندن و ئەوەی وەك تاقیکردنەوەش لە بارەیانەوە دەزانرێ، لە دەمێکەوە لە کوردستانی ئێراندا، هونەری نیگارکێشیان، لەسەر دەستی هونەرمەندانی ئەم هۆزەدا پەروەردە دەبێ کە بەسەرکردنەوەی یەکەیەکەی ئەو هونەرمەندانە، جێگەیەکی تایبەتی بۆ وتار و لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆ، پێویستە. بۆیە دەگەڕێمەوە بۆ کاکڵی مەبەستەکە و دەڵێم: کاتێ جافەکان لەناوچەکانی سەقز و بۆکاندا، لەگەڵ هۆزی (فەیزوڵڵا بەگی)دا تێهەڵچوون و بەگژ یەکدا چوون، شەڕەکەیان خایاندوویەتی و هەردوو لایان هێز و لەشکریان بۆ سەریەکتر کۆکردۆتەوە.. کە بەم کارە، هەواڵی لەشکرکێشی و عەشیرەت کۆکردنەوە، بۆ شەڕەکە، کە ڕەنگە چەند مانگێکی خایاندبێ، بەناوچە دوورەکانی کوردستاندا بڵاوبۆتەوە و (شێخ ڕەزای تاڵەبانی)ش وەك زۆربەی خەڵکی ئەو ڕۆژگارە، بە پەرۆشەوە بە هەواڵەکە سڵەمیوەتەوە و بە نەفەسێکی زۆر کوردانە و جگەرسۆزانە، لە پارچەیەکی تری کوردستانی بندەستی ئیمپراتۆریەتی عوسمانییەوە، بەواژەی (خزمینە)! ڕووی دەمی لە هۆزی (فەیزوڵڵا بەگی) دەکات و داوایان لێ دەکات لەگەڵ عەشیرەتی (جاف)دا تێهەڵنەچن..

هەرچەند هەڵوێستەکەی (شێخ ڕەزا) زۆر دڵسۆزانەشە، بەڵام لەهەمان کاتدا جۆرێ لایەنداریی و ئاماژەی سووکە هەڕەشەیەکیشی بۆ ئەوانە (هۆزی فەیزوڵڵا بەگ) تێدایە، کە دەیانەوێ لەگەڵ (جاف)دا بجەنگن. چونکە (شێخ ڕەزا)ش، وەك

خەڵکی تر، وەك لەسەرووتریش وتمان، ناوبانگی (جاف)ی بە ئازا و دلێر بیستووە.. کەچی دیارە جوامێرانی (فەیزوڵڵا بەگی)یش رادەی بێزاریی و تووڕەبوونیان لە دەستدرێژیی و بێپەروایی هەمیشەی جافەکان (وەك دەڵێن) گەیشتۆتە سەر ئێسقانیان و ئەوپەڕی سنووری ددان بەخۆداگرتن و ناچار بوون بۆ سنووردانان، بۆ زیادەڕۆیی و پێ لە یاسا نانی جافەکان، کە بەهۆی ئەوەی لەنێوان هەردوو سنووری قاجاری و عوسمانیدا ژیاون، لەهەر پارچەیەکی ئەو دوو دەوڵەتەدا، بێ یاساییەك بکەن، خۆیان بگەیننە پارچەکەی تر و نەکەونە بەر سزا و تۆڵە لێسەندنەوە.. لەگەڵیاندا بجەنگن و لە ئاکامیشدا بەسەر جافەکان دا سەربکەون و بیانکێشنن. بۆیە سەرۆکێکی ئەو سەردەمەی هۆزی (فەیزوڵڵا بەگی)یش، کەناوی (حاجی سەلیم خان) و لەهەمان کاتدا شاعیر و نازناوی (حاجی سەرتیپ) بووە،[11] دوای بڕانەوەی شەڕەکە و سەرکەوتنی هۆزی (فەیزوڵڵا بەگی)، بە شیعرێکی جوان و پڕ لەنەزاکەت، کە بەهەمان کێش و قافیەش دەست پێ بکات.. وەڵامی شیعرەکەی (شێخ رەزا) بداتەوە، کە تێکڕای شیعرەکەی (شێخ رەزا) وەك لە لاپەڕەکانی (٣، ٤)ی دیوانەکەی و زۆر جێگەی تر و دواتر لە ژمارە (٢٠)ی مامۆستای کورددا بڵاوبۆتەوە، (٩) نۆ بەیتە.. بەڵام ئەم وەڵامەی (حاجی سەرتیپ) لەهەموو ئەو سەرچاوانەدا، کە بڵاویان کردۆتەوە، هەر تەنیا (٧) بەیتە و ئەمە یەکەمجارە هەموو شیعرەکەی حاجی سەلیم خانی سەرتیپ، کە (٩) بەیتە و لە رێگەی ماڵباتی فەیزوڵڵابەگی یەوە چنگم خستووە، بە تەواوی و وەك خۆی بڵاودەبێتەوە، کە ئەمەیە:

---

(١١) سەفەرنامەیەکی هێشتا چاپنەکراوی بەفارسی لێ بەجێ ماوە و تایبەتە بەسەفەری ئەو رۆژگارەی (حەج)...

نەیبیستووە چەند ساڵە، لەمەوبەر، لە مەسافا
هەر جافە، دەچوو نووکی رمی موکریی بە نافا
حازر نەبوو ئەو دەم، کە بەڕم حاجی سەلیم خان
دەیکرد جەوەلان هەر وەکو توفێ لە تەوافا
تیپی عەدوو، وەك پۆلی قولنگ، ئەو وەکو شەمقار
تێکی دەشکاند، یەك یەك و دەیخست لە مەسافا
(شێخ) بێخەبەرە، لەم قسە مەشهوورە، لە ئافاق
حەربەی ڕمی ئەو بوو، کە بەجێما لە غیلافا
هەر وا کوڕە جاف بوو، لەبەر زەربی دلێران
ناڵینی دەهات، هەر وەکو بووکێ لە زەفافا
یـــــــرمون من البأس تلالا و جـــــبالا
یکــــــنون مـــن الـــــرّوع شـــــعاعاً و کفافا
زۆر کەس، لەجەوانانی ئەوان بوو، بە ئەسیر هات
دەست بەستەو و تەن خەستەو و گەردەن لەتەنافا
چاك وایە، نەکات مەدحی ئەوان، نەك بڵێ مونسیف
ئەم مەدحە، کە (شێخ) فەرموویەتی، لاف و گەزافا
بۆ مەدحی ئەوان، کافییە (شێخ) بێت و نەزەر کات
مەعلوومە کە مـەعنای لـە لوغەتدا چییە: (جافا)

* * *

وەك وتمان، بەو هۆیەوە کە کۆچ و ڕەوی گەرمیان و کوێستانی ساڵانە و بەردەوامی (جاف)، بەو ناوچە بەرینانەدا، گیروگرفتی زۆری بۆ دروستکردوون و ماوەیەکە زۆریانم لەو بەڵگەنامانە لە بەردەستدان و زۆریانم بۆ کوردی تەرجەمە کردوون و پڕن لە سنووربەزندانی جافەکان.. بۆیە گەورە لێپرسراوانی هەردوو دەوڵەتی ناوبراویش، لەدەست (جاف) بێزاربوون و سەرئێشەیان بەدەستیانەوە زۆر

تووش بووه و پێیان خۆش بووه جافەکان تووشی تێکشکان و زیان بن، هەر لەبەرئەمەشە لە دوای ئەم شەڕەی نێوان ئەم دوو خێڵە گەورەیەی کورد (جاف و فەیزوڵڵا بەگی)، (ناسرەدین شای قاجار **١٨٤٨ز ـ ١٨٩٦ز**)، فەرماننامەیەکی لە شێوەی سوپاسنامەیەکدا بۆ (فەیزوڵڵا بەگی موکری ناردووە.. تیایدا دەستخۆشانەی (ناسرەدین شای قاجار) دەردەبڕێ، بەرامبەر بەو سەرکەوتنەی لەو شەڕەدا کە لەگەڵ جافەکاندا کردوویانە، وەك خەڵاتێکیش بەو سەرکەوتنە، فەرمان دەدا، کە مانگانەی (١٠٠) تمەنی ئەو رۆژگارە، بە سەرانی هۆزی (فیزوڵڵا بەگی) بدرێ.. کە تا ئێستا (فەرمانەکە) هەر وەك خۆی لە شووشە گیراوە و لە بەگزادەماڵێکی (فەیزوڵڵا بەگی)دا لەشاری (بۆکان) بە دیواری ژوورێکیانەوە هەڵواسراوە و ئەوەی لەگەڵ ئەم چەند دێڕەدا (فۆتۆ)م کردووە، وێنەی ئەو **فەرماننامە ـ** سوپاسنامەی (ناسرەدین شا)یە، کە ئەگەرچیش **فەرماننامەکە**، دوای فۆتۆکردنەکەی من، بەباشی ناخوێندرێتەوە، بەڵام مێژووی ساڵی (**١٢٨٢ی** کۆچی، بەرامبەر **١٨٦٥ز**)ی پێوەیە. بەمەشدا دەردەکەوێ، کە شیعرە ئاماژە بۆ کراوەکەی (شێخ رەزای تاڵەبانی): **خزمینە مەدەن پەنجە**... لە ساڵی (**١٨٦٥**)ی زاینیدا و لە جەنگەی شەڕی ناوبراودا وتراوە و ئەمەش هەواڵێکی تازەیە، بۆ زانینی مێژووی شیعری ناوبراو[١٢]، کە بەداخەوە شیعری زۆربەی زۆری شاعیرانی پێشینەمان، بۆنە و مێژوویان نازانین و مەگەر لەمجۆرە بۆنە و بەڵگانەدا بتوانین رووناکی بخەینە سەر تەمەن و بۆنەی شیعری رابوردوومان. بەڵام دیارە شیعرەکەی (حاجی سەرتیپ)ی فەیزوڵڵا بەگی، درەنگتر و داوی شیعرەکەی (شێخ رەزا) وتراوە.

---

(١٢) هەروەها بۆ زانینی مێژووی تەمەنی شێخ رەزا (١٨٣٦ ـ ١٩١٠ز)ش، کە شێخ رەزا لەکاتی نووسینی ئەم شیعری بۆنەیەدا، هێشتا تەمەنی نەگەیوەتە (٢٠) بیست ساڵ! و شاعیرێتی گەیوەتە لووتکە.

دەقی (فارسی) نامەکەی قازی (کەوپـەر)، بۆ شێخ ڕەزای تاڵەبانی

سواد کاغذیست که جناب مستطاب آقای ملا محمد کریم قازی خدمت جناب مستطاب أفصح الشعراء آقای شیخ رضا سلمـەالله نوشته

فدای وجود مسعودت شوم. پس از عرض سلام واشتیاق بی اختتام در ضمیر منیر جناب مستطابعالی دام فضله مکشوف باشد و پوشیده نماند

از روزی که حقیر ارادت تخمیر لألی کلام آبدار ودرّ شاهوار اشعار ونتایج افکار أبکار جنابعالی را دام بقائه در گوش دل گوشوارو وبرصحیفه ضمیر اندوەبار جای تعظیم ونثار قصور ریاض طبع پر قصور را حورعین وغلمان شهریار ونفوس سلاطین تاج دار قرار داده در عموم سال وماه وساعات لیل ونهار، آرزوی این دیده اشکبار بمشاهده جمال آن وجود فرخندەتبار وتمنای قلبی این ستمدیده روزگار باستدامت مطالعه اشعار آن خجسته شعار زباناً وجاناً وپوشیده وآشکار از حضرت خالق پرودگار در لوح سینه پرشرار ومسکّن التهاب نایره فراق وندیم وغمکَسار خود ساختەاست.

ودر اینمدت کسی را که شرح درد فراق وبار آرزوی حقیر راحمل توان کرد بغیر پهلوان زمان برادر مهربان ملاّ عبدالله کسی را نیافت، لهذا روی ارادت از عنیمت وقت نتافت و باابلاغ این مختصر آرزونامه شتافت و بمفتاح تصویر این شکایت وکلید تحریر این مختصر حکایت قفل حقه آرزوی بسته دیرینه را شکافت باسنان نساج طبیعت شایقه به نسبح تاروپود دو سه غزل از نتایج افکار خود پرداخت ودریافت.

سازم مگر سیاهی چشمان خود مداد
تا در لباس نامه بەبینم جمال دوست

* * *

هرچند اهدای این قطعات غزل وارسال ارمغانی به نقاط ومراکز بُلدان در نواحی دولت عثمانی صورت ریزه زیره وکرمانی شال وادّعای حظ خط هنرندان اصفهانی دارد (علی الخصوص در ناحیه کرکوك باوجود جنابعالی دام فضلـه چون زرّ غیر مسکوك کم عیار وبی رواج محکوك مینماید). لکن چون امکان آن دارد که گاه بحث از حقیر یادگاری وهنگام مطالعه موجب تذکاری شود بمنطوق: لایکلّف الله نفساً إلآ وسعها، اهدای خدمت شدند. یقین است چنانکه گفته‌اند:

طاعت از هیچ نباشد، گنهی باید کرد،

دل دوست بهر حیله رهی باید کرد). حقیر که بارسال این اشعار بی هنجار در دل جنابعالی راه دوستی را اختیار کرده، جنابعالی نیز درکمال مرحمت وانصاف خداداده خودتان از پستی پایه ابیات ونقص ارکان آنها صرف نظر فرموده ومقبول طبع گهربار خواهید فرمود)

مستدعی وخواهشمندم چند صفحه از لألی منظومهً کلام خودتان از هر قبیل که حاضر ونُسخه‌اش موجوداست خواه توحید وخواه نعت وخواه قصیده وخواه سخریه وخواه قطعه وخواه غزل وخواه رباعی که دراین صفحات بسیار مرغوب ومطلوبند خاصه در نزد حقیر صورت گوگرد أحمر دارد در صحابت ملا عبدالله برسم هدیه وارمغانی که در نظر ارباب بصیرت تحفه بی بدلند باجواب حقیر ارسال فرمایند، تا به نشر و ترویج آنها اکثیریا در اینصفحات بلفظ جنابعالی ممنون و بدیع صنایع آنها بیدار نمایم چنانکه خودتان در مدح ایل جاف فرموده‌اند:

حەیفە برزێ تیغی مجەوهەر لە غیلافا)

زیاده تطویل مهربان تحویل باد همه وقت منتظر مژده سلامتی وجودتان وارجاع خدماتم والسلام علیکم ورحمة الله.

بدون سابقه ابلاغ گفته‌اند خطااست ولی بسوی هنرمند و اهل فضل رواست سؤال کردم ازین نکته، از وزیرخرد جواب داد، که آری جناب شیخ رضااست

* * *

سواد کاغذیست که جناب مستطاب آقای حاج محمد کریم قاضی
خدمت جناب مستطاب افصح الشعرا آقای شیخ رضا سلمه الله
نوشته

فدای وجود مسعودت شوم پس از عرض سلام و اشتیاق بی اختتام در ضمیر منیر
جناب مستطاب عالی دام فضله مکشوف باشد و پوشیده نماند

از روزی که حقیر ارادت تخمیر لآلی کلام آبدار و در شاهوار اشعار و نتایج افکار ابکار جناب عالی
دام بقاءه در گوش دل گوشوار و در صحیفه ضمیر آمده بار جای تعظیم و نثار قصور ریاض طبع بی
قصور او حور عین و غلمان شهریار و نفوس سلاطین تاجدار قرار داده در عموم سال و ماه و در عا
سیل دمعها از روی این دیده اشکبار بمشاهده جمال آن وجود فرخنده تبار و تمنای لقای بی قلبی این
ستمدیده روزگار بسته است مطالعه اشعار آن مجسته شعار زبانا و جانا و پوشیده و آشکار
از حضرت خالق پروردگار در لوح سینه پرشرار مسکن التهاب و نار فراق و ندیم و همکاسه خود
ساخته است

دور از خدمت کسی را که شرح فراق و بار آرزوی حقیر را محل توان کردیم پهلوان زمان برادر مهربان

تا حسب الصدفه گاهی را نیافت لهذا روی ارادت از غنیمت [illegible] تافت و با بلاغ این مختصر آرزو نامه
بشتافت و بمفتاح تصویر این شکایت و کلید تحریر این مختصر حکایت قفل حقه آرزوی
بسته دیرینه را بگشاد و با سنان نساج طبیعت شایقه به نسج تار و پود دو سه غزل از نتایج
افکار خود پرداخت و در بافت)

نازم مگر سیاهی چشمان خود مداد   تا در لباس نامه به هم جمال دوست

هر چند ابدای این قطعات غزل را ارسال این معانی به نقاط و مراکز بلدان و نواحی
دولت عثمانی صورت ریزه زیره و کرمانی شال و دعای حفظ خط هنرمندان اصفهانی دارد
علی الخصوص ناحیه کرکوک با وجود جناب عالی دام فضله چون زر غیر مسکوک کم عیار و بی رواج
و محکوک مینماید) لکن چون مکان آن دارد که گاه بحث از حقیر یادگاری و هنگام مطالعه
موجب مددکاری شود بمنطوق لا یکلف الله نفسا الا وسعها ادای
خدمت شدند یقین است چنانکه گفته اند طاعت از دست نیاید گنهی باید کرد
در دل دوست بهر حیله رهی باید کرد) حقیر که با ارسال این اشعار بی هنجار در دل جناب عالی
راه دوستی را اختیار کرده جناب عالی نیز در کمال مرحمت و انصاف خط داده خودتان از سستی چند
ابیات و نقص ارکان آنها صرف نظر فرموده و بقبول طبع گهربار خواهید فرمود)
[illegible] و خواهشمندم چند صفحه از لآلی منظومه کلام خودتان از هر قبیل که حاضر و نسخه اش موجود است
خواه توحید و خواه نعت و خواه قصیده و خواه [illegible] و خواه قطعه و خواه غزل و خواه رباعی کم و بیش

کۆپی نامەکەی: قازی کەوسەر ـ ی شێخ الاسلامی سەقز

بۆ: شێخ رەزای تاڵەبانی

صفحات بسیار مرغوب و مطلوب نیز خاصه در ذو حقیر صورت گوگرد احمر دارد و صحابت جبهه

برسم هدیه و ارمغانی که در نظر ارباب بصیرت تحفه بی بدل شد با جواب حقیر ارسال فرمایید

تا به نشر و ترویج آنها اکثیر از این صفحات بلفظ جناب عالی مخزن و مرجع صنایع انها

پیدا نمایم چنانکه خودتان در مدح ایلجاف فرموده اند   حیف برزی تیغ بجوهر بغلاف)

زیاده تطویل و صدیان تحویل باد همواره منتظر مژده سلامتی وجودتان و ارجاع خدماتم و السلام علیکم و رحمة

بدون سابقه ابلاغ گفته اند خطاست   ولی بسوی هنرمند و اهل فضل رواست

سوال کردم ازین نکته از وزیر خرد   جواب داد که آری جناب شیخ رضا ست



شیعری شێخ ڕەزای تاڵەبانی

لە ستایشی ئیلی جاف دا



وەڵامە شیعرییەکەی حاجی سەلیم خانی سەرتیپ

بۆ شێخ رەزای تاڵەبانی



فەرماننامەی ناسرەدین شا سەبارەت بە بڕینەوەی مووچە بۆ سەرانی فەیزوڵڵابەگی و دەستخۆشانەکردنیان



مۆر و ئیمزای سەرانی ئیلی فەیزوڵلابەگی، بۆ سوپاسی ناسرەدین شا (رووبەری ئەم دوو بەڵگەنامەیە، زۆر لەم قەوارە فۆتۆکراوەی ئێستا گەورەترە)

چەپکێ نامەی شێخ مەحموودی حەفید

(١)

وتەیەکی پێویست:

سەرەتای بەهاری ساڵی ١٩٨٨ز، لەبەر شاڵاوی ئیقلیمگیریی ئەو هێرش و کیمیاویی بارانەی لەلایەن هێزەکانی (سەدام حسین)ەوە بۆ سەر ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستانی عێراق کرا، ناچاربووین بە هەر دەردەسەریی و دژواریی و لێبڕانێك بوو، لە بناری چیای (ئاسۆس)ەوە دەربازبووین و چووینە کوردستانی ئێران و لەوێش لە شاری (سەقز)ی شیرین و جوانکیلەدا گیرسامەوەو لەسەرەتادا هەر زوو بەهۆی هەندێ دۆستی دێرینەمەوە، لەگەڵ بنەماڵەی شێخەکانی گوندی (دۆزەخدەرە) ناسیاوییم پەیداکردو ئەوانیش لوتفیان نواند، نەوازشێکی زۆر کوردانەو جگەرسۆزانەیان کردین و لە سنووری توانای خۆیان بەدەر، یارمەتییان داین.

(دۆزەخدەرە)، گوندێکی زۆر بچکۆلەی سەر بە شاری سەقزەو نزیکەی (٥) کیلۆمەترێك لە خۆرهەڵاتی باکووری سەقزەوە دوور دەبێ. گوندەکە لە دەمێکەوە بەهۆی ماڵەباوانی بنەماڵەی سەیید عەبدولقادرەوە (١٨٧٣-١٩٥٧ز)، لەگەڵ بنەماڵەی کاك ئەحمەدی شێخ (١٧٩٢-١٨٨٧ز)ی

سلێمانییەوە، دۆستایەتی دێرین و ڕاستەقینەو پتەویان پەیدا کردووە، ئیتر نەوە دوای نەوەو تائێستاش ئەم دۆستایەتییە هەر بەردەوامە.

ئەم دۆستایەتییە لە سەردەمی شێخ مەحموودی حەفید (١٨٨١-٩/١٠/١٩٥٦)دا، زیاتر گەشەی کردووە، کە هاوتەمەنی (سەیید عەبدولقادر) بووە. دۆستایەتییەکەیان ئەوەندە توندو پتەو بووە، زۆر جار لە سنووری پێوەندی نێوان شێخ و خەلیفەی تێپەڕاندووەو وەك نەوەکانیان دەیگێڕنەوە، لە هەموو کات و سەردەمێکی خۆشی و ناخۆشیدا، لە سەردەمی ئەوپەڕی دەسەڵاتی شێخ مەحموودا، کە حوکمداری کوردستان بووە، تا ئەوپەڕی بێدەسەڵاتیی شێخی نەمر، کە لەدوای ژیانی ئاوارەیی و دەست بەسەرییەکەی، لە بەغداد هەڵاتووەو بۆ نیشتمان گەڕاوەتەوەو لە گوندی (داریکەلی) گۆشەگیر بووە، هەمیشە بەسەر سنووری توند داخراوو قایمکراوی هەردوو دەوڵەتی عێراق و ئێراندا، نامەی بەردەوام و هاتووچۆ لەنێوانیاندا بەردەوام بووە، هەر نەوەکانی سەیید عەبدولقادر دەیگێڕنەوە، کاتێ کە هەواڵی کۆچی دوایی شێخی نەمر، بە شێخ عەبدولقادر گەیشتووە، ئیتر لە سوێی شێخ مەحموود، زۆر نەژیاوەو نەخۆش کەوتووەو دوو مانگ دوای کۆچی شێخ مەحموود لە (٢٣/١٢/١٩٥٧ز=٢/١٠/١٣٤٩هەتاوی) کۆچی دوایی کردووە، هەر لەبەر ئەمە، ئەوانەی لە نزیکی (شێخ)ەوە ئاگاداری دۆستایەتیی هەمەلایەنەی شێخ مەحموود بوون، چاکتر شارەزای ئەم پێوەندیو دۆستایەتییە قووڵە بوون، بۆیە شاعیرێکی میللی وەك: بەنگینە- حاجی باقی (١٩٠٨-١٩٧٢ز)، کە شێخیی نەمری خۆشدەویست، لەو شیعرە بڵاوەیدا، کە بۆ کۆچی دوایی شێخ مەحموودی نووسیوەو سەرەتاکەی بەمجۆرە دەست پێدەکات:

ئەی دڵ ! کۆستی وا، هەر نەبینراوە
بۆ هەڵناقرچێی بەدەم جەفاوە!
هاوار ! بەندی دڵ، بڕا بە جارێ
قەڵای قەومی کورد، ڕووخایە خوارێ

لــه بەیتێکیــدا ئاماــاژەی بــۆ ئــەو دۆســتایەتییە توندەی نێــوان شــێخ مەحموودو ماڵباتی شێخانی (دۆزەخدەرە)ی کردووەو دەڵێت:

ڕادیۆ بانگی دا، لە دۆزەخـــدەرە
(شێخ) وەفاتی کرد، بۆ کورد خەتەرە[1]

* * *

لــەماوەی تەمــەنی دۆســتایەتیی (شــێخ مــەحموود) و (ســەیید عەبــدولقادر)دا، گــەلێ نامــەی شــێخی نــەمر، لای نــەوەکانی ســەیید عەبــدولقادر پــارێزراون، کــە شــێوەی پارێزگــاریی ئــەم نامانــە، ئەوەنــدە بــە پیرۆزیــی و ڕێــزەوە هــەڵگیراون، تەنانــەت زەرف (پاکــەت)ی نامــەکان وەك خۆیــان مــاون، بــەجۆرێکیش هــەڵگیراون، کە ئەگەر هــەر ســەیری پشــتی زەرفــەکان بکــرێ و ســەیری مێــژووی ســەر نامــەکانی ناویــان نــەکرێ، وا دەزانــرێ هــەر چــەند مانگێکــە نێــردراون، لەکاتێکــدا دوو نامــەیان، کــە هــی ســەردەمی حوکمــداریی کوردســتانە، مێــژوویان نزیکــەی (٨٠-٩٠) ساڵێك لەمەوبەرە.

ســەیر لەوەدایــە، شــێخی نــەمر ئەوەنــدە گونــدی (دۆزەخــدەرە)ی لا شــیرین بــووە، دڵــی نــەهاتووە لەســەر پشــتی زەرفــەکان و ســەردێڕی ســەرەتای نامــەکان بنووســێ: (دۆزەخــدەرە)، بــەڵکوو لای خۆیــەوە بــە (جەننــەت دەرە)ی ناونــاوەو تکای لە نزیکانی خۆیشی کردووە، تا هەر وای ناوبەرن[2].

شــایانی باســە، پێوەنــدیی شــێخی نــەمرو ماڵبــاتی شــێخانی (دۆزەخــدەرە)، لــە ســنووری ئــەم نامانــە بــەربلاوترو چــڕترە و (وەك پێشــتر وتمــان) دەگەڕێتــەوە بــۆ سەردەمی (کــاك ئەحمــەدی شــێخ)ی بــاپیری شــێخ مــەحموود و دواتــریش، کــە وەك

(١) دیوانی حاجی باقی (بەنگینە)، کۆکردنەوەو ئامادەکردنی عوسمان محەمەد هەورامی، سلێمانی، چاپەمەنی دیلان، چاپی یەکەم، ل٦٧.

(٢) بۆ دڵنیایی زیاتر، بنوارە نامەی مێژووی (١٣/٦/١٩٢٢ز)

نـــەوەکانی بنەماڵـــەی (ســـەیید عەبـــدولقادر) دەیگێڕنـــەوە، لـــەکاتی جـــەنگی یەکـــەمی جیهانیـــدا، کـــاتێ لەشـــکری ڕووســـی لـــە خۆرئـــاوای ئێرانـــەوە، ڕووەو (مـــەریوان)و (پێنجـــوین) بـــەرەو کوردســـتانی باشـــوور هـــاتوون، شـــێخی نـــەمر بـــۆ بـــەرپێگرتنیان بـــە لەشـــکری کـــوردەوە هاتۆتـــە نزیـــك پێنجـــوین و ژمارەیـــەکی زۆر لـــە جـــەماوەری کوردســـتانی ئێـــران، لـــە لەشـــکری (شـــێخ)دا پێشـــمەرگە بـــوون، کـــە ئەنـــدامان و خزمـــانی ماڵبـــاتی شـــێخانی (دۆزەخـــدەرە)ش لـــەم هەڵوێســـتەدا بـــە دڵ و بـــە گیـــان لەگـــەڵی بـــوون... دوای ئەمـــەش وەك بیرەوەرییـــەکانی **زێـــوەر** (١٨٧٥-١٩٤٦ز)[٢] ی شـاعیر لـە (گەنجینـەی مـەردان) و شـێخ لـەتیف حەفیـد (١٩١٧-١٩٧٢)[٣] دەیگێڕنـــەوە، لـــە تێشـــکانەکەی شـــەڕی (دەربەنـــدی بازیـــان)دا، کـــە ژمارەیـــەکی زۆری لەشـــکرەکەو بنەماڵـــەی شـــێخی نـــەمر، ئاوارەبوون و ڕوویـان لـە کوردسـتانی ئێـران کـردووەو لـە مـەریوان و بانـەو سـەقزدا گیرسـاونەتەوە، لەلایـەن بنەماڵـەی دۆزەخـدەرەوە پێشـوازیی شـایان کـراون و داڵـدە دراون و حەســێنراونەتەوەو ســەرلەنوێ بــۆ مەیــدانی خــەبات ئامادەکراونەتــەوە.. دواتـریش لـەکاتی حوکمدارییەکەیـدا، ڕوونـاکبیری ناسـراوی وەك (سـەیید ڕەئـووفی ضـیائی)، کە ئـەویش هـەر (سـەقز)ییەو لەگـەڵ شـێخانی دۆزەخـدەرەدا خزمـە، لـە سلێمانی لای شێخ هەمەکارە بووە.

نـاوەڕۆکی ئـەم چـەپکە نامەیـەی شـێخ مـەحموود بـۆ سـەیید عەبـدولقادری دۆزەخـدەرە، کـە (١٧) نامـەن، هـەموویان بـاس و بابـەتی دۆسـتایەتی ئـامێزن و

---

(٢) مەلا عەبدوڵڵای زێوەر، گەنجینەی مەردان و یادداشتی ڕۆژانی دەربەدەری، محەمەدی مەلا کەریم پێشەکی پەراوێزی بۆ نووسیوە، ئەمینداریێتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوان، چاپخانەی (شركة مطبعة الاديب البغدادية)، بەغدا، ١٩٨٥، ل١٧٤، ١٨١، ١٨٩.

(٣) یادداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید لەسەر شۆڕشەکانی شێخ مەحموودی حەفید، شێخ مەحموودی کاوەی حەفید پێشەکی بۆ نووسیوە. ساغکردنەوەی کەمال نوری مەعروف، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی ناوەندی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، چاپی یەکەم، سلێمانی ١٩٩٥، ل ٦٨

بـريتين لـه كاروبـاری تایبـهتی هـهردوو دۆسـت. بـهڵام ئـهوهی جێـی سـهرنج و دڵخۆشـییه، (٦) شـهش لـهم نامانـهی (شـێخ) بـه كـوردی، بـۆ دۆسـتێكی وهك عهبـدولقادر، لـه پارچـهیهكی تـری كوردسـتاندا نووسـراون، كـه لـهو سـهردهمهدا زمانی كوردی تێدا قـات و قـڕ كـراوهو نیشـانهی ئهوهشـه، كـه سـهیید عهبـدولقادر زانیۆێتی كوردی بخوێنێتهوه.

هاوكـات (٤) نامهشـیان لـهكاتی حوكمدارییهكـهی شـێخ مـهحموددا نووسراون، كه لـه دامێنـی هـهر نامهیهكیانـدا، لهسـهروو نـاوی خۆیـهوه دهنووسـێ: **مـهلیكی كوردسـتان**. ئـهم چـهپكه نامهیـهی بـۆ سـهیید عهبـدلقادری دۆزهخـدهره نووسـراون، مێـژوویان لـه (١٩٢٠-١٩٥٦ز) دهخایـهنێ. هەرچـهنده لێـرهدا دهبـێ ئـهوهش بڵـێم، كـه چ ئـهو نامانـهی بـه فارسـی و چ ئهوانـهش بـه كـوردی بـۆ بنهماڵـهی دۆزهخـدهره نووسـراون، (جگـه لهنامـهی ١٩٤٣/٣/١١، كـه بهدڵنیاییـهوه شـێخ مـهحموود خـۆی نووسـویهتی)، نووسـیارهكانیان كـوردی و فارسی زان نهبوون و ئاستی خوێندهواریشیان زۆر باڵا نهبووه.

وهك لهسـهرووتریش ئامـاژهم پێـدا، لهبهرئـهوهی نـاوهڕۆكی زۆربـهی ئـهم نامانـه، تایبـهتن بـه كاروبـاری دۆسـتایهتی هـهردوولاوه بـه پێویسـتم نـهزانی سهرنج و لهنگهری زۆریـان لهسـهر ڕابگـرم، بـهڵام دواتـر سـهرنجێكی گشـتی لهسـهر پوختهی ناوهڕۆكیان دهردهبڕم.

(٢)

هەر لەو ماوەیەدا کە لە سەقز بووم، زۆر زوو لەگەڵ بنەماڵەی بەڕێزان کاکە سەیید عەبدولقادری (سیادەت)ی شاعیر و کاکە سەیید مستەفای تورجانی، کوڕانی خوالێخۆشبوو: حاجی بابەشێخ (١٨٧٦-١٩٥٩ز)ی سەرۆك وەزیرانی کۆماری کوردستاندا، ناسیاویی و دۆستایەتی بەتین و بەتایبەتیش لەگەڵ کاك سەیید مستەفادا پەیدا کرد، کە بەهۆی پلەوپایەی دێرینەو ناوبانگ و پێوەندی کۆمەڵایەتی بەربڵاوی جەنابی باوکیانەوە، بەڵگەنامەیەکی هەمەجۆرەی زۆریان لەلا کۆبۆتەوە، لەناو ئەو بەڵگەنامانەشدا، وەڵامنامەیەکی شێخ مەحموود بوو بۆ "حاجی بابەشێخ" کە بە مێژووی (١٩٣٠/٩/١٣ز) نووسرابوو. نامەکە بە زمانی فارسی و خەتێکی خۆش و پەخشانێکی بەتین و چڕ داڕێژراوە.

لەم وەڵامنامەیدا دەردەکەوێ، کە پێشتر لەلایەن دەوڵەتی شاهەنشایی ئێرانەوە، تکا لە جەنابی حاجی بابەشێخ کرابێ، تا بەهۆی دۆستایەتییانەوە لەگەڵ شێخ مەحموددا، داوای گرتن، یان بەدەستەوەدانی (حەمە ڕەشیدخانی بانە: ١٨٩٧- ١٩٧٨/٢/٤)[٤]، لە شێخ مەحموود بکات، کە لەو کاتەدا (١٩٣٠) لە دەست ئێران هەڵاتووە. لەم کاتەش دا ئەم هەردوو کەسایەتییە کوردە، پلەو پایەیەکی دەوڵەت و ڕێکخراوو حیزبێکیان نییە، چونکە وەك دەزانین لەو ساڵانەدا (شێخ) دەسەڵاتی حوکمداریی کوردستانی نەماوەو بە تایبەتیش لەکاتی نووسینی ئەم نامەیەدا، سلێمانی جێهێشتووەو لە ناوچەکانی شارباژێڕو پێنجویندا دەژی

(٤) بۆ زانیاریی لەبارەی حەمە ڕەشید خانی بانە — وە، بنوارە: کەیوان ئازاد ئەنوەر، حەمە ڕەشید خانی بانە، چاپ و بڵاوکردنەوەی بەڕێوەبەراتی ڕۆشنبیری ـ سلێمانی، چاپی یەکەم ٢٠٠١، ل ٣٩، ٢٥٢

و ئـەم نامەیـەش ڕێکەوتـە لەگـەڵ هەڵچـوون و وڕژانـی جـەماوەری دەڤـەری سـلێمانی و دەوروبـەری بـە تایبـەتی و زۆربـەی ناوچـە کوردنیشـینەکانی کوردسـتانی عێـراق، چـونکە ئـەم نامەیـە هەفتەیـەك دوای خۆپیشـاندان و **ڕاپـەڕینی بـەردەرکی سـەرای سـلێمانی** (١٩٣٠/٩/٦ز) نووسـراوە، بەڵگـەی ئەوەیە، کە شـێخ مـەحموود لـەم کاتـەدا دەسـەڵاتی ئیـداریی و یاسـایی بەسـەر دەوڵەتی عیراقـدا نـاڕوات تـا داوا لـە هێـزو بەرپرسـانی عێـراق بکـات (حەمـە ڕەشـیدخانی بانـە) یـان بـۆ رادەسـت بکـات و بـە دەسـەڵاتدارانی ئێرانیـان بداتـەوە. هاوکـات (حـاجی بابەشـێخ)یش هێشـتا نەبۆتـە سـەرۆك وەزیرانـی کۆمار ری کوردسـتان. لەبـەر ئـەوە بەرپرسـانی دەوڵـەتی شاهەنشـایی ئێـران ئـەم هەلومەرجـەیان هەڵسـەنگاندووەو زانیویانـە لـەم سـەروبەندەدا شـێخ مـەحموود لـە دەوڵـەتی عێـراق تـووڕەو داخ لەدڵـەو خۆسازدانیشـە بـۆ تۆڵەکردنـەوەی قوربانیـانی ڕاپـەڕینی بـەردەرکی **سـەرای سـلێمانی** و ئەگـەر لـەم کاتـەدا سەرۆك خێڵێکی کـوردی وەك (حەمـە ڕەشـید خـانی بانـە)یش بـە نـاوی ئـەوەی لـە دەوڵـەتی ئێـران یـاخی ببـێ و بچـێتە پـاڵ دەوڵـەتی عـیراق، ئـەوا شـێخ مـەحموود بـە چـاوی ناحـەزو دوژمـنی کـورد سـەیری ئـەو سـەرخێڵە دەکـات و تۆڵـەی ئـەم هاوکاریکردنـەی دەوڵـەتی عێراقـی لێدەکاتـەوە. بۆیـە دەوڵـەتی ئێران بەزیرەکییـەوە ئـەم هەلـە دەقۆزنـەوەو لـەم دەرفەتـەدا داوایـان لـە حـاجی بابەشێخ کردووە، تـا تکـای دەسـتگیرکردنی (حەمـە ڕەشـیدخانی بانـە) یـان لـە شێخ مەحموود بـۆ بکـات، کـە لـەم سـەروو بەنـدەدا بـە خـۆی و لەشـکرەکەیەوە لە ناوچـەکانی شـارباژێڕو پێنجـوین دایـەو ئـەو هـەردوو ناوچـەیەیش سـەرەڕێی هاتوچـۆی دەربـازبوونی (حەمـە ڕەشـید خـانی بانە)یـە، لـە سـنوورەکانی هەردوو دەوڵەتی عێراق و ئێرانەوە.

نامەکـە جگـە لـەوەی بەڵگەیـە بـۆ پلەوپایـەو دەسـەڵات و ناوبـانگی ئـەم دوو کەسـایەتییە گەورەیـەی هـەردوو کوردسـتانی عـیراق و ئێـران، لای گـەورە بەرپرسـانی دەوڵـەتی ئێـران، هاوکـات بـە ناوەڕۆکەکەیـدا دەردەکـەوێ، کـە شـێخ مـەحموود هـەر لەبنەڕەتـەوە دەزانـێ کـە ئـەم داوایـە لەلایـەن دەوڵـەتی ئێرانەوە بـەرەو ڕووی (حـاجی بابەشـێخ) کراوەتـەوە، هـەر لەبـەر ئەمـە دەزانـێ

کــه وەڵامەکەیشــی بەرچــاوی کاربەدەســتانی ئێــران دەگاتــەوە، بۆیــه بــه گیــانێکی دیپلۆماســیانە، ســەرەڕای ئــەوەی گلــەیی زۆر لــه دەوڵــەتی ئێــران دەکات، لــه هــەمان کاتــدا خــۆی و (حــاجی بابەشێخ)یشــی لــەو داوایــه دەرباز کردووە:

"ســەبارەت بــه بابــەتی نامەکــەو محەممــەد ڕەشــیدخانی وێنــەیی و ســەرلەبەری بــەگزادەی (بانــە)یش، وردەکارییــەکی واتــان فــەرمووە، کــه بــەگوێرەی بۆچــوونی هێــژاتان بــێ، دەبــێ نــاوبراو لــه عــەمرو نــۆی مــنی خزمەتگوزارتاندا هەڵسوکەوت بکـات! هــەر لەبــەر ئەمەشــه هــۆی نەوازشــی ئەوتان، له من داوا فەرمووە! پەنا بەخوا لــەم بوختانــه گەورەیــه، کــه دەبــێ لای ئــەم دڵســۆزەی خۆتانــەوە ڕاستیی ببیســتن و بــه دڵســۆزییەوە عــەرزتان دەکەم، که بەو هۆیەوە له جەنابی هێــژاتان دۆســتتر، کــەمتر گومــان دەکــەم، بۆیه دەبێ باوەڕ بفــەرموون، کــه هەرچــییان عــەرزکردوون، هــەمووی دەست هەڵبەستی ناحەزان و ناپاکان بــووەو هــەرگیزو بــۆ هــیچ کــارێکیش ڕووی لــه ئێمه نەناوە، تا ببمــه ڕاوێــژکاری، یــان بەرپرســیان، ئــەگینا گومــان دەبــرێ، کــه پێشــتریش و دواتــریش خزمــەتی هەمــەجۆرەم بــه حکوومــەتی مــەزنی ئێران کردبێ و به (با)ی بدەم! خۆشــتان دەزانــن کــه هــیچ پاداشــتێکی کــاری چــاکەم لــه حکوومــەتی مــەزن وەرنەگرتۆتــەوە، لەکاتێکــدا هەمیشــەیش تەقەللای ئەوە دەدەم تــا ســەرەڕای ئــەوەی ڕەزامەنــدیی دەوڵــەتی مــەزن بــه دەست بهێنم، کەچی پاداشتەکەی هــەر بــه گــەوەرترکردنی ناحــەزانی مــن و نزمترکردنــەوەی دۆســتانی مــن شــکاوەتەوە. لــەپاڵ ئەمانەشــدا هێشــتا تــا گیان لــه جەســتەمدا بــێ، لــه چــاکەی دەوڵــەتی مــەزن .... ســەرەڕای ئەوەی ئەو ئــامۆزا بــەڕێزەم دەیڵێــت، کــه هەرچــی لــەو بارەیــەوە بفــەرموێ، دەبێ به گیان ئەنجامی بــدەم و بــه شــانازییەوە جێبــەجێی بکــەم. بــەڵام لــەم بابەتەوە ئەم دۆستەتان پۆزش دەخــوازێ، کــه ئەگــەر هاتوچــۆی خــەڵکی، بــه هۆیەك بــزانن، ئــەوا نــەخێرو خانــەدانی کــاك ئەحمــەد (خــوا ڕووی موبــارەك بکــات)، لــه هــەموو جیهــانی ئیســلامییەوە زیــارەتی دەکــرێ و ئــەوەش پێچــەوانەی ڕەوشــت و ئایینــە، ئەگــەر ڕێگــه لــه خــەڵکی بگــرین، جگــه

لەوەی کە ناوبراو، ناوبەناوێك هەر بە مەبەستی زیارەت هاتووەو ئەمەش نەبۆتە مایەی پێوەندیی ئێمەو ئەوان و لە عەقلیشەوە دوورە، کە بەبێ سەردانی ڕاستەوخۆی ئەوان، خۆمان بە ئامۆژگاریکارو بەرپرسی ئەوان دابنێین. هیوادارم لەم ڕووەوە گلەیی نەفەرموون و بەندەی موخلیسیشتان بۆ هەمیشەو بۆ بەسەرکردنەوەی کاروباری هێژاتان ئامادەم. تکاو خۆزگەشم ئەوەیە، بەڵکو بە سۆزەوە عەرزتان دەکەم، کە ئەو پلەو پایەو ڕێزەی لە سایەی خواوە ئێستا هەتانە، بیقۆزنەوەو کاروباری موسڵمانانی پێ ڕاپەڕێنن و نەبنە سۆنگەی تەنگ پێهەڵچنینتان، کە من پێم وایە ڕەزامەندیی خوای مەزن، دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەو مانەوەی هەمیشە. ئیتر (لوقمان)یش پێویستی بە فێرکردن نییە".

(٣)

لـه سـەرنجێكی گشـتیی نـاوەڕۆكی ئـەم چـەپكە نامەیـەدا، دەگەینـە ئـەو ئەنجامـەی، لـە سـەرومڕی ڕسـتەو كۆپلـەو پـەرەگرافی ئـەم نامانـەدا، گیـان و بـاوەڕی شـێخ مـەحموودی حەفیـد، بـە ئـایینی ئیسـلامگەرایی، ڕەنـگ دەداتـەوە، كـە ئـەم بـاوەڕە لـە تەمـەنی چارەكە سـەدەی ئـەم نامانـەو لـە قۆناغـەكانی ئەوپـەڕی دەسـەلاتی شـێخ مـەحموودا، لـە حوكمـداری كوردسـتانەوە، بـۆ ژیـانی گۆشـەگیریی، لـە گونـدێكی وەك (داریكـەلی)دا، هـەمان هەست لـە یەكـەمین ئـەم چـەپكە نامەیـەدا، تـا دوایـەمین نامـە، بـە هـەمان جریـوە دەدرەوشـێتەوە، كـە ئـەم بـاوەڕە چەسـپیوە، دەشـێ بكرێتـە دەلاقەیـەك بـۆ ئەوانـەی فیكـری ئـەم سـەركردە كـوردە بخوێننـەوەو بـزانن ئـەم فاكتـەرەی ئایینـە، زەبـرو كاردانـەوەی چـەند لەسـەر چارەنووسـی كـوردو ناسـنامەی بزووتنەوەكـەی بـووەو لـەم بوارەشـدا ئـەم ڕسـتانە، لـە دەقـی چـەند نامەیەكی شێخدا، وەك نموونە دەهێنینەوە:

"هـەموو ئـاوات و كۆششـێكی مـن، لـەپێناوی پاراسـتنی ئـایین و ئـەم كۆمەڵـە كـوردە ئیسـلامەدایە، بـە هیمـەتی پێشـینانی خۆمـان، كـە هـەر بـەمجۆرەیان كـردووە، تەقـەللای پارێزگـاریكردنی موسـڵمان لـەژێر پەنجـەی كافراندا دەدەیـن. خـوای مـەزن سـەرتان بخـات و بـە پیشـتیوانی خـوا نائومێـد نـەبین. ئەوانـەش كـەوا ڕێبـازی تەریقـەت دەشـێوێنن و لەگـەڵ ئـەم زنجـیرەی بنەچـە پاكـەدا، دوژمنایـەتی دروسـت دەكـەن، پیرانـی تەریقـەت، بـەگوێرەی حـەق، حـەقیان لێ دەسـێنێ و بەسـزای خۆیانیـان دەگەیـەنن و لـە بـاوك و باپیریانەوە لە دین بێبەشیان دەكەن"[٣]

---

(٣)- نامەی ٧ی مارتی ١٣٤٠.

یان:

"هـەروەك چـۆن ئێمـە بـۆ بووژاندنـەوەی ئـایین تێدەکۆشـین، یـان چـۆن جـەنابی هێژاتان لەم دنیا، کەوتوونەتە نـاو دۆزەخـەوە، بـە پشـتیوانی خـوا لـە دنیـای دواییـدا لە بەهەشتدا دەبێ، لە دوعای خێریش نابێ لە یادم بفەرموون".

بـە پشـتیوانی خـوا هیواخـوازم بـە دوو رکاعـەتی نوێـژی سـوننەت، لەسـەر بەرماڵە موبارەکەکەتان، بە پلەی دەروێشی بگەم". (٤)

یان:

"قوربـان، بـەهۆی ئـەو خەونـەوە، کـە پێشـتر دیبـووم، کـاتێ خـۆی بـە خزمـەت حـەزرەتی سـەروەریی جیهـان گەیشـتم، ئـیتر لای خۆمـەوە هـیچ گومانێکم لە سەییدایەتی و نەجابەتی هێژاتانەوە نەماوە"(٥)

* * *

(١)

خالوی مدام مهربان شیخ عبدالقادر دام فضله

بعداز سلام و تحیات وافره محبتنامه اتان رسید از مژده سلامتی ان خالوی مسرور و متشکر شدم حمداً له نعمت صحت موجوداست أرجو جناب دارم دائماَ از ادعیەی خیریه غافلمان نفرمایند و همه وقت به مژده سلامتی خودتان تسرمان سازند. وضعیت اینجا دائماً کمری مجاهده با اعد درمیدان کارزاری دیانت استادەایم خداوند عظیم عالم اسلامتیرا موفق ساز دیگر بەخداوند عالمت می سپارم

م

محمود

١٧/شوال/ ١٣٤٠

١٩٢٢/٦/١٣

(٤)- نامەی ٣ی نیسانی ١٩٤٧.

(٥) نامەی ١٣ی ئەیلولی ١٩٣٠.

پەراوێزی نامەی سەربە مێژووی (١٧ی شەوالی ١٣٤٠ك)

به قوربانت بم.

درین شبها از بارگاه کاکه احمد (دیدم) خیلی ان بارگاه علی (عالی) وشخصی معتدیل (معتدل) القامه ایستاده سراپاش سبز مرا خواست چنان معلومم گردید حضرت خضرالیاس است فرمود خبر چنان می باشد که (؟) سی کنم اشاره فرمود (؟) گل (؟) جمع فهموده درین مرقد و بسیار خلق (؟) جمع شره بودند و دران حالت دیدم تجدیدی شجره می فرمود عدد شجری تجدید نمود شجری حضرت علی بود خیلی اسمی بزرگ یعنی (؟) احسان فرمود اما افسوس درخاطرم نمانده (؟) شجره به پنجه مبارکش می نوشت. اما اینقدر درخاطرم مانده شیخ قادر جنت دره هم فرموند پس قبول ندرام کسی بگوید دوزخ دره إلا بجنت دره نباشد

م
محمود

خاڵۆی هەمیشە میهرەبان شێخ عەبدولقادر

سێبەری هەمیشەی بێت

دوای سەلام و سڵاوی زۆر. نامە خۆشەویستەکەتان گەیشت و مزگێنی سەلامەتیی ئەو خاڵۆیەمان بووە مایەی دڵخۆشیی و سوپاستان دەکەم. سوپاسیش بۆ خودا تەندروستیم باشە (؟) داواخوازم هەمیشە لە دوعای خێر، لەیادمان نەفەرموون (؟) لەم کاتەدا بە مژدەی سەلامەتیتان (؟) ساز. دەنگوباسی ئێرە هەمیشە پشتێنی جیهادمان لەبەرامبەر دوژمندا بەستووەو لەمەیدانی جەنگی ئاینیدا راوەستاوین. خوای مەزن و ئاگادار، ئیسلام سەر بخات و بیپارێزی (؟) بەخوای ئاگادارت دەسپێرم.

خۆشەویستتان

مەحموود

١٧ی شەوالی ١٣٤٠ك

١٩٢٢/٦/١٣



(٢)

بخدمت جناب شيخ عبدالقادر دام مجده

قوربان دەستت ماچ ئەكەم

كاغـذت رسـيد از مــژده سـلامتى آن محـب خيلـى مسـرور شـدم از خصـوص رفـع حـرج هـرچــندى ممكـن باشـد سـعى خـواهم كـرد ايـن كاغـذرا بـراى معتمـد خـودم جنـاب يوزباشـى ماجـد افنـدى نويشـته كـه در حكومـت سـقز سـعى و تسـهيلاتى بكند پاكترا بـلا تأجيـل روانـه فرمائيـد. حـال پـاره بـراى خريـدن امـلاك نـدارم آن پـاره كـه (؟) امـلاك صـرف مــىكـنم در راه جهـاد اكـبر و بـراى مجاهـدين صـرف ميكـنم. زياده درحفظ خدا باشيد محبم.

ملك كردستان
٢٥ تشرين اول ٣٩

بۆ خزمەتی جەنابی شێخ عەبدولقادر(٦)، خوا هەر سەروەریی بەردەوام بکات

نامەکەتان گەیشت لە مژدەی سەلامەتیی ئەو خۆشەویستە، زۆر دڵشاد بووم. سەبارەت بە لابردنی خەرجییەکەش ئەوەندەی لەتوانامدابێ، دریغیم نەکردووە. ئەم نامەیەشم بۆ جێمتمانەی خۆم، جەنابی یووزباشی ماجد ئەفەندی(٧) نووسیوە، کە لە فەرمانڕەوایەتیی (سەقز)دایە، تا تەقەللا بدات و ئاسانکاری لەو ڕووەوە بکات. نامەکە بەبێ ڕاگیرکردن ڕەوانە بفەرموون. ئێستا بۆ کڕینی زەوی وزار، پارەم نییەو ئەو پارەیەی کە بۆ کڕینی زەوی وزاری سەرف دەکەم، لەپێناوی جیهادی گەورەو بۆ موجاهیدینی سەرف دەکەم. لەوە زیاتر، لە پەنای خوادا بن. خۆشەویستم.

٢٥ی تشرینی یەکەمی ٣٩(٨)
مەلیکی کوردستان

---

(٦) سەیید عەبدولقادری دۆزەخ دەرە کوڕی سەیید محەمەد کوڕی سەیید ئیسماعیلی دووەمە. پیوەندیی دۆستایەتیی لەگەڵ شێخدا هی ڕۆژانی شەڕی ڕووسە لە یەکەم جەنگی جیهانیدا. دوای بەدیل گیرانی شێخیش، کە بنەماڵەو کەس‌وکارو لایەنگرانی ئاوارەی ئەو دیو بوون، سەیید عەبدولقادر بەدەنگیانەوە هات و هاوکاری و کۆمەکی کردن. دۆزەخدەرەیش، دێیەکی سەر بە شاری سەقزەو نزیك بە باکووری ڕۆژهەڵاتیەتی. شێخ لەبەر خۆشەویستیی سەیید عەبدولقادرو بۆ وەفاداری نواندن ناوەکەیی گۆڕیوە بە جەننەتدەرە.

(٧) مەبەست ماجد مستەفا (١٨٩٦ – ١٩٧٤/٨/٢)ی ئەفسەرێکی لەشکری شێخ مەحموودە.

(٨) ساڵەکە ڕۆمییەو دەکاتە ٢٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٣

خدمت جناب شیخ عبدالقادر دام مجده

کاغذت رسید از مژده سلامتی آن محب خیلی مسرور شدم از طرف

خرج خودم هر چیزی ممکن باشد سعی خواهم کرد

برای معتمد خودم جناب یوزباشی احمد آغا نوشته که در

شغل شما و کسب ایلاتی بکند . با چند نفر

حالا پاره برای خریدن املاک ندارم آن پاره که

صرف می‌کنم در راه جهاد اگر در راه ... صرف

زیاده در حفظ خدا باشید محب ۱۵ تشرین اول ۲۹

ملک کوهستان

(٣)

خدمت رشادت و سعادتمئب جناب شیخ عبدالقادر دام بقائه

بعد از عرض سلام واحترامات رقیمهء زیبا مرقم اینجانب فرموده بودید واصل دست تعظیم گردید از انسانیت و ألطاف و مژدهء عافیت آن جناب عالی بسیار مسرور و ممنون شدم امیداورم دائما در کمال عافیت وصحت بوده باشید، غایه و کوشش من صرف برای محافظهء دیانت و این کتلهء کورد اسلام است ما به همت اجداد خود (بدین گونه؟) بمحافظهء مسلمان از زیر پنجهء کفار تشبث کردهام (امل) است؟ خدای لایزال موفقتان فرمایند و محروم نشویم انشاءالله آنانکه از خط طریقت تجاوز وبااین سلالهء طاهره عداوت پیش آورد پیران طریقه (؟) حق و اورا به مجازات خود میرساند وجدالجد دردنیاو قیامت از دین محروم میفرماید.

چون ما برای احیای دیانت سعی میکنیم دیگر چون جناب عالی دردنیا به دوزغ (دوزخ) افتادهاید انشاءالله در قیامت جنت مکانت میباشد باید از دعای خیر غافلم نفرماید.

٧ مارت ٣٤٠

ملك كردستان

بۆ خزمەتی جوامێر و بنەچە بەختەوەر

جەنابی شێخ عەبدولقادر خوا بیپارێزێ

دوای پێشکەشکردنی ڕێزو سڵاو. نامە جوانو ڕازاوەکەی بۆ ئەم لایەنەتان فەرمووبوو، بە دەستی سوپاسگوزاریم گەیشت، لە پیاوەتیو لوتفو مژدەی چاکبوونەی ئەو جەنابە، یەکجار دڵشاد بوومو قەدرزانیم کرد، هیوادارم هەمیشە لەوپەڕی لەشساغیو سەلامەتیدا بن. هەموو ئاواتو کۆششێکی من، لەپێناوی پاراستنی ئایینو ئەم کۆمەڵە کوردە ئیسلامەدایەو ئێمەش بە هیممەتی پێشینانی خۆمان، کە هەر بەم جۆرەیان کردووە، تەقەللای پارێزگاریکردنی موسڵمانان، لەژێر پەنجەی کافراندا دەدەین. خوای مەزن سەرتان بخاتو بە پشتیوانیی خوا نائومێد نەبین. ئەوانەش کەوا ڕێبازی تەریقەت دەشێوێننو لەگەڵ ئەم زنجیرەی بنەچە پاکەدا دوژمنایەتی دروست دەکەن، پیرانی تەریقەت، بەگوێرەی حەق، حەقیان لێ دەسێنێو بە سزای خۆیانیان دەگەیەننو لە باوكو باپیرەوە لە دین بێبەشیان دەکەن.

هەروەك چۆن ئێمە بۆ بووژاندنەوەی ئایین تێدەکۆشین، یان چۆن جەنابی هێژاتان، لەم دنیا کەوتوونەتە ناو دۆزەخەوە[9]، بە پشتیوانیی خوا لە دنیای دواییدا، جێگاتان لە بەهەشتدا دەبێ. لە دوعای خێریش نابێ لەیادم بفەرموون.

٧ی مارتی ٣٤٠[10]

(٩) مەبەستی لەلایەکەوە لەوەیە، کە لە گوندی (دۆزەخ دەرە)دا دەژی و شێوە گاڵتەکردنێکی برایانەیشی تێدایە، لەلایەکی تریشەوە ستایشی ئەو خواپەرستییەی دەکات، کە لە هەموو خۆشیو بەختەوەريي ئەم دنیایە، دەستی داشتووەو ئازار لە خواپەرستییەکەیدا دەچێژێ.

(١٠) ڕۆمییەو دەکاتە ٧ی مارتی ١٩٢٤

خدمت سیادت و سعادتمآب جناب شیخ عبدالقادر دام بقاءه

بعد از عرض سلام و احترامات صمیمانه نامه مرحمت آمیز و موعود
وصول دست تعظیم گردید از عنایت و الطاف و مژده
عافیت آن جناب عالی بسیار مسرور و ممنون شدم امیدوارم
که دائما در کمال عافیت و صحت موفق باشید غایه و کوشش من
صرف برای محافظه ذات و این کتله کورد اسلام است ما
به همت اجداد خود بدینگونه محافظه مسلمانان از زیر چنگ کفار
نشیت کرده‌ام این است خدای لایزال موفق تان نماید
محروم شویم تا دوره آتاترک که از لطف تجاوز و پایین
سلاله طاهره عداوت پیش آورد پیران طریقه اسلامی
من و اوراد ایجازات خود صرف ساند و جد امجد
در دنیا و حیات از دین محروم [illegible] ماند

چون ما برای احیای پارت سعی میکنیم / دیگر چون کار عالی در دنیا بی دوزخ افتاده اید اینک ۹ دی‌ماه
جنبت مکافات میباشد باید از دعای خیر غافل نمانید — پارت ۱۳٤۰ ملک کوردستان

(٤)

خذمت یادگار پیر روشن ضمیر شیخ عبدالقادر دام برکاته

با دو دست احتیرام (احترام) واعزام زیبا مکاتبەی پر مودت گرفته و مطالعه نمودم حقیقت مژدەی سلامتی و زیادی مرحمت حضرتعالی موجب ممنونی و تشکر است گردید. از بارگاه احدی تمنی دارم در دنیا و اخرت موفق باشید. امیدوارم از دعای خیر فراموشم نفرماید، ۳ سه پارچه شال و یك جانماز ابعاث فرموده بودید واصل شد زیاده بدین و سیله تقدیم احترامات و دعایخیر طلب خواهم کرد. امل است از سایه فیض خدا (مجید؟) بثمرەی مساعی با احیای دین مبین و موفقیت اسلام قریباً نائل شویم.

محب
محمود
۳تموز ۱۹۲٦

بۆ خزمەت یادگاری پیری ڕۆشن دڵ: شێخ عەبدولقادر بەرەکەتی بەردەوام بێت.

بەدوو دەستی ڕێز و بەگەورە گرتنتانەوە، نامە شیرین و پڕ دۆستانەکەتانم بەدەست گەیشت و خوێندمەوە. بەڕاستی مزگێنی سەلامەتیتان و دڵسۆزیی زۆری حەزرەتی باڵاتان، سوپاسگوزاری کردووم. هیوادارم لە دوعای خێر، لە یادم نەفەرموون. (٣)سێ پارچە شاڵ و بەرماڵێکتان ناردبوو، گەیشتن. بەم بۆنەیەوە، ڕێزی زۆر عەرز دەکەم و داوای دوعای خێرتان لێدەکەم. هیوا هەیە بە پشتیوانی خوا (   ) و بەری تێکۆشانەوە، ئاییینی ڕووناکی ئیسلام زیندوو بکەینەوە و بەزوویی سەرکەوین.

خۆشەویستتان
مەحموود
٣ی تەمووزی ٩٢٦

آقا

خدمت بزرگوار برادر معظم شیخ عبدالقادر دام برکاته

با درود بسیار احترام و اعزاز زیاد نامه شما رسید کرم و لطف تان همیشگی

حقیقت که سلامتی و زیادی رحمت حضرتعالی موجب ممنونی

و تشکر بسیار گردید . از بارگاه احدیت تمنی دارم

در دنیا و آخرت موفق باشید امیدوارم از دعای

خیر خود کم نفرمایید سه پارچه شال و یک جانماز

الطافات ذیقیمت بود واصل شد زیاد بدین وسیله

تقدیم احترامات و دعای خیر طلب خواهم که

امل است از سایه فیض جد امجد ثمره بسیاری

با احیای دین مبین و موفقیت اسلام قویاً نایل شوم

محب

محمود ۲ ثور ۹۲۶

(٥)

جناب خالوی محترم خود عرض ارزومندی دارم

پس از عرض تفحص احوال مبارك ان جناب، کاغذی که ارسال فرموده‌بوند رسید. اولا چون مشعر بر صحت ان خالوی بود خیلی مسرور شدم. چگونگی احوالات ماها که عرض نموداند انشاء موافق دلخواه جنابتان میشود. فقط تا حال نتیجه مذکره ومراجعه تمام نشده قریباً انشاءالله وکیل ماها عودت و به امال خیریه نائل خواهیم شد. (   ) أز خبر سلامتی خودتان فراموشمان نفرمایند واز دعای خیر و موفقیت دایما یادمان فرمایند. نورچشمان رؤف و باباعلی و لطیف دست مبارك میبوسند. انشاءالله بزودی تبشرتان خواهیم نمود. جناب خالوی شیخ محمد عریبی دست بوس است.

محمود

٣/٢٩ ربیع الاخر ١٣٤٥

(١٩٢٦/١١/٥ز)

جەنابی خاڵۆی بەڕێزی خۆم عەرزی ئارەزوومەندییم هەیە

دوای عەرزی هەواڵپرسی موبارەکی ئەو هێژایە، نامەکەتان گەیشت. سەرەتا بەو هۆیەوە کە زانیم تەندروستی ئەو خاڵۆیەم باشە، یەکجار دڵشاد بووم. دەنگوباسی ئێمەتان پرسیبوو، بە پشتیوانی خوا بەدڵی جەنابتان دەبێ. بەڵام هێشتا ئاکامی گفتوگۆ و هاتووچۆ تەواو نەبووە. خوا یار بێ بەم زووانە نوێنەرمان دەگەڕێتەوە و ئەنجامی خێری دەبێ. (   ) لە هەواڵی سەلامەتیی خۆتان لەیادمان مەفەرموون و لە دوعای خێر و سەرکەوتنیشمان لە بیرمان مەکەن. رووناکی چاوان: رەئووف و باباعەلی و لەتیف دەستی موبارەکتان ماچ دەکەن. بەپشتیوانی خوا بەم زووانە مزگێنیتان دەدەینێ. جەنابی خاڵۆی شێخ محەمەد عرێبی دەستتان ماچ دەکات.

مەحموود

٢٩/٣ ربیع الاخر ١٣٤٥

(١٩٢٦/١١/٥ز)

جناب خالوی محترم خود عرض ارادتمندی دارم

پس از عرض تفقد احوال مبارک آن جناب کاغذی که در این چند روز بوده
رسید اولاً چون مشعر بر صحت آن خالوی بود خیلی مسرور شدم
ثانیاً احوالات ما که عرض کرده‌ایم انشاءالله موافق دلخواه
جنابعالی بلکه فقط ناطق نتیجه مذاکره در مراجعه تمام شده
فرداً انشاءالله دکتر ما عودت [illegible] به آمال خیریه نائل خواهیم
شد البته از چه سعادت [illegible] فراموش [illegible] دارید [illegible]
خبر دهید وقت دارید یاد ما [illegible] [illegible]
دستخط مبارک پیوسته انشاءالله بزودی تشریف خواهید آورد
که جناب خالوی شیخ محمد عزیز دست‌بوس است

محمود

۲۹/۲۰ [illegible] ۱۳۴۰

[illegible]

(٦)

خدمت یادگار حضرت پیری روشن ضمیر شیخ عبدالقادری جنت دره دامه (دام) إقباله

پس از عرض اخلاصیت و دست بوسی التفات نامچەتان باجناب برادری سید محمد امین هردو رسیدند بوی گل را از که جویم؟ از گلاب. باعث تسلاي قلب خزین محمود (عبد) گردید امیدوارم که بدین نزدیکی بدری هدایت شعله ور گردد رو بوطن عزیز أوریم دیگر بنده وهمه ها بعرض دست بوسی مصدعند وه (و) مخدومان را دست بوسم.

محمود

٢٩رجب ١٣٤٨

١٩٢٩/١٢/٣١

له التفاتی ایوەوه (ئێوەوه) گۆرەیم له پیێ کرد اما (ئەما) دعا (دوعا) فرمون (فەرموون) له دەست نەچم.

بۆخزمەتی یادگاری حەزرەتی پیری رۆشن دڵ: شێخ عەبدولقاددری جەتەت دەرە — تەمەنی درێژبێ

دوای عەرزی دڵسۆزیی و دەست ماچکردن، هەردوو لوتفنامەکەتان، لەلایەن جەنابی سەیید محمەد ئەمینی برامانەوە گەیشتن. بۆنی گوڵ لای کێ پەیدا بکەم؟ لای گوڵاو. نامەکان ئۆخژنیان بەدڵی تەنگی مەحموود (ی بەندە) بەخشی. ئاواتە خواز بەم نزیکانە دەرگای هیدایەتمان لێ رووناك ببێتەوە و روو لە نیشتیمانی شیرین بکەینەوە. ئیتر ئەم بەندەیە (مەحموود) عەرزی دەست ماچکردنم هەیە و دەستی دەۆستاتیش ماچدەکەم.

مەحموود
٢٩رجب ١٣٤٨
١٩٢٩/١٢/٣١

لە ئیلتیفاتی ئێوەوە گۆڕەیم لە پێ کرد. ئەمما دوعا فرموون لە دەست نەچم.

خدمت یادگار حضرت پیری روشن ضمیر شیخ قادری
جنت دره دامه اقباله

پس از عرض اخلاصیت و دست بوس التفات نامچه اتمان با جنیا
ب برادری سید محمد آیلی هر دو رسیدند بوی گل را از که جویم
از گل که باعث تسلای قلب حزین عبید محمود گردید امید وارم که بدین
نزدیکی بدری هدایت شعله ور گردد و روبوطنه عزیز اده ریم دیگر
بنده خوها یعرض دست بوسی مصدعت ده مخدوما ن را دست بوسم

محمد

٢٩ رجب ٣٤٨

ئه التفاتی ایوه ده وه گوره
وم پیکرد اما دعا فرموش نه کرد
نجم ه

(۷)

۳۰/۹/۱۳

خدمت حضرت مستطاب عموی زاده‌و محترم آقای حاجی بابا شیخ دام فضله العالی

پس از عرض سلام واحترام لایقه دستخط مبارك واصل و خواندن سطورش موجب ستر همه ألم و رفع همه غم گردید قربان سبب به رؤیای که سابق دیده‌ام وجناب سید عبدالحکیم میداند بلکه بمراتب بیان نموده‌ام وقتی بخدمت حضرت فخر عالم (ص) رسیدم شك از سیادت و نجابت جنابعالی ندارم مع هذا هرگز از صداقت و دوستی آن جناب بلکه هرچه اظهار فرموده مطابق واقع دانسته ومیدانم و ازینطرف نیز مخلص‌را بدوست حقیقی و ارادتمند صمیمی محسوب فرمایند راجع به مسئله مرقومهء محمد رشید خان وینه و سایر بگزادهای بانه شرحی بیان فرموده مبنی بأینکه بزعم جنابعالی درتحت امر و نهی ارادتمند حرکات مینمایند و ازاین جهت اظهار فراح جویی و نوازش ایشان از من فرموده‌اند سبحانك هذا بهتان عظیم از مخلص خودتان راستی بشنوند و صداقتاً عرض مینمایم زیرا از جنابعالی دوستی کمتر گمان میبرم باور بفرمایند هرچه عرض کرده‌اند بستهء مغرضین و مفسدین است و هرگز برای هیچ کاری مراجعت به ما نکرده‌اند تا که مستشار ویا آمر ایشان شوم والا گمان مبرند که سابق و لاحق خدمتی متعدده به حکومت علیه ایران رسانید به باد دهم و باوجود خودتان میدانند هیچ جزای نیکی از حکومت علیه ندیده‌ام دائما درصدد رضامندی حکومت علیه هستم وجزایش ترقی مغرضان اینجانب وپستی دوستان من است بهرحال تا جانی در بدن دارم از خیرخواهی دولت علیه .... باوجود اظهار ان عموی زادهء محترم که ما طالبم هرچه راجع به من .... در انجام آن بجان منّت دارم لیکن از این قضیه مخلص

معـذرت مینمـایم اگـر آمدشـد عـامـه‌را سـبب میدانـنـد خـیر خانـدان حضـرت کاك احمـد قـدس الله روحـه عـالم اسـلامی قصـد نماینـد و خـلاف دیانـت کـه مـانع شـویم غـیر از ایـن کـه گـاه گـاهی محـض زیـارت امده‌انـد وسـیله‌ء ارتبـاط مـا وایشـان نیسـت واز عقـل دوراسـت بـدون مراجعـه‌ء ایشـان خـودرا بـه ناصـح و آمـر ایشـان محسـوب نمـایم امیـدوارم گلـه نفرماینـد مخلـص دائمـا بـرای ارجـاع امـورات بـه جنابعـالی مـا حاضـرم. رجـا و خواهشـی دارم بلکـه مشـفقانه عـرض مینمـایم همـین موقـع احـترام کـه حـالا الحمـد لله بدسـت دارنـد فرصـت غنیمـت شمارنـد واز اصـلاح کـار مسـلمین مضـایقه نفرماینـد بـه خیـالم رضـای خـدای تعـالی واسـطه‌ء ترقـی پـاینـده و بی‌زوال خواهـد بـود دیگـر لقمـان را آموختن نشاید.

محب

(ئیمزای مه‌حموود)

بۆ خزمەتی حەزرەتی بنەچە چاك، ئامۆزای بەڕێزم جەنابی حاجی بابەشێخ، چاکەو پیاوەتیی هەر بەردەوام بێ

دوای پێشکەشکردنی عەرزی سڵاوو ڕێزی شایان، نامەی دەستنووسی موبارەکتان گەیشتو خوێندنەوەی دێڕەکانی بوونە مایەی بارکردنی هەموو ئازارو بارکردنی هەموو خەمێك.

قوربان. بەهۆی ئەو خەونەوە، کە پێشتر دیبوومو جەنابی سەیید عەبدولحەکیمیش دەیزانێو تەنانەت چەند جارێکیش گێڕاومەتەوە، کاتێ بە خزمەتی حەزرەتی سەروەری جیهان گەیشتم، ئیتر لای خۆمەوە هیچ گومانێکم لە سەییدایەتیو نەجابەتی هێژاتان نەماوە" بۆیە هەرگیز لە ڕاستگۆییو دۆستایەتیی ئەو جەنابە گومانێکم نییەو هەرچییان فەرمووە، هەمووی ڕاست بووەو وەك خۆی دەرچووە. دەزانم لە بەرامبەردا منی دڵسۆزیشتان بە دۆستی ڕاستەقینەو خزمەتگوزاری بێچەندو چوونی خۆتانم لەهەژمار دەفەرموون.

سەبارەت بە بابەتی نامەکەو محەممەد ڕەشیدخانی وێنەییو سەرلەبەری بەگزادەی (بانە)ش، وردەکارییەکی واتان فەرمووە، کە بەگوێرەی بۆچوونی هێژاتان، ناوبراو لە عومرونۆێ منی خزمەتگوزارتاندا هەڵسوکەوت دەکات ! هەر لەبەر ئەوەشە هۆی نەوازشی ئەوتان لە من داوا فەرمووە ! پەنا بە خوا لەم بوختانە گەورەیە، کە دەبێ لای ئەم دڵسۆزەی خۆتانەوە ڕاستیی ببیستنو بە دڵسۆزییەوە عەرزتان دەکەم، کە بەو هۆیەوە لە جەنابی هێژاتان دۆستتر، کەمتر گومان دەکەم، بۆیە دەبێ باوەڕ بفەرموون، کە هەرچییان عەرز کردوون، هەمووی دەست هەڵبەستی ناحەزانو ناپاکان بووەو هەرگیزو بۆ هیچ کارێکیش ڕووی لە ئێمە نەناوە، تابمە ڕاوێژکار، یان بەرپرسیان. ئەگینا گومان دەبرێ کە پێشتریشو دواتریش خزمەتی

هەمەجۆرەم بە حکوومەتی مەزنی ئێران کردبێ و بە (با)ی بدەم! خۆشتان دەزانن کە هیچ پاداشێکی کاری چاکەم لە حکوومەتی مەزن وەرنەگرتۆتەوە، لەکاتێکدا هەمیشەش تەقەللای ئەوە دەدەم تا سەرەڕای ئەوەی ڕەزامەندیی دەوڵەتی مەزن بەدەست بهێنم، کەچی پاداشتەکەی هەر بەگەورەترکردنی ناحەزانی من و نزمترکردنەوەی دۆستایەتیی من شکاوەتەوە. لەپاڵ ئەمانەشدا هێشتا تا گیان لەجەستەمدا بێ، لە چاکەی دەوڵەتی مەزن .... سەرباری ئەوەی ئەو ئامۆزا بەڕێزەم دەیڵێت، کە دەبێ هەرچی لەو بارەیەوە بفەرموێ، دەبێ بە گیان ئەنجامی بدەمو بەشانازییەوە جێبەجێی بکەم.بەڵام لەم بابەتەوە ئەم دۆستەتان پۆزش دەخوازێ، کەئەگەر هاتوچۆی گشتیی خەڵك، بەهۆیەك بزانن، ئەوا نەخێرو خانەدانی کاك ئەحمەد (خوا ڕۆحی موبارەك بکات)، لە هەموو جیهانی ئیسلامییەوە زیارەتی دەکرێو ئەوەش پێچەوانەی ڕەوشت و ئایینە، ئەگەر ڕێگە لە خەڵك بگرین، جگە لەوەی کە ناوبراو، ناوبەناوێك هەر بە مەبەستی زیارەت هاتووەو ئەمەش نەبۆتە مایەی پێوەندیی ئێمەو ئەوانو لەعەقلیشەوە دوورە، کە بەبێ سەردانی ڕاستەوخۆی ئەوان، خۆمان بە ئامۆژگاریکارو بەرپرسی ئەوان دابنێنین. هیوادارم لەم ڕووەوە گلەیی نەفەرموونو بەندەی موخلیسیشتان بۆ هەمیشەو بۆ بەسەرکردنەوەی کاروباری هێژاتان ئامادەم. تکاو خۆزگەشم ئەوەیە، بەڵکوو بەسۆزەوە عەرزتان دەکەم، کە ئەو پلەوپایەو ڕێزەی لەسایەی خواوە ئێستا هەتانە، بیقۆزنەوەو کاروباری موسڵمانانی پێڕاپەڕێننو نەبنە سۆنگەی تەنگ پێهەڵچنینیان، کە من پێم وایە ڕەزامەندیی خوای مەزن، دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەو مانەوەی هەمیشە. ئیتر (لوقمان)یش پێویستی بە فێرکردن نییە.

دڵسۆزتان

مەحموود

۳۰/۹/۱۳

خدمت حضرت مستطاب عمو زاده محترم آقای حاجی باباشیخ دام فضله العالی

پس از عرض سلام و احترام لایقه دستخط مبارک واصل و از خواندن سطورش موجب مسرت [illegible]
و رفع غم هم گردید قربان سبب رؤیای که سابق دیده ام و جناب سید عبدالحکیم میداند بلکه مرتب
بیان نموده ام وقتی به خدمت حضرت فخر عالم ۴۴۳ رسیدم) شکر از سیادت و نجابت جنابعالی نداریم
ما هرگز از صداقت و دوستی آن جناب بلکه هرچه اظهار فرمودید مطابق واقع دانسته و میدانم و از نظر
نیز مخلص را به دولت حقیقی و ارادتمند صمیمی محسوب فرمایید راجع به شکوه مرقومه محمد رشید خان و نیز
و سایر بیگزادها با نه شرح بیان فرموده مبنی بر اینکه برعکس جنابعالی در حکومت ایرانی ارادتمند و حرکات
مینمایند و از این جهت اظهار انزجار و دلواپسی ایشان را فرموده از سخنانی که ایشان عظیم
در تلقین خود و تمام راستی نشود و صداقتاً عرض مینمایم زیرا از جنابعالی مستور نیست که گمان میبرم باور بفرمایید
هرچه عرض کرده اند البته تحریفی و مفسدین است و هرگز برای هیچ کاری مرجعیت به ما نکرده اند تا به
سمت دولت ایران شدیم و الله گمان میبرند که سابق و لاحق خدمتی متعدده به حکومت علیه ایران رسانیده
به هر وهم و با وجود حقانی میدانند هیچ جزای نیکی از حکومت علیه ندیده ام و اکنون در صدد
خدمتی به حکومت علیه هستم در اینجا ترقی سرحدات ایران باب دولت حاضر است به هر حال تا جان در بدن دارم
از خیرخواهی دولت علیه
روحه فداه برادر عموزاده محترم جناب طالبم

در انجام آن پیمان منت دارم لکن از این قضیه مخلص معذرت بنمایم اگر آنچه شد عامه را سبب مبتلا شده غیر

خاندان حضرت کاکا احمد قدس سره روضه عالم اسلامی قصد بنمایند و خلاف دیانت است که ما مانع شویم

غیر از این که گاه گاهی مخلص زیارت آمده از وسیله ارتباط ما و این نیت و از مخلص درست بدون مراجعه

این امان خود را به [illegible] ناصح و آمر این امان محبوب بنمایم امید دارم که ملاحظه فرمایند مخلص دائما برای ارجاع امورات

جنابعالی حاضرم [illegible] رجاء و خواهش دارم بلکه مشفقانه عرض بنمایم اهالی موقع احترام که عالم اسلامیه به ایشان دارند

از دست نشوند و از اصلاح کار مسلمین مضایقه نفرمایند به خیالم رفعی خدا تا واسطه ترقی باشید

و با زوال خواهد بود دیگر لطف‌ها را از موفقی نشاید

محمود

(٨)
دوست كامكار جناب شيخ عبدالقادر بەعای خیر یادأورم

بعداز اضهار اتحاد وبيان يكجهتى و موده مطلب اصلي كه يافتن صحت شما بود ايندفعه دستگيرما (لجاب؟) گويد موجب محظوظيت خاطر شد و اينجانب نيز بمرام دوستان كمال عافيت و تندروستى داريم گذشته از ان بابت توصيه واگهدارى محمد رشيد نامان اظهار نمودبودند البته براى مخلصان خاندان كاك احمدى و مريدان بجان مي كوشيم وبراى بعضى كاروبار كه درميان عشيرت روغزادى داشتند كاغذ مخصص نزد رئيس عشيرت مذكور نوشتم كه تا در ان اطراف باشند اگهداريشان بكنند و در وقت رجعت ما نيز انشاءالله از رعايت و چشم دارى قصور نخواهيم كرد. زياده سلامتى را نگرانيم

حفيدزاده
محمود

سەرنج: وەك دیارە ئەم نامەیەش تایبەتە بە کێشەی نامەی پێشوو: ژمارە (٣)ی (محەمەد رەشیدخانی بانە)وە، کەوەك چۆن داوا لە جەنابی حاجی بابەشێخ کراوە،، تا تکای رادەست کردنەوەی ناوبراو لە شێخ مەحموود بکات. بەهەمان شێوە کاربەدەستانی ئێران، داوایان لە شێخ عەبدالقادری دۆزەخ دەرە — ش کردووە، تا هەمان تکا لەو بارەیەوە لە شێخ مەحموود بکات. لەبەرئەوە ئەم نامەیەش، کە مێژووی پێوە نییە، دەبێ لە دەوروبەری هەمان مێژوودا نووسرابێ، بەڵگەش بۆ ئەمە، شێوەی نووسین و جۆری خەت و نووسیارەکەشی، هەر یەکێکن

دۆستی کامکار جەنابی شێخ عەبدولقادر بەدوعای خێر یادی دەکەم

دوای سەلماندنی یەکێتی و روونکردنەوەی یەکلایەنیی و خۆشەویستیی، خواستی سەرەکی، کە بەدەستهێنانی زانیاریی تەندروستی جەنابتان بوو، ئەنجارەش بەگیان بەدەستمان هێنا و مایەی دڵخۆشی بوو. منیش بە پێی خواستی دۆستان، لەپەڕی تەندروستی و باشیدام. جگە لەم باسەش، پێ سپێریی و ئاگاداریی محەمەد رەشید نامان- تان باس کردبوو، کە بێگومان ئەوەندەی پێوەندی بەدڵسۆزانیماڵباتی کاك ئەحمەد و مریدانی ئەوانەوە هەبێ، بەگیان تێدەکۆشین و بۆ هەندێ کاروبار، کە لەنێوان عەشیرەتی رۆغزادی دا بوو، نامەی تایبەتمان بۆ سەرۆك عەشیرەتی ناوبراو نووسی، کە تا لەو دەوروبەرەدابن، ئاگادارییان بکەن و لەکاتی گەڕانەوەشماندا، بەپشتیوانی خوا، ئەوەندەی پێویستی بە چاودێریی و سەرپەرشتییەوە هەبێ، دریغی ناکەین و پەژارەم بۆ سەلامەتیتانە.

حەفید زادە
مەحموود

دوست کامکار جناب شیخ عبدالقادر ... خیر یار آدرم

بعد از اظهار اتحاد و بیان یکجهتی دوستانه مطلب اصلی که باعث تصدیع شد این بود این دفعه دستگیر

ناممکنان گویید موجب محظوظیت خاطر شد در اینجا نیز برای دوستان کمال عافیت

هستند. چنانچه سابق دارید گذشته از آن از بابت توصیه و نگهداری محمد رشید خان اظهار زحمت نموده‌اند

البته برای مخلصان خاندان آن کاکا احمدی و مریدان بجان می‌کوشیم و به بعضی از کار دیار که در میان

عشیرت زندغرازی داشتند کاغذ مخصوص نزد رئیس عشیرت مذکور نوشتم که تا در آن

اطراف باشند نگهداریشان بکنند در وقت رجعت ما نیز انشاءالله از رعایت

چشم داریم قصور نخواهیم کرد زیاده سلامتی ... زنیم

حفیدزاده

[مهر: محمود]

(٩)

مقام محترم خليفه حچرت پير روشن چمير

سيد عبدالقادر دام عمره

پس از اداى احترام لايقه، لطف نامەى حضرت عالى رسيد يعقوب اسا بر ديدەى اشتياق ماليدم، سبب ازدياد نور ديده واحياى قلب مرده گرديد. اميدوارم بەخدا براى امثال ما محتاجان پايەدار و برقرار الى مريد زمان بەزيور (عەرەب؟) مراتب دينى بگذارد، جهت بعضى احوال اصدار فرموده بودند عاقبت للمتقين. ٣ روز قاصد را تأخير گردانيدم تاكه بەنامەى نهاى مطلب اگاهدارى نمايم. مع تأسف تأخير گرديد. قاصد هم عجله نمود. اگرچه اوٍ گناهى نداشت. خود اورا رخصت دادم. اميد به حضرت رب منان دارم كه قريباً با قاصدى مخصوص مژدەى مطلب بەعرض حضور رسانم. باقى چشم مخدومان مى بوسم. خدا برقراشان فرمايد.

باقى حرمت
مخلص
محمود
٩٤١/٩/٢٨

پێگەی ڕێزدار خەلیفەی حەزرەتی پیری ڕۆشن دڵ سەیید عەبدولقادر – تەمەنی درێژبێ

دوای پێشکەشکردنی ڕێزی شایان، لوتفنامەی حەزرەتی باڵا گەیشت. یەعقوب ئاسا بەچاوی تاسەبارمدا هێنا، بووە مایەی زیادکردنی ڕووناکی چاوم و زیندووکردنەوەی دڵی مردووم. لە خوادەخوازم بۆ هەمیشە بۆ نموونەی وەك ئێمە مانانتان پایەدار و ڕاوەستاو بکات و بە زێوەری (عەرەب؟) پلەکانی ئایین ببڕیت- لەم بارەیەوەیە کە فەرموویانە: العاقبة للمتقين. سێ (٣) ڕۆژ نامەهەڵگرەکەمان ڕاگیرکرد، تابەنامەیەك لەهەموو کارەکانتان ئاگادر بکەینەوە. لەم بارەیەوە نیگەرانین بۆ دواکەوتنی. نامەهەڵگرەکەش پەلەی بوو. هەرچەندە ناوبراو خەتایی نەبوو، بۆیە ئەومان ڕەوانەکردەوە. پشت بەخوا، بەم زووانە بە نامەبەرێکی تایبەتدا مزگێنی ڕاپەڕاندنی کارەکان بەحزورتان دەگەیەنین. لە کۆتاییدا چاوی دۆستان ماچدەکەم، خوا بەرقەرارتان بکات.

باقی حورمەت
دڵسۆزتان
مەحموود
٩٤١/٩/٢٨

جنت دژ

۲۷/۹/۹۴۶

مقام محترم خلیفتی حضرت پیری روشن ضمیر السید عبد القادر

دام مجده

پس از اداء احترام لایقه لطف نامه‌ی حضرت العلی رسید
بیعقوب آسا بر دیده‌ی اشتیاق مالیدم بسبب ازدیاد نوری
دیده و واحی ی قلب مرده گردید امیدوارم بخدا برای
اشالی ما محتاجان پاینده دارد برقرار الی مدید زمان
به زیوری عربکه مراتب دینی را بگذارد ـــ جهة بعضی احوال
اصدار فرموده بودند العاقبت للمتقین ۳ روز تاخیر
تاخیر گردانیدیم تا که بنامه‌ی نهای مطلب آگاه هدای
نمایم مع تأسف تاخیر گردید قاصد هم عجب غموم اگری
از گناهی نداشت خوالم درا رخصت دادم امید بحضرت
ربنا تمنان دارم که قریباً با قاصدی مخصوص مژده‌ی مطلب
بعرض حضور رسانم باقی چشم مخدومان می بوسم خدا
برقرار شان فرماید باقی حرمت مخلص [signature]

عموجم زاده‌م عائشه بعرض دست بوسی مصدعت
مسعود البیده مقامی عائشه خانم مرسانند
در تا بجده اصدار فرموده لیه تدرسید
امیدواریم به برکت مبارکی علی
طاعت قبول گردد هر طاعتی که بردیجا گذارد
بی شبهه صد چندان مقبول بارگاهی حضرت
باری گردد

(١٠)

بۆ مقامی بەرز و خەلیفەی پیری رۆشن ضمیر

جەنابی سەیید عەبدولقادر جەننەت دەرە (جەنەدەرە)

لــەدوای بــەیانی ئیخلاصــییەت کاغــەزی موبارەکتــانم وەرگــرت. خوێندمــەوەو بــووە ســەبەبی زیــادی نــووری چــاوم ئــەحوالت پرســیبووین، وایــن لــە داریکــەلی وە لــەطیــفیــش وا لــە بەغــدا. بــە کــەرەمی خــواوە چــاوەڕێی هاتنــەوەین. طــەڵــەبی دوعای خێــر ئەکــەین و ثــانییــەن بــە واسیطەی دەروێــش کەریمــەوە جووتــێ گــۆرەوی و جووتــێ دەستکێشــتان نــاردبوو، پــێم گەیشــت. چــاوی کورەکــان مــاچ ئەکــەم. ئیظهاری تەئەسوفتان فەرمووبوو لە بەعضــێ ڕێگەوە، بڵێم چی ئەبێت:

یارب ســــــــتەدی ملك زدســــــتی چومەنی
دادی بە مخــــنثی نی مــــــــەردی نی زنی
از گردش روزگار بندە معلومم شــــــــد
پیش تو چە دەفزنی، چە شمشسیرزنی[1]

دووبــاره بــه فــه‌حوای (لاتقنــت- لاتقــنط) ... نابــێ مــه‌ئیووس بــین. ان الله معنا: باقی ته‌مه‌ننای مه‌سرووربیه‌تی دین‌و (دینو) دنیاو ئاخیره‌تتان ئه‌که‌م[2].

مەحموود
١٩٤١/١٢/٢١

---

١ - ئەم چوارینە فارسییە، زۆر بەهەڵەوپەڵە نووسراوە و دواى هەندێ تەقەللا، بەمجۆرەمان راست کردەوە.

یارب ســــــتدی ملك زدســــــتی چومەنی
دادی بە مخــــنثی نە مــــــــەردی نە زنی
از گردش روزگار بندە معلومم شــــــــد
پیش تو چە دەفزنی، چە شمشسیرزنی

واتە:

خوایە! دەسەڵاتت لەدەست یەکێکی وەك من دەرهێنا
لەدەستی نێرە مووکێکی ناپیاوت دانا
چەپگەردی گەردوون پێی سەلماندم
کەلای تۆ، مێرخاس و چاوەش، وەك یەکە

٢ - نامەکە لەبنەڕەتدا بە ڕێنووسی کوردی ئەو سەردەمە نووسرابوو. بۆ زیاتر تێگەیشتنی خوێنەران بەمجۆرەم نووسییەوە.

بۆ مقامی بەرزی خلیفەی پیری رووشن ضمیر

جنابی سید عبدالقادر جە تە دە رە

لە دوای بیانی اخلاصیەت کاغزی مبارکتانم وەرگرت

خوێندمەوە بوە سببی زیادی نوری چاوم

احوالت پرسیبوونی فەرمووبوی لە دایکی وە لطیفی و الحمد

بەکەرمی خوا وە چاوەری هاتنەوەتین طلبی دوعای خیر

ئەکەین و ثانیاً بەواسطەی درویشی کریمەوە جوتی گورەوی

وجوتی دستکیشتان نارد بۆ پیم گەیشت چاوی گورەکانتان ماچ

ئەکەم اظهاری تأسفتان فرمووبوو لە بعضی ریگەوە

بلێم چی بیت :

یا رب ستەدی ملک زدستی چو منی

دادی بە مخنثی نە مەردی نە زنی

از گردش روزگار بندە معلومم شد

پیش تو چە دەف زنی چە شمشیر زنی

دوباره به فحوای لا تقنطُ... نابجا مأیوس اولمایینز

إنّ الله معنا: باقی تمنای سرور ویرملی دلینو

دنیا و اخرتتان اکرم

۱۲ / ۱۲ / ۹٤۱

(١١)

قوربان خاڵۆ سەیید عەبدولقادر دەستەکانت ماچ ئەکەم

کاغـەزت گەیشـت، خوێندمـەوە، لـە سـەلامەتیتان مەسـروورو بـە ئەحواڵپرسـی مـەمنوون بـووم. بـۆ جیهـەتی بەنـدەزادە: لـەتیف ئیظهـارتـان فـەرمووە ئـەوا حکومـەت وەعـدەی داوە بـەم نزدیکانـە (نزیکانـە) بیهێنێتـەوە، ئـەمما پـەنا بـەخوا. جووتـێ جـوارب (گـۆرەوی)ت هەدییـە فـەرمووبوو، گەیشـت، تەشـەککورو دوعـای خێرتـان ئەکـەم، چـاوی مەخـدوومان مـاچ ئەکـەم، خـوای عالـەمییان بەرقـەراریان بفەرموێ. لەسەر ئـەمری ئێـوە کاغـەزمان نووسـی بـۆ سـەلیم خـان. ئـەمڕۆ هەشـت ڕۆژە جـەلال[١١] چـووە بـەد(وای) لـەتیفدا، بـزانین خـوا تەقـدیری چۆنە. بـاقی ئیحتیرام

موخلیستان مەحموود
١٩٤٢/٣/٤

ئەبێ دائیمە بەچـاوی لوتفـەوە تەماشـای کـاک عەبـدوڵڵا بکـەن (بەکـەن!) کوڕێ بەئەدەبە.

---

(١١) جەلال، مەبەست لە شێخ جەلال (١٩٠٧-١٩٦٢/١٠/١٠)ی شێخ ئەحمەدی برای شێخ مەحموودو (دواتر زڕکوری شێخ مەحموود)ە.

قربان خالو سید عبدالقادر دست کاتت ماچ اکم

کاغذت گیشت خوندمەوە لە سحتی تان مسرور و بە احوالیر ممنون بوم
بو جیهت بندە زادە لطف اظهارتان فرموە ادا حکومت وعدەی
دادەیم نزدیکانە بی هتی توە الجا پناە بخوا جوتە جوابت
بەسیر فرمو بو گیشت شکر دە دعا خیرتان اکم چاوی مخدومم
ماچ اکم خوای عالمیان بر قرار یان بفرموی سرامری اکوە
کاغذتان نوسی بو سلیم خان امرو هشت روژە جلال چوە
بیدو لطف دابزانن خوا تقدیری چونە باقی احترام

١٩٤٢

مخلصتان

محمود

(١٢)

مەقامی موحتەرەم پیری (پیری!) ڕۆشن چهمیر جەنابی ئەسسەید عەبدولقادر جەننەتدەرە

لـــەدوا(ی) عـــەرزی دەســـت ماچـــکردن، پیاوەکانمـــان گـــل دایـــەوە، تـــا (لـــەطیـف) دێتـــە ئێـــرەو جـــەنابی کۆڵۆنێـــڵ (لایـــن) تەشـــریف بێـــرن (بێـــرن!)، ئەمرەکـــەی (ئـــەمری کـــە) لێ وەرگـــرین بـــو ســـەر حـــاکمی سیاســـی (ســـفە)، تـــا ئیســـتیرادی ئەملاکـــەکان بکاتـــەوە. ئـــەمرتان فـــەرموو تیـــغبەنـــد بـــۆ مەخـــدوومی مەخـــدوومزادە (وە) بـــرازات کاکەحەمـــە، شـــەش دانـــەمان تەقـــدیم یـــەعنی هەدییـــە کـــرد. شـــێخ عـــەلی لـــە خوشەویســـتانی (نـــە!) ئێمەیـــە، وامـــان بەچـــاك زانی لە خزمەت ئێـــوە (ایـــوە) دابـــێ، تـــا جـــواب ئەگێڕمـــەوە (اگیرمـــەوە). بـــاقی ئیحتیرام !

مەحموود

١٩٤٢/٣/٢٩

مقام محترم خلیفەی پیری روشن حمید جناب السید عبدالقادر

جنت درە

لەدوا عرضی دەست ماچ کردن پیاوەکانمان گلدایەوە تا لطیف دینە ایرە

و جناب کولونیل لایک تشریف بێرن امری کە لی وەرگیرێ بوسر حاکم سیاسی

سنە تا استردادی املاکەکان بکا توە امرتان فرموبو بو شیخ بد

یو مخدومی مخدوم زادە دە برازاتە کاکە حمە شش دانە مان تقدیم بیعز

هدیە کرد -- . شیخ علی لە خوشم دیستانە ایمە یەدوا مان بکاتە

زانی لە خدمت ایرە دابێ تا جواب اگیرمەوە باقی احترام

١٣٤٢/٣/٢٩

(١٣)

حضوری اقای محترم

السید عبدالقادری یادگاری حضرت پیری روشن ضمیر حضرة كاك احمد

پس از عرض اخلاص و آرزومندی (آرزومندی)، لطف نامەی (لطفنامەء) مبارکتان (مبارەکتان) رسید زیارت نمودم اظهار گلە از تکاهل نمودند مخلص فرموده حاشا در حین مراسلەء (مراسلە) بە اول یا اولیای اموری بریطانیای عظمی مراجعت شد وعده گرفتم کە قصور از نیکی ننمایند. قربان بحسب حقوقی دولی و (وە) معاهدەی بین دولتین اولیای امور بریطانیا (باید !؟) دست تصرف بە اموری حکومت علیەی ایران نمی برند امر بسفارت از طهران و (وە) او بحکومت پارسیان التماس میفرمایند دولتین عظمی برای شخصی یا عمر و زید معاهدەی (!) دولی برایشان (بریشان) نمی نمایند ... دیگر حضرت خجستەصفات (تان !) مسلکی شیخی التماس برای فقرا وە (!) تن دادن تکیە (تون داوەن) وە شکری حضرت باری جلّە (وە !) علی کاری دیگر ندارند بی‌شك اولیایانی (اولیاهای) امور بنا بخاطری مسلك هیچ نوع ید معاملەی بیفراز نیکی نمیفرمایند. لطیف و(وە) کاکە حسین و شیخ محمد بعرض دست بوسی مصدّعند !

و (وە) نوری چشمان شیخ بهاالدین (بهاءالدین) و (وە) کاکە حسین و حسام الدین و (وە) محی الدین و (وە) علاالدین (علاءالدین) دیدە بوسانم وبرادرزادە کذا دیگر همەرا بحضرت منّان سپردم. باقی احترام

مخلصتان

محمود

لاحقە: مخلص خدای حضرت تان شیخ علی بعرض دست دامن بوسی مصدع است (مصدعست !)

١٩٤٢/٥/٢٤

بۆ خزمـەتی جـەنابی بـەڕێز عەبـدولقادری یادگـاری پـیری دەروون ڕوونـاك حەزرەتی کاك ئەحمەد

دوای پێشکەشـکردنی ئـیخلاس‌و ئارەزوومەنـدی، لوتفنامـە موبارەکەکـەتان گەیشـت‌و زیـارەتم کـرد. گلـەییتان لـە تەمـەڵی بەنـدەی موخلیسـتان فـەرمووبوو، نـەخێرو حاشـا، چـونکە هـەر لـە سـەرووەختی نامەکـەدا، پێوەنـدی بـە بـەرپرس یـان بەرپرسـانی کاروبـاری دەوڵـەتی مـەزنی بریتانیـاوە کـراوەو بـەڵێنم وەرگرتـووە کـە ئـەوانیان هەرچـی کـارێکی باشـیان لەدەسـت دێـت، درێغـی نەکـەن. قوربـان ! بـەگوێرەی یاسـای نێودەوڵـەتی‌و پەیماننامـەی نێـوان هـەردوو دەوڵـەت، بەرپرسـانی کاروبـاری بریتانیـا .... دەسـت لـە کاروبـاری حکوومـەتی ئێـران وەرنـادەن‌و کارەکـەی باڵیۆزخانـە، یـا لەڕێگـەی تارانـەوە، یـان داوا لـە حکومـەتی پارسـیان (ئێـران) دەفـەرموون‌و دەوڵـەتانی گـەورەش لەبـەر خـاتری کـاری شەخسـی، یـان فـڵان‌و فیسـار پەیماننامـەی نێودەوڵـەتی پێـك نـاهێنن. ئـیتر حـەزرەتی ڕەوشـت موبارەکانـەتان بـۆ ڕێبـازی شـێخایەتی‌و بـۆ ڕاپەڕانـدنی کـاری هـەژاران‌و پشـت پێبەسـتن‌و سوپاسـی حـەزرەتی یـەزدان تـەرخان بفـەرموون‌و ئـەو شـتانەی تـر، کـاری خـەڵکانی تـرەو بێگومـان بەرپرسـانی کاروبارەکـانیش، لەبـەر خـاتری هیچ جۆرە ڕێبازێك، لە چاکە زیاتر، لە کاری کەس وەرنادەن.

لـەطیـفـو شـێخ حسـێن‌و شـێخ محەمـەد، عـەرزی دەسـت ماچـکردنیان بـۆ نـووری چـاوان شـێخ بـەهادین‌و کاکەحسـێن‌و حیسـامەدین‌و محێـدین‌و عـەلادین هەیەو چاویان ماچ ئەکـەم‌و دیسـانیش بـۆ برازاکـانم بـە حـەزرەتی خـوای گـەورە دەسپێرم. باقی ئیحتیرام.

موخلیستان مەحموود
٩٤٢/٥/٢٤

پاشکۆ: موخلّیس‌و فیدای حەزرەتتان: شێخ عەلی، عەرزی دەست ماچکردنتانی هەیە.

* سەرلەبەری دەقی نامەکە، بە زمانێکی فارسی زۆر شپرزەو بێسەروبەرو بێ هیچ بناغەیەکی یاساو ڕێسای ڕێزمان نووسراوەو لە زۆر شوێندا، خۆم بەزۆرو بە بۆچوونی خۆم ڕستەسازیم بۆ ڕێك خستووە.

حضوری اشکی محترم السید عبدالقادر ری یادگاری حضرت پیری روشن ضمیر

حضرت کاک احمد

پس از عرض اخلاص داره زوعندی لطف نامه‌ی میاره کتان رسید زیارت
نمودم اظهاری گله از تکالیفی نمودنه مخلص فرموده حاشا در حین مراسله
به اولیا اولیای اموری بریطانیای عظمی مراجعت شد وعده گرفتم که
ایشان قصور از بنگی نمی‌نیند قربان بحسب حقوقی دولی ده معاهده‌ی
بین دولتین اولیای اموری بریطانیا بالذات [illegible] دست تصرف به اموری حکومت
علیه‌ی ایران نمی‌برند امر سفارت از طهران و [illegible] ده او بحکومت
پارسیان التماس میفرمایید دولتی عظمی برای تسخیر یا محو زید
معاهده‌ی دولی پریشان نمی‌نمایند -- دیگر حضرت نجیب صفات
تان مسلکی شیخ التماسی برای فقرا ده تون داوه‌ن تکیه ده شکوی
حضرت یاری جله ده علی کاری دیگر ندارند بی شک اولیای امور
بنا بخاطری مسلک هیچ نوع بدمعامله‌ی نیفرازنیکی تیفرمایند
لطیف ده شیخ حبیب و شیخ محمد بعرض دست بوسی مصدعند ۱

ده نوری چشمان شیخ بهاالدین ده کاکه حسین و حسام الدین ده محی الدین
ده علاالدین دیده بوسانه و برادرزاده کذا دیگر همه را بحضرت مقامات
سپردم یا فی احترام

مخلصتان

محمود

۹۴۲ / ۵ / ۲۴

لاحقه مخلص قدری حضرت تان شیخ علی
بعرض دست دامن بوسی مصدعست

(١٤)

٩٤٣/٣/١١

قوربان هەرچەندە موحیببەتی فارسی دارم ئەمما بەکوردی نووسینم بەفەرض ئەزانم.

مامە گیان دەستت ماچ ئەکەم. جەنابی خالۆ شێخ تەشریفی هێنا بە بەشارەت و هەدایاوە، قوربان نەختێ دڵم عاجز بوو بوو، تەمام بوو قبووڵ نەکەم من بردە بەرماڵم، وام تەمابوو پێ لە بەرماڵت نەنێم، سەر لە بەرماڵت نەدەم. ئەمما نە بەهاری تۆ بە (شکن) می رسد، چەچارە کونەم! خالۆ شێخ محەمەد ئەمین تەجدیدی ئیمامنی پێ کردمەوە. زین تۆبەی نادروست. یارەب تۆبە و وامان بەموناسیب زانی. خۆم کاغەز بنووسم بۆ عەلی خان. چاوی جەنابی کاکە بەهائەددین و شێخ محەمەد و شێخ حسام الدین و کەشکەدین[1] ... و زۆر سەلامی کاکە حەمە ئەگەیەنم. خوای عالەمیان و عالەم قبوول کا لەخوا طەلەب ئەکەم هەمیشە پڕسروور و مەسرووری (   ) و هەرکەس تەعەڕضی ئەو خانەدانە بکا (   ) بە جاهی

محمد (صلی علیم و سلم)

برازات

محمود

---

(١) کەشکەدین: وەك دیارە بۆ گاڵتەو پێکەنین بەکەسێکی بنەماڵەکە وادەڵێ، کە خۆشی دەوێ.

٩٤٣/٣/١١

قربان هرچنده هیچ فارسی دارم اما به کوردی نوسیم

به فرقی ازانم

ماه گیان دست ماچ اکم جناب خالو شیخ تشریف هنابه بیاره تو

هندا یاده قربانه تحتی دلم عاجز بو بو غام بو قبول نه کم من

به ده بر حالم دام تا لیوپی له بر حالت ته نم سر له بر حالت

بند کا اما ... یهاری تو به شکلی می رسد چه چاره کونم

خالو شیخ محمد املن تیجدیدی ماچ ده پکرد مه ده زی توی نادریت

یا رب توبه داماں عبتاسیب زانی خوم کاغد بنوسم

بو علی خان چاوی جناب کاکه بها الدین و شیخ محمد و شیخ

حسام الدین ده کشک الدیه ... دزو رسیلی کاحه اگی نم

خوای عالیه دعام قبول کا له خوا طلب الکم همیشه پر سرور و مسرور له

داریه بیه و هر کسی تعرفی او خانه دانه بکا الله هر تیوله

بجاه محمد صلى الله ... وسلم

برازات

[signature]

له هرسیکای کاطلیه لا ... اداده حاصر تاری

له ری ریوا ... ده تاروم خط جم له نوتاری

(١٥)

بۆ یادگاری حەضرەتی پیری ڕۆشن ضەمیر سید عبدالقادر دام عمره

لـــەدوا(ی) عـــەرضـــی ئیحتیرامـــی لائیقـــە، کاغـــەذی پـــڕ دوعـــاو بەرەکـــەتان گەیشـــت. لـــە هیممـــەتو لـــوطفتـــان طـــەڵـــەب ئەکـــەین دائیمـــا بـــۆ هـــەمووماک لـــە دوعـــا (دوعـــای؟) غافڵمـــان مەکـــەن وەکـــوو نـــەتان کـــردووین. حـــامیلی کاغـــەذ(ز) سەیید ئەحمەد بەیانی ناسـاغی کـرد، خـوا لـە ئێمـە (ایمـە)ت نەسـتێنێ. هەدییـەی دەروێشـــانەتان کـــە زیـــاترە لـــە کـــەرەمی پادشـــایەك گەیشـــت. بـــۆ جیهـــەتی موڵکەکان تەشەبوث بێشك ئەکەم بە قونسوڵی سلێمانی.

عـــەرضـــی ســـەلامم لـــە جـــەنابی خـــالۆ شـــێخ ئـــەمین تەقـــدیم ئەکـــەم. چـــاوی کوڕەکـــانی مـــاچ ئەکـــەم. دوعـــای خێریـــان بـــۆ ئەکـــەم و لـــەطیـــفو باباعـــەلی دەستتان ماچ ئەکەن. والسلام.

حەفید زادە مەحموود

١٩/٤/٩٤٤

هـ

بو یادگاری حضرتی پیری مرشد حفید سید عبدالقادر دام عمره

لە دوا عرضی احترامی لائقە کاغذی پر دعا و برکتتان گەیشت لە همت
و لطفتان طلب اکەین دائما بو هەموومان لە دعای غافلمان نەکەن و گو
نەتان کردوین . حاملی کاغذ سید احمد بیانی ماهاغی کرد خوا
لە ایمەت نەهیچ . هدیەی درویشانەتان کە زیاترە لە کرمی
پادشایک گەیشت بو جیهی مکەکان تشبثی شک اکەم
بە قونسلوسی سلیمانی .
عرضی سلام لە خزمەتی خالو شیخ امین تقدیم اکەم . حیادر کورەکان
ماچ اکەم دعای خیریان بو اکەم
حلال و لطیف و بابا علی دەستتان ماچ اکەن اتر والسلام

حفیدزادە

[signature]

١٩-٤-١٩٤٤

(١٦)

مقــامی منیــع خیلفــی پیرروشــن ضــمیر خــالوی شــیخ عبــدالقادر افنــدی جنت دره انشاءالله في جنت عاليه

پــس از اهــدای اخلاصــیت و محبــت خویشــاوندی (خــوی شــاوندی !) وارثیــت التفات نامەرا بدو دســت اعتــزاز گرفتــه و بدیــدەی اشــتیاق خوانــده همــه وقــت دعــا (لــــ ؟) دوام بقاتــان از حــق تعــالا (تعــالی) تمنــا (تمــنی) دارم امیــدوارم هــیچ وقــت در حــین حضــور داعــی را فرامــوش نفرماینــد و بحضــوری قلــبی (ارتــد) چشــمی (چشــم) مخــدومان مــی بوســم از رب منّــان در طلــبم بــردوام بطول عمر (بحشم !؟) رانی مرتبی درویشی (دروی یشی!) وسرافراز گردید.

انشــاءالله امیــدوارم بخــدا بــدو رکعــت ادای ســنت بــر ســری ســجّادەی مبارکتــان بمرتبی درویشــی (دروی یشــی) برســم. بــه کــوردی عــەرضت ئەکــەم گۆرەوەیەکانت لە پێئەکەم، لە دەست نەچم پشت بەخوا.

عــــەرضــی اخلاصــیّت و محبــت در خــدمت بهاالـــدین (بهاءالـــدین) پربهـــا دارم.

کاکە بهاالدین ئاگادار (ئاگاهداری) عالی ! با کاك عەبدوڵڵا رجادارم

محمود

١٩٤٧/٤/٣

هو

مقامی منیع خلیفه پیر ردشن حضرت خالوی شیخ عبدالقادر افندی

جنت دره انشاالله فی جنت عالیه

پس از اهدای اخلاصیت و محبت خوی شاد تدی دارئیت التفات نامه را
بدو دست اعتزاز گرفته و به دیده ی اشتیاق خوانده به دقت دعا
دوام و بقاتان را از حق تعالا تمنا دارم . امید دارم هیچ وقت
در حینی حضور داعی را فراموش نفرمایند و بحضوری قلبی از ته
چشمی محمد جان می بوسم از رب منان در طلبم به دوام بطول عمر
بچشم رانی مرتبه دردی شی [illegible] و سرافراز گردید

انشاالله امید دارم بخدا بدو رکعت ادای سنت زیرین بجاده ی
مبارکتان بمرتبه دردی شی برم —. به کوردی عرضت اکم
گوره و یه کاتت لی لم له دست نیچم پشت بخوا

محمود

عرض اخلاصیت و محبت در خدمت بهاالدین بهادارم
کاکه بهاالدین اگاهداری عالی با کاک عبدالله رجا دارم

٩٤٧ / ٤ / ٣

(١٧)

١٩٥٦/١/٢٧*

قوربان خاڵە شێخ عەبدولقادر

عەرزی حورمەت و ئیخلاصم هەیە و هەمیشە تەمەننای صیحەت و سەعادتتان ئەکەم.
بەلێ پرسینەوەتان لەم نەخۆشییەمدا زۆر مەسوور بووم و بەدیارییە موبارەکەکەتان دڵخۆشبووم. ئومێدەوارم کە خوا هەموولایەکتان مەسعوود (؟) و بەرقەرار کات.
الحمدالله ئیستە صیحەتم بە ئارەزووی هەموو دۆستێکە و جارێ وام لە بغداد، بەینێ ئیستراحەت ئەکەم پێش گەڕانەوەم بۆ سلێمانی (؟) . ئیتر خۆشیی ئێوە قوربان. بە ئیشتیاقەوە چاوی کاك بە هائەددین ماچدەکەم و دوعای خێر بۆ هەمووتان دەکەم .
بابا عەلی دەستت ماچدەکات و دوو شووشە دەرمانی چاوی تەقدیم کرد. لە پێش ئیستیعمالدا ئەم دەرمانە ئەبێ بە شوشەکەوە باش بشڵەقێ، تاکو هەموو تێکەڵ ببێ دوا(ی) ئەوە لە وەقتی ئازاردا هەر جاری دوو قەترە (ئەخرێتە)[1] ئەو چاوەوە کە ئازاری هەیە

عەرزی سەلامم بە جەنابی خاڵۆ شێخ ئەمین
پێشکەش ئەکەم. ئەمجا بە خوام سپاردن

موخلیصتان
مەحموود

---

* ئەم نامەیە نزیکەی (٩ – نۆ) مانگ بەر لەمەرگی شێخ مەحموود نووسراوە

(١) ئەم وشەیەم لە دەقەکەدا بۆ ساغ نەکرایەوە، بەڵام بەگوێرەی شێوەی بەکارهێنانی مانای رستەکە، دەبێ هەر ئەو وشەیە بگەیەنێ.

٩٥٢/١/٢٧

قوربانی خاڵە شێخ عبدالقادر،

عرض حرمت واخلاصم هیە و هەمیشە تمنی صحت وسعادتتان ئەکەم.

بەلێ پرسینەوەتان لە خۆشیمدا زۆر مسرور بوم وە دیارەی
مبارەکتان دڵخۆشبوم امیدەوارم کە خوا هەمدولا پێکتان مقصود
و برقرار کات.
الحمد لله ئیستە صحتم زۆر هەمووداستیکە وچاری
وام لە بغداد بێ استراحت ئەکەم پێش گرانەوەم بۆ سلیمانی
ایز مدتێ ئەبێ قوربان. بە اشتیاقەوە چاوی کاک
بهاءالدین ماچ ئەکەم و دوعای خێر بو هەمووتان ئەکەم.
بابەتی دەست ماچەکات و دوو شوشە دەرمانی چاوی
تقدیم کرد. لە پێش استعمالدا ئەم دەرمانە ئەبێ شوشەکەی
باشی بشلقی تاکو هەمووی تێکەڵ بێ دوایە لە وقتی آزاردا
هەرجارێ دو قطرە اخرە ئەو چاوەوە کە آزاری هەیە.
ایز حرمت

مخلصتان
محمود

عرض سلام بجنابە خانوی ئەکەین
پێشکەش ئەکەم ئەجا خوام سپاردن

(١٨)
بشرف حضور مبارك حضرت مستطاب عالى[(١)]

بعد از عرض بندگى و ارادت كه در خدمت دارم چند مدتى مى شود از احوال ان جناب مقدس بى خبر بودم تا امروز يكشنبه اين ماه مبارك خبرى وحشت ( )[(٢)] كه دلم به هم خورد كه اقازاده روسياه حق پرستارى چند ساله را به حضور مبارك تقديم كرد. قربان! خدا رحمتش كند **شيخ رضا**، كه فرموده: اولاد أم عصره[(٣)]..! قربان! حالا دنياى ديگراست. اميدوار بكرم خداوند و همت مشايخان بزودى افاقه حاصل شود. قربان بنده چنان ميدانم كه دنيا را برسر بنده زده‌اند باور فرماييد به هيچ خبرى به أندازه اين خبر متأسف نشده‌ام وين است حاجى عبدالله را حضور مبارك اعزام كردم به‌بهبودى خودت بنده را ارشاد فرمائيد.

زياده سلامتى انحضرت از خداوند و همت
حضرت رسول صلى الله مى خواهم
محمود

---

(١) ئەم دوونامەيەی دوايی: (١٨) و (١٩)، كە مێژووشيان پێوەنييە، وەك ديارە بۆ جەنابی شێخ عەبدولقادری دۆزەخ دەرە نەنووسراون و ناوی ئەويشيان لەسەر نييە. بەڵام چونكە لەگەڵ ئەو چەپكە نامەيەی پێشوودا كە بۆ شێخ عەبدولقادر نووسرابوون و لای جەنابی (شێخ ئازاد)ی نەوەی ناوبراوەوە چنگم خستبوون، پێدەچێ بۆ يەكێك لە دۆستانی گوندی دۆزەخ دەرە ــی نووسيبن. بۆيە پێم باش بوو ئەمانيش لە تەك (١٧) نامەكەی پێشوودا بڵاو بكرێنەوە.

(٢) ئەو وشەيە نەخوێندرايەوە.

(٣) ئاماژەيە بەشيعرە بەربڵاوەكەی شاعيری ناودار: شێخ رەزای تاڵەبانی (١٨٣٦ – ١٩١٠) كە سەبارەت بە بێ وەفايی منداڵی رۆژگاری خۆی، وتوويەتی:

ترِی ئەولادی ئەم عەسرە، بە .....

ئەگەر مردم، مەگەر گوو بكات بەخێرم

بۆ شەرەفی حزووری موبارەکی حەزرەتی پاك و هێژا

دوای پێشکەش کردنی ئەو هەستی بچووکیی و دۆستایەتییەی لە خزمەتتاندا هەمە، ماوەیەکە لە دەنگو باسی ئەو جەنابە پیرۆزە بێ هەواڵ بووم، تا ئەمڕۆ یەکشەممەی ئەم مانگە موبارەکە، ئەو هەواڵە بەسامەی ( )[1] دڵمی لەرزاند، کە کوڕە رووڕەشەکەتان، چاکە و ئەجری سەرپەرشتی کردنی چەندین ساڵەی بەو جۆرە بە حزووری موبارەکتان دایەوە. قوربان! **شێخ رەزا**، خوا لێی خۆشبێت، کە فەرموویەتی: "ئەولادی ئەم عەسرە[2]..."! قوربان! ئێستا رۆژگار جۆرێکی ترە. ئاواتم ئەوەیە بەکەرەمی خوا و هیمەتی مەشایەخان، بەزوویی چاك ببیتەوە. قوربان! ئەم دۆستەتان وادەزانێ دنیای بەسەردا رووخاوە. باوەڕ بفەرموون هیچ هەواڵێك بە ئەندازەی ئەم هەواڵە، داخی نەداومەتێ. بۆیە حاجی عەبدوڵڵا ـ م ناردە حزووری موبارەکتان و لە سەلامەتی و چاکبوونەوەی خۆتان، ئەم دۆستەتان رێنوێنی بفەرموون.

لەوەزیاتر، سەلامەتیی ئەو حەزرەتە، لە خواو
هیمەتی حەزرەتی پەیامبەر (د. خ) داوادەکەم
مەحموود

---

(١) ئەو وشەیە نەخوێندرایەوە.

(٢) ئاماژەیە بەشیعرە بەربلاوەکەی شاعیری ناودار: شێخ رەزای تاڵەبانی (١٨٣٦ – ١٩١٠) کە سەبارەت بە بێ وەفایی منداڵی رۆژگاری خۆی، وتوویەتی:

ترِی ئەولادی ئەم عەسرە، بە .....

ئەگەر مردم، مەگەر گوو بکات بەخێرم

بشرف مطالعه مبارک حضرت مستطاب عالی

بعد از عرض عبودیت [illegible] که در خدمت [illegible] حضرت [illegible]

الان [illegible] [illegible] [illegible]

و حالت اسیری [illegible]

[illegible] قربان [illegible]

[illegible]

قربان [illegible]

و [illegible] قربان [illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

و [illegible]

[illegible]

(١٩)

بشرف حضور مبارك حضرت مستطاب عالى ميرساند

خيلى وقت است از احوال حضرت عالى بى خبر بودم صوفى سعيد را حضور مباركت اعزام دادم براى احوال پرسى وجود مبارك عالى اميدوار بكرم خداوند وجودت سلامت و برقرار باشى (   )[١] گاه گاهى احوال اين بنده ارادت مى پرسيد.

بنده از مرحمت خداوند و همت حضرت حسام الدين روحنا فداه و همت حضرت عالى امسال حالم خوب تراست هرچند ارزوى اين زمانه ندارم ولى خداوند عالم بميل خود ميكند غير شكر چارهاى نيست. عرض ديگر يكهزار تومان بەوسيله صوفى نامبرده حضور مبارك فرستادم. بەجناب برادر مهربان شيخ (   )[٢] واز قول بنده بنفرات بفرماييد. باقى را (   )[٣] خدمت مى فرستم.

زياده منتظر دعاى خير براى اخرت هستم

محمود

(١) ئەو وشەیە نەخوێندرایەوە.

(٢) ئەو وشەیە نەخوێندرایەوە.

(٣) ئەو وشەیە نەخوێندرایەوە.

بگاتە شەرەفی حزووری موبارەکی حەزرەتی پاك و بالاّ

دەمێکە لە دەنگوباسی ئەو حەزرەتە بلّندە، بێ هەوالّ بووم. سۆفی سەعید بۆ هەوالّپرسی موبارەکی هێژاتان، دەنێرمە لای حەزرەتی موبارەکتان. هیوادارم بەکەرمی خوا، تەندروستیتان باش و سەقامگیربێ.(   )[1]یش جارجارە هەوالّێکی ئەم دۆستە دلّسۆزەی بپرسێ.

ئەمسالّ، ئەم دۆستەتان لەسایەی خواو هیمەتی حەزرەتی حیسامەددین (رۆحمان بە قوربانی بێت) و هیمەتی پایەبەرزتانەوە، تەندروستیم باشترە. هەرچەندە ئەم بچووکەتان ئارەزووی ئەم رۆژگارەم نەماوە، بەلاّم خوا خۆی دەزانێ چی دەکات و بەخواستی خۆی دەکات و لە سوپاسیش زیاتر، دەسەلاّتێکی ترمان نییە و شتێکی تریش نییە تا عەرزتان بکەم. هەزار تومانم بە (سوفی)ی ناوبراودا بۆ حزووری موبارەکتان نارد. بە جەنابی برای میهرەبانیش (   )[2] و لەزمانی ئەم بچووکەتانەوە، بەوانیتر بفەرموون. پاشماوەکەی بە (   )[3] بۆ خزمەتتان دەنێرم.

لەوەزیاتر چاوەنوارِی دوعای خێرم، بۆ ئەوە دنیام

مەحموود

---

(١) ئەو وشەیە نەخوێندرایەوە.

(٢) ئەو وشەیە نەخوێندرایەوە.

(٣) ئەو وشەیە نەخوێندرایەوە.

بشرف حضور مبارک حضرت [illegible] [illegible] مشرف شود

عریضه وقتی [illegible] از احوال خوش [illegible] با خبر [illegible] سعید [illegible] حضور [illegible]

اعزام دادم برای اعمال [illegible] و [illegible]

امیدوارم که [illegible] و [illegible] وجود [illegible] و [illegible] برای [illegible]

[illegible] احوال این [illegible] ارادتمند [illegible]

[illegible] و [illegible] این [illegible]

و [illegible] عالم [illegible] هر چیز [illegible]

این [illegible] عالم [illegible] [illegible]

غرض دیگر [illegible] به [illegible] سید [illegible]

[illegible] برادر [illegible] و [illegible]

[illegible] الف [illegible]

[illegible] عشق [illegible] [illegible]

[illegible]

[illegible]

مزگێنیی دۆزینەوەی مێژووی مەرگی شاعیری ناودار

عەبدوڵڵا بەگی میسباح دیوان (ئەدەب)

ساڵی بەدنیا هاتن‌و مەرگی (ئەدەەب-عەبدوڵڵا بەگی میسباح دیوان)، لە دووتوێی سەرجەمی ئەو نووسینانەدا، کە تا پێش چاپی یەکەمی دیوانی (ئەدەب)، کە لەلایەن ئێمەوە چاپکرا،[1] بەپێی بەڵگەیەکی ئاشکرا، هێشتا تەماویی بوو، بۆ نموونە: مامۆستا حسێن حوزنی موکریانی، لە یەکەمین چاپی دیوانی (ئەدەب)دا، بەبێ هیچ بەڵگەیەك، ساڵی (١٩١٢ز)ی بۆ مەرگی (ئەدەب) دەستنیشان کردووە!. دوای ئەمەش لەو روانگەیەوە کە بیستوویەتی، یان زانیوێتی (ئەدەب) لە قۆناغێکی تەمەنیدا، تووشی نەخۆشی ئیفلیجی‌و لەرزۆکی (شەپلە) بووەو هەر بەو نەخۆشییەش مردووە، ئەوسا وای بۆچووە، کە دەبێ (ئەدەب)، هەر (٥٠) پەنجا ساڵێك ژیابێ!، بۆیە وتوویەتی: ئەدەب نزیکی پەنجا ساڵێك ژیاوە.[2]

بەدوای ئەمدا، مامۆستا عەلائەدین سەججادی، هەمان قسەکەی حوزنی موکریانی، واتە: ساڵی (١٩١٢ز)ەکەی بۆ ساڵی مەرگی (ئەدەب) دووپات کردۆتەوە!. بۆ ئەمەش، هەمان قسەکەی حوزنی موکریانی، لەمەڕ (نزیکەی) پەنجا ساڵ ژیانەکەی (ئەدەب)، بەگوێرەی مێژوویەك پیادە بکات‌و بیگونجێنێ، بەمەزەندە ئەم (نزیك پەنجا) ساڵەی کردووە بە(٥٣) پەنجاو سێ ساڵ‌و بۆ ئەوەش (٥٣) پەنجاو سێ ساڵێك بۆ مێژووی پێش مەرگی (ئەدەب) بگەڕێتەوە، هاتووە ساڵی (١٨٥٩ز)ی بۆ مێژووی هاتنە دنیای (ئەدەب) دیاری کردووە.[3]

دوای ئەمان، مامۆستا گیوی موکریانی هەمان ساڵی (١٩١٢ز)ی هەر حوزنی موکریانی وەرگرتووە، بەڵام ئەم، بۆ ئەوەی ساڵی لەدایکبوونەکەی (ئەدەب)،

کتومت بکاته ئەو (٥٠) پەنجا ساڵەی، کە حوزنی موکریانی باسی کردووە، هاتووە ساڵی (١٨٦٢ز)ی بۆ ساڵی هاتنە دنیای (ئەدەب) دیاری کردووە.(٤)

دوای ئەمان، مامۆستا ئەبو بەکر خوانچە سپەهرەدین، ساڵی (١٩١٨ز)ی بۆ مەرگی (ئەدەب) دیاری کردووە.(٥)، بەڵام دکتۆر عێزەدین مستەفا رەسووڵ، بەبێ هیچ بەڵگەو سەرچاوەیەك دەڵێ: (ڤاسیلی نیکیتین) ساڵی (١٩١٧ز) لە مەهاباد چاوی بە (ئەدەب) کەوتووە.(٦)

دکتۆر مارف خەزنەدار-یش، بەبێ هیچ بەڵگەیەکی زانستی دەڵێ: (ئەدەب) لە نێوان ساڵانی (١٩١٥-١٩١٨ز)دا مردووە.

هەروەها دکتۆر عەبدوڵڵا ئامێدی، بەپەیڕەوی لە گیوی موکریانی، هەمان ساڵی (١٨٦٢ز)ی بۆ ساڵی هاتنە دنیای (ئەدەب) دووبارە کردۆتەوەو بەبێ دیاریکردنی سەرچاوەیەکیش، ساڵی (١٩١٧ز)ی بۆ مێژووی مەرگی (ئەدەب) داناوە.(٨)

مستەفا ئێلخانی زادە-ش، کە خۆی خەڵکی ناوچەی بۆکانە، واتە: زێدو مەڵبەندی لەدایکبوونو ژیانی (ئەدەب)ە، کەچی بۆ نووسینەوەی ژیننامەی (ئەدەب)، زانیاریی ناکۆکی لە نووسینەکانی حسێن حوزنی موکریانیو گیوی موکریانیو عەلائەدین سەججادی، بۆ کتێبەکەی خۆی گواستۆتەوەو دیسانەوە ئەمیش ساڵی (١٨٥٩ز)ی بۆ هاتنە دنیاو ساڵی (١٩١٢ز)ی بۆ مەرگی (ئەدەب) دیاریکردووە.(٩)

دوایین نووسەر لەم بوارەدا، مامۆستا محەمەد سەعید نەجاری (ئاسۆ)یە، کە بەگومانەوە نێوان ساڵانی (١٩١٢-١٩١٦ز)ی بۆ گریمانی مەرگی (ئەدەب) داناوە.(١٠)

* * *

وەك دەردەكەوێ ئەو ساڵانەی لە سەرووتر ئاماژەمان پێكردنو بۆ مێژووی هاتنە دنیاو مەرگی (ئەدەب) دیاری كراون، هیچیان وەك (مێژوو)، ناكرێنە مێژووی ژیننامەی (ئەدەب)و مێژووش چونكە بەر لەهەمووشت (زانست)ەو زانستیش پێویستی بەبەڵگە هەیە، بۆیە ناتوانرێ ئەو مێژووانە بسەلمێنرێن.. هەرچەندە لە كاتی نەبوونو دەست نەكەوتنی بەڵگەی مێژوویيدا، وەك كاری ناچاریی، پەنا بۆ (مەزەندە) بردنو (گریمان) دەبرێ، بەتایبەتیش ئەگەر (یەكێك لە ساڵی هاتنەدنیا، یان: مەرگی بزانرێ)، بەڵام دیسانەوە (زانست) بەگومانەوە وەریان دەگرێو نایان سەلمێنێ، بەتایبەتیش هەردوو ساڵی مێژووی مردنی (ئەدەب)، كە حسێن حوزنی موكریانیو دكتۆر عێزەدین مستەفا رەسووڵ دیارییان كردووە، واتە: ساڵانی (١٩١٢ز-و- ١٩١٧)، چونكە:

١.لەناو ئەو دەیان نووسینو نامە تایبەتییانەی (ئەدەب)دا، كە بەدەم گەڕانو پشكنینو سۆراخماندا، بۆ كۆكردنەوەی بەرهەمی (ئەدەب)، لای نەوەو نزیكانو بەتایبەتیش لای (مەلا قادری كوڕی میرزا ساڵحی كیانی)ی نووسیارو میرزای تایبەتی بەردەستی خودی (ئەدەب)، لەگوندی (ئەرمەنی بلاغی)ی باكووری خۆرهەڵاتی (بۆكان) چنگمان كەوتوون، چەندان نامەیان بەختەتە خۆشەكەی خودی (ئەدەب) تێدایە، كە هەموویان دوای ساڵی (١٩١٢ز)، واتە: لە نێوان ساڵانی (١٩٠٩-١٩١٤)دا نووسراون.

٢.لەو دیدارو یەكتر ناسینەی نێوان (ئەدەب)و كوردناسی ناودار (ڤاسیلی نیكیتین: ١٨٨١-١٩٦٤ز)، كە لە شاری سابلاخ (مەباهاد) سازیان داوە، نیكیتین بەڕوونی دەڵێ: ساڵی ١٩١٥ز- لە سابلاخ یەكتریان دیوە.(١١)

٣-هەر لەئەرشیفی ڤاسیلی نیكیتیندا، نامەیەكی (عەلی بەگ سالار سەعید)ی برای (ئەدەب) هەیە، كە بەمێژووی (٢٦ی زی حەجەی ساڵی ١٣٣٥هیجری) نووسراوەو تیایدا دەڵێ: (بعداز عرض ارادت و بنگی هنگام مرخص از خدمت عالی كە بەساو جبلاخ مراجعت كردم اشعار مرحوم (مصباح-دیوان) اخوی نمودە كە حضور حضرت عالی بفرستم).(١٢)

واتە: (دوای پێشکەشکردنی ڕێزو بچووکایەتیم، ئەو دەمەی لەخزمەتتان مۆڵەتم خواست، بۆ سابڵاخ گەڕامەوە، شیعرەکانی خوالێخۆشبوو (مصباح دیوان)ی برامم ئامادەکردن، تا بۆ پایەی بەرزتانی بنێرم).

بەم پێیەو بەگوێرەی ئەم نامەیە، کە لەکاتی گۆڕینی مێژووی (٢٦ی زی حەججەی ١٣٣٥هیجری)دا، بۆ مێژووی زایین، دەبێتە (١٤س تشرینی یەکەمی ١٩١٧ز)[١٣]، کاتێ عەلی بەگ سالار سەعیدی برای (ئەدەب)، ناوی (عەبدوڵڵا بەگ-ئەدەب) دێنێ، بە(خوالێخۆشبوو)ی ناودەباو دەردەکەوێ کە (ئەدەب) لەپێش ئەو مێژووەدا، کۆچی دوایی کردبێ.

٤-دیسان لەسەرچاوەیەکی خودی (نیکیتین)دا، کە (بیرەوەرییەکانێتی)، باسی ئەوە دەکات کە لەپاییزی (١٩١٥ز)دا، واتە: لە کۆتایی ساڵی ١٩١٥دا، سەردانی سابڵاخی کردووە. بەم پێیەش ، دەبێ مەرگی (ئەدەب)، لە نێوان پاییزی (١٩١٥ز)و (١/١٠/١٩١٦ز)دا بووبێ.

مزگێنی تازە:

لە دوایین سەردانمدا (پێش چاپی یەکەمی دیوانی ئەدەب) بۆ (بۆکان) لە کۆتایی مانگی نیسانو سەرەتای مایسی ٢٠٠٥دا، هاوڕێم: کاکە یونسی ئەمین پوور، بەخۆشییەوە ئاگاداریکردم لەوەی کە کاك (جەعفەر)ی نەوەی (میرزا ساڵحی کیانی)ی میرزاو نووسیاری تایبەتی بەردەستی (ئەدەب)، کاتێ زانیبووی لە گۆڤاری (سروە)دا گلەییم لەبنەماڵەکەیان (مەلا قادری کیانی)ی کوڕی میرزا ساڵح-ی ئەرمەنی بلاغی کردووە، لەسەرئەوەی بەرهەمو پاشماوەی نووسراوی (ئەدەب)یان بەلاوەیەو نامانەدەنێ، بەکاك (یونس ئەمین پوور)ی وتبوو: دەبێ بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو گلەییانە، مزگێنیو بەڵگەیەکی گرنگتان لەبارەی (ئەدەب)ەوە بدەمێ. مژدەکەش ئەوە دەبێ: کە (میرزا ساڵحی کیانی) لەکاتی مەرگی (ئەدەب)دا خەریکی خوێندنەوەی کتێبێکی مێژوویی بووەو بەدەستییەوە بووە، مێژووی مەرگی (ئەدەب)ی لە دامێنی لاپەڕەیەکی ئەو کتێبە مێژووییەدا نووسیووە، ئەو کتێبەش ئێستا بەلای (جەعفەر)ەوەیەو بەڵێنیشی دابوو، کە دەبێ بەدەستی خۆی کتێبەکەمان لە مەهابادەوە بۆ بهێنێ.. بۆ ئەمەش کاك یونس

هاوئاهەنگیی لەگەڵدا کردبووو، تـا رۆژی (١٣٨٤/٢/١٥ هـەتاوی -٢٠٠٥/٥/٥ زایینی) کتێبی ناوبراومان بۆ (بۆکان) بۆ بهێنیٚ.

دەمەو نیوەڕۆی هەمان رۆژ، کاك جەعفەرو هەندێ لەخزمـەکانی، کتێبەکـەیان بۆ (بۆکان) بۆ هێناینو بەئامادەبوونی کاکە ناسری وەحیدی (چیرۆکنووس)، کـاك یونسی رەزایی (شاعیر)و کاك یونسی ئەمین پـوور (نووسـەر)، بەئەمانـەت لێمـان وەرگرتو بەتاسەوە سەیری دامێنی ئەو لاپەڕەیـەمان کـرد کـە مێـژووی مـەرگی (ئەدەب)ی بەقەڵەمێکی مۆر (کـەمێك کاڵـەوەبوو)و بـەمجۆرە یادداشـت کردبـوو: (وفات مرحوم عبدالله خان مصباح دیوان شب شـنبه ١٩ جمـاد الاخـر ١٣٣٤). واتە: (کۆچی خوالێخۆشبوو عەبدوڵڵا خانی میسباح دیـوان، شـەوی شـەممە: ١٩ی جەمادی دووەمی ١٣٣٤ هیجری).

ئیتر هەر دوای دیتنو خوێندنـەوەی مێژووەکـە، بەپەلـەو خورپـەو خۆشـییەکی زۆرەوە، لەگەڵ کاکە ناسری وەحیدیدا چووینە بەڕێوەبەرایەتی (ثبت احوال)ی شاری بۆکانو لای کاك عەبدولڕەحمان ساڵح زادە (١٩٦٤ز)ی بەڕێوەبەرو کـاك جەعفـەر سەلیم زادە (١٩٥٨ز)ی کارمەند (کە هەردووکیان هاوڕێی دێرینـەی کـاك ناسـری وەحیدی بوون)، تا لەشێوەی یادداشتکردنی مێژووی مەرگەکە بنوارِنو لـە هـەمان کاتیشدا تا مێژووی مەرگی (ئەدەب)، کە بە مێژووی (هیجری) یادداشت کرابـوو، بـۆ سـەر مێـژووی (هـەتاوی) بگـۆڕن.. ئـەوانیش دوای دڵنیـابوون لـە چـۆنێتی یادداشتکردنەکە، بەگوێرەی لیستی رۆژژمێری تایبـەت بـەو کاروبارانـە، کـە لـە شێوەی کتێبی چاپکراودا بەلایانەوە بوو، مێژووی (١٩ی جەمادی دووەمی ١٣٣٤ هیجری)یان بەمجۆرە بۆ مێژووی (هەتاوی)و (زایینی) گۆڕی:

-١٩١٦/٤/٢٣ زایینی(١٤)
-١٢٩٥/٢/٢ هەتاوی

دوای ئەم ئـاڵوگۆڕەش، یەکسـەر چـووینە مـاڵی هاوڕێمـان کـاك عەبـدولخالق یــەعقووبی (رەخنــەگرو نووســەر)و لــەوێش کاکــە رەشــید کرمــانج (نووســەر)، بەکۆمپیوتەرەکەی کاك عەبدولخالق، لاپـەڕەی مەبەسـتی ئـەو کتێبـە مێژوویـیـەو دامێنی لاپەڕەکەی، بەچەند جۆرێك بۆ (سـکێن) کـردین‌و هـەر لـەوێش، هـەمان لاپەڕەمان خستەسەر (C.D)و هەمان رۆژیش کتێبەکەمان بەسـوپاس‌و پێزانینـەوە بۆ کاك جەعفەری کیانی گەڕاندەوە.(١٥)

بەمجۆرە ئـەم بەڵگـە زینـدووەمان لەسـەر مێـژووی مـەرگی (عەبـدوڵلا بـەگی میسباح دیوان-ئەدەب) چنگخست، کە وەك وتمان رێکەوتی (شەوی شـەممەی ١٩ی جەمادی دووەمی ١٣٣٤ هیجری-١٩١٦/٤/٢٣زایین)ی کردووە، دەکەوێتە نێـوان دوا دیدەنی (ڤاسیلی نیکیتین) لەگەڵ (ئەدەب ـ پاییزی ساڵی ١٩١٥ز)و نامەکەی سالار سەعیدی برای (ئەدەب)دا، کە وتمان لە (١٩١٧/١٠/١٤ز)دا، واتە: نزیکەی ساڵ‌و نیوێك دوای مەرگی (ئەدەب) بۆ (ڤاسیلی نیکیتین) نووسرابوو.

* * *

دیسان مزگێنی تازە
و
بەڵگەی تازەتر

ئەم تەقەللایەمان سەبارەت بەگەڕان بەدوای مێژووی ژیننامەی (ئەدەب)دا، تا پێش ماوەی چاپی یەکەمی دیوانی (ئەدەب) بوو، بەڵام دوای لەچاپدانی دیوانەکەو گەیاندنی بەدۆستانو ئەو هاوڕێیانەی هەریەکەیان بەجۆرێك لە جۆرەکان لە ئامادەکردنی دیوانەکەدا هاوکارو یارمەتیدەربوونو لە ناویشیاندا: بەشی نەوەکانی (ئەدەب)و تەنانەت بۆ ئەو (مەلا قادر)ەی کوڕی (میرزا ساڵیح کیانی)ی نووسیارو میرزای (ئەدەب)یش، کە پێشتر ئاماژەمان پێکردو وتمان گەلێ شیعرو نامەو نووسراوێکی زۆری (ئەدەب)ی بەلاوەیەو زۆر نەخوێندەوارانە لە ناویان دەبات..!. ئیتر چ دۆستانی قەدرزانو چ نەوەکانی (ئەدەب)یش، کە قەدری رەنجو ماندووبوونو لەهەمان کاتیشدا زیندوو راگرتنی یادی (ئەدەب) یان زانیبوو، سەرکۆنەی زۆری (مەلا قادر)یان کردبوو.. هەر لەو سەروبەندەدا خۆشم چەند مانگێ دوای چاپی یەکەمی دیوانەکە، سەردانی ناوچەی موکریانو نەوەکانی (ئەدەب)و لەگەڵ کاکە ناسری وەحیدیو مەولوودی حەیدەری (نەوەی ئەدەب)دا، سەردانی (مەلا قادر)یشمان لە گوندی (ئەرمەنی بلاغی) کردەوە، مەلا قادر حەسرەتو پەشیمانیی زۆری لەهاوکاری نەکردنی پێشووتری خۆی دەربڕیو پۆزشی هێنایەوەو بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو سەرکۆنەو گلەییانەش، کە لەم بارەیەوە لێی کرابوو، هەندێ شیعری تری بلاونەکراوەی (ئەدەب)و لەگەڵێشیاندا بەڵگەیەکی مێژوویی زۆر گرنگی لە بارەی مێژووی مەرگی (ئەدەب)ەوە داینێ، کە ئەم بەڵگەنامەیەش بریتی بوو لە شیعرێکی (ئەحمەد)[١٧]ی کوڕی خودی (عەبدوڵڵا بەگی میسباح دیوان)، کە تایبەت بوو بۆ بۆنەی مەرگی (عەبدوڵڵا بەگ-

ئەدەب)ی باوکی نووسیبووی‌و ئەم بەڵگەنامەیەش وەك دەیان‌و سەدان بەڵگەنامەی تری بەجێماوی (ئەدەب)، کە (میرزا ساڵح)ی باوکی مەلا قادر و میرزای بەردەستی (ئەدەب)، بەدڵسۆزییەکی زۆرەوە پاراستبوونی‌و دواتر کەوتبوونە لای (مەلا قادر). پاراستنیشی تا ئەوکاتە (لە چاو ئەو هەموو سامانە کلتوورییەی **ئەدەب ـ میسباح دیوان** دا، کە زۆریان بەهەدەر لە ناوبردبوون) جێی سەرسوڕمان‌و لەهەمان کاتیشدا جێی بەختەوەریی مێژووی ئەدەبی کوردی بوو.

ئەگەرچی ئەم بەڵگەنامە گرنگە، زۆریش باش هەڵگیرابوو، بەڵام بەو هۆیەوە کە تەمەنی نزیك (٩٠)نەوەد ساڵ دەبوو، بۆیە کاغەزەکەی زۆر ناسك‌و تەنك‌و خەریکیش بوو دەپواو هەڵدەوەری.. لەبەرئەوە هەر لەگەڵ چنگخستنیدا، بەپەلە لەگەڵ دوو هاوڕێی ناوبراودا، گەڕاینەوە بۆکان‌و خۆمان گەیاندە ماڵی هاوڕێی نووسەر: کاکە ئیبراهیمی حەسەنی‌و بەئامێری (سکێن)ەکەی ئەوان، بەهەمان ڕەنگی خۆی (زەردێکی مەیلەو قاوەیی)، کۆپییەکی ڕەنگییمان لێگرت‌و ئەسڵەکەیمان بۆ **مەلا قادری کیانی** گەڕاندەوە.

لەم بەڵگەنامەیەدا (کە ڕووبەرەکەی ٢٧سم×١٩سم-ە)، شیعرەکەی (ئەحمەد)ی کوڕی عەبدوڵڵا بەگ ـ میسباح دیوان، کە بۆ مێژووی مەرگی باوکی نووسیوێتی، بەزمانی فارسییەو بریتییە لە پێشەکی‌و (٤) چوار بەیت شیعرە:

(قطعه ی است که در تاریخ وفات مرحوم عبدالله خان مصباح دیوان مکری طاب ثراه حقیر سروده است وتمامی مصرع مقطع منظور است. کاتبه: احمد حیدری یوم شنبه نوزدهم شهر جمادی الاخر تحریر شده، لوی ئیل[١٨] ١٣٣٤ه– حرره ابن المؤرخ احمد العاصی الحیدری[١٩] مکری مصباح زاده).

واتە:


قطعه ایست که در تاریخ وفات مرحوم عبدالله خان

مصباح دیوان نگری طاب ثراه حقیر سروده است

و تمامی مصرع مقطع مسطور است کاتبه احمد

حیدری در یوم شنبه نوزدهم شهر جمادی الآخر

تحریر شد لومی ٹیل ۱۳۳۴

حرره ابن المورخ احمد الهامی حیدر رضا نگری

مصباح زاده

از جمادی دوم چون نوزده رفت تمام ◆ در شب شنبه که ساعت سیم بود ز شب

همه در آن سال همانا که نهنگ آمده نام ◆ همه آفاق پر از ظلمت بگشته ظلام

لمعه روح ز مصباح تنش گشته جدا ◆ سال تاریخ وفاتش ز خرد جستم و گفت

با فردوس حق امید در آنکه دمقام ◆ از همان خلد برین قلب ادبای مقام

(پارچە شیعرێکە بۆ مێـژووی وەفـاتی خوالێخۆشـبوو عەبـدوڵڵاخان-میسـباح دیوان موکری- گۆڕەکەی پڕ نووربێ- لەلایەن ئەم کەمینەیەوە نووسـراوەو هـەموو نیوە بەیتێکیشی مەبەستێکی تێدا هەیـە. نووسـەرەکەی: ئەحمـەد حەیـدەری. لـە ڕۆژی شەممە، نۆزدەیەمی مانگی جـەمادی دووەمـدا نووسـراوە. سـاڵی نەهـەنگی ٣٣٤ کۆچـی، نووسـیارەکەی: کـوڕە مێـژوو ڕاگرەکـەی: واتـە: ئەحمـەدی یـاخی حەیدەری موکری میسباح زادە).

ئەمەش (٤) چوار بەیتە شیعرەکەیە:

١.از جمادی دوم نوزده چون رفت تمام
همد انسال همانا که نهنگ امده نام
٢.در شب شنبه کەساعت شش ونیم بود زمان
همه افاق پر از ظلمت شب گشته ظلام
٣.لمعه روح ز مصباح تنش گشته جدا
تا بفردوس خرامید در ان کرد مقام
٤.سال تاریخ وفاتش ز خرد جستم وگفت:
از همان خلد برین قلب ادب جلی مقام.

واتە:

١.کە نۆزدە ڕۆژی تەواو، لە جەمادی دووەم تێپەڕی
لەو ساڵەدا کە ناوی (نەهەنگ)ی لێ نرا
٢.لە شەوی شەممەدا، کە سەعات شەش‌و نیو بوو
ئاسۆ، هەمووی ڕەش هەڵگەڕاو تاریکیی شەوی داگرت
٣.بروسکەی ڕۆح، لە جەستەی (میسباح) جیابووەوە
تا بەرەو بەهەشت بچێ‌و لەوێ جێیەك بگرێ
٤.ساڵی مێژووی مەرگیم لە عەقڵم پرسی‌و وتی:
هەر لەبەهەشتی بەریندا، دڵی (ئەدەب) نیشتەجێ بووە.

بەم پێیە نیوەی دووەمی دوا بەیت (واتە: بەیتی چوارەم)، کە مێـژووی مـەرگی (ئەدەب)ی تێدایەو بریتییە لەم رستە فارسییە: (از همان خلد برین قلب ادب جـای مقام).

بەگوێرەی لێکدانەوەی بەیتیی ئەبجەد، ئاوا دەکات:

-از همان= ١٠٤

-خلد= ٦٣٤

-برین= ٢٦٢

-قلب= ١٣٢

-ادب= ٧

-جای= ١٤

-مقام= ١٨١

کۆی هەمووی= ١٣٣٤ هیجری قەمەری

ئەم مێژووی (هیجری)یەش، کە کردییە سەعات شەش‌و نیـوی شـەوی شـەممەی بەرامبـەر (١٩ی جـەمادی دووەمـی ١٣٣٤ی هیجـری)، لـە کـاتی گۆڕینـدا بـۆ مێژووی (هەتاوی)و (زایین)ی، ئاوای لێ دەردەچێ:

-١٢٩٥/٢/٢ هەتاوی

-١٩١٦/٤/٢٣ زایینی

ئیتر ئەم بەڵگە زیندووەو بەڵگەی پێشووتریش، کە لەلایەن نەوەکانی (میرزا ساڵح کیانی)ی نووسیارو میرزای خودی (عەبدوڵڵا بەگی میسباح دیوان)ەوە چنگمان خستو لە چاپی یەکەمی دیوانی (ئەدەب)دا بڵاومان کردەوەو پێشووتریش ئاماژەمان پێکرد، چ لەڕووی یاساییو چ لەڕووی زانستەوە، دڵنیایی یەکجارییو ئەرخایەنی تەواون لەبارەی مێژووی مەرگی (ئەدەب)ەوە، کە نزیکەی (٩٥) نەوەدو پێنج ساڵێك بوو، لای مێژووی ئەدەبی کوردی، بەشاراوەیی مابووەوە.

پەراوێزەکان:

١.چاپی یەکەمی دیوانی (ئەدەب) کە (کۆکردنەوە، بەراورد، ساغکردنەوەو فەرهەنگ نووسینی لەلایەن ئێمەوە ئامادەکرا، دەزگای چاپو پەخشی (ئاراس)، لە ساڵی ٢٠٠٥ز-دا، چاپو پەخشی کرد.

٢.دیوانی ادب، عبداالله بگ مصباح، رواندز ١٩٣٦، ل(١)، پێشەکی حسین حوزمی موکریانی.

٣.عەلائەدین سەججادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەغدا چاپی دووەم ١٩٧١، ل٤٣٧-٤٤١.

٤.دیوانی ئەدەب، یادگاری عبدالله بەگی مصباح الدیوان، چاپی سێیەمین، هەولێر ١٩٦٦، پێشەکی گیوی موکریانی.

٥.ابوبکر خوانچه سپهرالدین، زندگینامەی عارف ربانی حضرت شیخ یوسف ملقب به شمس الدین برهانی، انتشارات صلاح الدین ایوبی، راومیه، چاپ اول ١٣٦٨ش، صص: ٣٦٢-٣٧٢.

٦.د. عزالدین مصطفی رسول، الواقعیة في الادب الکردي، بیروت ١٩٦٧، ص ٨١، حاشیة ٣.

٧.دکتۆر مارف خەزنەدار، عەبدوڵڵا بەگی میسباح دیوان، چاپخانەی ئیرشاد، بەغداد ١٩٧٠، پێشەکی، ل٧-٨.

٨.د.عەبدوڵڵا یاسین ئامێدی، پەیدابوونی رەخنەی ئەدەبی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، هەولێر، ئاراس، چاپی یەکەم ٢٠٠٣، ل.١٠٩

٩.دیوان مصباح الدیوان ادب، مستەفا ئێلخانی زادە، انتشارات محمدی، سقز، سال چاپ؟ پێشەکی، ل٦-١٠.

١٠.دیوانی مصباح الدیوان ئەدەب، شەرحو لێکدانەوە: محەمەد سەعید نەجاڕی (ئاسۆ)، انتشارات صلاح الدین ئایوبی، چاپ ١٣٨١ش، پێشەکی: ل.١١

١١.واسیللی نیکیتین، کرد وکردستان، ترجمه (فارسی) محمد قاضی، چاپ اول، تهران ١٣٦٦ش، انتشارات نیلوفر، ص ٥٨٣-٥٨٤. دیسانیش تەرجەمەی

عەرەبی هەمان سەرچاوە، کە بەم ناونیشانەیە: باسیل نیکیتین، الکرد وکردستان، دراسة سوسیولوجیة و تاریخیة، نقلة من الفرنسیة الی العربیة الدکتور نوری طالبانی، منشورات ئاراس، الطبعة الاولی ٢٠٠٤، ص.٣٤٣

١٢.دکتۆر مارف خەزنەدار: عەبدوڵڵا بەگی میسباح دیوان، شاعیری گەورەی خاکی موکریان، چاپخانەی ئیرشاد، بەغداد ١٩٧٠، پێشەکی، ل.٨

١٣.دکتۆر مارف خەزنەدار، دیسانەوە ئەم مێژووی هیجرییەیشی بەهەڵە بۆ مێژووی (زایین) گۆڕیوەو راستییەکەی ئەوەی سەرووترە، کە ئێمە گۆڕیومانە، نەك گۆڕینە هەڵەکەی ئەو، کە کردوویەتییە (١٣ی تشرینی یەکەمی ١٩١٦ز)و جیاوازیی لەگەڵ ئەوەی ئێمەدا (ساڵێكو رۆژێکە!).

١٤.لە چاپی یەکەمی دیوانی (ئەدەب)دا، بەهۆی هەڵەی چاپەوە- کە بەسەرماندا تێپەڕیبوو- بەتەنیا ئەم مێژووی زایینە، ئاوا نووسرابوو: ١٩١٦/٥/٢٢ز- کە راستییەکەی دەکاتە ئەوەی سەرووتر، واتە: ١٩١٦/٤/٢٣ز.

١٥.کتێبەکە ئەگەرچی زۆر جوان هەڵگیرابوو، بەڵام لەبەرئەوەی زۆر کۆن بوو، چەند لاپەڕەیەکی بەروپێشی، پێوە نەمابوو، بۆیە نەمانزانی ناوی چییە.

١٦.(ئەدەب) چوار کوڕی بووە: محەمەد کەریم، محەمەد رەحیم، ئەحمەد، عەزیزخان. بەم پێیە (ئەحمەد) یان سێیەمین کوڕی عەبدووڵڵا بەگە، کە بە (ئاغا چکۆلە) بەناوبانگ بووە.

١٧.لوی ئیل: دوو واژەی لێکدراوی تورکییە، بەمانای: ساڵی نەهەنگ. فرهنگ دهخدا، جلد ١٣، ص١٩٨٤١.

دوو نامەی نێوان شاعیری ناسراو

(میسباح دیوان — ئەدەب)

و

دۆستێکی

رونكردنەوەیەكی پێویست

ساڵی (٢٠٠٥ ز)، دوای گەڕان و ماندووبوونێکی پشوو درێژ و هاوکاریی دڵسۆزانەی چەندان هاوڕێی نووسەر لە خۆرهەڵاتی کوردستان، توانیم دیوانی شیعری شاعیری ناوداری موکریان: عەبدوڵلا بەگی میسباح دیوان — ئەدەب (؟ - ١٩١٦/٤/٢٢ ز)، بە لێکدانەوە و بەراورد و پەراوێزەوە ساغ بکەمەوە و لە دەزگای (ئاراس) بە چاپی بگەیەنم.. سەیر لەوەدا بوو هەندێ لە نەوەو نزیکەکانی میسباح دیوان (ئەدەب)، بەر لەوەی چاپی دیوانەکە، بەو شێوە جوان و قەوارە (٩٢٠) لاپەڕەییە چاپ بێت، زۆر سەخت و بە چەڵەمە، شیعر و نامە و نووسینەکانی ئەم شاعیرەیان لە چنگ دەردەهێنرا. بەتایبەتیش (وەك لە پێشەکی دیوانە چاپکراوەکەدا ئاماژەم پێ کردووە، ل ١٩)، مەلایەك بە ناوی مەلا قادر (١٩٤١ز)ی کوڕی میرزا ساڵح، لە گوندی (ئەرمەنی بلاغی — گوندەکەی ئەدەب)، شیعر و نامە و نووسراوێکی زۆری (ئەدەب)ی بەلاوەیە. چۆنیش ئەم شوێنەوارە بەنرخانەی (ئەدەب)ی کەوتۆتە لا، بەسەرهاتەکەی ئاوایە: باوکی ئەم مەلایە، واتە: میرزا ساڵح (؟ - ١٩٧٨ ز)ی کوڕی محەمەد ئەمین کوڕی عەبدولڕەحمانی کیانی، هەر بە لاوێتیی لەبەردەستی (ئەدەب)دا پەروەردە بووەو بەو هۆیەوە کە زیرەك و خەتخۆش بووە، زۆری خۆش ویستووە و برازایەکی خۆیشی لێ مارە کردووە. ئەم میرزا ساڵحە، کاری نووسیاریی — میرزایی لەبەردەستی (ئەدەب)دا کردووە و زۆرینەی شیعر و نامەی تایبەتی و شوێنەواری ئەدەبیی و هونەریی و کتێبخانەکەی (ئەدەب)ی بەلاوە بووە و دوای مەرگی (ئەدەب)یش، هەموو ئەو شیعر و نامە و شوێنەوار و بەرهەمانەی (ئەدەب)، هەر لای ئەم میرزا ساڵحە ماونەتەوەو بە شێوەیەکی زۆر جوان و بە ئەمانەتەوە لای خۆی پاراستوونی و وەك سەرمایەیەکی پیرۆز و بەهادار، نرخیانی زانیوەو نەیهێشتووە تەنانەت لەتە کاغەزێکیشی لێ بفەوتێ.. بەڵام مخابن! دوای مەرگی میرزا ساڵح، هەموو ئەو شوێنەوارانە کەوتوونەتە لای ئەم (مەلا قادر)ە نەخوێندەوارەی کوڕی و هەندێ لە خزم و نزیکانی هاوشێوەی ئەم مەلا قادرە.

ئەم مەلا قادرە، کە نرخی ئەم شوێنەوارانە نازانێ، لە بەرامبەر هەندێ دەستکەوتی زۆر کەمدا، بەم و بەویان دەفرۆشێ و لەناویان دەبات و جۆری لەناوبردنەکانیشیان ئەوەندە دڵتەزێنانەیە، هیچ کەڵکێکیان بۆ فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی و تەنانەت بۆ کڕیارەکەش نامێنێ، چونکە (بۆ وێنە) ئەگەر شیعر، یان نامەیەکی (ئەدەب)، بریتی بن لە چەند لاپەڕەیەك، ئەوا هەر تاکە لاپەڕەیەکیان بە کەسێك دەفرۆشێ و تەنانەت ڕوودەدات، هەر لەناو تەنیا لاپەڕەیەکدا، کە نامەیەك، یان شیعرێکی لاپەڕەی پێشووتری تێدا تەواو دەبێت، بە دوایدا چەند دێڕ لە نامەیەك، یان چەند بەیتێکی سەرەتای شیعرێکی تری تێدا نووسرابێ و هەر بەم شێوەیەش کاك یونس ئەمین پوور-ی گوندی (ڕەحیم خان)ی هاوسێی گوندی (ئەرمەنی بلاغی)، توانیبووی هەندێ شیعر و نامە و تابلۆی نیگارکێشی (کاری خودی — ئەدەب)، لە مەلا قادر وەربگرێ و بە لوتفەوە هەندێکیانی بۆ من هێناو منیش چەند جارێك لەگەڵ ناوبراو و هاوڕێیاندا: کاکە ناسری وەحیدی چیرۆکنووس و یونس ڕەزایی شاعیردا، بۆ لای مەلاقادر لە ئەرمەنی بلاغی چووین و بەهەر شێوەیەك بووبێ، هەندێ شیعری بڵاونەکراوەو چەند نامەیەکی تایبەتی (ئەدەب)مان لە چنگ دەرهێنا، کە دیسان هەر بە شێوەی پچڕ پچڕ و نیوەو ناچڵ بوون.

بەڵام دوای چاپی دیوانەکە و لەو قەوارە جوان و شایانەدا (کە وتمان)، زۆر لەو کەسانەی دڵخۆش و سەراسیمە کرد، کە هێشتا شوێنەواری نووسینی (ئەدەب)یان لای خۆیان گل دابووە و خۆیان لێ نەبان دەکرد. کە خۆشبەختانە بە دنە و هاندانی هەمان هاوڕێیانی دڵسۆز، کەوتنە دەرخستنی چەندان نامە و شیعری نەدیتراوی (ئەدەب) و بەڵگەنامەی گرنگ و لە ناویاندا بەڵگەنامەی مێژووی ڕاستەقینەی ڕۆژ و سەعاتی مەرگی (ئەدەب)، کە (ئەحمەد)ی کوڕی خودی (ئەدەب)، بە شێوەی شیعر نووسیبووی و پێش ماوەیەك کردمانە وتارێك و لە گۆڤاری (ئاینده)ی ژمارە (٨٢)دا بڵاومان کردەوە.

لەم نامەیەدا لەلایەکەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە (ئەدەب)یش پێش ساڵی (١٩١٤ ز) سەردانی تورکیای بەتێر و تەسەلیی کردووەو لە لایەکی تریشەوە، زانیاریی ئەوەشمان دەست دەکەوێ، کە (ئەدەب) لە سەروبەندی نووسینی ئەم

نامەیەدا (مانگی مایسی ١٩١٤ ز)، نیشتەجێی گوندی (ئەرمەنی بلاغی)یە.. لە سەروو ئەمانەشەوە، گیان و هۆشی کوردپەروەرانەی (ئەدەب)مان بە زەقیی و بە ئاشکرا لە رۆژگارێکدا بۆ دەردەکەوێ، کە هێشتا جەنگی یەکەمی جیهان رووی نەداوەو هێشتا ئەو جۆرە هۆشیاریی و بیروباوەڕانە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا بڵاونەبوونەتەوە، کە دواتر بوونە هۆی زەمینە خۆشکردن بۆ کرانەوەو گەشانەوەی بیروباوەڕی زۆرینەی خەڵك، بۆ ئازادی و ژیانی سەربەستانە.. کە (ئەدەب) ئەم هەستەی بەر لە (٩٥) نەوەد و پێنج ساڵ دەربڕیوە.

بە مانایەکی تر: لە ڕێگەی ئەم نامەیەوە بۆمان روون دەبێتەوە، کە (ئەدەب) هەر بە تەنیا خەریکی (شیعر) و خەیاڵ کردنەوە لە وێنەی شیعریی نەبووە، بەڵکو هاوکات ڕووناکبیرێکی هۆشیاری رۆژگاری پێش یەکەمین جەنگی جیهانەو پێش مێژووی ئەم نامەیەی(ئەدەب)یش، نامەی شاعیرێکی تری کلاسیکی کوردمان لەبەردەستدا نییە، تا بەمجۆرە و لە ڕێگەی (نامە – پەخشان)ەوە، هەستی کوردانەی خۆیان بۆ دەربڕێ.

نامەی یەکەم

نامەی میرزاساڵح کیانی – بۆ:

عەبدوڵلا بەگی میسباح دیوان (ئەدەب)

بۆ: ئەرمەنی بلاّغی – هەرێمی موکری

مێژوو: ١٨ی مانگی جەمادی یەکەمی ١٣٣٢ کۆچی (١٩١٤/٤/١٤) ز

نمرە: ٢

لە دەوری دەرکەوتن و درەوشانەوەی پڕ سۆزتان گەڕێم دوای پێشکەشکردنی دوعای تەمەنی درێژو بەرزیی و شکۆمەندیی و دەسەڵاتداریی، ئەم بەندەیەی حەزرەتی هێژا و پایەبەرز و رەسەنتان، دەست پێشکەریی و پڕکێشیی دەکات و ئەم پوختەنامەیەتان پێشکەش دەکات.

هەرچەندە هەفتەی پێشوو، هەر کە گەیشتمە کۆشکی بەختەوەریی: ئیسلامبول، باسێکی تێرو تەسەلم سەبارەت بە دارۆباری خۆم و چۆنێتی ڕێگەو بان بۆ نووسین و هاوپێچ لەگەڵ نامەکەی جەنابی حاجی میرزا عەبدوللەتیفدا ناردمە خزمەتتان و بە پشتیوانی خوا تا ئێستا گەیشتووەو ئێوەی پرشنگداری رازی کردووەو دیسانەوەش بەپێی بەجێهێنانی نوێکردنەوەی ئەرکی نۆکەرایەتیی، ئەگەر لوتف بفەرموون، سەرنجێك بە دەنگوباسی نۆکەردا دەگێڕن، چونکە هەروەك پێشتریش عەرزم کردبوون، بەو هۆیەوە کە بەدەم ڕێوە، سەرمام ببوو و جلوبەرگیشم گۆڕیبوو، ئەم یەك دوو ڕۆژە، هەڵامەتێکی درێژخایانم تووش هاتووەو بەکەڵکی چوونە دەرەوەو دەرچوون نەهاتووم. بەڵام ئێستا لە سایەی خوای گەورەو بەخشندەوە، چاك بوومەتەوەو لەگەڵ جەنابی هێژا و قیبلەم: مەلا عەبدوڵڵا ئەفەندی برامدا، سەرقاڵی بەسەرکردنەوەی قسە و باسی ساڵانی رابووردووین و دوعاگۆی لەش ساغیی و سەلامەتیی، ئێوەی بەختەوەر و پیرۆزین. لە ڕاستیشدا ناوبراو لە باری پیاوەتیی و سۆز و میهرەبانیی خودا پێداویی جەنابتانەوە، کە بەرامبەر بەم نۆکەرەتان نواندوتانە، سوپاسگۆتانە و لە سایەی خواشەوە، پەژارەیەکمان نییە و لە هیچیشمان کەم نییە، جگە لە پەژارەی بێ تۆیی، کە لە تەکماندا نیت.

ئەگەر دەنگوباسی تری بەندەتان و جەنابی کاکی ناوبراوم، لوتف دەفەرموون، هەرچەندە روونکردنەوەی (...)(١)، یان لە سایەی نەفەسی پیران و لوتفی تایبەتی پایەبەرزتانەوە، لە هیچ ڕوویەکەوە لە هیچمان کەم نەبووەو نییە و لەوپەڕی کامەرانیی و رابواردنی خۆشداین. بەڵام هۆگربوون بە نیشتمانەوە، شتێکی ترە. لە

خوای گەورەم داوایە، ئەوەی بووە سۆنگەی لەبەریەك هەڵتەكاندنی خێزانەكەمان و ئاوارەبوونی جەنابی براكەم(٢) و كوژاندنەوەی چرای بنەماڵەی باوانم و پەكخستن و چۆڵكردنی ئەم هەموو كتێبخانەیەی كە پشتاوپشت لە باپیرەوە بۆ باوك مابوونەوەو هەمووشیان كتێبی زانایانی ناوداری رۆژگاری خۆیان بوون، هەر بە ڕاستی سۆنگەی هەموو ئەمانەش: نا حاجی! (سەیید میرزا) بایەزیدی خاڵۆم بوو، خوا هەقی لێ بسێنێ.

لەم پەلە پەلەشدا شتێك لەبارەی ئەم قسانەوە، لەگەڵ جەنابیاندا باس نەكراوەو جارێ پەناش بۆ شتێك نەبراوە، تا بزانین لە داهاتوودا بە پشتیوانی خوای مەزن، چ چارەنووسێكی لە پشتی پەردەی غەیبەوە، دیاری فەرمووەو گەلاڵەی ئاییندەی ئێمە، لەلایەن هەڵسوڕێنەرانی قەزاو قەدەرەوە، بە چ جۆرێكیان داڕشتووە!. هیوادارین بە پشتیوانی خوا، بەم زووانە ئەم لەمپەری غەریبایەتییە بە یەكجاریی لابچێ و بە كامی دڵ و بە گوێرەی ئارەزوو، ئەم چەند رۆژەی تەمەن، بەدەم دوعاگۆكردن بۆ سەلامەتیی جەنابتان، بەبێ پەژارە بەسەر بەرین و بێگومانیش هەمیشە و هەموو كات، جەنابتان لە هەواڵی ئەم بەندەیەتان و دەنگوباسی كاكیشم بێبەش ناكەم و گەرەكیشمە لە هیچ كاتێكدا، درێغیم لە مەرج و ئەركی نۆكەرایەتیمدا نەكردبێ.

لە پاڵ ئەمانەشدا، پێویست بوو پوختەیەكی دەنگوباسی دنیای شارستانیی و پێشكەوتووی ئیسلامیی ئێرەتان بەرچاو بخەم، تا لەگەڵ داروباری ئێستای خۆماندا سەرنجی بفەرموون، كە هەرێمەكەی ئێمە و ئەم (كورد)ە ناڕێك و شپرزە و كلۆڵەی ئێمە، چۆن لە چاڵی نەزانیندا گیری خواردووە و لە تاریكیدا، سەرلێشێواو ماوەتەوە!. بەو هۆیەشەوە كە روونكردنەوەی ئەم شتانە، بە نووسین نەدەتوانرا، بۆیە بۆ ئەمە، سێ رۆژنامەتان پێشكەش دەكەم. هەرچەندە توركی ئێرە، لەگەڵ توركی(٤) ئەوێدا، جیاوازیی هەیە، بەڵام سوپاس بۆ خوا، بەهۆی سەلیقەی هەمیشە ئامادە و زیرەكیی زگماكیی خوداپێداویتانەوە، بەلاتانەوە گرنگ نابێ.

دوای ئەمانەش، كە بێگومان خۆتان پێشینەتان لەم بارەیەوە هەیە و دڵنیان، دەبێ لە بیری ئامادەكردنی جەنابی (ئاغازادەی چكۆلە)(٥)دا بن، تا بەڵكو بە پشتیوانی خوا، لە نێوان ئەو كرمانجانەدا ون نەبێ و هەرچۆنێك بێت، دەبێ لە

تەوریز خوێندەوارییەك بەدەست بهێنێ، تا وەك ئێمە چاوبەستراو نەمێنێ و سوپاسیش بۆ خوا، کە سێبەرێکی وەك جەنابی موبارەکتانی بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ژیانیان بەسەرەوە هەیە و خواش پلەو پایەی پێ دەبەخشێ. ئەی ئیتر بۆچی بۆ خوێندن نەچێ و نەبێتە مرۆڤ!؟ کە ئەگەر ئێستاکە نەچێ، لە دواییدا، واتە: لە نێوان ئەم یەك دوو ساڵەدا، بۆی دەردەکەوێ کە دەبێ بەرد بە ئەژنۆیدا بدات(٦). حەزرەتی پایەبەرزیشتان بۆ دەبێ بە قسەی ئەو بکەن و گوێی لێ بگرن؟!. لەبەرئەوە بە هەر شێوەیەك بێ، دەبێ هەتا زووە، چاکتر وایە رەوانەی بفەرموون. لە راستیشدا من لاپرەسەنیم کرد و داوای لێبووردن دەخوازم و لەبەر بەرژەوەندیی، پرکێشیم کرد و چاکەی مەملەکەتیش، خودی دەسەڵاتدارانی دەیزانن(٧).

سەبارەت بە ماڵەوەی نۆکەریشتان، پێویست بەوە ناکات لەم بارەیەوە شتێ روون بکەمەوە. بەڵام خودی حەزرەتی پایەبەرزتان ئاگادارن، لە کاتی بەرێکەتنمدا، بۆ ئەوەی ماڵەوەمان و خوشکەکەم نەگرین و دڵتەنگ نەبن. تا رادەیەك لەوەم دڵنیاکردن، کە سەفەری ئیسلامبول ناکەم و لای ئەوان هەر تەنیا باسی سەفەری ساوجبلاغ (سابڵاخ) م کردووە و ئەم سەفەرەی بەندەتان، هەر بە تەنیا حەزرەتی پایەبەرزتان دەیزانێ، لەبەر ئەوەیە دەزانم کاتێ بۆیان دەردەکەوێ بۆ ئێرەوە هاتووم، خوشکم و خێزانەکەم، زۆر پەژارەیان دەبێ، بەتایبەتیش خوشکم، کە دەزانم چ حاڵەتێکی بەسەردا دێت. لەبەرئەوە لەم رووەوە لە بەرامبەر پیاوەتیی جەنابی پایەبەرزتاندا تکاکارم، بەڵکو کەسێك لای ئێوەی دڵسۆزەوە، بچێتە لایان و دڵنەواییان بکات. چونکە ئافرەت بە دڵدانەوە ئارامی دەبنەوەو سەلامەتیی بەندە و جەنابی هێژای کاکمیان بگەیەنێتێ و دڵنیایان بکات و وایان بێنێتە پێش چاو، چۆن چوار ساڵ لەمەوبەر، بۆ ماوەی چواردە مانگ، لە خزمەت پایەبەرزتاندا لە سابڵاخ، خەریکی خزمەتگوزاریی جەنابتان بووم، ئێستاش هەر وابزانن لە سابلاخم و لە بارەی منەوە پەژارە نەبن و لە سایەی خواوە، بەندە، بە سەلامەتیی، بە شەرەفی دیدەنی و دیداری جەنابی کاکی بەرێزم گەیشتووم و پەناش بە خوا، لەمەودوا دڵئێشانێك روو نادات.

لە بارەی خەرجیی ماڵەوەمان، هەرچەندە بەهۆی میهرەبانیی هەمەلایەنەی جەنابتانەوە، بێ خەرجیی نەبوون و نابن، بەڵام بۆ ئەوەی لە رووی پۆشاك و قەند و

چایی و شتی ترەوە، کەموکوڕییەکیان نەبێ، با "محەمەد ئەمین"ی کوڕم، کە بەلای خوشکەکەمەوەیە، ئەمر بفەرموون بچێتە خزمەت ئاغازادەی مەزن: جەنابی محەمەد کەریم خان(٣) و لەو پارەیەی بەلایانەوەیە، بە پەلە (٣ — ٤) تمەنێك بداتە خوشکم و خودی جەنابی بەخشندەشتان، پسووڵەیەکی لە بەرامبەر پارەکەدا لێ وەربگرن. دیسانیش ئەمر بفەرموون با سوڵتان کوێخا ئیبراهیم، شەوان بچێتە ماڵی ئێمە و لەوێ بخەوێ. ئیتر پێویست ناکات هیچی ترتان عەرز بکەم.

ساڵی پاریش ماڵەوەمان نەخۆش کەوتبوو، هەتا دەهات لاواز و بێ هێز دەبوو. جەنابی خۆشتان چەند جارێك لوتفتان فەرموو (دژەتاڵ) و هەندێ شتی ترتان بۆ راسپاردبوو. ئەو کاتەش کە بەندەتان بەڕێ دەکەوتم، هەر باسی بێ هێزیی خۆی دەکرد. منیش هەرچی جارێ بەخزمەتتان گەیشتووم، نەخۆشییەکانیم بە وردیی عەرزکردوون و ئەو دەرمانانەش کە دەبوایە لەسەر ئەمری جەنابتان بەکاریان بهێنێ، نازانم تا ئێستا ئامادەکراون، یا نا؟ داواکارم ئەو دەرمانانەی بۆ چارەی دەست دەدەن، لوتف بفەرموون لە رێگەی (کاکەمەم) ەوە بیدەنێ.

هەرچەندە شایانیشی نییە، بەڵام هەر بۆئەوەی نامەکەم تەنیا نەبێ، چواردە دانە کارت پۆستاڵ-م لە پاکەتێکدا پێچایەوە و پێشکەش حزووری موبارەکتانی دەکەم. لەبەرئەوەش لەم پەلە پەلەدا، لە گەیشتنی ئەمانە دڵنیا نەبووم، بۆیە جارێ زیاترم پێشکەش نەکردن. بەڵام جەنابی هێژا: مەلا عەبدوڵلا بڕیاری داوە لەمەودوا هەر جارەی چەپکێ وێنەی گەورە و کارتی چاك و نایاب، کە شایانی بەڕێزتان بن، بە ناوی دیارییەوە، بە پۆستدا رەوانە فەرمووەو ئێستاش کە هیچ یەکێك لەمانەتان پێنەگەیشتوون، ئەوا لەم بارەدا بەندەتان وای بە چاك زانی، تا ئەو کاتەی بۆم دەردەکەوێ کە ئەوانەی تر گەیشتوون، یا نا! لە ڕاستیشدا بەندەتان زۆرم خەمی نەگەیشتن و لەناوچوونی ئەوانە خواردووە.

یەکێکیش لەو کارتانە، کە بە ناوی جەنابی (ئاغا چکۆلە)وە پێشکەشم کردووە، لوتف بفەرموون پێی بگەیەنن و بەمەش بەندەتان سوپاسگۆ و پێزان دەبێ.

لە پاڵ ئەمانەشدا داواکارم دەنگوباسی کێشەی گوندی گۆگتەپە، تا ئێستاکە بە کوێ گەیوە! پێمی بفەرموون، تا پەژارەم برەوێتەوە. بە پشتیوانی خوا تا ئێستا

دەبێ مشتومڕی لەسەر دوایی پێهێنرابێ و گەڕابێتەوە ژێر دەسەڵاتی خۆتان. ئەگەر جەنابی بەڕێز (شەمسە)ش لەوێیە، رێز و بچوکیی و عەرزی ئەدەب لە خزمەتیاندا پێشکەش دەکەم. خوا یاربێ مەسەلەی (کانی مەملی)ش خراوەتە بەر باس و دانوساندن.

هەر بەم ناونیشانەش نامەم لە سابڵاخەوە بۆ (میاندواو) رەوانە بفەرموون. بە پشتیوانی خوا بە جەنابیان دەگات و ئەوانیش بۆمی رەوانە دەکەن. منیش کە نامە دەنووسم، دەیسپێرمە ئەوانەی لە سابڵاخەوە دێن و دەیاننێرمەوە خزمەت قازی لەتیف و حاجی سالْحیش بچێ وەریان بگرێ و بەخزمەت جەنابتانی بگەیەنن.

بەندەتان

محەمەد سالْح

نامەی دووەم

نامەی عەبدوڵلابەگی میسباح دیوان (ئەدەب)

بۆ: میرزا محەمەد ساڵح

بۆ خزمەت حەزرەتی سەروەرم

میرزا محەمەد ساڵح – سەروەریی زیاتر بێت

١٨ی جەمادی دووەمی ١٣٣٢ هیجری (١٥/٤/١٩١٤)ز

سەرەتا سوپاسی ئەم نیعمەتە بێ وێنەیەی خوای مەزن دەکەم، کە کەڵکەڵەی دڵمی هێنایەدی، تا ئێوە بۆ ئەم سەفەرە خێرە بنێرم و جەنابتانیشی بۆ ئەمە ڕێنوێنیی کرد، کە دیارە بە هۆی دڵ و دەروون پاکیتانەوە بووە، تا ئەم سەفەرەتان بۆ کۆشکی بەختەوەریی: ئیسلامبول (ئەستەموولّ) بۆ بڕەخسێنێ و بە دەمیشییەوە شەرەفی دیدار و دیدەنی جەنابی بن و بنەچە سوپاسکراو: حاجی مەلا عەبدوڵڵا ئەفەندی براتان (خوا بیپارێزێ) بکەن، کە ساڵانێکە لە تاو ئارەزووی دیداری ئێوە، هەر بە تاسەتانەوە هەڵدەقرچێ و پێی شاد دەبێ و هاوکاتیش ئەوەندەی هەلتان بۆ هەڵدەکەوێ، گەشت و گوزار و سەیرانی گیانبەخشی هەر سێ شاری (ئاستانە)، یان بە واتەیەکی تر: (قوستەنتەنیە) دەکەن، کە بریتین لە (ئیسلامبول) و (بەگ ئۆغڵی) و ئۆسکۆدار) و بەدیتنیشیان بەختەوەر و دڵشاد دەبیت.

وەك دەزانین سەردانی (ئیسلامبول)یش، لەو سەیران و گەشتانەیە، کە وەك مانگی مایەی ڕۆشنایی چاوو ڕووناکایی گۆی زەوی دێتە ئەژمار، بێگومان خۆتان بەهای ئەم لایەنانە دەزانن و سەیران و دیتنی هەندێ لەو جوانییە پڕ لە شادی بەخشانە، لەوە بە چاکتر دەزانن، کە کاتەکانتان لە ماڵەوە بەسەر بەرن.

لە ناو ئەمانەشدا، سەردانی چەندان جارەی (بوغاز) لەدەست مەدەن و ڕۆژانەش هەر بە سەیری (بوسفۆر)ی بەسەر بەرە و تێپەڕێنە. (بۆسفۆر)یش واتە هەمان زەریاچەی گەردن و مل ئاسا، کە (زەریای ڕەش) بە زەریای (داردەنیل)، یان (زەریای مەڕمەڕە)، یان (زەریای سپی) بەیەك دەگەیەنێ و هێڵی جیاکەرەوەی نێوان هەرسێ شاری (ئاستانە)یەو لە هەمان کاتیشدا، ئەو سنوورە ئاوییەی نێوان هەردوو بەشی (ئاسیا) و (ئەوروپا)(٨)یەو دەبێ تێر لە سەیرکردنی نەخۆیت، چونکە ئەو ڕۆژەی کە ڕێبوار پێدەنێتە ئەمجۆرە جێگا تایبەتانە، ئاستی خوێندەواریی، هەرچەند باڵابێ و سەرنجیشی چەند تیژ و ورد بێت، کەچی هێشتا وەك ئەو کەسە وایە، کە نابینا، یان چاوبەستە بێت.

بۆیە بۆ کەسێکی وەك جەنابتان، کە خۆتان خاوەن قەڵەم و نووسین و لێکدانەوەن، لە سەرتان ئەرك و پێویستە، کە ئەگەر هەر ڕۆژێك بۆت ڕێکەوت، بە (...)(٩) بگەڕێیت، یان ئارەزووی گەشت و گەڕانت نەبوو، ئەوا هەر دوو، یان سێ

ڕۆژ جارێك، دوو سەعات، یان دوو سەعات و نیو بەر لە خۆرئاوابوون، بە سواری ئەو ئامێرە بچووکانەی کە تایبەتن بە گەشت و گەڕان، لە خزمەت جەنابی حاجی مەلا عەبدوڵلا ئەفەندیدا، یان یەك دوو کەسی تری شارەزاو ئاگادارادا، کە جێی متمانە و بڕوای ناوبراوبن و لەم چەند ساڵەی مانەوەی خۆیدا لە ئیسلامبول بە دەستپاکیی و دیانەتەوە، تاقی کردبنەوەو هەڵبژاردبن، بچنە سەردان و گەڕان و بە چاوی کراوەو سەرنجەوە، لەو هەموو کۆشك و تەلارە رەنگاو ڕەنگە ورد ببنەوە، کە سەر لە ئاسمان دەسوون و ئەو هەموو دارو درەختە بەردار و گوڵ و باخە لە ئەژمار نەهاتووە ببینن، کە بە درێژایی ڕۆخ و لێواری زەریادا نێژراون و چێژ لە دیتنیان وەربگرن و لە بەرامبەریاندا سوپاسی پەروەردگار بکەن و بڵێن: ئەی ئەو پەروەردگارەی کە کەس نەیدیویت، ئێمەی (کورد)، لەگەڵ خەڵکی ئەم وڵاتە، هەردوولامان، کە دەستکردی خۆتین، ئەی بۆچی بەشی ئێمەی داماو، هەر کلۆڵیی و سزادان بێ و بەشی خەڵکی تریش، کە هەر دەستکردی خۆتن، چ سەیرانگەیەکت پێ بەخشیون؟. ئێمەت چۆن خولقاند و چیت بە ئێمە رەوا بینی و بە خەڵکانی تریش، چیت پێ رەوا بەخشین؟ چ داماویی و تەنگانەیەکت بە ئێمە بەخشی و چ ژیانێکی پڕ سەروەریی و شکۆمەندیت بە خەڵکی تر بەخشی؟. ئێمە خراینە بەر چ تەقەللایەکی دژوار و خەڵکانی تریش، لە چ ژیانێکی خۆش و ئاساندان؟ ئێمەت لە چ دواکەوتوویی و خەڵکانی تریشت لە چ ژیار و پێشکەوتندا ئەفراند؟ چ ئاکارێکی رەق و دزێو، بەشی ئێمە و بەشی خەڵکانی تریش، چ نەرمیی و لێبووردەییەك؟. بەشی ئێمە، چ نزمیی و سووکایەتی و بەشی خەڵکی تریش، چ سەروەریی!. بەشی ئێمە، چ کەللە ڕەقییەکی زگماك و بەشی خەڵکی تر، چ خۆشەویستییەکی سروشتیی؟! بەشی ئێمە ، چ ناکۆکی و بەشی ئەوانیش، چ تەباییەکی گشتیت پێ ڕەوا فەرموون؟! الحكم لله واحد القهار.

دەبێ ئەوەش بزانیت کە ئەم هەموو حەسرەتە، بە دوای سامان و دەسەڵاتدا، رووکەش و رواڵەت نییە، چونکە ئەمە لە هەموو دنیادا هەیە و زۆرە. بەڵام ئەم حەسرەتە و مخابنە، کە رۆژ و شەو، لە قوڵایی دڵمدا دەکوڵێ، بۆ ئەو جیاوازیی و بەراوردەی نێوان دنیای پێشکەوتن و شارستانێتی هەمەجۆرەی میللەتانی ترە، لە چاو ئەم (کورد)ە کەمەدا(١٠)،کە لە دواوە ماوەتەوە و لە هەموو جۆرە

پیشەسازیی و داهێنانێکی نوێ چێژ و کام لە زانست و هونەر وەرگرتن بێبەشە، کە هەڵبەتە لەم ماوە کورتەی مانەوەی خۆتاندا، ئەمەتان بۆ تاقی بۆتەوەو کەم تا کورتێك، دنیای ئێرەتان لە چاو دنیای ئەوێدا بەراورد کردووە.

ئەگەرچی خۆشتان پێشتر شارەزاییتان لە دارو باری ئێرەش هەیە، بەڵام بە گوێرەی ئەو قسەیەی کە دەڵێ: (قسە، قسە دێنێ)، منیش هەر بەدەم نووسینەوە، ئەمەم بە یاددا هات، تا لایەنێکی ژیانی (کورد) بە یادی جەنابتان بهێنمەوە.. بۆ نمونەش: ئەگەر لای ئێمە، خێزانی یەکێکی ساماندارى دەگمەن (جیاواز لەو خاوەن زەوی و زار و داراییە لە رادەبەدەرانە)، دوای یەك ساڵ ئازار چەشتن بە دەست نەخۆشییەوە، بیەوێ بچێتە لای پزیشك، یان بە ناوی میوانییەوە سەردانی جێگەیەك بکات، کە ماوەی نێوانیان نزیکەی پێنج – شەش (قۆناغ) فرسەخێك دەبێ، ئەوا لەگەڵ ئەوەشدا کە ئافرەتەکەی، لەسەر خواست و ئارەزووی خۆی، بەپێی پەتی لەگەڵ خۆیدا دەبات و دەبێ ئەو قۆناغە رێیەش هەر بە پیادە بڕوات، بەڵام سەرباری ئەوەش، دەبێ بەپێی داب و بەلای کەمەوە، هەندێ دیارییش بۆ خزم و خوێشان و دۆستانی، ببات، کە ئەمانەش هەر بە ئافرەتەکەی، وەك کارەکەرێك هەڵدەگرێ!.

پەراوێزەکان:

١- شوێنی ئەو واژەیە دڕاوە.

٢- مەبەستی لە حاجی مەلا عەبدوڵلای برایەتی، کە لەو کاتەدا سەری خۆی هەڵگرتووە و لە ئەستەموول دەژی.

٣- ئەمیش هەر کوڕی عەبدوڵلا بەگی میسباح دیوان-ە (دووەمین کوڕێتی)

٤- مەبەستی زمانی تورکی ناو قەڵەمڕەوی عوسمانی و ناوچەی موکریانە.

٥- ئاغاچکۆلە: مەبەست لە (ئەحمەد)ی کوڕی (ئەدەب)ە، کە (ئاغاچکۆلە)ی پێ وتراوە و سێیەمین کوڕی (ئەدەب)ە.

٦- لە کوردیدا دەڵێن: کاڵەك بە ئەژنۆ دەشکێنێ.

٧- ئەمە پەندێکی فارسییەو لە دەقەکەشدا ئاوایە: صلاحی مملکت خویش خسروان دانند.

٨- لە دەقەکەدا ئەو شوێنانە لە کەوانەدا بوون.

٩- شوێنی ئەو واژەیە لە دەقەکەدا، دڕابوو.

١٠- لە دەقەکەدا (مشتێك کورد) نووسراوە.

دەقی نامەکەی میرزا محەمەد ساڵح

بۆ

عەبدوڵڵا بەگی میسباح دیوان ـ ئەدەب

الی ارمنی بلاغی ولایت مکری

١٨ شهر جمادی الاولی ١٣٣٣ ه.ق[١]

تصدقی حضور مرحمت ظهور مبارکت شوم... بعداز عرض دعای بقای عمر و شوکت و دولت بندگان حضرت مستطاب اجل امجد بمقام عرض این مختصر مبادرت و جسارت میرود هرچند هفته قبل لدی الورد دار السعاده اسلامبول شرح مجملی را مبنی بر کیفیت احوال خود و وضع راه عرض و در لف پاکت جناب حاج میرزا عبداللطیف قازی روانه داشته و انشاءالله تابحال رسیده و خاطر انور مستحضر شده مجددا باقتضای وضایف چاکری تجدید مصادعت[٢]؟ مینماید مرحمتا حالات چاکر را تفقدی فرمایند چنانکه سابقا عرض شده بود بواسطه سرماخوردگی راه و تغیر البسه این یکی دو روزه بزکام مزمنی مبتلا و حالت بیرون آمدن نداشت لیکن حالاها از

١- ئەم مێژووە بە (زایین) دەبێتە: ١٩١٤/٤/١٤ز

٢- لە ساغکردنەوەی ئەم وشەیە بەگومان بووم.

یمن توجه بندگان اجل اکرم افاقه دست داده و باجناب مستطاب قبلەگاهی ام ملاعبدالله افندی اخوی مشغول صحبتهایی از سنەی سوابق دعاگویی وجود مسعود مبارک هستیم حقیقتا جناب معزی الیه نیز از آقائی و مرحمتهای بندگان اجل اکرم که نسبت بچاکر مبذول فرمودەاند متشکر میباشند و للەالحمد نگرانی بسوای محرومی از استفاضه حضور سعادت صدور صورت وقوع ندارد.

سایر احوالات چاکر و جناب اخوی معزی الیه را مرحمتا بخاهند هرچند از توضیح (.....)[٣] ویا من انفاس پیران و توجه خاص حضرت اجل عالی از هیچ ممری قصوری نداشته و ندارد و در نهایت کامرانی و خوشگذرانی است لیکن الفت وطن چیز دیگراست از حق تعالی مسئلت است که باعث تفرقەی خانەی ما و اختیار نمودن غربت جناب اخوی خاموش شدن چراغ خانوادەی ابوی و تعطیل و خالی شدن آن همه کتبخانەی یک دودمان که ابا عن جد (عنجد) از مشاهیر علمای زمان و عصر خودشان بوداند حقیقتا باعث هم ناحاج (سید میرزا؟) بایزید خالوی ام بوده خدایش جزا دهاد.

عجالتة ازین مقوله چندان با جناب ایشان صحبت ننموده و موقتا بچیزی تشبث نشده تا در آتیه بنام خدا تعالی در پس پردەی غیبت چه تقدیری فرموده و لایحەی آینده ما را کارگزاران قضا و قدر به چه (بچه) منوال صحه گذاشتەاند امیدوار است که انشاءالله عن (عما) قریب حجاب فرقت و غربت از میان بکلی برچیده و باجناب ایشان حسب المرام در نقطەی آمال این چند روز عمر را بدعاگوی وجود مبارک صرف نموده بدون نگرانی و خیالی بگذرانیم بدیهی است که همه وقت خاطر مبارک از وضعیت چاکر و جناب صاحبی ام بی اطلاع نبوده و مسحضر خواهم بود و هیچوقت در ادای شرایط چاکری کوتاهی نمیشود.

٣- ئەم وشەیە نەخوێنرایەوە.

علاوه لازم است از مختصری از وضع عوالم ترقی و مدنیت اسلامی مسبوق گشته و بنظر دقت بوضع حاضره ملاحظه فرمایند که همین ولایت ما (واکرده؟) چشم بسته (نی تربیت؟ بی ترتیب؟) بیچاره ما در قعر چاه جهالت مانده در تیه ضلالت سرگردان میباشند چون کتبا عرض آن ممکن نبود لهذا این است سه جریده غزته یعنی روزنامه تقدیم داشت. هرچند ترکی اینجا بانجا تفاوتی دارد لیکن للهالحمد در نظر فطانت استعداد و ذکاوت فطری حضرت اجل اهمیتی ندارد.

بعداز اینکه خاطر مبارک کاملا مسبوق بدیهی است که در فکر تهیهی جناب آقازاده محترم (آقا کوچولو) بوده که بلکه انشاءالله در میان کرمانجها ضایع نشده و لامحاله در تبریز تحصیلی بنماید و مثل ماها چشم بسته واقع نشود خداوند للهالحمد چنین سایهی مثل وجود مبارک برای ترفیع احوال ایشان که خداوند پایدارش فرماید عطا فرموده چرا باید از رفتن بتحصیل و آدم شدن نکول نماید حالا که نمیرود در آخر یعنی همین اثنای یکی دو سال معلومش خواهد شد که باید سنگ بزانو بزند حضرت اجل عالی چرا باید گوش بحرف او بدهد بهر قسمی باشد زودتر اورا روانه فرمایند اصلحتراست حقیقتا فضولی نمودم عفو میطلبم باقتضای دولتخواهی جسارت نمودم صلاحی مملکت خسروان دانند.

در باب خانهی چاکر هرچند لازم نیست در آن باب چیزی عرض نماید لیکن خود حضرت اجل مسبوقند که حین عزیمت بملاحظهی اینکه خانه و همشیرهام گریه نکند و نگران نباشند تا یک درجه از سفر اسلامبول آنها را اطمینان داده و فقط در نزد آنها ساوجبلاغ را ابراز داده و عزیمت چاکر بسلام فقط ذات الحضرت اجل عالی مسبوق بودهاند ازآنجا کهمیدانم بعداز اطلاع از عزیمت چاکر همشیره و خانه از طرف چاکر نگران همشیره و خانه از طرف چاکر نگران شدهاند اجل علی الخصوص همشیرهام که میدانم حالش چه طور است در این صورت از آوائی حضرت مستطاب اجل عالی استدعا مینمایم که یکنفر از طرف ذیرآف نزد آنها رفته و استمالت که اقتضای حالت

طایفه‌ی نسوان است داده و سلامتی چاکر و جناب مستطاب اخوی را بانها رسانیده را اطمنانشان بدهد و چنین تصور نمایند مثل چهار سال قبل چهارده ماه در ساوجبلاغ مشغول خدمتگذاری حضرت اجل عالی بودم و از طرف چاکر نگران نباشند لله‌الحمد چاکر که سلامة بشرف ملاقات جناب مستطاب اخوی ام نایل آمده من بعد انشاءالله تکدری نخواهم داشت

در باب مصارف خانه اگر چه از مرحمت شامله بی خرجی نبوده و نخواهند بود لیکن بنده زاده محمدامین که در نزد همشیره‌ام میباشد محض اینکه در لباس و قند و چایی و غیره کسری نداشته باشند بجناب آقازاده معظم آقای محمد کریم خان قدغن فرموده از پولی که در خدمتشان میباشد عجالة سه چهار تمانی بهمشیره‌ام تسلیم فرموده و خود بندگان اجل اکرم باید قبض رسید آنرا مرحمت و روانه فرمایند و علاوه بسلطان کدخدا ابراهیم نیز قدغن فرمایند که شبها خودش در آنجا بخوابد در هیچ ممر لازم نیست چنیری عرض نمایم.

و خانه‌ی چاکر از پارسال مختضر ناخوشی داشتند که ضعیف و بی قوت واقع شده و خود بندگان حضرت اجل چند دفعه (دژەتاڵ) و غیره بایشان مرحمت میفرموده‌ند حالت عزیمت چاکر از ضعف خود تشکی داشت چاکر هردم که حضور آمده تفصیل را عرض نموده دوای که تجویز میفرمایند بخورد نمیدانم آمده یا خیر مستدعی است بتوسط کاکه مه‌م دوای که مستشفی است باو مرحمت فرمایند.

هرچند قابلیتی ندارد لیکن محض خالی نبودن عرضه چهارده (١٤) دانه کارت پوستال در لف پاکتی تقدیم حضور مبارک داشت چون عجالتاو در نرسیدن آنها نگران بودم زیادتر تقدیم نشد زیرا از قراری تقریرات جناب مستطاب ملا عبدالله افندی بدفعات متعدد رسمهای بزرگ و کارتهای خوب و اعلا برای آقائی دست میدارد بعنوان سوقات با پست روانه فرموده و حال آنکه هیچ یک از آنها نرسیده در اینصورت چاکر باینملاحظه از تقدیم داشتنی این قبیل چیزها عجالتا خود داری نموده‌ام تا ببینم آنها میرسند یا

خیر حقیقتا چاکر خیلی افسوس میخورم که آنها نرسیده‌اند و در میانه رفته‌اند.

و یکی از کارتها را که باسم جناب آقازاده‌ی محترم (آقا کوچولو) تقدیم نموده‌ام مرحمت فرموده باو عطا فرمایند که موجب امتنان و تشکر چاکر خواهد بود.

و علاوه مستدعی است مسئله‌ی قریه (گوکتپه) که تا حال بکجاها رسیده محض رفع نگرانی مرقوم فرماید انشاءالله تاکنون ختم گفتگو شده و در تصوف خودتان میباشد در خدمت جناب اقای شمسه اگر آنجا است عرض بندگی و ادای ادب دارم انشاءالله مسئله‌ی (کانی مملی) را نیز مطرح و مذاکره فرموده‌اند.

بهمین عنوان مرقوم از ساوجبلاغ با میاندوآب روانه فرماید انشاءالله خدمت ایشان رسیده و ایشان نیز بچاکر میرسانند و چاکر نیز که‌عریضه عریضه مینویسم آدمها که از ساوجبلاغ میایند هم خدمت قاضی لطیف هم حاجی صالح بروند عریضه گرفته حضور مبارک برسانند. چاکر محمد صالح.

دەقی وەڵامنامەی عەبدوڵڵا بەگی میسباح دیوان ـ ئەدەب

بۆ

میرزا محەمەدساڵح

١٨- جمادی الثانی ١٣٣٢ ه.ق[١]

مقرب الحضره اعزی میرزا محمد صالح زید عزه

اولا شکر میکنیم بنعمه بی مثال خوداوند متعال که مرا ملهم و موفق باجازه آن سفر خیریه شما نمود چنانکه بصرافت طبع و طیب نفس شما را رخصت عزیمت به دارالسعاده اسلامبول داده که ضمنا هم بشرف ملاقات جناب محامد نساب حاجی ملا عبدالله افندی اخوی سلم الله که سالهاست در آرزوی دیدار شما در سوز و گداز است شاد و خرم گشته هم بقدر وقت و فرصت از سیاحت روح افزای مداین ثلثه (آستانه) یا بعبارت دیگر (قسطنطنیه) که متشکل است:اسلامبول و (بگ اوغلی) و (اسکودار) است محظوظ و مسرور شده باشید.

و از آنجا که سفر اسلامبول از جمله سیاحتهای قمارەی دیده گشای بهجت افزای کره ارض بشمار میآید البته شما هم قدر این (......)[٢] را جمیل

١- ئەم مێژووە بە (زایین) دەبێتە: ١٤/٥/١٩١٤ز

٢- ئەم وشەیە نەخوێنرایەوە.

شمرده انزوا و نشستن منزل را بر سیاحت فرح بخش غمزدای بعضی نقاط ترجیح ندهید.

از جمله از سیاحت مکرره‌ی (بوغاز) نگذرید و بتماشای روز عبور از (بسفور)، یعنی همان دریاچه‌ی گردن مانند که (بحر سیاه را) با بحر (دردانیل) یا (بحر مرمره)، یا (بحر سفید را) بهم وصل نموده و خط فاصل در بین مداین ثلثه‌ای (آستانه) و همچنین حد مائی در بین قسمتین (آسیا) و (اوروپا) است اکتفا ننموده زیرا که روز ورود مسافر بجائی خاص اینچنین سواد اعظم هر قدر دقیق و فهیم باشد باز بشخص میماند که چشمهای اورا بسته باشند.

پس بر شما که فی الجمله صاحب قلم و خط و ربط هستید واجب و حتمی است که اگر هر روزه را بر سپهر ستار فرصت نکرده یا راغب بگردش نبوده باشید اولادر دو، یا سه روز یک مرتبه بجهازچه‌های کوچک که مخصوص سیاحت است دو ساعتی یا: دو نیم بغروب مانده در خدمت جناب حاجی ملا عبدالله افندی، یا یکی دو نفر دیگر صاحب بصیرت و اطلاع که طرف وثوق و محل اعتماد جناب حاج معزی الیه بوده و در مدت توقف چندین ساله‌ی خود در اسلامبول ایشان را بامانت و دیانت ممتحن و آزموده باشد بگردش و تفرج بروید و با چشم بینا بآن همه قصور رفیعه سر به فلک کشیده رنگارنگ مشجر باشجار و بساتین مستطر از ازهار و مغاریس مجوهر باثمار و طریق بیشمار واقع در امتداد ساحل و شاطی را ببینید و حظ ببرید و ظمنا خالق پروردگار را شکرها گذارده و بگوئید ای آفریننده‌ی که ترا کسی ندیده ما اکراد و اهل این بلاد را حکمت صانعه تو آفریده بما بیچارگان چه مقام سزاوار دیده و باینها نیز که مخلوق تواند چه نزهتگاهها بخشیده بما چه خلقی روا، به اینها چه خلیقی عطا فرموده، بما چه ذلت و عشرتی داده، باینها چه معیشت با عزتی نهاده، ما را چه سان بزحمت تلاش

انداخته و اینها را تا چه درجه (....)[۳] معاش پرداخته و همچنین مارا در چه سببیت و اینها را با چه مدنیت آفریده‌اید. بما چه قباحت اطوار، به اینها چه سماحت آثار بما چه حقارت، به اینها چه امارت، بما چه عناد فطری، به اینها چه وداد طبعی، بما چه نفاق نزومی، باینها چه اتفاق عمومی عطیه فرموده‌اید الحکم لله واحد القهار.

و دانسته باشید که اینهمه حسرت برای ثروت و مکنت ظاهری نیست، زیرا که ثروت و مکنت فقط در هرجای عالم بفراخور موجوده است بلکه اینهمه حسرت و افسوس که شبانه روز در کانون قلب میجوش تباین و تفاوت عوالم ترقی و تمدن ملل مختلفه نسبت باین یک مشت (کرد) در پشت درمانده‌ی محروم از هر گونه صنایع و بدایع جدیده و لذایذ علم و هنر است که البته در این قلیل مدت توقف بر خود شما هم واضح و مبرهن گشته کم و بیشی عوالم اینجا را بانجا میزان کرده‌اید،

هرچند خود شما از وضع ولایت کاملا مسبوقید ولی بمصداق الکلام یجرالکلام حین تحریر چنین بخاطرم رسید که یک شق زندگی ملت (کرد) را بشما یادآوری نمایم. مثلا اگر در ولایت ما عیال یکی از متمولین باستثناء (معدودی از ملاک و صاحبان املاک و ثروت بیحد) بمطب طبیبی بعداز یک سال گرفتاری بمرض، یا برسم مهمانی بجائی که تقریبا پنج و شش فرسخی مسافت داشته عزیمت نماید. پس ضعیفه مسافره پا برهنه علاوه بر اینکه پیاده‌روی این یک منزل راه را باکمال میل و رغبت بر خود هموار و ملایم شمرده بر حسب آداب دانی که اقلا مختصر سوقاتی برای اقوام واحبا برده باشد با حالت کلفت حمل هم

۳- ئەم وشەیەمان بۆ ساغ نەکرایەوە.

وێنەی نامەی میرزا محەمەد ساڵح

بۆ :

عەبدوڵڵا بەگی میسباح دیوان ـ ئەدەب

۱۳۳۲
۱۸ شهر جمادی الاولی

نمره ۲

[illegible]

تصدق حضور مبارکت شوم   بعد از عرض دعای بقای عمر و عزت و شوکت و دولت بندگان حضرت [illegible]

اجل امجد بمقام عرض اینکه مختصر با درک بشارت [illegible] هر چند [illegible] قبل ازین [illegible] [illegible]

شرح مجملی راجع به کیفیت احوال خود و وضع را عرض و در لف پاکت جناب حاج میرزا عبد اللطیف [illegible]

روانه داشته‌ام تا بحال رسیده و خاطر انور مستحضر شده مجدداً با قضای وظایف چاکری [illegible]

مرحمت عالی چاکر را [illegible] نفرمایند چنانچه سابقاً عرض شده بود بواسطه سرما خوردگی [illegible]

این [illegible] در روزه [illegible] مبتلا و حالت [illegible] آمدن [illegible] لیکن حالا [illegible] ازین توجه بندگان

اجل اکرم افاقه [illegible] و با جناب مستطاب قبله‌گاهی [illegible] افندی [illegible] صحبت

روزانه [illegible] و [illegible] مبارک [illegible] حقیقتاً جناب [illegible] نیز [illegible]

اجل اکرم در نسبت [illegible] متشکر می‌باشند و الله الحمد [illegible]

حضور مبارک [illegible] صدور [illegible] وقوع [illegible] . . .

[illegible] جناب اخوی [illegible] هر چند [illegible]

و [illegible] توجه خاص حضرت اجل عالی [illegible] [illegible]

[illegible] لیکن [illegible] وطن [illegible] از حق تعالی [illegible]

[illegible] خانه [illegible] جناب اخوی [illegible]

[illegible] علمای [illegible]

بگیرد حقیقه [illegible] خدا [illegible] . . .

در باب خانه جاکر هرچند لازم نیست در این باب چیزی عرض نمایم لیکن عفو حضرت اجل تصدیق شده
جای غربت بلاملاحظه است که خانه و همشیره ام گریه کنند و سکنه باشند تا یکدیگر از سنوات بلا بول
آنها را اطمینان دادم و فقط در نزد آنها ساده جنس را ابراز دادم و غربت جاکر بلا قبول
فقط ذات حضرت اجل عالی سبقت بفرمایند از اینجا رسیدنم همه را اطلاع و از غربت جاکر همشیره
و خانه از طرف جاکر تدارک شده اند علی الخصوص همشیره ام در میدان عاشق چه طور است
در این صورت از قرار حضور مستطاب اجل عالی استدعا مینمایم که تعلیقه از طرف ذیشرف نزد آنها رقم
داشته باشند که جای طایفه نسوان است دلیلم و سلامتی جاکر و جناب مستطاب اخوی را با آنها
رسانیده و اطمینان دهند و چنین تصور نمایند شش چهار سال قبل چهار ماه در باب حلقه
شغلی که سرکار حضرت اجل عالی بودم و از طرف جاکر تدارک باشند الله اکبر جاکر را سعادت تا
شرف ملاقات جناب مستطاب اخوی را نائل آمده من بعد الله تعالی نخواهم داشت ..
در باب مصارف خانه اگرچه از رحمت شاالله به خرج بنیم نخواهند بود لیکن نسبت الهیه ماهی
و در نزد همشیره ام میباشد مخفی است که در اول و قدردانی و غیره کسری بر آن است باشد که آن الهی
منظم تا مکارم اجل تدریج قرض ... در خفت آن نباشد حتی اگر سه چهار تومان به همشیره ام
تسلیم فرموده و عفو بندگان اجل اکرم با قبض رسید آنرا مرحمت و روانه فرمایند
و علاوه قلیل از قدر ابراز آنها تعرفی فرمایند که تکلیف نمودن در اینجا نخواهم داشت هیچ
لازم نیست چیزی عرض نمایم ..
و خانه جاکر از زبان مختصر حرفی داشتند در ضعیف و به توسط واقع شده و خود بندگان
حضرت اجل چند دفعه توسط آن و غیره به آنان رحمت فرمودند حالت غربت جاکر

[illegible]

عجالةً از این مقوله چندان با جناب ایشان صحبت نموده و ترقی فکری تثبیت شده تا در آتیه به یمن خدای تعالی

در پس پرده غیب چه تقدیری فرموده و البته آینده ما را کارگزاران قرین دقت [illegible] به عنوان صحیحه [illegible]

امیدوار است که ان‌شاءالله الرحمن هنگام قرب جواب فرقت و غربت از میان بکلی برچیده

و با جناب ایشان حسب المرام در نقطه آمال اینجانب روز عمر را به دعاگویی وجود مبارک صرف نموده [illegible]

[illegible] و خیالی [illegible] [illegible] خاطر مبارک از ضعف حال [illegible] جناب [illegible]

به اطلاع نموده مستحضر خواهم بود و هیچ وقت در ادای شرایط [illegible] کوتاهی نمی‌نمود ....

علاوه لازم است که [illegible] از وضع عوام ترک و مدنیت اسلامی [illegible] گشته و [illegible]

ملاحظه فرمایند که اهالی ولایت ما [illegible] چشم بسته به تربیت بیگانه ما در قید جاه جهل

مانده و در تیه ضلالت سرگردان می‌باشند چون کتب عرض آن ممکن نبود لذا [illegible] چهره

غزته یک روز نامه تقدیم داشت هر چند ترکی است اما با [illegible] الحمدلله [illegible]

فطانت و استعداد و ذکاوت فطری حضرت اجل ارجمندی [illegible] دارند

بعد از آنکه خاطر مبارک کاملاً مسبوق شد به تباهی [illegible] در فکر تهیه جناب [illegible] تمام

توجه [illegible] ان‌شاءالله در میان گروه [illegible] ضایع نشده [illegible] بنا بر ذلک

ما چشم بسته واضح نشود خداوند [illegible] وجود مبارک برای ترقی احوال

ایشان [illegible] خداوند [illegible] علاوه [illegible] چه باید [illegible] به تحصیل و ادراک شدن [illegible]

[illegible] خالد [illegible] سعادتش خواهیم [illegible]

حضرت اجل عالی چه باید نوشت بحرف [illegible] هر قسم باشد [illegible]

[illegible]

هو الابهی

هرچند تا بحال بیش از هزار و یکصد عریضه ۱۲۴ و دو نه کارت پستال در لف پاکت تقدیم حضور مبارک داشت

چون عنایت در رسیدن آنها مطمئن نبودم زیادتر تقدیم نشد زیرا از قرار تقریر جناب سلطان علائی

افندی دفعات متعدد رسمهای بزرگ و کارتهای خوب و اطلاعات ایرانی را ارسال

بعنوان ... با پست روانه فرمودند و حال آنکه یکی از آنها نرسیده در ملکوت پاک

با ملاحظه از تقدیم دادن اینهم ... عنایت خودداری نموده ام تا به ... آنها اخیر

حقیقت حال ... افندی ... که آنها نرسیده اند و در میانه رفته اند

یکی از کارتها را با اسم جناب ... محترم آقا ... تقدیم نموده ام ... فرموده باید عطف ...

... موجب ... دلتنگی ... خواهد بود)

و علاوه ... سنه ... تا حال بکلی ... رسیده ... رفع ... نموده ...

... تاکنون ... گفتگو شده ... تصرف ... باشد ... جناب ...

... نگاه ... ادا ... نامه ... را نیز ... که ... اند ...

[illegible]

وێنەی وەڵامنامەی

عەبدوڵڵا بەگی میسباح دیوان ـ ئەدەب

بۆ: میرزا محەمەد ساڵح

۱۸ جمادی الثانی
۱۳۳۲

مقرب الحضرة اخوی میرزا محمد رضا زید عزه

اولاً شکر میکنیم به نعمت بیمثال خداوند متعال که شما را ملهم و موفق به اجازه از سفر خیریه شما نمود چنانچه به انصراف طبع و طیب نفس شما رخصت عزیمت به دار السعادة اسلامبول داده که شما هم به شرف ملاقات جناب مستطاب حاجی محمد عبد الله افندی اخوی سلمه الله که سالها است در آرزوی دیدار شما در سوز و گداز است شاد و خرم گشته هم به قدر وقت و فرصت از سیاحت روح افزای مداین ثلثه (آستانه) یا به عبارت دیگر (قسطنطنیه) که منفک از (اسلامبول) و (بک اوغلی) و (اسکودار) است محظوظ و مسرور شده باشید.

و از آنجا که سفر اسلامبول از جمله سیاحت های ممتازه دیده گشا و بهجت افزای کره ارض شمار میآید البته لازم [illegible] جلیلش بوده از یاد داشتن منزل راه به سیاحت فرح بخش عزیزه‌ای بعضی نقاط ترجیح دهید.

از جمله از سیاحت مکرر (بوغاز) نگذرید و به تماشای روز عبور از (بوسفور) یعنی آن دریاچه گردنه مانند که دو بحر (سیاه) با بحر (داردانیل) یا (بحر مرمره) یا (بحر سفید) را بهم وصل نموده و خط فاصل در بین مداین ثلثه (آستانه) و همچنین حد فاصل در بین قسمتین (آسیا) و (اروپا) است اکتفا ننموده زیرا که روز و شب هر ساعت به کیفیتی خاصه و همچنین سواد اعظم به هر جلوه رونق و فهیم باشد بار تشبیهی ماند که چشمهای او را بسته باشند.

پس شما که فی الجمله صاحب قلم و خط و در ربط هستید واجب به عهده است که اگر هر روزه را به سیاحت [illegible] فرصت نکرده یا را [illegible] گردش نموده باشید آنقدر در هر [illegible] یا نکه روزی [illegible] به کجا [illegible] که مخصوص سیاحت است در ساحل [illegible] غروب [illegible] در خدمت جناب حاجی محمد عبد الله افندی یا یک نفر دیگر صاحب بصیرت و اطلاع که طرف وثوق و محل اعتماد جناب حاجی افندی الیه بوده و در مدت توقف چندین ساله خود در اسلامبول با ایشان با امانت و دیانت [illegible] نموده باشد [illegible]

پس
و تفرج برده و با چشم بینا با آنهمه قصور رفیعهٔ سر بفلک کشیده رنگارنگ شبیه باشجار و بساتین مسطر ازار کار و منظار

مجوهر با ثمار و حدایق پر شمار واقعه در امتداد سواحل و شاطی را به بینید و حظ ببرید و ضمناً خالق پروردگار را شکر

گذارده و بگوئید ای آفریننده که تراکسی ندیده ما اگرا و اهالی این بلاد را حکمت صانعهٔ تو آفریده با چه چه کمالات چه

مقامی سزاوار دیده و با اینها نیز که مخلوق تواند چه نزهت گاهها بخشیده با چه خلقی روا با اینها چه خلقی عطا فرموده با چه

ذلت و حقارتی داده با اینها چه بهشت با عزتی نهاده ما را چه سان بزحمت آتش انداخته و اینها را با چه درجه وسعت

معاش پرداخته و همچنین ما را در چه مسکنت و اینها را با چه مدنیت آفریده‌ای با چه قباحت اطوار با اینها چه

چه ساحت آثار با چه حقارت با اینها چه امارت با چه فساد فطری با اینها چه وداد طبیعی با چه نفاق لزومی با اینها

چه اتفاق عمومی عطیه فرموده‌ای الحکم لله الواحد القهار.

دانسته باشید که اینهمه حسرت برای ثروت و بخت ظاهری نیست زیرا که ثروت و بخت فقط در هر جای عالم [illegible]

موجودات بلکه اینهمه حسرت و افسوس که شبانه روز در کانون قلب مهیج شده برای تباین و تفاوت عوالم ترقی و تمدن

ملل مختلفه نسبت باین مملکت (کُرد) در پشت دروازهٔ محروم از هر گونه صنایع و بدایع جدیده و فنون علم و معرفت

که البته در این عصر [illegible] توقف بر خود نموده‌ایم واضح و مبرهن گشته و کم و بیش حالات اینجا را با آنجا میزان کرده‌ایم.

هر چند خود شما از وضع ولایت کاملاً مستحضرید ولی بمصداق الکلام یجر الکلام حین تحریر چنین بخاطرم

رسید که یک شق زندگی ملت کرد را ثبتاً یادآوری نمایم مثلاً اگر در ولایت یک عیال یکی از متمولین مستثنا

(مسعودی از [illegible] و صاحبان املاک و ثروت هستند) بسبب طبیعی بعد از یکسال گرفتاری بمرض یا بسم [illegible]

بسپارد که تقریباً پنج و شش فرسخی مسافت داشته عزیمت نماید پس ضعیفه مسافره پا برهنه علاوه بر اینکه

پیاده روی انگشتان [illegible] منزل راه را با کمال میل و رغبت بر خود هموار و ملایم شمرده بر حسب آداب دانی که آنقدر مخصوص

سرقاتی برای اقوام واجب بوده باشد با حالت کمال محترم.

دیتنەوەی (١٧) غەزەلی تازەی

(ئەدەب ـ میسباح دیوان)

ئەم چەپکە شیعرە تازە دۆزراوەیەی (ئەدەب)م لەسەرەتای مانگی حوزەیرانی (٢٠١٠)، لە ڕێگەی بنکەی هەمیشە پڕ بەخشین و خۆشەویستی (بنکەی ژین ـ سلێمانی)یەوە دەست کەوت، کە نووسەری دڵسۆز: د. ئەفراسیاب هەورامی، ماوەیەك بەر لەمەرگی کتوپڕ و چاوەنوارنەکراوی، بۆ بنکەی ناوبراوی ناردبوو.

ئەم چەپکە شیعرە، (ئەدەب) خۆی و بە دەستنووسی خۆی و بەزەخرەفەیەکی رەنگاوڕەنگی زۆرجوان و هونەریی رازاندۆتەوە، کە بریتییە لە ژمارەی (١٧)هەڤدە غەزەلی خۆی بۆ کونسولی رووسیا لە سابلاغ (مەهاباد) ناردووە لە کۆتایی غەزەلەکاندا ، بۆنەو مێژووی نووسین و ناردنی ئەم غەزەلانەی بەمجۆرە نووسیوە :

(در شب سه شنبه دویم شهر ذیحجه الحرام مطابق سیچقان[1] ئیل[2] سنەو یکهزار و سی هجری قمری تسوید این اوراق که عبارت از هفده غزل اشعار کردی و و گفتەء این بنده عبدالله مکری متخلص ب (ادب) است باتمام رسیده و تقدیم حضور مبارك جناب جلالتماب کاپتان دوپلاس کونسول مقیم ساوجبلاغ مکری گردید انشاءالله مطبوع طبع اجل عالی خواهد شد. فی تاریخ فوق).

واتە : (لەشەوی سێ شەممە: دووەمی مانگی زیحجەی حەرام، رێکەوتی ساڵی مشك: هەزارو سێ سەدو سی — ١٣٣٠ هیجری قەمەری — کە بە مێژووی زایین دەکاتە : ١٩١٢/١١/١٢ -، لە نووسینەوەی ئەم رووپەڕانە بوومەوە ، کە بریتین

١- سیچقان: واژەیەکی تورکی یە، بەمانای (مشك)

٢- ئیل: واژەیەکی تورکی یە، بەمانای (ساڵ) و هەردوو وشەکەش پێکەوە بە مانای (ساڵی مشك.)

له هەڤدە (١٧)غەزەلی شیعری كوردی و لەلایەن ئەم بەندەیەوە: عەبدوڵلای موكری و ناسراو بە : ئەدەب — بێژراون، پێشكەش بە حوزوری موبارەكی جەنابی جەلالەتمەئاب كاپتان دوپلاس، كونسوڵی نیشتەجێی[٣] ساوجبلاغی موكری كراون. پشت بە خوا، لای ئەو پلە بالایەوە جێی پەسند دەبێ. لە مێژووی سەرووتر ئاماژەپێكراودا)[٤].

ئەم چەپكە غەزەلەی (ئەدەب)، لەكاتی سەرلەنوێ چاپكردنەوەی دیوانی (ئەدەب)دا، بەراوردیان لەگەڵ نوسخە چاپكراوەكانی دیوانی (ئەدەب)دا پێدكرێ و لێكۆڵینەوەو پەراوێزی پێویستیان بۆ دەنووسرێ.

٣- ئەگەرچی (ئەدەب) ئەوەی لێرەدا ئاماژە پێنەكردووە، كە كاپتان دۆبلاس — كە لە سابلاخ نیشتەجێ یە — كونسوڵی كامە ولاتە ! بەڵام بەوەدا كە ئەم چەپكی (١٧) هەڤدە غەزەلە، د. ئەفراسیاب هەورامی لە ئەرشیفی رووسیاوە، بۆ (بنكەی ژین)ی ناردووە، بۆیە دەبێ كاپتان دۆبلاس، لە ساڵی (١٩١٢ز)دا، كۆنسوڵی نیشتەجێی (رووسیا) بووبێ لە سابلاخ.

٤ – لەناو ئەو (١٧)هەڤدە غەزەلەدا، شیعریان تێدایە، كە لە هیچ یەكێك لە دیوانە پێشتر چاپكراوەكانی (ئەدەب) و لە هیچ دەستنووسێككی تری (ئەدەب) و تایبەت بە (ئەدەب)دا بەرچاو نەكەوتوون. جگەلەوەی بەوهۆیەوە كە ئەم (١٧)هەڤدە غەزەلە، بە خەتی خودی (ئەدەب) و وەك هەڵبژاردەی خۆی، لەناو تێكڕای شیعرو غەزەلەكانی تریدا، نووسیونی و بەدیاری ناردوونی، ئێمەش هەر ئەم دەستنووسەی (ئەدەب)مان كردە بنەمای پێداچوونەوەو راستكردنەوەی ئەو غەزەلانەی تری (ئەدەب)، كە هاوكات لەم چەپكە دەستنووس و لەم لاپەڕانەی ئێستای بەردەستتاندان.

ئەی حەددی کبریات، وەرای فەهمی ماسیوا
وەی حەصری ئیعتیلات لە وەهمی مە، ماوەرا
چبکەم! ئەگەر نەکەم سەری نامە، بەنامی تۆ
چ بلێم! ئەگەر نەڵێم سەری دەفتەر: هُوَ العُلا
ئەووەڵ ئەتۆی و ئاخر ئەتۆی، هەرچی هەی، ئەتۆی
نەت ئیبتیدا لە ئەووەڵ و نەت ئاخر، ئینتیها
خەللاقی ئینس و جانی یو ڕەززاقی دام و دەد
سەتتاری عەیب پۆش وخەتا بەخشی(ذُو العَطا)
تۆی سانیعی بەدیع، لە یەك قەترە ئاوی خام
چەندین هەزار چیهرە، دەکەی: یەك لە یەك جودا
تۆی موبدیعی موحیتی سەماواتی سەرنگوون
تا کەشتی یی کەواکیبی تێدا بکەن شەنا
سەتح و فەزا، ئەگەر بەنەزەر پڕ مەئاثیرن
(لا شَيَء غَير ذاتك في السَّطح والفَضا)
گەر دوو جیهان بەضدی قەزا، مەشوەرەت بکەن
ئانێ بە غەیری حوکمی قەدەر، ناگەڕێ قەزا
گەر نۆ سیپهر و حەفت زەمین ببنە یەك زبان
یەك زەڕە، کەی سەنایی سیفاتت دەکەن ئەدا!

خوانێکه نیعمەتت، بەسەراپایی دوو جیهان
لەو خوانە، هەرکەسێ بەقەدەر قیسمەتی دەبا
تۆی خالیقی غەفوور و ئەمە عەبدی پڕ قسوور
تۆی واهیبی عەتا وو ئەمە: ساحێبی خەتا
گەر تۆ، گوناهی ئێمە نەبەخشی، بەمەغفەرەت
کێی دی هەیە بچینە پەناهی بەئیلتیجا؟
غەیرەز ئەوەی موقیڕڕە، بەحەققییەتت (ئەدەب)
کوا تاعەتێ کە بیبێ بەڕۆژی جەزا، سزا!
خۆت دەستگیری گومڕەه و عاسیی، بەڕەحمی خۆت
هەر خۆت مەگەر ئەمە، لە مەعاصی بخەیتە: لا

ئەگەر تووبایە وەك تۆ، جەننەت ئارا
لە سایەی قامەتی تۆیە، نیگارا
چە سیحرێکە! بەدوو زولفی چەلیپات
کە مەقبوولّی، بەئیسلام و نەصارا
لە دلّدا: ئاتەشێکی عالەم ئەفرۆز
لە دیدە: گولّشەنێکی عالەم ئارا
هەتا دوورم، دەلّێم دەتگرمە باوەش
کە دێمە ڕووبەڕووی تۆ، نیمە: یارا
نەهانیی بوو لە دلّدا سوزی عیشقت
لە دوودی سەرمەوە بوو ئاشکارا
بەدیدارت، ئەگەر تارێ لە زولفت
بەمولّکی (کەی) بدەم، یا تەختی (دارا)
بەخوێنی من، ئەگەر سەرخۆش دەبی تۆ
وەکوو جامی صەبوحت بێ گەوارا
لە جەوری تۆ، دلّم نەشکاوە، قەت من
عەجەب لەو شیشەیەی نەشکا، بەخارا
دەلّێم: جانا، مودارایەك، دەفەرموی !
دەگەلّ عاشق، ئەگەر بووبێ مودارا
(ئەدەب)، بەو غایەتی تۆ پای بەندی
بە فریادت بگا شاهیبوخارا

ئەبرۆیی کەشیدەت لە پەنا طورڕەیی سەودا
ماهێکی نەوە، گۆشەیی کێشاوە لە شەودا
فەرمووتە: دەبێ گیان بەفیدای تیغی برۆکەم
ئەی ماهی دوو هەفتە، بەمنت موژدەیی نەودا
خاڵ و خەتی رەنگینی بەر ئەو گەردەن و سینەت
شایستەیە سەد تەعنە، لە خاڵ و خەتی کەو دا
ئەمشەو، کە گوتم: دەردی دڵم، چی هەیە دەیڵێم
حەیفێ، کە دەمی وەسڵەتی تۆ، کورتە لە شەودا
نەمزانی چییە سیڕڕی دەهانی وەکوو نوقتەت
خۆی نوقتەیی مەوهووم و جیهان قەیدییە لەودا
هەمدەرس کەنین: بەختی من و چەشمی سیاهت
بۆچی وەکوو یەك ڕۆژ و شەون، هەردوو دەخەودا!
سۆفی، کە دوێ مەنعی ئەمەی کرد و مەلامەت
ئەمڕۆ لە خەراباتە، عەمامەی لە گرەودا
هەرچەندە مەتاعی سوخەن، ئەم عەهدە کەسادە
ئەمما گوهەری شیعری (ئەدەب) هەر لە برەودا

قەت بووە دڵبەری مە، جاریٚ لەمە یاد نەکا؟
بەسەلامیٚ، بەپەیامیٚ، دڵی مە شاد نەکا؟
ئەی خودا عەشقی .... بەچە دڵ خۆزگە بەوەی[5]
کەس خەرابەی دڵی خۆی قەت بووە ئاباد نەکا ؟
رەهرەوی بادیەیی عیشق، بەپێی شەوق ئەوەیە
فیکرەتی رەحمەتی ڕیٚ و راحیلە و زاد نەکا
عاشق و مەنزل و مەئوا! ئەمە لافێکە درۆ
عاشقی سادق ئەوەیە: خانە لە بونیاد نەکا
وەك دەڵێن مەیلی بەئازادیی بەندانە، گوڵم
گەر منم بەندە، خودایە قەتم ئازاد نەکا
چی دەبیٚ جاریٚ ئەگەر ڕیٚ بخەیە خەستە دڵان
با لە دووری، دڵی هێند ناڵە و فەریاد نەکا
سایەییٚ لەو قەد و باڵایە بخە سەحنی چەمەن
تا چ کەس سەیری قەد و جیلوەیی شمشاد نەکا
جەورەکەت خاریجی قانوونە ، دەفەرمووی: مەکە داد
چی بکا جەورکەشت ، جاریٚ ئەگەر داد نەکا
تا نەسیمیٚ لەسەری زولفەوە دیٚ، چاترە سوز
بۆیە سووتاو دەبیٚ، ڕوو قەت بەتەرەف باد نەکا
هەر کەسیٚ دیدەیی وەك شەتتی منی دیبیٚ (ئەدەب)
ڕەنگە قەت سەیری(کۆڕ)و(دیجلەیی بەغداد) نەکا

---

٥ - ئەم نیوە بەیتەم بە تەواوی بۆ ساخ نەکرایەوە.

گەر مەتڵەعە بۆ ماهی موقەننەع، چەهی نەخشەب
ماهی مە، تلووعی لە چەهی غەبغەبە هەر شەب
گوڵزاری جەماله، موتەشەککیل بەدوو سونبول!
یا بەدرە درەخشەندە، لە مابەینی دوو عەقرەب؟!
ئەی سەروی چەمانی قەمەری نووری ، قەمەر ڕوو
وەی خونچە دەهانی شەکەری نوتقی شەکەر لەب
تاکەی بەجەفا، ئێمە خەتابار و گونەهکار
تاکەی بە ستەم، ئـێمە گرفتار و موعەززەب؟
گەر لوتفە، هەتاکەی دەگەڵ ئەغیارە خیتابت !
گەر قەهرە، هەتاکەی منی بێچارە موخاتەب
سەد حەیفێ کە بۆ دەردی دڵی مە، دەمی وەسڵت
فرسەت کەم و شەو کورتە و تووڵانییە مەتڵەب
گەر بادە، فەرحبەخشە، بەیادی لەبی تۆیە
نەشئەی چییە، بێ شەهدی لەبت: جامی لەباڵەب!؟
گەر لۆمەیە، گەر مەنعە، ئەگەر کفرە، گەر ئیسلام
گەر تابعی قانوونە، ئەگەر خاریجی مەزهەب
تا جان لە بەدەندایە، (ئەدەب) تۆ دەپەرستێ
زونناری ملم: زولفی خەمت، قیبلەمە: غەبغەب

ئەی شەککەرین دەهانی شەکەر نوتقی، لێو نەبات
شیرین هەموو شەمایل و شیرین هەموو ئەدات
جارێ لە حاڵی خەستە دڵانت بە نازەوە
بۆچی دەبێ نەپرسی، کە چۆنن لە خاکی پات!
جان و سەرم بەبادی فەنادا لە خاکی ڕێت
نەمزانی تا سەرت نییە، ئەی بێ بەقا: وەفات
عومرێکی بێ لەبت گوزەرا، بۆ مە مردنە
وەك مردنی بەرابەری تۆ، بۆ مەیە حەیات
یاڕەب! دەبێ هەر ئەمن و ئەتۆ بین و بێ ڕەقیب
بگرم، لە گەردنی بخەم، ئەو زولفی تا بەتات
وەعدەت بەوەسڵ بێنییە جێ، هاتی دەوڵەتە
چ بکەم ئـەگەر نەهاتی! چ دەکرێ دەگەڵ نەهات!
بۆ ئیمتیازی بەینی من و جەمعی عاشقان
یەك بووسە کافییە، کە کەرەم کەی بەئیلتیفات
خوێنی منت حەڵاڵە، بەشەرتێکی خۆت بڵێی:
ماچێ لەکونجی دوو لەبی خوێنیمە، خوێن بەهات
شام و سەحەر دوعاتە (ئەدەب) بۆ ویساڵی یار
جارێکی وا نەبوو، بەئیجابەت بگا: دوعات

ساقیا !جانم فیدای جیلوەی قەد و ئەندامەکەت
تا سەحەرگاهان پەیاپەی بێو لەبالەب جامەکەت
چاوەکەت جامی شەراب و ماچی لەب: بادام و قەند
جامەکەت دا، یەك مەزەش لەو گوڵشەکەر بادامەکەت
جامی مەی لەب ڕیزکە، با تێی کەوێ عەکسی جەماڵ
تا ببینی چۆن لە هەنیەت، جەمعە: سوبح و شامەکەت
خاڵەکەت مەحوە لە تیشکی تەلعەتی مەهـ، ئەلعەجەب
ئیحتیراقی زوهرە واقیع بوو، لە ماهی تامەکەت
کەی دەبێ شەو تا سەحەر، هەمبەستەری من بی وئەمن
بیکەمە باڵێن: شەدەی زولفی حەریری خامەکەت؟
مودەتێکە مەیلی جارانت نییە جانا بەمە
گەرنە، جارێکم دەدی، یا نامە، یا پەیغامەکەت
خاڵی تۆ، دانەی فەریب و زولفەکەت: دامی بەڵا
مورغی دڵ، چوو دانە بچنێ، کەوتە حەڵقەی دامەکەت
گەرچی بێ شیرینیی نامت، مەزەی نابێ کەلام
هەر لەبەر تەعنەی ڕەقیبانە، کە نابەم نامەکەت
پێش ئەوەی بمرم، وەرە دیداری ئاخر لێت بکەم
مەیخە دیدار ئاخیرەت، ئەو بەندەیی ناکامەکەت
بۆ بەتیری غەمزەکانت، زەخمی دیکەم لێدەدەی؟
خەستەیە وێستا (ئەدەب(سەرتۆژی نەبووە زامەکەت

عومر گەییيە ئاخر و ماچێکی جانانم نەکرد
یەك نەزەر تێرم تەماشای ماهی تابانم نەکرد
دامەنم پڕ خونچەیی فرمێسکی گریانە و قەتم،
خونچەیێ لەو گوڵشەنی خەندان لە دامانم نەکرد
نەشئەبەخشی ڕۆحە بادەی لەعلی جانان، یا العجب
بۆچ ئەمن قەت لەو مەیەم، قەترێك لە فنجانم نەکرد
کێ شەوێکی هەمدەمی ئەمنی نزاری خەستە بوو
تا بەئاه و ناڵەوە، تا ڕۆژ هەراسانم نەکرد؟
ئەی نیگاری بێ وەفا، چەندم جەفای تۆ دی و ئەمن
یەك سەری موو، قەت خیلافی عەهد و پەیمانم نەکرد
تا لەبی لەعلی ئەتۆم دی، بەو لەبی لەعلت قەسەم
قەت چ جاران یادی یاقووتی بەدەخشانم نەکرد
سوجدەم هاتم بەشانەی کەم، سەری زولفی سیات
چونکە (با) نامەحرەمی تۆ بوو، پەرێشانم نەکرد
تیری موژگانت لە دڵدا، غەمزەکەی تۆیە، دەوای
ئینتیزاری مەرهەمی تۆ بوو، چ دەرمانم نەکرد
لەو دەمەی چاوم بەگوڵزاری جەماڵی تۆ کەوتقەت خەیاڵی گوڵشەن و یادی گوڵستانم نەکرد
وەسڵی تۆم ئەووەڵ کە دی، نەمزانی هیجرانی لە دوون
لەززەتی خولدی بەرین بوو، یادی نیرانم نەکرد
ئەو دەمەی ماچی لەبت، خەوفی عیتابی تۆم نەبوو
خاتەمم پێ بوو، کە من یادی (سلەیمان)م نەکرد
تۆ گوتت: مەرجانە لێوم، من گوتم: جانا، بەهای!
غەیری ئەم سەودایە جانا، من چ تاوانم نەکرد
چەندە واعیز، وەعزی دا و فەرمووی:کە(العشق جنون)

چ ڕادەبێ، کە بپرسی دەمێ لە حاڵی نزار!
فیدای خونچەیی زارت، هەزاری وەك منی زار
دڵی من و سەری زولفت، دوو تەوئەمن هەمزاد
نە ئەو دەمێکی سکوونە، نە ئەم دەمێکی قەرار
چ ڕەونەقێکی هەیە گوڵ، بەپێنج ڕۆژە دەوام !
بەهاری تەلعەتی تۆیە، گوڵی هەمیشە بەهار
بەدەوری گوڵشەنی حوسنت، دوو خاڵ و دوو گیسوو
دوو زەنگبار غولامن، دوو عەنبەرینە حەسار
بەخاکی پات، مەگەر ئەو دەمە بگا: سەری مە
غوباری پەیکەری خاکی، بگاتە چەرخی چەهار
مەماتی دەرگەهی تۆ، دۆزەخە ئەگەر! ئاسان
حەیاتی بێ لەبی تۆ، جەننەتە ئەگەر! دشوار
ئەوەندەیی کەوا، ڕەقیب لە ئێمە دڵگیرە
هەزار ئەوەندە بەدیداری تۆ، لەوم بێزار
لیقایی یاری موافیق، غەزائێکە بۆ ڕۆح
هەرا، لە سوحبەتی ناکەس، ڕەفیقی ناهەموار
لە نیشی ئەفعی و ئێشی موساحەبەی نادان
موخەییەری کەن: (ئەدەب(گەر، بەسەر دەچێ بۆمار

ئەی یادی لەبت، هەمدەمی شەوگاری درازم
وەی زولفی خەمت، یەك بەیەکی مەحرەمی رازم
شەوگارە دە خەودا، بەخەیاڵی ڕوخ و گیسووت
گا مەجمەرە ئەفروز و دەمێ چەنبەرە سازم
تیری موژە دڵدۆز و غەمی هیجرە جگەرسوز
تۆ خۆت بدە ئینساف، دەگەڵ کێهە بسازم!
هەرچەندە بڕا پای ئومێدم لە جەنابت
دیسان بەسەری زولفەوەیە: دەستی نیازم
میهری ڕوخی زیبات بەئەفسانەیی زاهید
دەرناچێ لە دڵ، زەحمەتی بێهوودە، چ لازم!
مەحکوومیی بەندە، بەشەهان ڕەسمە، بەڵا من
مەحموودم و بەندەی سەری دوو زولفی ئەیازم
کەعبەی ئەمەلی ئەهلی وەفا، تۆی بەحەقیقەت
بنوارە من و ڕەنجی بیابانی (حیجاز)م
بەم تەرزە، کە تیرت لە دڵی مە گوزەری کرد
زیبەندەیە بەو شەست و کەماندارە بنازم
هەر تاوە بەڕەنگێ بە(ئەدەب) خۆ دەنوێنێ
هاوارە لە نەیڕەنگی بوتی شوعبەدەبازم

جانا ! وەرە تا جانی عەزیزت بەفیداکەم
جارێکی ئەدا و سەد کەڕەتیشت بەقەزاکەم
لایێ کەششی غەمزەتە، لایێ یۆرشی مووت
لەو نێوەوە داماوم، ئەمن ڕوو لە چ لاکەم!
تا مەحرەمی هەر چین و خەمی طورڕەیی تۆ بم
پێوەم قەدەرێ هەمنەفەسی بادی سەبا کەم
ڕەنجووریی من، دووریی گوڵ قەندی لەبی تۆن
بێهوودەیە خۆم ڕەنجە بەحەبب و بەدەواکەم
فەرمووتە لە پاش مردنی من، دێیە مەزارم
مردم بەخودا، هێندە بە ئەو وەعدە دوعاکەم
خەیمەی دڵی مە، تەنگە بەلەشکرگەهی عیشقت
پێوەم کە فەراخور بەسوپەهـ، بارە بیناکەم
هەر نامە سیا جەننەتییە، گەر وەکوو زولفت
چاتر کە بەعەمدەن ئەمنیش نامە سیاکەم
مەعلوومە کە تەئسیری نییە، ناڵە لە لای تۆ
چ بڵێم ! چ بکەم ! بۆچی فەغان! بۆچی هەراکەم؟
مەعشووقە لە لا، جام بەکەف، مەنزڵی خەڵوەت
چیدی هەیە نیعمەت ! کە تەمەننا لە خوداکەم؟
شەرتی (ئەدەب)ە، جانی فیدای ئەو کەفی پاکا
بتوانم ئەگەر لەوسەری گیسووتی ڕەهاکەم

هاواره! لەبەر گەردشی دەور و ستەمی تۆ
فەریادە! لە بیٚ میهریی ئەییام و غەمی تۆ
تا لەحظەیەکی سایەیی تۆ، بیێتە سەر ئێمە
وەك زولفی کەجت بۆیە دەکەومە: قەدەمی تۆ
سەد میحنەتی تۆم (دی)[٦] ، نەشکا شەرت و قەرارم
کوانیٚ بەفیدات: ئەو هەموو عەهد و قەسەمی تۆ!
مەدحی خەتی تۆ، زینەتی دیوانە، کە دەفتەر
گونجایشی بیٚ، بۆ خەتی میشکین ڕەقەمی تۆ
بیٚ عەیبە سەراپا، قەد و ئەندامی لەتیفت
عەیبیٚ کە هەتە، لێمە، کەمیٚ زوود ڕەمی تۆ
سەد خۆزگە بەئەو وەقتە، کە تۆم یار و منیش بووم
مەحرەم بەهەموو چینی سەری زولفی خەمی تۆ
عاشق نییە هەر کەس، لە جەفای یاری بناڵیٚ
ئارامی دڵی ئێمەیە: ڕەنج و ئەلەمی تۆ
جانم، بەبەهای ماچی لەبت حازرە قوربان
مەنوارە: کەم و زۆریی، کەمی مە و کەرەمی تۆ
ئیمکانی (ئەدەب(، هەر: سەر و جانێکە، وەگەر نا
حەددی چییە جان بیێتە بەهای ماچی دەمی تۆ

٦ – لە دەستنووسەکەدا (دی) نەبوو، خۆمان بۆمان زیاد کردووە.

خاڵی سیەهی تۆ، لەسەر ئەو عاریزی مینوو
داغێکە لە حەسرەت، بەجگەر لالەیی خود ڕوو
ئەبرۆ و ڕوخ و دیدە و خاڵی خەمی گیسووت
قەوسە و قەمەرە و زوهرە و پەروین و تەرازوو
شێری دەشکێنن نیگەهی چاوی غەزالت
نیرووی غەزەنفەر، کە بەسەر پەنجەیی ئاهوو
مەنظوور لە عومری مە، ئیمڕۆیە: کە تۆم دی
عومرێکی بەبیٚ تەلعەتی تۆ، چوو، بەهەدەر چوو
هێندەم نییە فورسەت، شەوەکیی وەسڵی جەماڵت
بتوانم ئەدا کەم غەمی هیجرانت، ئەوی بوو
ڕێی طوڕڕەیی خوێنخوار مەدە، هێندە بەڕوخسار
ئەو جەننەتە، حەیفیٚ کە دەیئەسپێریی بەهیندوو
ڕەنجووریی هیجرانی (ئەدەب(، بیٚ لەبی شەهدت
باوەڕ مەکە گەر بێتو شیفای بیٚ بە: ئەرەستوو

من لە دنیادا هەر ئەو یاری وەفادارم بەسە
ئەو دلآرامەم بەسە، ئەو یار و خەمخوارم بەسە
بمکەنە موختاری گەنجی عالەم و کونجی لەبی
خەندەیێ لەو دوو لەبی لەعلی گوهەربارم بەسە
دەردی بێ دەرمانی عیشقت، بۆ دڵی زارم بەسە
جەور و میحنەت تا بەگەنگێ، ڕەنج و ئازارم بەسە
دەردی بێ دەرمانی عیشقی، گەر دڵی کردووم نزار
غەمزەیێ لەو چەشمی بیماری پەرستارم بەسە
با نەبم مەحرەم وەکوو بولبول، بەهەر ئەسراری گوڵ
لەحزەیێ سەیری گوڵی گولزاری ڕوخسارم بەسە
با نەبێ ئەمساڵەکەت غەیری ستەم، دەرحەق بەمن
یادی شەوگاری ویساڵی لوتفەکەی پارم بەسە
بۆ بەتەحریکی ڕەقیبت، زەخمی دیکەم لێدەدەیت؟
بەو خەمی ئەبرۆت قەسەم، زەخمی ئەوەڵ جارم بەسە
بۆچمە میننەت لە ئاهووی کیشوەری چین و خەتا!
ڕایحەیی لەو طوڕڕەیی وەك میشکی تاتارم بەسە
دلّبەرا ! فەرمووتە: بێ قەندی لەبی تۆ، چۆن دەژیم؟
زیکری قەندی لێوت و تیکراری گوفتارم بەسە
ماتەمی کوژرانی خۆم ناوێ، ئەقاریب بیگرن
زولفی میشکینی سیەهپۆش و عەزادارم بەسە
ئاشنای بێگانە نابم، تۆ کە لێم بێگانە بووی
تەعنەیی ئەعدا و لۆمەی یار و ئەغیارم بەسە
تازە من دەربەندی نام و نەنگی خۆم بۆچی ببم
ئیسمی رسوایی، سەری کۆلان و بازاڕم بەسە
تا(ئەدەب) بەستەی کەمەندی زولفی مەفتوولت نەبوو
ئەی شەکەر لەب، بۆچی نەت فەرموو: گرفتارم بەسە؟

ئەو جەعدی موسەلسەل، کە لەسەر چیهرە بڵاوە
هەر دانەیی سەد سیلسیلە، سەد حەلقەو داوە
حیرەت نییە پابەندیی مە، بەو خەتی زیبای
ڕۆژی ئەزەلیٚ ئەو خەتە، وا بۆمە کشاوە
گریانی بەیانانی منە، عیللەتی خەندەت
مەعلوومە کە پشکووتنی خونچە، بەشەواوە
قەترەی عەرەقی جەبهەتە، نەقشی قەمەری ڕوو
یا تەلعەتی خورشیدە، موجەددەر لەسوهاوە!
فەرمووتە نەڵێم نوکتەیی عیشقت بەڕەقیبان
ئەم ئاتەشی سووزەندە بەمن چۆن دەشەراوە!
ئاشوفتەگیی خۆم بەسە، ئەو زولفی سیەهـ فام
بۆچی بەشەو و ڕۆژ، دەگەڕیٚ لیٚم، بەچراوە!
تەرغیبی عیلاجم دەکەی و بیٚخەبەری لیٚم
چارەی دڵی بیٚچارە، نەماوە بەدەواوە
سەردان و گەیشتن، بەویساڵی لەبی لەعلت
نرخیٚکە لە بازاڕی وەفا، بۆ مە بڕاوە
بۆ شەککەری خامت، کە نەبوو چاریٚ بکا خەم
ئەم جیسمی نزارەم لە نمی دیدە تواوە
بیستوومە، کە: شیرینە بەری سەبر لە ئەنجام
ئەمما بەمن، ئەو دارە، بەری لیٚ نەچناوە
کیٚ بیٚت و بکا جیلوە، لە لای تۆ، کە نەزاکەت
جامیٚکە دەڵیٚی بەو قەدد و باڵایە بڕاوە
سەودایی سەری طوڕڕەتە، جانا لە سەریدا
مەنعی مەکە ئەمڕۆکە (ئەدەب) فکری بڵاوە

ئەو زولفی تابەتا، کە پەرێشانی شانەیە
هەر داوە، بۆ خەرابیی دڵ، یەك نیشانەیە
مەمکت: هەناری نەوڕەسی بێ دانە، ئەلعەجەب
غەبغەب: تورنجی کاڵ و لەبت: نار دانەیە
خاڵی سیەهتە، نەقشی دەمی دورجی گوهەرت
یا: هیندووە، قەراوڵی دەوری خەزانەیە؟
سەد مەرحەلەی تەفاوەتە، وەعدەی ویساڵی تۆ
تا ئەو بەهەشتی وەعدە، کە هەر جاویدانەیە
مەیدە بەدەم بادی سەباوە، سەری زولفی تابەتا
با تێك نەچێ لە مورغی دڵ: ئەو ئاشیانەیە
کێشتی ئومێد هاتە بەر، ئەمما چ فایدە!
دایم ڕەقیبی تۆ، لەمە، داسی ڕەمانەیە
تێکەڵ نەبێ هەتا غەمی: تازە و قەدیمی تۆ
جەعبەی دڵم، کە جێی غەمتە: خانە خانەیە
جانم بەهای ماچی لەبت دا، گوتت: کەمە
قەسدت کەمیی (بەها) نییە، بەڵکە بەهانەیە
بەعدەز لەئیم: سیم و زەڕە، یادگار و بەس
بەعدەز مە، یادگاری ئەمەش: ئەم قسانەیە
ساحێب هونەر: لە زاویەو و بێ هونەر: بەکار
چبکەم خودا! لە کەچ نەزەریی ئەو زەمانەیە!
جەوری زەمانە خۆشە، (ئەدەب) تەعنە لێ گەڕێ
تیری جگەر، مەلامەتی ئەو ناکەسانەیە

خزمە! لەو دنیایەدا، بۆ قەت کەسی یارم نەدی!
هەمدەمێکی مەحرەم و قابیل بە ئەسرارم نەدی!
هەرکەسێ لافی لەیاریی دا، کە تیفکریم ئەمن
باطنی وەك زاهیری مەزموونی گوفتارم نەدی
هەر فریشتە تەلعەتێك فەخری بەزیبایی دەکرد
تەرزی رەفتاری موطابیق حوسنی روخسارم نەدی
کامەبوو ئەو یاری جانیی مە، دەگەڵ مە عاقیبەت
بێ حقووق و سپڵە و و حەق نانیگەهدارم نەدی!
کامە شەهبازە، کە پەروازی بە باڵی سەفوەتە
تا بە چاوی خۆم لەسەر سەد لاشە مردارم نەدی!
کامە زاهید بوو لەسەر سەججادەیی تەقوا، کەمن
سەد کەڕەت پەنهان قەدەح، پەیماو و مەیخوارم نەدی!
کێ وەکو (مەنصوور) گەییە مەرتەبەی سوکر و فەنا!
تا بە ئیغوای عامەوە، ناحەق لەسەر دارم نەدی
واعیزی وا، دەچتە سەر مینبەر، بە قەسدی مەوعیزە
یەك سەرە دەرزی موافیق وەعزی کردارم نەدی
سەعد و نەحسە، گەر قڕانی سەبعەی سەییارە، بۆچ
قەت ئەمن غەیری بەلا، چی دیکە ئاسارم نەدی!
موختەسەر هیندەی لە دنیادا، کە تێفکریم (ئەدەب)
کەس بەوەجهی تەسمیەیی ئیسمی سزاوارم نەدی

بسم الله الرحمن الرحیم

الحمد کبریات درا فهم ماسوا | وحصر اعتلات لوهمیمه ما ورا

چکلم اگر نکم سر نامه بنام تو | چیلیم اگر بلیم سر دفتر هو العلا

اول اتوی و آخر اتو هرچه‌یه ای تو | نت ابتدا له اول و نت آخر انتها

خلاق انس و جانی ورزاق دامود | ستار عیب پوش و خطا بخش دوالعطا

توی صانعی بدیع له یکقطره اوحام | چندین هزار چهره دکی یک یک جدا

توی مبدعی محیط سموات سرنگون | تا گشتی کواکبی تیدا کبن شنا

سطح و فضا اگر بنظر پرماثرن | لاشیء غیر ذاتك فی السطح والفضا

گر دو جهان بضدّ قضا مشورت بکن — آنی بغیر حکم قدر ناگری قضا

گر نه سپهر و هفت زمین بنه یکزبان — یکذرّه کی ثنای صفاتت دکن ادا

خوانیکه نعمتت بسراپای دو جهان — لو خوانه هر کسی بقدر قسمتی دبا

توی خالقی غفور و امه عبد پر قصور — توی واهبی عطا و امه صاحبی خطا

گر تو گناه امه ببخشی بمغفرت — کی دی هیه ببخشیه جنابی بالتجا

غیر از اوی مقیّده بحقیقت ادب — کوا طاعتی که پیبی بروز جزا سزا

خوت دستگیر گمره و عاصی برحم خوت — هر خوت مگر امه لمعاصی بخیه لا

اگر طوطی یه وک تو جنّت آرا — لسایه قامتی تو یه نگارا

چه سحریکه بدْ وزلفی چلیپات — که مقبولی باسلام و نصارا

لدل دا آتشیکی عالم افروز — لدیده گلشنیکی عالم آرا

هتا دورم دلیم دگرمه باوش — که دیمه رو بروی تو نیمه یارا

نهانی بو لدل دا سوز عشقت — له دودی سرمه تو بو آشکارا

بدیدارت اگر تاری زلفت — بملکی کی بدم یا تخت دارا

بنخوینی من اگر سرخوش دبی تو — وکو جام صبوحت بی گوارا

لجورسے تو دلم نشکاوه قطین | عجب لوشیشه یی نشکا بخارا

دلیم جانا مدارا یی دو ترسوی | وگل عاشق اگر بوبی مدارا

ادب بو غایتی تو پای بندی

بفریادت بگا شاهی بخارا

قط بوه دلبر همه جاری لمه یادنکا | بلاچی به پیاچی دلیمه شادنکا

ایسجدا عشق بخاره بچه دل خوز گبه گوی | که خبر ابه دلیجوی قط بوه آبادنکا

رهروی بادیه عشق به سپی شوق ادیه | فکرسی رحمتی ریو واحله وزادنکا

عاشق و منزل و ماوی امه لا فیکه دور | عاشقی صادق اوه خانه له بنیادنکا

وک دلین میلی بازادی بندانه گلم | گرمنم بنده خدایا قطم آزادنکا

چه دلی جاری اگر ری بخبه خسته دلان | بالدورسی دل امند ناله وفریادنکا

سایه ئیک لو قدو بالایه بخه صحن چمن | تاچه کس سیر قدو جلوه شمشادنکا

تانسیمی سری زلفوه دی چارتره سوز | بویه سوتا دلی ردو لطرف بادنکا

هرکسی دیده وک شطی منی دیبی ادب

رنگه قط سیر گرد دجله بغدادنکا

امرو به لطی باده هاتی که سردا | هیناتوه برجان سفر کرده لددرا

لؤخشه سرو بصفا دستهٔ گیسو   وعدهٔ وطنیکت بغرسان سفردا

یک حلقه و صد سحره سری پرچمت امرو   دلبا نوه دا خوجه خیالیکی لسردا

بو طرزه که جان پروره نطقی شکر ریت   انفاس مسیحایه لبا ودرج گهردا

او طلعت غلمانی و شیوهٔ ملکی تو   حاشا که کسی دیویه لر ترکیب بشردا

زلف و سری کنگمه‌ات بنوینه منجم   حکمی چپه عقرب لمحاذات قمردا

قدری چه خورشید له لا یر تو جنت   جلوهٔ چه دکا قطره لدریای خزردا

لو صورت زیبات که روحیکه مجسم   وک صورت دیواره اوی روح بشردا

لو روز وه جانا نظرت لیمه کلاکرد   چونی سپهر ومالم بخدا هر له نظردا

سینه ام سپری ناوک دلدوز مژهٔ ات دعو   نمزانی که نادوستی خدنگت لسپردا

او ماچی شو یدی منت بخشی بصد ناز
امروکه لذوقی ادبی طعم شکردا

گر مطالعهٔ بو ماهی مقنع چه نخشب   ماهسیمه طلوعی له چهی غبغبه هر شب

گلزار جماله تشکل بدو سنبل   یا بدره درخشنده لمابین دو عقرب

ایسر وچمانی قمری نور قمر رو   وی غنچه دهانی شکری نطق شکر لب

تاکی بجفا ایمه خطا بار وگنه بار   تاکی بستم ایمه گرفتار ومعذب

گر لطفه هتا کی دگل اغیاره خطابت — گر قهره هتا کی من بیچاره خطاب

صد حیف که بو درد و لیمه دم و صحبت — فرصت کم و شو کوته و طولانیه مطلب

گر باده فرح بخشه بیادی لب توبه — نشأهٔ چیه بی شهد لبت جام لباب

گر بومییه گر منعه اگر کفره گر اسلام — گر تابع قانونه اگر خارج مذهب

تا جان دیدن دایه ادب بو دیر تسبی

زنار قدم زلفی خمه و قبله مه غبغب

ساقیا جانم فدا جلوهٔ قد و اندامکت — تا سحرگاهان پیاپی بیو لبالب جامکت

چاوکت جام شراب و ماچ لب بادام و قند — جامکت دا ایکمزه اش لو گلشکر بادامکت

جام می لبریز که تا تیکوی عکسی جمال — تا به بینی چون له مینه تجعه صبح و شامکت

خالکت محوه له تیشکی طلعت ماه عجب — احتراقی زهره واقع بو لماهی تامکت

کی دبی شو تا سحر هم بستری من بیو ایمن — پیسکمه بالین شده زلفی حریر جامکت

مدتیکه میل جارانت نیه جانا بمه — گر نه جاریکیم ده دسی یا نامه یا پیغامکت

خال تو دانهٔ فریب و زلفکت دام بلا — مرغ دل چو دانه بچی کوته حلقه دامکت

گرچه بی شیرینی نامت نیزه ای یابی کلام — هر له بر طعنهٔ رقیبانه که نابم نامکت

پیش اوی بمرم وره دیدار آخر لیت بکم — مینجه دیدار آخرت او نبده ناکامکت

بو به تیری غمزه کانت زخم د یلکم لیدی
خسته به و لیستا ادب سره توری بوره زمالکت

ای شکرین دهان شکر نطق لب نبات
شیرین همو شمایل و شیرین همو ادات

جاری لحال خسته دلانت بنازوه
بو چی دبی نپرسی که چونن لحالکیات

جان و سرم بباد فنا دا لخاک رت
نمزانی تا سیرت نیه ای بی لقاو قات

عمر یکی بی لبت گذرا بومه مرونه
وک مردن برابر تو بومیه حیات

یارب دلی بهرامن و اتو پین و بی رقیب
بگرم لگردنی لنحسم او زلفی تا بتات

د عده ات بوصل پیغیه جی مات و دولته
چیبکم اگر نهاتی چه دگری د گل بهات

بو امتیاز پین من و جمع عاشقان
یک بوسه کافیه که کرهم کی با ثبات

خو نیتی منت حلاله شرطیکه خوت بسیلی
باچی له کنج د ولب خو نیمه خونبهات

شام و سحر دعا ته ادب بووصال یار
جاریکی وانبو باجابت بگا دعات

ای یا دلبت همدم شوگار درازم
و زلف خمت یک بیکی محرم رازم

شوگاره د خودا لخیال رخ و گیسوت
گا چهره افروزو دمی چنبره سازم

تیری شره دلدوز و غمی هجره جگرسوز
تو خوت بده انصاف د گل کهیه بسازم

هرچەندە برابای امیدم لجنابت
دیسان بسری زلفویە دست نیازم

مهری رخ زیبات بافسانە زاهد
ورناچی لدل زحمت بیهودە چە لازم

محکومی نبده بشهان رسمە بلا من
محمودم و بندەی سیر دو زلفی ایازم

کعبەی املی اهل وفا توی بتحقیق
بنوارە من و رنج بیابانِ حجازم

بم طرزه کە تیرت لدلیمە گذری کرد
زنپسندیە بوشیت و کماندارە بنازم

هرتاوه برگی بادب خود نونی
وارە لە نیرنگی بتی شعبدە بازم

جانا وره تا جان عزیزت بفدا کم
جاریکی ادا صبر کریتشی لقضا کم

لائی کشش غمزە تە لائی بیدرش سوت
لونیوه داماوم امن رو لچە لا کم

تا محرم هرچین و خمی طرە توبم
پیوم قدری همنفسی باد صبا کم

رنجوری من دوری گلشن لبی توە
بیهودیە خوم رنجە بتجب و بدوا کم

فرموتە لپاش مردن من وعدە مرام
مردوم بخدا ایمرزه باو وعدە دعا کم

خیمەی دلیمە تنگە باشگە عشقت
پیوم کە فراخو رسیە بارە بنا کم

هرنامە سیا جنتیە گروکو زلفت
چاترکە لعمداً امنیش نامە سیا کم

معلومە کە تاثیری نیە نالە لەلاتو
چ بلیم چبکم بوچی فغان بوچی هرا کم

معشوقه له لا جام بکف منزلی خلوت — چې دی هسې نعمت که تمنا لخدا کم

شرطي او به جان لفدا او کف پا کا
بتوانم اگر تو سره گیسوتي رها کم

چه را دي که بر پسي دمي لحال نزار — فدای غنچه زار رت هزاري وکمي زار

دلي من وسره زلفش دو توامن همزاد — نه او دمیکي سکونه نه ام دمیکي قرار

چه رو نقیبکي هسې گل به بنچ ورته دوام — بهار طلعت تو یه گلي همیشه بهار

بد ورگلشن حسنت دو خال دود گیسو — دو زنگبار ځلامن دو عنبرینه حصار

بنجا کپات مگر او دمه بگا سرمه — غبار پیکر خاکي بگاته چرخ چهار

ممات در گهي تو دوزخه اگر آسمان — حیات بي لب تو جنته اگر دشوار

اوندي واکه رقیبت له ایمه دلگیره — هزار اونده بدید از تو لوم بیزار

لقای یار موافق غذا ایکه بورد رخ — هر اله صحبت ناکس رفیق ناهموار

له نیشي افعي دا ایشي مصاحبي بادان
مخیري کن ادب گر بسر دحي بواکا

عمر گیسه آخر د ماچیکي جانانم بکرد — یک نظر تیسره م تماشای ماه تابانم بکرد

دامنم زغنچه فرسیکي گریانه وقطم — غنچه لو گلشني خندان لدا خانم بکرد

نشأه بخشی رُوحَه بادهٔ لعل جانان بعجب
بوچ امن قط لو مَیَم قطره یک له فنجانم نکرد

کی شو یکی بهمدمی امنی نزاری خسته بو
تا بآه و ناله وه تا روژ هراسانم نکرد

ای نگاری بیوفا چندم جفای تو دیوا من
یکسری مُو قط خلافی عهد و پیمانم نکرد

تا لب لعلی اتوم دی بو لبی لعلت قسم
قط چه جاران یاد یا قُوتی بدخشانم نکرد

صبحدم هاتم بشانه کم سری زلفی سیات
چونکه با نا محرمی تو بُو پریشانم نکرد

تیر مژگانت لدل دا غمزه کی تو یه دوای
انتظاری مرهمی تو بو چه درمانم نکرد

وصل توم اوّل که دی نمزانی هجرانی لدون
لذتی خلد برین بُو یاد نیرانم نکرد

او دمی ماچی لبت خوفی حسابی توم نبو
خاتمم پی بو که من یاد سلیمانم نکرد

چنده واعظ وعظی داو فرمُوی که العشق جنون
عاقلیم کرد ای ادب بو پند نادانم نکرد

ناواره لبر گردش دَور و ستمی تو
فریاده له بیمهری ایّام و غمی تو

تا لحظه یکی سایه تو بیته سر امیه
وک زلفِ کجت بو یه دکومه قدمی تو

صد محنتِ توم دی لشکا شرط و قرارم
کوانی بغدات او همو عهد و قسمی تو

مدحی خطِ تو زینت دیوانه که دفتر
گنجایش بی بو خطِ شکین رقمی تو

بی عیبه سرا پا قد و اندامِ لطیفت
عیبی که هته لیمه کمی زُود رحمی تو

صد خوزگه با و وقت که توم یار و بانتیش نوم — محرم سهمو چینی سرِ زلفِ خمی تو

عاشق نه یم هر کس لجفای یاری سنبالی — آرام دلی امیه رنج والمی تو

جانم به بهای ماچ لبت حاضره قربانین — منواره کم وزوری کمی منو کرمی تو

امکانِ ادب هر سره جانیکه وگرنه

حدی چه جان پته بهای ماچ دمی تو

خالی سیهی تو لسرا و عارض منیو — داغینکه لحیرت بجگره لاله خودرو

ابرو و رخ و دیده د خال دخشیم گیسوت — قوسه و قمره و زهره و پروین ورازو

شیری دشگینن نگهی خشیم غزانیت — نیزدی غضنفر که بپنجه آهو

منظور له عمری مه امرویه گتوه ستایی — غمه یکی بی طلعتِ تو چو بهدر جو

هیندم نه یه فرصت شوکی وصلِ جمالت — تهوانم ادا کم غمِ هجرانت او پهو

ری طره حو نخوار نده هینده بر خبار — ادخسته حقی که دپیری بهندو

رنجوری هجرانِ ادب بی لب سهدثت

باور مکه گر پتو شفای بی بارسطو

من لدنیا دا هرا و یاری وفادارم لسه — او دلا راممه لسه او یار غمخوارم لسه

بمکنه مختار گنجی عالم و گنجی لبی — خنده لود و لبی لعلی گهر بارم لسه

دردِ بیدرمانِ عشقی گر دلی گردم نزار
غمزه‌لو چشمِ بیماری پرستار ایسترم

بانیمِ محرم دکو بلبل بهار ایسترِ گل
لحظه سیری گلِ گلزارِ رخسار ایسترم

بانبی امثالکی غیری ستم نسبت بمن
یاد شوگار وصال و لطفکی یار ایسترم

بو چمه منّت نه آهوی کشورِ چین و ختا
رایحه‌لو طرّه‌ء وک مشک تاتار ایسترم

دلبرا فرموته بی قندی لبی تو چوندرم
ذکرِ قندی لبوت و تکرار گفتار ایسترم

ماتم کزرانِ خوم نادی اقارب بیگرگن
زلفِ مشکینت سیه پوش و عزادار ایسترم

آشنای بیگانه نابم توکه لیم بیگانه بوسی
طعنهٔ اعدا و لومهٔ یار و اغیار ایسترم

تازه من دربندِ نام و ننگی خوم بو چی دیم
اسمِ رسوائی سرِ کولان و بازار ایسترم

زخم دیکم بو تیجر یکی رقیت لیدی
بوخسمی ابروت قیسم زخمی هولجار ایسترم

تا ادب بستهٔ کمندی زلفی مقصودتنه
ایشکرلب بوچی شفر مو گرفتار ایسترم

او زلفِ تابتاکه پریشانِ شانه‌یه
هرداده بو خرابِ یی دل یک نشانه‌یه

مکمت انار نورس پیدانه ایعجب
غبغب ترنجِ کال و لبت نار دانه‌یه

خالِ سیهته نقشِ دمی درجِ گوهرت
یا هندو قراولی دورِ خزانه‌یه

صد مرحلهٔ نقاوته وعدهٔ وصالِ تو
تا ادبهشتِ وعده که بهرجا و دانه‌یه

میده بدوم صبا وه سیری زلف تابتابا   بابیک نچی لمرغ دل اد آشنانه یه

کشت امید مانه براما چه فایده   دایم رقیب تو لمه دا سپی زمانه یه

تیکل نبی هستا غم تازه و قدیم تو   جعبه دلم که جی غمته خانه خانه یه

جانم بجای ماچ لبت داگت کمه   قصدت کمی بجا نیه بلکه بهانه یه

بعد از نسیم سیم وزرد یادگار و بس   بعد از مه یادگار امش ام قصانه یه

صاحب هنر لزاویه دپهنر بکاره   چبکم خدا له کج نظری اوزمانه یه

جوری زمانه خوشه ادب طعنه لیگری
تیری جگر ملامت او ناکسانه یه

اد جعد مسلسل که پسر چهره بلاوه   هر دانه صد سلسله صد حلقه وداوه

حیرت نیه پابندی مه توخطار نیا   زوری ازلی او خطه و ابومه کشاوه

گریانی بیتانی مه علت خنده ات   معلومه که پشکوتن غنچه لشواوه

فرموته نلیم نکته عشقت برقیبان   ام آتش سوزنده بمن جوند شراوه

آشفتگی خوم لبه او زلف سیه فام   بوچی لشو وزور دگری لیم حراوه

ترغیب علاجم دکی و پنجری لیم   چاره دل بیچاره نماده بد داوه

سردان وگیشتن بوصالی لب لعلت   نرخیکه له بازار وفا بومه براوه

پیشتومه که شیرینه بر صبر له انجام
اما بمن او داره بری لی نچنا وه

کی پیتو بکا جلوه له لای توکه زراکت
جامه پیسکه دلی بو قد و بالایه براوه

سودای سری طره ته جانا لسریدا
منعی مکه امرو که ادب فکری بلاوه

خزینه لو دنیایه دا بو قط کسی یارم بکنی
همدمیکی محرم و قابل با سرارم بدنی

هر کسی لافی له یاری مه اکه تیفکریم من
باطنی وک ظاهر مضمون گفتارم بدنی

هر فرشته طلعتیک فخری بزیبائی م کرد
طرز رفتاری مطابق حسن رخسارم بدنی

کامه بوا و یار جانیمه دگلمه عاقبت
پیچقوق و سپله و حق با نگهدارم بدنی

کامه شهبازه که پروازی ببالی صفوته
تا بچادی خوم لسر صدلاشه مردارم بدنی

کامه زاهد بو لسر سجاده تقوی که من
صد کرت پنهان قدح پیمای میخوارم بدنی

کی وکو منصور گیسیه مرتبه سکر و فنا
تا باغوای عامه وه ناحق لسر دارم بدنی

واعظی وادچته سر منبر بقصد موعظه
یکسر درزی مواقق وعظی کردارم بدنی

سعد و نحسه گر قرانی سبعه سیاره بوج
قط امن خیر بلا چیدیکه آثارم بدنی

محتصر هیندی لدنیا داکه تیفکریم ادب
کس بو جهی تسمیه اسمی سرادارم بدنی

در شب سه شنبه دویم شهر ذی الحجه الحرام مطابق توشقان ئیل
سنه یکهزار و سیصد و ستی هجری قمری تسوید
این اوراق که عبارت از هفده غزل اشعار کردی و گفته
این بنده عبدالله مکری متخلص بادب است با تمام رسیده
و بتقدیم حضور مبارک جناب جلالتمآب کاپیتان
دو پلاس قونسول مقیم ساوجبلاغ مکری
گردید انشاالله مطبوع طبع
اجل عالی خواهد شد
فی تاریخ

مەستوورە

مێژوونووس و مرۆڤ

(١٨٠٥ ـ ١٨٤٧)

سەرنج:

وەك تا ئێستا زانراوە مەستوورە ئەم بەرهەمانەی بووە:

١ ـ شیعر ـ کە دواتر سەرجەمی شیعرەکانی بە ناوی "دیوانی مەستوورە"وە ٤ جار چاپکراوە.

ـ جاری یەکەم، ساڵی ١٣٠٤ هیجری هەتاوی (١٢٩٥ز) لە سنە، لە لایەن حاجی يحيى معرفت کردستانییەوە چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

ـ جاری دووەم، ساڵی ١٣٦٢ هیجری هەتاوی (١٩٨٣ز) لە تاران "نشرما" لە لایەن احمد کرمییەوە.

ـ جاری سێیەم، ساڵی ١٣٧٧ هیجری هەتاوی (١٩٩٨ز) لە تاران "انتشارات امیر بهادر" لە لایەن سدیق سەفی زادە (بۆرەکەیی)یەوە.

ـ جاری چوارەم، ساڵی ٢٠٠٦ز، لەلایەن دەسگای (ئاراس)ەوە چاپکراوەتەوە.

شیعرەکانی ناو چاپی یەکەم و دووەمی دیوانەکەی فارسین. بەڵام چاپەکەی "بۆرەکەیی"، جگە لە شیعرە فارسییەکانی، ٤٦٢ بەیتی کوردی تێدایە، کە زۆربەی شیعرە کوردییەکانی بە دیالێکتی "گۆرانی"ن. هەندێ شیعری تری بە دیالێکتی کرمانجی خواروو بەپاڵ دراون، کە زمانەکەی و جۆری داڕشتنی و سۆزەکەی لە شیعری مەستوورە ناچن.

٢ـ مجمع الادباء، کە بیۆگرافی شاعیرانی کوردە.

٣ـ عقاید ـ ساڵی ١٩٩٨ لە لایەن عەبدوڵڵا مەردۆخییەوە لە سوێد لە چاپ دراوە.

٤ ـ شەرعیات ـ ساڵی ٢٠٠٦ز، دەسگای چاپ و پەخشی ئاراس چاپی کردووە.

٥ ـ تاریخ اردلان ـ ساڵی ١٣٤٣ هیجری هەتاوی (١٩٦٤ز) لە لایەن (ناصر آزاد پور) لە چاپخانەی بهرامی لە سنە لە چاپ دراوە. دواتر دکتۆر حەسەن جاف و مامۆستا شکور مستەفا، کردوویانەتە کوردی و بەناوی "مێژووی

ئەردەڵان"ەوە، لە ساڵی ١٩٨٩ لە بەغدا لە لایەن (دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی)یەوە چاپ و بڵاویان کردۆتەوە. دیسانیش بۆ دووەمین جار، دەسگای چاپ و پەخشی (ئاراس)، ساڵی ٢٠٠٦ ئەم بەرهەمەی لە چاپدایەوە.

ئەم تەقەللایەی ئێمە لەم چەند لاپەڕەیەی بەر دەستتان دا، خوێندنەوەیەکی ئەم بەرهەمە مێژووییەی مەستوورەیە، کە بەناوی (مێژووی ئەردەڵان)ەوە ناوی دەبەین.

* * *

میرنشینی (ئەردەڵان) دووەمین میرنشینی کوردە، کەدوای میرنشینی (بتلیس) مێژووی فەرمانڕەوایانی خۆی بەرێکوپێکی تۆمار کردبێ. خۆ ئەگەر (بیرەوەرییەکانی مەئموون بەگی کوڕی بێگەبەگ)[٤]، وەك "مێژووی فەرمانڕەوایانی ئەردەڵان"، بە یەکەمین سەرچاوەی مێژوویی وەربگرین، کە ساڵی (٩٨٥ کۆچی ـ ١٥٧٧ زایینی)، واتە: (٢٠) ساڵ پێش تەواوکردنی "شەرەفنامە ـ ١٥٩٦ز"[٥] نووسیوێتی، ئەوا میرنشینی ئەردەڵان دەبێتە یەکەمین میرنشینی کوردی، کە مێژووەکەی لە لایەن مێژوونووسانی ئەردەڵانەوە، سەرلەبەر و بەسەریەکەوە نووسرابێتەوە.

مەستوورەی کوردستانی: ماهشەرەف خانم (١٨٠٥ ـ ١٨٤٧ز) شەشەمین مێژوونووسی دوای ئەو پۆلە مێژوونووسەیە، کە مێژووی فەرەمانڕەوایانی ئەردەڵانیان نووسیوەتەوە، واتە: مەستوورە دەکەوێتە دوای: مەئموون بەگ، شەرەفخان، مەلا محەمەدی شەریف[٦]، محەمەد ئیبراهیمی ئەردەڵانی[٧] و خوسرەو بەگی ئەردەڵان[٨].

١- بیرەوەرییەکانی مەئموون بەگی کوڕی بێگەبەگ، ڕاپۆرتێکە ناوبراو مانگی ڕەبیعی ئاخری ساڵی ٩٨٥ کۆچی (سەرەتای مانگی گوڵانی ١٥٧٧ز) لە ماوەی زیندانیکردنیدا، لە زیندانی "حیللە ـ کە ١٢ ساڵ و ١٠ مانگ تیایدا هێڵراوەتەوە"، لە شێوەی سکاڵانامەدا بۆ سوڵتان موڕادی عوسمانی نووسیوە.

ئەم نامەیە ـ کە مێژووی میرانی ئەردەڵانە ـ لە حەفتاکانی سەدەی ڕابوردوودا، لە لایەن لێکۆڵەری تورك: عیصمەت بارماقز ئۆغلۆ دۆزراوەتەوە و ساڵی ١٩٧٣ز، لە گۆڤاری "بولتن"دا بڵاوی کردۆتەوە و دواتر مامۆستایان: محەمەد جەمیل ڕۆژبەیانی و شکور مستەفا لە تورکییەوە کردوویانە بە عەرەبی و پەراوێز و لێکدانەوەیان بۆ نووسیوە و ساڵی ١٩٨٠ز لە بەغدا چاپ و بڵاویان کردۆتەوە.

٢- شەرەفنامە ساڵی ١٠٠٥ك ـ ١٥٩٦ز نووسینەوەی دوایی هاتووە، بەڵام زۆر پێشتر دەست بە نووسینەوەی کراوە.

٣- مەلا محەمەد شەریف (قازی ئەردەڵان) مێژووی "زبدە التواریخ" (پوختەی مێژووەکان)ی لە ساڵی ١٢١٤ کۆچی ١٧٩٩ز نووسیوە.

لەناو ئەمانەشدا جگە لە مەئموون بەگ و شەرەفخان ـ کە هەردووکیان خۆیان فەرمانڕەوا و میرزادە بوون ـ ئیتر مەلا محەمەد شەریف، محەمەد ئیبراهیمی ئەردەڵانی، خوسرەو بەگی ئەردەڵان لەسەر ڕاسپاردە و داخوازیی ڕاستەوخۆی میرانی بەرودوای ئەردەڵان: خوسرەوخانی ئەردەڵان (؟ ـ ١٧٩١ز)، ئەمانوڵڵاخانی ئەردەڵان (١٧٧٥ ـ ١٨٢٤ز)و خوسرەوخانی ناکام (١٨٠٠ ـ ١٨٣٤ز)، دەستیان بە نووسینەوەی مێژووی فەرەمانڕەوایانی ئەردەڵان[9] کردووە، کە دیارە دەبێ بزانین (مەستوورەی کوردستانی)یش، لە سەردەمی "محەمەد ئاغا"ی باپیری خۆیەوە، کە خەزوور و فەرماندەی لەشکر و باوەڕپێکراوی نزیکی ئەمانوڵڵاخانی گەورە بووە، تا ڕۆژگاری "ئەبولحەسەن بەگ"ی باوکی، کە ژنبرای ئەمانوڵڵاخان و جێی متمانەی بووە، تا ژیانی ڕاستەوخۆی خودی مەستوورە ـ کە هاوسەری خوسرەوخانی دووەم (ناکام) بووە ـ لەگەڵ سەرلەبەری مام و خزمەکانیدا، لە ناوجەرگەی داودەسگای فەرمانڕەوایەتی ئەردەڵاندا، هەمەکارە و نووسەر و

٤- محەمەد ئیبراهیم ئەردەڵانی مێژووی "ذیل شرفنامە" (پاشکۆی شەرەفنامە)ی لە ساڵی ١٢٢٥ کۆچی (١٨١٠ز) لەسەر ڕاسپاردەی ئەمانوڵڵاخانی گەورەی ئەردەڵان نووسیوە.

٥- خوسرەو بەگی ئەردەڵانی "لب التواریخ"، (کاکڵەی مێژووەکان)ی ١٢٤٩کۆچی (١٨٣٣ز) لەسەر ڕاسپاردەی خوسرەوخانی دووەم ـ ناکام (١٨٠٠ ـ ١٨٣٤ز)ـ بە زمانی فارسی نووسیوە. مەستوورە لە کتێبەکەی خۆیدا (تاریخ اردلان) ئەم کتێبە، بە "تاریخ الاکراد" ناو دەبا و دواتر دکتۆر ئیسماعیل ئەردەڵان، لە میهر مانگی ساڵی ٢٥٣٦ی شاهەنشاهی لە تاران بەناوی "لب التواریخ" چاپ و بڵاوکردۆتەوە. دوای ئەویش "ڤاسیلیێڤا" پەراوێز و پێڕستی بۆ ڕێکخستووە و پێشەکی بە زمانی ئینگلیزی بۆ نووسیوە و ساڵی ١٩٨٤ز لە مۆسکۆ، بەناوی "تاریخ خسرو بن محمد بنی اردلان" چاپ و بڵاوکردۆتەوە

٦- مستەفا ئەمین، نەوشیروان، لە پەراوێزی مێژووی ئەردەڵاندا، دەسگای چاپ و پەخشی سەردەم، ساڵی چاپ ؟، ل١٥.

کاربەدەستی باڵابوون و لە سەرچاوەی هەواڵ و فەرمان و بڕیارەکانی فەرمانڕەوایانەوە نزیك بوون.[10]

کەواتە مەستوورە جگەلەوەی پشتاوپشت و بەبنەماڵە، لە دەسگا باڵاکانی فەرمانڕەوایەتی ئەردەڵاندا بوون. لەهەمان کاتدا خۆیشی لەناو خێزان و کەش و هەوایەکی خوێندەواریی و ڕووناکبیریدا پەروەردە بووە و لەکتێبخانە دەوڵەمەندەکانی ئەردەڵانیشەوە نزیك بووە و ئەمانەش هەموویان، یارمەتی و پشتیوانیی مەستوورەیان داوە، تا "مێژووی ئەردەڵان"ەکەی بە بەراورد لە چاو مێژوونووسانی بەر لە خۆیدا، تێروتەسەلتر و دەوڵەمەندتر بێ.

مێژوونووسەکانی ئەردەڵان (بە مەستوورەشەوە ـ جگەلە مەئموون بەگی بێگە بەگ)، هەموویان لەو کاتەوە مێژووی میرانی ئەردەڵان و میرنشینەکەیان و ڕووداوەکانی کوردستان دەنووسنەوە، کە پێشتر شەرەفخانی بتلیسی (١٥٤٣ ـ ١٦٠٤ز)، لە (شەرەفنامە)دا، مێژووی میرانی ئەردەڵانی تا ساڵی ١٥٩٦ز باسکردووە، واتە: هەموویان لە باسی مێژووی ئەردەڵاندا، زانیارییەکانی "شەرەفخان"یان دووبارە کردۆتەوە، کە تا ساڵی ١٥٩٦ز. باسکردووە.

لەپاڵ ئەمەشدا، لەکاتێکدا هەموویان ڕووداوەکانی میران و میرنشینی ئەردەڵان و کوردستان، بەجیا لە ڕووداوەکانی ئێران، تۆمار دەکەن و وەك مێژوویەکی سەربەخۆ دەینووسنەوە. ئەمانەش هەمووی نیشانەی هەستی نیشتمانیی و نەتەوەیی ئەم پۆلە مێژوونووسەیە، بەوەی بەشانازییەوە باسی سەربەخۆیی کاروباری ناوخۆیان و ستایشی جوامێریی و ئازایەتی و بەخشندەیی میر و مەزنەکانیان دەکەن و داستانی قارەمانێتی شەڕەکانیان دەگێڕنەوە[11] و دەیانەوێ بەرێچکەی (شەرەفخان)دا (مێژووی کوردستان) بنووسنەوە.

لەمانەش لەبەرچاوتر و سەرباری ئەو پەیامەش، مەستوورە پێچەوانەی مێژوونووسەکانی پێش خۆی و ئەوانەش لەدوای مەستوورەوە مێژووی میرانی

---

١٠ سەرچاوەی پێشوو، ل١٤.

٨- مەستوورە، مێژووی ئەردەڵان، وەرگێڕانی لە فارسییەوە بۆ کوردی: د.حەسەن جاف و شکور مستەفا، وەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن چاپی یەکەم، چاپخانەی دار الحریە، بەغدا ١٩٨٩، ل١٤.

ئەردەڵانیان نووسیوەتەوە، تاقانە مێژوونووسێکە، کە بنەچەی میرانی ئەردەڵان، بۆ سەر بنەچەی "ئەردەشێری بابەکان"دەباتەوە[12]. کە دیارە ئەمەیشی لەو بڕوایەوە هێناوە، گوایە زنجیرەی دەسەڵاتدارانی "ساسانی"، لە کوردانی "شوانکارە"ن.

ئیتر هەر لێرەوە لە ڕەهەندەکانی بیری مەستوورە دەگەین، کە لەلایەکەوە پێمان دەڵێ: لە بەرنامەیەکدا لە ئاکامی گەڕان و پشکنینەکانیدا، بە شوێن ڕەسەنترین ڕەچەڵەکی کورددا چووە و لەلایەکی تریشەوە پێمان دەڵێ: دەبێ بە چاوێکی جیاواز و تایبەت سەیری بیرکردنەوە و کەسایەتی مەستوورە بکەین، نەك وەك ئافرەتێکی سێبەری ئەو پۆلە "پیاو"ە مێژوونووسەی، بەر لە مەستوورە، مێژووی ئەردەڵانیان نووسیوە.

بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە، کە لە نووسینەوەی "مێژووی ئەردەڵان"ەکەیدا، سەرپێچی لە ڕێباز و بەرنامەی مێژوونووسانی پێش خۆی بە گشتی و لە "شەرەفخان" بەتایبەتی کردبێ، چونکە ئەمیش وەك ئەوان و ئەوانیش پەیڕەویان لە ڕێبازەکەی "شەرەفخان" کردووە[13]و هەموویان ڕێبازەکەیان بریتی بووە لەوەی: سەرباسەکانیان بەناوی "میرەکان"، یان "کەسەکان" دەست پێبکەن و لەوێوە، لەژێر ناوی ئەواندا ڕووداوەکانیان گێڕاوەتەوە.

جگەلەمەش لە هەمان کاتدا ئاماژە بەو سەرچاوانەش دەکات، کە لە نووسینەوەی "مێژووی ئەردەڵان"دا، کەڵکی لێ وەرگرتوون. بەتایبەتی هەردوو مێژووەکەی "زبده التواریخ"ی مەلا محەمەد شەریف (قازی ئەردەڵان) و "لب التواریخ"ی خوسرەو بەگی ئەردەڵان[14]. جیا لەوەی لە زۆر پەرەگرافدا، کە بە پێویستی زانیبێ، شیعری فارسی، شیعری شاعیرانی تر، پەندی عەرەبی و ئایەتی

٩- هەڵبەتە بۆ ئاگاداریی خوێنەر، دەبێ بڵێم کە (شەرەفخان)یش پەیڕەویی لە ڕێچکە و شێوازی مێژوونووسانی (سەفەوی) کردووە.

١٠- سەرچاوەی پێشوو، ل١٤ ـ ١٥.

١١- سەرچاوەی پێشوو، ل١١.

قورئانی لەگەڵ گێڕانەوەکاندا گونجاندووە. کە ئەمانەش هەمووی، بەڵگەی ئەوەن مەستوورە، خاوەن پلەیەکی باڵای ڕۆشنبیریی بووە.

مەستوورە لەمەڕ چۆنیێتی دەستپێك و نووسینەوەی "مێژووی ئەردەڵان"ەوە، لە بەراییەوە هەندێ وشەی برووسکەئاسا دەنووسێ، کە بۆ ئاگاداریی لەسەر بەرنامەی نووسینەکەی، دەبێ ئاوڕی خێرایان لێ بدەینەوە.

١ـ مەستوورە دەنووسێ:"پاش متاڵاو و نامە گۆڕینەوە..."[١٥] ، واتە:بەرلەوەی قەڵەم بخەمە سەر کاغەز و تاکە وشەیەکیش بنووسم، دەستم بە خوێندنەوەی سەرچاوە و کەرەسەی

نووسینی مێژووەکەم کرد، ئەوسا کەوتمە

نامەنووسین و پرس و ڕاوێژ گۆڕینەوە لەگەڵ شارەزایان و ئاگاداران و ڕووناکبیراندا[١٦]، تا زۆرترین زانیاریی لە زۆرترین سەرچاوەوە کۆبکەمەوە و لێیان هەڵبژێرم. کە ئەم بەرنامەیەی مەستوورە، لەهەمان کاتدا فراوانترکردنی ئەو ڕوانگە و ئاسۆیەیە، کەمێژوونووسانی بەر لەمەستوورە، لێیانەوە نواڕیوە و زانیارییەکانی یەکتریان دووبارە کردۆتەوە.

هەڵبەتە کەدەڵێ: (پاش متاڵاو..)، مانای وایە مەبەستی خوێندنەوەی سەرچاوەیە لەسەر کەرەسەی خاو و بابەتی مێژوویی، ئەگینا مەستوورە زۆر پێش دەستپێکردنی نووسینەوەی (مێژووی ئەردەڵان)، بەردەوام لەکتێبخانە دەوڵەمەندەکانی خۆیان و سەرانی ئەردەڵاندا خەریکی خوێندنەوە و موتاڵا بووە و هەر دوای فێربوونی نووسین و خوێندنەوە، وەك خۆی دەڵێ: "کە دەستم خامەی

١٢- خۆزگە لەم بوارەدا مەستوورە ناوی چەندانێکی لەو مامۆستایانە ببردایە، کە لەم بارەیەوە نامەی لەگەڵدا گۆڕیونەتەوە و ڕاوێژی پێکردوون، تا لەو ڕێگەیەوە زانایان و نووسەرانی ئەو ڕۆژگارەمان چاکتر و ئاسانتر بناسیبایە.

١٣- مەستوورە، مێژووی ئەردەڵان، ل١١.

ئاشنایی گرت ... مەیلی سروشتیم و ئارەزووی زگماکم، بە متالای کتێبان دەبزووت...[17] .

٢ـ مەستوورە لەبارەی بەرنامەی مێژووەکەیەوە دەنووسێ: "بە سروشتی بلێسەدار و زەینی ڕەخنەگرانەوە..."[18] ، واتە: بە شەوق و تاسەیەکی ئاگرینەوە کەوتمە سەر کەلکەڵە و خولیای نووسینی مێژووی ئەردەڵان. بەڵام لەکاتی نووسیندا، سنوورم بۆ ئەم تاسە و پەرۆشە ئاگرینە دیاری کرد و نەمهێشت سنووری هۆش و زەینی ڕەخنەگرانەم بتەنێتەوە، بەڵکو بەگیانی ڕەخنەگرانەوە، ڕەخنەم لە ئەزموونی نووسەرانی پێش خۆم و هەڵسەنگاندنەکانی خۆمیش دەگرت و هەمیشە بەگیانی پرسیار لەخۆ کردن و توێژینەوەوە، لەگەڵ ڕووداوەکاندا دەژیام.

بۆیە لەکاتی نووسینەوەی مێژووەکەیدا و لەبەرامبەر هەر ڕووداوێکدا، کە زۆر لێی دڵنیا نەبووبێ و بۆی بووبێتە جێی لەسەر وەستان و دڵەڕاوکە، دەنووسێ: "ئەقڵی بێ خەوش و چێژ و سەلیقەی ڕاست، ئەم قسەیە ناسەلمێنێ"[19] یان: "خودا هەر خۆی لەڕاستیی هەموو شتێ ئاگادارە"[20] یان: "خودا بۆ خۆی دەزانێ"[21] "زانست هەر لای خودایە"[22].

ئەم هەست و هۆشە پڕ لە ڕامانەی مەستوورە، لە نووسینەوەی مێژووی ئەردەڵاندا هەر بە تەنیا لەم چەند ڕستە خێرایانەدا دەرناکەون، بەڵکو لە یەکەمین خوێندنەوەی مێژووەکەیدا، هەست بەوە دەکرێ کە مەستوورە، هەر لە سەردەمی منداڵیی و هەرزەکارییەوە، بە چاوی سەرنج و توێژینەوەوە، ڕووداوەکانی نزیک و

١٤- سەرچاوەی پێشوو، ل١٢.

١٥- سەرچاوەی پێشوو، ل١٥.

١٦- سەرچاوەی پێشوو، ل١٥.

١٧- سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕەکانی: ٣٠، ٥٠، ٦٦.

١٨- سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤.

١٩- مەبەستی لە: ئەمانوڵلاخان (١٧٧٥ ـ ١٨٢٤ز)ی گەورە، واتە: باوکی خوسرەوخانی هاوسەرێتی.

دووری خۆی هەڵسەنگاندووە و دەرکی بەوە کردووە، کە ئەو جوگرافیا و پلەو پایەیەی خۆی و بنەماڵەکەی تیایدا دەژین، لە لووتکەی داودەسگاکانی میرنشینەکەوە نزیکە و دەبێ سەرنجی وردیان بدرێتێ.

لەم بوارەدا مەستوورە لەباسی ناوبانگی قەڵای "حەسەن ئاوا"دا دەنووسێ: (باسوخواسی لە هەموو دیرۆك و مێژووی دنیادا تۆمار کراوە و پەسن و وەسفی لە پەڕتووك و دەفتەری زۆرینەی جیهاندا نووسراوە.. من ئەم کەمینەیە، بەچاوی خۆم دیتم باڵیۆزی ڕووس و ئینگلیز، لەسەردەمی فەرمانڕەوایەتی ئەمانوڵلاخانی[٢٣] والیدا بەناوی دیتنی ئەم قەڵایەوە بەسەر کوردستان (سنە)دا تێپەڕین و لەگەڵ ئەوەشدا، کە قەڵاکە وێرانە بوو، سەردانی شوێنەوار و کەلاوەکەیان دەکرد"[٢٤].

ئەم بیرەوەرییەی مەستوورە دەیگێڕێتەوە، یادگاری ساڵانی پێش چوونێتی بۆ حەرەمسەرای خوسرەوخانی هاوسەری، کە لە تەمەنی ٢٥ ساڵیدا، واتە: لە ١٨٢٨ز.دا بۆتە هاوسەری، کە دیارە مەبەستیشی لە باڵیۆزی ئینگلیز هەر دەبێ: جان مالکۆڵم (١٧٦٩ز ـ ١٨٣٢ز)[٢٥] بێت کە ٣ جار سەردانی شاری سنەی کردووە، بەڵام ٢ جاریان پێش سەدەی نۆزدە و جاری سێیەمیش ساڵی ١٨٠٨ز چۆتە سنە و لەم ساڵانەشدا دیارە مەستوورە تەمەنی هەر نزیکەی ٤ ساڵانە بووە و بۆ ئەو تەمەنەش، مایەی زیرەکییە، ئەگەر بزانێ ئەو گەڕیدەیە باڵیۆزە، یا نا!

بەڵام ئەو کاتەی (کلۆدیوس جێمس ڕیچ) لە هاوینی ساڵی (١٨٢٠ز)دا، سەردانی شاری سنەی کردووە، تەمەنی مەستوورە لە دەوروبەری (١٦ ـ ١٧) ساڵاندا بووە. (ڕیچ)یش کە چۆتە "سنە"، باسی ئەوە ناکات سەردانی "قەڵای حەسەن ئاوا"ی کردبێت. لەبەر ئەوە ـ وەك وتمان ـ هەر دەبێ مەستوورە، مەبەستی لە باڵیۆزی ئینگلیز، (جان ماڵکۆڵم) بێت، نەك "کلۆدیوس جێمس

٢٠- سەرچاوەی پێشوو، ل٤٢.

٢١- سەرنج ئەم قەڵایە کەوتۆتە ٦ کیلۆمەتری باشووری شاری "سنە"وە.

٢٢- بۆ زیاتر زانیاریی بنوارە: " گەشتنامەی ڕیچ بۆ کوردستان وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە بۆ کوردی حەمەباقی، محەمەد ، چاپی سێیەم، ل٢٠١، هەروەها: فرهنگ دهخدا، بەرگی ١٤، ل٢١٤٦٩.

ڕیچ"[26]. خۆ ئەگەر (ڕیچ) لەو سەردانەیدا، کە لە هاوینی ساڵی ١٨٢٠زدا، بۆ شاری (سنە)ی کردووە، چووبێتە سەردانی (قەڵای حەسەن ئاوا) و دواتر لە (گەشتنامە)[27] کەیدا باسی نەکردبێ، ئەمەیان شتێکی ترە و دەکرێ گریمانی ئەوەش دابنێین، کە مەستوورە، مەبەستی لە باڵیۆزی ئینگلیز (کلۆدیوس جێمس ڕیچ) بووبێ، کە لە هەردوو بارەکەدا، (جان ماڵکۆم) و (ڕیچ)یش، هەردووکیان نوێنەری ئینگلیز بوون و لە هەر دوو گریمانەکەشدا، سەرنجی وردی (مەستوورە)مان مەبەستە.

هەر لەبواری گێڕانەوەی بیرەوەری سەردەمی منداڵێتی خۆیدا، بیرەوەرییەکی گرنگ سەبارەت بە ناکۆکی و ناتەبایی نێوان میرنشینی ئەردەڵان و بابان دەگێڕێتەوە، کە لەکاتی خوێندنەوەیدا دەم و دەست خوێنەر هەست بە پەژارەی مەستوورە دەکات و لە دوتوێی گێڕانەوەکەدا خۆزگەیەکی شاراوەی مەستوورە هەست پێ دەکات، بۆ ئەوەی ئەنجامەکەی بەجۆرێکی تر بکەوتایەتەوە، کە ئەنجامی برایەتی و تەبایی نێوان میرانی ئەردەڵان و بابان بووایە و پوختەکەیشی بەمجۆرە بووە:

ساڵی (١١٣٦ك ـ ١٧٢٣ز)، خانەپاشای میری بابان هێرش دەکاتە سەر شاری "سنە" و دەیگرێ و دوایی‌یش وەك مەستوورە دەڵێ:

"لەو جێگایەی کە ئێستا باخێکە و نموونەی بەهەشتی بەرینە و نزیکی کۆشك و تەلاری مەرکەزی میرنشینە و بە فیردەوس بەناوبانگە، قوتابخانەیەکی بنیات نا و لەماوەدایەکی کورتدا، منارەیەکی جوانیشی لێ دروستکرد، تا سەردەمی فەرمانڕەوایی پڕ شانازیی ئەمانوڵڵاخانیش هەر مابوو و منیش دیتم، ئەمانوڵڵاخان لەبەرئەوەی بوونی ئەم منارە و ئاسەوارەی بە مایەی سەرشۆڕیی

٢٣- گەشتنامەی (ڕیچ)، لە لایەن نووسەری ئەم دێڕانەوە کراوەتە کوردی و تائێستا (٣ سێ) جار چاپکراوەتەوە.

٢٤-مەستوورە، مێژووی ئەردەڵان، ل٨٩ ـ ٩٠.

ئەردەڵانەکان دەزانی، وێران و خاپووری کرد و داری بەسەر بەردییەوە نەهێشت..."[28].

مەستوورە ساڵی ١٨٤٥ز دەستی بە نووسینی (میرنشینی ئەردەڵان) کردووە، کە لەم کاتەدا تەمەنی مەستوورە ٤٢ ساڵە و ئیتر دڵنیایە لەوەی لەو تەمەنەدا زەخیرەیەکی زۆری ئاگاداریی ڕاستەوخۆی لە ڕووداوەکانی سەرومڕی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدە هەیە و ئەم نیو سەدەیەش بۆ هەموو میرنشینەکانی کورد، ناسکترین قۆناغی وەرسووڕانە، لە هەموو ڕوویەکی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ڕووناکبیریی و دیاریکردنی چارەنووسیانەوە.

مەستوورەش وەك نووسەرانی پێش خۆی، هەر لە شاری سنەدا دەستی بە نووسینی "مێژووی ئەردەڵان" کردووە. کە شاری "سنە" نزیکەی (٢١٠) ساڵ پێش ئەم مێژووەی مەستوورە، وەك دوایین پێتەختی ئەردەڵان بنیات نراوە. بەڵام شاری "سنە" یەکەمین پێتەختی میرنشینەکە نەبووە، بەڵکو لە ماوەی نزیکەی (١٥٠) ساڵێکدا، (٤) جار مەڵبەندی دەسەڵات و پێتەختیان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، جێگەگۆڕکێ پێکردووە.

لە سەرەتادا لە (قەڵای زەڵم) (٥٦٤ك ـ ١١٦٨ز) و دواتر لە (قەڵای مەریوان) (٩٦٩ك ـ ١٥٦١ز) و دواییش لە (قەڵای پڵنگان) و دوای ئەمیش بۆ (قەڵای حەسەن ئاوا) و دوایین جاریش شاری (سنە)ی ئێستایان لە (١٦٣٦ز)دا دروستکرد و بە یەکجاریی تیایدا مانەوە.

مێژوونووسەکانی ئەردەڵان دەڵێن: نیاز لە ڕووخاندنی قەڵاکانی (زەڵم)، (پڵنگان) و (حەسەن ئاوا) لەبەر ئەوە بووە، تا ئیتر هیچ کام لە میرەکانی ئەردەڵان، نەتوانن لەکاتی سەرپێچی و یاخیبووندا، لە پاشاکانی ئێران، خۆیانی تێدا قایم بکەن.

٢٥- حەمەباقی، محەمەد، میرنشینی ئەردەڵان، بابان، سۆران، لە بەڵگەنامەی قاجاریدا، چاپ و پەخشی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٥، ل٣٠(پەراوێز). هەروەها: مستەفا ئەمین، نەوشیروان: لە پەراوێزی مێژووی ئەردەڵاندا، ل٦٦.

بەڵام ئەم قسانەیان بۆ دڵنەوایی و دڵنیاکردنی پاشاکانی ئێران نووسیوە، ئەگینا نیاز لەم جێگەگۆڕکێ و خۆ گەیاندنەوە ناو باوەشی ئێران، خۆ دەربازکردن بووە، لە سنووری دەسەڵاتی عوسمانی و دەستدرێژییەکانی پاشەڕۆژی(٢٦) و خۆپاراستن بووە لەو چەرمەسەریی و کارەساتە پڕ مەینەتییانەی بەسەر (وەك نموونە) میرنشینی "بابان"ی هاوسنووری میرنشینی "ئەردەڵان"یاندا هێنا.

چونکە ئەگەرچی هەڵکەوتی جیۆپۆلیتێکی قەڵەمڕەوی ئەردەڵان، شێوە نزیکایەتییەکی لەگەڵ قەڵەمڕەوی "بابان" بووە و لە ماوەی حوکمڕانی میرەکانی ئەردەڵاندا، تووشی گەلێ شەڕ و کێشەی گەورە و خوێناویی بوون، بەڵام بە درێژایی چەند سەدەیەك لە زۆر لایەنی کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسییەوە، لە چاو (بۆ نموونە) میرانی باباندا، ناوچەکەیان پارێزراوتر و ئارامتر و گەشەکردووتر بووە، لەبەر ئەوەی:

١ـ میرنشینی بابان زۆرجار لەگەڵ ناوەندی هەردوو دەوڵەتی ئێرانی و عوسمانیدا بە شەڕ هاتوون.

٢ـ میرنشینی ئەردەڵان بەلای زۆرەوە هەر لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا بە شەڕ هاتوون و لەمەشدا هەڵکەوتی ناوچەکەیان، ئەوەندەی ناوچەی میرنشینی بابان نەدەکەوتە سەرەڕێی لەشکرکێشیی شەڕ و بەیەکدا هەڵپڕژان.

٣ـ میرەکانی ئەردەڵان لەدوای خۆ خزاندنەوە ناو قەڵەمڕەوی ئێران، هەمیشە و ڕاستەوخۆ لە لایەن شایەکانی دەوڵەتی ناوەندییەوە فەرمانی بەڕێوەبردنی میرنشینەکەیان بۆ دیاریکراوە، کە ئەم شاهانەی ئێران ـ کەم تا کورتێك ـ شتێکیان لە مێژووی گەلانی ئێران و کلتووری ناوچەکانی گەلانی ئێران زانیوە، بەپێچەوانەی میرنشینگەلی کوردی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی، کە هەمیشە لە لایەن یەکێك لە والییەکانی مووسڵ و بەغداوە میرنشینیان بۆ دیاری دەکرا و زۆرینەی ئەو والییانەی مووسڵ و بەغداش، نەك هەر پێشتر لەناو کۆمەڵگای عوسمانیدا پەروەردە نەبوون و ئاگادارییان لە دابونەریت و کلتووری گەلانی ناو قەڵەمڕەوی ئیمپراتۆری عوسمانی نەبووە، بەڵکو خەڵکانی دەرەوەی قەڵەمڕەوی عوسمانی بوون

---

(٢٦) میرنشینی ئەردەڵان، بابان، سۆران ل٣٠ (پەراوێز)، هەروەها: لە پەراوێزی مێژووی ئەردەڵاندا، ل٦٦.

و بە هەموو کلتورێکی گەلانی عوسمانی، نامۆ و نەشارەزا بوون. کە دیارە ئەم دوو جۆر بەڕێوەبردنەش، لە هەردوو بارەکەی ناو ئێران و عوسمانیدا، کاردانەوەی خۆیان هەبووە و لە باری یەکەمدا: شایەکانی ئێران، ڕاستەوخۆ پردی پێوەندیی هەمەلایەنەیان لەگەڵ میرانی ئەردەڵانیدا هەڵبەستووە و هاتوچۆ و خزمایەتی و ژن و ژنخوازیشیان لەگەڵ یەکتردا کردووە، بەڵام لەباری دووەمدا: والییەکانی عوسمانی، لە ئاکامی کەمتر لە یەکگەیشتنیان لەگەڵ میرانی کورددا، هەمیشە شەڕ و ئاژاوەیان لەگەڵ یەکتردا هەبووە، هەر لەبەرئەمەش بووە، ئەو شەڕ و شاڵاوەی کە لە سەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی سەفەوی (١٥٠٢ ـ ١٧٣٦ز)ی شیعە مەزهەبەوە، بۆ سەر ناوچەکانی سوننی مەزهەب و دەوڵەتی عوسمانی دەکران و لەمەشدا زۆربەی کوردانی خۆرئاوای ئێران و قەڵەمڕەوی ئەردەڵانیشی دەگرتەوە و زیانی زۆری سەروماڵ، لە کوردانی سوننی مەزهەب دەکەوت. بەڵام دواتر و بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار، لەسەردەمی شا عەبباس (١٥٨٧ ـ ١٦٢٩ز) بەدواوە، هەندێ لە میران و سەرانی ئەردەڵان، بۆ دڵنەوایی دەوڵەتی سەفەوی و دواتریش بۆ دڵنەوایی دەوڵەتی قاجار، خۆیان و هەندێ لە دەست و پێوەندیان، دەبوونە شیعەمەزهەب و هەندێ جاریش ژن و ژنخوازیشیان لەگەڵ بنەماڵەکانی هەردوو دەرباردا دەکرد[٢٧] و بەمەش خۆیان لە شەڕی یەکێك لەو دوو دەوڵەتە (واتە: دەوڵەتی ئێران) دەپاراست و لەم بارەشدا دەوڵەتی عوسمانی، کەمتر توانا و دەرفەتی دەستێوەردان و ئاژاوەنانەوەی لە کاروباری ناوخۆی میرنشینی ئەردەڵاندا بۆ دەمایەوە.

٢٧- بەتایبەتیش لە خان ئەحمەد خان (١٦١٦ ـ ١٦٣٦ز)ی کوڕی هەڵۆخان کوڕی سوڵتان عەلی بەگەوە دەست پێ دەکات، کە جگە لەوەی مەزهەبی شیعەی پەسەند کرد و بووە شیعە، هاوکات "سەییدە بەگم"ی کچی شا عەباسی سەفەوی خواست، هەروەها: ئەمانوڵلاخانی گەورەی ئەردەڵان، کە خۆی "سەروناز خانم"ی کۆنە ژنی فەتح عەلی شای مارە کردووە و "حوسن جیهانی خانم"ی کچی فەتح عەلی شای قاجاری بۆ "خوسرەوخان"ی کوڕی خواستووە... دیسانیش "توبا خانم"ی کچی عەباس میرزایان بۆ "ڕەزا قولیخان"ی کوڕە گەورەی "خوسرەوخان" ـ ناکام ـ خواستووە.

ئەم نەریتەش وردە وردە و بەکاوەخۆ، گرژیی نێوان دەوڵەتی ناوەندی ئێران و میرنشینی ئەردەڵانی خاو دەکردەوە و لێرەوە ڕاگرتن، یان تێکچوونی ئارام و ئاسایشی قەڵەمڕەوی ئەردەڵان (زۆرتر) پابەند دەبوو بە هەلومەرجی شەڕ و ئاشتی خودی دەوڵەتی ناوەندی ئێرانەوە، چ لە ناوخۆ، لەسەر دەسەڵات، یان لەگەڵ هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و ڕووسیادا، نەك شتی تر.

بۆیە پەیڕەوکردنی ئەم سیاسەتە، لە لایەن میران و سەرانی ئەردەڵانەوە، بووە نەریتێکی چاولێکەریی بۆ (زۆربەی) میرانی ئەردەڵان و بەدرێژایی ئالۆگۆڕەکانی دەسەڵاتداریێتی دەوڵەتی ناوەندی ئێران، میرانی ئەردەڵان بە ڕەزامەندیی شاهەکانی ئێران دادەنران و لادەبران، تەنیا بۆ ماوەیەکی کەم نەبێت، کە لەگەڵ کەریم خانی زەند (١٧٠٥ ـ ١٧٧٩ز)دا نێوانیان باش نەبووە و دواتر ئەوەشیان چارەسەر کردووە[٢٨].

بە واتەیەکی تر، ئەم سیاسەتی خۆگونجاندن و خۆسازکردنەی میرانی بەرودوای ئەردەڵان، لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی ئێراندا، تەقەللا بووە بۆ گەڕان بەدوای ئارام و ئاسایش هێشتنەوەی میرنشینەکەیاندا. کە ئەم تەقەللا پشوو درێژە لەدوای دروستکردنی شاری "سنە"وە بۆ ماوەی نزیکەی چەند سەدەیەك بتوانن زەمینەی دابینکردنی ژیار و ئابووری و خوێندەواری و ڕووناکبیری و تەلارسازیی خۆش بکەن و لە مەیدانی ڕووناکبیریشدا میرنشینی ئەردەڵان، لە دوای میرنشینی "بتلیس"ەوە، دووەمین میرنشینی کوردین، کە مێژووی میرنشینەکەیان، بە تەقەللای چەند مێژوونووسێك بنووسرێتەوە.

هەر لە ئاکامی ئەم هەلومەرجەشدا مەستوورە لەناو تەلارە هەرە جوانەکانی سەرتاسەری کوردستاندا، دەستی بە نووسینەوەی "مێژووی ئەردەڵان" کرد، کە تەلارە شیرین و نازدارەکەی مەستوورە، هێشتا لە تەلارە قەشەنگ و بەرچاوەکانی ئێستای شاری سنەیە.

بەڵام میرنشینگەلی کوردی بندەستی عوسمانی، ببوونە مەیدانی پڕ لە دەستێوەردانی والییەکانی عوسمانی و سەرانی قاجاری لە کاروباری ناوخۆی هەردوو

---

٢٨ - میرنشینی ئەردەڵان، بابان، سۆران ل٣١.

میرنشینی بابان و سۆراندا (بەتایبەتی) و ئاژاوە و دووبەرەکی و شەڕی براکوژی نانەوە لەنێوان سەران و ئەندامانی بنەماڵەی بابان و شەڕی میرنشینی بابان لەگەڵ میرنشینی سۆراندا و بە هەموویشیانەوە ئۆقرە و ئاسایشیان لە قەڵەمڕەوکانیاندا نەهێشتبوو،بۆیە لە کاتێکدا (وەك نموونە) ئەمانوڵلاخانی گەورەی ئەردەڵان، داخوازیی نووسینی مێژووی میرانی ئەردەڵان لە: "محەمەد ئیبراهیم ئەردەڵانی"[٢٩] دەکات، هەر لەم سەروبەندەدایە، کە گەڕیدەیەکی وەك "کلۆدیوس جێمس ڕیچ" کاتێ لەبارەی مێژووی بنەماڵەی "بابان"ەوە، لەگەڵ "مەحموود پاشای میری بابان"دا دەدوێن، ئاوای دەگێڕێتەوە:

"ئەمڕۆ: ٧ی تشرینی یەکەمی ١٨٢٠ز، لەگەڵ مەحموود پاشای باباندا، کە باسی مێژووی کوردستانمان کرد، پێم بە جەرگی خۆمدا نا و سەرسامیی خۆمم بۆ باسکرد، کە بۆچی ئاگاداری تەواوی لە مێژووی بنەماڵەکەیان نییە!.

ئەویش بە نەزاکەت و سەنگینییەوە پێمی وت:

ئەو مێژووە شایستەی نووسینەوە نییە، چونکە مێژووی بنەماڵەیەکی دەسەڵاتدارە.

منیش پێم وت: بەڵام بنەماڵەکەیان مێژوویەکی دووری هەیە و شەرەفمەندن[٣٠].

هەڵبەتە وەڵامەکەی مەحموود پاشا، "ڕیچ"ی ئەو سەردەمە و ئێمەی ئەم سەردەمەیشی قایل نەکردووە، چونکە "ڕیچ" دەزانێ مەحموود پاشا و سەرانی بابان، بەهۆی سەرقاڵییانەوە بە شەڕ و ئاژاوەی ناوخۆیان و دەرەوە، ناپەرژێنە سەر ئاوەدانکردنەوەی هەرێمەکەیان و نووسینەوەی مێژووی میرنشینەکەیان، بەتایبەتی دوای مەرگی ئەوڕەحمان پاشا (١٨١٣ز)ی باوکی مەحموود پاشا، کە پێشتر "ڕیچ" ناسیوێتی و ئاگاداری زۆری لەبارەی فراوانخوازیی و هێرش و هەڵمەتە سەرکەوتووەکانییەوە هەبووە و ئێستاش نیشانەکانی لاوازبوونی و لەبەریەك هەڵوەشانی دەرکەوتووە.

---

٢٩ - واتە: خاوەنی: ژێل شرفنامە.

٣٠ - گەشتنامەی ڕیچ، ل٢٧٤.

بەڵام لێرەدا بۆ بەبیرهێنانەوە، دەبێ بڵێین: ئەم پرسیارەی "ڕیچ" لە مەحموود پاشای دەکات، دوای ئەو سەردان و دیدەنییەی "ڕیچ"ە، بۆ شاری "سنە" و دیدارێتی لەگەڵ ئەمانوڵلاخان و سەراسیمەبوونی "ڕیچ"ە، بە بینینی تەلارە ناوازە و نازدارەکانی ناو شاری "سنە"، کە هەر لەم سەفەرە درێژەیدا، بۆ میرنشینی ئەردەڵانی کردووە و هەر لەم سەفەرەشدا لای ئەمانوڵلاخان، نوسخەیەکی "شەرەفنامە"ی وەك "مێژووی کورد" وەرگرتووە[31] و هەر لەم سەفەرەیشیدا پێچەوانەی ئەم لاوازییەی مەحموود پاشا، لە دەسەڵات و توانای هەمەلایەنەی ئەمانوڵلاخاندا دەبینێ و دەڵێ:

"ئەمانوڵلاخان... خۆی سەرداری وەخت و خاوەن بڕیار و سیاسەتی ئێرانە..."[32] کە دیسان ئەم دەسەڵاتە بەهێزەی ئەردەڵانیش، لە ساڵی (١٨٢٤ز)دا بە مەرگی ئەمانوڵلاخان و لە جێ دانیشتنی خوسرەوخانی کوڕی و هاوسەری داهاتووی مەستوورە[33] دوایی دێت و لێرە بەدواوە، سەرەتاکانی لاوازیی و لەبەریەك هەڵوەشانی ئەم میرنشینەش دەردەکەوێ، بەتایبەتی دوای مەرگی خوسرەوخان (١٨٣٤ز) و دەستێوەردانی (حوسن جیهان)ی ژنی یەکەمی خوسرەوخان و ناکۆکی

---

٣١ - سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕەکانی: ١٨٩، ٢٠٦، ٢٠٣.

سەرنج: ئێستا نوسخەیەکی تورکی "شەرەفنامە" لە کتێبخانەی بەریتانیا پارێزراوە (Add.7860)، کە زەمانێك هی "ڕیچ" بووە و نوسخەیەکی تری فارسی لێیە (Add.22698)، کە "عەباس میرزا"ی وەلیعەهدی "فەتح عەلی شای قاجار" بە دیاریی بۆ ئەمانوڵلاخانی گەورەی ئەردەڵانی ناردووە. بەڵام ڕوون نییە ئەو نوسخەیەی کە "ڕیچ" لە ئەمانوڵلاخانی وەرگرتووە، یەك لەو دووانەیە، یان نوسخەیەکی ترە!. (بۆ زیاتر زانیاریی لەم بارەیەوە بنواڕە: سوڵتانی، ئەنوەر: دوو ذیلی شەرەفنامەی بتلیسی، چاپەمەنی بنکەی "ژین" سلێمانی، چاپی یەکەم، ٢٠٠٥، چاپخانە، شڤان، ل٨٥ (پەراوێز).

٣٢ - گەشتنامەی ڕیچ، ل١٩٩.

٣٣ - مەستوورە ساڵی ١٨٢٨ز بۆتە هاوسەری "خوسرەوخان" و ماوەی ٦ساڵ هاوسەری بووە و منداڵیشی لێی نەبووە و دواتر ماوەی ١٣ساڵ بە بێوەژنی لە حەرەمسەرای خوسرەوخاندا ماوەتەوە.

نێوان هەردوو کوڕەکەیان: ڕەزا قولیجان و غولاّم شاخان لە کاروباری میرنشینەکە، لەسەر دەسەلاّتی میرایەتی گرتنە دەست، کە مەستوورە کاتێ بە دووربینییەکی هۆشیارانەوە، ڕووداوەکان تاوتوێ دەکات، دەگاتە ئەو ئەنجامەی لە مێژووەکەیدا دەڵێ:

"ئیدی ئیدی و نەختە نەختە ئەم سەربزێویی و سەرسەختیی و گوێنەدانە، بوو بە هۆی ئەوەی شا (محەمەد شا: ١٨٣٥-١٨٤٨ز) پشتیان تێکا و ڕوویان لێ وەرگێڕێ و گوێیان ڕاکێشێ، تەنانەت دەتوانین بڵێین: "شا هاتە سەر ئەو بڕیارەی، کە بناغەی ئەم بنەماڵەیە، تێکدا و داری بەسەر بەردەوە نەهێڵێ"[٣٤].

بەلاّم هەر لەو سەروبەندەدا و پێچەوانەی لاوازبوونی ئەم دوو میرنشینەی بابان و ئەردەلاّن، لە سەرەتای (١٨٢٠ز) بەدواوە، سەرەتاکانی درەوشانەوە و فراوانخوازیی هەردوو میرنشینی "سۆران" و "بۆتان" بە فەرماندەیی میر محەمەدی ڕەواندز (١٧٨٨ ـ ١٨٣٨ز) و میر بەدرخان (١٨٠٣ ـ ١٨٦٩)،[٣٥] بۆ ڕزگاریی لە دەست زوڵمی عوسمانی دەردەکەون، کە دەوڵەتی عوسمانی، تەقەللاّی هەردوو میرەکە بە مەترسیی گەورە بۆ سەر خۆی دەزانێ و لە ڕێگەی لەشکرکێشی و هێرشەوە، بەرودوا (١٨٣٨) و (١٨٤٧) لەناویان دەبات.

ئەم ڕووداوانە و گەلێ ڕووداوی تری گرنگ، دەکەونە قۆناغی ژیانی مەستوورە. بۆیە ئەزموونی ژیانی مەستوورە، ئەزموونی قۆناغێکی ناسك و پڕ لە کارەسات و وەرسووڕان و چارەنووسسازی سیاسی کوردە. بەتایبەتی کە هەردوو ڕێکەوتننامەی یەکەم (١٨٢٣ز) و دووەم (١٨٤٧ز)ی "ئەرزڕۆم"ی نێوان ئێران و عوسمانی، دەکەونە قۆناغی نیوەی دووەمی ژیانی مەستوورە.

ئەم دوو ڕێکەوتننامەیە، لە دەمێکەوە بە ناوبژیی ڕووسیا و ئینگلستان، زەمینەی بۆ خۆش دەکرا و دوای تەقەللایەکی زۆر، گەیاندیانە ئەنجام، تا بە

٣٤ - مەستوورە، میرنشینی ئەردەلاّن، ل٢٣١.

٣٥ - بۆ زیاتر زانیاریی لەم بارەیەوە، بنواڕە: امارة بوتان في عهد الامير بدرخان، صلاح هروري، مطبوعات مؤسسة موكرياني اربيل، الطبعة الاولى، ٢٠٠٠.

هۆیەوە زەمینەش بۆ لەناوبردنی میرنشینەکانی کورد خۆش بکەن. لەم بوارەدا ئەم نموونەیە دەگێڕینەوە:

سەرەتای ساڵی ١٨٤٢ز عەلی ڕەزای والی بەغدا، مەحموود پاشای میری بابان لادەدا و ئەحمەد پاشای کوڕی سلێمان پاشای برازای مەحموود پاشای لە جێ دانا.

مەحموود پاشاش لە پاییزی هەمان ساڵدا بە خۆی و خاوخێزان و دەستوپێوەندەکانییەوە، پەنای بۆ ئێران، بۆ لای ڕەزا قولیخانی میری ئەردەڵان برد.

دوای ماوەیەك و هەر زستانی ئەو ساڵە، بردیانە تاران و سەردانی محەمەد شای قاجاریان کرد. (شا)ش پێشواز و خەڵاتی کرد و فەرمانی بە ڕەزا قولیخان کرد، تا لەشکر ساز بکەن و مەحموود پاشا بەخورتی بۆ سلێمانی بگێڕنەوە.

بۆ ئەمەش، هێرشی چەند قۆڵی و بەربڵاویان بۆ سەر قەڵەمڕەوی بابان و ناو شاری سلێمانی دەست پێکرد. بەڵام هێرشەکەیان سەرنەکەوت و مەحموود پاشا و والی ئەردەڵان، لە بەرامبەر هێرشێکی غافڵگیرانەی عەبدوڵڵا پاشای والی سلێمانی دا، بۆ سەر بارەگای هێزەکەیان لە "مەریوان" تێکشکێنرا.

دواتر، ئێران لەسەر ئەم هێرشەی عەبدوڵڵا پاشا، کە دەستدرێژیی بۆ سەر خاکی مەریوان کردووە و پێشێلی ماددەی یەکەمی پەیماننامەی ئەرزڕۆمی کردووە، شکاتی لای سەرانی عوسمانی، لە عەبدوڵڵا پاشا کرد. ئەوانیش بۆ بەغداد بانگیان کردەوە و ئەحمەد پاشای برایان لە جێ دانایەوە و دوای ماوەیەکی تر و چەندان ئاڵوگۆڕ و ڕووداوی تر، نەجیب پاشای بەغداد ـ کە لە جێی عەلی ڕەزا دانرابوو ـ لە ڕێگەی لەشکرکێشی و هێرشەوە، دەسەڵاتی میرایەتی بابانیان لێ سەندن و لە جێی ئەوان، کاربەدەستی خۆیان دانا.

هاوکات لەولاشەوە لە ئێران، لەسەر تێکشکانەکەی ڕەزا قولیخان ـ لە دەشتی مەریوان ـ محەمەد شای قاجار بیانووی لابردن و هەڵتەکاندنی میرنشینی ئەردەڵانی چنگ کەوت و دوای زنجیرەیەك ئاڵوگۆڕ، بڕیاریاندا خوسرەوخانی گورجی، وەك فەرمانڕەوای ڕاستەوخۆی قاجاری، بۆ "سنە" بنێرن.

ئەویش بەگەیشتنی بۆ شاری سنە، ڕەزا قولیخانی بە زنجیرکراوی بۆ تاران نارد. بەدوایدا دەستوپێوەندەکانی ڕەزا قولیخان و ئەمانوڵلاخانی برا بچکۆلەی، هەریەکەیان بەلایەکدا ئاوارە و پەرتەوازە بوون. کە مەستوورە و نزیکەکانیشی، لە

سەروبەندی تەواوکردنی "مێژووی ئەردەڵان"دا ـ بەر ئەم پەرتەوازەبوونە کەوتوون و لەگەڵ کۆمەڵێکی نزیك هەزار کەسیدا ـ بە ناچاریی ڕوویان لە شارەزوور و دواتر لە سلێمانی کردووە و هەر مەستوورەش خۆی، وردەکارییەکانی ئەم ڕووداوانەی سالانی دوایی قۆناغی هەرەسهێنانی هەمەلایەنەی ژیانی سیاسی، ڕووناکبیریی، کۆمەلایەتی هەردوو میرنشینی ئەردەڵان و بابانی، زۆر زیرەکانە و ئاگادارانە، بۆ مێژووی ئەردەڵان و بابان تۆمار کردووە و وەك ڕاستگۆترین شایەتحاڵێکی ئاگادار و هوشیاری ڕۆژگاری خۆی، دوا لاپەڕەکانی "مێژووی ئەردەڵان"ەکەی، بە دەم ئەم دوا کۆچە پڕ لە کارەساتەوە تۆمار کردووە[٣٦].

گێڕانەوەکانی مەستوورە لە "مێژووی ئەردەڵان"دا، هەروەك سەدان جار لەو گێڕانەوە و یادداشتکردنانە بە نرخترن کە لە بەڵگەنامەکانی قاجاری و عوسمانیدا هاتوون، لە هەمان کاتیشدا چارەنووسی میرنشینەکەی خۆیشیان: (ئەردەڵان) هەروەك ئەو جۆرە کەوتەوە، کە پێشتر هەر مەستوورە خۆی پێشبینی بۆ دەکرد و لە مێژووەکەی خۆیدات نووسیبووی:

"شا، واتە: محەمەد شای قاجار، هاتە سەر ئەو باوەڕی، کە بناغەی ئەم بنەماڵەیە تێکدا و داری بەسەر بەردەوە نەهێڵێ"[٣٧*].

---

٣٦ - بۆ زیاتر زانیاریی لەبارەی وردەکارییەکانی ئەم ڕووداوانە، بنواڕە:

ـ میرنشینی ئەردەڵان، بابان، سۆران لە بەڵگەنامەی قاجارییدا، محەمەد حەمەباقی.

ـ مەستوورە، میرنشینی ئەردەڵان.

٣٧ - مەستوورە، میرنشینی ئەردەڵان، ل٢٣١.

* گۆڤاری کۆڕی زانیاری کوردستان، ژمارە (٦)

نالی

و

مەستوورە

مەستوورە (**١٨٠٥ز ـــ ١٨٤٧ز**)، کە ناز ناوی ماهشەرەفخانم، کچی ئەبولحەسەن (**محەمەد بەگ**)ە و ئەگەرچی دیوانێکی شیعریی بە زمانی فارسی و چەند کتێبێکی مێژوویی، لەربارەی مێژووی ئەردەڵان و شەریعەتی ئیسلام لە دوا بەجێماوە[٢٩]؛ کەچی تا ئێستاش لای زۆربەی کوردناسانی خۆرهەڵات و خۆرئاوا و مێژوونووسان و نووسەرانی کوردش، زۆرتر هەروەك شاعیر باسدەکرێ. لە کاتێکادا شانازیی مێژووی فەرهەنگی کوردی، لەوەدایە کە نزیکەی (**١٨٠**) ساڵ لەمەوبەر، لە سەرتاسەری خۆرهەڵاتی ناوەڕاستادا، تاقانە ئافرەتێکە، مێژووی نووسیبێ.

هەرچەندە لە پاڵ دیوانە شیعرە فارسییەکەیدا، بڕە شعرێکی عروزئامێزی بە زمانی (کوردی)ش، بە ناوی مەستوورە ـــ وە، بڵاوبۆتەوە. وەك نموونەی ئەمجۆرە شیعرانەی، کە ئەمە سەرەتایەکەتی:

٢٩ لە وتاری دواتردا ناوی بەرهەمەکانی مەستورە دەنووسین.

گرفتارم، بە نازی چاوەکانی مەستی فەتتانت
برینددارم، بە تیری سینە سووزی نێشی موژگانت [٣٠]

لە کاتێکدا ئەم شیعرە، غەزەلێکی (**٧**) بەیتی شاعیری ناسراو:ئەمین ئاغای حەوێزی، واتا:ئەختەر (**١٨٣٩ ـــ ١٨٨٨**ز)ە[٣١]، بۆیە من دڵنیام ئەو شیعرە کوردییە عروز ئامێزانەی تریش کە تا ئێستا بە پاڵ مەستوورە دراون، شیعری مەستوورە نین؛ چونکە لە لایەکەوە ئەمجۆرە شیعرانە، جگەلەوەی (پیاو) وتوونی، لەلایەکی تریشەوە مەستوورە خۆی، لە مێژووەکەی خۆیدا، کە لە ئاخر و ئۆخری ژیانیشیدا نووسیوێتی، کەم و زۆر باسی ئەوە ناکات کە شیعری کوردی نووسیبێ، لە هەمان کاتیشدا، کە باس دێتە سەر مەستوورە و ئەدەبی کوردی، لە سەردەمی مەستوورە و لە ئەدەبی باوی ئەو سەردەمەی میرنشینی ئەردەڵان؛ دەبێ ئەوەمان لە یادبێ کە ئەو ئەدەبەی لەو رۆژگارەدا بە زمانی کوردی، لە جوگرافیای میرنشینی ئەردەڵان دا سەقامگیر بووە، ئەدەبی دیالیکتی گۆران بووە، کە بە کێشی خۆماڵیی، واتە: کە بە وەزنی هیجا (بڕگەیی) بووە، لەبەرئەوەی ئەم دیالیکتەی گۆران، زۆر لە پێش دروستبوونی شاری (سنە)شدا، زمانی (ئایین)یش بووە. چونکە ئەگەر کوردناسانی وەکو: (ئەلیکسەندەر ژابا، مارتن، هارتمان،

سەرنج:
ئەگەر هەندێ فاکت و پەرەگرافی ئەم وتارە و وتاری پێشوو لە یەکتر بچن، پێویستی وتارەکان وا بووە.

٣٠ مێژووی ئەردەڵان ـــ نووسینی: مەستوورەی کوردستانی ـــ گۆڕینی بۆ کوردی: دکتۆر حەسەن جاف و شکور مستەفا ـــ چاپی یەکەم ـــ بەغدا ـــ دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی کوردی لاپەڕە (٧) ـــ هەروەها: تأریخ مشاهیر کورد ـــ جلدی یەکەم ـــ تالیف بابە مردۆخ رۆحانی ـــ چاپ أول (١٣٦٤) ـــ انتشارات سروش ـــ ص (٣٦٧ ـــ ٣٧٢).

٣- بۆ زیاتر زانیاریی لەم بارەیەوە بنوارە:ئەختەر، شاعیری جوانیی و دڵداری، ئامادەکردنی ئازاد عەبدولواحید، هەولێر، چاپخانەی شارەوانی ١٩٧٦، لاپەڕە ١٦ ـــ ٢٣، ل.٥١

رۆژەلیسکۆ، لیرخ، فیلچیڤیسکی، رۆدینکۆ و ... هتد)، ئەوە بسەلمێنن کە ئەدەبی کوردی، لە سەرەتای دەست پێکردنیەوە، بە دیالیکتی باکوور دەستی پێکردبێ و بە تایبەتیش لە عەلی حەریری (سەدەی یانزەیەمی زایین)، ئەوا لەم دیالیکتەدا، (لە سەدەی دەیەمی زایین) و رەنگە پێشتریش، کتێبی (ماریفەت و پیرشالیاری زەرتوشتی)[٣٢] پێ نووسراوە، کە لە بارەی ئایینی (زەرتوشت)ەوەیە و دوای ئەمیش کتێبی ئایینی (سەرئەنجام)ی پێ نووسراوە، کە لەناو خەڵکدا، بە سروودی (یارسان)ناسراوە و کتێبی ئایینی (ئەهلی هەق)ە[٣٣]. لە پاڵ ئەمانیشدا وەك لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلامی چاپی ئینگلیزییەکەیدا هاتووە، (باباتاهیری هەمەدانی)ش، شیعری بە دیالیکتی گۆران، بۆ بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی ئەهلی هەق، لە ناو گۆرانە نەخوێندەوارەکاندا نووسیوە[٣٤]. جگە لەو (**٣٩**) شاعیرەی کە ئی. بی. سۆن، لەو وتارەیدا سەبارەت بە شیعری گۆران، لەسەری نووسیون و نموونەی لە (**٢٧**) شاعیریان هێناوتەوە، کە کاتی خۆی (د. سەعید سنەیی)، ئەم دەستنووسانەی پێشکەش کردون و ئێستا لە مۆزەی بەریتانی پارێزراون و هەمووشیان پێش ساڵی (**١٧٨٨ز**) ژیاون[٧].

ئیتر ئەم ئەدەبە، لە تەمەنی ئەم هەزار ساڵ بەخشینەیدا، بێ پشوو، بە تەوژم و تین و درەوشاوەیی هاتووە و بە دەم رەگ داکوتانی زیاترە وە هەر لە بە خشیندا

٤- داناى هەورامی ــــ پیرشالیاری زەردەشتی ــــ بەغدا (١٩٦٨ز).

٥- سرانجام (ماشەڵڵای سووری) چاپ اول، تاران (١٣٤٤ش) هەروەها:سرانجام(ایین یارسان)، پژوهش ونوشته طیب طاهری، انتشارات انستیتو فرهنگی کرد، سلیمانیە، چاپی اول، چاپخانە اراس، اربیل.٢٠٠٧

٦- لیریکای شاعیری گەورەی کورد (مەولەوی) ئەنوەر قادر محەمەد، ستۆکهۆڵم (١٩٩١) لاپەڕە (٣٢).

٧- مینۆرسکی (گۆران) وەرگێڕانی ناجی عەباس (گۆڤاری گەلاوێژ)، ژمارە (٥ ــتا ١٠) بەغدا (١٩٤٤ز).

سەرنج: ئەو (٢٧) شاعیرەی کە (ئی. بی. سۆن) لە بارەیانەوە نووسیوێتی، لە بنەڕەتدا لە دووتوێ کەشکۆڵێکدان، کە نموونەی شیعری (٣٩) شاعیری تێدایە، ئەم کەشکۆڵە ساڵی (١٩٩٨ز) لەلایەن کاك ئەنوەری سوڵتانی یەوە، لە بەریتانیا ئامادە و چاپ و بڵاوکرایەوە و دووبارە لە ساڵی (٢٠١٠ز)دا، لەلایەن (بنکەی ژین) لە سلێمانی چاپکراوەتەوە.

بووه، که کۆمەڵێك شاعیرانی گەورە و ناوداری ئەدەبی کوردی، هەر بەم دیالیکتە شیعریان نووسیوە، وەك: مەلا پەرێشان (سەدەی چوارەیەمی زایین) بێسارانی (١٦٤١ ــ ١٧٠٢ز)، صەیدی هەورامی (١٧٨٤ ــ ١٨٣٥ز)، میرزا شافیعی جامەڕێزی (١٧٨٥ ــ ١٨٤٨ز)، ئەحمەد بەگی کۆماسی (١٨٣٥ ــ ١٩٠٧ز)، مەولەوی تاوەگوزی (١٨٠٦ ــ ١٨٨٢ز)، میرزا قادری پاوەیی (١٨٣٥ ــ ١٩٠٧ز)...هتد، که ئەم بەردەوامییە، پێچەوانەی ئەدەبی دیالیکتی باکوورە، چونکە ئەگەر لە قۆناغەکانی دەرکەوتنی شاعیرانی وەك: فەقێی تەیران (سەدەی چواردەیەمی زایین) و مەلای جزیری (سەدەی پانزەیەمی زایین) و ئەحمەدی خانی (١٦٥٠ ــ ٦٢ز)دا لە لووتکەدابووبێ؛ ئەوا دوای ئەحمەدی خانی، ئیتر وزەی بەردەوامیی و درەوشاوەیی، وەك تین و تاوی پێشینەی نەما.

بەڵام ئەدەبی دیالیکتی گۆران، جگە لەو تەمەنە درێژەی و بەردەوامییەشی، ژمارەیەکی زۆریش داستان و چیرۆکی دڵداری پێ نووسراوە؛ که لە چاو داستان و ئەدەبی دیالیکتەکانی تری زمانی (کوردی)دا، یەکجار زۆرن و کەم وێنەن. بۆیە دەڵێین ئەم دیالیکتە، رەگ و ریشەی لە مێژینەیەکی زۆر کۆندا داکوتاوە و هەر ئەمیش بووە، بۆتە یەکێك لەو هۆکارانەی لە تەمەنی زیاتر لە شەش سەدەی میرنشینی ئەردەڵان دا، کردوویەتی بە زمانی رەسمی و ئەدەبیی ئەم میرنشینە و (هەر دەسەڵاتی سیاسی ئەم میرنشینەش، ئەدەبی بە دیالیکتی **گۆران** پێشخست و گەیاندییە لووتکەی داهێنان و گەشەسەندن)[٣٥]، بە رادەیەك که زەبر و دەسەڵاتی داهێنەرانەی ئەدەبی ئەم دیالیکتە، هەمیشە لە سنووری میرنشینی ئەردەڵانیشی تێپەڕاندووە و وەك (گۆران)ی شاعیر دەڵێ: (لە کاتی شکۆیدا، جار بووە سێ کوچکەی ناوەندی کەرکووك، هەمەدان و کرماشان هەمووی بگرێتەوە)[٣٦].

لە کاتێکدا شێوەزاری ئاخاوتنی دانیشتووانی ناوچەکانی کەرکووك و هەمەدان و کرماشان، هەردووکیان بە جیا، لە دیالیکتی گۆران جیاوازترە. کەچی ئەدەبی

---

٣٥ محمد أمين زكي (تأريخ الدول و الأمارات الكردية في العهد الاسلامي ــ ترجمة: محمد علي عوني (القاهرة) (١٩٤٥) صفحة (٢٧٦).

٣٦ یادی پیرەمێرد ــ وتاری مامۆستا (گۆران)، بەغدا ساڵی (١٩٤٥)، لاپەڕە (٧٨).

دیالیکتی باکوور، لەوپەڕی درەوشانەوە و دەسەڵاتیشیدا، لە سنووری ناوچەی دیالیکتی خۆی تێنەپەڕاندووە.

ئەم بەراوردەشمان ئەگەر هەر بەرامبەر دیالیکتی کرمانجی باکوور بووبێ، هی ئەوە بووە، کە دیالیکتەکانی تری زمانی کوردی، یان بەرهەمی ئەدەبیان زۆر کەم پێ نووسراوە، یان زۆر درەنگانێ کەوتنە بەخشین و درەوشانەوە؛ وەك ئەدەبی دیالیکتی باشوور (شێوەی سلێمانی)، کە بەرهەمی شیعریی، شاعیرانی سێ کوچکەی بابان: نالی و سالم و کوردی و هاوڕێکانیان؛ واتە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمی زاییینەوە، کەوتە بەخشین و خۆنواندن..و کەوتە رەواندنەوە و تەنگ پێهەڵچنینی سێبەری جوگرافیای ئەدەبی دیالیکتی گۆران، کە چەندان سەدە بوو، دەنگی دیالیکتی کرمانجی باشووری کپ کردبوو، کە وەك بەڵگە مێژووییەکان و دەقگەلی ئەدەبی دێرینە بۆمان دەسەلمێنن، ئەم دیالیکتەی کرمانجی خواروو لە کاتێکیشدا کە ئەدەبی نووسراوی دیالیکتی گۆران، لەو تەمەنە درێژەشدا سێبەری بەسەرەوە کردبوو، بەڵام ئەدەبێکی دەوڵەمەندی لە فۆلکلۆری بەیت و شیعری سەرزار، بە کێشە خۆماڵییەکان پێ نووسراوە.

بۆیە کە **نالی** و هاوڕێکانیان بۆ یەکجار ئەم دیالیکتەیان بۆ قوتابخانە عروز ئامێزەکەی خۆیان رام کرد؛ ئیتر ئەم دیالیکتە لە ماوەیەکی زۆر کورتدا، وەك ئاگرێکی بەتین، بە ئاقاری خۆیدا تەنییەوە و زۆر خێرا بۆ گەرمیان و کوێستان پەڕییەوە. کە لێرەدا پێویست دەکا ئەوە بڵێین: هۆی خێرا تەنینەوە و گەشانەوەی ئەم دیالیکتە بەر لە هەموو شتێك و لە سەروو هەموو شتێکەوە، (وەك چۆن دەسەڵاتی سیاسی میرنشینی ئەردەڵان، ئەدەبی بە دیالیکتی گۆران پێشخست و گەیاندییە لووتکەی داهێنان؛[37] هەر بەو جۆرەش پشتیوانی گەورە و بە هێزی میران و سەرانی میرنشینی بابان بوون، کە دراوسێی نزیك و تێکەڵاوی هەمەلایەنە و راستەوخۆی ئەردەڵانەکان بوون و بۆ چاولێکەریش لە میرنشینی ئەردەڵان، لەوەدا کە وەك وتمان: نزیکەی شەش سەدە، زمانی رەسمیی و ئەدەبییان، شێوەزاری **گۆران** بووە؛ بۆیە میران و سەرانی (بابان)یش، بۆ تەواوکردنی پێویستییەکانی

---

٣٧ لیریکای شاعیری گەورەی کورد (مەولەوی)، لاپەڕە (٣٨).

هاوسەردەمانەی پێتەختی تازەکەیان، کە تازە لە (قەلاچوالان)ەوە، بۆ سلێمانی گواستبوویانەوە (١٧٨٤ز)و لەبەرئەوەش کە ئاخاوتنی جەماوەری میرنشینی **بابان** تێکرا، بە شێوەزاری کرمانجی خواروو بوو؛ بۆیە پێکهێنانی شێوە زمانێکی هاوسەردەمانەی، بۆ ئەوەی ببێتە زمانی ئەدەبیی و رەسمیی، تایبەت بە میرنشینی **بابان**، بووە پێداویستییەکی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و ئەو بەرنامەیەی کە بۆ پێشخستنی میرنشینەکەیان، لەم پێناوەدا رەنگیان بۆ رشتبوو؛ هەر لە بانگهێشتنی زانایانی ئایینی و ئەدیبانی بە ناوبانگەوە، بۆ نیشتەجێبوون لە سلێمانی تازە پایتەختیاندا، تا خانەقا و قوتابخانە کردنەوە بۆیان، کە ئەم پشتیوانییە، هاندەرێکی بە گوڕ بوو، بۆ سەرخستنی ئەم بەرنامەیە.

هەرچەندە لە پاڵ ئەم پشتیوانییەشدا، قوتابخانە شیعرییەکەی **نالی** و هاورێکانی و بە تایبەتیش **نالی**، کە هاتە مەیدانەوە، بە دەسەڵاتێکی بەهرەمەندانەی شاعیرانەوە، بە شارەزاییەکی بەربڵاوەوە لە رەوانبێژیی عەرەبیدا. بە وردەکاریی و وشە ئاراییەکی پڕ پەرداخ و ئارایشی تازەکراوەوە، بە لێزانیی لە زمانی کوردی و دەسەڵاتی بەسەر شێوەزارەکانی تری رێزمانی کوردی و هونەری موتوربەکردنیاندا، بە ئەندازەیەك کە جێپەنجە و کاری **نالی** لە دیالیکتەی خوارووداا، گەیشتۆتە سنورێك، بە خۆی رەوا ببینێ و بەم دیالیکتە بڵێ:زمانی خۆکرد!.. ئەمانە هەمووی بوونە هۆی ئەوەی لە ماوەیەکی مێژوویی زۆر کورتدا، ببێتە شێوەزمانێکی مەودا بەرین و ئیقلیمگیر و سەرمەشق، بۆ تێکڕای نووسەرانی باشوور، بە جۆرێك کە سەرەڕای ئەوەی ئەم شێوەزمانە، لە چاو شێوەزمانی گۆران دا، زۆریش ساوابوو؛ بەڵام بە پێچەوانەی دیالیکتی (**گۆران**)ەوە، کە بە هەرەس هێنانی میرنشینی ئەردەڵان، زۆر بە خێرایی پووکایەوە، کەچی ئەدەبی دیالیکتی باشوور، دوای هەرەس هێنانی میرنشینی (**بابان**)یش، کە لەگەڵ هەرەس هێنانی ئەردەڵان دا هاوکات بوو، نەك هەر نەلەقی؛ بەڵکو لەتین و تەوژم و هەڵچوونی خۆی نەکەوت و بە سەرانسەری ئەو ناوچانەشدا تەنییەوە، کە پێشتر ئەدەبی دیالیکتی گۆران، دەسەڵاتی مێژینەی بەسەریاندا هەبوو. تەنانەت بە جوگرافیای گۆران نشینەکانیشدا بە رادەیەك تەنییەوە، کە وەك ئێستا دەیبینین، نووسەرانی ناوچەی (هەورامان)یش، هەر بە دیالیکتی باشوور دەنووسن.

بەڵام لە رۆژگاری ژیانی **مەستوورە** دا، هێشتا ئەدەبی دیالیکتی **گۆران،** لە گوڕ و گوژمی خۆیدا بەردەوام بووە و بە تایبەتیش کە ژیانی مەستوورە، هاوسەردەمی پۆلێك لەو شاعیرە گەورانەی ئەم دیالیکتە بووە، کە پێشتر ناومان هێنان و لە ناویشیاندا مەولەوی تاوەگوزی، کە بە دەسەڵاتی شاعیرانەی خۆی، ئەدەبی دیالیکتی (گۆران)ی گەیاندە چڵەپۆپەی داهێنان و زیاتر گەشانەوەی و لە هەمان کاتیشدا کە مەولەوی و مەستوورەش هەردووکیان هاوجوگرافیای ئەو هەرێمەن، کە دەسەڵاتی ئەدەبی دیالیکتی گۆران؛ نەك هەر سێبەری بەسەرەوە کردووە، بەڵکو هەر لەو بنەماڵەیەشدا، کە مەستوورەی تیدا ژیاوە، شاعیری وەك:غولامشاخانی (**١٨٢٢ ـــ ١٨٦٧ز**) زڕ کوڕی مەستوورە، شیعری بە دیالیکتی گۆران نووسیوە و نامەی شیعریی لەگەڵ مەولەوی دا ئاڵوگۆڕ کردووە.

بۆیە بێ سێودوو دەڵێین: ژیانی مەستوورە دەکەوێتە سەردەمێکەوە، کە دوو قوتابخانەی ئەدەبیی تێکڕا جیاواز، بە دوو شێوە دیالیکتی جیاواز، لە دوو ناوچەی هاووسنووردا، کەوتوونەتە ململانێ و بگرە گەرمەی سەرەتای تەنگ پێهەڵچنینێکی ئاشکرا؛ کە دیاردەکانی ململانێ و تەنگ بە یەکتر هەڵچنینەکە، لەسەرومری بنچینە و روخسار و ناوەڕۆکی هەردوو قوتابخانە ئەدەبییەکەدا، بە زەقی و بە تایبەتیش لە شیعرەکانی مەولەوی و نالی دا، رەنگیان داوەتەوە؛ کە هەر یەکەیان نموونەیەکی زۆر باڵای هەردوو قوتابخانە جیاوازەکەن. چونکە ئەگەر بۆ بەڵگەی سەلماندنی ئەم بۆچوونە، لە نامە شیعرییەکانی مەولەوی، کە لە دیوانە چاپکراوەکەیدان، و لەو (**٣٨**) نامەیەی وردبینەوە، کە لە بەرگی دووەمی یادی مەردان دا، چاپکراون، بۆمان دەردەکەوێ کە **مەولەوی** بەم هۆیەوە کە میراتگری ئەدەبێکی تەمەن درێژی تان و پۆ خۆمالییە، بە هیچ جۆرێك دۆستایەتی و نامە گۆڕینەوەی لەگەڵ ئەو شاعیرە کوردانەدا نییە، کە شیعرەکانیان بە کێشی عرووز نووسیوە و **نالی** سەردەستەیانە.

تەنانەت مەولەوی لەگەڵ شاعیرێکی گەورەی سۆفی و نەقشی مەشرەبی وەك:مەحوی (**١٨٣٢ ـــ ١٩٠٦ز**)یشدا، هیچ سەروبەندێکی نییە، لە کاتێکدا کە هەردووکیشیان سەر بە رێبازگەی (نەقشبەندی)ن و خەلیفەی بنەماڵەی شێخ

عوسمانی سیراجوددین (**١٧٨٠ ـــ ١٨٦٦ز**)ی ئەوێڵەن. هۆیەکەش هەر ئەوەیە کە (مەوحوی)ش شاعیرێکی سەر بە قوتابخانە شیعرییەکەی نالی و هاورێکانێتی.

بە هەمان پێودانیش، کە لە سەرتاسەری شیعرەکانی نالی ورد بینەوە، بۆمان دەردەکەوێ کە پلار و توانج و تەشەرێکی زۆر دەگرێتە ئەوانەی بەدرۆ! سەر بە (تصوف)ن. کە وەك دەشزانین زۆرینەی شیعری شاعیرانی دیالیکتی گۆران، بە رواڵەت! شیعری (تەسەوف و عیرفان)ە. جگە لە چەندان نموونەی تر، لە شیعری هەردوو قوتابخانە ئەدەبییەکە بەرامبەر بە یەکتر؛ وەك ئەو هەموو هەڵوێست و وەرگرتنەوەی مەحوی، بەرامبەر ئەوانەی کە هێرش دەکەنە سەر تەسەوف و عیرفان، یان ئەو لاقرتی و گاڵتە پێکردنە بێ پەردەیەی سالم (**١٨٠٠ ـــ ١٨٦٦ز**)، بە دیالیکتی گۆران و لەشکری (ئەردەڵان)یش، کە ئاخاوتنیان (گۆران)ە؛ وەك نموونەی ئەو قەسیدە درێژەی بە بۆنەی لە ئەستەمۆڵ هاتنەوەی عەبدوڵلا پاشای کوری سلێمان پاشا(**١٧٩٠ ـــ ١٨٣٨ز**)ی بابان، بۆ بە دەستەوەگرتنەوەی میرنشینی بابان، لە سلێمانی پایتەختدا، کە ئەمە سەرەتاکەیەتی:

تیرەوەش دێمە گوزەشت و عەهدی نیسان هاتەوە
بلبلی بێ دڵ لە دەوری گوڵ با فیغان هـــاتەوە

تا دەگاتە:

کەڕوفەر با کەم بکا، (والی)[38] بە فەوجی (چێش کەرۆ!)
پشت بەندی لەشکری وەندات و جافان هـــاتەوە[39]

---

٣٨ والی:مەبەست لە (رەزا قولیخان)ی والی ئەردەڵانە.

٣٩ د. فوئاد، کەمال شیعری بلاونەکراوەی سالم، گۆڤاری نووسەری کوردستان، ژمارە٢، ساڵی یەکەم١٩٨١، ل٤١ تا ٥٢.

له بەسەرکردنەوەی پێشینەی ئەم دوو قوتابخانە ئەدەبییە جیاوازە و ناوهێنانی مەستوورەدا، یەکسەر ئەو قەسیدەیەمان بیر دەکەوێتەوە، کە نالی (**١٨٠٠ ـــ ١٨٧٣ز**) لەسەر مەستووره نووسیوێتی. چونکە هەر کە ناوی مەستووره، یان (نالی)مان دێتە یاد، دەم و دەست ئەو قەسیدەیەمان دێتەوە یاد.

ئەم قەسیدەیەش لە سەردەمی نووسینەوە تا ئێستا، هەر جێی باس و خواس بووە و هەر زووش شاعیری گەورەی سابلاخ؛ وەفایی (**١٨٤٧ز ـــ ١٩١٦ز**) و دواتریش عەبدوڵڵا بەگی میسباح دیوان (**؟ ـــ ١٩١٦ز**)، چاویان لێکردووە و هەریەکەیان شیعرێکی بە پێودانی ئەم قەسیدەیەی نالی نووسیوە؛ کە شیعرەکەی وەفایی، قەسیدە بە ناوبانگەکەی (شیرین تەشی دەڕێسێ) [٤٠] و (میسباح دیوان)یش شیعرێکی درێژی پێنج خشتەکی نووسیوە؛ کە ئەمە سەرەتاکەیەتی:

دوێ شەو، شەوی شەنبە، کە لە شەمع و مەهو ئەختەر
ئاراســــتە بوو سەحنی ســــەراپــــەردەی ئەخزەر [٤١]

شایانی باسە، شیعرەکەی مسباح دیوان ئەوەندە ویستویەتی شوێن پێی **نالی** هەڵبگرێ و لاسایی بکاتەوە؛ جگەلەوەی هەر بە خەون دەست پێدەکات، دیسان بە هەمان وەزن، ناوی مەستوورەشی ئاخنیوەتە شیعرەکەیەوە:

گەنجینەی (مەستوورە) بەبێ خازەن و گەنجوور
ئایینەی بلوورە، بەبێ ســــــنعەتی مزدوور [٤٢]

---

٤٠ دیوانی وەفایی، لێکۆڵینەوەی محەمەد عەلی قەرداخی، چاپی یەکەم، چاپەمەنی کۆڕی زانیاری، بەغدا١٩٧٨، ل١٩٢ تا ١٩٨.

٤١ دیوانی ئەدەب (میسباح دیوان)، کۆکردنەوە، بەراوورد، ساغکردنەوە و فەرهەنگ بۆ نووسینی:محمد حەمە باقی، بڵاوکراوەی دەزگای ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٥، ل١٠٨

تا ئەو رادەیەی لە هەندێ جێگەی تری ئەم قەسیدەیەدا، وێنەی شیعریی و قافیەکانی هەمان (شیعری مەستوورە)ی نالی بە کاردێنێ:

وەك تازە هەڵوژێ کە لــە ناو دوو لقە دابێ
وا رێك گوشرابێ، کـــە لە دوو لاوە قوپابێ
هێندێکی قوپابێ و کـــــەمێکی قەڵەشابێ
قەڵشانێ، نەوا بێ کە بە چاو فەرقی کرابێ[٤٣]

لەم یەك دوو ساڵەی دواییشدا، کاك رێبوار سیوەیلی، بە بۆچوونی خۆی، لێکۆڵینەوەیەکی لە دوو توێی نامیلکەیەکدا[٤٤]، سەبارەت بە هۆی نووسینی ئەم قەسیدەیەی **نالی** نووسیوە.

ئێمەش، بۆ ئەوەی بتوانین لە نزیکترەوە بڕوانینە ئەم قەسیدەیەی نالی و هۆی نووسینی؛ پێویستیمان بە زیاتر نزیکبوونەوە هەیە، لە مێژووی ژیانی **مەستوورە** و لە نزیکەوە ناسینی سەردەمەکەی.

وەك لەسەرووتریشەوە وتمان سەردەمی ژیانی **مەستوورە**، هاوسەردەمی **مەولەوی** بووە، کە (مەولەوی)ش، هاوسەردەمی نالی بووە، کە بە هەمان شێوە مەستوورەش دەبێتە هاوسەردەمی **نالی**. بەڵام **مەستوورە**، **(٥)** ساڵ لە **نالی** بچووکترە، چونکە نالی ساڵی **(١٨٠٠ز)** لە دایك بووە و مەستوورە، ساڵی **(١٨٠٥ز)** لە دایك بووە و هەر لە شاری سنەشدا، لە باوەشی بنەماڵەیەکی بەرێز و ناودار و دەسەڵاتداردا گۆشکراوە؛ کە **محەمەد** ئاغای باپیری **مەستوورە**، لە

---

٤٢ هەمان سەرچاوە، ل١١٦.

٤٣ هەمان سەرچاوە، ل١١٧.

٤٤ رێبوار سێوەیلی، کتێبی نالی، چاپەمەنی دەزگای موکریانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر،٢٠٠١.

سەردەمی دەسەڵاتداریێتی ئەمانوڵڵاخان (**١٧٧٥ ـــ ١٨٢٤**ز)ی گەورەدا،، هەمەکارە و راوێژکاری ئەمانوڵڵاخان و **ناظری** صندوقخانەی میرانی **ئەردەڵان** بووە، کە جار جارەش بە هۆی ناکۆکی و ناتەبایی ریزەکانی ناو میرنشینەکە و بنەماڵەی (ئەردەڵان)ەوە، لە ئاکامی هەراو ئاژاوە کەوتنەوەدا، **محەمەد** ئاغای باپیری (مەستوورە)ش، لەو هەرایانە گلاوە و زۆر جاریش بۆتە دەستەی نەیارانی ئەمانوڵڵاخان و دووبارە ئاشتبوونەوەیان، کە دوای مردنی ئەمانوڵڵاخان و هاتنە سەرکاری (خەسرەوخان)ی کوڕی (**١٨٠٠ز ـــ ١٨٣٤ز**)، ئیتر دەلاقەی ئەو ناکۆکییانە گەورەتر بوون و بنەماڵەی (مەستوورە)ش وەك جاران کەوتوونەتە ناو یەکێك لە بەرەکانی ئەو پشێوییە و بە تایبەتیش بەرەی ململانێ و سەنگەرگرتن لە دەسەڵاتداریێتی خەسرەوخان! کە لە ئاکامدا و بۆ دڵنەوایی کردنی بنەماڵەی (ئەبولحەسەن)ی باوکی مەستوورە و بنبڕکردنی هەوڵوێستی دوژمنانەیان و ئاشتکردنەوەی یەکجارییان، لە ساڵی (**١٨٢٨ز**)دا، **مەستوورە** لە تەمەنی (**٢٣**) ساڵیدا بە خەسرەوخان دراوە[٤٥]. بەڵام تەمەنی پێکەوەژیانیان لەگەڵ (خەسرەوخان)ی هاوسەریدا، (کە منداڵیشی لێی نەبووە) هەر شەش ساڵی خایاندووە، چونکە خەسرەوخان لە تەمەنی (**٣٤**) ساڵیدا، بە نەخۆشی (جەرگ) کۆچی دوایی دەکا، کە ئیتر دوای جوانەمەرگبوونی، ناوی دەنێن، خەسرەوخانی ناکام و مەستوورەش هەر لە حەرەمسەرای بەجێماوی **خەسرەوخان** دا، ماوەی (**١٣**) ساڵی تر، بە بێوەژنیی دەمێنێتەوە. تا لە ساڵی (**١٨٤٧ز**)دا، دوای ئەوەی چرای میرنشینەکەیان بەرەو کوژانەوە دەچێ و بنەماڵەی **ئەردەڵان** دەسەڵاتیان لـێ زەوت دەکرێ، ناچار لەگەڵ کۆچێکی بە کۆمەڵی زیاتر لە هەزار کەسیدا، بە رێگەی مەریوان و شارەزووردا روو لە میرنشینی بابان دەکەن، بەڵام هێشتا بە دەم رێگەوە دەبن، کە نەخۆشی رشانەوەیان تێدا بڵاو دەبێتەوە و نەخۆش دەکەوێ و پاش ئەوەی ماوەیەکی کورت لە شاری سلێمانی دەمێنێتەوە؛ ئەمیش وەك

٤٥ مەستوورە، مێژوویی ئەردەڵان، سەرچاوەی پێشتر ناوبراو، ل١٩٤ ـــ ٢٠٤، ٢٣٦ ٢٣٢ ـــ ٢٣٨، ٣٣٧. هەروەها:تأریخ مشاهیر کرد، جلد یکم، ص٣٦٧ ـــ ٣٧٢.

هاوسەرەکەی جوانەمەرگ دەبێ و لە تەمەنی (**٤٢**) ساڵیدا کۆچی دوایی دەکا و لە گردی (سەیوان)ی شاری سلێمانی دەنێژرێ[٤٦].

* * *

قەسیدەکەی نالی دوو بەشە؛ کە بەشی یەکەمیان داخوازی و پرسیاری (مەستوورە)یە و بەشی دووەمیشیان هەڵوێست و وەڵامی (نالی)یە بۆ **مەستوورە**.

لە یەکەمین مەسرەعی سەرەتای قەسیدەکەدا **نالی** وەك (ئەدیب)ێك، نەك شاعیرێك، ناوی مەستوورە دێنێ، کە بەمجۆرە دەست پێ دەکا:

مەستوورە، کە حەسنا و ئەدیبە، بە حیسابێ!
هاتە خەوم ئەمشەو، بە چ نازێك و عیتابێ[٤٧]

کە ئەمەش بەڵگەیەکی زیندووە، دژی ئەو بۆچوونەی مەستوورە، وەك شاعیرێك ناودەبەن. چونکە (مەستوورە)ش، خۆی، لە مێژووەکەی خۆیدا (مێژووی ئەردەڵان)، کەم و زۆر باسی ئەوە ناکا، کە شیعری بە کوردی نووسیبێ.

بەڵام دوای ئەوەی نالی وەك (ئەدیب)ێك، ناوی مەستوورە، دێنێ؛ ئیتر دوای خوێندنەوەی یەکەمینجاری هەموو قەسیدەکە، بۆمان روون دەبێتەوە، کە مەستوورە، هێشتا کچە! لە کاتێکا وەك مەستوورە خۆی بۆمان دەگێرێتەوە، لە تەمەنی (**٢٣**)ساڵیدا، پێی هاویشتۆتە حەرەمسەرای (خەسرەوخان)ەوە!.. و تەمەنی (**٢٣**) ساڵیش بۆ تاقیکردنەوەی ئەدەبیی و بە تایبەتیش بۆ کچە کوردێکی وەك (مەستوورە)ی (پتر لە **١٧٠** ساڵ لەومبەر، لە شارێکی لە

---

٤٦ مەستوورە، مێژوویی ئەردەڵان، سەرچاوەی پێشتر ناوبراو، ل٢٣٦ ــ ٢٣٨، هەروەها:تأريخ مشاهير كرد، جلد يكم، ص٣٦٧ ـــ ٣٧٢.

٤٧ دیوانی نالی، مەلا عەبدولکەریمی مودەریس، بەغدا١٩٧٦، ل٦٠٣.

رادەبەدەر، داب و نەریت راگر و سەرپۆش لەسەری وەك (سنە)[48]دا... كە ئەگەریش سەروبەندێكی لەگەڵ كاروباری ئەدەب دا هەبووبێ، كە هێشتا كچە و لە ماڵە باواندایە؛ كەمتر دەنگی دەگاتە دەرەوەی ماڵی باوكی. بۆیە هێشتا بۆ ئەوە ناشێ كە شاعیرێكی گەورەی وەك نالی پێی بڵێ: ئەدیب!.

كەواتە دەبێ گەشانەوەی گوڵی ئەدەبیی **مەستوورە**، لە دوای ئەو قۆناغەوە بووبێ، كە بۆتە هاوسەری **خەسرەوخان**؛ یان بە واتایەكی تر، دەبێ لە دوای ئەو كاتەوە بێت كە دەبێتە میر كچێكی میرنشینی ئەردەڵانی و میرانی ئەردەڵانیش و بە تایبەتی(**خەسرەوخان**)ی هاوسەری **مەستوورەش**، یەكێك بووە لەو میرانەی كە دۆستی نزیك و راستەقینەی شاعیران و هونەرمەندان بووە و هەمیشە دیوەخانەكەی پڕ بووە لە ئەدیبان و هونەرمەندان و شەوانە، تا دەرەنگانێ كۆڕی ئەدەبیی و هونەریی، لە ماڵەكەیدا سازكراوە[49].

لەبەرئەوە من دڵنیام ئەم قەسیدەیەی نالی، هی قۆناغی دوای شووكردنی مەستوورەیە. كە دەبێ هەرواش بێ، چونكە **نالی** لە كاتێكا كە باسی كچێنی و رابردووی مەستوورە دەكا، دەڵێ:

دەعوای ئومەرا، چەندە لەسەر تەختی كرابێ
چەند خوێن كـــە رژابێت و چ خوێنی نەرژابێ[50]

لەم رووەوە، كاك (فاتیحی مەلا عەبدولكەریمی مودەریس)یش، رازێكی شاراوەی لە دوو توێی بەیتێكی بە توێكڵی ئەم قەسیدەیەی نالی دا هەست

---

٤٨ دیوانی نالی، ل٦٠٣.

٤٩ تحفەی ناصری ـــ تاریخ و جغرافیای كردستان، تألیف میرزا شكرالله سنندجی (فخر الكتاب)، مقابلە و تصحیح دكتر حشمت الله طبیبی، انتشارات امیر كبیر، چاپ اول، تهران١٣٦٦ش، ص٢٠٢ ـــ ٢٠٣، ٣١٠.

٥٠ دیوانی نالی، ل٦١٩.

پێکردووه، که دەبێته بەڵگه بۆ ئەم بۆچوونەمان و بەڵگەکەش نیشانی دەدات که **مەستووره**، له کاتی نووسینی ئەم قەسیدەیەدا، شووی به (**خەسرەوخان**) کردووه، نەك هێشتا کچ بێت[51]. که ئەمه بەیتەکەیه:

شەو، نائیم و قائیم، عەلـەمی (بابی رەزا) بێ
بێ دیده هەڵستێ، به مەثـەل، عەینی عەسابێ[52]

که **بابی رەزا**، باوکی (رەزا قولیخان)یش دەگەیەنێ، که کوڕە گەورەی **خەسرەوخان** بووه، له ژنه فارسەکەی: (حوسن جیهان)ی کچی فەتحی عەلی شای قاجار. کەواته؛ کۆکردنەوەی ناوی مەستووره، لەگەڵ **رەزا** دا، ئەوه دەگەیەنێ که مەستووره لەو سەردەمەدا ژنی خەسرەوخان بووه. له هەمان کاتیشدا دەبێ ئەوه بزانین که (رەزا قولیخان)ی کوڕە گەورەی (خەسرەوخان)یش، له ساڵی (**١٨٢٣ز**)دا له دایك بووه[53]. چونکه که (خەسرەوخان)ی **بابی رەزا قولیخان** کۆچی دوایی کردووه، رەزا قولیخان، تەمەنی (**١١**) ساڵان بووه. که وەك له قەسیدەکەی **نالیدا**،دەردەکەوێ، هێشتا (خوسرەوخان)یش له ژیاندایه. واته هێشتا خوسرەوخان، بابی رەزایه. که به گوێرەی ئەم مێژووه، دەبێ کاتی نووسینی قەسیدەکەی نالی، له نێوان ساڵانی (**١٨٢٨ ـــ ١٨٣٤ز**) بێت.

دیسان که نالی له هەندێ بەشی ئەم شیعرەدا، شێوەیەکی ناتەواوی (تەرجیع بەند) و (دەور)ی، به دووبارەکردنەوەی وشەی (قڵەشابێ)، بەکارهێناوه[54]، پشتیوانیەکی تره بۆ ئەوەی بڵێین له کاتی نووسینی ئەم قەسیدەیەدا، **مەستووره** (ژن) بووه، وەك نموونەی ئەم چەند بەیته:

---

٥١ دیوانی نالی، ل٧٣.

٥٢ دیوانی نالی، ل٦٢٣.

٥٣ دیوانی نالی، ل٦٠٣.

٥٤ دیوانی نالی، ل٦٠٥.

وەك خەیمە، بەپەردێکی دوو ئەستوونە بە پابێ
سەرتیلەکی نەختێ بە نەزاکەت قەڵەشـــــابێ
ل٦٠٩

کاسێکی بلووریني مخوونیی لـــەســـــــەرابێ
نەختێکی لەبەر مەوجی لە طافەت قڵەشـــابێ
ل٦١٠

لەو کانیەدا چووزەرە رێواســــــــــــێ رووابێ
بەوچووزەرە رێواسە، کەمێکی قڵەشـــــــــابێ
ل٦١١

یا قورصی نمەك هەروەکـــــو مەڕمەڕ بە ضـیـابێ
جێی قەطـرەیە ئاوێکی لەنێودا قڵەشـــــــابێ
ل٦١٣

حوقڤێکی زەڕی صافی لەســــــــــەر بانی نرابێ
نەختێکی بەسەد صەنعەتی (مانی) قڵەشــــابێ
ل٦١٤

چەسپیدەو و خڕ هەروەکـــــــــو بەر قالبی دابێ
نەختێکی لەبەر توندی یو سفتی قڵەشـــــابێ
ل٦١٥

خرچێکی مودەووەر، بە عەســــــەل ئاوی درابێ
نەختێکی لەبەر حوسن و حەلاوەت قڵەشـــــابێ
ل٦١٧

بۆ تەجرەبە، تا لەذذەتی شـــــیرینی ئەدا بێ
نەختێکی وەکو دیدەیی دەرزیی قڵەشـــــــابێ
ل٦١٨

* * *

هەرچەندە لەوەشدا کە **نالی** وەك ئەدیبێك ناوی **مەستوورە** دێنێ، بەڵام جۆرە لاقرتی و گاڵتە پێکردنێکیشی تێدایە. چونکە **نالی** وای لە قەڵەم دەدات کە گوایە؛ خەڵك وای دادەنێن کە **مەستوورە** ئەدیبە!!

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کە **نالی** گاڵتە! بە ئەدیب بوونی مەستوورە دەکا؛ لە هەمان کاتیشدا لە سەرتاسەری قەسیدەکە و بگرە لە هەموو بەیتێکیشدا ستایش و گەورەیی و دەسەڵاتدارێتی و شکۆی کەسایەتی مەستوورە باس دەکا و ئەوانەش کە دەستنووسی کەشکۆڵە دێرینەکانی دیوانی (نالی) یان نووسیوە و خوالێخۆشبوو (فاتیحی مەلا عەبدولکەریمی مودەریس)یش، کە دیوانی نالی ئامادەی چاپکردووە، هەر پێیان وایە کە قەسیدەیەکی ستایش ئامێزی مەستوورەیە، چونکە (تێکرا لە چوارچێوەی پیاهەڵ وتن و شان شکۆ پێدانا دارێژراوە)[٥٥].

دەعوای ئومەرا، چەندە لەسەر تەختی کرابێ
چەند خوێن کـــە ڕژابێت و چ خوێنی نەڕژابێ
ل٦١٩

---

٥٥ هەندێ لەو مامۆستا بەڕێزانەش کە دیوانی دەستنووسی (نالی)یان بەلاوەبووە و لەسەر هەر یەکێ لە شیعرەکان، سەرنج ئاماژەیەکیان لەسەر نووسیوون، پێیان وایە ئەم قەسیدەی نالی، لە (ستایش)ی مەستوورەدا نووسراوە. بۆ زیاتر زانیاریی لەمبارەیەوە، بنواڕە:دیوانی نالی، ل٦٠٤.

کەواتە دەبێ مێژووی نووسینی قەسیدەکە، هەروەك چۆن وتمان هی دوای شووکردنی (مەستوورە)یە؛ لە هەمان کاتیشدا هی پێش ئەوە سەردەمەیە کە بنەماڵەی میرنشینی ئەردەڵان، دەسەڵاتیان لە دەستدا نەماوە و بە ناچاری و بە کۆمەڵ، روویان لە میرنیشینی بابان کردووە، کە دیارە ئەم سەردەمەش زۆر کورتە و ئەوەندەی بەبەرەوە نەبووە **مەستوورە** ماوەیەك لە سلێمانی پێتەختی (بابان)ەکاندا بژی و لەوێ لە دیوەخانی میران و کۆڕ و دانیشتنی ئەدەبیدا، لەگەڵ **نالی** دا سەر و پێوەندێکیان هەبووبێ. بەڵکو وەك زانیمان مەستوورە، لەم کۆچە زۆر نالەبارەدا، نەخۆش و ئاوارە و لێقەوماو بووە، کە داب و نەریتی کوردەواریش، رێگە بەوە نادا لەمجۆرە کاتانەدا قەسیدەی وا لەبارەی ئافرەتێکی بێ دەرەتان و میوانی وەك مەستوورەوە بنووسرێ، چونکە مەستوورە وەك خۆی لە مێژووەکەی خۆیدا دەیگێڕێتەوە: هەر کە گەیشتبوونە شارەزوور و پێیان ناوەتە سنووری میرنیشینی بابانەوە، عەبدوڵڵای پاشای کوڕی سلێمان پاشای میری ئەو کاتەی بابان (رێ و رەسمی پێشوازی لێکردنیانی بەجێ گەیاندووە)[٥٦].

کە وتیشمان مێژووی نووسینی قەسیدەکە، لە نێوان سالآنی (**١٨٢٨ز تا پێش ١٨٣٤ز**)یە، ئەوا مەستوورە، میرژنە و لە لووتکەی دەسەڵات و ناز و نیعمەتدایە. هەر بۆیەش سەرتاسەری قەسیدەکە (وەك خۆپاراستنێك لەو دەسەڵاتە) باسی خەونێك دەکا و.. خەونیش گومرگی لەسەر نییە...

بە هەمان شێوە، (نالی)ش لە قەسیدەکەیدا، کە باسی خۆی دەکات، وەك کەسێکی گەورە و بە توانا و بلیمەت و بە دەسەڵات، ئاماژە بۆ خۆی دەکا:

هەر مەسئەلە بیکرێ، کە بە تۆ شـەرحی کرابێ
مومکین نییە کەس دەخـــڵی بکا، چین و خەتابێ
ئەم شاریحی تەشـریحە، دەبێ هەیئەتی چابێ
هەم شاریح و هـــەم جاریح و موضیحە گوشابێ
ل٦٠٦

---

٥٦ مەستوورە، مێژوویی ئەردەڵان، سەرچاوەی پێشتر ناوبراو، ل٢٣٧. هەروەها: تحفەی ناصری، ص٢١٠.

رێی حورمەت و بێ حومەتیی هەرگیز نە کوتابێ
چـــەنـــد ناوی رژابێت و چ ناوێ نــــەڕژا بێ
ل٦٢٥

*** * ***

لەبەرئەوە دەبێ (نالی)یش کاتێ ئەم قەسیدەیەی نووسیبێ، کە لەوپەڕی لەخۆ رازیبوون و دەسەڵاتی شاعیرانە و بە خۆنازیندایە و .. هەر ئەو سەردەمە بێت، کە (نالی)ش هێشتا ئاوارەبوون و لێقەومان و دوورکەوتنەوەی لە خاکی نیشتمان نەچەشتووە و لە نیشانەکانی بە خۆنازینەکانیشیدا دەردەکەوێ کە **نالی** وەك تەمەنیش، هێشتا لە هەڕەتی لاوێتی و لەخۆ ڕاپەرمون و گەشە و هیوای ژیاندایە. بە پێچەوانەی ئەو چەند شیعرەوە، کە لە ئاوارەییدا نووسیونی و بە ئاسانی بۆن و بەرامەی پەککەوتن و بێ دەرەتانییان پێوە دیارە. وەك نموونەی ئەم چەند شیعرەی:

وەی کە روو زەردی (مەدینە) و روسیاهی (مەککە) خۆم
دەرکراو و دەربەدەر، یــــاڕەب دەخیلی عەفووی تـــۆم
ل٢٩٩

ئەی تازە جوان! پیرم و نوفتادە و کـــــــــەوتووم، تا مـــــاوە حـــەیاتم
دەستێ بدەرە دەستی شکستەم، کە بەســــــەرچووم، قوربانی وەفـــــــــاتم
ل٢٦٤

یان کە لە شام ـــــ ەوە بۆ سالم ـــــ ی هاوڕێی دەنووسێ:
زارم وەکو خیلال و نەحیفم وەکـــــو خەیاڵ
ئایا دەکەومە زار و بە دڵدا دەکەم خوتور؟
ل١٩٦

* * *

بۆیه بۆ بەراوورد راگرتنی هەردوو سەردەمی ژیانی نالی و مەستوورە ــــ که هاوسەردەمی یەکترن ــــ و ئەو رۆژگارەش که وەك وتمان (نالی)ش ئەم قەسیدەیەی تێدا نووسیوە، سەردەمی گەشانەوەی شاعیرێتی (نالی)یە، که وەك ئاکام، خودی قەسیدەکە ئەو پرسیارەمان لا بەجێ دەهێڵێ:

بۆچی **نالی** ئەم قەسیدەیەی لەسەر مەستوورە نووسیووە؟!

له وەڵامدا، بەو هۆیەوە که باس و خواسەکانی ناو دیوەخانان و دانیشتنه ئەدەبییەکانی ئەو رۆژگارەمان لەبەر دەستدانییە! بۆیه هەر ئەوەندەمان له دەست دێت، شوێن لێکدانەوە و بۆچوونی خۆمان بکەوین و بڵێین پێش هەر لێکدانەوە و بۆچوونێك، دەبێ ناسینەوەی **نالی**، له پەنجەرەی شیعرەکانی خۆیەوە دیاری بکەین و له سەرلەبەری شیعرەکانیشیدا، ئەم ئەنجامگیرییەمان دێته بەر هەست، که **نالی** سەرەرای شاعیرێتی و دەسەڵاتی داهێنەرانەی دەگمەن و کەم وێنەی، له هەموو بوارەکانی شیعردا، بەڵام **نالی**؛ مرۆڤێکی خوێن گەرم و دڵ و هەست زۆر ناسکە؛ به رادەیەك که بچووکترین و ناسکترین ئازاردانی؛ گەورەترین ئازاری پێگەیشتووەو هەڵچووە و هاتۆته دەنگ. که ئەم دیاردەیه لای (مەحوی)ش هەروایه. بەڵام لای شاعیرێکی گەورەی وەك مەولەوی به پێچەوانەوەیە. واته نالی بچووکترین نیشانەی درشت و زبری دەوروپشتی، هەستی رووشاندووە و ئازاری پێگەیاندووە و به دەم ئازاریشەوە هەستی خۆی به شیعر دەربڕیوە؛ به تایبەتیش بەرامبەر ئەوانەی دڵە پڕ شیعرەکەیان رەنجاندووە و ویستوویانه له شکۆی شاعیری و له شکۆی کەسایەتی کەم بکەنەوە:

ئەم سەرســـــەری بازانه، کەوا هەمســـــەری بوومـــن
موشکیل بگەنه ســاعیدی شـــــــاهێکی وەکــو من
ل٣٣١

شیعری خەڵکی کەی دەگاتە شیعری من بۆ ناســـکی!
کەی لە دیققەتدا، پەتك دەعوا، لەگەڵ هەودا دەکا؟
ل١٠٧

کەس بە ئەشـــعارم نەڵێ خۆ کـوردی یە، خۆکردییە
هەر کەســـێ نادان نەبێ، خۆی تالبی مەعنا دەکـا
ل١٠٧

سایەیی پایە وەکو باڵی هوما و بازی ســـــــپیم
نەوەکو بوومی قەدەم شووم و نەهەمرەنگی قەلـــم
ل٢٨٩

ئەو گەوهـــەری نوکتە، کە لە نـــالی دەدزن، خەڵق
ئـــاوی نییە، وەك ئاگـــری بێ شـەوقی دزانە
ل٤٨١

لێم حەرامە دانە و ئاوی حەمـــامـــاتی حـــەرەم
من کە بازی دیدە بـازم، نەك شەوارەی دەســـتەمۆم
ل٣٠١

* * *

ئەم نموونانە و نموونەی زۆرتری لەم بابەتەی نالی، ئەوە دەسەلمێنن کە ئەگەر چەند وەڵامێك بۆ هۆی نووسینی ئەم قەسیدەیە هەبێ؛ ئەوا (یەکێك) لەو وەڵامانە، (کە بەلای منەوە وەڵامێکی لاوازە) ئەوەیە کە بڵێین: دەشێ **نالی** لە ئاکار و قسە و توانجێکی **مەستوورە** بێزار بووبێ و بەو جۆرە نالی وەڵامی دابێتەوە!..ئیتر ئەو ئاکار و قسە و توانجەی **مەستوورە**، چۆن بووبێ و لە کوێ و

کەی لە چ دیدار و کۆڕ و کۆمەڵێکدا، لەگەڵ **نالی** دا، یەکتریان دیبێ..یانا؟!..ئەمانە هەمووی جێی پرسیاری بێ وەڵامن. چونکە وەك پێشتر وتمان: دیوەخانی (خەسرەوخان)ی **ئەردەڵان** و دواتریش (دوای مردنی خەسرەوخان)، هەمان دیوخان، هەر مەڵبەند و ژووانگەی کۆڕی ئەدیبان و هونەرمەندان بووە و دیسانیش هەر لە شاری (سنە)ی پێتەختی **ئەردەڵان** دا،، مزگەوتی بەناوبانگی (دارالاحسان)یش، کە لەسەر فەرمان و لە سەردەمی:ئەمانوللاخانی (**١٧٦٤ ــــ ١٨٢٤ز)** گەورە و خەزووری **مەستوورەدا** دروستکراوە؛ مەڵبەندێکی درەوشاوەی ئایینی و زانستی بووە و زانایان و ئەدیبان و رووناکبیران، لە هەموو لایەکی کوردستانەوە روویان تێکردووە. ئیتر ئەگەر (نالی)ش وەك زۆر لەو ئەدیب و شاعیرانە، رێی کەوتبێتە دیوەخانی خەسرەوخان، یان مزگەوتی دارالاحسان و لەلایەن خەسرەوخان، یان (مەستوورە)ەوە رێزی شیاوی خۆی، وەك پێویست لـێ نەگیرابێ و دڵی رەنجێندرابێ؛ ئەمەشیان جێی لـێ وردبوونەوەیە. یان وەڵامی ترە بۆ پرسیارە زۆرەکان، کە لەم بوارەدا بەڵگە و نموونەی شیعری (نالی)مان لەبەر دەستدا نییە؛ ئاماژە بۆ ئەوە بکەن کە لە سنەدا ژیابێ. بە پێچەوانەی (سالم)ی هاوڕێی (نالی)یەوە، کە وەك لە دوتوێی شیعرەکانیدا دەردەکەوێ، ماوەیەك بە ئاوارەیی لە (سنە)دا ژیابێ و بە خەمێکی زۆرەوە، لە زۆر شیعریدا، باسی ئەو رۆژانە دەکا[٥٧]، وەك نموونەی ئەم شیعرانە:

فەرەح دێنێتە خاتر، گە (ســــــــەنەندوج)
لە دڵمایە خەفەت، وەك شــــــــاخی (ئارێز)
چ بڵێم! حاڵەتی دڵ چۆنە لە هیجرانا (ســالم)
صەحنی گوڵزاری سەنەندوج، وەکو زیندانی منە

دیسان وەڵامی بە هێزی تریش بەلای منەوە، بۆ بەردەم ئەم پرسیارانە ئەوەیە، کە وەك بە شیعرەکانی (نالی)دا بۆمان دەردەکەوێ، نالی لە سەران و میرانی

٥٧ دیوانی سالم، چاپی دووەم، چاپخانەی کوردستان، هەولێر، (١٩٧٢)ـ لاپەڕە (٧٢ ــــ ١٣١).

(بابان)یش نزیك بووە و دۆستایەتی لەگەڵ سلێمان پاشا(**١٧٩٠ ـــ ١٨٣٨ز**)[٥٨] ی کوڕی ئەوڕەحمان پاشای **بابان** و دواتریش لەگەڵ ئەحمەد پاشای کوڕی سلێمان پاشای **بابان** دا هەبووە. چونکە شیعری زۆر بە کوڵ و بە سۆزی بۆ کۆچی دوایی یەکەمیان و لەسەر تەخت دانیشتنی دووەمیان نووسیوە، کە ئەمە سەرەتای نموونەی ئەو شیعرانەیە:

تا فەلەك دەورەی نەدا ـــ سەد کەوکەبی ئاوا نەبوو
کەوکەبەی میهری موبارەك، تەلعەتی پەیدا نـەبوو   ل٣٧٠

هودهودی دڵ، حەپسی بەلقیسی سەبای دیوە یەقین
خۆی کە دامێن گیری شاهی ئاسەفی ثانی دەکـــات   ل١٠٥

*   *   *

هەروەها شیعری بۆ سوپاکەی ئەحمەد پاشای کوڕی سلێمان پاشای **بابان** نووسیوە، کە بەمجۆرە دەست پێدەکا:

---

٥٨ گەڕیدەی ناسراوی بەریتانی:کلودیوس جێمس ریج، کە ساڵی (١٨٢٠ز) سەردانی شاری سلێمانی کردووە و لە نزیکەوە چاوی بە سلێمان پاشای بابان کەوتووە، دەڵێ لەوکاتەدا(سلێمان پاشا)، تەمەنی (٣٠) ساڵان بووە. هەروەها (نالی)ی شاعیریش کە بە بۆنەی کۆچی (سلێمان پاشا)ەوە شیعری نووسیوە، مێژوویی مەرگی ناوبراوی لە ساڵی (١٨٣٨ز) نووسیوە. بۆ زیاتر زانیاریی لەمبارەیەوە بنواڕە:گەشتنانەی ریج بۆ کوردستان، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە بۆ کوردی:محەمەد حەمە باقی، چاپی سێیەم، چاپەمەنی ئاراس، هەولێر٢٠٠٢، ل١٣٢. هەروەها دیوانی نالی، شعیری:تا فەلەك دەورەی نەدا، سەد کەوکەبی ئاوانەبوو ـــ ل٣٧٠.

ئەم تاقمە مومتازە، کەوا خاسسەیی شـاهن
ئاشوبی دڵی مەملەکەت و قەلبی سوپاهن   ل٣٤٠

* * *

ئەم دۆستایەتییەش لەگەڵ ئەم میرانەدا، ئەوەمان بە بیردا دێنێ، کە زۆرجار لە کاتی هەڵوێست وەرگرتنی ئەم میرانەدا، بەرامبەر بە رووداوێك، یان بەرامبەر بە میرێکی تر؛ بە تایبەتیش بەرامبەر میرانی **ئەردەڵان**، کە هەندێ جاریش بەیەکدا هەڵپژاون، وایان لە نالی کردبێ، بۆ پشتیوانیی لە میرانی **بابان**، بە نیازی سووکایەتی کردن بەرامبەر بە میران و سەرانی **ئەردەڵان**، ناوی ئافرەتێکی ناوداریان بهێنێ؟!. چونکە لەم بوارەدا، نەك هەر نالی، بەڵکو هاوڕێکانیشی لە روانگەی بەرگریی و خۆشەویستیی میران و میرنشینی (بابان)ەوە، کەوتوونەتە سەنگەری بەرەی **بابان** و هەڵویست وەرگرتن لە تێکڕای رووداوەکانی ئەو رۆژگارە؛ وەك نموونەی ئەو شیعرەی **سالم**، کە پێشتر نووسیمان و ئەو شیعرەی شێخ رەزای تاڵەبانی (**١٨٣١ ـــ ١٩١٠ز**)، کە سەبارەت بە شەڕێکی نێوان عەبدوڵا پاشای بابان و (رەزا قولیخان)ی کوڕی (خەسرەوخان)ی میری **ئەردەڵان**، نووسیوێتی و بە لاقرتییەوە باسی تێکشکانێکی لەشکری **ئەردەڵان** و بە ستایشەوە سەرکەوتنێکی سوپای **بابان** بەسەر سوپای ئەردەڵان دا دەکا:

کە عەبدوللا پاشا لـــەشکری (والی ســــــنە)ی شـــــڕ کرد
(رەزا) ئەو وەختە عومری پێنج و شەش، طیفلی دەبوســـتان بوو[٥٩]

بەڵام وەڵامی لە بارتر، بۆ سەرجەمی ئەو پرسیارانە، لەو بوارەدا کە لە پێشەکی ئەم چەند لاپەڕەیەدا ئاماژەمان بۆ کرد؛ ئەویش بواری ململانێ و تەنگ بە یەکتر هەڵچنینی هەردوو قوتابخانەی جیاوازیی ئەدەبیی **گۆران** و دیالێکتی **باشوورە**؛ کە لە قوتابخانە شیعرییەکەی نالی

٥٩- دیوانی شێخ رەزای تاڵەبانی، ساغکردنەوە و شەرحی:شوکور مستەفا، چاپەمەنی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر٢٠٠٠، ل٨٧.

و هاوڕێکانیدا خۆی دەنوێنێ و نالی سەردەستەی ئەو قوتابخانەیە و ئەو ململانێ و زۆرانبازییە دژوارەیە، کە سەردەمی ژیانی مەستوورەش، هاوکاتی سەرهەڵدان و گەرمەی باس و خواسی ئەم قوتابخانە شیعرییەی نالی بووە و هەڵبژاردنی ناوی مەستوورەش، لەلایەن **نالی** یەوە، بۆ سووکایەتی پێکردنی میران و سەرانی ئەردەڵان بووە؛ کە باوەش و پەناو سێبەری دێرینە و ڕاستەوخۆی ئەدەب و ئەدیبانی دیالێکتی **گۆران** بوون و..لەمەش زیاتر، بۆ ئابڕووبردنیان بووە، کە ڕاستەوخۆ سووکایەتی بە ناوی ئافرەتێکی بە ناوبانگ و بە شان و شکۆی وەك **مەستوورە** بکا، کە بەڕای من **مەستوورە**، ڕەمزی سەربلّندیی و ناوبانگی ئەو کاتەی میرانی **ئەردەڵان** بووە؛ **چونکە** جگەلەوەی بنەماڵەی **مەستوورە** هەمیشە ناودار و دەسەڵاتدار و سەرکەش بوون. لە هەمان کاتدا مەستوورەش خۆی، **خانمێکی** هێژا و هەڵکەوتوو بووە. هەر بۆیەش بەسەر (حوسن جیهان)ی کچی فەتح عەلی شای قاجاردا، کە یەکەمین هاوسەری **خەسرەوخان** بووە؛ بۆتە دووەمین هاوسەری **خەسرەوخان**، بەمەشدا دیارە ئەگەر **مەستوورە**، شایانی ئەوە نەبووایە، ئەوا لەقکردنی پلەوپایەی (حوسن جیهان)، هەروا شتێکی ئاسان نەبووە؛ کە لەو ڕۆژگارەدا فەتح عەلی شای قاجار (**١٧٩٨ ـــ ١٨٣٤**ز)، تاقانە شایەك بووە، لە سەرتاسەری خۆرهەڵاتی ناوەراستدا، حسابی گەورە و تایبەتی لەسەر کراوە.

جگە لەوەی لایەنی گرنگیش لە کرداری نالی دا، ئەوەیە کە زۆر بە دەگمەن و دژوار، ناوی کەسێك لە شیعرەکانیدا بهێنێ، مەگەر ئەو کەسە زۆر ناودار و گرنگ بێت. چونکە لەو قەسیدە درێژەشدا، کە لە (شام)ەوە بۆ (سالم)ی نووسیوە؛ ئەگەر سالم خۆی، بەو قەسیدەیە درێژە، وەڵامی نالی نەدابایەتەوە، نەماندەزانی کە ئاخۆ قەسیدەکەی **نالی**، بۆ (سالم)ە، یانا؟!..ئەگینا نالی خۆی لە قەسیدەکەدا، ناوی کەسی نەهێناوە. بۆیە ئەگەر مەستوورەش، زۆر گەورە نەبووایە، نالی ناوی نە دەهێنا. کاتێکیش ناوی هێناوە (وەك لە سەروتریش وتمان)، لە وێناکردنی (خەونێکدا) ناوی هێناوە،چونکە وەك وتمان نالی زۆر باش مەستوورە دەناسێ و دەزانێ کە:

دەعوای ئومەرا، چەندە لەسەر تەختی کرابێ
چەند خوێن کـە ڕژابێت و چ خوێنی نەڕژابێ!
سەقز
زستانی/١٩٩٤

نالی

له سه‌فه‌رنامه‌ی باڵیۆزێکی فره‌نسادا

(١٩٠٦-١٩٠٧)

ساڵی (١٨٥٣) هێشتا (نالی) خۆی له ژیان‌و نیشته‌جێی شام (سووریا) بووه، که: ئه‌لیکسانده‌ر بۆرێژیۆ ئاخۆدزکۆ(١٨٠٦-١٨٩١)ی شاعیرو دیپلۆمات‌و زمانه‌وانی پۆڵه‌ندی[١]، له‌و کاته‌دا که له وه‌زاره‌تی کاروباری ده‌ره‌وه‌ی فره‌نسادا کاری کردووه، ویستوویه‌تی لێکۆڵینه‌وه‌یه‌کی فیلۆلۆژی له‌باره‌ی زمانی کوردی - دیالیکتی سلێمانی- یه‌وه بنووسێ[٢]، پێوه‌ندی به: ئه‌حمه‌د پاشای بابان (؟- ١٨٧٥) ه‌وه کردووه‌و له‌ڕێگه‌ی ئه‌حمه‌د پاشای بابانیشه‌وه زانیوێتی که (نالی) له‌و ساڵه‌دا (١٨٥٣) نیشته‌جێی شام (سووریا) یه‌و له هه‌موو دیالیکته‌کانی زمانی کوردی دا، زانایه‌کی به‌ناوبانگه[٣] و به‌تایبه‌تی خۆی بۆ دیالیکته هه‌مه‌چه‌شنه‌کانی نیشتمانه‌که‌ی (کوردستان) ته‌رخانکردووه‌و پێشتریش کتێبێکی ڕێزمانی عه‌ره‌بیی وه‌رگێڕاوه‌ته سه‌ر زمانی کوردی. بۆیه (ئاخۆدزکۆ) بۆ ئه‌نجامدانی ئه‌م کاره‌ی، به‌تاسه‌وه ئاواتی دیداری (نالی) خواستووه. به‌ڵام وه‌ك دواتر ده‌رده‌که‌وێ ئه‌م ئاواته‌ی دیداری (نالی) بۆ نه‌ڕه‌خساوه‌و کاره‌که‌ی به‌شێوه‌یه‌کی تر، له‌گه‌ڵ ئه‌حمه‌د پاشادا ئه‌نجام داوه.[٤]

ئه‌م هه‌واڵه‌ی ئه‌حمه‌د پاشا، له‌باره‌ی شاره‌زایی‌و زانایی (نالی)یه‌وه، له دیالیکته‌کانی زمانی کوردی دا، که‌به(ئاخۆدزکۆ)ی داوه، باس‌و خواس‌و پرسیاری زۆر و تازه‌و هه‌مه‌جۆر ده‌وروژێنێ، وه‌ك ئه‌وه‌ی که:

١- ئه‌حمه‌د پاشای دوا میری میرنشینی بابان[٥]، هه‌روه‌ك چۆن له‌ماوه‌ی فه‌رمانڕوایه‌تییه‌که‌یدا، ناسیاویی‌و دۆستایه‌تی له‌گه‌ڵ **(نالی)**دا هه‌بووه[٦] و

(**نالی**)یش دۆستی نزیکی (**سالم**) و (**کوردی**) بووە، کەچی ئەحمەد پاشا لەنێوان ئەم دەستە شاعیرانەدا، هەر تەنیا ناوی (**نالی**)، وەك زانای بەناوبانگ، لەبواری زمانی کوردی دا، بە (ئاخۆدزکۆ) دەگەیەنێ.

٢ـ لەو ساڵەدا (١٨٥٣)، کە ئەحمەد پاشا ئەم زانیارییانە لەبارەی (**نالی**)یەوە بە (ئاخۆدزکۆ) دەدات، میرنشینی بابان ڕووخاوەو ئەحمەد پاشا چەند ساڵێکە نیشتەجێی ئەستەموولەو (**نالی**)یش پێش ڕووخانی میرنشینەکە، کوردستانی جێهێشتووە. بەم پێیە چ ئەحمەد پاشاو چ (**نالی**)یش، هەردووکیان لەدەرەوەی کوردستانن‌و ئەگەرچی بە جوگرافیاش لەیەکتر دوورو دابڕاون، بەڵام بەهۆی دۆستایەتیی پێشتر و دێرینەیانەوە، لە هەواڵی بەردەوامی یەکتر دانەبڕاون. ئەی ئاخۆ ئەم زانیارییانەی ئەحمەد پاشا، سەبارەت بەزانایی‌و خۆتەرخانکردنی (**نالی**) بۆ دیالیکتەکانی زمانی کوردی، زانیاریی سەردەمی پێش ڕووخانی میرنشینی بابان‌و دەرچوونی (**نالی**)ن، لەکوردستان!؟، یان دوای سەردەمی دەرچوونی (**نالی**)ن لەکوردستان!؟

٣ـ ئەو لێکۆڵینەوەیەی کە (ئاخۆدزکۆ) دەیەوێ لەسەر (دیالیکتی سلێمانی)ی بنووسێ‌و لەو کاتەدا (١٨٥٣)، کە هێشتا تەمەنی دروستبوونی شاری سلێمانی خەریکە دەبێتە (٦٩ شەست‌ونۆ ساڵ)، ئەو شێوەزار، یان وەك (خۆدزکۆ) لەو کاتەدا پێی دەڵێ: (دیالیکتی سلێمانی)، ئاخۆ ئەو شێوەزارە، وەك (دیالیکتێك)، خەملیوەو چەسپیوەو بڵاوبۆتەوەو بۆ ئەوە دەبێ پێی بوترێ: دیالیکتی سلێمانی!؟.

٤ـ ئەو دیالیکتانەی زمانی کوردی، کە لەو سەردەمەدا (**نالی**) خۆی بۆ تەرخان کردبوون‌و کاری لەسەر دەکردن، بۆچی یەکێك لەو دیالیکتانەی نەکردە بنەما و سەرمەشقی کاری زمانەوانیی خۆی‌و دەوڵەمەندکردنی ئەو دیالیکتە، بە فەرهەنگی واژەگەلی نوێ!؟ وەك ئەوەی **مەولەوی تاوەگۆزی** (١٨٠٣ـ١٨٨٢)ی هاوڕۆژگارو سەردەمی (**نالی**)ی، بۆ دیالیکتی (گۆران)ی کردو بەدەم داهێنانی لیریکا جوانەکانییەوە، دیالیکتی (گۆران)ی گەیاندە لووتکەی گەشانەوەو ئارایش و ڕازاندنەوە و تەنینەوەی سەرلەنوێی ئەو دیالیکتە دێرینەیەی زۆرترین‌و دەوڵەمەندترین ئەدەبی نووسراوی پێشکەش بە سامانی فەرهەنگی کوردی کردووەو خودی (**نالی**)یش لەو ڕۆژگارەدا، لەقەڵەمڕەوی یەکجار فراوانی ئەو

دیالیکتەدا چاوی هەڵهێنا و توانای دیالیکتەکەی لە داهێنانی شیعری بەرزدا، هەست پێکرد. بەڵکو (**نالی**)، لەکاتێکدا خۆی نوقمی کەش و هەوای دیالیکتی (گۆران) بوو، بەڵام لەکۆی ئەو کەرەسەی دیالیکتانەی، کە خۆی بۆ تەرخان کردبوونو کاری لەسەر دەکردن، کاری موتوربەسازیی پێکردنو دیالێکتێکی ترو تازەتری پێکهێناو داهێنا، کەوەك هەر لە ڕۆژگاری (**نالی**)دا، زمانەوانێکی وەك (خۆدزکۆ)، پێی وتووە (دیالێکتی سلێمانی)و خودی (**نالی**)یش، بەر لە هەموو کەسو بەر لە (خۆدزکۆ)ش، خۆی لە شیعرەکانیدا ئاماژەی بەم شانازییەی خۆی کردووە، کە داهێنانێکی نوێی لە زمانی کوردی دا کردووەو وتوویەتی: **(کەس بە ئەشعارم نەڵێ: خۆکوردی یە، خۆکردی یە...)**. .

*   *   *

بەڵام ئەم داهێنانە نوێیەی (**نالی**) لە زمانی کوردیدا کردوویەتی، بەر لە هەموو دیالیکیتەکانی تر، دەستە چیلەی زۆری لە دیالیکتی (موکریان) بۆ خواستووە و لە دیالیکتی (موکریان) نزیکە، (دیالیکتی موکریان) یش لە دووسەری شێوەزار و قەڵەمڕەویشەوە، لە شێوەزار و قەڵەمڕەوی (پشدەر)ی زێدی میرانی بابان نزیکە و تێکەڵە. . . بەم پێیە ئەو دیالیکتەی (**نالی**) کردی بە سەرمەشقی کاری زمانەوانیی و شیعرەکانی خۆی، لای میرانی بابانیش جێی پەسەند و ڕازیبوون بوو.

ڕەنگە هەر ئەم نزیکایەتییەی زمانی شیعری (**نالی**)، لە دیالیکتی موکریان، (یەکێك) بێ لەو هۆیانەی، هەر دوای بڵاوبوونەوە و تەنینەوەی شیعری شاعیرانی سێ کوچکەی (بابان)، بۆ دەرەوەی قەڵەمڕەوی (بابان)، هەر زوو شیعری (**نالی**) لای شاعیرانی موکریانەوە باوەشی گەرمتری لەچاو شاعیرانی وەك نموونەی (سالم) و (کوردی)دا، لەلایەن **عەبدوڵڵا بەگی میسباح دیوان: ئەدەب** (؟-١٩١٦) و **مەجدی** (١٨٤٩-١٩٢٥) و بەتایبەتیش لای **وەفایی** (؟-١٩٠٢) یەوە بۆ کرایەوە و ڕەنگدانەوەی وێنەی شیعریی و جێپەنجەی هەندێ لە شیعرەکانی، کرایە سەرمەشق و چاولێکەریی و بەجۆرە لەدەمێکەوە شیعری (نالی)، لە هەرێمی موکریان، جێگەی

سەقامگیر و شیرینی هەیە و لە ئەزموونی مانەوە و ژیانی زیاتر لە (١٦) شازدە ساڵی نووسەری ئەم لاپەڕانەشدا، لە خۆرهەڵاتی کوردستان (سەقز)، بۆی دەرکەوتووە، کە شیعری **(نالی)**، لای زۆرینەی ڕووناکبیرانی موکریان، جێی پەسەند و ئاوڕلێدانەوەی تایبەت و ئەزبەرکردن و خۆشەویستییە.

هەموو ئەو پرسیارانە و گەلێ باس و بابەتی تر، کە داهێنانەکانی (نالی)، لامان دەورووژێنن، بوونەتە کەرەس و هەوێنی بەرهەمی کتێبێکی ئاییندەم، کە ئەگەر مردن مەودا بدات، چاوی خوێنەران و دڵدارانی (نالی) پێ ڕووناك دەکەمەوە.

لەم بۆنەیەشدا، کە لەڕێگەی داهێنانە مەزنەکانی (نالی)یەوە، پردی نێوان (نالی) و هەرێمی موکریان دێتەگۆڕێ، با بزانین کاتێ باڵیۆزێکی (فرەنسا)ش، لە ساڵی (١٩٠٦)دا، سەردانی (موکریان) دەکات، چۆن باسی (نالی) دەکات!.

ئەم باڵیۆزەی فرەنسا کێیە؟!

ناوی (کۆلار دسکۆ)یەو بە نازناوی (یۆژین یۆبین) نووسینەکانی بڵاوکردۆتەوە. نابراو ساڵی (١٨٦٣) لە شاری (ڕۆیین)ی فرەنسا بە دنیا هاتووە و لە تەمەنی (٢٠) ساڵییدا کۆلێژی (یاسا)ی تەواوکردووە و دوایی لە وەزارەتی کاروباری دەرەوەی فرەنسا بە فەرمانبەر دامەزراوە و لەو مێژووە بە دواوە، چەند پلە و ناونیشانێکی دراوەتێ‌و بۆ چەند جێگەو وڵاتێکی وەك: (ئەسینا ـ یۆنان)و ئەستەمبووڵ‌و (کاراکاس ـ ڤێنزوێلا)و (پەکین ـ چین)و (ڤییەنا ـ نەمسا)و (قاهیرە ـ میسر)و دواتر بۆ (پاریس ـ فرەنسا) گوێزراوەتەوە. ساڵی (١٨٩٨) پلەکەی بەرزتر کراوەتەوەو بۆ (بوخارست)و (تەنجە)و (مەراکیش) نێردراوە. ئەم سەفەرەی بۆ مەراکیش, بووە هەوێنی دوو کتێب لە بارەی مەراکیشەوە وساڵی (١٩٠٦)چاپ بڵاوبۆتەوە.

ساڵی(١٩٠٤) بە پلەی دووەمی (وەزیر موختار- باڵیۆز) بەرزکراوەتەوەو بە نوێنەرایەتیی وڵاتەکەی، لە (هایتی) جێگیر دەبێ و بەدەم کارەوە کتێبێك لەبارەی ڕەش پێستەکانی ئەوێوە دەنووسێ.

له(٨ی تشرینی ١٩٠٥)دا، بۆ (تاران) دەگوێزرێتەوە و تا ساڵی (١٩٠٧) لە ئێران دەبێ، کە کتێبی (ئێرانی ئەمڕۆ)، یادگاری ئەم ئەرکەیەتی. ناوبراو کە لە ساڵانی پڕ لە هەڵلاوهەرای (مەشرووتییەت)دا لە تاران بووە و ئەو ڕاپۆرتانەی لەم بارەیەوە بۆ وەزارەتی کاروباری دەرەوەی فرەنسای ناردوون، بەیەکێك لەو سەرچاوە گرنگانە دادەنرێن، کەجێی سەرنجی لێکۆڵەرانی ئەم ڕووداوە گرنگەن.

ساڵی(١٩٠٧) بۆ (بەلگراد) دەگوێزرێتەوە و لە ساڵی (١٩١٠)دا، کە پلەی یەکەمی (باڵیۆز)ی دەدرێتێ، بەرەو پاریس دەگوێزرێتەوە و لەدواییدا ساڵی (١٩١٤)، کەمێك پێش هەڵایسانی یەکەمین جەنگی جیهانیی، کارکەناردە بێ.

ناوبراو جگە لەو بەرهەمانەی ئاماژەمان پێکردن، ئەم کتێبانەشی نووسیون:

١- ئینگلیزەکان لە هیندو میسر

٢- پێشەنگەکانی تووریستی جیهانیی لە مەراکیش

بەڵام لەناو بەرهەمەکانی (یوژین یۆبین)دا، ئەو سەفەرنامەیەیمان مەبەستە، کە ساڵانی (١٩٠٦-١٩٠٧) نووسیوێتیو دواتر بەناونیشانی (أیران امروز)کراوەتەوە فارسی[٧] و لەبەشی چواری ئەم سەفەرنامەیەدا، گەشتەکەی دەکەوێتە ناوچە کوردنشینەکانی ئازەربایجانی خۆرئاوا و موکریان و لەبەشی (١٤)و(١٥)شدا، بە ناوچەکانی (کرماشان)و (خانەقین)دا تێپەڕدەبێ، کە جارێ ئەمەی ئێستا مەبەستمانە[٨]، هەر بەشی (٤)چوارهەمیانە.

ئەم گشتەی ناوبراو، لە مانگی تەمووزی (١٩٠٦)داو لەسەر داوای دەوڵەتەکەی خۆی (فرەنسا) دەستی پێکردووە، کە (٧) حەوت هەفتەی خایاندووە و سەرەتا لە(تاران)ەوە، بەشار و شارۆچکەکانی: قەزوین، زنجان، سوڵتانییە، پل-دوختەر، میانە، گەرمارود-دا گەیوەتە (تەورێز) و لەوێشەوە بە: مەرەند، خۆی، سەلماس دا گەیوەتە (ورمێ) و لە ورمێشەوە بە: دیزەج، محەمەدیار-دا گەیوەتە سابلاخ-مەهاباد و دوای ئەم سەردانەش بەرەو باشوورتر، بۆ ناوچەکانی (سەقز) و (بانە) ناچێتو هەر لە سابلاخەوە بەڕێی: تەورێز، ئەردەبیل، سەراب، ئاستارا، ئەنزەلی دا بۆ(تاران) گەڕاوەتەوە.[٩]

(موکری)و (دێبوکری)یەکان: [١٠]

(بوداق سوڵتان) دوو کوڕی بووە: (عەبدولعەزیز سوڵتان)و (عەبدوڵڵا بەگ). لە کوڕی یەکەمیان (خانزاد)ەکان بەجێماون، کە لەشاردا نیشتەجێن. لە کوڕەکەی تری (بەگزادە)کان ماونەتەوە، کە لەزۆزاندا بە بڵاویی دەژین. ئەم دوو لقە، چینی ئەعیانو پیاوماقووڵانی خێڵ پێکدێنن، کە سەرکردەو بەڕێوەبەر لەم چینە هەڵدەبژێردرێت.

بەڵام سەرەڕای دابونەریتی باوی ئەو سەردەمە، لەنیوەی سەدەی ڕابووردوودا کوردێکی ئاسایی (موکری)، بە حاکمی سەرتاسەری ئازەربایجان دانرا و هەلی قۆستەوەو پلەو پایەو هێزی خۆی بۆ لەناوبردنی ئەوانە تەرخان کرد، کە بەهۆی پلەو پایەو ناوبانگی بنەماڵەکانیانەوە دەکرێنە حاکم، بۆیە لەو کاتەوە ئیتر (موکری)یەکان حاکم بۆ شار دانانێن، بەڵکو لەلایەن دەوڵەتی ئێرانەوە، حاکم بۆ سابڵاخ دیاری دەکرێ.

ئێستا سێ ساڵە، یەکێکی تەورێزی بەناوی (ڕەشیدولمولك) ئەرکی بەڕێوەبردنی حکومەتی ئەم دەڤەرەی بەئەستۆ گرتووە. خۆیو دەستەیەك لە کارگێڕانی خوارەوەی میری، وەك ڕوخسارو دەسەڵاتی دەوڵەتی ناوەندی، لەلایەن خەڵکەوە سەیر دەکرێن. هیچ بنکەیەکی سەربازییش بۆ پشتیوانی لێکردنی لە ناوچەکەدا نییە، تەنانەت لە کۆمەڵانی تەشەیوعیش دوورە. لە مانگی موحەڕەمو ڕەمەزاندا، چەند ڕەوزەخوێنێك بەتایبەتی بۆ سابڵاخ دێنن، بۆ ئەوەی ڕەوزەی بۆ بخوێنن. خەڵك لەوە بەخشراون سەرباز بدەنو باجێکی کەمیش دەدەن. ئەگەرچی ئەم خێڵە، ڕێکخستنە سەرەتاییەکانی خێڵەکەشیان لەناوچووە، بەڵام هۆزە چکۆلەکان هەمان نیشانەو دابونەریتی دێرینەیان هەر ماوە. بەڕێوەبردنی خێڵ، ڕێو شوێنی تایبەتیو کارزانیی گەرەکە، پێوەندیی خەڵکی دەشتنشینو کوێستانیی، دەبێ بەجۆرێك بێ، کە دانیشتووانی زۆزان، بەرەو لای تورك نەبات.

بڕینەوەی مووچەو دابەشکردنی نازناو و ناوی ئیفتیخاریی و هەر بەخشینێکی تری پلەو پایەی سەربازیی، بەشێوەیەکی گشتیی، لەو شتانەن، کە دەوڵەت دەیەوێ دڵی خێڵی پێخۆش بکاتو دڵیان ڕابگرێ.

(موکری)یەکان نزیکەی (٥٠٠٠٠ پەنجا هەزار) ماڵو (دێبوکری)یەکانیش (١٠٠٠٠ دەهەزار) ماڵێکن. دێبوکرییەکان چاکترین پشتیوانی دەوڵەتن. ئەمانە لەسەدەی هەژدەهەمدا لەبەر هەژاریی‌و نەداریی‌و بەناچاریی، ناوچەی (دیاربەکر)یان جێهێشتووەو دوای ئەوەی بەناو خاکی (موکری)یەکاندا تێپەڕیون، لە ئاقاری زەریاچەی (ورمێ) نیشتەجێ بوون. بەهۆی لێوەشاوەییانەوە سەرانسەری دەشتی (شارویران) بۆتە مولکیان. ئێستاکە (٢٠٠ دووسەد) ئاغای گوندیان هەیە. یەکە دەوڵەمەندترینیان (قادر ئاغا)یە، کە سەرلەبەری ئەم دۆڵە، تا دەم دەروازەی شاری سابلاخ، بێ سێ‌ودوو، مولکی ئەوە. پێوانەی ملکەچکردنی (موکری)و(دێبوکری)، بۆ دەسەلاتی ناوەندی، هەرچەندێك بێت، بەلام زۆر بەتوندی دەروەستی وەفادارین بۆ ڕەگەزی کوردانەیان. حەزیش دەکەن هەمیشە بە زمانی تایبەتی خۆیان بئاخێون. لەبەرئەوەش کە (کوردی)، زمانێکی ئێرانی یە، بۆیە زیاتر دەخوازن (فارسی) فێربن، نەك (تورکی).

نزیکەی شەش ماڵێکی ئەرمەنی‌و چەند ماڵێکی کلدانی، بەوپەڕی ئەرخایەنی‌و بێ پەژارە، لەناویاندا دەژین. ئەمانە بەتایبەت لە (سایەن قەلا)[١١] و (میاندواو) و (سەردەشت)دان، کە بە وردەواڵە فرۆشتن‌و کار و کاسبی، بژێویی دابین دەکەن.

لە سابلاخ دا بازاڕ بەدەستی کوردو جوولەکەوەیە، چەند کەسێکی (تەوریزی)یشی تێدایە، ژمارەیەکی تری خەڵکی وەك، مووسڵی، عەرەب، کلدانی و (ژاکۆبیت)[١٢] یشی تێدایە، کە خەریکی کڕین‌و فرۆشتنن.

(ژاکۆبیت)ەکان لەڕێگەی (ڕەواندز)ەوە کوتاڵی خوری‌و ئاوریشمی دەستکردی (سووریا) بۆ سابلاخ دێنن. هەموو پێویستییەکانی تری سابلاخ، لە تەوریزو هەمەدان‌و بەتایبەت لە(ئەردەبێل)ەوە دابین دەکرێ.

کوێستانەکانی نێوان(بانە)و (سەردەشت)، لێڕەوارێکی گەورەیە، جیوەو مازووی ئەم دارستانە چڕەیە، کە بازرگانانی خۆماڵی _ بۆ دەرەوەی وڵاتی دەنێرن، لە ڕێگەی(ئاستارە)وە بۆ ڕووسیا دەچێ. هەروەها ئەو شتانەش کە لە دروستکردنی (ڕەنگ)دا بەکاری دەهێنن، هەر لەم دارستانە دابین دەکرێ، کە بۆ بازاڕی پیشەسازیی تەوریز و هەمەدان دەینێرن.

(موكری) و (دیبوكری)یش وەك كوردانی تر، سوننی شافیعین. ئەمانە كەمتر گوێ بەو مەلایانە دەدەن، كە لەلایەن دەوڵەتەوە دادەنرێن. (مەلا محەمەد)ی موكری، كە موفتی ئەم ناوچەیەیە، دەڵێت: باوباپیرانیشی سەرۆكی ئاینیی سەرومڕی كوردستان بوون، بەڵام وردەوردە دەوریان بەسەرچووەو تەنیا ناوچەی سابڵاخیان بۆ شەرعو دادوەریی لەژێر دەسەڵاتدا ماوە. سەرەڕای ئەمەش كە دانانی قازیی شەرعو پێشنوێژی مزگەوتەكان، بەدەست حاكمە، بەڵام هێشتا (مەوقوفات) هەر لەژێر دەسەڵاتی (مەلا محەمەد)دایە، كە مەسرەفی مزگەوتو فێرگەكانی پێ دەكات.

لە وڵاتانی سوننی دا، تەریقەتەكانی (سۆفیگەریی)باوە. . (سەیید كەریم نەقیب) ڕێبەری تەریقەتەكانە. دوو تەریقەتی (نەقشبەدی)و (قادری) پێشبڕكێی وەرگرتنی مرید لەدەوری خۆیان دەكەن. لەبەرئەوەی ژمارەی مریدەكانی نەقشبەندی زۆرترە، دەوڵەت لایەنگریی لە (قادری)یەكان دەكاتو پشتیوانیی لە ڕێبەری ئەم تەریقەتە دەردەبڕێت.

زۆربەی سەییدەكان، پێشینەی خۆیان بۆ سەر سەیید عەبدولقادری گەیلانی[١٣] دەبەنەوە. دەستەیەكیش بۆ ئەوەی خەڵك بچنە ڕیزی مریدەكانی(شێخی بوخارا)ی نەقشبەندی[١٤]، پلەو پایەی ئەو پیاوە موقەدەسە بەغداییە ڕەت دەكەنەوە. لەلایەكی ترەوە كەسێك هەر تەنیا لەبەرئەوەی خۆی بە وەچەی پەیامبەر بزانێ، نابێ خۆی لە خاوەن دەسەڵاتو دەشترۆیشتوو بژمێرێت.

كوردەكان پێیان خۆشە هەر گوێڕایەڵیی شێخانی خۆیان بن، كە لە قوتابخانە بەناوبانگەكانی كوردستان، یان لە قوتابخانەكانی دەراوی (فورات) دەرسیان خوێندووەو بە نیشاندانی زانیارییو زانست، جێی خۆیان لە دڵی مریدەكاندا كردۆتەوە. گەیشتن بەپلەو پایەی ئاوا باڵا، پێوەندیی بە خزمو كەسو نەژادو شتی واوە نییە.

لەم ڕۆژەدا دوو كەسایەتیی مەزن، لەم مەڵبەندەدا هەن، یەكێكیان پیرێكی نابینایە، ناوی (شێخ شەمسەددین شەریف كەندی)و ئەویتر (شێخی زەنبیل ـ حاجی سەیید عەبدولكەریم)ە[١٥]. یەكەمیان (٣٠٠٠٠ سی هەزار) كەسو دووەمیان (٥٠٠٠٠ پەنجا هەزار) مریدی هەیە، هەردووكیشیان سەر بە تەریقەتی

نەقشبەندین. دەستەکیش لە مریدان، کە لەگەڵ سەییدەکاندا ناسازن، لەدوای مەرگی ئەم دووانەو بەپێودانی ئیمامزادە، مەزارو بارەگایان بۆ دروست کردوون‌و زیارەتیان دەکەن.

(ڕەشیدولمولك)ی حاکمی سابڵاخ، میواندارێتی کردم[١٦]. پیاوێکی کەم تەمەنە. زۆر تەڕپۆش‌و جوانخاس‌و قۆزە. خانووە گەورەکەی لە کەنار چەمەکەدایە. دەستەیەك لە (قادری)یەکان، لەگەڵ سەردەستەکەیاندا بۆ ماڵی حاکم هاتوون، تا لە باخچەی ماڵەکەیدا، کەراماتی خۆیان بنوێنن. . چوار دەروێش دەستیان بە تەپڵ کوتان کرد، ئاگرێکی گەورەیان کردەوە، دەروێشێك زەرگێکی سوورەوە کراوی بە ددان گرت، یەکێکی تریان نووکی خەنجەرەکەی لەسەر ڕوومەتی توند کرد. وای دەنواند کە خەنجەرەکەی پێدا دەکات.

دوای نیوەڕۆ، بەوهۆیەوە کە ئافرەتی کورد، پێیان شەرمە لەبەرامبەر بیانیدا هەڵپەڕن، دەستەیەك لاوی ئیسرائیلی، لەجیاتی ئەوان، بەدڵ دەستیان بە هەڵپەڕینی (چۆپی)کرد. ئەم هەڵپەڕکێ میللییە، بەدەنگی دەهۆڵ‌و زووڕناوە دەست پێدەکات، کە بریتییە لە شەکانەوەی لەسەرخۆی لەش، لەگەڵ هەنگاوێك بۆ پێشەوەو هەنگاوێك بۆ دواوە، بەڕێکوپێکی، ژن‌و پیاو دەستی یەکتر دەگرن‌و بەوجۆرە پەیتا پەیتا دووبارەی دەکەنەوە. هەموو جل‌و بەرگی (کوردی)یان لەبەر کردبوو، کراسی ژنان، چین چین‌و کولۆنجەی زەڕی، یان قەیفە (مەخمەڵ)یان لەبەردایە. . سەرپۆش‌و ڕووسەری سپی... گوڵ وردیان بەسەرەوەیە، کە توند بەسەریانەوە گرێی دەدەن. هەوری، یان ملپێچێکی ڕەشی ئاوریشم، لەشێوەی خاچدا (چەپ و ڕاست) لە ئەستۆ دەئاڵێنن. گوارەی گەورە لەگوێ دەکەن، گەردنبەندیش، کە لە (تاکەو جووتەیە ـ جۆرە سکەوپارەیەك بووە) دروست دەکەن، لەخوارەوە بەژێرچەنەو لەسەریشەوە بە (ڕووسەرەکانیانەوە) هەڵدەواسن. جگە لە (ژێرچەنە)، (بەرسەرە)ش دەبەستن. ڕوومەتیان سووراووسپیاو دەکەن. جووت برۆیان بە خەتێ بەیەکەوە دەگەیەنن. دەستەیەکی تری لەمان شۆختر، بە قوماشێکی ڕەشی سێ گۆشە، تا خوار چاویان داپۆشیبوو.

بۆ شەوێ، بۆ ئەوەی من خۆشم لێ بگوزەرێ، حاکم (ڕەشیدولمولك) داوای کرد بەزمی گۆرانی‌و موزیك ساز بکرێ. دوو گۆرانیبێژی بەناوبانگی شار: (سەعید)و

(ئەحمەد ئەمین) هاتن. هەردووکیان خەنجەریان لەبەر پشتێندا بوو. شەدەی شینیان لە دەوری کڵاوە قووچەکانیان ئاڵاندبوو. بەتارو دەمبگەوە چوونە لای سەرەوەو وەژوور کەوتن.

****

شیعر و موزیکی کوردی:

کورد، بەهۆی بنەمای نەژادی خۆرهەڵاتییانەیانەوە، زەوقو توانایەکی تایبەتیان بۆ فێربوونی شیعر و موزیك هەیە. گۆرانیبێژ، یان(قۆرانیبێژ)، بەیتگەلی شاعیران، ماڵەو ماڵ دەگێڕن. . ئەمانە لەڕۆژدا، هەریەکەیان خەریکی کارێکە... بەڵام هەر کەشەو دادێت، هەریەك لەمانە دەبنە موزیکژەنو گۆرانیبێژ.

بەڕواڵەت وا دیارە کورد لەڕابردوودا گۆرانیو موزیکی تایبەتیی خۆی هەبووە، کە ئاوازەکانیان کرژو شیعرەکانیشیان، شیعری نەتەوەیەکی دلێرو جەنگاوەر بووە. یەکجار هەست بزوێنو ئاگراوییە، بەڵام لە هەلومەرجی ئەمڕۆدا، هێرشی موزیکی عەرەبی، زەبرو جێپەنجەی خۆی لەسەر داناوەو تینو تاوی ڕەسەنایەتیی لێ داماڵیوە. ئاوازەکان بێئەوەی شەوقو زەوق ببزوێنن، بوونەتە ئاخو ئۆفی بێ بڕانەوە. زۆربەی شیعرەکانیش، باسی ژنو شەرابو گوڵنو هیچ جۆرە باسێکی نوێو جوانیان تێدا نەماوە. ئەدەبی ئێستایان لاسایی کردنەوەیەکی کوێرانەی غەزەلە عاشقانەکانی عەرەبە، کە لەناویاندا جگە لە وشەی کوردی بەولاوە، هیچ جۆرە گیانو سیمایەکی نەتەوەییو ناونیشانێ لە (گەل)یان و ڕەسەنایەتیی کوردانەیان تێدا بەدی ناکەیت... سەرەڕای ئەمەش، هەموو زمانێك، گەنجینەیەکی پڕ بایەخی گۆرانیی میللی خۆی هەیە.

ئەمەش وەرگێڕدراوی دوو نموونەیە، لەو گۆرانییانەی کە لاوانی (موکری) بۆمانیان چڕیوە:

تەختی سینەت، پرتەقاڵی تەڕو تازەیە
جێ خەوی شیرین‌و دڵنشین‌و دڵنیاییيە
عاشقی چاوی جوانی تۆ بووم
دڵم دەیەوێ بە زمانی تارم
سەبارەت بەو جوانییانە، گۆرانییەك بچڕم
خودایە! فریای دڵم بکەوە
دڵارامی شیرینم لەدەست چوو
عاشقی ئەو ئەبرۆ و باڵابەرزەی تۆ بووم
ئەم مانگە، مانگی مەولوودی پێغەمبەرە
مانگی بووکێنی‌و دڵارامی منیش، هەر لەم مانگەدایە
****

قوڵپی گریان گەرووی گرتووم
عەرەق‌و شەراب مەستی نەکردم
بە تەنیا چاوی کاڵی تۆ، مەستی کردین
****

لە (سلێمانی) وەدەرکەوتم
لە گوڵەزەردان وەسەرکەوتم
بەشوێن کۆچی لەیلا کەوتم
ئاخ، هات ڕابوورد، گەردن بەخاڵ[١٧]
******

لە سلێمانی، ڕەشەبا و تۆزو بایە
بەتەختی سینەتا(دۆڵی کاروان کوژە) تێدەپەڕێ
بەر لەوەی بمرم، بەخەنجەرەکەت بمکوژە، با ڕزگارم بێت
****

نالی:[١٨]

له دەوروبەری نیوەی سەدەی ڕابردوودا، شاعیرێکی گەورە لەناو کورددا هەڵکەوت، کە ناو و ناوبانگی لە چوارچێوەی هۆزو خێڵو زێدەکەی خۆی زۆر پتر تێپەڕاند. ئەم شاعیرە ناوی (نالی)و مەلایەکی خەڵکی (سلێمانی)یە، کە لە قەڵەمڕەوی کوردستانی تورکیادایە، کە ئەمڕۆ شیعرەکانی لە دوورترین خڕ و شیو ودۆڵەکاندا، وێردی سەر زمانی هەموو کوردانە.

ئەم شیعرانەی ژێرەوە(هی ئەون ـ نالی) و (موفتی)ی سابلاخ لەبەر ئێمە، بۆی وەرگێڕاین:[١٩]

زوڵفت بە قەتدا کە پەرێشانو بڵاوە
ئەمڕۆ لە منی شیفتە ئاڵۆزو بەداوە
ئەم عومرە عەزیزە کە لە بۆت نەقدو دراوە
سەد حەیفو درێغا کە موسوڵمانی نەماوە
عومرێکی درێژە بە خەیاڵی سەری زوڵفت
سەوداوو پەرێشانمو سەودایەکی خاوە
هەرچەندە کە ڕووتم، بەخودا مائیلی ڕووتم
بێ بەرگییە عیللەت، کە هەتیو مەیلی هەتاوە
(مانی) نییەتی قووەتی تەصویری برۆی تۆ
ئەم قەوسە بەدەستی موتەنەففیس نەکشاوە
بۆچی نەگریم، سەد کەڕەتم دڵ دەشکێنی!
بۆ مەی نەڕژێ، شیشە لە سەد لاوە شکاوە؟
بێ فائیدەیە مەنعی من ئێستاکە لە گریان
بۆ عاشقی بێ چارە زووەم ئاوە ڕژاوە
هەر جۆگەو جێگێکی کەوا سوورو سوێر بێ
جێی جۆششی گریانی منەو خوێنە ڕژاوە

سۆزی دڵمە باعیثی تاوو کوڵی گریان
مەعلوومە کە ئاگر سەبەبی جۆششی ئاوە
(نالی) وەکو زوڵفت کە موطیعی بەری پێتە
تێکی مەشکێنە، بە جەفا مەیخەرە لاوە [٢٠]

دووەم پارچە شیعرێکی کە وتیان، ئەمە بوو:

سەری زوڵفت کە ڕشتەی عومری خضرە،نیوە هەودایە
چ هەودایە؟ کە هەر حەڵقەی دووسەد زنجیری سەودایە
برۆت تیغێکە وسمەی صەیقەڵو مەسلووڵو مووکارە
کە عیشوەی جەوهەرە، ڕەمزو ئیشارەی ئاوی مەودایە
بەنەشئەی سستی یو مەستیی وەها مەستوورو مەخموورە
نزانم! خەو لەچاوتدایە، یا چاوت لەخەودایە!
لە سایەی کوفری زوڵفت، دڵ (فنا فی النور)ی ئیمانە
مەڵێن ظوڵمەت خراپە، وەصڵی پەروانە، لەشەودایە
هەناسەم زوڵفەکەی لاداو مەیلێکی نەکرد چاوی
نەسیم ئەنگووتو شەو ڕابووردو نەرگس هەر لەخەودایە
لەدووریی تۆیە ئەی خورشیدی پڕتەوبەخشی شەوگەردان
کە (نالی) وا لە حاڵاتی میحاقی ماهی نەودایە[٢١]

****

هەر ئەم باڵیۆزە، لەتەك ناوهێنانی (**نالی**)دا، پەراوێزێكی داناوەو لەدامێندا ئەمەیشی لەسەر (**نالی**) نووسیوە:

(**نالی**) شاعیرێك بووە، نازناوی خۆی لە كرداری (نالاندن)[٢٢] هەڵبژاردووەو لەپاڵ ئەوەشدا كە شیعری بە زمانی كوردی نووسیوە، وەك دەڵێن هەندێكیش ئەدەبیاتی فۆلكلۆری كوردی كۆكردوونەتەوە.[٢٣]

****

شاعیری ناسراویش **هێمن موكریانی** (١٩٢١ـ١٩٨٦) ئەم سەفەرنامەیەی دیوەو دوای خوێندنەوەی، نووسیوێتی:

ئەم دیپلۆماتە لە ساڵانی (١٩٠٦ـ١٩٠٧)دا، بە سابڵاخ دا تێپەڕیوەو چەند لاپەڕەیەكی ناشیانەی لەسەر ژیانی كوردی ئەم مەڵبەندە نووسیوە، كە سەرنج ڕاناكێشن. تەنیا ئەوەندەی سەرنجڕاكێشە، كە لەبارەی (**نالی**)دا نووسیوێتی.[٢٤]

****

ئەنجام:

وەك سەرنج دەدەین لەڕێگەی سەفەرنامەی ئەم باڵیۆزەی فەرەنساوە، دوو زانیاریی سەرنجڕاکێشمان پێدەگات، کەبریتین لە:

١- هێشتا (**نالی**) خۆی لەژیاندا بووە، کە ناوو ناوبانگی، لە چوارچێوەی هۆزو خێڵو زێدەکەی خۆی زۆرپتر تێپەڕاندووە.

٢- (نالی) لەپاڵ ئەوەشدا کە شیعری بە زمانی کوردی نووسیوە، هەندێکیش ئەدەبیاتی فۆلکلۆری کوردی کۆکردۆتەوە.

هەڵبەتە دەبێ بزانین کە سەرچاوەکانی زانیاریی ئەم باڵیۆزەی فرەنسا لەمەڕ (نالی)، هەر (مەلا محەمەد)ی(موفتی) سابلاخە، کە بێ هیچ سێو دوویەك ئەم مەلا محەمەدەی (موفتی) سابلاخ، نالی ناسو نالی دۆستێکی زۆر شارەزا و ئاگاداربووە لە شیعر و ژیانی (**نالی**)و تەرجەمەکردنی شیعری ئەم گۆرانیبێژانەش بۆ باڵیۆز، کە شیعری (**نالی**)ن، نیشانەو بەڵگەی ئەوەن، کە (مەلا محەمەدی موفتی سابلاخ)، هاوڕێی بەردەوامی شیعری (**نالی**)یەو بەو پێیەش کە وەك هەر خۆیشی (مەلا محەمەد) بۆ باڵیۆزی گێڕاوەتەوە، کە بابو باپیرانیشی، سەرۆکی ئایینی کوردستان بوون، ئەوا دیسان (مەلا محەمەد) هەر لە منداڵییەوە پەروەردەی زانیارییو باسو خواسەکانی ناو مزگەوتە، کە بێگومان باسو خواسی شیعرو داهێنانە جوانەکانی (**نالی**)ش، لەو ڕۆژگارەدا، کە (وەك وتمان) سنووری ناوچەو زێدەکەی خۆی تێپەڕاندووە، لای شیعردۆستانی (موکریان)یش، کە زۆرینەیان خوێندەواری ناو مزگەوتەکانی کوردستان بوون، لای (مەلا محەمەدی موفتی سابلاخ)یش لەدەمێکەوە ناسراوە. بەتایبەتیش ئەگەر لێرەدا ئەوەمان لەیاد بێ، کە مەلا محەمەد، (موفتی) سابلاخە، ئەوا دەبێ تەمەنیشی هەڵکشاو بێو لەکاتی سەردانی ئەم باڵیۆزەی فرەنساشدا بۆ سابلاخ (١٩٠٦)، مەودای نێوان کۆچی دوایی (**نالی**:١٨٧٣)، تا (١٩٠٦)، هەر نزیکەی (٣٣ سیوسێ) ساڵ دەبێو ئەم نزیکەی (٣٣) ساڵەش، بۆ تەمەنو بیرەوەریی، کەسێکی بەتەمەنی وەك مەلا

محەمەد، زۆر نییەو **خالّی** دووەمی ئەو زانیارییەش، کە (**نالی**) لەپالّ ئەوەدا شیعری بە زمانی کوردی نووسیوەو هەندێکیش ئەدەبیاتی فۆلکلۆری کوردی کۆکردۆتەوە، ئەمەیان یەکجار تازەو گرنگەو ئەم زانیارییەش (وەك لەسەرووتر وتمان)، هەر سەرچاوەکەی (مەلا **محەمەد**)ەو دەبێ ئەو هەندە ئەدەبی فۆلکلۆرەش، کە (**نالی**) کۆیکردوونەتەوە، هەر ئەدەبی فۆلکلۆری دەڤەری (موکریان) و بەتایبەتیش ژانری (بەیت)ەکانی موکریان بێ، کە ئەگەر لەم زانیارییانەدا، باس لە ئەدەبی فۆلکلۆری موکریان نەبووبێ، بەلای (مەلا **محەمەد**)و خوێندەوارانی موکریانەوە، جێی بایەخ‌و گرنگی پێدان نەبووە... هەرچەندە ئەم جۆرە گریمانانە، بەلّگەو نموونەو لێکۆلّینەوەی زۆر قوولّترو فراوانتری دەوێ، کە وەك لەسەرەتای ئەم لاپەڕانەدا وتمان: ئەم بابەتە، بۆتە کەرەسەو هەوێنی بەرهەمی کتێبێکی داهاتووم.

پەراوێز:

١. ئەلیکساندەر بۆریژکۆ خۆدزکۆ: لە ٦ی تەمووزی ١٨٠٦، لە پۆڵەندە بەدنیا هاتووە. یەکەمین ئەوروپاییییە کە لە فۆلکلۆری فارسی کۆڵیوەتەوە. ساڵانی ١٨٢٠_١٨٢٣ لە زانکۆی (wilho/vilna)ی ناوەندی خۆرهەڵاتناسیی زمانو ئەدەب لە پۆڵەندە خوێندوویەتی. ساڵانی ١٨٢٤_١٨٣٠ لە سان پیترەسبورگ، زمانەکانی عەرەبی، فارسی، تورکی دەخوێنیو دواتر وەك وەرگێڕ، ڕەوانەی ئێران دەکرێو لەگەڵ میسیۆنی ڕووسی لە تەورێز و تاران کار دەکاتو پاشان وەك کونسڵی ڕووسیا، لە کونسڵخانەی ڕووسیا لە (ڕەشت) کاردەکاتو تا ساڵی ١٨٤١ لە ئێران دەمێنێتەوەو دواتر لە یۆنانو ئیتالیا کار دەکات. هەر لەو ساڵەدا واز لە کاروباری دیپلۆماتی ڕووسیا دەهێنێو ساڵی ١٨٤٨، لە زانکۆی (کۆلیژ دوفرانس)، کۆرسی زمانی فارسیو لە کتێبخانەی شاهانەش پۆستی (تورکی) وەردەگرێ. لەنێوان ساڵانی ١٨٥٢_١٨٥٥، لە وەزارەتی هەندەرانی فرەنسا، وەکو پسپۆڕی کاروباری خۆرهەڵات کاری کردووە. ساڵی ١٨٥٦ لە ئەنیستیتۆی زمانەکانی خۆرهەڵات لە پاریس، داوای لێدەکەن زمانی فارسی بڵێتەوە. (خۆدزکۆ) زۆر بەزمانو ئەدەبیاتی فارسی سەرسام بووە، بەتایبەتیش بە شانۆی فارسیو ساڵی ١٨٤٤_١٨٤٥ کتێبی (شانۆنامەی ئێرانی: هەڵبژاردەیەك لەپرسەنامە)ی نووسیوەو کۆمەڵێکیش شانۆنامەی فارسی کردۆتە زمانی فرەنسی، کۆمەڵێکیش بەرهەمی لەبواری زمانەوانیو فیلۆلۆژی زمانەکانی خۆرهەڵات نووسیوە. جگە لەمانە، خۆدزکۆ کۆمەڵێك وتار و لێکۆڵینەوەی لەبارەی خۆرهەڵاتەوە نووسیوە.

سەرچاوە: بەدەستکارییەوە لە: ئەلیکساندەر خۆدزکۆ، چەند لیکۆڵینەوەیەکی فیلۆلۆژی دەربارەی زمانی کوردی (دیالێکتی سلێمانی)، وەگێڕانی دکتۆر نەجاتی عەبدوڵڵا، چاپەمەنی بنکەی ژین، ساڵی ٢٠٠٥، ل٤٢_٤٤.

٢. ئەم بەرهەمەی خۆدزکۆ، بووە ئەو کتێبەی لەسەرووتر ئاماژەمان پێکرد.

٣. سەرچاوەی پەراوێزی ژمارە (١)، ل٣٢.

٤. خۆدزکۆ کە نەیتوانیوە دەستی بە (نالی) بگات، بەشێك لە بەرنامەکەی، لەتەك (ئەحمەد پاشا)دا ئەنجامداوە.بۆ زیاتر زانیاریی لەم بارەیەوە بنوارە سەرچاوەی پەراوێزی ژمارە(١)ی ئاماژەپێکراو.

٥. ئەحمەد پاشا: کوڕە گەورەی سلێمان پاشای کوڕی ئەوڕەحمان پاشای بابانەو دوای مردنی سلێمان پاشای باوکی(١٧٩٠ـ١٨٣٨)، بۆتە فەرمانڕەوانی بابان‌و تا ساڵی ١٨٤٠و دواییش لە ١٨٤١ تا خاکەلێوەی ١٨٤٢ فەرمانڕەوانی میرنشینی بابان بووەو دواییش لە ئایاری ١٨٤٢تا ١٨٤٦ فەرمانڕەوایی کردووەو دواتر بۆ ئەستەمووڵ دوورخراوەتەوەو ساڵی ١٨٥٣، لەسەر بانگهێشتی (خۆدزکۆ) بۆ(پاریس) چووەو هاوکاریی لێکۆڵینەوە ناوبراوەکەی (خۆدزکۆ)ی کردووەو تا ساڵی ١٨٥٥، لە پاریس ماوەتەوەو پاشان بۆ ئەستەمووڵ بانگ کراوەتەوەو ساڵی ١٨٥٥ کراوەتە والی (یەمەن)و تا ساڵی١٨٦٣، والی یەمەن بووەو هەمان ساڵ کراوەتە والی (وان)و ساڵی ١٨٦٤ دووبارە کراوەتەوە والی یەمەن (بە پلەی وەزیر)و ساڵی ١٨٦٧ کراوەتە والی ئەرزەرۆم و ساڵی ١٨٧٥ کراوەتە والی (ئەدەنە) و لە کۆتایی هەمان ساڵدا کۆچی دوایی کردوە. (سەرچاوە: بەدەسکارییەوە ڕاگوێزراوە، لە کتێبی ئاماژەپێکراوی پەراوێزی ژمارە (١)، ل٤٩-٦٠.)

٦. دۆستایەتی (نالی) و بنەماڵەی ئەحمەد پاشا، دەگەڕێتەوە بۆ پێش ڕووخانی میرنشینی بابان و بەڵگەی ئەو دۆستایەتییەش ئەو دوو شیعرەی (نالی)یە، کە یەکەمیان بۆ مەرگی سلێمان پاشا (١٧٩٠-١٨٣٨)ی باوکی ئەحمەد پاشا و لەجێ دانیشتنی ئەحمەد پاشاوە نووسیوێتی و بەم بەیتەش دەست پێدەکات:

تا فەلەك دەوری نەدا، سەد کەوکەبی ئاوا نەبوو
کەوکەبەی میهری موبارەك، تەلعەتی پەیدا نەبوو
دیوانی نالی، ل٣٧٠

شیعری دووەمیشیان، دوای ئەوەی ئەحمەد پاشا بۆتە فەرمانڕەوای بابان و خەریکی نۆژەنکردنەوەی سوپای بابان بووە، (نالی) ئەم شیعرەی بۆ ئەم سوپایەش نووسیوە، کە ئەمە سەرەتای ئەم شیعرەیە:

ئەم تاقمە مومتازە، کەوا خاصەیی شاهن
ئاشووبی دڵی مەملەکەت و قەلبی سوپاهن
دیوانی نالی، ل٣٤٠

٧. ئەم کتێبە ساڵی ١٣٦٢ هەتاوی (١٩٨٣) بەم ناونیشانە، لە ئێران چاپکراوە:
ایران امروز (١٩٠٦-١٩٠٧) نوشتەی اوژن اوبن، ترجمە وحواشی علی اصغر سعیدی، چاپ نقش جهان، کتابفروشی زوار، تهران.

٨. ئێمە هەموو بەشەکانی (٤)و (١٤)و (١٥) ی ئەم سەفەرنامەیەمان کردۆتە کوردی و لە دەرفەتێکی نزیکدا بە چاپ دەگات.

٩. بەدەسکارییەوە لە کتێبی (ایران امروز)ی ئاماژە پێکراو، ل ١٣، ١٧.

١٠. ئەم ڕاگواستنەوەیەی سەفەرنامەکە، بۆ ئێرە، سەرەتای سەفەرنامەکە نییە، بەڵکو چەندین لاپەڕە و باس و بابەتی تری لە پێشەوەیە، کە ئێمە هەر بە ئەندازەی بابەتەکەی (نالی) و کەمێکیش ڕۆژگاری ئەوسای سابلاخ، بۆ ئێرەی ڕادەگوێزین.

١١. سایەن قەڵا: شاهێن دژ- یشی پێدەڵێن.

١٢. ژاکۆبیت: Jacobites: دەستەیەکن سەر بە یەکێك لە ڕێبازەکانی ئایینی دیان (مەسیحی) ی شام (سووریا)، کە لە سەردەمی شەشەمدا لە لایەن (ژاك باراد)ەوە دامەزراوە.

سەرنج: لەعێراقدا (یەعقوبی) یان پێدەڵێن (و. کوردی).

١٣. عەبدولقادری گەیلانی (١٠٧٨-١١٦٦ز)، زانای مەزن و دامەزرێنەری ڕێبازی (قادری)یە، سەرەتا لای ئەبو زەکەریای تەورێزی زانستەکانی عەرەبی فێربووە و دواتر لە بەغدا (فیقه و ئوسوڵ) فێربووە.

١٤. شێخی بوخارای نەقشبەندی: مەبەست لە خواجە بەهائەددین محەمەدی بوخارایی نەقشبەندییە (١٣١٨- ١٣٨٨ز) خواناسی ناسراوی سەدەی هەژدەمی کۆچی و

دامەزرێنەری ڕێبازی نەقشبەندییە، کە لە گوندێك بەناوی (کۆشکی خواناسان) بەدنیا هاتوە.

١٥. بەپێچەوانەوە، وەك لەسەرچاوەی باوەڕپێکراوەوە زانیومە: شێخ شەمسەددین چاوساخ و حاجی عەبدولکەریم نابینابووە.

١٦. سفرە ڕێکخراو و پڕ ناز و نیعمەتەکەی ڕەشیدولمولك، بیوزا: biveza- ی لەسەر دانرابوو، کە ڕووەکێکی لاسك درێژی تایبەت بە چیاکانی کوردستانەو لەگەڵ ماست و سرکەدا تێکەڵ دەکرێ و لەسەر سفرەی خوان دادەنرێ.

سەرنج: (بیوزا)، کە هەر لە کوردستان دەڕوێ، ترشیاتێکی زۆر بەتامی لێ دروست دەکرێ، بۆیە پێدەچێ نووسەریش لەو ترشیاتەی خواردبێ، مەبەستیش لە (بیوزا)، هەر (بیزا) یە.

١٧. هەر بە تەنیا ئەم کۆپلەیەم بۆ برایە سەر شیعرە فۆلکلۆرییەکە.

١٨. لە دەقەکەدا ئەم ناونیشانە بۆ (نالی) دانەنراوە، بەڵکو خۆم بۆ ئەوەم داناوە، تا خوێنەر بزانێ لێرە بە دواوە باسی (نالی) لەم سەفەرنامەیەدا هەیە.

١٩. من نازانم (مەلا محەمەدی- موفتی سابلاخ، بە چ زمانێك ئەم دوو شیعرەی (نالی) بۆ باڵیۆزی فرەنسا وەرگێڕاوە، بەڵام من لە دەقە فارسییەکەوە بۆ کوردی، پشتم بە دیوانی (نالی)، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، فاتیح عەبدولکەریم، محەمەدی مەلا کەریم، چاپەمەنی کۆڕی زانیاری کورد- بەغدا، چاپی ١٩٧٦ بەستووە.

٢٠. دیوانی نالی، سەرچاوەی ناوبراو، ل٥٣٣-٥٣٧.

٢١. سەرچاوەی پێشوو، ل٥٥٦-٥٦٠.

٢٢. نازناوی (نالی) لە (ناڵین) و (ناڵاندن)ەوە نەهاتووە و (ل)ی (نالی)ش بە (ل)ی کلۆر دەنووسرێ نەك قەڵەو، وەك (نالی) خۆی لەم نموونانەدا دەڵێ:

ظاهیر و باطین لەسەر لەوحی حەقیقەت یا مەجاز
ئاشنای سیڕڕی قەڵەم بێ غەیری (نالی) کەس نەما

لەسایەی قەددی مەوزوون و دوو زوڵفی
لە نالی و شیعر و تەسویدی نەما باس

لەگەڵ مورغی چەمەن (نالی) دەناڵێ
کەیانێ: عاشق هەمفەرد و فەردین

روخی تۆ گوڵێکە صەد وەك هوزاری عاشق ئەمما
لەهەموو چەمەن دیارە بە ئوصووڵی ناڵە (نالی)

(نالی) و مەثە لی حاڵی لە ئەشکەنجەیی غەمدا
وەك نالە لە نەیدا، وەکو نالە لەقەڵەمدا

بۆ زولف و روخ و ئەبرووی چون زلفی سیاتان
عالەم وەکو (نالی) هەموو با نالە و ئاهن

نەظمي (نالی) میثلي ئاو ئاوێنە رەنگی نییە
دوو رووە بۆ سەیری خاطر: یەك خەفیی و یەك ئاشکار

بۆ زیاتر زانیاریی بنوارە: دیوانی (نالی)، لێلۆلێنەوەو لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مدریس و فاتح عەبدولکەریم، چاپەمەنی کۆڕی زانیاریی کورد، بەغدا، ١٩٧٦، ل ٤١ — ل٥١.

٢٣. ایران امروز (١٩٠٦-١٩٠٧) نوشتەی اوژن اوبن، ترجمە وحواشی علی اصغر سعیدی، چاپ نقش جهان، کتابفروشی زوّار، چاپ اول تهران، ١٣٦٢ش، ص١١٨.

٢٣. پێشەکیی چاپی دووەمی دیوانی نالی، کە: انتشارات صلاح الدین ایوبی- مرکز نشر فرهنگ و ادبیات کردی- ١٣٦٤ش لە ورمێ چاپی کردۆتەوە و هێمن موکریانی پێشەکی بۆ نووسیوە.

مەولانا خالید

(١٧٧٩ ـــ ١٨٢٧ز)

ڕووناکبیرێکی نوێ بۆ سەردەمێکی نوێ

سەرنج:
ئەم وتـارە لـە فێسـتیڤاڵی نێودەوڵـەتیی (مـەولانا خالیـدی نەقشـبەندی)دا خوێندرایەوە، کە لە ڕۆژانی (٢٧ تا ٢٠٠٩/٤/٢٩) لە شاری سلێمانی سازکرابوو.

بەشی یەکەم:

دووسەد ساڵ لەمەوبەر، واتە: ساڵی (١٨٠٩ز)، خوێندەوارێکی هەڵۆداو شەیدای زانیاریی‌و خۆپێگەیاندن، بێ گوێدانە مەترسیی‌و چەڵەمەکانی ڕێگەیەکی دوورو نادیدە، چاوقایمانە لە شارەزوورەوە بەڕێ کەوت‌و دوای ڕێکردنی ماوەی نزیکەی ساڵێك(١)، لەبەرەبەیانی ڕۆژی (٢٦ی ذی الحجەی ١٢٢٤هـ-١/٢/١٨١٠ز)دا(٢)، گەیشتە بەر دەروازەی خانەقاکەی شاعەبدوڵڵای دەهلەوی (١٧٤٥-١٨٢٤ز) لە هیندستان‌و دوای حەسانەوەی لە ژوورێکی خانەقاکەدا، داوای کرد بەقوتابی وەربگیرێ، بەڵام پێشەکی‌و سەرچڵانە، داوای لە مامۆستاکەی کردووە، کە ئەگەر ئەم (٣) تکایەم پەسەند نەکەن، ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە بەقوتابیم وەرناگرن:

یەکەمیان: بەو هۆیەوە کە نیشتمانی خۆم بە (مەولانا خالید)م بانگ دەکەن، دەبێ نازناوی (مەولانا)م لێ داماڵن‌و هەر بە(خالید) بانگم بکەن.

دووەمیان: خۆراکم لەگەڵ خۆراکی دەستەی خزمەتگوزاران‌و نۆکەرانی خانەقاکەدا بێ‌و بەچاوی لەوان جیاوازتر سەیرم نەکرێ.

بەپاکەوانی خانەقاکە ڕابگیرێم‌و ئاوکێشیی (شەقایی) خانەقاکەش بەئەستۆی من بسپێرن(٣).

سێیەم: بەڵام لە یادمان بێ، ئەو کاتەی (خالید) گەیوەتە هیندستان، هێشتا تازە تەمەنی پێی دەنایە (٣٠) ساڵیی‌و نازناوی (مەولانا)ش، بۆ ئەو تەمەنە کورتە، زۆر جێی لێ ڕامانە، کە دەبێ ڕەوشت‌و پلەوپایەی زانیاریی‌و کۆمەڵایەتیی (خالید)، زۆر پێش تەمەنی کەوتبێ. بۆیە بەزوویەکی زووەوە ئەو نازناوەی لای خەڵکەوە پێ ڕەوا بینراوە. لەم ڕووەوە (مەلا حامیدی کاتب-بێسارانی) لە

یادداشتەکانی خۆیدا لەبارەی (خالید)ەوە دەڵێ: مەولانا خالید بۆ ئەوەی بەئاواتی ئەم سەفەرەی هیندستان بگات، دەستبەرداری هەموو پلەوپایەو دارایی خۆی بووە(٤).. کە لێرەدا دەپرسین: کام پلەوپایەو دارایی؟!

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە، هەر یادداشتەکانی (مەلا حامید) وەڵام دەداتەوەو لەچەند جێگەیەکدا، جگە لە نازناوی (مەولانا)، نازناوی (سەرخێل)یشی لەگەڵدا بەکاردەهێنێ(٥).. کە دیارە مەبەستی لە (سەرخێڵ)، دەبێ هەر سەرخێڵی تیرەکەی خۆی (میکاییل) لە هۆزی (جاف) بێ.

مەبەستیشی لە (دارایی) مەولانا خالید، دەبێ ئەوەمان لە یادبێ، کە مەولانا بەرلەوەی یەکەمین سەفەری بۆ (حەج) بکات، ماوەی (٨) ساڵ لە جێی مامۆستاکەی خۆی: شێخ عەبدولکەریمی بەرزنجەیی، لە مزگەوتی ئەورەحمان پاشای بابان (؟-١٨١٣)، لە گەڕەکی (سەرچیمەن)ی سلێمانی، مامۆستایەتی کردووە، کە داهاتی ئەم کارەی، بەشی ئەوە ناکات پاشەکەوتی زۆری لێ بکەوێتەوە، کەچی (مەلا حامید) ئەوە دەگێڕێتەوە، کە (مەولانا) بۆ ئەم سەفەرەی هیندستان، (٣) ئەسپ بۆ خۆیو دوو هاوسەفەرەکەیو بڕی (٣,٠٠٠) سێ هەزار قرۆشی گیرفانی خۆی پێ بووەو ئەمانەی بۆ ئەم سەفەرە تەرخان کردووە(٦). کە بێگومان بڕی (٣٠٠٠) سێ هەزار قرۆش، لەو ڕۆژەدا، سەرمایەیەکی زۆرەو دەبێ پاشەکەوتی بنەماڵەکەیان بێو بۆ ئەم سەفەرەی (مەولانا)یان ئامادەکردبێ، چونکە بنەماڵەکەیان خوێندەواربوونو بەتەنگ داخوازییەکانی خوێندنی باڵاتری مەولاناوە بوون. هەرچەندە لە زۆرینەی ئەو سەرچاوانەی سەبارەت بەبنەماڵەی (مەولانا خالید) ئاگادارییان نووسیوە، هەموویان هەر ئاماژە بەوە دەکەن، کە بنەچەی (مەولانا)، ئایین پەروەربوونو دەچنەوە سەر کام خەلیفەوچیو.. چی..، بەڵام لەمەڕ خوێندەواربوونی بنەماڵەی مەولاناوە بەگشتیو بەتایبەتیش لەمەڕ (باوکی مەولانا)وە، جگە لە یادداشتەکانی (مەلا حامید)، لە هیچ سەرچاوەیەکی تردا، باسی خوێندەواربوونی باوکی مەولانا نەکراوە، بەڵام (مەلا حامید) دەگێڕێتەوە: ئەو کاتەی مەولانا بەمنداڵیی بۆ بەر خوێندن نراوەو مامۆستاکەی سورەتی (فەتح)ی پێ

تەواوکردووەو بەو قۆناغە دەڵێن: مریشکە ڕەشەو ئەو کاتەش وا باوبووە، ئیتر دەبێ ئەو مندالّە، مریشکێکی ڕەش بەدیاری بۆ مامۆستاکەی ببات‌و مامۆستاکەیشی ئەمەی بەدەمیی بە مەولانا ڕاگەیاندووە، مەولاناش بەمامۆستاکەی وتووە: من لە ڕووم نایەت ئەمجۆرە داوایانە بەباوکم بگەیەنم، بۆیە تکای لە مامۆستاکەی کردووە، تا خۆی بە (نووسین) ئەم داوایە بۆ باوکی مەولانا بنووسێ‌و باوکیشی لە ڕێگەی خوێندنەوەی نامەکەوە، لە داخوازیی مامۆستاکەی گەیشتووە(٧).. لەمەوە تێدەگەین کە بنەماڵەی مەولانا خوێندەواربوون‌و پەرۆشی پێگەیاندنی مەولانا بوون. هەرچەندە ئەم سەفەرەی مەولانا بۆ هیندستان، لەو ڕۆژەداو لەو تەمەنە کورتەدا، لەو جۆرە گەڕان‌و سەردانە ئاساییانە نەبووە، کە فەقێکانی ئەو سەردەمەی کوردستان، هەر تەنیا لە قەڵەمڕەوی کوردستاندا گردوویانە. بۆیە ئەم سەفەرەی مەولانا بۆ هیندستان، بۆ ئەو ڕۆژگارە، لەسەفەرە دەگمەن‌و پڕ مەترسییەکان بووە، بەڵام بۆ کەسێکی وەك مەولانا خالیدی سەر پڕ لە سەوداو بەرنامەو خەونی گەورە، کە نەك هەر خوێندنگەو کتێبخانەو زانیارییەکانی ئەو ڕۆژگارە، تینوێتیان نەشکاندووە، بەڵکو وەك خۆی دەڵێ: تەنانەت شوێنە پیرۆزەکانی وەك (مەککە)و (مەدینە)ش، گرێی دڵی ئەویان نەکردۆتەوە(٨):

در شام و مکه ات گره از کار وانشد

من بعد صبح راه بره هند و شام کن(٩)

کە ئەم ڕۆحە بێ ئۆقرەو نائارام‌و دانەساکاوە، بەرامبەر ئەو واقیعە زامدارو چەقبەستووە، هەمان ڕۆحە یاخی‌و دەستەمۆ نەبووەکەی حەللاج (٨٥٨-٩٢٢ز)مان بەیاد دێنێتەوەو ئەویش هەر لە بارەی ڕۆحە یاخیبووەکەی خۆیەوە دەڵێ:

به مذهب صلیب می بمیرم، نه مکه جویم نه مدینه(١٠)

سەمەرە لەوەدایە هەمان ئەو مامۆستا (شاعەبدوڵڵای دەهلەوی)یەی، کە مەولانا لە سەرەتای چوونیدا بۆ خزمەتی لە هیندستان، تکای لێکردبوو نازناوی (مەولانا)ی لیٚ دابماڵیٚ، تا بەهۆی ئەوەوە، خەڵکانی تریش چاوی لیٚ بکەنو هەر بە(خالید)ی بانگ بکەن، کەچی هەر ئەم مامۆستایە، دوای ساڵێكو (٣) مانگ، کە (خالید) لە خزمەتیدا قوتابی بووەو زانیارییەکانی خانەقاکەی پیٚ تەواوکردووە، لەسەرەتای ئیجازەنامەکەی (خالید)دا، ئاوا دەنووسیٚ: بعد حمد وصلوات، فقیر عبدالله نقشبندی مجددی-عفی الله-گزارش می نماید که سرامد علمای دین و گزیدء طالبان راه حق الیقین: حضرت مولانا خالد- سلمه الله تعالی- برای طریقةء نقشبندی، از ملك کردستان ترد این فقیر رسید(١١)..

واتە: دوای سوپاسو سەڵاوات، عەبدوڵڵای هەژاری نەقشبەندی موجەدیدی، ڕادەگەیەنیٚ، کە سەرباشقەی زانایانی ئایینو هەڵبژاردەی خوازیارانی ڕێگەی ڕاستییو دڵنیایی: حەزرەتی مەولانا خالید، بۆ بەدەستهێنانی تەریقەتی نەقشبەندی، لە خاکی کوردستانەوە بۆ لای ئەم هەژارە هات..

وەك سەرنج دەدەین جگە لەوەی نازناوی (مەولانا)، بەناوی (خالید)ەوە دەلکێنێتەوە، نازناوی (حەزرەت). سەرباشقەی زانایانی ئایینو هەڵبژاردە-ش بە (مەولانا خالید) زیاد دەکات.. کە دیارەئەم پیٚ شیاو بینینە، لەلایەن کەسێکی وەك ئەم مامۆستا ناودارو هوشیارەی مەولانا خالیدەوە، هەروا لە خۆڕا نەهاتووە، بەڵکو لە ئاکامی هەڵسەنگاندنی سەرومڕی ئاکارو دانایيو لێهاتووی (مەولانا خالید)ەوە سەرچاوەی گرتووە.

هەر لە پاڵ ئەم ڕێزلێنانەی کەسایەتی (مەولانا)دا، ئاماژەش بەنیشتمانی مەولانا خالیدن واتە: کوردستان دەکاتو دەنووسیٚ: حەزرەتی مەولانا خالید، بۆ بەدەستهێنانی تەریقەتی نەقشبەندی، لە خاکی (کوردستان)ەوە بۆ لای ئەم هەژارە هات.. کە ناوی خاکی (کوردستان)یش لەم ئیجارەنامەیەدا، لە ئەنجامی ئەو سۆزو تاسەو حەسرەتە فرمێسکاوییانەی مەولاناوە بەدیکراوە، کە مەولانا لە ماوەی ئەو ساڵو سیٚ مانگ دابڕانەیدا لە کوردستان، وەك دڵدارێك بۆ کوردستان دەنواڕیٚ، کە لێی دابڕاوەو بیٚ پەروا لەکۆڕو

کۆبوونەوەکانی خانەقاکەی هیندستاندا، باسی دەکات‌و شیعری فرمێسکاویی بەیادی نیشتمانەوە دەنوسیٚ‌و بۆ شیعر دۆستانی ناو خانەقاکەی دەخوێنێتەوە.

دیسان هەر شاعەبدوڵڵای دەهلەوی، لە ئەزموون‌و هەڵسەنگاندنی ئەو ماوەی ساڵ‌و سیٚ مانگەی، کە مەولانا لە خانەقاکەیدا بووە، بەجۆرێك دڵبەستەو هۆگری ڕەوشت‌و لێزانیی (مەولانا) بووە، کاتیٚ مەولانا خوێندن تەواو دەکات و ئیجازەنامە وەردەگریٚ و بڕیاری گەڕانەوەی بۆ (کوردستان) دەدات، شاعەبدوڵڵا دادەخورپیٚ‌و چەندان جار تکای زۆری لێدەکات، تا لای خۆی بیهێڵێتەوە.. تەنانەت تکای ئەوەی لێدەکات بیکاتە جێگرو نوێنەری خۆیشی، بەڵام مەولانا دڵی هەر لای نیشتمان دەبیٚ‌و ناتوانیٚ خۆی ڕازی بکات‌و بمێنێتەوە.. کەچی شاعەبدوڵڵا هەر دەستبەرداری نابیٚ‌و بەبیانووی بەڕێکردنییەوە، کە تا قۆناغەڕێیەك، بۆ ڕێزلێنان لەگەڵیدا چووە، بەردەوام بەدەم ڕێگەشەوە، هەر تکای گەڕانەوەی لێکردووە(١٢).

جگە لەمانەو دوای گەڕانەوەی (مەولانا)ش بۆ کوردستان‌و لە یەکتر دوورکەوتنەوەی ئەم قوتابی‌و مامۆستایە، شاعەبدوڵڵا نامەش‌و دەنگیشی لە (مەولانا) دانەبڕیوەو هەتا لە ژیاندابوون، نامەی گەرم‌و بەسۆز لە نێوانیاندا بووە(١٣).

* * *

مەولانا، لەگەڵ گەڕانەوەی خۆیدا لە هیندستانەوە بۆ کوردستان، ئەو شیعرانەیشی هێنایەوە، کە لە ماوەی مانەوەیدا لە هیندستان، بەیادی نیشتمانەوە نووسیبوونی‌و دیسانەوەش لە وڵات، لەناو کۆڕوکۆبوونەوەکانی شیعر دۆستاندا، بەگەرمەوە لە ئامێزگیران‌و دەستاو دەستیان پێکراو لەلایەن شاعیرانیشەوە کرانە دەستەچیلەو سەرمەشق(١٤)، بۆ هێنانەکایەی زەمینەی بزووتنەوەیەکی تازەی ئەدەبیی‌و شیعریی، کە دواتر بەئەدەب‌و شیعری قەڵەمڕەوی بابان ناسراو (سالم)و (کوردی)، پێشەنگ‌و دامەزرێنەرەکانی بوون.

بەڵام (مەولانا) بەرلەوەش سەفەری هیندستان بکات‌و لە کوردستان دووربکەوێتەوە، بەهەمان هەستی بەکوڵەوە، شیعری بۆ خۆشەویستیی نیشتمان‌و

سەروەرییەکانیو شەهیدانی نووسیوە، کە سەرلەبەری شیعری ئەم قۆناغەی، تایبەتن بۆ بۆنەی گەورەو کارەساتو ڕووداوی چارەنووسسازو خەمو شادیی خەڵکەوە، وەك ئەوەی شیعری بۆ ئیبراهیم پاشای بابان (؟-١٨٠٢ز)[١٥]ی بناغەدانەری شاری (سلێمانی)و بۆ کوژرانی (سەلیم بەگی بابان-؟-١٨٠٦ز)ی برای ئەوڕەحمان پاشاو میرێکی تری بابانی، بەناوی: میر عوسمان (؟-١٨٠٦ز) نووسیوە[١٦]، کە ئەم دوو میرەی بابان، ساڵی (١٨٠٦ز)، لە نەبەردێکی زۆر جوامێرانەو کەم وێنەدا، هێرشێکی غافڵگیرانەیان بەسەرکردایەتی ئەوڕەحمان پاشا، کرۆدتە سەر بەشێکی زۆری سوپای والی بەغدا، لە نزیك زەریاچەی (زرێبار-مەریوان)و لە ماوەی تەنیا (١٠ دە) دەقیقەدا تێکیان شکاندوونو فەرماندەی سوپاکەیشیان (سلێمان کەهیا) بەدیل گرتووە[١٧].

ئەم نەبەردە ئەوەندە دەنگیداوەتەوەو ئەوەندە سەرکەوتنی سیاسیو سوپایی بۆ میرنشینی بابانو تەنانەت بۆ میرنشینی ئەردەڵانو دەوڵەتی ئێرانیش هەبووە، کە دواتر چ ئەمانوڵڵاخانی ئەردەڵان (٧٧٥-١٨٢٤ز)، بەسەرکەوتنو شانازیی خۆیانیان ئەژمار کردووە. تەنانەت ئەمانوڵڵاخانی ئەردەڵان، وێنەی ڕووداوەکانی ئەم نەبەردەی لەسەر دیواری ژووری میوانی تەلارەکەی خۆیدا دروستکردووە[١٨]و لەلایەن گەشتوەرانی بیانیشەوە ئاماژەی پێکراوەو باسی کراوەتەوە[١٩].

بەڵام پێدەچێ مەولانا خالید لە دوای گەڕانەوەی لە هیندستان، کەمتر خەریکی نووسینی شیعر بووبێو زۆرتر سەرگەرمو سەرقاڵی ئەو پەیامەی بووە، کە ئیتر بەتایبەتیو بەیەکجاریی خۆی بۆ تەرخانکردو سەرومڕی ناوبانگو زایەڵەیشی هەر بەم پەیامە ناسرا.

ئەم پەیامەی مەولانا خالید، چی بوو؟!

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە، دەبێ ئاوڕێکی خێرا، لە دوایین گۆڕانکارییەکانی بیروباوەڕی ئەو ڕابەرانەی نەقشبەندی بدەینەوە، کە مەولانا خالید، هەوێنی بیروباوەڕیانی بۆ کوردستان هێنایەوە.. هەرچەندە چەند سەدەیەکیش بەر لە سەردەمی (مەولانا خالید)، تەریقەتی نەقشبەندی لە پێش پێکهاتنی دەوڵەتی سەفەوییەوە (١٥٠١ز)، پەلوپۆی لە کوردستاندا بڵاوببووەو لە هەندێ قۆناغیشدا ڕووناکبیرانی کورد، لەڕابەرە دیارەکانی ئەم تەریقەتە بوون، وەك نموونەی (فەتح

عەلی کوردی)، کە ئینسکلۆپیدیای ئیسلامی، بەخەڵکی (ئامێدی) یادداشتی کردووە[٢٠] و لەسەرەتای پێکهاتنی دەوڵەتی سەفەویدا، لەدەوروبەری (قەزوین)، وەك مریدێکی چالاکی (عوبەیدوڵڵای ئەحرار)، ڕابەرایەتی ئەم تەریقەتەی کردووەو نەیارێکی نەترسی سەفەوییەکان بووەو هەر ئەوانیش لە کاتی هێرشی ڕەشەکوژییاندا بۆ سەر سوننی مەزهەب‌و نەیارەکانیان، گرتوویانەو کوشتوویانەو ئەم کاری ڕەشەکوژیی سوننی مەزهەبیش، کە سەفەوییەکان لە سەرەتای دەسەڵاتگرتنە دەستیانەوە، لەبەریان گرت زەنگی قەلاچۆکردنی مەزهەبی سوننی بوو، لە باکوورو خۆرئاوای ئێرانداو لەم شاڵاوەدا، تەریقەتی نەقشبەندی-ش کەوتە بەر شاڵاوی ڕاستەوخۆی سەفەوییەکان‌و جێگەوپێگەی لە مەڵبەندە دێرینەکانیاندا پێ لێژکردن‌و ناچاری کردن بەرە بەرە مەڵبەندەکانیان بۆ (تەورێز)و (ورمێ) بگوێزنەوە، کە لە (ورمێ)و ئاقاری ورمێدا: لەنگەرێکی درێژخایەنی گرت‌و لە ورمێشەوە بەهەموو ناوچەکانی کوردستاندا بڵاوبووەوەو لە ئاکامدا بەو هۆیەوە کە سوڵتانەکانی (عوسمانی)ش، سوننی مەزهەب بوون‌و شەڕی بەردەوامی سەفەوییان کردووە، شاری (ئەستەمووڵ)و هەندێ شوێنی قەڵەمڕەوی عوسمانی، بکەنە پەناگەو مەڵبەندی چالاکیی‌و.. دواتریش لە زۆر جێگەی ئاسیای ناوەڕاست‌و هیندستاندا بڵاوبنەوەو چالاکییان تێدا بنوێنن، کە دوای چەندین قۆناغ‌و ئاڵوگۆڕی فیکریی بەردەوام بەسەر ئەم تەریقەدا، یەکێك لە شێوازە سەرەکییەکانی ئەم گۆڕانکارییانە، لە هیندستان، لەسەر دەستی شێخ ئەحمەدی سەری هیندی (١٥٦٣-١٦٢٤ز)، ناسراو بە (المجدد)دا، شەقڵ بگرێ‌و پەلوپۆی بۆ (مەککە)و شوێنانیتر لێببێتەوەو لەم قۆناغە بەدواوە، ئەم تەریقەتە پێی وتراوە: نەقشبەندی موجەدیدی، کە ئایدیۆلۆژیایەکی جیاوازو خوێنێکی تازەی بەبەر ئەم تەریقەدا کردەوەو لەهەمان کاتیشدا ئەو گیانی گۆشەگیریی‌و تەریکییەی لە خۆی داماڵی، کە ڕابەران‌و پەیڕەوکارانی پێشووتری ئەم تەریقەتە، بەتەنگ کێشەکانی ڕۆژانەو خەم‌و خۆزگەکانی خەڵکەوە نەبوون، چونکە ئەم ڕابەرە: (ئەحمەدی سەری هیندی) پێی وابوو، بۆ کارکردنە سەر بیروباوەڕی دەسەڵاتداران‌و فەرمانڕەوایان‌و ڕێنوێنی‌و ئامۆژگاریی‌و ڕازیکردنیان، بۆ چاکەو خزمەتی خەڵك، دەبێ پردێك لەگەڵیاندا هەڵبەستری‌و لەم پێناوەشدا، نامەیەکی زۆری بۆ ئەو فەرمانڕەوایانەی مەغولیی

ناردووه، که لەو کاتەدا حوکمی هیندستانیان کردووەو لە ئاکامدا بەباری سەرنجی خۆی قایلی کردوون. شان بەشانی ئەم نامانەش کە بۆ فەرمانڕەوایان دەنووسران، هاوکات بیروباوەڕو باری سەرنجی خۆیانیش پوخت دەکردەوەو لە شێوەی (نامە)و (نووسین)دا، بەپەیڕەوکارانی خۆیانیان دەگەیاندو بەمەشو لە ڕێگەی ئەم نامانەوە، مشتومڕو لێکۆڵینەوەی فیکریی تێروتەسەل دەهاتەگۆڕێ.. بەمجۆرە ئەم تەریقەتە، لەسەردەمی ئەحمەدی سەری هیندیدا، ڕۆڵێکی گرنگو بەرچاوی بەخۆیەوە دیوەو بەرەو کامڵبوونو گەشانەوەو ڕەگوڕیشە داکوتانو خۆ ڕزگارکردن لە سێبەری جێپەنجەی ڕێبازەکانیتر هەنگاوی هەڵگرتووەو بەردەوام جەماوەری زۆرتری لێ ئاڵاوە، کە دواتر لەسەردەمی (شاعەبدوڵڵای دەهلەوی)ی، مامۆستاکەی (مەولانا خالید)دا، خانەقاکەی لە هیندستان، بۆتە مەڵبەندێکی سیخناخ لە قوتابییانی ئاسیاو ئەفەریقا[٢١].

* * *

مەولانا بۆ بەئەنجام گەیاندنی پەیامەکەیشی، قەڵەمڕەوی بابان بەگشتیو بەتایبەتیش پێتەختە تازەکەیان: شاری (سلێمانی) هەڵبژارد.

هەڵبژاردنی شاری (سلێمانی) لە لایەن مەولانا خالیدەوە، بۆ ئەوەی بیکاتە بنکەو مەڵبەند، بۆ بڵاوکردنەوەی پەیامەکەی، کارێکی ئەوپەڕی هۆشیارانەو (شاریی)یانە بووە، کە ئەگەرچی شاری سلێمانی لەو کاتەدا (لەباری تەمەنەوە) تازەترین پێتەختی نێوان هەموو میرنشینەکانی کوردستان بووە، بەڵام هەر لەبنەڕەتو مەبەستیش لە دروستکردنی، بۆ ئەوە بووە ببێتە پێتەختێکی بەمانای وشەی ئەو ڕۆژگارە: هاوچەرخ، چونکە لە پاڵ ئەوەدا، کە هەر زوو ناودارترین زانایانو ڕووناکبیرانی ئەو سەردەمەی کوردەوارییان لە هەموولایەکی کوردستانەوە بۆ بانگهێشتن کردووەو تەکیەو خانەقاو مەدرەسەیان بۆ کردوونەتەوە، هاوکات خاوەن پیشەو جووتیارو سەربازیشیان لە هەموو ناوچەو هۆزی جیاجیای کوردستانیان تێدا نیشتەجێ کردووە.

بەڵام قەڵەمڕەوی بابان، لە پێش سەفەری مەولانا بۆ هیندستانو دوای گەڕانەوەیشی، لەوپەڕی پشێویی‌و داپڕانو دواکەوتوویدا بووە، چونکە شەڕی چەندین سەدەی شیعەو سوننی نێوان هەردوو دەوڵەتی ئێرانو عوسمانی‌و شەڕی ئەم دوودانەش لەگەڵ دەوڵەتی ڕووس لەلایەك، کە لەهەموویاندا کوردیان بەناوی (جیهاد)و (غەزا)وە بۆ بردوونو لە پاڵ ئەمانەشدا شەڕی میرنشینەکانی ئەردەڵانو بابانو ئاژاوەو ناکۆکی نەپساوی نێوان ئەندامانی بنەماڵەی بابان لەسەر دەسەڵات لەلایەکی ترەوە، ببوونە سۆنگەی تێکدانی ژیانی کۆمەڵایەتی‌و داتەپینی ئابووری‌و بارێکی گران، بەسەر ئەستۆی دانیشتووانەوەو خەڵکەکەی بەجۆرێك وەڕس‌و بێزارو هەراسان کردبوو، کە بەدوای دەرەتان، چارەسەرێکدا دەگەڕان، بۆیە کە مەولانا خالید بۆ کوردستان گەڕایەوەو بانگەوازی بۆ ڕێبازە تازەکەی بەناو خەڵکدا بڵاوکردەوە، خەڵکەکە وەك بانگەوازێکی ڕزگارکەر بەپیرییەوەچوونو پێشوازییان لێکرد، بەتایبەتیش چینی جووتیارو توێژی بازاڕیی‌و پیشەگەران، کە شەڕی خوێناویی‌و بەردەوامی ناوچەکە، ژیانی لێ شێواندبوونو زیانی لەبەرژەوەندییەکانیان دەدا.. بەمجۆرە مەولانا خالید لە ماوەیەکی زۆر کورتدا، بنکەیەکی جەماوەریی زۆر بەربڵاوی پێکهێنا. بەتایبەتیش ئەگەر لێرەدا ئەوەمان لە یادبێ، کە مەولانا لە هۆزی (جاف)ەو ئەم هۆزەش لەساڵی (١٦٣٨ز) بەدواوە، کە تیایدا سوڵتان مرادی چوارەم (١٦٢٣-١٦٤٠ز)، بەغدادو شارەزووری گرت‌و پاشان بەگوێرەی ڕێکەوتننامەی (زەهاو-١٦٣٩ز)، ئەردەڵانی‌و پیرەوانی (ئەهلی هەق)، چوونەوە ناو قەڵەمڕەوی ئێران، بەشێکی زۆر لە جافی (جوانڕۆ)ش ڕژانە (شارەزوور)[٢٢] و بەمەش هۆزی جاف (بەئێستاشەوە) بوونە تاقانە هۆزی گەورەو بەدەسەڵاتی شارەزوور، کە دواتر بووە پێتەختی بابانو ئەوڕەحمان پاشای بابانیش لە یەکەمین قۆناغی گرتنە دەستی فەرمانڕەوایەتی باباندا‌و بۆزیاتر بەهێزکردنی دەسەڵاتی خۆی لە شارەزووردا، خزمایەتییەکی سیاسی لەگەڵ یەکێك لە گەورە سەرۆك هۆزی جاف، واتە: لەگەڵ وەڵەد بەگی جافدا دروستکردو خوشکێکی خواستووە[٦٠] و بەهۆیەوە و لێرە بەدواوە هۆزی جاف، چ لە کاروباری

٦٠- ئەم هەواڵە، لە گەشتنامەکەی (ریچ)دا، دەڵێ ئەوڕەحمان پاشای بابان، خوشکێکی کەیخوسرەو

میرنشینەکەو چ لە سوپای باباندا چاکترین جەنگاوەری ناو سوپاکە[٦١] بەشدارو هەمەکارەی گەورەبوون[(٢٣)] و بەپێی قسەی (کلودیوس جێمس ڕیچ)، چوار هەزار پیادەی جاف، لە سوپای باباندا بوون[(٢٤)]. کە بێگومان ئەم هێزە، بڕبڕەی سوپای بابانیان پێکهێناوە و بۆ کاتی جەنگیش، (٢٠٠٠) دوو هەزار سوارەیان ئامادە بووە و[٦٢] وەك ڕووداوەکانیش بۆمان دەگێڕنەوە، هەر نەبەردێکی سوپای بابان، هێزی (جاف)ی تێدا ئامادەبووبێ، تیایدا سەرکەوتووبووەو هەر کاتێکیش ئەم هێزەی جاف، پشتی لە بابان کردبێ، تیایدا تێکشکاوە. لەبەرئەوە ئەم هێزە گەورەیە پشتیوانییەکی یەکجار بەهێزی (مەولانا خالید)یش بووەو ئەوەندەی ملکەچی فەرمانەکانی میرانی بابان بوون، ئەوەندەش گوێڕایەڵی مەولانا خالید بوونو وەك زاناو ڕووناکبیرێکی گەورەی هۆزی خۆیان بۆیان نواڕیوەو شانازییان پێوە کردووە.

سەرباری ئەو هەموو شەڕو ململانێو ناکۆکییەی (وتمان) لە ناوچەکەدا بوون، بەڵام مێملو بەربەستێکی تری پتەوی بەردەم تەریقەتی نەقشبەندی، کە پێشتر لە ناوچەکەدا بوو، تەریقەتی (قادری) بوو، کە زانای گەورەو ناودار شێخ مارفی نۆدێ (١٧٥٣-١٨٣٨ز) ڕابەرایەتیی دەکردو بەو هۆیەشەوە کە ئەم تەریقەتە زۆر دەمێك بوو ڕەگوڕیشەی لە هەرێمەکەدا بووەو لەگەڵ سەرانو کاربەدەستانی بابانیو عوسمانیدا سەروپێوەندی بەهێزی هەبووەو هاوکاتیش گەڕانەوەی مەولانا خالیدو بڵاوبوونەوەی خێراو بەرفراوانی تەریقەتی نەقشبەندی، بەمەترسییەکی گەورەو ڕاستەوخۆی، بۆ سەر خۆی زانیوە. بۆیە هەر زوو تەریقەتی (قادری) کەوتۆتە نەیارییو زمان

بەگی جافی خواستووە، بەڵام نووسەری هێژا و هاوڕێی بەڕێزم:کاك عەلی بەگی جاف ئەم هەواڵەی بۆ ڕاستکردمەوە، کە ئەوڕەحمان پاشا خوشکی وەڵەد بەگی جافی خواستووە، نەك کەیخوسرەو بەگی جاف. لەم بارەیەوە بنواڕە گەشتنامەی ریچ، لاپەڕە(١٣٢).

٦١- گەشتنامەی ریچ، لاپەڕە(١١٩).

٦٢- گەشتنامەی ریچ، لاپەڕە(١١٩).

لێدانو ڕاپۆرت نووسین، لای میرانی بابانیو عوسمانیو پیاوانی ئایینیو تەنگ پێهەڵچنینی مەولاناو ناوزڕاندنی بەکافرو مولحیدو زەندیقو هەڕەشەو تەقەڵلای تاڕادەی تیرۆرکردنی.. هەموو ئەمانەش بوونە هاندەری ئەوەی تەریقەتی نەقشبەندی، لەلایەن جەماوەری دژ بەو سیستەمە چەقبەستووە، وەك تاقانە ئەلتەرناتیڤو وەك هەڵوێستێکی دژ بەزوڵمو بێدادیی وەربگیرێ. بەتایبەتیش کە (مەولانا)، لایەنگرو پەیڕەوکارانی خۆی، بەوە پەروەردە دەکرد، تا ڕاستەوخۆ نەبنە پاشکۆی هیچ کام لەو دوو دەوڵەتەی عوسمانیو قاجاریو هەر ئەم هەڵوێستەی مەولانا خالید، لای والییەکانی (عوسمانی)یش لە مووسڵو بەسرەو شامو بەتایبەتیش لە بەغداد، پشتیوانیی لێ بکەنو بەنزیك و هەڵوێستی خۆیانی بزاننو ببنە دۆستو مریدی، چونکە ئەوانیش کەمو زۆر، حەزیان لە جێبەجێکردنی کتومتو بێ سێودووی فەرمانەکانی بابی عالی نەدەکردو پێیان خۆش بوو جۆرێك لە سەربەخۆییو ئازادی خۆیان پێڕەو بکەن.. جگە لە کۆکردنەوەی زۆرینەی ناودارترین زانایانو ڕێبەرانی ئایینی لە هیندستانو ئێرانو ئەفغانستانو تورکیاو عەرەبستانەوە[٢٥] بەگشتیو بەتایبەتیش لە هەموو ناوچە جیاجیاکانی کوردستانەوە، وەك: کۆیە، کەرکووك، هەولێر، ئاکرێ، شەمزینان، هەکاری، ئورفە، دیاربەکر، سنە، سابلاخ، هەورامان.. لە خانەقاکەی خۆیدا کە لەو کاتەدا خانەقاکەی مەولانا خالید لە (سلێمانی)، یان شاری سلێمانی بەهۆی خانەقاکەی مەولانا خالیدەوە، ببووە درەوشاوەترین ئەلبوومی کوردستانێکی بچووك، بەهەموو فەرهەنگە جیاجیاو زاراوەو بن زاراوەکانییەوەو لە ئاکامیشدا هەر لەم فەرهەنگو دیالیکتە تێکەڵەیەش، زەمینەو کەشو هەوا، بۆ سەرهەڵدانی دیالیکتی ناوبجیش ڕەخسا، واتە: ئەو دیالیکتەی کە (نالی)و هاوڕێکانی، شیعریان پێ نووسیو ئەمیش وەك بانگەوازەکەی مەولانا، زۆر بەخێرایی دەستی بەتەنینەوە کرد.. سەرباری ئەوەی کە هەر لەم خانەقایەی مەولاناوەو لە ڕێگەی ئەو زانستخوازانەی لە خانەقاکەی مەولاناوە، بۆ هەرێمو شارەکانی خۆیان دەگەڕانەوە، فەرهەنگ زانستی نوێی خانەقاکەی مەولانایان بۆ سەرتاسەری کوردستان بردۆتەوەو

فێرخوازانی تریشیان پێ پەروەردەو گۆش کردووەو هەندێکیشیان بوونەتە ڕابەری میللیو شۆڕشگێڕی بەنامیێ، دژی زوڵمو زۆرداریی فەرمانڕەوایان.. کە هەموو ئەم کارانەش، هەر لە سەرچاوە ڕوونو لەبن نەهاتووەکەی خانەقاکەی (مەولانا خالید)ەوە هەڵقوڵانو هەمووشیان لە ماوەیەکی زۆر کورتی تەمەنی کارکردنی مەولانادا بەڕێخران.. بەواتایەکیتر: ئەوەی مەولانا خالید، لەدوای گەڕانەوەی لە هیندستان، وەك ڕووناکبیرێکی ڕیفۆرمخوازی ئیسلامیی، لە ماوەی (٨-٩) ساڵ کارو ئیرشادکردنی پچڕپچڕیدا، لە ناو قەڵەمڕەوی میرنشینی بابانو دەرەوەی میرنشینەکەدا ئەنجامیداو چەندان بزووتنەوەی هاوتەریبی، وەك: بزووتنەوەی شیعرو زمانو فیکرو ڕەخنەو دیالۆگی نوێی لێکەوتەوە، نە بە هیچ زانکۆو دامودەزگایەکی فەرهەنگییو زانستیی دەکراو نە لە هیچ سەردەمێکی پێشووتری کوردستاندا، بزووتنەوەی فیکرییو فەرهەنگیی ئاوا ئیقلیمگیرانەی کوردستان ڕوویداوەو نە ئاواش خێرا، ڕەنگدانەوەو ئەنجامی بەرچاوی هەبووە.. لە کاتێکدا ئێمە دەزانین خستنەڕێو ئەنجامدانی بەرنامەو پرۆسەی فیکرییو فەرهەنگیی، زۆر درەنگ ئەنجامیان دەردەکەوێو ئەگەریش سەربگرێو دەربکەوێ، دەبێ لە کەشوهەواو کۆمەڵگەیەکی ئارامو سەقامگرتوودا، ئەنجام بدرێ.. کەچی ئەوەی لەمانەش زیاتر جێی ڕامانو سەرسوڕمانە، (مەولانا) ئەم بزووتنەوە نوێیەی لە کەشوهەواو داروبارێکی زۆر سەختو جەنجاڵو داپڗاوو تێکچڕژاودا ئەنجامداوە، کە تیایدا بەردەوام لەشکرکێشییو شەڕو بەیەکداهەڵپژانی سوپای ئێرانو عوسمانیو سەرانی بابانیش لە ناوخۆیاندا، هەرێمەکەیان شەڕاویی کردووەو بۆ بردنەوەی ئەم شەڕانەش، هەمیشە پێویستییان بەزۆرترین ژمارەو کۆمەڵی چەکداربووە، کە ئەم ژمارە چەکدارەش، هەمیشە بریتیی بوون لە سەرانی عەشایەرو دەستوپێوەندی نەخوێندەوار (نەك خوێندەوار)و هەر ئەمانیش لە ئاکامدا بڕیان لەسەر چارەنووسی شەڕەکانو تەرازووی هێزەکان داوەو بەمەش هەمیشە ڕۆڵی خوێندەوارانو ڕووناکبیران، لە خانەی لەبیرچوونەوەو پەراوێزو پاشکۆیەتیدا بووە.. کەچی مەولانا لەم هەلومەرجە

جەنجاڵەدا، توانی ببێتە حەقیقەتو گوشارێکی تازە بابەتو ڕەخنەی بابەتییانە، لە سیستەمی بەڕێوەبردنو دیدیان بگرێتو پێشنیارو هەڵوێستو دیدی ڕووناکبیرانەیان پیشان بداتو دەسەڵاتدارانی ئەو سەردەمەی وا لێکرد، بەچاوی ڕێزو گوێ لێگرتنەوە، حساب بۆ دیدو هەڵوێستو پێشنیاری خوێندەوار بکەنو لەبەردەمیدا بچەمێنەوە، کە ئەم ڕێزلێنانە، لە پلەوپایەی مەولانا خالید، ڕێزلێنان نەبوو لە لەشکری زۆرو چەکی مەولانا خالید، بەڵکو ڕێزلێنان بوو لە پلەوپایەو ڕووناکبیرانەو نیشتمانپەروەرانەی مەولانا خالید. هاوکار ڕێزلێنان نەبوو لە پلەوپایەی ڕووتی ڕابەرێکی ئاییی وەك مەولانا خالید. ئەگینا هەر لەو ڕۆژگارەدا، کە دەسەڵاتدارانو فەرمانڕەوایان، ڕێزی بێ سنوور لە مەولانا دەگرن، ڕابەری تری گەورەی ئاییی، لە سلێمانیدا دەژی.. جگە لەوەی ئەوەندەی پێوەندی بەڕێزلێنانی سەرانی بابانەوە هەبێ لە مەولانا خالید، ئەوەندەش لێی دڵنیان، کە بارتەقای هەموویان، دڵسۆزو خەمخۆرو بەتەنگەوەهاتووی یەکێتیی‌و سەرکەوتنو سەروەریی میرنشینی بابانەو لەم بوارەدا (بۆ وێنە) لە کاتێکدا میرێکی بابانی وەك ئەوڕەحمان پاشا، کە زۆرینەی ململانێو شەڕەکانی ئەم قۆناغەی، لەگەڵ والییەکانو سوپای عوسمانی (واتە: لەگەڵ لەشکری ئیسلامو خەلیفەی ئیسلامدا) بووەو ئەگەر مەولانا بەپێودانی لێکدانەوەی ئیسلامییانە، هەڵوێستی وەربگرتایە (کە لایەکیان ئیسلامو لایەکەی تر: شۆڕشگێڕێکی یاخی کوردە)، دەبوو پشتیوانیی لە خەلیفەی ئیسلام بکات، کەچی مەولانا خالید پشتیوانیی لە شۆڕشگێڕە کوردەکە (ئەوڕەحمان پاشا) دەکاتو شیعری شانازیی پێوەکردنی بۆ دەنووسێ![٢٦].

پەراوێزەکان:

١.بیسارانی، ملا حامد، ریاض المشتاقین، در بیان أحوال مناقب حضرت مولانا خالد ضیاءالدین و حضرت شیخ عثمان سراج الدین. به تصحیح ومقدمة وحواشی وتعلیقات: أبوبكر سپهرالدین، چاپ أول ١٣٨٦ش، ص.١١٣

٢.هەمان سەرچاوەی ناوبراو، ص.١١٢

٣. هەمان سەرچاوەی ناوبراو، ص .١١٤

٤. هەمان سەرچاوەی ناوبراو، ص .١١٣

٥. هەمان سەرچاوەی ناوبراو، ص .١١١

٦.هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٧. هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٨.مودەڕیس، مەلا عەبدولکەریم، یادی مەردان، بەرگی یەکەم، کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا ١٩٧٩، ل .٥٥٣

٩. هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل .٥٥٣

١٠.بیژن إلهی، أشعار حلاج، تهران ١٣٥٤س، ص .٧٠

١١.ملا حامد کاتب، ریاض المشتاقین، ص .١٢٩

١٢. هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل.٣٢

١٣.حکمت عبدالمجید سیفی لاهور، مکاتیب شریفه (حضرت شاه غلام علی دهلوی، استانبول-ترکیا، ١٩٩٢، صص: ٤٣، ٥٤، ٢٢٩.

سەرنج:
ئەم کتێبە بریتییە لە نامەکانی شاعەبدوڵڵای دەهلەوی.

١٤. لەناو شاعیرانی ڕۆژگاری میرنشینی باباندا، (سالم)ی شاعیر، زۆر ڕاستگۆیانە لەوە ئاگادارمان دەکات، کە خۆی (سالم) و (نالی) و (کوردی) و (مەشوی) و... دەستەچیلەی هونەری (شیعر)، لە (مەولانا خالید) وەردەگرن:

لە ڕۆژی ئیمتحانا دیم، بەرابەر طالب و مەعشووق
کەمەربەستەی هونەر هاتن، لە تیپی عەشقبازانا:
لەلاییٚ: (نالی) و (مشوی)، لەلاییٚ: (سالم) و (کوردی)
لە هەنگامەی هونەر گەرمیی، تکاجۆ بوون لە:(مەولانا)

بۆ زیاتر زانیاریی، بنوارە: دیوانی سالم، چاپخانەی کوردستان، هەولێر، چاپی دووەم ١٩٧٢، ل.٣٠

١٥.معتمدی، دکتر مهیندخت، مولانا خالد نقشبندیو پیروان گریقت او، انتشارات پاژنگ، تهران ١٣٦٨ش، ص٢٩، هەروەها یادی مەردان، بەرگی یەکەم، ل٥٨٤، هەروەها: مستەفا، نەوشیروان، میرایەتی بابان لە نێوان بەرداشی ڕۆمو عەجەمدا، چاپی دووەم، چاپەمەنی خاك، سلێمانی ١٩٩٨، ل.١١٠

١٦.یادی مەردان، بەرگی یەکەم، ل٣٠١، ٤٩٥.

١٧.حەمەباقی، محەمەد، میرنشینی ئەردەڵان، بابان، سۆران لە بەڵگەنامەی قاجاریدا، چاپەمەنی ئاراس ٢٠٠٢، ل.٥٢

١٧.گەشتنامەی کلودیوس جیمس ریچ بۆ کوردستان، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە بۆ کوردی، محەمەد حەمەباقی، چاپی سێیەم، چاپەمەنی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٢، ل١٨١، ١٩٦.

١٨.سەرچاوەی پێشوو، ل١٨١، ١٩٦. هەروەها: پ.ام. ژوبر، مسافرت به ارمنستان وایران، ترجمەی محمود صاح انتشارات چهر، تبریز، سال چاپ، ص٢٥٠-٢٦٢.

١٩.دائره المعارف الاسلامیه، مجلد٧، ص٩٣٥، گبعه بریل هولندا ١٩٩٣. هەروەها: فتح الله جرجیس، مبحپان علی هامش پوره الشیخ عبیدالله النهری، الگبعه الاولی، ستوکهولم ٢٠٠٠، دار الشمس للگباعه، ص١٨٠.

٢٠.فتح الله، جرجیس، مبحپان علی هامش پوره الشیخ عبیدالله النهری، ستوکهولم، ٢٠٠٠، ص.١٨٧

٢١.بۆ زیاتر زانیاریی لەم بارەیەوە بنوارە: مشیر الدوله، میرزا سید جعفر مهندس باشی (رساله تحقیقات سرحدیه)، به اهتمام محمد مشیری، انتشارات بنیاد فرهنگ ایران، تهران ١٣٤٨ش.

٢٢.گەشتنامەی ریچ بۆ کوردستان، ل.١٢٧

٢٣.هەمان سەرچاوە، ل.١١٩

٢٤.یادی مەردان، بەرگی یەکەم، ل.٢٣

٢٥.پێشتر ئاماژەمان بەم شیعرەی مەولانا کرد، کە بۆ ئەورەحمان پاشای بابانی نووسیوە.

مەولەوی!
یان
گەڕانەوە بۆ سەرچاوە؟

کامە پەری و ئەوینی نهێنی و ئەفسانەیی بوو، هەر لە سەرەتای تەمەنی (**مەولەوی**)یەوە دەستیان لە دڵە ئاسکەکەی وەشاند و هەموو عومری (**مەولەوی**)یان نوقمی ئەوینێکی سەرومڕ و بێ بڕانەوەی سرووشت و زێدەکەی کرد، کە هەر بە گڕ و کڵپەی هەمان ئەوینیشەوە، باوەش بە شیعردا بکات و خۆی بە میراتگری قەباڵەی ئەدەبێکی تەمەن درێژی دیالیکتی گۆران بزانێ و لە ماوەیەکی کورتی تاقیکردنەوەی شیعریدا، لەیەك کاتدا: لەلایەکەوە توانی رووبەری جوگرافیای جەماوەری ئەم شێوەزمانە فراوانتر و شیرینتر بکات و لەلایەکی تریشەوە لەناو ئەم جوگرافیایەدا نەخشەیەکی تایبەتمەند و جیاواز بۆ خۆی دیاری بکات" کە شیعری کوردی لەسەر دەستی ئەمدا، باڵاتر و هەڵچێ و هەموو کۆڵەگەکانی ئیستاتیکای شیعر، تازە گەرییان بەسەردا بێت و جوانیی و نەمریی هەتا هەتایی بە شیعر بدات!؟!؟.

ئەگەر ئەم پرسیارە چڕانە، تا ئێستا لەلایەن رەخنەگران و توێژەرەوان و شیعرناسانی کوردەوە، بە تەواوی وەڵام نەدرابێتنەوە و پلەوپایە و شوێنی مەولەوی لە ئەدەبی کوردی و لە بواری نرخناسیدا دەستنیشان نەکرابێ، مانای وانییە مەولەوی پەیامەکەی خۆی بە ناتەواوی داوەتە دەست نەوەی دوای خۆی، بەڵکو بە پێچەوانەوە، ئەوەی دوای مەولەوی و بە تایبەتیش لەم حەفتا ساڵەی دواییدا، کە کاروباری بەسەرکردنەوەی شاعیرانی کلاسیکمان و ناساندنیان کەوتوونەتە بەر رووناکیی و لە هەمان کاتیشدا، کە گوڕم و هەنگاوی خێرای رەخنەی بابەتی و زانستییانەی ئەدەبیی، لای گەلانی دوورو دراوسێکانمان، لەبەرە و پێش چووندان" ئەوەی دەربارەی مەولەوی بۆ نەوەی نوێ ناساندرابێ، چەند تەقەللایەکی ناوبەناو

بوون[٦٣] كە لە عۆدەی ئەم کورتە نووسینەی مندا نییە، ئەو نووسینانە بەسەر بکەمەوە و هەڵیان سەنگێنم. بۆیە ئەگەڕێمەوە بۆ مەبەست و ئەڵێم:قەوارەی ئەو ناساندنەی لەم حەفتا ساڵەی دواییدا، بۆ مەولەوی کراوە، هێشتا بە ئەندازە و قەوارەی ئەو ناساندنە نییە، کە مەولەوی لە سەردەمی ژیانی خۆیدا، بە خۆیەوە دیوە و بۆی کراوە چونکە مەولەوی هێشتا خۆی لە ژیاندا بووە، کە لە لایەکەوە: وەك شاعیرێکی هەرە گەورە و دیار، لەلایەن تێکڕای شاعیرانی دیالیکتی (گۆران)ەوە بەسەر کراوەتەوە و لێی ئالاون و وەك رابەرێکی شیعریی و ناوەندێکی ئەدەبیی، خۆشیان ویستووە و نامەی شیعرییان لەگەڵدا ئاڵوگۆڕ کردووە" لەلایەکی تریشەوە وەك مرۆڤ لە هەموو شاعیرانمان زیاتر پێوەندی کۆمەڵایەتی بە هێزبووە و نامە گەلێکی زۆری لێ جێماوە، کە بۆ دۆستگەلێکی سەر بە توێژ و چینە جیاجیاکانی کۆمەڵ نووسیونی و دەیسەلمێنن کە چ لای جەماوەری هەژاری ناوچە دواکەوتووەکەی و چ لای پیر و پیرزادەکانی و چ لای زانایان و چ لای میرانی بابان و بە تایبەتیش لای میرانی ئەردەڵان و تەنانەت لای سەرانی (قاجار)یشەوە، بە

٦٣- تەقەللا دیارەکانی ئەم مەیدانە ئەمانەن:

*رۆحی مەولەوی، بەرگی یەکەم:(١٩٣٥)، بەرگی دووەم:(١٩٤٠)، پیرەمێرد.

*دیوانی مەولەوی:کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوە و لەسەر نووسینی، (مەلا عەبدولکەریمی مودەریس)، بەغدا(١٩٦١ز)

*گۆران، یادی پیرەمێرد (لاپەڕە ٧٣ ــــ ٨٣)بەغدا (١٩٥١ز).

*میهرەجانی مەولەوی، کتێبی ژمارە (١)ی گۆڤاری رۆشنبیری نوێ، بەغدا، چاپخانەی (الزمان) (١٩٨٩ز).

*مێژووی ئەدەبی کوردی (عەلائەدین سەجادی) بەغدا، (١٩٥٧ز).

*ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردی (عەلائەدین سەجادی، بەغدا) (١٩٦٨ز).

*ئەنوەر قادر محەمەد (لیریکاری شاعیری گەورەی کورد:مەولەوی، ستۆکهۆڵم (١٩٩١ز).

*محەمەد ئەمین ئەردەڵانی (دیوانی مەولەوی) وەرگێرانی بۆ سۆرانی (بەرگی یەکەم) بەغدا(١٩٩١ز).

*کۆنگرەی مەولەوی، سەقز:(٨ تا ١٣٧٢/٧/١٠)ە هەتاوی، بەرامبەر (٢٩ تا ١٩٩٢/٨/٣١ز).

کەسێکی زانا و ڕەوشت بەرز و خاوەن هەڵوێست و دڵسۆز، سەیری کراوە و جێگە و ڕێزی تایبەتی هەبووە و پلەوپایەی مەزنیان بۆ داناوە و لەم مەیدانەشدا گەلێ جار تکای لێکراوە وەك ریش سپی و ناوبژیکار، بۆ بڕانەوەی گەلێ کێشەی کۆمەڵایەتی و ئایینی، بێتە مەیدانەوە و قسەی خۆی بکات و لای هەردوو میرانی بابان و ئەردەڵانیشەوە پێشنیاری بۆ کراوە، بچێتە پایتەخت و شارە گەورەکانیانەوە و لەسەر فەرمانی (غولام شاخان)ی میری ئەردەڵانیش، لە ئاهەنگێکی پڕ تەدارەکدا، بە ڕەسمیی لەقەبی مەولەوی پێدراوە.[٦٤] دیسان هەر ئەم شازادیە، لەگەڵ ئەوەشدا کە لە باوەش دایکێکدا گەورە بووە، سەدان فرسەخ لە زێد و زمانی مەولەوی یەوە دوورە،[٦٥] کەچی ئەوەندە عاشق و هۆگر و سەراسیمەی شیعری

٦٤- مێژووی ئەدەبی کوردی، عەلائەدین سەجادی (چاپی دووەم بەغدا) (١٩٧١)، لاپەڕە(٢٨١).

٦٥- بۆ زیاتر ڕونکردنەوە، دەبێ ئەوە بڵێم کە:غولام شاخان یەکێ لەدوا میرانی میرنشینی ئەردەڵانە و لە باوکەوە کوڕی دووەمی خەسرەوخانی کوڕی ئەمانۆڵلاخانی گەورەی میری ئەردەڵانە، کە باوکی بە خەسرەوخانی ناکام بەناوبانگە و دیسان وەك شاعیریش دەناسرێ و شیعری بە زمانی فارسی زۆرە و نازناوی شیعری والی یە. لە دایکیشەوە، کوڕی حوسن (جیهان)ە، کە (٢١)هەمین کچی فەتح عەلی شای قاجارە و ئەمیش وەکو شاعیرێکی فارسی زمان دەناسرێ و نازناویشی (ام القانون)ە، بە واتا: لە سەرێکەوە ڕەگەزی دایکی فارسە و شیعە مەزهەبە و باوکیشی خەسرەوخانی ناکام، وەك وترا، هەر بە فارسی شیعری نووسیوە و لە سەرێکی تریشەوە ماهشەرەفخانم (مەستوورە)ی ئەردەڵان (١٨٠٥ ـــ ١٨٤٧ز)ی شاعیر و مێژوونووسی ناوداری کورد، زڕ دایکێتی، کە دەبێتە هەوێی دایکی و ژنی دووەمی باوکێتی، کە بەسەر دایکی هاتووە و..دەبوایە ئەم چەند جیاوازیی و هۆیە، کار لە هەستی غولام شاخان بکەن، تا زۆر حەز لە زمانی کوردی نەکات..کەچی شیعری مەولەوی، ئەوەندە جێپەنجە و زەبری لەسەر هەست و ناخی غولام شاخان داناوە، کە وەك وترا:نەك هەر بە دیالیکتی (گۆران)، بەڵکو بە شێوەزمانی ناوچەی تاوەگۆزی، شیعری لەگەڵ مەولەوی دا، ئاڵوگۆڕ کردووە..!

مەولەوی بووە، نەك هەر بە دیالیکتی **گۆران**، بەڵکو سەیر لەوەدایە، بە شێوە زمانی ناوچەی تاوەگۆزی، شیعری لەگەڵ مەولەوی دا ئاڵوگۆڕ کردووە![٦٦]

ئەم جێگە و رێزە ئەدەبیی و کۆمەڵایەتییەی مەولەوی، دیاردەیەکی ئەوەندە پڕ سەروەرییە بۆ ئەدەبی کوردی، کە پێشینەی نەبووە و شاعیرێکی ترمان نییە ئەوەندەی **مەولەوی،** ئەم شکۆ و مەزنایەتییەی بە خۆیەوە دیبێ. سەرەڕای ئەمەش، ئەوەی جێی دڵخۆشییە، ئەم دیاردەیە ئەوەندەی تاڵەموویەك، شاعیرێتی و کەسایەتی (مەولەوی)یان بەرەو لە خۆبایی بوون و چاوبڕینە پلە و پلیکانەی خۆ بەرزکردنەوە لەسەر حسابی ناوبانگ و شاعیرێتی خۆی نەبردووە" یان نەوی کردنی سەری بڵندی شیعر، لە بەردەم دەربارێکدا" بەڵکو لە کۆکردنەوە و هاوئاهەنگی کردنی ئەم دوو جۆرە پێوەندییەدا، رۆژ داوی رۆژ خۆشەویستی خۆی و شیعری، زیاتر و زیاتر، لە بازنەیەکی بەربلاودا، قووڵتر و داکوتاوتر بردووە" بە جۆرێك لای شاعیران و شیعردۆستانی، بۆتە رەمزێکی درەوشاوەی ئەدەبیی، کە شیعر سەرباری پەیامە ئەدەبییەکەشی، لە عاست بەرزکردنەوەی چێژی چەشتنی رۆحیی و هونەریی، لە پاڵیشیدا لە خەم و خەونی خەڵك نزیك ببێتەوە و دەستە دەستە هۆگر و شیفتەی شیعر بن.

لە پەیجوور و تاوتوپێکردنی ئەم دوو جۆرە پێوەندییەی مەولەوی دا، هەندێ ئاکامان دەستگیر دەبن، کە جێی سەرنج و لێدوانی تازەن و بۆ ئەوە دەشێن بن بە کەرەسە و هەوێنی زیاتر ناساندنی مەولەوی و شیعری کوردی لەو سەردەمەدا.

بۆ دەرگا خستنە سەرپشت لەسەر ئەم رازە، سەرەتا دەبێ ئەوە بڵێم کە ئەم دیالیکتەی مەولەوی شیعری پێ نووسیوە، سەدان سەڵ بەر لە (مەولەوی)ش ئەدەبی پێ نووسراوە" چونکە کۆنترین مێژینەی ئەدەبی شیعریی، زمانی کوردی، کە لەبەر دەستدایە و لە سەدەی دەیەمی زایینەوە دەست پێدەکات، دەیسەلمێنن کە لە پاش داهاتنی ئایینی ئیسلام و راستەوخۆش لە سەرەتای هاتنی ئایینی ئیسلامەوە دەست پێ ئەکا، تا سەدەی سیانزەهەمی کۆچی، واتە: نزیك کۆتایی

٦٦- یادی مەردان:(بەرگی دووەم، مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس) بەغدا چاپخانەی کۆری زانیاری عێراق، ساڵی (١٩٨٣ز) لاپەڕە (٣٨٥،٣٨٨).

سەدەی نۆزدەیەمی زایینی، کە ئەم دیالیکتە زمانی ئـەدەبیی و ئـایینی ناوچـەی ناوەندی و باشووری کوردستان بووە.

بۆیە تەمەنی ئەم دیالیکتە ، لە تەمەنی تێکـڕای دیالیکتـەکانی تـری زمـانی کوردی درێژترە و ئەگەریش خۆرهەڵاتناسـانی وەکـو: ئەلیکسـندەر ژابـا، مـارتن، هارتمـان، ب. لـیرخ، رۆژی بلیسـکۆ، فیلچیفسـکس و رۆدینکـۆ و..هتـد" ئـەوە بسەلمێنن کە ئەدەبی کوردی، لـە سـەرەتای دەسـت پێکردنییـەوە، بـە دیـالیکتی باکوور دەستی پێکردبێ و بە تایبەتیش لە عـەلی حـەریری (سـەدەی یانزەهـەمی زایینی)یەوە. ئەوا لەم دیالیکتەدا لە سەدەی دەیەمی زایین و، رەنگـە پێشـتریش، کتێبی **ماریفەت و پیرشالیاری زەرتوشتی** پێ نووسراوە،[٦٧] کە لـە بـارەی ئـایینی (زەرتوشت)ەوەیە. دوای ئەمیش کتێبی (سەرئەنجام)ی[٦٨] پێ نووسـراوە، کـە لـەناو خەڵکدا بە **سروودی یارسان** ناسراوە و کتێبی ئایینی (ئەهلی هـەق)ە.[٦٩] لـە پـاڵ ئەمانەشدا وەك لە ئینسکلۆپیدیای ئیسـلامی (چـاپی ئینگلیزیەکەیـدا) هـاتووە" (بابـا تـاهیری هەمـەدانی)ش شـیعری بـە دیـالیکتی **گـۆران**، بـۆ بڵاوکردنـەوەی بیروباوەری ئەهلی هەق، لەناو (گۆران)ە نەخوێندەوارەکاندا نووسیوە.[٧٠]

ئـیتر ئـەم ئەدەبـە بـە دەم رەگ داکوتـانی زیـاترەوە، هـەر لـە بەخشـین و درەوشانەوەدا بووە، کە شاعیرانی دیار و ناوداری بـەر لـە مەولـەوی و سـەردەمی (مەولەوی)ش، هەر بەم دیالیکتە شیعریان نووسیوە، وەك:مەلا پەریشان (سـەدەی چواردەیەمی ز)، بێسارانی (**١٦٤١ ــــ ١٠٧٢ز**)، خانـای قوبـادی (**١٧٠٠ ــــ ١٧٥٩ز**)، مەلا خدری رواری (**١٧٢٥ ــــ ١٧٩٠ز**) صـەیدی هـەورامی (**١٧٨٤**

٦٧- دانای هەورامی (پیرشالیاری زەردەشتی، بەغدا) (١٩٦٨ ز).

٦٨- ماشەڵلای سووری (سەرنجام)، (تارن)ی (١٣٤٤)، هەتاوی.

٦٩- مامۆستا محەمەد ئەمین هەورامانی سەبارەت بەم کتێبە دەڵێ:شێوەی شیعرەکان و ناوەڕۆکیان ئەیسەلمێنن کە دیالیکتی هەورامی (٨٠٠) ساڵ لەمەوبەر، زمانی ئایین بووە. زاری زمانی کوردی لە تای بەراوردا (بەغدا ١٩٨١ز)، لاپەڕە (١٧).

٧٠- لیریکای شاعیری گەورەی کورد (مەولەوی) لاپەڕە (٣٢).

ـــ **١٨٣٥ز**)، میرزا شافیعی جامەڕێزی (**١٧٨٥ ـــــ ١٨٤٨ز**)، ئەحمەد بەگی کۆماسی (**١٧٩٣ ــــ ١٨٧٦ز**)، میرزا قادری پاوەیی (**١٨٣٥ ـــــ ١٩٠٧ز**)،... هتد. ئەمانە و جگە لەو (٢٧) شاعیرەی کە ئی.بی.سۆن، لەو وتارەیدا سەبارەت بە شیعری **گۆران** لەسەری نووسیون و نموونەی لە (**٧**) شاعیریان هێناوتەوە" کە کاتی خۆی دکتۆر سەعید سنەیی ئەم دەستنووسانەی پێشکەش کردوون و ئێستا لە مۆزەی بەریتانی پارێزراون و هەمووشیان پێش ساڵی (**١٧٨٨ز**) ژیاون.[٧١]

بەم ئاوەڕدانەوە خێرایە، لە مێژینەی ئەدەبی دیالیکتی **گۆران**، بۆمان دەرئەکەوێ کە ئەم شێوە زمانە، لە دێرینەیەکی هەزار ساڵ زیاترەوە، جگە لە زمانی ئەدەبیی، زمانی ئایینیش بووە. لە تەمەنی ئەم هەزار ساڵ بەخشینەشدا، بێ پشوو بە تەوژم و تین و درەوشاوەیی هاتووە و زۆر کەم وابووە لەو تەمەنەیدا لە بەخشین کەوتووبێ. بە پێچەوانەی ئەدەبی دیالیکتی باکوورمان، کە ئەگەر لە قۆناغەکانی دەرکەوتنی شاعیرانی وەك:فەقێی تەیران (سەدەی چواردەیەمی زایین؟) و مەلای جزیری (سەدەی پانزەیەمی زایین) و ئەحمەدی خانی (**١٦٥٠ ـــــ ١٧٠٦ز**)دا، لە لووتکەدا بووبێ، ئەوا دوای ئەحمەدی خانی، ئیتر وزەی بەردەوامیی و درەوشاوەیی، وەك تین و تاوی پێشینەی نەما.

بەڵام ئەدەبی دیالیکتی **گۆران**، بێ پسانەوە لە بەخشیندا بووە و ئەو چەند شاعیرە (گۆران)ەی ناومان هێنان، نموونەگەلێکی کەمن، لە سەروەری ژمارەی زۆرتری ئەو شاعیرانەی کە لە تەمەنی ئەم هەزار ساڵەی دیالیکتەدا دەرکەوتوون. لەبەرئەوە ئەگەر بەرهەمی هەموو شاعیرە بەرزەکانی ئەم شێوە زمانە، بە شێوەیەکی زانستییانە بهێنرێنە ژێر توێژینەوە و لێکۆڵینەوە، ئەوا بۆمان ساغ دەبێتەوە، کە ئەدەبی ئەم دیالیکتە، لە ئەدەبی دیالیکتەکانی ترمان بە تەمەنتر و دەوڵەمەندتر و بەربڵاوترە و بە تایبەتیش ئەو ژمارە زۆرە داستان و چیرۆکە دڵدارییانەی کە بەم دیالیکتە نووسراون و لەبەردەستدان و چیرۆکە ئەدەبیی دیالیکتەکانی ترماندا، یەکجار زۆرن و کەم وێنەن.

٧١- مینۆرسکی، گۆران، وەرگێرانی ناجی عەباس، گۆڤاری گەلاوێژ، بەغدا، ژمارە (٥، ٦، ٧، ٨، ٩، ١٠)، ساڵی (١٩٤٤).

ئەم بەراوردەشمان ئەگەر هەر بەرامبەر دیالیکتی کرمانجی باکوور بووبێ، هی ئەوەبووە کە دیالیکتەکانی ترمان، یان بەرهەمی ئەدەبیان زۆر کەم پێ نووسراوە، یان زۆر درەنگانێ کەوتنە بەخشین و درەوشانەوە" وەك ئەدەبی دیالیکتی باشوور (شێوەی سلێمانی)، کە بەرهەمی شیعری شاعیرانی سێ کوچکەی بابان:نالی و سالم و کوردی و هاوڕێکانیان" واتە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمی زایینەوە، کەوتە بەخشین و خۆنواندن.

جگەلەمەش، سیماکانی ئەدەبی دیالیکتی **گۆران**، لە چاو سیماکانی بەرهەمی ئەدەبی دیالیکتەکانی ترماندا، زۆرتر شەقلّ و هەوێنی خۆماڵییانە و بۆن و بەرامەی کوردەوارییان پێوە دیارە، کە لە بەکارهێنانی کێشی خۆماڵیی (کێشی دە بڕگەیی)، لە تێکڕای بەرهەمەکانی ئەم دیالیکتەدا دیاردەی بەڵگەنەویستە، کە بڵێین ئەدەبی ئەم دیالیکتە، تا چ رادەیەك هەڵقولاّو و گۆشکراوی رەسەن و کوردستانییە... بۆیە دەڵێین ئەم دیالیکتە، رەگ و ریشەی لە مێژینەیەکی زۆر کۆندا داکوتاوە و هەر ئەمیش بووە بۆتە یەکێك لەو هۆکارانەی لە تەمەنی زیاتر لە شەش سەدەی میرنشینی ئەردەڵان دا، کردوویەتی بە زمانی رەسمی و ئەدەبیی ئەم میرنشینینە[٧٢] و (هەر دەسەڵاتی ئەم میرنشینەن، ئەدەبی بە دیالیکتی (گۆران)ی پێشخست و گەیاندییە لووتکەی داهێنان و گەشەسەندن،[٧٣] بە رادەیەك کە زەبر و دەسەڵاتی داهێنەرانەی ئەدەبی ئەم دیالیکتە، هەمیشە لە سنووری میرنشینی ئەردەڵانیشی تێپەڕاندووە و وەك (گۆران)ی شاعیر دەڵێ:(لە کاتی شکۆیا، جار بووە، سێ کوچکەی ناوەندی کەرکووك، هەمەدان و کرماشان هەمووی بگرێتەوە).[٧٤] بۆیە دەبینین لە نێوان ئەو (**٣٨**) نامەیەی مەولەوی، کە تا ئێستا بە چاپ گەیشتوون و ئەو شاعیرانەش کە شیعری لەگەڵدا گۆڕیونەتەوە،

٧٢- محمد أمين زكى: تأريخ الدول و الامارت الكردية في العهد الاسلامي، ترجمة محمد علي عوني، القاهرة/١٩٤٥ ــ صفحة (٢٧٦).

٧٣- ئەنوەر قادر محەمەد: لیریکای شاعیری گەورەی کورد، مەولەوی، لاپەڕە(٣٨).

٧٤- گۆران: یادی پیرەمێرد، بەغدا (١٩٥١ز)، لاپەڕە (٧٨).

هەندێکیان بۆ دۆستگەلێکن، لە دەرەوەی سنووری ئەم میرنشینەن، بەڵام لە هەمان کاتیشدا، نامەکانیش و شیعرەکانیش، بۆ ئەو دۆستانەن، کە ئەدەبی دیالیکتی **گۆران** شەرمەشقیانە و[75]، ئەوەندەشی کە ئێمە مەبەستمانە، نامە شیعرییەکانی (مەولەوی)ن، کە لەگەڵ ئەم شاعیرانەدا هەیەتی: ئەحمەد بەگی کۆماسی، مەلا نیزام، شێخ عەبدولڕەحمانی داخی، شێخ حەسەنی سازانی (بولبول)، مەلا فەتاحی جەباری، شێخ **مۆمنی** سازانی، مەلا عەبدولڕەحمانی نەجار، مەلا یونس، شێخ عەزیزی جانەوەرەیی، مەلا چراخ و زیبا خانم.

کەواتە مەولەوی هەڵگر و درێژەپێدەری پەیامێکی ڕەسەنی دەستاودەستکردووی نەوە، دوای نەوەیە" کە ئەم دیالیکتە توێشوویەتی. ئەم دیالیکتەش ئەوەندەی ئەو شەقڵگرتنە پێشکەوتووەی کە بەو عومرە بە دەستی هێناوە و ئەوەندەش کە لەگەڵ خەڵك و زێدەکەیاندا ژیاوە" بۆتە پێناسە و مێژوویەکی خەڵکەکە. (مەولەوی)ش لەم مەیدانەدا کە هات، بە عەشقێکی قاڵی یەزدانی و ئەفسانەییەوە، زۆر بە ئەمانەت و ئەمەکدارییەوە، بە دەسەڵاتێکی شاعیرانەی کەم وێنەوە، شوورە و سنوورێکی خەیاڵیی بە دەوری ئەم دیالیکتەدا دروستکردووە، کە ئەگەر بکرێ و بتوانین، ناوی دەنێین:کۆماری شیعری مەولەوی!، وەك چۆن ئیفلاتۆن کۆماری خەون و ئاواتی خۆی پێکهێناوە، (مەولەوی)ش لەم کۆمارەدا، بەسەر کێوی شیعری لەبن نەهاتووی خۆیەوە، وەك ئاسکێکی سڵۆك و بە پارێز! بە چاوی هەمیشە زیت و بێدار و بی ئۆقرەوە..

بە دڵە ڕاوکە و بیرەبیرەیەکی بێ ئەندازەوە.
بەهەناوێکی هەڵوەدا و بێ ئارام و شپرزەوە..
کە گیان دەکەن بە تەنووری سوورەوەبووی گڕکانی ژانی شیعرپژانی بەردەوام..
هەر سات و ڕۆژ و شەوەی بەسەر ڕەوەزێکی نەدیوی ئەم کێوەوە..
هەر دەمەی بەلای خەم و خەندەیەکی تازەی ناو ئەم کۆمارەوە..
شارەزا و بە ئاگا، لە بچووکترین ڕووداوەکانی ناو ئەم کۆمارە،

٧٥- لەم (٣٨) نامەیە، تەنیا نامەیەك، کە بۆ کاك (ئەحمەدی شێخ)ی نووسیوە و تا ئێستا نازانین کە ئاخۆ کاك (ئەحمەدی شێخ)یش، بۆ دڵنەوایی مەولەوی، دیالیکتی (گۆران)ی خۆشویستووە، یانا!؟.

هــەر لــە شــنینەوەی چــڵە وەنەوشــەیەکی کاوانــەوە، تــا لەرینــەوەی چــڵە گیایەك،راچەنیوە و داچەڵەکیوە..
..شوێن فــڕینی باڵندەیــەکی کۆچــەریی کــەوتووەو تــا گەڕاوەتــەوە، پــەژارە و چاوەڕوان بووە..
..گوێی لە خوڕە و قەڵبەزەی ئــاوی دوورتــرین و تــەنگترین دەربەنــد و گــەروو بووە.
.. لە سەرما و سۆڵەی زستانە ساردەکاندا، توێی دەروونــی خــۆی، نــەك هــەر بــۆ مرۆڤی نیشتمانەکەی، بەڵکو بۆ نەسیم ــ ی نیشتمان کردووە بە لانە و ژووری گەرم:

نەسیم!، پەنجەی پات ئەر سەردیی کێشـــــان
بدارەش نەتۆی دڵ، دەروون ڕێشـــــــــــان

ئاشنایەتی و ئەوینی مەولەوی لەگەڵ سروشتی نیشــتمانەکەیدا، هــەموو تەمــەن و هەست و شیعری داگیر کردووە و لەیەکدا تواونەتــەوە.. بــە جۆرێــك وەك چــۆن دەڵــێن حەزرەتی سلێمان، زمانی باڵندە و گیانلەبەرانی زانیوە، (مەولــەوی)یش ئــاوا، زمــانی بوونەوەرانی سرووشتەکەی خۆی زانیوە و یەکە یەکــە، لــە گەڵیانــدا ژیــاوە و دواوە... سەری نــاوە بــە ســەریانەوە و رازی دڵــی خــۆی بــۆ هەڵڕشتوون...پیاســەی هــەردان و ســـەربەرزان و لای دۆســـتانی لەگەڵـــدا کردوون..تێـــری لـــە دیـــدەنی و تێـــڕوانینی بەردەوامیان نەخواردووە و لە هەموو دیــدەنی و بــە سەرکردنەوەیەکیشــدا، جــار دوای جـــار، جـــوانتر و رازاوەتـــر، هاتوونەتـــە بەرچـــاوی..وەخت و ناوەخـــت بەســـەری کردوونەتەوە... لە بەرەبەیاندا، کە کازیوەی نیشتمانی دیــوە" وەك دڵدارەکــەی لــەناو نوێنی خەودا ببینێ، ئاوا هاتۆتە بەرچاوی و بە تاسەوە، ســەری لــە ســنگ و بەرۆکــە رووتەکەی کازیوە، نزیك دەکاتەوە و بۆنی دەکات:

بۆی یەخەی سەحەر، پەی دەماخ دڵ
مانۆ وەنەســـیم، جێب جەمین گـــوڵ

..لەگەڵ کۆچی گەرمیان و کوێستانی خێڵاتی جاف دا، سەرەڕێیانی لێگرتوون و یەك یەك سەرژماری کردوون، تا بزانێ کامیان کەمە!..

ریشەی جەرگ و پەردەی دڵی خۆی بۆ کردوون بە نووشتەی چاوەزار و بە قۆڵ و مەچەکی کچە جوانەکانی جافەوەی بەستووە..

لە بچووکترین و دوورترین خەم و کۆستی ئازیزانیدا، کسپە و زام گەیوەتە دڵی ئەم و فرمێسکی شیعریی، لە خەمبار و کۆست کەوتووەکان، زۆرتر و بە سوێتر هەڵڕشتووە...

کە روومەتە سپی و سافەکانی شێخ عەزیزی جانەوەریی (هاوڕێی)، ئاوڵە دەردەکەن، وشەکانی ئەم، روومەتی خۆیان دەڕنن...!

لەگەڵ (مەحموودی یاروەیس)ی کوڕ کوژراودا، گریان و شیوەننامەی شیعری چەندان جار گریاوی ئەم، بێ بڕانەوەتر بووە...

لە پرسەی ناکامیی شێخ صەمەدی خانەگادا، زاوا ڕۆیەی ئەم، بە کوڵتر بووە...

لە کۆتەڵی جافەکانیشدا، شیعری ئەم، بۆ کوژرانی قادر بەگی کەیخوسرەو بەگ، بە جۆشتر بووە...

...ئەگەریش خۆی نەیتوانیبێ سەردانی دۆستێکی بکات، یەکێك لە بوونەوەرەکانی سروشتەکەی راسپاردووە، کە کارەکەی بۆ بکات... لەمەشدا زۆرترین راسپاردەکانی بە (بـــــا)دا ناردووە، کە لەم بوارەدا مەولەوی، تاقە شاعیرێکە، بە ئەندازەیەکی کەم وێنە، جۆرەکانی (بـــــا)ی زێدەکەی بناسێ و شیعری زۆریان بۆ بڵێ.[٧٦]

٧٦- بڕوانە ئەم نموونانە، کە باسی جۆرەکانی (بـــــا)یان تێدایە، بە تایبەتی نەسیم:

نەوەخت هیجـــران، ویداعت فـــامـــا

نەوە شـــەماڵ دا، پەیامـــت ئامـــا!

ل١٣

ئاماوە وەهـــار، وەهـــار شـــادی

بۆی عەتر نەســـیم، خونچـــەی ئازادی

ل٣٨

زایفیم هەریەند جەحـــــەد بەرشـــی یەن
نەســـــیم ئەر بارۆم عەجـــایب نییەن
ل٤٩

رجام هـــەن فـــــەردا نەو گەردەلـــوول دا
بویەری نـــــەژێر ســـــایەی رەســـوولدا
ل٩٩

گاچوون بۆی نەســـــیم وە رووی شـــەتاودا
گاچۆن گوڵ نەپـــای چۆڕەی بەفـــــراودا
ل١٤٦

ئەو، ســەبوون ســـفتەی پڕ داخ بێ پەرداخ
تۆ، بۆی شـــــنۆی بای ئێلاخ نە دەمـــــاخ
ل١٤١

نەســـــیم! بەس بویەر وەکۆســـــاراندا
وەسەن شـــــــانای وەڵگ وەدیـــــاراندا
ل١٤٣
شـــــنۆی رەشەبای زوسان هیجـــــــــران
ســـــەر چڵەی عەیشـــــم کەردەن وە بوریان
ل١٢٩

...یان که دۆستێکی بەسەر دەکاتەوە، یەکسەر لە پاڵیشیدا، نـاوی ئـەو جێگایـە، یان رەمزێکی ئەو جێگایە ناو دەبا، کە ژینگەی دۆستەکەیەتی" وەك ئەوەی بـە هـەلی بزانێ و بە تیرێك دوو نیشان پێکەوە بپێکێ و بلێ:بیری هەردووکتان" بـیری هـەمووتان دەکەم و هەردووکتان لای من، تەواوکەری یـەکترن و یـەك شتن...لەمەشـیاندا دیسـان وەك مەبەستی بێ، زۆربەی ئەو جێگایانە ناو دەبات، کە لەناو کۆمارەکەیدان! ...واتـە ئەو شوێنانەن کە دیالیکتی **گۆران** دەیانگرێتەوە، وەك: (بانە، ئاربەبا، سـەقەڵا، کێـوی ئاتەشگەی پاوە، خانەگا و پاوە، قوللەی قەزاڵە، کێوی شاهۆ، شـاکەل، چـەمی زەڵـم، رووباری سیروان، ئەردەڵان، کێوی ئاویدەر ــ ی لای شـاری سـنە، مـەریوان، زرێبـار، کوێستانی ساراڵ، هەزارکانیان، قوللەی وەیس[٧٧]...هتد).

چۆن وەڵگ شـــــادیی من وای دووریی لەیل

وەیشوم بەرد ئەو هەرد، نەو رشتەی سوەیل

ل١٦٠

پووش ئایریچم جـــای نەســـیم نییەن

هـــورکەردە و بـــەردیم تا وە لاش شییەن

ل٢٧٥

چ شیرین زەرگەر، تۆف هەوای ســــــەرد

گۆشراوە نە گۆش نەونەمامان کـــــــەرد

ل٢٧٨

شەماڵ! ئەرجوم هەن هەی وە فیدات بـــــام

وە سەرگەرد باڵ شانای هەوات بـــــام

ل٣٠٣

٧٧- بڕوانە ئەم نموونانە:

چەپگەرد پەی دووریت شـــانا مۆرەی نەرد
وە زاهیر بانــەش وە بەهانە کــــــەرد
ل٨

جــە ســــــەرقەڵاوە مەگێڵوون پـــەی تۆ
دەك دیدەم هەردوو صەدجـــار فدێت بـــۆ
ل١٦

تانجەڕۆی ئەی چەم، ســـــیروان ئەو چەم
جۆشاوێ وەهەم، ئەی چەم تا ئەو چـــــەم
ل١٣١

سەر بەر کەر نەسەر کۆی ئاتەشــــــــگاوە
بدیە وەمەســــکەن خانەگا و پـــــــاوە
ل٣٠٤

زار زار و خـــــاس خــــاس، وە زار بناڵە
جاگیر نەســــــــەر ئەوج قوللەی قەزاڵە
ل٣٠٤

دڵەی خەم خەیاڵ، جــــــۆش ئاوەردەوە
(مەعدوم) هەم هەوای زەهاو کـــــەردەوە
ل٢٤٣

دیدەم ڕێژاوە، روخســـــــــــارم زەردەن
جـــــەداخ یاران، پیران ـــ م کـــــەردەن
ل٣٥٤

ئانا دەور مدۆ وە شـــــــــــــاهۆ کۆ ـــــ وە
وە ســـــــــــزای دووریی دیـــــدار تۆوە
ل٣٠٩

فەضای ســــــایەی عەرش دانای جەلیلەن
یا بارەگـــــــای پاك سەیید خەلیل ـــ ەن
ل٣٥٧

وادەی خاو نییەن، وادەی شکـــــــــــارەن
دەشتەکەی پای هەرد شـــــاکـەل دیارەن
ل٣٧٣

گێچ مەدا سەبوون شـــــــــــــارەزوور دڵ
ســـــــــــیروان هوناو، دەروونش گوڵ گوڵ
ل٤١٨

واژواش مەویەرد، نەو دەمـــاخ، دەم دەم
تاف مەوەست ســـــەراو، چەرخ زەڵم چەم
ل٤١٨

خاو خاو پەی نەچیر، چـــــەم وە نگاوە
تەك مەداین وە لای کۆی ئاتەشـــــگاوە
ل٤٩٠

من مات و بێدەنگ، بێ صەدا و نـــــاڵە
یەکێ بیم چون ســـــەنگ قوللەی قەزاڵە
ل٤٩١

ئیسە و ئەڵماس دووری دڵ کـــــاوام
مـــــەلال بەدحاڵ، ئەردەڵان مـــــاوام
ل٤٩٢

دەی سا شۆ بویەر نەو سوب ســـــەرحەردا
چۆن دووی هەناســـــەم وە ئاویدەردا
ل٤٩٣

ها نە بانە دا، بێکـــــەس کەفتەبێ
دیاربی ئـــــازار تۆ شـــــنەفتەبێ
ل٤٩٧

ئایر ســـــەندەبێ، جـــە گردین لاوە
پووشەکەی جەســـــتەش وە ئاربەباوە
ل٤٩٨

گێچ زرێوار هەرســـــــم مەوج وەردەن
سارای مەریوان تەمـــــام هەڕ کەردەن
ل٥٠٠

شەوان هام رازەن، روان هاومـــــــاڵەن
(قلب الاســـد)م، قەوس ساراڵ ـــ ە ن
ل٥١٨

هــەوای سەر ساراڵ وەخسوس وەتەن بۆ
ئەرچی صەفای رۆح، راحەتیی تەن بۆ
ل٥٢٦

وە هەر جا تەشـــــــــریف تۆ ئەرزانییەن
هـــــەر دیدە پەی تۆ، هــەزار کـــانی یەن
ل٥٢٩

هاڵ بەدهاڵ بەدەن، هاڵی و هــــــەواڵە
یانی های چۆن ســـــەنگ قوللەی قەزاڵە
ل٥٣٢

ئارۆ من دەردم سەرمەشق قەیســـــــەن
نەجد سارای صاف پای قوللەی وەیس ـــ ەن
دیوانێکی دەستنووسی مەولەوی ـــ لای خۆم)

ئەمە ئەوەمان لا دووپات دەکاتەوە، کە مەولەوی هەر ئەم کۆمارەی خۆی پێ کۆمار و نیشتمانە و هیچ جێگایەکی تری پێ نیشتمان نییە، بۆیە کە ئەحمەد بەگی کۆماسی، بۆ ناوچەی ڕەشت و گێلان دوور دەخرێتەوە، بە شین و شەپۆڕەوە، هانا بۆ سروشت دەبا و گلەیی لە دۆستەکانی خۆی و ئەحمەد بەگ (بونەوەرەکانی سروشت) دەکات، کە ئیتر خۆیان نەڕازێننەوە و ماتەم بن، چونکە کەسێکی ناو کۆمارەکە، جێیان دەهێڵێ:

ملان!، سەربەرزان!، کۆساران!، هەردان!
بێ شەرتان، جەداخ وەفاتان مەردان
چێشەن ئارایش سەرتا وە دامان!؟
مەر خالۆم، وەعەزم سەیرتان ئامان؟
مەشنیە چین چین چنور نەکاوان
توخوا ماتەم بە، هاژەی وەفراوان!
ل١٤١

ئەمە لە کاتێکدا، کە ناوچەی ڕەشت و گێلان، ئەو شوێنە ناخۆشە نییە، دڵی تێدا تەنگ بێ.

بەڵام بە پێچەوانەوە، کە دۆستێکی دوورکەوتەی، پێ دەنێتەوە سنووری کۆمارەکەی، دڵ و دەروونی ئاوەدان و ڕۆشن دەبێتەوە و شاگەشکە دەبێو ڕۆحی دەکەوێتە شایی...وەك چۆن بۆ هاتنەوەی شێخی بەهادین لە سەفەری حەج، دەڵێ:

ئایینەی کاملۘ!، ئازیزەکەی فەرد،
فیدای ئامات بام سەفاییت ئاوەرد
خەیلێن گەرد پات، نەدیدەم دووربێ
یانەی چەم وێران، تەمام خاپووربێ
خاس بی تەشریفت هەم ئاوەردەوە،

گەرد پات، وەتەن ئاوا کــــــــەردەوە

ل٤٧

ئەم لکان و نووسانە پـڕ ئەوینــەی، پێناسـەیەکی تایبەتمەنـد و دەگمـەنیان بـە مەولەوی داوە، کە لەناو سەرجەمی شاعیرانی کورددا، شیعری هیچیان ئەوەنـدەی شیعری مەولەوی، بۆنی نیشتمانیان لـێ نایەت...شیعری مەولەوی نوقمی خـەم و خەندەی نیشتمانە...بۆنی نیشتمانە...وەك چۆن بەدیتنی گوڵی نێرگز، بۆنی بـەهار دەکەین، بە شیعری (مەولەوی)ش، بۆنی خاکی مەولەوی دەکەین...ئەو بۆنەیەشی ئەوەندە شـاعیرانە و هونەرمەندانـە، ئاوێتـە و ئـاخێنراوی شـیعرەکانی کـردووە، رووخســار و نـاوەڕۆکی شـیعرەکانی پێکـەوە جۆشـداوە...لە رووخسـاری هـیچ شیعرێکیا ئایدیا هاوار و ژاوەژاوی دروشم و پێدا هەڵدان ناکات...بۆیە لە شـیعری سەرومڕی ئەو شاعیرانەی کوردیشدا، کە لە ریزی پێشـەوەی دڵـدارانی نیشـتمانن، شیعری کەسیان، ئەوەندەی شیعری مەولەوی، عەشقی نیشـتمانیان لـە هەناویانـدا هەڵنەگرتووە... ئەگەریش هەڵیان گرتبێ، لە رووخسـاری شـیعرەکانیاندایە...نەك لەسـەرلەبەری ناوەڕۆکدا...چـونکە مەولـەوی یـەکجار شـارەزای خـەم و خـەونی نیشتمانە... چونکە مەولـەوی لـە نزیکـەوە سـەری بـە دڵـی خاکـەوە نـاوە، تـا لێدانەکانی دڵی بژمێرێ...

بـۆ وێنـە، شـاعیرێکی پێشـینە و سـەودای نیشـتمانی وەك ئەحمـەدی خـانی (**١٦٥٠ز ـــ ١٧٠٦ز**)، سەرباری ئەوەش کە هەمـوو خەون و ئـاواتی، سـەرفرازی گەلەکەی بووە و لەم بوارەدا شاعیرانی تری کورد لەمەوە فێری دڵداری خاك بـوون، کەچی لە تێکڕای داستانی (مەم و زین)ەکەی دا، کە داسـتانێکی خۆماڵییانەشـە، بەڵام لە باس و خواسـی پێوەنـدی کۆمەڵایـەتی و داب و نـەریتی خۆماڵییانـەدا، ئەگـەر لەگـەڵ شـیعری شـاعیرانی داروسـێکانی کـورددا، تێکـەڵ بکرێـت، ناناسرێتەوە...یان شاعیرێکی وەك حاجی قادری کۆیی (**١٨٢٤ ـــ ١٨٩٧ز**)، کە قوتابییەکی قوتابخانەکەی **خانی** یـە و بـە:بولبولی نیشـتمان ناسـراوە و سـەرەڕای ئەوەش کە (گۆران)ی شاعیر پێی دەڵێ:(ئەو نیشتمان پەرستە، دڵسـۆزە، کـە هـەر

هاوارێکی شیعری، بەشی شۆڕشێك ئاگر و جۆشی لە گەروو دەهێنایە دەرێ،[78] کەچی ئەگەر وەك بەراورد، چەپکە گوڵی شیعری، لەگەڵ شیعری مەولەوی، بە دوو دەستەوە بگیرێن، بێ هیچ دوودڵیەك، هەست دەکەی شیعری مەولەوی، زیاتر بۆنی نیشتمانیان لێ دێت... یان شاعیرێکی وەك **نالی** (**١٨٠٠ ـــــ ١٨٧٣ز**)، کە ئاوارە و سەرهەڵگرتووی هەتاهەتایی و راستەقینەی پێناوی داروبەردی **سلێمانی** و **قەرەداخ** و **خاك وخۆڵ** و **حەبیبە** یە و (لەم شەرحی دەردی غوربەتە)یاندا، گەیوەتە تینی و دڵی وەختە (ببێ بە ئاو و بە چاودا بکا عبوور)، دیسانەوە لەم دڵ بوونە بە ئاوەشدا، شیعری ئەوەندەی شیعری مەولەوی، هەنسکی تەڕ و بە سۆز و خۆماڵییانەی تێدا نییە.

یان شاعیرێکی وەك سالم (**١٨٠٠ ـــــ ١٨٦٦ز**)، کە دەتوانرێ ناوی بنرێ:شاعیری جاومێری و سوارچاکی بابان و لە هەموو نەبەردەکانی نێوان بابانی و عوسمانیدا، ئەگەریش راستەوخۆ، خۆی بەشداری نەکردبێ، شیعری شێوەننامەی بۆ قارەمانێتی بابان نووسیوە و بە داگیرکردنی میرنشینی بابان، گریانێك گریاوە، وەك **گۆران** دەڵێ:کە هەرگیز جۆش و کوڵی دانەمرکێتەوە.[79] کەچی ئەمیش، فرمێسکەکانی، ئەوەندەی فرمێسکە درشتەکانی مەولەوی، لە ئاوی **زەڵم** و **سیروان** ناچن...لەم بارەیەوە دکتۆر عززەددین مستەفا رەسول رایەکی نزیك بەم بۆچوونەمان هەیە، دەڵێ:(هەرچی وەسفی سرووشتە، لای خانی و نالی و شاعیرانی کلاسیکیمان، دیمەنێکی گشتی سرووشتمان دێتە بەرچاو، بێئەوەی جیای بکەینەوە، کە ئەمە، سروشتی کامە وڵاتە" بەڵام هەرچی نەخشەی سرووشتە لە شیعری (مەولەوی)دا، تەواو کوردستانییە،[80] .

بۆیە ئەگەر عەڤدالی دیتنی رووی راستەقینەی خۆمان بین" ئەگەر شەیدای دیتنی سەراپای نیشتمان بین" دەبێ سەیری ئاوێنەی شیعری مەولەوی بکەین" وەك

٧٨- یادی پیرەمێرد، وتاری مامۆستا **گۆران**، بەغدا (١٩٥١ز)، لاپەڕە (٧٥).

٧٩- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٨٠- میهرەجانی مەولەوی بەغدا (١٩٨٩ز)، لاپەڕە (١٠٣)،.

چۆن ئەگەر بۆ روخساری (شەمسی تەورێزی) بگەڕێین، دەبی دووتوێی شیعری (مەولانای رۆمی) بۆ بگەڕێین...!

شیعری مەولەوی، لەگەڵ ئەوەشدا کە زۆر عارفانە و صۆفیانەیە، بەڵام بە پێچەوانەی هەموو شاعیرانی سەرتاسەری ئەم رێبازگەیەوە، کە ئەگەر جوانیی و خۆشەویستیی خوا (کردگار)، لە شیعرەکانیان دەربهێنین، هیچیان تێدا نامێنێتەوە" کەچی لە شیعری (مەولەوی)دا، ئەگەر ئەم کارەش بکەین و هەرشتێکی تریش دەرهاوێژین، هێشتا نیشتمان، بە هەموو کەژ و کوێستان و گەرمیان و رووبار و قەڵبەز و گوڵ و سروە و درەخت و مرۆڤییەوە، لە هەموو شیعرێکی **مەولەوی** دا، لە هەموو بەیتێکی **مەولەوی** دا، بەڵکو لە هەموو پیتێکی **مەولەوی** دا، بانگمان دەکەن و هانمان دەدەن، خۆشیانمان بوێن" چونکە لای **مەولەوی** ، هەموو جوانییەکانی **کردگار**، لە کوردستاندایە! لە سرووشتنی رەنگینی خاکی **مەولەوی** دایە... هیچ شتێك، هیچ جوانییەك، لە دەرەوەی خاکی **مەولەوی** دا نەبووە و نییە...ئەو جوانییانەش بە جۆرێك لە نیشتماندا دەبینیٚ، کە تایبەتمەندی خۆماڵییانەیان پێوە بیٚ...یان بە واتای (گۆران)ی شاعیر : **مەولەوی** ئەو شاعیرە بەرز و نەمرەیە، کە هەموو بەیتێکی دیوانەکەی، کچە کوردێکی شۆخ و نازدارە، بە بەرگ و پۆیلانەی خۆماڵی تەواوەوە.[٨١]

* * *

لەم دیدەنیە کورتەی کۆمارەکەی **مەولەوی** دا، بە شوێن سەرەداوی ئەو رازەدا دەچینەوە، کە پێشتر دەرگامان لەسەر کردەوە و وتمان:ئەو دۆست و شاعیرانە و ئەو چیا و گوند و شارانەی ناویان لە نامە و شیعری **مەولەوی** دا بوو، هەموویان ئەوانە بوون کە کۆمارەکەی **مەولەوی** دەیگرتنەوە!. ئەمەش پرسیارێکمان لا دروست دەکات، کە ئەگەر

٨١- یادی پیرەمێرد (وتاری مامۆستا گۆران، بەغدا (١٩٥١ز)، لاپەڕە (٧٨).

پێشتریش کرابێ،[82] لاوەکین بوون و خۆیان بۆ سۆراخ و وەڵامدانەوە، ماندوو نەکردووە. منیش ڕەنگە وەڵامی بنبڕم نەبێ. بۆیە هەر ئەوەندە توخنی دەکەوم، کە دەرەقەتی دێم و دەڵێم:لەم نامەگەلەی کە **مەولەوی**، بۆ دۆستان و بە تایبەتیش بۆ شاعیرانی نووسیون، نەك هەر نامە بۆ **نالی**، یان بۆ **مەحوی**، کە ئەمی دواییان لەچاو ئەوانی تردا، بە گیانی (**مەولەوی**)ش نزیکە و لەگەڵ **مەولەوی** دا، سەر بە یەك ڕێبازگەی ئایینیشن" بەڵکو تاقە نامەیەکیان تێدا نییە، بۆ شاعیرێکیان نوسرابێ، کە شیعری بە کێشی عەروز نووسیبێ..! ئەمە لە کاتێکدا لە پاڵ کۆمارەکەی **مەولەوی** دا، واتا:لە میرنشینی **بابان** دا، کە دراوسێی نزیك و تێکەڵاوی هەمەلایەنەی لەگەڵ میرنشینی **ئەردەڵان** دا هەبووە و بە هۆی گواستنەوەی پایەتەختەکەشیانەوە، لە (**قەڵاچوالان**)ەوە، بۆ **سلێمانی** و دەسەڵات پەیداکردنی زیاتر و بە هێزبوونیان و بۆ چاولێکەرییش لە میرنشینی **ئەردەڵان**، کە شێوەزمانێکی شەقڵ گرتوویان هەبووە" پێویستی بوونی شێوەزمانێکی تازەیان لە قوتابخانە شیعریەکەی نالی و هاوڕێکانیدا دیووەتەوە و سەروبەری ژیانی (**مەولەوی**)یش، هاوکاتی سەرهەڵدان و گەرمەی باس و خواسی ئەو قوتابخانە شیعرییەی **نالی** بووە...کەچی بۆ وێنە: **مەولەوی**، کە چەند جار نامە لە هەورامانەوە، بۆ بەغدا، بۆ (مەحمود پاشای جاف)[83] دەنووسێ، یان کە مەولەوی خۆی لە بەغدا بووە و لەوێوە نامە بۆ ئەحمەد پریسی بۆ بناری هەورامان ئەنووسێ[84] بەسەر **سلێمانی** تازە پێتەختی **بابان** و شاری **نالی** و هاوڕێکانیدا، باز دەدا و لەناوهێنانی ئەو جێگایانەشدا، لە دووتوێی شیعرەکانیدا بەسەرمان کردنەوە" ناوی تاقە چیا و گوند و شارۆچکە و شارێکیش ناهێنێ، کە لە جوگرافیای میرنشینی **بابان**دان..! ئەمە ئەوەمان لا دەسەڵمێنێ، کە **مەولەوی** کەم و زۆر پێوەندی ئەدەبیی لەگەڵ شاعیرانی ئەم قوتابخانە

٨٢- میهرەجانی مەولەوی، وتاری فاتیح عەبدولکریم، لاپەڕە (٤٧)، هەروەها لیریکای شاعیری گەورەی کورد مەولەوی لاپەڕە (٧٥، ٧٦).

٨٣- یادی مەردان، بەرگی دووەم، لاپەڕە (٤٦١، ٤٦٤، ٤٦٥، ٤٦٧. هەروەها: دیوانی مەولەوی، لاپەڕە (١٥٥، ١٨٥).

٨٤- دیوانی مەولەوی، لاپەڕە (٣١٥).

تازەیـــەدا نـــەبووە و نەیویســـتووە بیبـــێ و... بـــە نامـــەکان و بـــە ناوهێنـــانی شـــوێنە جوگرافییەکانیشـــدا دەردەکـــەوێ، کـــە لەســـەر چـــەمی (زەڵـــم)ی خۆرئـــاوای میرنشـــینی **ئەردەڵانەوە**، تا قوڵلەی (وەیس)ی، سنووری خۆرهەڵاتی میرنشینی **ئەردەڵان** دەبینێ.!

وەڵامی ئەم پرسیارە سەختە و بەو هۆیەشەوە، کە تا ئێستا بەڵگەیەکمان لەم بـوارەدا لەبەردەستادا نییە و ئاگاداری ئەو باس و خواسانەش نین، کە لە دانیشتنە ئەدەبییـەکانی ناو مزگەوت و دیوەخانەکانی ئەو رۆژگارەدا، لەمەڕ شیعر و زمـانی کوردییـەوە کـرابن" بۆیە ناچار هەر پەنا دەبینەوە بەر دەقی شیعری، شاعیرانی دیالیکتی **گۆران** و دەڵێین:ئـەم قوتابخانەیە، هەموویان پابەندی پێڕەوکردنی ئەم سیمایانە بوون، کە لەمێژەوە لە شـیعری ئەم **دیالیکتەدا** هەبووە بە گشتی و بە تایبـەتیش کێشـی خۆماڵییانـە و رەسـەنی (١٠ بڕگـــەیی)، کـــە زۆرتـــرین ئـــەدەبی میللـــی و فۆلکلـــۆری کـــوردی پـــێ نووسراوە...لەسەرووشیانەوە **مەولەوی،** کە لە هـەموویان زیـاتر دڵبەسـتەی ئـەم کێشـە بووە و پێشی وابووە کە شیعری کوردی، دەبێ بەو کێشە **خۆماڵیـە** بنووسـرێ و، چـونکە خۆی کە دوو کتێبی باوەڕنامەی بە زمانی بیانی، واتە:(الفضـيلة و الفـوائح)ەکـەی[85] بـە زمـانی عــەرەبی و فارســی نووســیوە" کــە کێشــێکی عــروزە و بریتییــە لــە شــەش جار:**مُستَفعِلُن**ە کە چی (عـەقیدەی مرضية)کەی[86] بە کوردی نووسیوە" لەگەڵ ئەوەشـدا کە پەیامی ئەم کتێبەش، هەمان پەیامی :(الفضيلة و الفوائح)ە، بەڵام چـونکە ئـەمیانی بە کوردی نووسیوە" بە کێشی (١٠ بڕگەیی)ی خۆمـاڵی دایڕشـتووە. جگـە لەمانـەش، چونکە شێوەزمانەکەشیان، بەری رەنـج و شـەونخوونی دەیـان و بگـرە سـەدان شـاعیر و رووناکبیر و زانـای ناسـراو و گومنـاوی نـاو ئـەو تەمەنـە درێـژەی مێـژووی کلتـووری ناوچەیەکی بەرین بووە" بۆیە من پێموایە کە: **مەولەوی** ئـەو قوتابخانـە شـیعرییە عـروز ئامێزەی **نالی،** بە **کودەتایەکی نامۆ** و **ناوەخت** بۆ سەر شێوەزمانی (گۆران) زانیوە و بـە هیچ شێوەیەك لە کۆمارەکەی خۆیدا، تەنانەت وەك **پرژی** باسکردنیش، باسـی نـەکردوون و جێگەی نەکردونەتـەوە. چـونکە وەك وتمـان هـەر نیشـتمانی شـیعری رەگ داکوتـاوی دیالیکتی (گۆران)ی پێ نیشتمان بووە. بۆ پشتیوانیش لـەم بۆچـوونەمان خۆشـبەختانە،

٨٥- بڕوانە (الوسيلة في شرح الفضيلة) بغداد (١٩٧٢ز)

٨٦-بڕوانە:عەقیدەی مرضية، مەولەوی، شەرح و لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەریس، بەغدا، (١٩٨٨ز).

ماوەیەك بەر لە نووسینی ئەم چەند لاپەڕەیە، لە ماڵێکی شیعر و هونەر ئـامێزی شـاری سنەی[87] شیریندا، دیوانێکی دەستنووسی (مەولەوی)مان دییەوە، کە روونووسـی دەسـت خەتی **مەولەوی** خۆیەتی و پێشکەشی مامۆستاکەی خۆی:حاجی مامۆستا (مینـەبری)ی کردووە و لە پێشکەش کردنەکەشدا ئەوە دەسەڵمێنێ کە دیارییەکـەی، واتە:شـیعرەکانی، بە شێوەزمانی (گۆران)نن، کە بەمجۆرە بە فارسی، پێشکەشی دەکا:

(در خـاطر محبان جانی سوزش مشتاقان وارزومندان جنانی، چه در لباس تـازی و چه در کرباس گورانی تفاوتی نخواهد فرمود، وبر بی التفاتی نخواهـد افـزود. اری (هر یکی را اصطلاحی دادەایم) هـر یکـی را سـیرتی بنهـادەایم).[88] پـس فقـرات گویای خاموش نایب فقـیر مـدهوش اسـت، یسـلم علـیکم و علـی مـن لـدیکم، عـبدالرحیم المعدوم.

٨٧- مەبەست لە ماڵی باوکی هونەرمەندانی ناسراو، هاوڕێیانم! کاکە هادی و کاکە مەهدی (زیائەددینی)یە، کە باوکی کۆچکردوویان شاعیر:شێخ محەمەد جەمیل زیائەددینی، (١٩٢٥ ـــ ١٩٨٣ز)، کوڕی شێخ محەمەد شەریف، کوڕی شاعیری گەورە و ناسراوی کورد (شێخ محەمەد سەلیم) ناسراو بە **سالمی سنە**، لە ژیانی خۆیدا، بە خەتێکی زۆر خۆش، روونووسی دیوانێکی **مەولەوی تاوەگۆزی** کردووە، کە **مەولەوی** ئەم دیوانەی بە خەتی خۆی، پێشکەش بە مامۆستاکەی خۆی !!حاجی مامۆستای مینبەری کردووە. مزگێنی دەدەم بە خوێنەران و شیعردۆستانی مەولەوی، کە ئێستا ئەم دیوانە، لای منە و توێژینەوەیەکی ورد و قووڵم لەسەر کردووە و ئامادەی چاپە. ئەوەی جێی مژدەیە لەم دیوانەدا، نزیکەی (٤٠) چل شیعر لەم دیوانەیەدا، کە لە دیوانە چاپکراوەکەی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس دا نییە.

٨٨- هر یکی را اصطلاحی دادەایم...هتد، بەیتە شیعرێکی (مەولانای رۆمی)یە:مەولەوی لە نیازەکەی خۆی هێناویەتییەوە، تا لای مامۆستاکەی، پاکانە بۆ ئەوە بکا و بڵێ:من، کە بە شێوەی (گۆران)ی شیعر دەنووسم، بەهرەیەکە خوا پێی داوم، لەمەشدا لای خوا، جیاوازی نییە، بە هەر زمانێك بنووسم.

***سەرنج:**

ئەم وتارە بەشێکە لە کتێبێکی سەربەخۆ، بە ناوی (خوێندنەویەەکی تازەی مەولەوی)، کە لە ئایندەیەکی نزیکدا بە چاپی ئەگەیەنم..لە هەمان کاتیشدا، هەر ئەم وتارە، لە کۆنگرەی (مەولەوی)دا خوێندرایەوە، کە لە شاری (سەقز)، لە رۆژانی (٢٩ تا ١٩٩٢/٨/٣١ز) سازدرا.

مەولەوی تاوەگوزی

و

موزیك و گۆرانی

(١)

موزيك و گۆرانی بە گشتی و موزيك بە تايبەتی لە شيعری **مەولەوی** تاوەگوزی (**١٨٠٦ ـــ ١٨٨٢ز**)دا، دياردەيەكی ئەوەندە زەق و بەرچاوە، كە دەتوانين بلێين نەك هەر لەناو زنجيرەی شاعيرانی دياليكتی (**گۆران**)دا، بەو ئەندازەيە ئاوەڕی لێنەدراوەتەوە، بەڵكو لای شاعيرانی دياليكتە جياوازەكانی تری كورديش، بەو چەندايەتی و هوشياريی و ڕێز و شكۆيەوە، باس لە موزيك و گۆرانی نەكراوە. لەم رووەوە كەم شيعر و قەسيدەی مەولەوی هەيە، ئاماژەی بە موزيك و ئامێرەكانی موزيك نەكردبێ. ئامێرەكانيش ئەوەندە ورد و شارەزايانە باس دەكات، مەگەر هەر ئەو كەسانە بيزانن، كە بە تايبەتی لە بوارێكی موزيكدا كاريان كردبێ، يان ڕاستەخۆ خۆيان يەكێك لە ئامێرەكانی موزيكيان ژەندبێ.

ئەم تايبەتمەندييەی **مەولەوی تاوەگۆزی**، لەو كاتانەدا ئاشكراتر دەردەكەوێ، كە بۆ ئەم مەبەستە بەراوردێك لە نێوان شيعری مەولەوی و شيعری شاعيرانی هاوديالێكت و هاوسەردەم و هاوناوچەكەی خۆی، وەك نموونەی: **ئەحمەد بەگی كۆماسی** و **مەلا مستەفای بێسارانی** دا بكەين، كە ئەگەر چی ئەوانيش وەك مەولەوی لە كەش و هەوای كۆمەڵايەتی و ئابووريدا ژياون و دۆستايەتی بەتين و نامەی شيعرييش لە نێوانياندا هەبووە، بەڵام ئاماژەكانی ئەوان بۆ موزيك و گۆرانی، نەك هەر بە ئەندازەی ئاماژەكانی **مەولەوی** نييە، بەڵكو بە ئاستەمێك هەست بە بوونی هەندێ وردە ئاماژە بۆ **موزيك و گۆرانی** دەكەين.. ئەمە لە كاتێكدا كە دياليكتی **گۆران**، خۆی لە خۆيدا جۆرە ئاواز و ترپە (ئيقاع)ێكی موزيكی زۆر شيرن و شاراوە، لە هەوێن و دووتوێی واژەكانی خۆيدا حەشارداوە و شێوەزارێكە، هەر دەڵێی هەر لە بنەڕەت و بناواندا بۆ ئەوە دروست بووە، تا شيعری پێ بنووسرێ. بۆيە ئاوێتەبوونی ئەم هەوێنی ئاوازانەی ناو هەناوی

واژەکانی ئەم دیالێکتە، لەگەڵ ئەو هەموو ئاماژە جوانانەی مەولەوی دا بۆ **مۆزیك و گۆرانی**، ئەوەندەی تر جوانیی و شیرینی بە شیعری مەولەوی بەخشیوە و بە هەردووکیان شیعری (**مەولەوی**)یان پڕ کردووە لە ترپە و تاقگە و شەپۆڵی لە بن نەهاتووی ئاوازی موزیکی شیعر.

بۆ گەڕان بە شوێن هۆیەکانی ئەم تایبەتمەندیی و جیاوازییەی شیعری مەولەوی دا، کە ئێمە مەبەستمانە و بریتییە لە ڕەگەزی موزیك و گۆرانی، با لە سەرەتاوە بە شوێن کەرەسەکانی ئەم ڕەگەزەدا بگەڕێین و بەسەریان بکەینەوە.

مەولەوی لە بواری ناوهێنانی موزیکدا، ناوی ئامێرەکانی:دەف، سەمتوور، چەنگ، نەی، روباب، تەمووره، کەمانچە، تار، **چل** چەنگ... دینێ، کە وەك دەزانین هەندێ لەم ئامێرانە لەسەردەمی رمێن و برەوی ئایینی (**زەرتووشت**) لە کوردستان دا بە کاربراون، بە تایبەتیش:چەنگ، **چل** چەنگ، سەمتوور، کە بێگومان (مەولەوی)ش لەگەڵ ئێمەدا ئەم راستییە دەزانێ، بۆیە هەر لە موزیکژەنانی رۆژگاری دەوڵەتی ساسانی (**٢٢٧ ـــ ٦٣٣ز**)، کە پەیڕەوی ئایینی زەرتوتشیان کردووە، ناوی بەنامێترین جووتە موزیکژەنی وەك **نەکیسا** و **باربەد** دێنێ:

کەف بدە لە دەف، پەنجەت لە رووی نەی
وێنەی باربەد، بەزم ئارای کەی
نەکیسا ئاسا، دەس دەر وە سەمتوور
دەف و نەی و چەنگ، باوەر وە حزوور[٨٩]

بەڵام ئایینی زەرتوشت، تا هاتنی ئایینی ئیسلام و بڵاوبوونەوەی بە ناو کوردستان (**٦٥١**ز)دا، پەیڕەوکراوە و دواتر کە هەر لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئایینی ئیسلامەوە، دەوڵەتی ساسانی لەناوبراوە، ئیتر زۆر لە ڕیبەران و مووغەکانی ئایینی زەرتوشتی، خۆیان لە ناوچە سەختەکانی **هەورامان** دا قایمکردووە و دوای تێپەڕبوونی رۆژگارێکی

٨٩- دیوانێکی دەستنووسی هێشتا چاپ نەکراوی مەولەوی (لای خۆم).

درێژ، ئاڵوگۆڕیان بەسەر ئایینی زەرتوشت دا هێناوە و ئاینێکی تریان لێ پێکهێناوە، کە بە ئایینی **ئەهلی هەق** = **یارسان** ناسراوە و بەرنامە و رێسای ئاینەکەیشیان، لە کتێبێکی تایبەت بەم ئایینە، بە زمانی کوردی دیالیکتی **گۆران** و **کرمانجی خواروو**، بە ناوی **سەرئەنجام**، بە شیعری دوو بەیتیی (**مەسنەوی**) داناوە، کە کێشی شیعرە دوو بەیتییەکانی **سەرئەنجام** بریتییە لە کێشی **پەنجە** = **هیجا** و دواتریش سەرلەبەری شاعیرانی دیالیکتی گۆران، هەر بە هەمان **کێش** شیعریان نووسیوە[٩٠].

ئەوەی ئێمە سەبارەت بەم ئایینەی ئەهلی هەق = یارسان مەبەستمانە و وەك میراتگرێکی ئایینی زەرتووشت هاتە کایەوە و لە ناوچەکانی هەوراماندا سەری هەڵداو دواتر لە هەرێمەکانی کرماشان و لوڕستاندا بڵاوبۆوە و وتیشمان پەیڕەوکارانی ئەم ئایینەش، وەك ئایینی زەرتوشت، ئامێری (موزیك)یان لە سرووت و ترادیسیۆنەکانی خواپەرستیی خۆیاندا، تێکەڵ ڕاز و سکاڵایان دەکرد، بۆیە لای ئەمانیش **موزیك** بووە هەوێن و کۆڵەگەیەکی پیرۆزی پێکهاتەی ئایینەکەیان.

بەڵام مەولەوی تاوەگۆزی، لەگەڵ ئەوەشدا، کە بە زێد و جوگرافیا و (شێوەزار)یش، لەناوجەرگەی قەڵەمڕەوی پێڕەوانی ئەم ئایینەی (ئەهلی هەق = یارسان)یشدا، نییە و وەك موسڵمانێکی بیروباوەڕ قایم و تۆکمە و پەیڕەوکار و تەنانەت خەلیفەیەکی بەرجەستە و درەوشاوەی ڕێبازی **نەقشبەندی،** سەر بە ڕابەری ناسراو: **شێخ عوسمانی** تەوێڵە: شێخی سیراجەددین (١٧٨٠ــــ ١٨٦٦ز) و زانیاریی و شارەزاییەکی زۆریشی لە فیقهی ئیسلامیدا هەیە و چەندان کتێبی وەك: العقیدە المرچیە و الفچلیە و ...هەیە، کەچی **دڵبەستەبوون** و سەراسیمە بوونێکی سەیر و ئاشکرای بە بنەما و گەلێ لایەنی ئەم ئایینە(ئەهلی هەق)وە هەیە، کە هیماکانی ئەم سەراسیمەیی و **دڵبەستەبوونەی** بەم لایەنانەوە، لە شیعرەکانیدا ڕەنگیان داوەتەوە، وەك ئەوەی لایەنێکی بنەڕەتیی و بەرچاوی ئەم ئایینە، بڕوای بە جێگەگۆڕکێی(ڕۆح = گیان) هەیە، لە جەستەیەکی

٩٠- سەرئەنجام:بریتییە لە ٦ بەرگ: دەورەی حەوتەوانە، بارگە بارگە، گلیم و کول، دەورەی چل تەن، دەورەی عابدین، وردە سەرئەنجام.

مــردووەوە، بــۆ جەســتەیەکی تــازە لــە دایکبــووی زینــدوو، واتــە: (تناســخ[٩١])، یــان: (دۆنادۆن)هەیە و ماناشیان بە روونیی ئەمەیە کە هەموو بوونەوەر و ئەفرێنراوەکانی ئــەم گەردوونە، رۆحیان لەبەردایە و ئەم (رۆح)ەش، نامرێ و دوای مردنی جەستەیان، دووبــارە و ســەرلەنوێ رۆحیــان لــە کــات و ســەردەمی تــردا، بەبەرجەســتەی تــردا دەکرێتــەوە و ئەوەندەش پێوەندی بە مرۆڤەوە هەبێ، ئەگەر مرۆڤەکە چــاك و پــاك بێــت، ئــەوا رۆحــی بەبەرجەستەی گیانلەبەر و مرۆڤی چاك و پــاکی دواتــردا دەکرێتــەوە و پێچەوانەکەشــی، هەروا دەکەوێتەوە.

مەولەوی لە هەندێ شیعریدا، ئاوڕی لە فەلسەفەی ئەم ئایینــە داوەتــەوە، وەك نموونەی ئەم دوو پارچە شیعرەی کــە لــە هــەردوو شــیعرەکەدا، لــە زمــانی پارچــە شووشەیەکی شکاوەوە بۆ مەولەوی دەدوێن و چیرۆکی رۆحــی بــە (تناســخ) بــووی خۆیان، بۆ مەولەوی دەگێڕنەوە، کە چۆن لە پارچە بەردێکەوە، بوونەتــە شووشــە و دواتریش کراونەتە پەرداخ (لێوان)، کە ئەمە ســەرەتا و چــەند بــەیتێکی هەریــەکــە لەو دوو شیعرەیە[*]:

(١)

روێ فکر بەخت سیایی وێم مەکەرد:
پەی چێش هەر پەستیی پەرێ من ئاوەرد!
یاران گشت کەیف وەش، سەفا فراوان
یەك یەك وە ئەعلای مەقامان یاوان

٩١- لەم بارەیەوە پەیڕەوانی (ئەهلی هەق)، لە جیاتی واژەی (تناسخ)، واژەی تری وەك:(پۆشاك پۆشیی)، یان: (دۆنادۆن) یش بەکاردەبەن، کە (دۆنادۆن)، لە (دۆن)ی تورکییەوە هاتووە و هەمان مانای (پۆشاك) دەگەیەنێ. لەم ڕوانگەیەوە پێڕەوانی ئەم ئایینە پێیان وایە (خوا)ش بۆ خۆی پۆشاکی خۆی دەگۆڕێ و لە شێوەی مرۆڤدا دەردەکەوێ. بۆ زیاتر زانیاریی لەم بارەیەوە، بنواڕە:چەند باسێك دەربارەی ئەهلی هەق، و. لە فەرنساییەوە:د.نەجاتی عەبدوڵڵا، چاپەمەنی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٥، لاپەڕە١٥٧.

گرد سەرشار مەی، لەقا نماوە
هەر من بەستەی خاك، چەم ئەو دماوە
جەو فکرەدا بیم، یەك هاودەرد وێم
رێزە بلووریٚ قەدیمش دا پێم
ئاماوە جواو، رێزەی قەدیم ساڵ
بە زوبان حاڵ فەسیح تەر جەقاڵ
وات: من سەنگیٚ بیم، کەفتەی هەواران
بیٚ قەدر و قیمەت، نارەوای شاران[٩٢]

(٢)

نەتیـــــجەی پاك دین، شێخ سازانی
خــــاس وەتەن نەدڵ (مەعدووم) سازانی
پەرســـــام حسب الامر، گوزەشتەی ئەحواڵ
جـــــواو دا رێزەی شـــیشـــــەی قەدیم ساڵ
زەرفیٚ بیــــــم، نـــــەتۆی وەخت شامەوە
چــــــون ستــــــارەی سوبح،مەدرەوشامەوە
پەی گوڵاو پاشیی و نەشئەی بەزم (کەی)
گا پڕ گوڵاو بیم، گا سەرشار مەی[٩٣]

* * *

جگە لەم لایەنە، مەولەوی لایەنێکی تری شانازیی پێڕەوانــی ئـاییـنی (ئــەهلی هەق = یارســان)ی بەســەرکردۆتەوە، کــە شــانازیکردنیانە بــە رابــەرانی گــەورە و

٩٢- (دیوانی مەلەوی، کۆکردنەوە و لیکۆڵینەوە و لێکدانەوە و لەسەر نووسینی: مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس ، بەغداد، چاپخانەی نەجاح ١٩٦١ز، لاپەڕە٢٥٦)
٩٣- (دیوانی مەولەوی، ل٤٢)

کۆچــکردووی خۆیانــەوە. یــەکێکیش لــەو رابەرانــەیان، کــە لەپلــەی (فریشــتەی حەوتەوانە)دا، دایدەنێن (باوەیادگار)ە .

(باوەیادگار)، نازناوی ئایینی (سەیید ئەحمەدی عەلــەوی بــەرزنجی ســەرانەیی)یە، کە لە سەدەی حەوتەمی کۆچیدا ژیاوە و ســاڵی (٧٩٥ك ـــــ ١٣٩٢ز)، بــە دەســتی لەشکری تەیموری لەنگ کوژراوە و لای پێڕەوانی ئایینی **ئــەهلی هــەق**، یەکێکــە لــە فریشتەکانی (هەفتەن)، یــان (حەوتەوانــە) و گڵکۆیەکــەی لەســەر چیای (داڵــەهۆ)ی (سەرانە)یە و مەزاری پیرۆزی ئەهلی هەقەکانە[٩٤].

بۆ ئەوەش خوێنەری هێژا هەندێك زانیاریی لە بارەی (فریشتەکانی حەتەوانە)ی ئایینی (ئەهلی هەق)ەوە هەبێ، دەبــێ بڵــێین: بنــەمای ســەرەکی لــە سیســتەمی ئایینی (ئەهلی هــەق)دا، بریتییــە لــە بــاوەڕبوون بــە دەرکــەوتنی یــەك لــە دوای یەك(بەرودوا)ی خودایەتی (**Divinite**) ، یان (پاشای جیهان)، کە هەر وەکو خــۆی دەمینێتەوە و تەنیا (پۆشاکەکانی)، یان:(دۆن = **don**)ەکانی، یەك لــە دووی یــەك دەگۆڕدرێن و دەتوانین هەندێ لەوانە بژمێرین:

یەکەمین دەورە:**Cycle**، دەورەی ئەزەلە:**Pretemite**، ئــەوەی خاوەنــدگار، کــە چوار فریشتەی لە دەوورە: جوبرایل، میکایل، ئیسرائیل و عیزرائیل.

دووەمین دەورە: ئەوەی مورتەزا عەلی = عەلی)یە، کە فریشتەکانی بریتین لــە: دەستەیەك لە موسڵمانانی ناسراو:ســەلمان، قەمبــەر، محەمــەد، نۆچیر و دواتــریش فاتیمە.

٩٤- بۆ زیاتر زانیاریی لەم بارەیەوە، بنوارە:

ـــ چەند باسێك دەربارەی ئەهلی هەق. سەرچاوەی پێشتر باسکراو. لاپەڕە (٤٤ ـــ ٤٧).

ـــ مکری، دکتر محمد:تحقیق دربارەی یکی از پنچاقهای تاریخی کردستان از قرن دهم هجری (قبالەی انزلە)در مجلەی اسیایی پاریس، ١٩٦٣،ص٢٢٩ ـــ ٢٥٦. (ئەم زانیارییە لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە:جەعفەر، مامۆستا:مێژووی بیری کوردی، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیر و هوشیاری (ی.ن.ك)، چاپی یەکەم، سلێمانی/٢٠٠٩، ل٢٠٤تا ٢١٠.

وەك سەرنج دەدەین لەم دەورەیەدا شوێن و پلە و پایەی مەزنایەتیی (عەلی) دەردەکەوێ، کە لە پلەی یەکەمیانە.
سێیەمین دەورە: بریتییە لە دەورەی (شاخوشین)، فریشتەکانیشی بریتین لە: بابا تاهیری هەمەدانی (شاعیر)، بابا بوزرگ، کاکە ڕەزا، کۆرێ فەقێ و مامەد جەلال.
چوارەمین دەورە: بریتییە لە: دەورەی سولّتان (سوهاك)، بەیاوەریی:بنامین، داوود، پیرمووسێ، مستەفا داوودان، خاتوون دایرێ، کە هەندێ جاریش (خاتوون رەزبار)، یان: (دایە رێزبار = دایە رەمزیار) شوێنی دەگرێتەوە.
هەڵبەتە هەر یەك لەم فریشتانە، ڕۆڵی تایبەتی خۆیان هەیە و بەپێی پرنسیبەکانی ئەهلی هەق دیاری کراون، کە وردەکارییەکانی ئەو پرەنسیب و زانیارییانە، بۆ ئەم بابەتەی ئێمە، لە مەبەستمان دوور دەخاتەوە، بۆیە دەگەڕێمەوە بۆ کرۆکی مەبەستەکەمان و دەڵێم: مەولەوی شیعرێکی زۆر بە کوڵ و بە سۆزی لەسەر گۆڕی (باوەیادگار) و بۆ خودی (باوەیادگار) نووسیوە ، کە ناوەڕۆکی شیعرەکەی مەولەوی، ئەوەندە زانیاریی قووڵی لەبارەی پلەو پایەی (باوەیادگار) و (دۆنادۆن) و (حەوتەوانە) و هەندێ لە فریشتەکانی حەوتەوانە و بە تایبەتیش (عەلی: مورتەزا عەلی) تێدایە، کە نیشانەی پاشخانێکی زۆر شارەزایانەی (مەولەوی)یە، لە بارەی ئەهلی هەقەوە. لەبەرئەوە ئاوەڕدانەوەی مەولەوی لە (باوەیادگار) و بەسەرکردنەوەی ئەم کەسایەتییە مەزنەی ئەهلی هەق، لەلایەن (مەولەوی)یەوە، لەلایەکەوە ئاوەڕدانەوەیەکی ئەوپەڕی هۆشیارانەی مەولەوی یە لەم ئایینە کوردییە و لەلایەکی تریشەوە کرانەوە و دیالۆگێکی خوێندەوارانەی تاقانە شاعیرێکی موسڵمانە، لەگەڵ ئایینێکی تری نەتەوەکەی خۆیدا، کە ئەمە نەك هەر بۆ شاعیرێکی موسڵمانی ئەو سەردەمە، بەڵکو بۆ نزیکەی (١٥٠) ساڵ زیاتر بەر لە ئێستا، زۆر ئەستەم بووە، کە وەك دەزانین ئەم ئایینە لەلایەن زۆر لە موسڵمانانی بیرتەسك و دەمار گرژ و تەنانەت خوێندەوان و شاعیرانیشەوە دژایەتی کراوە و تانە و تەشەری زۆریان لێدراوە.خۆ ئەگەر لەم بۆنەیەدا ئەو شیعرەی شاعیری گەورە: شێخ ڕەزای تاڵەبانی (**١٨٣١ ـــ ١٩١٠ز**)مان بە یاد بێتەوە، کە لەهەمان ڕۆژگاری ئەم شیعرەی مەولەوی دا، دژی پێڕەوانی ئەهلی

هەق (کاکەیی) نووسیویەتی و چ سووکایەتییەکی بە پیرۆزییەکانی ئەم ئایینە کردووە[٩٥]، یان شاعیرێکی سەر بەهەمان (رێباز و شێخ و پیر) ی مەولەوی، وەك (مەحوی: ١٨٣٢-١٩٠٦ز)، کە توانج و سووکایەتیی بە یەکێك لە رەمزە پیرۆزەکانی پێڕەوانی ئەهلی هەق، واتە : (دایە رێزبار) دەکات[٩٦]، ئەوسا دەزانین کە ئەم شیعرەی مەولەوی، لەو رۆژگارەدا و بگرە بۆ ئێستاش، وەڕسوڕانێکی چەند نوێیە لەم بوارەدا، چونکە ئەم شیعرەی مەولەوی بۆ (باوەیادگار). هەروا رووداوێکی شیعریی و بیرۆکەیەکی سۆزداریی و راگوزارییانە نییە، بە تایبەتی کە وەك لەناوەڕۆکی شیعرەکەدا دەردەکەوێ، مەولەوی لە تەمەنێکی تەواو کامڵ و پێگەیشتوودا لەگەڵ رۆحی (باوەیادگار)دا دەدوێ، کە هەر لەم تەمەنی پیریی و کامڵبوونەیدا، نامەیەکی بۆ شێخ عەلی حیسامەددین (١٢٧٨ ـــ ١٣٥٨ك)ی کوڕی شێخ بەهائەدین نووسیوە و ناوەڕۆکی نامەکە لە زۆر رووەوە گرنگە و تیایدا زۆر بە شکۆوە داوا

٩٥- شیعرەکەی شێخ ڕەزای تاڵەبانی درێژترین شیعری سەرلەبەری دیوانەکەیەتی و بریتییە لە (٦٠) بەیت، کە (٥٩) بەیتیان کوردییە و تاکە بەیتی سەرەتای شیعرەکەش بە زمانی تورکی و عەرەبییە و ئاوا دەست پێدەکات:

بابان باشندە بر باگمان یشیل وار

امام القوم فی تقسیم شلوار

بۆ زیاتر ئاگاداربوون لەم شیعرەی شێخ ڕەزا، بنواڕە:دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی، ئومێد کاکەڕەش، پیاچوونەوەی (حەمەبۆر)، چاپەمەنی پرۆژەی هاوسەر، سلێمانی، چاپی دووەم (٢٠٠٥)، لاپەڕە (٩٧ ـــ ١١١).

٩٦- وەك نموونەی ئەم دوو بەیتەی مەحوی، کە لە ل٢٦ ول ٣٢٧ی دیوانەکەیدایە :

١- دنیا بە حیلە، مەیلی بە ئەبنای ئەگەر ببێ

ئەم (دایە رێزبار)ە، بەفرزەندی شوو دەکا

٢- ئەکدەشی خینزیر و سەگ، مەعجوونی بەنگ و خەندەریس داکی دایە (رێزبار)یی، بابی (بابی)ی قەحبەباب.

له شێخ عەلی حیسامەددین دەکات، تا هاواری (حەزرەتی عەلی) بکات و لە هەمان کاتدا شێخ عەلی، لە رەمز و جیهانی میتۆلۆگیا نزیك دەکاتەوە:

ناد علياً مظهر العجـــائب
تجده عوناً لك في النوائب[97]

ئەم ئاماژە کردن و خۆبەستنەوەیەش بە جیهانی میتۆلۆدیاەوە، ناچێتە خانەی وەرگەڕان لە ڕێبازی ئایینی، بەڵکو بڕوابوونە بە یەکێتی ئایین و یەکێتی ئایینەکان، کە لای زۆربەی سۆفیگەلی گەورە باو بووە. ئەوانە بە گیانی دەمارگیریی و تەعەسووبەوە سەیری بیروباوەڕی خۆیان نەکردووە. (هادی العلوی) سەبارەت بەم هەڵوێستەی ئەم سۆفییانە و بە تایبەت (أبن العربی) دەنووسیَ:

(أن عقيده المسلم و اليهودي و النصراني سواو)[98]..گەر کەسێکیش لەم بۆچوونەی (أبن العربی) تێنەگات، قەت ناتوانیَ لە (مەولەوی تاوەگوزی)یش تێبگات، کە بۆ:**حاجی مەحموودی یارەویس** دەنووسیَ:

(چه گونه حتی خودم از گبر و یهودی بهتر نمیدانم)[99].

زۆرینەی سۆفیگەلی مەزنیش ئەم هەڵوێستەیان بەرامبەر ئایینەکانی تر هەبووە.

لەبەرئەوەش کە شیعرەکەی مەولەوی بۆ باوەیادگار، وردەکاریی و زانیاریی زۆری لەبارەی ئایینی (ئەهلی هەق) ەوە تێدایە، بۆیە پێمان باشە هەموو شیعرەکە بەرچاوی خوێنەران بخەین:

٩٧- مودەریس، مەلا عەبدولکەریم، یادی مەردان، بەرگی دووەم، کۆری زانیاری عێراق (دەستەی کورد)، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا ١٩٨٣، ل٤٢٧.

٩٨- العلوی، هادی:مدارس صوفیه، دمشق،١٩٩٧، ص٨٢.

٩٩- مودەریس، مەلا عەبدولکەریم، یادی مەردان، بەرگی دووەم، (هەمان سەرچاوەی پێشوو) ل٤٧٠.

سەرشـــــار صەهبای بەزم موناجات
مەلجەی ئیلتیجای ئەرباب حاجات
جای رجای جەرگەی پادشا و دەروێش
بارەگا و پەنا، پەی بێگانە و خوێش[١٠٠]
ئـــــــاهووی خوتەنیی فەیچ ئیلاهی
ئافـــەی ئاف راهی، جەمەد، تا ماهی
شکۆفەی وەش بۆی رەیحانەی رەسوول
نەوباوەی نەمام، گیبەی (بەتوول)
ســـــەرو سایەدار، نیشاندەی وەلی
یەعـــــــنی یادگار: مورتەزا عەلی
وە رەوزەتانا هەر نوور واران بۆ
تا دەفع زوڵمەت، دیدەی یاران بۆ
هــەوای ســـایەتان، هەر مەمدوود مانۆ
سەبوون بوردەی جورم، نەك زەرەر سانۆ
ناپوختەکاریی و شەرمەساریی من
خەجڵەت غەفڵەت، گوناهکاریی من
کەفتەن وە هەمدا، یەند زۆر ئاوەردەن
رووی رجام، وە پای بارەگات کەردەن
تۆ چون جە ئەولاد ئەمجاد مەولای
پەی رجا وەجا، پەی هیممەت ئەولای
زاری و زکاریی و زویریی کەردم
وە بارگەی پاکت پەنا ئاوەردم
ئامام، سەر نیام وە بارەگاوە

١٠٠- مەولەوی دڵنیایە کە جگە لە کورد ، کەسانی تری سەر بەنەتەوەکانی تریش، زیارەتی گڵکۆی (باوەیادگار) دەکەن.

غەريو، موو سفيد، وە رووی سياوە
تەن:مەعصييەت بار، دەروون: پڕ جە دەرد
ديدە: تەڕ، لەب: خوشك، دڵ: گەرم، نەفەس: سەرد
های چەند پلەی سەخت، هانە رێمەدا
جە ڕووی ئيلتيفات، بديە پێمەدا
بەڵكم جە ڕووی ئەو ئيلتفاتەوە
مەولام حارز بۆ، وە نەجاتەوە
دەس شای مەردان، مەدەد کارم بۆ
پلە:ئەو پلە، ئەو:دەس وارم بۆ
مە عصييەت نييەن، چون هيچ صەدمەتێ
خەيلێ مەلوولم، يا پير! هيممەتێ
هيممەتت باعيپ رستگاری بۆ
يار بۆ، ديار بۆ، يادگاری بۆ [١٠١]

* * *

وەك پێشتريش وتمان:مەزار و بارەگای (باوەيادگار)، لەسەر چيای (داڵەهۆ)يە و ئەم زنجيرە چيايەش، زۆر لە زێد و جوگرافيای مەولەوی، واتە:لە ناوچەی (تاوەگۆزی)يەوە دوورە و بۆ تەمەنێكی پير و بە ساڵاچووی وەك (مەولەوی)يش، كە خۆی لەم شيعرەدا، باسی (ريشی سپی) خۆی كردووە، دەبێ دوای ماندووبوونێكی زۆر دژوار، توانيبێتی زيارەتی گڵكۆی (باوەيادگار) بكات.. كەچی وەك لە نموونەی شيعری تری مەولەوی دا دەبينين: مەولەوی ئەوينێكی قووڵی لەگەڵ شوێنە پيرۆز و مەزارە گرنگەكانی ئايينی (ئەهلی هەق)دا هەبووە و وەك لەو نموونە شيعرييانەيدا بە ديارەدەكەوێ، مەولەوی نەك هەر تەنيا خۆشی ويستوون و زيارەتی زۆرينەيانی كردووە، بەڵكو شيعريشی بۆ وتوون.

١٠١- (ديوانی مەولەوی لاپەڕە (٢٨٨ ـــ ٢٩١).

زۆرترین و گرنگترین شوێنە پیرۆز و زیارەتگەکانی ئایینی ئەهلی هەق، لە ناوچە شیرین و جوان و لەهەمانکاتدا، زۆر سەختەکانی (ڕێژاو)دان و لە نزیك و دەوری گوندی (ڕێژاو)یش، چەند گوندێکی دڵگیر هەن وەك: زەردە، یاران، پیران، .. لەناو ئەمانەدا گوندی (زەردە)، وەك قیبلەی پیرەوانی ئەهلی هەقە و بە درێژایی ڕۆژانی هەفتە، ڕێچکەی زیارەتکاران، دەستە دەستە، سەردانی دەکەن.

مەولەوی ناوی ئەو چەند گوندەی بە جۆرێك لە بەیتە شیعرێکیدا گونجاندوون، وەك ئەوەی هەریەکەیان بەشێك بن لە ئەندامەکانی جەستەی خۆی و دیدەکانی و فرمێسکی چاوی و روخساری خۆی:

دیدەم: (ڕێژاو)ە، روخسارم: (زەردە)ن

جە داخ: (یاران)، (پیران)م کەردەن[١٠٢]

هەر لە بواری ناوهێنانی ئەو رەگەزانەی لای پیرەوانی ئایینی (ئەهلی هەق)، زۆر پیرۆز و گرنگن، مەولەوی ناوی سەرەکیترین ئامێری موزیکیی **ئەهلی هەق** دێنێ، کە ئامێری (تەموورە)یە و هەوێن و بنەمای ئایینی **ئەهلی هەقە** و هەموو بۆنە و سرووتگەلی ئایینی و کۆمەڵایەتییان، لە ماڵ و لە(جەمخانە) کانیاندا، هەر بە ئامێری (تەموور)ەوە ئەنجام دەدەن و بە هەمان ئەو ناوەشەوە، ناوی دێنێ، کە ئێستا خودی پیرەوانی **ئەهلی هەق**، هەر پێی دەڵێن: **تەموورە**[١٠٣]

لوولەی تەراویح، وەش وەش مدۆ دەنـــــگ

بێ ئاهەنگەن (تار)، (تەموورە)ی ئاهەنگ

ل٣٩٤

١٠٢- دیوانی مەولەوی لاپەڕە (٢٨٨ ــــ ٢٩١).

١٠٣- لە کاتێکدا دراوسێکانی قەڵەمڕەوی ئایینی ئەهلی هەق، بە ناوی تری وەك:تەمیرە، تەنبیر، تەمیر، تەنبیور، تنبوور...هتد. ناوی دەبەن.

* * *

ئەم پەنجەرە کردنەوە و ئاسۆ بەرین روانینەی مەولەوی تازەگۆزی، بۆ ئایینەکانی تری جیا لە ئایینی ئیسلام و بۆ جوگرافیایەکی فراوانتر لە جوگرافیای زێدی خۆی و ئەو هەموو گەڕان و سەردانە بەربڵاوانەی مەولەوی، لەو هەرێمە بەرینەدا، گەلێ تیرۆژی رووناك و پرشنگداریان لەسەر شیعری مەولەوی کردۆتەوە و فەرهەنگی واژەگەلی شیعری (مەولەوی)یان دەوڵەمەندتر کردووە و لە هەمانکاتدا لە خەم و خۆزگەی جەماوەرێکی فراوانتریش نزیك بۆتەوە، کە زۆرینەی ئەو جەماوەرە بە گشتی و جەماوەری پیرەوانی (ئەهلی هەق) بە تایبەتی، کە لە دێرزەمانەوە ((لەبەر زۆرهۆ، کە ئێرە جێی نییە) تەنگیان پێ هەڵدەچنرا و پەراوێز دەخران و دەچەوسێنرانەوە، کاتێ دەیانزانی هەندێ لە پیرۆزیی و سەروەرییە گەمارۆدراوەکانی خۆیان لە شیعری مەولەوی دا دەبینییەوە، هەستیان بە بەسەرکردنەوە و نیمچە ئابڵووقە لەسەر لابردن و رێزلێنان و شانازیی بەخۆوە کردنەوە دەکرد و باوەشی رێز و گەرمیان بۆ شیعرەکانی مەولەوی دەکردەوە و وەك خۆراکێکی گیانیی بۆ شیعری (مەولەوی)یان دەنواڕی. لەم رووەوە هێشتا مەولەوی خۆی لە ژیاندا بووە ، کە لە کۆڕ و کۆمەڵ و قەڵەمڕەوی خۆیاندا، رمێن و برەویان بە شیعری مەولەوی دەدا و هەندێ جاریش (تاکە بەیت) و هەندێ شیعریان دەکردنە سۆز و سروود و لە مەقامی بەناوبانگی (قەتار = گاتا)ی تایبەت بە پێڕەوانی (ئەهلی هەق)دا جێگەیان دەکردنەوە (کە تا ئێستاش ئەم نەریتە هەر بەردەوامە) [١٠٤] و هەموو ئەمانەش وایان دەکرد بە چاوێکی تایبەتی و

١٠٤- لەم بوارەدا لە جێی خۆیدایەتی نموونەیەك لەم بارەیەوە بەیادی خوێنەران بهێنمەوە، کە خوالێخشبوو: سەیید ئەحمەدی عازەبانی، بۆ جەنابی زانای نەمر: مامۆستا عەبدولکەریمی مودەڕیسی گێڕاوەتەوە:

ڕێزەوە، بۆ خودی (مەولەوی) بنوارن، کە نووسەری ئەم دێرانە، لە زۆر لەو سەردانە مەیدانیيانەی خۆمدا، بۆ ناوچەکانی ئەهلی هەق[١٠٥] و دیدارم لەگەڵ پێڕەوانی ئەهلی هەق دا، هەمیشە ڕاستەوخۆ سەبارەت بە (مەولەوی)، لێم بیستوون، کە پلەوپایەی **مەولەوی** و تەنانەت (عەنبەرخاتوون)ی هاوسەریشی، وەك بەشێك لە خۆیان ئەژمار دەکەن و بە پێودانی ئەو نازناوی (باوە)یەی بۆ ڕابەرەکانی خۆیانی دادەنێن، بە (مەولەوی)یش دەڵێن: باوە مەولەوی و بە (عەنبەر خاتوون)یش دەڵێن:دایە عەنبەر !.

سەیید حەسەنی موفتی داوای حەبیبە خانمی کچی شێخ عەلی عەبابەیلیێ دەکا و دەیدەنێ. کە لە (سلێمانی) یەوە دەڕۆن بۆ عەبابەیلێ بە شوێن بووکدا، شێخ عەلی باوکی بووك، بەمەولەوی دەڵێ: مەولەوی من کەسم نییە لەگەڵ حەبیبە بینێرم بۆ سلێمانی و لە تۆ مەحرەم ترم نییە بە ماڵی ئێمە، لەگەڵی بڕۆ. ئەویش لەگەڵ بووك دەڕوا.

لە ڕێگادا بە عادەتی برا زاوا، دەست دەکەن بە گۆرانی وتن: یەکێ لە کۆمەڵەکە ناوی **حەمەی ئامین** بووە، دەنگی زۆر خۆش بووە، دەست دەکا بە **قەتار** و **ئای ئای** وتن بە شیعری مەولەوییەوە. مەولەوی بە سواری وڵاغەوە لە بەر خۆشیی دەنگی حەمەی ئامین جەزبە دەیگرێ و بەجۆرێ لەحاڵی تەبیعی دەردەچێ، دەکەوێتە خوارەوە. خەڵکەکە دادەبەزن و ڕاستی دەکەنەوە و سواری وڵاغەکەی دەکەنەوە و لە (حەمەی ئامین)یش تووڕە دەبن، دەڵێن: خەتای تۆ بووە، وا مەولەوی کەوتە خوارەوە.

(حەمەی ئامین) یش دێ بەلای مەولەوییەوە، پێی دەڵێ: (قوربان! بۆچی وات پێهات؟. خۆ من هەر شیعرەکانی خۆتم دەخوێندەوە!). ئەویش دەڵێ: (کوڕە! کەی شیعری من ئەوەندە خۆش و بەتەئسیرە؟ بە خوا خەتای "ئاواز"ەکەی تۆ بوو ...)

بۆ زیاتر زانیاریی لەم بارەیەوە بنوارە: مودەڕیس، مەلا عەبدولکەریم، یادی مەردان، بەرگی دووەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا ١٩٨٣، ل٣٧٦.

١٠٥- بەهار و هاوینی (١٩٩٣ز)، کە خەریکی نووسین و ئامادەکردنی کتێبی (مێژووی موزیکی کوردی)بووم.

(٢)

بەڵام وەك پێشتر وتمان ئەو ئامێرانەی موزیك، كە مەولەوی ناویان دێنێ، بە تایبەتیش:چەنگ، چل چەنگ، كەمان سەمتوور، تار...كەمتر لە سنووری جوگرافیای پێڕەوانی ئەهلی هەق و خودی ناوچەكەی مەولەوی (جوانرۆ)شدا بەكار دەبرێن و زۆرتر لە رۆژگاری دەسەڵاتی دەوڵەتی ساسانی و زۆر پێشتریشدا بەكاربراون، بەواتایەكی تر: زانیارییەكانی مەولەوی لەسەر موزیك و ئامێرەكانی موزیك، هەر تەنیا لە ڕێگەی ئەو خۆشەویستیی و دۆستایەتییەوە نەبووە، كە لەگەڵ پێڕەوانی ئەهلی هەق و موزیكەكەیاندا هەیبووە، چونكە (وەك پێشتر وتمان) ئەو ئامێرە موزیكەی كە ئێستا پێڕەوانی ئەهلی هەق بە شێوەیەكی گشتی، زۆر لایان پیرۆزە و لە جەمخانە و لەماڵەكانی خۆیاندا، بۆ دەربڕینی راز و سۆز و سكاڵای ئایینیان بەكاری دەبەن، زۆرتر هەر ئامێری (تەمووره = تەمیره)یە، كە هەر بە تەنیا دەژەندرێ و بە دەمیشییەوە كەلام = شیعر دەخوێندرێ. لە كاتێكدا ئەو چەند ئامێرە موزیكەی پێشتر ناومان هێنان، مەولەوی بە جۆرێك باسیان دەكات، كە هەندێ جار سێ، تا چوار ئامێر پێكەوە و وەك تیپێكی موزیك، لە كۆڕ و كۆنسێرتێكی موزیكیدا بەشداربن:

(١)

شيعر وێم تەنخواى (سەمتوور) ســــــازێ
لێدەر سا (نەیچی)! هەر ئارێش گـــــازێ
چنگ پێکۆ نە جەرگ نەغمەی ســــازەکەت
بەرارۆ تۆتۆ، میقراز گازەکــــــــەت
سا دەروێش! کـــەفێ بدە نە رووی (دەف)
گیان مونتەزیرەن پەرێ رێـــــزەی دەف
(موغەننی) ! لێدەر، یەك ئیمشەو ســازان
بەشقی ئەو کەسە، تۆش ئـــــاوات وازان[١٠٦]

واتە: ئەی شمشاڵژەن! شیعرەکانی خۆم لە باتی ئامێری سەمتوور، بە شمشاڵ بژەنە! با هەر ژێیەکی (سەمتوور)ەکە، وەکو گازێك وابێ، بۆ دەرکێشانی ریشەی جەرگم و نەغمەی سازەکەت ، چنگ لە جەرگم گیر بکات و چین چین وەك گازی مقەست، دەری کێشێ.

دەروێش! تۆش لەپی دەستت بۆ (دەف)ەکەت ببە و رۆحم چاوەنوارِی لەرینەوەی ئەو ئەڵقانەن، کە بە کەمەی دەفەکەوەن.

تۆش ئەی گۆرانیبێژ (موغننی) ! ئیمشەو ئاهەنگێکمان بۆ ساز بکە، چونکە ئەوینی من، بۆ کەسێکە، بە ئاواتی گۆرانی وتنی تۆوەیە.

* * *

١٠٦- دیوانی مەولەوی، کۆکردنەوە و لێکدانەوە و لەسەر نووسینی:مەلا عەبدولکەریمی مودەرِیس، بەغدا، چاپخانەی (النجاح)، ساڵی (١٩٦١ز)، لاپەڕە (٣ ـــ ٤).

(٢)

موغەننی! كۆكەر: سازانت وە هـــــــەم
(سەمتوور)ێ، (تار)ێ، وە هەم كەرە جـەم
(نەیچی)! سا لێدەر، قەزات وەماڵـــــم
دەمێ دەر وە (نەی)، دەروون زوخاڵـــــم
هۆشێ دەر، هام فەرد! سازان بســـــازە
باڵات وە كاڵای خەمـــــــــان بوورازە
باوەرە، بســـــات تەمــــــام تەیاركە
شەوخەفتەن شووم، بەژار ماركـــــــــە
قەزای پەنجەكەت دەك لـــــەمن كەفێ
خەیلێ عاجزم، ســـــا لێدەر:(دەف)ێ[١٠٧]

واتە:ئەی گۆرانیبێژ! ئامێرەكانی موزیكات:(سەمتوور) و (تار)ەكەت، بخەرە تەك یەك و تۆش ئەی شمشاڵژەن! دەردت لە ماڵم بكەوێ، دەم بە شمشاڵەكەتەوە بنێ، سووتاوم و خەریكم ببم بە خەڵووز، هۆش بەبەر خۆتدا بێنەوە و ئامێرەكانی موزیك، بۆ بەكارهێنان لە پاڵ یەكدا دابنێ و ئامادەی بەكارهێنانیان ببە و باڵات لەگەڵ كاڵای خەم بەیەكەوە بدوورەوە. پێویستی و كەرەسەكانی رابواردن ئامادە بكە و خەوم لـێ بزڕێنە، با ئەم خەوە شوومە ، بەرم بدات و بە ئاوازی دەفەكەت، دڵ بە جۆش بێت.

١٠٧- دیوانی مەولەوی، سەرچاوەی پێشتر باسكراو، لاپەڕە (٢٠ ـــــ ٢١).

(٣)

ئاوازەی مەینەت، نە دەروون ســــــــــەد تەرز
چون (چل چەنگ) وە چنگ، خەمــان بییەن بـــەرز
بێهۆشیی جەهۆش، کـــــــەم فامیی جە فـــام
وە هەزار مەقام، مـــــــــــدەران جەفـــام
سا (نەیچی)! دەخیل، بێ دێر و درەنـــــــــگ
موتریب! فیدات بام، (نەی) باوەر وە دەنـــــگ
کەف بدە نە (دەف)، پەنجەت نەڕووی (نـــەی)
وێنەی (باربەد)، بەزم ئارای (کـــــــــەی)
(نەکیسا) ئاسا، دەس دەر وە (ســــــەمتوور)
(دەف) و (نەی) و (چەنگ)، باوەر وە حـــــزوور
(چل چەنگ) نەسەر چەنگ، پەنجەت دەر قـــەرار
وە هەزار دەسان، بنوازم ئەمجـــــــــــــار
وێت بە حەقیقەت، مەست بکەر جە مـــــــەی
سازان بســـــــــــازە، پەی واوەیلای وەی
کەف بدەر نە (دەف)، (چەنـــگ) بـــاوەر وە نەی
هیچ مەواچۆ:کەی! توخودا ســـــــــادەی
بەو ئاواز بەرز، خاس بکـــــــــــەر رازان
بە عەشق ئازیز، نــــــــــــازک ئەندازان[١٠٨]

١٠٨- دیوانێکی دەستنووسی هێشتا چاپ نەکراوی مەولەوی (لای خۆم)، لاپەڕە (٨٩ ـــ ٩٠).

واتە:ئاوازی کوێرەوەریی لـە دەروونـمدا، بەسـەد جـۆر سـەریان هەڵـداوە و وەك دەنگی چل چەنگ، دەنگی (خەم)م لـێ بەرز دەبێتـەوە و بێهۆشـیی لـە هۆشـمدا و کاڵ و کرچیم وەك دەنگی ئەو (مەقام)ە بە سۆزانەی دڵ لەت لەت دەکەن، بە هەزار جۆر مەقام، ئازارم دەدەن. لەبەرئەوە کاکی شمشاڵژەن! خێراکە شمشاڵەکەت بژەنـە و تۆش کاکی گۆرانیبێژ! دەستم دامێنت، تۆش هەر خێراکە، بە قوربانتـان بم، تـۆش ئەی دەفژەن و گۆرانیبێـژ و شمشـاڵژەن! هـەروەك (باربـەد) و (نەکیسـا)ی جووتـە موزیکژەنی بەناوبانگی سەردەمی ساسانی، کە بەزم و ئاهـەنگیان بـۆ کەیخوسـرەو ساز دەکرد و موزیك و (سەمتوور)یان دەژەند، دەست بۆ (سـەمتوور)ەکەت ببـە و بە هەمووتان ئامێرەکانی:دەف و نەی و چەنگ و چل چـەنگ و سـەمتوور بهێننـە مەیدانەوە و دەستەکانتان بکەن بە هەزار دەست و سازەکانتان بژەنن و هـەرگیزیش مەڵێن:کەی دەست بە ژەندەن بکەین و هەر ئائێستا بە دەنگی ئاوازی بەرز، دەست پێبکەن و بە یادی ئەوینی یاری ناسك و نازدارەوە، رازی دڵتان بجۆشێ.

(٤)

پێم دەر تا پەردەی یەخ کەردەم بوو گـەرم
موتریب! وە(پەردە)ی (روباب)، بێ شـەرم
فیدات بام (نەیچی!)، کەسـم هەر تۆنی
حەکیم زامان کۆنە و هـــم نۆنی
لێدەر مەقامێ، دڵ بـــارۆ ئەو دەرد
ئازیز سلامەت، من هاکۆ چـــم کەرد[١٠٩]

واتە:سۆزێکی وا گـەرمم بـدەرێ، تـا پـەردەی بـە سـەهۆڵ و بـە شـەختەبووی جەسـتەم، گـەرم بێـت و بتوێتـەوە. لەبەرئـەوە ئـەی کـاکی گۆرانیبێـژ! ئـامێری (روباب)ەکەت، بەبێ شەرمیی کۆك بکە و تۆش ئەی کاکی شمشاڵژەن! کە لە جێـی هەموو کەسێکمیت و شارەزای زامی کۆنە و تازەم هەر تۆیت، تۆش مـەقامێکی وا

١٠٩- دیوانی دەستنووسی هێشتا چاپ نەکراوی مەولەوی (لای خۆم)، لاپەڕە (١١٢).

بژەنە، تا ئەم دەردەم لە بن دەربهێنێ. ئەوسا ئیتر هەرچیم بەسەردێت، با بەسەرم بێت، هەر یار سەلامەت بێ، قەیناکە.

(٥)

یا نوەلوەلەی (دەف)، شا دەروێش! جۆشێ
بەو سەدای ریشەی دڵ ئاشناوە
یا جۆش (سەمتوور)، موتریب! خرۆشی
چەنی ئەی دوو فەرد، حەسرەت مەعناوە[110]

واتە: ئەی دەنگ و ئاوازی شای دەروێشان! بەو دەنگە خۆشەتەوە، کە لەگەڵ رەگ و ریشەی دڵمدا ئاشنایە، وەرە دەنگ. تۆش ئەی جۆشی ساز و سەمتووری گۆرانیبێژ (موتریب)! لەگەڵ ئەم دوو بەیتە شیعرەمدا هاوارێ بکە، کە باسی راز و دەردی دڵم دەکەن.

(٦)

ساقی! مەی، هەی داد، (موغەننی!)، (چەنگ)ێ
(نەیچی!) های فەریاد، موتریب! ئاهەنگێ
گەرمیی مەی، نەوا و کزەی (دەف) و (نەی)
تێکەڵ بۆ چەنی زایەڵەی نوەی وەی[111]

١١٠- دیوانی مەولەوی، لاپەڕە (٧٠).

١١١- دیوانی مەولەوی، لاپەڕە (٩٥).

واتە: ساقی ! تۆ مەی بێنە، تۆش گۆرانیبێژ! دەنگ لە (چەنگ)ەکەت بهێنە، تۆش شمشالژەن! با هاوار و ناڵە لە شمشاڵەکەتەوە هەڵسێ. با گۆرانیبێژیش ئاهەنگێك ساز بکات. تا بە هۆی گەرمیی مەی و کزەی دەنگی (دەف)ەوە، کە تێکەڵ بە یەك دەبن، هاوار و گریانێك لە رۆحمدا دروست بکەن.

(٧)

بڕیان تای (روباب) قافیە خوانیم
نەمەندەن تاقەت عیبارەت زانیم
دەمەی هەناسەی گەرم (تار)ەکەم
نەکوورەی دەروون پڕ جە خارەکەم
ئایردان حوجرەی دڵەی پڕ دەردم
سۆچنان کتاو مەجموعەی فەردم[١١٢]

* * *

هەر بەمجۆرە، جاروباریش داوا لە موزیکژەن و موتریب (موغەننی) دەکات، هەمان ئەم سازانەی بە تەنیا بۆ بژەنن:

موتریب! سازەکەت، ئۆف چ وەش تەرز بی
ئەمجاریش وەك دەنگ مەجلیس هەر بەرز بی

تا کوورەی زاریم بڵێسە سانۆ
داخ لوای وێم، جە دڵ نمانۆ[١١٣]

١١٢- دیوانی مەولەوی، لاپەڕە (١٩٤).

١١٣- دیوانی مەولەوی، لاپەڕە (٤٣٠).

موتریب! یەکارەن؟ مەر سیاســـــــــەنگی!
من:بەی حـــــــــاڵەوە، تۆ: وە بێدەنگیی![114]

موتریب! مەقامێ، دەردم ناچـــــــــارەن
ســــــــــــاقیا! جامێ، دوست ئینتیزارەن[115]

های موغەننی! (تار)، حەنجەرەی وەش تەرز
وە سەر پەنجەی ناز، باوەرۆ ئەو لـــــــــەرز[116]

زرنگەی سەدای ســـــــاز، جە ریشەی ئەعزام
(کەمانچە) دەستوور، ماوەرۆ مەقـــــــــام[117]

(سەمتوور) ســــــــــینەم، وە زایەڵەی بەرز
مەژەنۆ نەوای دووریت، وە ســــــــــەد تەرز[118]

شەمع شام شووم، ماتەم هۆر گریـــــــــــا
تای تەل (ســــــــەمتوور) شادی و زەوق بڕیا[119]

١١٤- دیوانی مەولەوی، لاپەڕە (٢٧٦).

١١٥- دیوانی مەولەوی، لاپەڕە (٢٣٦).

١١٦- دیوانی مەولەوی، لاپەڕە (٢٦٨.)

١١٧- دیوانی مەولەوی، لاپەڕە (٢٤٣).

١١٨- دیوانی مەولەوی، لاپەڕە (٢٤٢).

١١٩- دیوانی مەولەوی، لاپەڕە (٢٨٤).

لەرزەی ریشەی دڵ، (ســــەمتوور)ی دەستوور
وەزن تەبع (تار)، پڕ سۆزەی (ســــەمتوور) [120]

لوولەی تەراویح، وەش وەش مــــدۆ دەنگ
بێ ئاهەنگەن (تــار)، (تەموورە)ی ئاهەنگ[121]

* * *

وەك سەرنج دەدەین ئارەزووی مەولەوی، بۆ ئامادەبوون و بیستنی ئەم ئامێرانەی موزیك پێکەوە، وەك ئەوە وایە کۆنسێرتێکی موزیك ساز بکرێت. کە سازکردنی ئەم کەش و هەوا (موزیك)بیەش، زۆرتر لە کەش و هەوای (موزیك)یی و سۆزی ئایینی پێڕەوانی تەریقەتی شاعیر و عارف و حەکیمی بەناوبانگ و خاوەنی مەسنەوی = دووبەیتی: مەولانا جەلالەددینی رۆمی، واتە مەولەوی بەلخی (١٢٠٧ ـــ١٢٧٣ز) دەچێ، کە پێڕەوانی ناوبراو، بەم کەش و هەوایە دەڵێن:سەماع = بیستن و مەبەستیشیان لە سەماع = بیستن، هەر بیستنی ئەو ئاوازی (موزیك)انەیە، کە لە ترادیسیۆن و بۆنەکانی ئایینی دا، بەکاریان دەبەن.

پێڕەوانی تەریقەتی مەولەوی رۆمی، لەم بۆنانەدا، لەگەڵ خوێندنەوەی شیعرە (مەسنەوی = دووبەیتی)یەکانی مەولانا جەلالەدینی رۆمی دا، گوێ لە ئاوازی خۆش و شادیی موزیك دەگرن و بە دەم گوێگرتنی ئەو ئاوازانەوە، دەست و پەل رادەوەشێنن و (سەما)یشی لەگەڵدا دەکەن. کە ئەم نەریتە، لای هەندێ لە زانایانی موسڵمان پەسند نییە.[122]

بەڵام مەولەوی تاوەگۆزی، خۆی سەر بە رێبازی نەقشبەندی بووە و ئەم رێبازەش رەنگە تاکە رێبازی سۆفی بێت، کە رێگەی بە (سماع) نەدابێ و دەبێ کۆڕەکەیان بەبێ

١٢٠- دیوانی مەولەوی، لاپەڕە (٣٣٠).

١٢١- دیوانی مەولەوی، لاپەڕە (٣٩٤).

١٢٢- بۆ پتر زانیاریی لەم بارەیەوە، بنوارە: فرهنگ اصگلات و تعبیرات عرفاو، تالیف:سجادی، صص:(٢٢٥ ـــ ٢٢٣). هەروەها:فرهنگ دهخدا، جلد٩، صص: (١٣٧٤٩ ـــ ١٣٧٥٠).

دەنگیی بکەن. کەچی **مەولەوی تاوەگوزی** بێ پەروا و بێ گوێدانە بیروڕای ئەو موسڵمانانەی ئەم نەریتی (سەماع)ەیان بەلاوە پەسەند نییە، بە هەمان نەریتی **مەولەوی بەڵخی،** کە ڕێگەی بە (سماع) داوە و لە (خانەقا)کانیاندا، سەما و گۆرانیی و بە کارهێنانی ئامێری موزیك، ڕێگەی پێدراوە داوا لە گۆرانیبێژ (موغەننی) دەکات، تا کەش و هەوای (سەماع)ی بۆ سازبکەن:

(٨)

گۆشەی مزگی دەیر، گۆشەی مزگی دەیر
هانا (موغەننی!)، یادت بۆ وە خەیر
جەکۆن چریکەی جەلای زەنگ روح
(سەماع)ش پەیمان مدا سەد فتوح
بەو لابەر وەسواس(...[١٢٣])حەواس
وە کزەی گیان سۆز، مەقامەکەی (راس[١٢٤]) [١٢٥]

١٢٣- ئەو وشەیە جێگەکەی چۆڵ بووە.

١٢٤- راس:مەبەست لە مەقامی (راست)ە.

١٢٥- دیوانی دەستنووسی هێشتا چاپ نەکراوی مەولەوی (لای خۆم)، لاپەڕە (١١١).

سەرنج:

(نالی) و (مەحوی)ش لە بارەی (سەماع)ەوە، ئەم دوو بەیتەیان هەیە:

١ــــ (سەماع)ە، گەردشی عیشقە، حەقیقەت
لە سۆفی و رەقسی تەقلیدی، نەما باس

(نالی،٢٣٣).

٢ ــــ (سەماع)ی سازی عیشق و ڕێگە بۆ پاڕانەوەت (مەحوی)
لەبەر قاپی گەلەب بێ، گوێ:دەبێ کەڕ بێ، زوبانت:لاڵ

(مەحوی،٢٠٤).

واته: وام له سووچـی مزگەوتێکـدا و هـاوار لـه گۆرانیبێـژ دەکـەم و دەڵێم‌نیـادت بەخێر، کوا ئەو چریکەیەت، کەلای زەنگوڵەی ڕۆحەوە دێت و (سەماع = بیستن)یشـی، سەد پەیمان و سەرکەوتن دەبەخشێ. وەرە و ئەم دڵەڕاوکەیەم لابەرە و بەکزەی مـەقامی (راست) گیانم بتوێنەوە.

* * *

لەگەڵ داواکردن و تکای مەولـەوی تـاوەگۆزی دا، لـە موتریـب و موغـەننی و مـوزیکژەن، هاوکات هەمیشەش داوایـان لێـدەکات، تـا بـە دەم گـۆرانی چـڕین و مـوزیکژەندنەوە، شیعرە (دووبـەیتی = مەسـنەوی)یەکانی خۆیشـی لـە گـۆرانی و مەقامەکانیاندا بۆ بکەن بە هەوێن:

(٩)

شیعر وێم تەنخوای (سەمتوور) سـازێ

لێدەر سا (نەیچی)! هەر تارێش گازێ[126]

واته :له باتی سەمتوور و نەی = شمشاڵ و دەف، شـیعرەکانی خـۆم بکەنـە ئـاوازی موزیك و لەگەڵ گۆرانیدا بەکاریان بهێنن.

* * *

١٢٦- دیوانی مەولەوی،لاپەڕە (٤).

(١٠)

سادەی سا نەیچی! ریشـــــەی دڵ کـــــــــــەر پەی
تالیم دەر ئەی فـــــــــەرد، وە نەزمەکەی (نەی):
ئیمشـــەو وە هەرحاڵ، شـــــــــەو وە ڕۆژ بەروون
ئەی خوا! سا مەرگێ، ســـەحەر چیش کـــــــەروون[127]

واتە:ئادەی شمشاڵژەن! ریشە و بەندی دڵم بچڕە و بە دەنگی شمشاڵ، ئاواز بۆ ئەم تاکە بەیتە شیعرەی خۆم (بەیتی دواتر) دابنێ، کە دەڵێ:هەرچۆنێ بێ ئیمشەو، ڕۆژ دەکەمەوە و بەرەبەیانیش خوا کەریمە و خۆی دەزانێ چی دەکات.

(١١)

نەیچی! من پەنجەی پای ناڵـەم سـفتەن
تۆ، دەی چون تەئسیر وە ناڵـــەت جفتەن
چەند فەرد (مەعدووم)، دەروون نەوەی دا
باوەر جە تەنخوای ناڵـــــە وە (نەی) دا[128]

١٢٧- هەمان سەرچاوە، لاپەڕە (٢٣).

١٢٨- هەمان سەرچاوە، لاپەڕە (٢٥).

واتە:کاکی شمشاڵژەن! من پەنجەی هاوار و ناڵینم سووتاوە و ناڵەم ناڕوات، بەڵام ناڵەی تۆ، لەگەڵ کارکردندا جووتە، دەی ئەم چەند بەیتە شیعرەی **مەعدووم** (کە نازناوی شیعریی خودی مەولەوی یە)، بکەن بە ئاواز و بە شمشاڵیش بیانژەنە.

* * *

(١٢)

پەنجەت بەو نەغمەی بین وە تینەوە

باوەرە ئەی‌بەیت، وە حەزینەوە[١٢٩]

واتە:کاکی شمشاڵژەن! پەنجەکانت بخە سەر شمشاڵەکەت و بە هەموو هێز و تینتەوە، ئەم بەیتە شیعرەی خۆم بە غەمناکی یەوە بۆ بژەنە.

* * *

(١٣)

موغەننی! تەنخوای من وە نەوایێ

وەی چەند (فەرد)ەوە، هۆردەر سەدایێ[١٣٠]

واتە: ئەی گۆرانیبێژ! لە جیاتی من، ئەم چەند بەیت (فەرد)ە شیعرەی خۆم بە دەنگی بەرز بۆ بخوێنە.

* * *

١٢٩- هەمان سەرچاوە، لاپەڕە (٢١٦).

١٣٠- هەمان سەرچاوە، لاپەڕە (٢٢٧).

(١٤)

موتريب! يەكارەن، مەر ســــــيا سەنگی؟
من بەی حاڵـــــەوە، تۆ وەی بێدەنگیی؟
چە تەنخوای نەی بەزم، خەم وەیلانەوە
هۆردەر ئەی چەند (فەرد)، وە دیلانەوە[١٣١]

واتە:ئەی گۆرانیبێژ! ئەمە چ کارێکە! من بەم حاڵەوە و تۆش دەڵێــی بــەردیت، وا وشك و رەق وەستاویت! تکایە ئەم چەند بەیت (فەرد)ە شیعرەی خۆم بۆ بکە بــە مەقامی (دیلان) و..

* * *

(١٥)

لەرزەی ریشەی دڵ، (سەمتوور)ی دەســتوور
وەزن تەبع تار، پڕ ســۆزەی (ســەمتوور)
واچە:بەو مەقـــــــــام ئەلـواناتەوە
هەی داد، هەی بێداد، (مەعدووم)واتەوە:[١٣٢]

واتە:ساتوخوا کاکی گۆرانیبێژ! مەقامێکم بۆ بڵێ، ببێ بە مایــەی لەرینــەوەی ریشــەی دڵەکــەم، کــە هەمیشــە وەك ئــامێری ســەمتوور دەنگــی لێــوە دێــت و ئاوازەکەیشی لەو ئاوازانە دەچێ، کە بە ئامێری تار دەژەندرێن و پڕ بێ لەو جـۆش و سۆزەی کە لە ئامێری (سەمتوور)دا هەستی پێدەکرێ.

١٣١- هەمان سەرچاوە، لاپەڕە (٢٧٦).

١٣٢- هەمان سەرچاوە، لاپەڕە (٣٣٠).

* * *

(١٦)

یا وەلوەلەی (دەف)، شـا دەروێش جۆشێ
بەو سـ‍ـــــــــەدای ریشەی دڵ ئاشناوە
یا جۆش (سـەمتوور)، موتریب! خرۆشێ
چون ئەی دوو (فەرد)، حەسرەت مەعناوە[١٣٣]

واتە:ئەی دەنگ و ئاوازەی شای دەوێشان، بـەو دەنگـە خۆشـەی خۆتـەوە، کـە لەگەڵ ریشەی دڵدا ئاشنایە، دڵ بهێنە جۆش و کوڵ. تۆش ئـەی جـۆش و خرۆشـی ئامێری سەمتوور، بەم چەند بەیت (فەرد)ەی خۆمەوە بخرۆشە، کـە هـەموویان لـە مانای حەسرەتدا کەیلین.

* * *

(١٧)

سامان سـام کـ‍ــــــــەردەن، دەرد بێ دەوا
موغننی! دادەی، وە ناڵـ‍ــــــــەی نەوا
بوانە ئەی (فەرد)، بەو حەنجەرەی بـەرز
تا مینای فەلەك باوەرۆ ئەو لـ‍ـــــــەرز[١٣٤]

١٣٣- هەمان سەرچاوە، لاپەڕە (٧٠).

١٣٤- دیوانی دەستنووسی هێشتا چاپ نەکراوی مەولەوی (لای خۆم)، لاپەڕە (١١٠).

واتە:دەردێکی وام گرتووە، دەرمانی نییە و مرۆڤ سام وبیم لەمجۆرە دەردانە دەکات. ئادەی کاکی گۆرانیبێژ !. ئەم بەیت (فەرد)ە شیعرەی من، بە چریکەیەکی ئەوندە بەرز بچڕە، تا بەڵکو قوبەی گەردوون بلەرزێت.

* * *

هەر لەبواری ئەمجۆرە نموونانەدا، کە داوا لە گۆرانیبێژ (موغەننی ـــ موتریب) دەکات، تا فەرد (بەیت)ە، شیعرەکانی خۆی بە ئاواز و مەقامەوە بخوێنن. نموونەیەکی تری لەمانە جوانترمان نیشاندەدات. لەم نموونەیەدا لەلایەکەوە زانیاریی و شارەزاییەکی زۆری مەولەوی، لەبارەی موزیك و لەلایەکی تریشەوە توانای مەولەوی لەوێناکردنی تابلۆیەکی هونەریی تایبەت بە ئامێری موزیکی تار، کە تەنیا لە نیو تاکە بەیتی شیعرێکیدا، زۆر خێرا، جەستە و بالای خۆی:(مەولەوی)مان لە شێوەی ئامێرێکی (موزیك)یی کەمان و تار، بۆ بەرجەستە دەکات. بەڵام بالایەك، کە تەنگ و چەڵەمە و کارەساتە قورس و گرانەکانی ژیان، ماندوویان کردبێ و بالایان چەماندبێتەوە و لە دەستدانی زۆر لە خوشەویستان و پیرۆزیی و بەدی نەهاتنی خەونە سەوزەکانیش، چاوەکانیان فێری فرمێسك رشتنێکی بەردەوام و نەبڕاوەی وەك شێوەی تاڵە پلووسك و چۆڕاوگەیەکی باریك و روون کردبێ و لە روخسارەوە بۆ بەرپێ بڕژێ..یان وەك خۆی دەڵێ:کارەساتە دڵتەزێنەکانی ژیان، ئەم فرمێسکە چۆڕاوگە بەستووەی چاوی مەولەویان (کۆك) کردبێ، کە واژەی (کۆك) لە زانستی موزیکدا (وەك پێشتریش وتمان) هەر ئەو کەسانە دەیزانن کە خۆیان راستەوخۆ، موزیکیان ژەندبێ، یان لە بواری زانستی موزیکدا کاریان کردبێ.

ئالێرەدا، خاوەنی ئەم بالا چەماوە فرمێسك رێژە کۆك کراوە:مەولەوی، داوا لە گۆرانیبێژ (موتریب ـــ موزیکژەن) دەکات تا بالا چەماوەکەی، وەك ئامێرێکی تار و تاڵە پلووسکە فرمێسکەکانیشی، وەك (ژێ)یەکی کۆك کراوی (تار)ەکە لەبەرچاو بگرێ و بکەوێتە ژەنینی ئەم جەستە بە تار بووە..کە دەبێ بڵێم سەلیقە و دەسەڵاتی شاعیرانە و هونەرمەندانەی مەولەوی، لەوێناکردنی ئەم جەستەیەی

کوێرەوەرییەکانی ژیان، کردیانە تار و لە تاکە نیوە بەیتی شیعرێکدا، زۆر خێرا، بە بەرچاوی خەیاڵمانی هێنا، زۆر لەوە باڵاتر و بە توناتر بووە، کە من بەم چەند رستە درێژ و پشووە سوارانەمەوە (لەگەڵ داوای لێبووردنم لە گیانی بەرزی مەولەوی)، بتوانم تەقەللای نەزۆکانەی لێکدانەوەی ئەو وێنە شیعریی یە، بۆ خوێنەران راڤە بکەم، لەکاتێکدا مەولەوی هەر تەنیا لە ساتە وەختێکی زۆر کورت و تەنانەت لە ماوەی چاوتروکاندنێکدا وتوویەتی:

(١٨)

موتریب! یە (کەمان) باڵای خەم وەردەم
یە (تارئەسرین)، خەم (کۆك) ئاوەردەم
سادەی تەنخوای من، وەی دەم دەردەوە
لێدەر نەوایێ، وەی چەند فەردەوە:[١٣٥]

* * *

١٣٥- دیوانی مەولەوی، لاپەڕە (٥٣٥ ـــ٥٣٦).

سەرنج: هەڵبەتە ئەو (فەرد ـــ بەیت) شیعرانەی مەولەوی مەبەستێتی، لە دوای ئەم دوو بەیتەوەن و ئێمە تەنیا مەبەستمان ئەم دوو بەیتە بوو، کە پێوەندییان بە موزیکەوە بوو.

(٣)

دەف:

هەر لەم نموونەی قوولبوونەوە و لێبڕامانانەی **مەولەوی**، لە ئامێرگەلی موزیك و خۆپێچوواندنی بە ئامێری موزیك، نموونەیەکی تری هاووێنەی پێشوو بەسەر دەکەینەوە، کە لەمیاندا لەگەڵ ئامێرێکی تردا، کە ئامێری (دەف)ە و سەدان ساڵە لە کوردستاندا، هەم لە کۆڕی ئاهەنگی کۆمەڵایەتی و هەم لە کۆڕی خواپەرستیشدا بەکاردەبرێ، خۆی بە ئامێری (دەف) دەچوێنێی و ئەوندە شاعیرانە، لە ئامێری (دەف) و کەرەسەکانی پێکهاتەی (دەف) ورد دەبێتەوە (کە بریتین لە :پێست، کەمە، حەڵقەی دەوری کەمە ـــ کە)، تا جەستەی خۆی دەکاتە ئامێری (دەف) و بە هۆیەوە بتوانێ لە رێگەی جەستەی بە (دەف) بووی خۆیەوە، پەیامێکی تر بە دڵدار و دڵبەرەکەی (واتە:خوا) رابگەنێ، کە پەیامی ئەم لە پەیامی ئاسایی دڵدارانی تر، جیاوازتر و گەورەترە و دەیەوێ لە رێگەی ئەم وێنە سازییە شیعرییەوە، بە (یار ـــ دڵدار ـــ دڵبەر)ی بسەلمێنێ کە ئەوینی یار، نەك هەر لە جەستە ئاساییەکەی خۆیدا جێگە دەکاتەوە، کە خوێن و گۆشت و لێورێژە لە هەست و هۆش و سۆز و کوڵی ئەوین، بەڵکو بۆ هەموو ئەو شتانەش دەگوێزرێتەوە، کە لەم گەردوونەدا هەن و گیان (رۆح) یان لە بەردا نییە و دەیانکاتە عاشق و ئەویندار و لە رێگەی ژەندنیانەوە، بە دەنگیان دەهێنێ و ئەوانیش باسی ئەوینی خۆیان بۆ یار دەکەن.

مەولەوی جگەلەوەی لەم وێنەی جەستە بە (دەف) بووەی خۆیدا، سۆزی دەروێشانە دەیگرێ و ناخی دڵدارانەی بە دەنگ دێت (دەژەندرێ)، هاوکات راستییەکی تر لە بەرامبەر بەراوردکردنی خۆی و دڵدارەکەیدا دەردەبڕێ، کە رازی خۆ بچوککردنەوەی خۆیەتی لە ئاستی دڵداردا، تا ئاستی ئەوەی (یار)، ئەوەندە مەزن و شکۆدار و بە دەسەڵاتە، هەموو دەسەڵاتەکانی تری لە خۆیدا تواندۆتەوە.

بۆیە مەولەوی هەموو دەسەڵاتێکی خۆی لە (دڵبەر)دا دەبینێ و وەك پەیڕەوکارێکی ڕێبازی نەقشبەندی، کە بەرگی خوری (صوف) لەبەر دەکەن و پێستی پێ داپۆشراوی (دەف)یش، هەر لە پێستی (مەڕ)ە، کە پێشتر خوری پێوە بوو، واتە: لە پێستی (بەرە دووگی مەڕ)ە، ئەوا ئەمیش:مەولەوی (دەف)، پێستی خۆ بچوککردنەوەی لەبەرکردووە و بۆتە (کۆیلە)یەکی دڵبەر و وەك بەڵگەی ئەوەش کە کۆیلەکانی جاران، بۆ جیاکردنەوەیان لە کەسانی ئاسایی، (گوارە)یان لە گوێ دەکرا، ئەمیش (ئەڵقە)کانی دەوری (کەمە)ی دەفەکەی، (کە کەمەی دەفیش، وەك گوێی مرۆڤ، شێوەی خڕ و بازنەییيە) لە باتی جووتێ گوارە، چەندان گوارە (حەلقە)ی لە گوێ کردووە:

چون:دەف، بەرگ پۆس، ئیرادەت پۆشم
(غولام) بەردەس، (حەڵقە) نەگوشـــم[136]

*   *   *

دیسان هەر لەم وێنە شیعریی و خۆ بچوککردنەوەیەی **مەولەوی** دا کە بۆتە ئامێری دەف و لەبەرامبەر ئەوینی یاردا دەژەندرێ، وێنەی تریشی هەیە، کە سەرەڕای ئەوەی ئەم دەفە ژەندراوە و سۆز گرتوویەتی، بەڵام بۆ ڕێزلێنان و هێژا ڕاگرتنی پلەوپایەی یار، ئەوەی لەیاد نەچووە، تا ئاداب و نەزاکەتی جۆری ئامادەبوون لە حزووری یاردا ڕابگرێ و لە کاتی ژەندنیدا، کە دەجۆشێ و دەخرۆشێ، دەبێ هۆشی لە خۆی بێت و هەر بە هۆی سۆز و ناڵەی دەنگی دەفەکەوە، هێز و هۆشی بەبەردا بێتەوە و وەك (دەف)، ڕووی لای (یار) بێت و پشت لە دڵبەر نەکات، کە نیشانەی هەرزەیی و لەبیرکردنی نەزاکەت و پلەوپایەی یارە:

١٣٦- دیوانی مەولەوی، ل٢٨.

دەف ئاسا، بەو سۆز ناڵە و سـەداوە
روو ئەو یاران بوو، پشت ئەو دماوە[137]

* * *

وەك وتمان:دەف ئامێرێکی موزیکی تەمەن درێژە لە کوردستان و لە دێرزەمانەوە، لە زۆربەی بۆنەگەلی (کۆمەڵایەتی) و (ئایینی)شدا بەکاردەبرێ، جگەلەوەی کە لە ناوچەکانی هەورامانی (تەخت)یشدا، لە نزیکەی هەزاران ساڵ لەمەوبەرەوە تا ئێستا، هەموو ساڵێك لە رۆژانی (١٠ ـــ ١)ی مانگی بەهمەنی هەتاوی ـــ سەرەتای مانگی شوباتی زاینیی و بەفرانباری کوردی دا، یادی (پیرشالیار) دەکەنەوە، لەم یادکردنەوەدا دەیان ئامێری (دەف) پێکەوە و لەیەك کاتدا، سرووتی یادکردنەوەکە گەرمتر و خرۆشاوتر دەکەن و هەر هەمان ئەم (یادی پیرشالیار)ە، بەشێوەیەکی تایبەت تریش لەلایەن پیڕەوانی (ئەهلی هەق)ەوە، لە ناوچەکانی خۆیاندا ئەنجام دەدەن[138].

بەبێ هیچ سێ و دوویەك، دەبێ ئەم ئامادەبوونە هەمیشە و زیندووەی ئامێری (دەف)ی ناو خانەقا و تەکیەکانی پیڕەوانی ئایینی ئیسلام و یادەکانی (پیرشالیار)، لە هەورامانی (تەخت) و ناوچەکانی (ئەهلی هەق)نشیندا، ئامادەبوونێکی بەردەوامی ئامێری (دەف)ی لە بیرەوەری و هەستی (مەولەوی)یشدا راگرتبێ، بۆیە **مەولەوی** لەگەڵ شیعری تریدا، کە دەیەوێ ئاوازی شیعرەکانی سیحراویی تر بن، پەنا بۆ ناڵەی رۆح داچڵەکێنی ئامێری (دەف) دەبات و داوا لە (دەفژەن) و ئامێری (دەف) دەکات، تا ئاهەنگی شیعرەکانی خرۆشاوتر بکەن:

١٣٧- دیوانی مەولەوی، ل٣١٩.

١٣٨- بۆ زیاتر زانیاریی لەم بارەیەوە، بنوارە: علی حصوری:سیاوشان، نشر چشمه، چاپ دوم، تهران، ١٣٨٤ش،ص١١٦ ـــ ١٢٠.

قەزای پەنجەکەت دەك لەمن کـــەفێ
خەیلـێ عاجزم، ســـا لێدەر (دەف)ێ[139]

* * *

مـــــایل کەر بالاّ، وەلادا چون نـــەی
دەستێوت:(دەف) بۆ، ئەو دەس:جام مــەی[140]

* * *

یا:نوەلوەلەی (دەف)، سا دەروێش! جۆشێ
بەو ســەدای ریشەی دڵ ئاشـــــــناوە
یا:جۆش ســــەمتوور، موتریب! خرۆشێ
چەنی ئەی دوو فەرد، حەسرەت مەعناوە[141]

١٣٩- دیوانی مەولەوی، ل٢١.

١٤٠- هەمان سەرچاوە، ل٢٨.

١٤١- دیوانی مەولەوی، ل٧٠.

کاتێکیش کە ناڵەی ئامێری (دەف)، رۆح و هەناوی **مەولەوی** بە کوڵ دێنێ و خۆزگەی دامرکاندنەوەی قوڵپە قوڵپی رۆحی دەکات، دیسان هەر پەنا بۆ ئامێری (دەف) دەبات، تا هەستی خرۆشاوی ئارام بکاتەوە:

پەی دیگ دەروون، جۆش کوڵ و کەف
تەسکین نمەك کـــزەی کەف و دەف[١٤٢]

***   *   ***

بەزم هــــام فەردان یـــــار موبەت کیش
یەك ئیمشەو (دەف)ێ، دەروێش! های دەروێش![١٤٣]

***   *   ***

سەدای (دەف) و (نەی)، مەیۆ نەگۆشـــت
نەشئەی مەی بەخشۆ حەیات وە گۆشـــت
بویەر جەسای تەرز، (دەف) و (نەی)یەوە
وەزات مەستیی نەشـــــــئەی مەیەوە[١٤٤]

***   *   ***

١٤٢- هەمان سەرچاوە، ل٤٠.

١٤٣- هەمان سەرچاوە، ل٧١.

١٤٤- هەمان سەرچاوە، ل٣٢٧.

هۆش‌نوه سەدای (دەف)، گۆش نوه نەوای (نەی)
دەس‌نوەشیشەوە، لێو: وە جــــــــــام مەی[145]

* * *

سا دەی سەرپەنجەت پەی (دەف) بەرەوە
رووی یاد بالاش، مەخســــــەڵ دەرەوە[146]

* * *

ساقی! سا دەخیل، جام مەی وە کــەف
دەروێش! ئامانەن، کەفێ نە ڕووی (دەف)
من: ناڵە، تۆ: (دەف)، ئەو: ساقی، یا دورد
هەنی فەرد، دەرد مــەینەت گەردەن ورد[147]

* * *

١٤٥- هەمان سەرچاوە، ل٢٣٠.

١٤٦- هەمان سەرچاوە، ل٢٤٩.

١٤٧- هەمان سەرچاوە، ل١٨٤ ـــــ ١٨٥.

مەقام:

ئالەم کاتانەدا، کە **مەولەوی تاوەگوزی** رۆحی پڕ دەبێ لە ناڵە و خرۆشی دەنگی (دەف) و هەست و جەستەی دەهەژێ، حەزدەکات (مەقام)زانێکی دەنگخۆش، هەڵقوڵێنی ئیلهامی شیعری بلاوێنێ، تا بەهرەی ئەفراندنی، لە هەڵقوڵێن و بەخشینی بێبڕانەوە نەکەوێ...لێرەوە نهێنییەکی تری ئەوین و زانیاریی (مەولەوی)مان لە بارەی زانستی (مەقام)ەوە بۆ دەردەکەوێ، کە چەند شارەزایانە باس لە (دەسگا)کانی موزیکی گەلانی ئاریایی نەژاد و مەقام و بەشەکانیان دەکات.

سەرەتا لەم (٥) بەیتە شیعرەدا، داوا لە موغەننی ـــ گۆرانیبێژ دەکات، تا مەقامی (نەوا)ی بۆ بخوێنێ، کە (نەوا) یەکێکە لە (٧) دەسگا[١٤٨] بنەڕەتییەکانی موزیکی گەلانی ئاریایی نەژاد:

بابەیۆ وەش وەش، سۆزەی سەداکەت
لەرەی (نەوا)ی تەرز، شیرین ئەداکەت[١٤٩]

* * *

موغەننی! تەنخوای من، وە (نەوا) بێ
وەی چەند فەردەوە، هۆردەر سەدایێ[١٥٠]

* * *

١٤٨- ئەو (٧) دەسگایە بریتین لە:هومایون، ماهوور، سێگا، چوارگا، شوور، نەوا، راست، یان پێنجگا.

١٤٩- دیوانی مەولەوی، ل٤٠.

١٥٠- هەمان سەرچاوە، ل٢٢٧.

فەلەك! داد جەدەرد بێ دەواكەی تۆ
موغەننی! فەریاد، ئەو (نەوا)كەی تۆ[151]

* * *

سامان سام كەردەن، دەرد بێ دەوا
موغەننی! دادەی، وە ناڵەی (نەوا)
بدانە ئەی فەرد، بەو حەنجەرەی بەرز
تا مینای فەلەك، باوەرۆ ئەو لەرز[152]

* * *

لەم تاكە بەیتە شیعرەشدا، داوا لە موتریب (گۆرانیبێژ) دەكات، تا مەقامی (حیجاز)ی بۆ بخوێنێ، كە مەقامی حیجاز ـــ یش، (گۆشە)، یان (پەردە)یەكە لە دەسگای (شوور)[153] و (مەولەوی)ش زۆر هۆشیارانە، هەر بە ناوی (پەردە)وە، ناوی دێنێ[154]:

١٥١- هەمان سەرچاوە، ل٤٢٨.

١٥٢- دیوانی دەستنووسی بڵاونەكراوەی مەولەوی (لای خۆم)، ل١١٠.

١٥٣- هەر ئەم مەقامە، بە ناوی (ئەبوعەتا)ش ناو دەبرێ.

١٥٤- هەر لە بواری ناوهێنانی (پەردە)ی موزیكدا، مەولەوی نموونەی تریشی وەك ئەم بەیتە هەیە:

پێم دەر تا پەردەی یەخ كەردەم بوو گـــەرم

موتریب! وە (پەردە)ی (روباب)، وە بێ شەرم

ل١١٢، دیوانی دەستنووس لای خۆم.

موتریب! بەو نەغمەی شـــــانازیتەوە
یا بەو (پەردە)ی پاك (حیجاز)یتەوە[155]

* * *

لەم دوو جێگایەشدا، ناوی مەقامێك دێنێ، كە لەو رۆژگارەدا باوی بووە و ئێستا شوێنەواری نازانرێ، بەڵام وەك مامۆستا مەلا عەبدولكەریمی مودەڕیس، ئاگاداری ناوچەی هەورامان بووە، دەڵێ:ئاوازێكی كۆنی كوردی یە[156]:

بوڵەند كەر مەقام (دڵسۆز) وە راســـی
تەنزیلەش فەردگەل:خاڵۆی (كۆماسی)[157]

* * *

بوڵەند كەر (دڵسۆز)، سەدای دڵتەنگی
بەڵكم بێدار بوو جەی خاو ســـەنگیی[158]

* * *

لە دوو جێگەی تری شیعرەكانیدا، ناوی دوو مەقامی كۆنی كوردی، بە ناوی مەقامی (دیلان) و مەقامی (شانازی) دێنێ، كە ئەوانیش لە ئێستادا زانیارییمان

١٥٥- دیوانی مەولەوی، ل٤٦٠.

١٥٦- دیوانی مەولەوی، ل٤٢٨، ٤٦٠.

١٥٧- هەمان سەرچاوە، ل٤٢٨.

١٥٨- هەمان سەرچاوە، ل٤٦٠.

لەسەریان نییە، بەڵام دیسان و بە گوێرەی زانیاریی مامۆستا **مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس**، سەبارەت بە یەکەمیان (دیلان) دەڵێ:مەقامێکی کۆنی کوردی یە، لەکاتی بووك گواستنەوەدا دەوترێ[159]:

جە تەنخوای نەی بەزم، خەم وەیلانەوە
هۆردەر ئەی چەند فەرد، وە (دیلان)ەوە[160]

* * *

سەبارەت بە دووەمیشیان (مەقامی شانازی) دەڵێ: مەقامێکی کۆنە[161]:

موتریب! بەو نەغمەی (شانازی)یتەوە
یا بەو پەردەی پاك حیجـــــازیتەوە[162]

* * *

مەولەوی بە دەم ئەم زانیارییانەیەوە لەمەڕ (موزیك و دەسگاکانی موزیك و مەقام و پەردە)وە، ئاماژە بە دوو دۆخی موزیکی وەك (زیل و بەم)، یان (زیر و بەم)یش دەکات: کە دوو واژەی لێکدراوی موزیکن و یەکەمیان (زیر ـــ زیل)، مەبەست لە دەنگی (ناسك)ە و دووەمیشیان (بەم)، مەبەست لە دەنگی (گڕ)ە:

١٥٩- هەمان سەرچاوە، ل٢٧٦.

١٦٠- هەمان سەرچاوە، ل٢٧.

١٦١- هەمان سەرچاوە، ل٤٦٠.

١٦٢ - هەمان سەرچاوە، ل٢١.

سەدای (زیل و بەم)، مەینەت سەد تەرزەن
خەفەت: شادیشەن، خەم: دەماخ بەرزن

***   *   ***

سا گۆش دەر ساتێ وەی (زیر و بەم) دا
بویەر وە نالێن ئەهل مـــــــاتەم دا[١٦٣]

***   *   ***

١٦٣- دیوانی مەولەوی، ل٣١٤.

نەی = شمشاڵ:

بەڵام ئەگەر لە ئاکامی ئەم رووماڵکردنەی پێوەندی و ئەوینی **مەولەوی**، لەگەڵ ئامێرگەلی موزیکدا، زۆرتر ورد ببینەوە، دەبینین لەناو تێکڕای ئەو ئامێرە موزیکییانەی پێشتر بەسەرمان کردنەوە و ناومان هێنان، ناوی ئامێری (شمشاڵ ـــ نەی ـــ لوولە)، لەچاو سەرلەبەری ئامێرەکانی تردا، لە هەموویان زیاتر ناوی دێت. یان بە واتایەکی تر:**مەولەوی** لەگەڵ ئامێری (نەی = شمشاڵ)دا، زۆر هۆگرە و زۆریش بە تاسە و کوڵەوە، ئارەزووی بیستنی دەنگی شمشاڵی هەیە و پتر لە ئامێرەکانی تری موزیك، داوا و تکا لە شمشاڵژەن (نەیچی) دەکات، تا بە هانای بانگەوازی رۆحییەوە بێت و رۆحی بلاوێنێ، کە ئەم چەپکە شیعرە و بەیتە شیعرەی، لە جەستەی شیعرەکانی **مەولەوی** بە نموونەیان دەهێنینەوە، بەڵگەی ئەو نزیکایەتییەی **مەولەوی** و ئامێری (نەی = شمشاڵ)ن:

تا موتریب وە ســـــاز حەنجەرەی بێگەرد
هۆردۆ مەقـــــــامێ، دەوا کـــەرۆ دەرد
بەڵ ناکــــا (نەیچی)، بەیۆ جـــە لاوە
وە مەقامەکەی قەقنەس ئاســـــــــاوە[164]

*** * ***

(نەیچی)! سا لێدەر، قەزات وە مـــــاڵم
دەمێ دەر وە (نەی)، دەروون زوخـــــاڵم[165]

*** * ***

١٦٤- هەمان سەرچاوە، ل١٠.

١٦٥- هەمان سەرچاوە، ل٢٠.

(نەیچی)! درەنگەن، سا مەکـــــەر درەنگ
فیدای پەنجەت بام، (نەی) باوەر وە دەنگ
هەر تەرزێ پەی وێش بکـــــــەرۆ رازێ
گیرۆ نە دەروون هەر ســــــازێ، گازێ
بجۆشۆ هەر کەس، وە قەد ناڵـــــەی وێش
بنۆشۆ هەر کەس، وە پیاڵـــــــەی وێش
جەلای هەر گەردێ، وە ســـــــەدایێوەن
دەوای هـــــــــەر دەردێ، وە نەوایێوەن
هەر مەقامێوەن جگـــــــــــەر تاون بۆ
گـیفلی بێچــــــــــــارەی دڵان لاون بۆ[١٦٦]

* * *

سا دەی ساحیب (نەی)! ریشـــەی دڵ کەر پەی
تالیم دەر ئەی فەرد، وە نەزمەکـــەی (نەی)
ئیشەو) وە هەر حاڵ، شــــــەو وە رۆ بەروون
ئەی خوا، ســـا مەرگێ، سەحەر چێش کەروون[١٦٧]

* * *

١٦٦- هەمان سەرچاوە، ل٢٢

١٦٧- دیوانی مەولەوی، ل٢٣.

(نەیچی)! من پەنجـــەی پای نالّەم سفتەن
تۆ! دەی چون تەئسیر وە نالّـــــەت جفتەن
چەند فەرد (مەعـــدووم)، دەروون نە وەی دا
باوەر جەتەنخوای نالّـــــــە، وە (نەی)دا[١٦٨]

* * *

(نەیچی)! وە بێ بـــــــەزم، یاران جانی
کام ســــــــەفا مەندەن پەی زیندەگانی!
چون مەزاق تالّەن، جــــــە گردین لاوە
بۆ وە شـــــــــــیرینیی یەك دوو نەواوە
یەکێ: یەکـــــــــــجاریی تاونۆمەوە
ئەو یەك: لاونۆم، یاونۆمــــــــــــەوە[١٦٩]

* * *

١٦٨- هەمان سەرچاوە، ل٢٤ ــــ ٢٥.

١٦٩- هەمان سەرچاوە، ل٤٦.

بزانڎ خەم چۆن گـــــــــەردەنم پامالٚ
دەخیلم ســـــــــــاقی! گەردن سیم قالٚ
جـــــــامێ جەمەعجوون دەرد ئەو گاران
دورد وامەندەی بەزمـــــــــــەکەی جاران
پێم دەر، تا ریشەی هەستیی کـــــــەرۆ پەی
قوربان تۆیچ (نەیچی)! دەستێ دەر پەی(نەی)
وە تەرزەکـــــــــەی وێت، من لاونەوە
وە مەقامێ وەش، خـــــــــەم تاونەوە
با خاس خاس هۆشـــــم، هیچ نەمەنۆ پێم
بەلٚ ئازیز وەخەیر، رەحمێ کـــــەرۆ پێم[170]

* * *

ویەردە ویەرد، هەولێ پـــــــــەی باقی
ئەمجــــار یە دەروێش، یە (نەیچی) و ساقی
هۆش: وە سەدای دەف، گۆش:وە نەوای (نەی)
دەس: وە شیشەوە، لێو:وە جــــــــام مەی[171]

* * *

١٧٠- هەمان سەرچاوە، ل١٥٠.

١٧١- هەمان سەرچاوە، ل٢٣٠.

موتریب! یەکارەن! مـــــــــــەر سیاسەنگی!
من بەی حـــــــــــاڵەوە، تۆ وەی بێدەنگیی!
جە تەنخوای (نەی) بەزم، خـــــــەم وەیلانەوە
هۆردەر ئەی چەند فـــــــــــــەرد، وە دیلانەوە[172]

* * *

بێ ئەمریی فەرمـــــــــــــان، ئازیز تا وە کەی؟
های دەروێش! نەیچی! مەیچی! دەف، مەی، (نەی)
بەڵ باڵ بەیداخ، تاقـــــــــــــەت ئەو پابۆ
بۆی تەئســــــــــــــیر بەزم، بەدرەقەی رابۆ
دەس گیروو نەسەر ســـــــەدای (نەی)، پەی پەی
تا وە ئینتیهای ئەو ســـــــــــەر سەدای (نەی)
چون پیاڵەی ســـــــاف، دەروون جە مەی کەیل
بمانوو خاس خاس، عەکـــــــــس چیهرەی لەیل[173]

* * *

هۆردەر چەنی ســــــــــــــۆز، دەروون پڕ نێش
فەریاد ئەو ســــاقیّ! و ئەو (نەیچی) و دەروێش
ســــــــــــــەدای دەف و (نەی)، بەیۆ نەگۆشت
نەشئەی مــــــــــەی، بەخشۆ:حەیات وە هۆشت
بویەر جەســـــــــــای تەرز، دەف و (نەی)ەوە
وە زات مەستیی نەشـــــــــــــــئەی مەیەوە[174]

١٧٢- دیوانی مەولەوی، ل٢٧٦.

١٧٣- هەمان سەرچاوە، ل٣١٩.

* * *

نەوایناڵەی دڵ، وێنەی سەدای (نەی)
پیاڵەیی زووخاو، مەنۆشوو چون مەی[175]

* * *

سا (نەیچی)! دەخیل، بێ دێر و درەنگ
موتریب! فیدات بم، (نەی) باوەر وە دەنگ[176]

. . .

سازان بسازە، پەی واوەیلای وەی
کەف بدەر نە دەف، چەنگ باوەر وە (نەی)[177]

* * *

هەستیی و نەستیی، وە بێ تەوفیرەن
(نەیچی)! هەر تەرزێ، یاها دڵگیرەن
لێدەر تا جەم بۆ، پەشێویی هۆشم
ناڵەی حەزینت بەیۆ نەگوشم
تەئسیرش چون سیم، تاونۆمەوە
وە ئەسڵ مەتڵەب، یاونۆمەوە[178]

١٧٤- هەمان سەرچاوە، ل٢٢٧.

١٧٥- هەمان سەرچاوە، ل٤٤٦.

١٧٦- دیوانی دەستنووسی بڵاونەکراوەی مەولەوی (لای خۆم)، ل٨٩ ـــ ٩٠.

١٧٧ - دیوانی دەستنووسی بڵاونەکراوەی مەولەوی (لای خۆم)، ل٩٠.

فامم زەلیلـــــــــــەن، دەروون زامدارەن
(نەیچی)! ناڵەی (نەی)، ئەمجـــار وەکارەن
فیدای پەنجەت بۆ، مەقــــــامێ وەش تەرز
لێدەر، تا ریشـــــــەی دڵ بارۆ ئەو لەرز
گۆش دەر وە نـــەوای دڵپەزیرەکـــــــەت
هۆش دەر وە نەغمـــەی وەش تەقریرەکـــەت[179]

* * *

فیدات بم (نەیچی)! کەســـــــم هەرتۆنی
حەکیم زامان، کۆنە و هـــــــــەم نۆنی
لێدەر مەقـــــــــامێ، دڵ بارۆ ئەو دەرد
ئازیز سڵامەت، من هاکـــــۆ چـــــەم کرد[180]

١٧٨- دیوانی دەستنووسی بڵاونەکراوەی مەولەوی (لای خۆم)، ل١٠٥ ـــ ١١١.

١٧٩- دیوانی دەستنووسی بڵاونەکراوەی مەولەوی (لای خۆم)، ل١١١.

١٨٠ - دیوانی دەستنووسی بڵاونەکراوەی مەولەوی (لای خۆم)، ل١١٢.

(٤)

ئەنجام:

هەر لە بەسەرکردنەوەی ئەم نموونەگەلە شیعرییانەی **مەولەوی تاوەگۆزی** دا، کە سەبارەت بە موزیك بە گشتی و بە تایبەتیش بە ئامێرگەلی موزیك نووسیونی، دەتوانین بە دڵنیاییەوە بڵێین: **مەولەوی تاوەگۆزی** لەناو سەرلەبەری شاعیرانی کورددا، تاقانە شاعیرێکە، لەلایەکەوە بەو ڕێز و شکۆیەوە باس لە موزیك دەکات و لەلایەکی دیکەشەوە بەو ئەندازە زۆر و بەرچاوەوە، ئاوڕ لە موزیك و ئامێرەکانی موزیك دەداتەوە. لەم ئاوڕدانەوەشیدا زۆر بە ئاگاداریی و شارەزاییەوە، دێرینەی موزیکی ئایین و گەلانی ناوچەکە بەیاد دەهێنێتەوە و بە هزرێکی هوشیار و شارستانییانە، رێز لە موزیکی ئایین و رێبازە کۆنەکانی ئایین بە گشتی و لە موزیکی ئایینی (ئەهلی هەق) بە تایبەتی دەگرێ و بنەما و فەلسەفە و بیروباوەڕی ئایینی (ئەهلی هەق) باسدەکات و رێز لە سرووت و رابەر و مەزارگە و شوێنە پیرۆزەکانیشیان دەگرێ و زیارەتیشیان دەکات. ئەمەش دیاردەیەکی ناوازە و دەگمەنی روناکبیرانەی شاعیرێکی هوشیار و موسڵمانێکی هەست و هۆش کراوەی نزیکەی سەدە و نیوێك لەمەوبەرە، کە ئەوین و خۆشەویستیی راستەقینەی خوا، هەموو سنوورە جیاوازەکانی نێوان ئایین و زمان و رەگەز و جوگرافیاکانی بەلاوە ناوە و لەناو سەرلەبەری ئەو جیاوازییانەدا، لەناو سەرلەبەری هەموو کیشوەر و هەموو گەردووندا، تەنیا و تەنیا، ئەوینی تاقانە یار = دڵبەری تاقانە:(خوا) و جوانیی دەدرەوشێتەوە.

لە سەرومڕی شیعری **مەولەوی تاوەگوزی** دا، هەموو شتێك کە لەم گەردوونەدا هەن، لە چاوی مەولەوی تاوەگوزی دا جوانن: **دار**، **بەرد**، **کانی**، **چەم**، **زێ**، **تاڤگە**، **قەڵبەز**، **باڵندە**، **درەخت**، **گوڵ**، **باران**، **بەفر**، **با**، **سەهۆڵ**، **شەختە**.. هەموو ئەمانەش لە هەموو وەرزەکانی ساڵدا، روخسار و دیمەنیان، لە روخسار و دیمەنی

وەرزەکانی پێشتریاندا جیاواز و جوانتر دەبنەوە. لە روخساری هەریەکەشیاندا، بریسکە و سەرەتاتکێ و چاوبڕکێی یار ـــ دڵبەر (خوا)یان تیادا دەدرەوشێتەوە و بە هەمووشیان رامان و سەراسیمەبوون و دڵبەستەبوون، بە مەولەوی تاوەگۆزی دەبەخشن، تا زیاتر هەڵوەدا و شەیدای ئەوین و بۆن و بەرامەی خۆیانی بکەن و ئاکامیش روخساری یار (خوا)، لە هەموویاندا دەتوێتەوە و بە هەموویان شوێنەگومێ لە مەولەوی تاوەگۆزی دەکەن، بۆیە کاتێ **مەولەوی تاوەگۆزی** دەیەوێ ئەم رازە بۆ ئەوینی بێ سنووری ئەم دڵبەرە (خوا) بدرکێنێ، دەڵێ:

مەترسـوو جەحـیفڤ تەقریر ئەحواڵ
سـۆچۆ خەزانەی خەیاڵ شەمــــاڵ
من خۆ شەو و رۆ، ئارەزووی تۆمـــەن
پەرێ دیدەنت، نەزر و فتۆمــــــەن
بەڵام یەند بە یاد باڵاکـــــەی تۆوە
دەورم دان وە دەور سارا و ســــەر کۆوە
بۆی باڵات هەرزان، وە دەشت و هەردان
نمەز رای لای تۆم وە کام گورزەدان[١٨١] !

واتە:تاسەی دیدینتان ئەوەندە بە کـوڵ لـە دڵـدا پـەنگی خواردۆتـەوە، نـاوێرم هەواڵی خۆمتان بە (**با**)ی (شەماڵ)دا بۆ بنێرم، چونکە دەترسم ئـەو کڵپەیـەی لـە دڵمدایە، گەنجینەی (شەماڵ)یش بسووتێنێ. من عەڤـداڵ و سـووتاوی دیتنتـانم و هەمیشە و هەمیشە، بەڕۆژ و بە شەو، ئارەزووی دیتنتان دەکەم و لەم پێناوەشـدا، هەرچیم هەیە، تەرخان و نەزری دیتنتانم کردووە و بۆ دیداریشتان هـەر لەگـەڕان و سۆراخ و پشکنیندام و هەرچی دەشت و چـۆڵ و هـەردان و چـیا هەیـە، گـەڕاوم و لەهەر شوێنێکیش کە دەچمێ، هەر بۆن و بەرامەی گوڵی خۆتی تێدا بـۆن دەکـەم! دە ئەی گوڵەکە! پێم بڵێ خۆت لە کوێدایت!؟ وا هەر گوڵاوت بۆن دەکەم؟!.

١٨١- دیوانی مەولەوی، ل١٥.

لەمجۆرە ئەوینە بێ سنوور و رەها و بێ کۆتاییانەدا، یار = دڵبەر (خوا)، لە هەموو جێگەیەکە و لە هیچ جێگەیەکیش نییە. لەبەرئەوە دەبێ (دڵدار)، هەموو سنوورەکان ببەزێنێ و هەمیشە و هەمیشە لە گەڕان و سۆراخ و پشکنینی بێبڕانەوەدا بێت و لە هەموو ئەم گەڕانانەشدا، نەك هەر بێزار و ماندوو نەبێ، بەڵکو بە تاسەی گەرمتر و نەفەس و پشووی تازەوە، شەیداتر و پەرۆشتر، بە دوای یار (خوا)دا بگەڕێ و چێژی هەنگوینیی و ئەفسانەیی لەم ماندووبوونە چەش بکات و لەم گەڕانەشدا، هیچ جێگەیەك و هیچ قۆناغە ڕێیەك، نەبێتە نیشتمانی و لە هەموو شوێنێ خۆی بە غەریب و گەڕیدە و نامۆ بزانێ و بێ هەدادان، هەڵپە و دڵەڕاوکە و پەژارە و گەڕانی بۆ ئەو زێد و نیشتمانە:ون و ئاشکرایە بێت، کە یار = دڵبەر (خوا)ی تێدا ون و ئاشکرا و دیار نادیار و شاراوە و لەبەر چاوە!!

لە هەموو ئەم دڵەڕاوکە و گەڕنانەشدا، مەودای نێوان لە یار دابڕان و بە یار گەیشتن، تا دێت دوور و دوورتر دەکەوێتەوە...ئیتر (دڵدار)ی شەیدا و هەڵوەدا، هەستی مەترسیکردن بە تەنیایی و جودایی، داگیری دەکات و دەیەوێ ئەو مەودا و قۆناغی مەترسییە تێپەڕێنێ. ئەم قۆناغە پڕ دڵەڕاوکە و پەژارەیەش لای خواناسانی گەورە و دڵدارانی بەهرەدار، بە وەرزی داهێنان و پیت و بەخشین و ئەفراندنی مەزن دادەنرێ.

مەولەوی تاوەگۆزی، کە لەیەك کاتدا خواناسێکی گەورە و شاعیرێکی بەهرەداریشە، درێژترین وەرزی داهێنان و بەخشینە باڵاکانی شیعری، بریتی بووە لەم قۆناغی نامۆیی و دڵەڕاوکە و گەڕانانەی، بە دوای یار (خوا)دا و بۆ دامرکاندنەوە و هێورکردنەوەی پەژارە ئاگراویی و نەپساوەکانی رۆحیشی، بێ پەروا لە بیستنی بیروڕای داخراوی هەندێ لە رابەرانی ئایینی ئیسلام، هانا و هاوار بۆ موزیك و ئامێرەکانی موزیك و (سەماع) بردووە و وەك لە سەرووتریش ئاماژەمان پێکرد، لەناو تێکڕای ئامێرەکانی موزیکیشدا، هانا و هاواری بۆ ئامێری شمشاڵ (نەی) بردووە و وەك دەشزانین ئامێری شمشاڵ، هەروەك چۆن مێژوویەکی دێرینەی لە کلتووری کوردەوارییدا هەیە و لە زۆر (بەیت) و شیعری فۆلکلۆری و شیعری شاعیرانی کورددا، ئاماژەی جۆراوجۆری پێکراوە و لای پەیڕەوانی ئایینی (یەزیدی)یش، ئامێرێکی ڕێزلێگیراو و بەکاربراوە، بەهەمان شێوە لە کلتووری گەلانی ئاریایی نەژادیشدا، دێرینەیەکی شیرینی هەیە.

بەڵام ئاماژەکانی مەولەوی تاوەگۆزی بۆ ئامێری شمشاڵ (نەی)، لەو نموونانەی بەرچاومان خستن، جیاوازترن و پەیامی جیاوازیشیان لەگەڵ خۆیاندا پێیە.

لەم نموونەگەلەی ئامێری شمشاڵدا، کە **مەولەوی تاوەگۆزی** هێمایان پێدەکات، ئامێری شمشاڵ هەربەتەنیا ئامێرێکی ئاسایی موزیك نییە، تا شاعیر پەژارەی رۆحی نامۆی خۆی پێ بلاوێنی، بەڵکو ئامێری شمشاڵ، ئامراز و هۆیەکە، شکۆدار و باڵا و لە جیاتی رۆحی خودی شاعیر، دەژەندرێ و دەدوێ. هەر لەبەرئەمەشە گەورە خواناسان و مەزنە شاعیران، جوانترین راز و باڵاترین شیعریان لە دەنگی شمشاڵدا دەربڕیوە، کە ئەم نەریتە لە دوای شاکارە بە نامێکەی شاعیری گەورە:(مەولەوی رۆمی = مەولەوی بەڵخی)یەوە، لەلایەن شاعیرانەوە کرایە سەرمەشق.

مەولەوی رۆمی لە شاکاری (**مەسنەوی معنوی**)یەکەیدا، کە بریتییە لەشەش بەشی گەورە و بە هەموویان (٩.٧٢٠ ـــ نۆ هەزار و حەوت سەد و بیست) بەیتە شیعرن[١٨٢]، لە سەرەتای یەکەمین بەشیدا، بە شیعری (نەی = شمشاڵ) و بەم بەیتە دەست پێدەکات.

بشنو این نی چون حکایەت میکند
از جداییها شـــــکایت می کند[١٨٣]

واتە:

گوێ لە شمشاڵ (نەی) بگرە، بزانە چی دەڵێ!
داد و گازەندەی لە دەست جودابیە

* * *

١٨٢- **مەولەوی رۆمی** جگە لەکتێبی: **مەسنەوی معنوی**، ئەم چەند بەرهەمەیشی هەیە: غزلیات شمس تبریزی، رباعیات، فیه ما فیه، مکاتیب، مجالس سبعه.

١٨٣- **مەسنەوی معنوی**، به تصحیح و پیشگفتار عبدالکریم سروش، شرکت أنتشارات علمی و فرهنگی، چاپ ششم، تهران، ١٣٨٠ش، ص٥.

ئەم شیعرەی (نەی = شمشاڵ)ی **مەولەوی رۆمی**، ئەگەرچی هەرتەنیا (٣٠) بەیتە، بەڵام لەسەردەمی نووسینیەوە بێ پسانەوە و تا ئێستاش بۆتە جێی لێدوان و لێکۆڵینەوە و مشتومڕ و هەڵسەنگاندنی زۆری ئەدەبیی و لەسەر نووسینی دەیان وتار و کتێبی هەمەجۆر.

مەولەوی رۆمی، لەم شیعری (شمشاڵ)ەیدا، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە ئەو ناڵە و بانگەوازەی لەم شیعری شمشاڵەیدایە، کڵپە و ئاگرە، نەك (با) و (فوو)! هەرکەسێکیش خاوەنی ئەم کڵپە و بڵێسەیە نەبێت،لە نرخی نەبووانە!.

اتشست این بانگ نای و نیست باد
هرکه این اتش ندارد، نیست باد[184]

* * *

مەولەوی رۆمی لەم شیعری شمشاڵەیدا، ئەوەندە بە سۆز و ناڵەی گەرمەوە، دەردی جودایی و لێك هەڵبڕانی خۆی باسدەکات، لەهەر بەیتێکی ئەم شیعرەدا، هەست بە تینی گەرمایی دڵ و دەروونی خرۆشاوی شاعیر دەکرێ، بۆیە ئەو شاعیرانەی ئاستی ئەوین و خواناسییان دەگاتە ئەوەی هەست بە سووتانی خۆیان بکەن، لە هەمان کاتیشدا هەست بە دابارینی پرشنگ و تیشکی (خوا) دەکەن، بۆ ناو جەستەی خۆیان و تەنینەوەی ئەم پرشنگ و تیشکەی خوا، بۆ سەرومڕی جەستەیان، تا ئەو سنوورەی هەست دەکەن ئیتر جەستەیان دەبێتە چەپکێ پرشنگ و رووناکیی خوا و هەر بەم هەستەشەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ ژینگەی دەروبەرریشیاندا دەکەن، کە **مەولەوی تاوەگۆزی** بە جۆرێك لە جۆرەکان، دابارینی بەشێك لەم تیشك و پرشنگەی (خوا)ی بۆ ناو دڵ و دەروون پێبڕاوە و بە پەژارە و دڵەڕاوکەوە، خۆزگەی گەیشتن بە دابارینی

١٨٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص٥.

سەرنج:لە نووسینەوەی ئەم نموونانەی (مەولەوی رۆمی)دا، رێنووسەکەی دکتۆر عەبدولکەریم سروش ـــ م پەیڕەوکردووە.

پرشنگی زیاتر و زیاتر و خۆزگەی دەربڕینی ئەم تاسەیەی، لە ئامێری (شمشاڵ)دا خواستووە و بێ هیچ دوودڵی و سێ و دوویەکیش، لەم تەقەللایەیدا، جێپەنجە و رەنگدانەوەی **مەولەوی رۆمی** پێوە دیارە، بۆیە **مەولەوی تاوەگۆزی** هێشتا خۆی لە ژیاندا بووە، کە شیعردۆستانی **مەولەوی تاوەگۆزی**، هەمان ئەم نزیکایەتیی و رەنگدانەوەیەی شیعری (مەولەوی رۆمی = بەڵخی) یان لەناو شیعری مەولەوی تاوەگۆزی دا، هەست پێکردووە و وەك مامۆستا **عەلائەدین سەجادی** نووسیوێتی:لە شاری سنە، لە ئاهەنگێکی پڕ تەدارەکدا و لەسەر فەرمانی (غولام شاخان)ی میری ئەردەڵان، بە شێوەیەکی رەسمی، لەقەبی (مەولەوی) پێدراوە[185]، کە ئەگەرچی مامۆستا **عەلائەدین سەجادی** لەم نووسینەیەدا، هیچ بەڵگەیەکی بۆ پشت راستکردنەوە و سەلماندنی ئەم رووداوەی بە دیار نەخستووە، بەڵام گێڕانەوەکەی زۆر گومان هەڵناگرێ، چونکە لە پاڵ ئەوەشدا کە **مەولەوی تاوەگۆزی**، کە خۆی ناوی (عەبدولڕەحیم) و نازناوی خۆی هەر بە (مەعدووم) ناوبردووە و لە هیچ شیعرێکیدا ناوێکی لەنازناوی (مەولەوی) نەبردووە، بەڵام هاوتەمەن و هاوسەردەمەکانی **مەولەوی تاوەگۆزی** بە گشتی لە نەوەکانی رۆژگاری ئێمە چاکتر بە کەسایەتی و ناوەڕۆکی شیعرەکانی **مەولەوی تاوەگۆزی** تێگەیشتبن، بۆیە ئەوان لە جیاتی ناوی (سەیید عەبدولڕەحیم) و نازناوی (مەعدوومی)، نازناوی (مەولەوی)یان بەسەردا دابڕیوە، چونکە ئەوان زۆربەی (مەولەوی رۆمیناس) بوون و بەلای کەمەوە (**مپنوی معنوی**) و (کلیات شمس تبریزی)ی (مەولەوی رۆمی ـــ **١٢٠٧ ـــ ١٢٧٣ز**)یان خوێندۆتەوە. لەبەر ئەوە رووناکبیرانی ئەو رۆژگارە و بە تایبەتیش مامۆستای گەورە:**مەلا حامیدی کاتب** (**١٨١٠ ـــ ١٨٩٢ز**)ی هاورێ و هاوسەردەمی **مەولەوی تاوەگۆزی** و ژیننامەنووسی **مەولاناخالیدی نەقەشبەندی** (**١٧٧٩ ـــ ١٨٢٧ز**)و شێخ عوسمانی سیراجەددین (**١٧٨٠ ـــ ١٨٦٦ز**)، لە کتێبە ناودارەکەیدا:(**ریاچ المشتاقین**)، کە لە رۆژگاری **مەولەوی تاوەگۆزی** دا نووسیویەتی، لە هەر بۆنەیەکدا ویستبێتی ناوی (**سەیید عەبدولڕەحیم** ـــ معدووم ـــ **مەولەوی**

185- عەلائەدین سەجادی:مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپی دووەم، بەغدا(١٩٧١)، لاپەڕە (٢٨١).

تاوەگۆزی) بهێنێ، هەر بە **مەولەوی** ناوی بردووە[186]. دواتریش هەر ئـەم نووسـەرە، لـە سەرچاوەی تر و بۆنەی کۆچی دوایی **مەولەوی تاوەگۆزی** دا، کە شیعری بە (فارسـی) بـۆ لاواندنەوەی **مەولەوی** نووسیوە، هەر بە (مەولەوی) نـاوی بـردووە و (قافیـە)ی کۆتـایی شیعرەکەشی هەر بە ناوی **مەولەوی** نووسیوە:

آسمان گـــر خون ببارد بر وفات مولوی
زیبد ار برگ ســـیه پوشند اهل دنیوی
مجمع علم و عبادت مخزن صــدق و صفا
مظهر عقل و درایت میر مـــلك معنوی
پیرو شرع محمد شـــیخ اولاد حسین
ســـالك راه گریقت در گریق اخروی
فارس نقم و قصاید در حقیقت، در مجاز
ریزە چین جودش صـــد امیر دهلوی
بهر تاریخ وفاتش انقدر کردیم فکـــر
کاسمان (غش) کرد بر مـرگ جناب مولوی[187]

ئەمەش راستگۆترین بەڵگەیە لەسەر ئەوەی، کـە لـە دەمێکـەوە و هەمیشـە، هەر بە ناوی (مەولەوی) ناویان بردووە و هەر بە (مەولەوی)یش ناسراوە، کە دیارە مەبەست لەم نازناوەی، جۆرێك سەرمەشق کردنی بووە لە (مەولەوی رۆمی).

١٨٦- بۆ زیاتر زانیاری لەم بارەیەوە، بنوارە:بیسارانی، ملا حامد، **ریاچ المشتاقین**، به تصحیح و مقدمه و حواشی و تعلیقات:ابوبکر سپهردین، انتشارات **محمد رؤوف** سپهردین، چاپی جمالی، چاپی اول١٣٨٦ش، صص:٢٨٨، ٢٨٩، ٣١٥

١٨٧- مودەڕیس، مەلا عەبدولکەریم، یادی مەردان، بەرگی دووەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا، ١٩٨٣، ل٣٦٦.

هەڵبەتە ئەم سەرەمەشقکردنەی **مەولەوی تاوەگۆزی**، لە **مەولەوی رۆمی**، جێی لێڕامان و سەرسامیی نییە، چونکە رێبازەکەی **مەولەوی رۆمی** لە رۆژگاری خۆیەوە و تا ئێستاش هەر لە زیاد بووندایە و بە سەدان چاولێکار و پەیڕەوکار و سەرمەشقکاری هەیە و تا دێت دەتەنێتەوە و لە سنووری خۆرهەڵات تێدەپەڕێ و بەرەو ئەورووپا و ئەمریکاش دەچێ!. چونکە ئەم رێبازی مەولەوی رۆمی، شەقڵ و شێوەیەکی (دامەزراوە ـــ ئینستیتۆتستیۆن)ی بەخۆیەوە گرتووە و پەلوپۆی بۆ زۆر هەرێم رۆیشتووە. لەم بوارەدا بۆ نموونە دەڵێین: ئەولیا چەلەبی ساڵی (**١٦٣٥ز**)، لەسەر فەرمانی سڵتان محەمەدی چوارەم، ئامارێك لەسەر خانەقاکانی مەولەوی رۆمی کۆدەکاتەوە، کە لەو کاتەدا و هەر لە قەڵەمڕەوی دەوڵەتی عوسمانییدا، ژمارەیان بە (**٥٥٠**) خانەقا و (**٦٠٠**)حوجرە دادەنێ، کە دیارە لەمەدا بەردەوامبوونی رێبازەکە و بەردەوامبوونی نەوەکانی (مەولەوی رۆمی)یش رۆڵی خۆیان لە پاراستن و تەشەنەکردنی شوێنەواری (مەولەوی رۆمی)دا هەبووە[١٨٨].

لەم شوێن پێ هەڵگرتن و سەرمەشقکردنەی ئەم شیعری (شمشاڵ)ەی **مەولەوی رۆمی** دا، شاعیرێکی ناوداری تری کورد، واتە:هێمن موکریانی، سەد ساڵ دوای **مەولەوی تاوەگۆزی** و لە ئاکامی ئەو ماوەی (**١٢**) ساڵ، دابڕان و دوورکەوتنەوە لە زێد و بنەماڵە و دەربەدەری و ئەو چەرمەسەرییەی بەسەر خۆی و نەتەوەکەیدا هاتبوو، شیعرێکی ناوازە و زۆر بە کوڵ و بە سۆزی بۆ دەردی جودایی خۆی و بە ناوی (ناڵەی جودایی)، لە (**١١١**) بەیتدا نووسیوە، کە یەکێکە لە شیعرە هەرە باڵاکانی (هێمن) و بەم بەیتە دەست پێدەکات:

١٨٨- جەعفەر، مامۆستا:مێژووی بیری کوردی، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیر و هوشیاری (ی.ن.ك)چاپی یەکەم، سلێمانی٢٠٠٩، ل٢٠. (بە هەندێ دەستکاریی زۆر کەمەوە).

ســـــــاقیا! وا بادەوە، وا بادەوە
روو لەلای من کە، بە جامی بادەوە[189]

*   *   *

(هێمن) لە (ناڵەی جودایی)دا، جگەلەوەی هەمان کێش (وەزن)ی شـیعری (نـەی = شمشاڵ)ی مەولەوی رۆمی و پرنسیبەکانی شیعری دوو بەیتی (**مپنوی**) پـەیڕەوکردووە و بە هەمان کەش و هەوای دەردی جودایی، داد و گازەندە لە دەسـت لێـك هـەڵبڕان و ناڵە و هاواری گەرم و بە کوڵ، بۆ دابڕان لە ژیانی ئازادی و بێزاریـی لـە ژێـر دەسـتیی خۆی و گەلەکەی دەکات، لە هەمان کاتدا لەلایەکەوە لە چەند جێگەیەکـدا ئامـاژەی راستەوخۆی بە شیعرە بەناوبانگەکەی (**نەی ـــ مەولەوی رۆمی**) کردووە:

جا کە سەرخۆش بووم، بە دەنگێکی نەوی
بۆت دەڵێم ئەو شیعرە بەرزەی مەولـــەوی[190]

*   *   *

بۆیە ناڵەم تێکەڵی (نەی) کـــــردووە
شێوەنێکم پێیە، (نەی) نەیکـــــردووە[191]

*   *   *

١٨٩- بارگەی یاران ـــ سەرجەمی شیعری هێمن، بەرگی یەکەم، چاپەمەنی ئاراس، چاپی دووەم، هەولێر(٢٠٠٦)، لاپەڕە (١٩٥ ـــ ٢٠٤).

١٩٠- هەمان سەرچاوە، ل١٩٩.

١٩١- هەمان سەرچاوە، ل٢٠٠.

له هەمان کاتدا چەند بەیت و نیوە بەیتە شیعری (شمشماڵ ــــ ی مەولەوی ڕۆمی)یشی، وەك ئەم نموونانە، لە جەستەی شیعرەکەی خۆیدا گونجاندوون:

١. تا نه افتادم ز پا دســـــتم بگیر

(واته: تا لە پێ نەکەوتووم، دەستم بگرە)

٢. بشــــنو از نی چون حکایت میکند
از جدائیها شــــــکایت میکند

٣. هرکسی کو دور ماند از اصل خویش
باز جوید روزگـــــار وصل خویش

(واته: هەر کەسێ لە زێدی خۆی هەڵکەندرێ، داوای گەڕانەوەی بۆ زێدەکەی خۆی، لە ڕۆژگار دەکات)

مەحوی

میراتگری پەیام و هەڵوێستی جوامێرانەی مەولانا خالید

ئەگەر داگیرکردنی میرنشینگەلە نیمچە سەربەخۆکانی کورد ـ ی قەڵەمڕەوی عوسمانی، لە کۆتایی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەدا، شەقڵێکی بێزاریی و تووڕەبوونی بە شیعری نالی و سالم بەخشیبێ، ئەوا ئەم بێزاری و تووڕەبوونە، لە سەرەتای نیوەی دووەم و دواتری هەمان سەدەدا، بەشێوەیەکی جیاواز و هەڵکشاوتر و تا ئاستی یاخیبوون، بەمیراتیی بۆ شاعیرانی وەك: مەحوی (١٨٣٢ ـ ١٩٠٦)، حاجی قادری کۆیی (١٨٣٥ ـ ١٨٩٧)و شێخ ڕەزای تاڵەبانی (١٨٣٧ ـ ١٩١٠)، بەجێدەهێڵێ.. کە ئەگەر ئەم هۆیە (هۆی داگیرکردن و لەناوبردنی میرنشینەکانی کورد)، شێوازێکی نیمچە یەکسان و لەیەکچووی بەکەش و هەوای شیعری نالی و سالم دابێ" بەڵام شەقڵێکی سەرومڕ جیاواز و لەیەك نەچووی بەشیعری مەحوی و حاجی قادر و شێخ ڕەزا بەخشیوە" کە هەر تەنیا و تەنیا هۆیەکانی داگیرکردنەکە، رایەڵی هاوبەش و ناوکۆیی ئەم سێ شاعیرەی دواییە و لەم بوارەشدا هەریەکەیان لە چەندان بۆنەدا، شیعری حەسرەتئامێزیان بۆ لە دەستدانی ئەو میرنشینانە بەگشتی و میرنشینی بابان بەتایبەتی هەیە (کەتیایدا چاویان هەڵهێناوە).. ئەگینا جگەلەوەی بناوان و داروپەردوو، واتە: ستراکچەری شیعریی هەریەکە لەم سێ شاعیرە، تایبەتمەندیی و بۆن و بەرامە و دەنگ و رەنگ جیاواز و ڕوانگەی سەربەخۆیان هەیە. لەهەمان کاتیشدا میراتیی و هەوێنی تووڕەیی و یاخیبوونی شیعری مەحوی، دەگەڕێتەوە بۆ هۆی تر و بۆ سەردەمی تری پێش داگیرکردنی میرنشینەکانی کورد، کە سەردەمی سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی بانگەواز و پەیامی مەولانا خالید (**١٧٧٩ ـــ ١٨٢٧**)ی شارەزووریە، لەدوو

تویی تەریقەتی نەقشبەندیدا و مێـژووی ئـەم تەریقەتـەش دەگەڕێتـەوە بـۆ چـەند سەدەیەکی زۆر دێرینەتری پێش سـەرهەڵدانی مـەولانا خالیـد و وەك بەڵگەگـەلی مێژوویی، پێمان دەڵـێن لـە پـێش پێکهینـانی دەوڵـەتی سـەفەوییەوە (١٥٠١)، پەلوپۆی لە کوردستاندا زۆر بڵاوبووبێتەوە و لە هەندێ قۆناغیشـدا، رووناکبیرانی کورد لە ڕابەرە درەوشاوەکانی ئـەم تەریقەتـە بـوون، وەك نموونـەی (شـێخ عـەلی کوردی ـ ئامێدی)، کە لە سەرەتای پێکهاتنی دەوڵەتی سـەفەویدا لـە دەوروبـەری قەزوین، وەك مریدێکی چالاکی عوبەیدوڵلای ئـەحرار (؟ ـ ١٤٩٠ز) رابەرایـەتیی ئـەم تەریقەتـەی کـردووە و نـەیارێکی نەترسـی دژی سـەفەوییەکان بـووە و هـەر ئەوانیش لە کاتی هێرشـی ڕەشـەکوژیانەیاندا، بـۆ سـەر سـوننی و نـەیارەکانیان، گرتوویانە و کوشتوویانە و ئەم کاری رەشەکوژییەی سوننیش، زەنگی قەڵاچۆکردنی مەزهەبی سوننی بووە لە باکوور و خۆرئاوای ئێراندا، کە لەم شـاڵاوەدا، تەریقـەتی نەقشبەندی، هاوهەڵوێستێکی دڵسـۆز و پتـەوی مەزهـەبی سـوننی بـوو لـە دژی سەفەویەکان و هەر ئەم هۆیەش، خودی تەریقەتی نەقشبەندی خستە بـەر شـاڵاوی راستەوخۆی سەفەوییەکان و جێگەی لە مەڵبەنـدە دێرینەکانیانـدا پـێ لێـژکردن و ناچـاری کـردن مەڵبەنـدەکانیان بـەرەودوا بـۆ تـەورێز و ورمـێ بگوێزنـەوە و لـە ورمێشەوە بە هەموو ناوچەکانی کوردستاندا بڵاوبێتەوە و لە ئاکامدا بەو هۆیـەوە کە سوڵتانەکانی عوسمانی، سوننی مەزهەب بوون و شەڕی بەردەوامی سـەفەوییان کردووە، شاری ئەستەموول و هەندێ قەڵەمڕەوی عوسمانی بکەنە داڵدە و مەڵبەندی چالاکی و دواتریش لە زۆر جێگەی ئاسیای ناوەڕاست و هیندسـتاندا بڵاوببنـەوە و چالاکییان تێدا بنوێنن، کە دوای چـەند قۆنـاغ و ئـاڵوگۆڕێکی فیکریـی بـەردەوام بەسەر ئەم تەریقەتەدا، یەکێك لە شێوازە سەرەکییەکانی ئـەم گۆڕانکارییانـە، لـە هیندستان، لەسەردەستی شێخ ئەحمەدی سـەرهیندی (**١٥٦٣ ـ ١٦٤٢ز**)، ناسـراو بـە (**المجدد**)دا، شـەقڵ بگـرێ و پـەلوپۆی تـری بـۆ (مەککـە) و شـوێنانی تـر، بڵاوببێتەوە.

ئەم شەقڵە (**مجدد**)ەی لەسەر دەستی ئەم ڕابەرەدا گەڵاڵە بـوو، ئایدیۆلۆژیایـەکی جیاواز و خوێنێکی تازەی بـە بـەر ئـەم تەریقـەدا کـردەوە و ئـەو تیـۆری (**وحدة** الوجود)ەش، کە پێشـتر ئـەم تەریقەتـەی پێدەناسـرا، کردییـە (**وحدة** الشـهود) و

بەمەش پێچەوانەی بیروباوەڕەکانی محیّدینی عـەرەبی (١١٦٥ ـ ١٢٤٠ز) بـووەوە، کە لە دەمێکەوە ئەم ڕێبـازەی بـە چەقبەسـتوویی هێشـتبۆوە و لەهـەمان کاتـدا بەرەنگاری ئـەو تەقەللایانـەش بـووەوە، کـە دەیانویسـت لـە ڕێگـەی تەریقـەتی نەقشبەندییەوە، سەروپێوەندی ئایینی ئیسلام، لەگەڵ ئایینەکانی تردا گرێ بدەن.

هەر ئەم رابـەرە پێـی وابـوو بـۆ کارکردنـە سـەر بیروبـاوەڕی دەسـەڵاتداران و فـەرمانڕەوایان و ڕێنـوێنی و ئامۆژگـاریی و رازیکردنیـان، بـۆ چـاکە و خزمـەتی خەڵك، پرد و دیالۆگێك لەگەڵیاندا دابمەزرێنیّ و لەم پێناوەشدا نامەیەکی زۆری بۆ ئەو فەرمانڕەوا مەغۆلانە ناردووە کە لەو کاتەدا حوکمی هیندسـتانیان کـردووە و لەئاکامدا بە باری سەرنجی خۆی، قایلی کردوون و بەم هۆیەوە لەسەردەمی ئەمدا، ئەم تەریقەتە، ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچـاوی بەخۆیـەوە دیـوە و بـەرەو گەشـانەوە و کامڵبوون و ڕەگ داکوتان و خۆڕزگارکردن لە سێبەر و جێپەنجەی ڕێبازەکـانی تـر، هـەنگاوی هـەڵگرتووە و بـەردەوام جـەماوەری زۆرتـری لیّ ئـاڵاوە، کـە داوتـر لەسەردەمی (شاغولاّم عەلی)، ناسراو بـە شـێخ عەبـدوڵڵای دەهلـەوی (١٧٤٥ ـ ١٨٢٤ز)دا، خانەقاکەی لە هیندستان بۆتە مەڵبەنـدێکی درەوشـاوە و بەهـەزاران ئەویندار، لە وڵاتانی ئاسیا و ئەفەریقاوە زیارەتیان کردووە، کـە مـەولانا خالیـدی شارەزووری، یەکێك بووە لەو ئەویندارانەی لە سـاڵی (١٨٠٩)دا، بـۆ مـاوەی دوو ساڵ بۆتە شاگردی و ئیجازەی تەریقەتی تازەی نەقشبەندی (المجدد)ی لیّ وەرگرتووە و ساڵ (١٨١١ز) بۆ کوردستان گەڕاوەتەوە.

بەڵام مەولانا خالید بـەر لـەوەی لـە کوردسـتانەوە بچـێتە هیندسـتان و دوای ئەوەش بۆی گەڕاوەتەوە، کوردستان بەگشتی و قەڵەمڕەوی بابان و پایتەختەکـەیان (سلێمانی) بە تایبەتی، لەوپەڕی پشێوی و داپـڕان و دواکەوتوویـدا بـوو، چـونکە چەندین سەدەی شەڕی شیعە و سوننی نێوان هەردوو دەوڵەتی قاجاری و عوسمانی و شـەڕی ئـەم دووانـەش لەگـەڵ دەوڵـەتی ڕووس لـە لایـەك و شـەڕی خوێنـاوی و بەردەوامی میرنشینەکانی بابان، سۆران و ئەردەڵان و ئاژاوە و نـاکۆکی نەپسـاوەی نێوان ئەندامانی بنەماڵەی فەرمانڕەوایی بابان لەسەر دەسەڵات، لە لایەکی ترەوە، ببوونە مایەی تێکدانی باری ژیانی کۆمەڵایـەتی و داتـەپینی ئـابووری و بـارێکی گران بەسەر ئەستۆی جەماوەرەوە، خەڵکەکەی بە جۆرێك وەڕس و بێـزار و شـپرزە

کردبوو، کە بەدوای دەرەتان و چارەسەرێکدا دەگەڕان.. بۆیە هەر کە مەولانا خالید گەڕایەوە و بانگەوازی بۆ ڕێبازە تازەکەی بەناو خەڵکدا بڵاوکردەوە، خەڵکەکە وەك بانگەوازێکی ڕزگارکەر بە پیرییەوە چوون و پێشوازییان لێ کرد" بەتایبەتیش چینی جووتیاران و توێژی بازاڕیی، کە شەڕ و شۆڕی خوێناوی و بەردەوامی ناوچەکە، ژیانی لێ شێواندبوون و زیانی لەبەرژەوەندییەکانیان دەدا.

لەبەرئەوە لە ماوەیەکی زۆر کورت و چاوەڕواننەکراودا، بە هەزاران کەس، شەپۆل شەپۆل لەهەموو لایەکی کوردستانەوە، لە دەوری ڕێبازەکەی مەولانا خالید ئاڵان.

بەڵام سەرباری ئەو هەموو شەڕ و ململانێ و ناکۆکییەی پێشتر باسمان کردن و لەناوچەکەدا بوون، مێملێکی سەرسەخت و بەربەستێکی تری پتەوی بەردەم تەریقەتی نەقشبەندی، کە پێشتر لە ناوچەکەدا بوو، تەریقەتی (قادری) بوو. ئەم تەریقەتەش زانای گەورە و ناودار: شێخ مارفی نۆدێ (١٧٥٣ ـ ١٨٣٨) رابەرایەتی دەکرد و بەو هۆیەشەوە کە ئەم تەریقەتە لە دێر زەمانەوە، ڕەگوڕیشەی لە هەرێمەکەدا بووە و لەگەڵ سەران و کاربەدەستانی بابانی و عوسمانیدا، سەروپێوەندیی بەهێزی هەبووە و هاوکاتیش گەڕانەوەی مەولانا خالید و بڵاوبوونەوەی خێرا و بەرفراوانی تەریقەتی نەقشبەندی، بە مەترسییەکی گەورە و راستەوخۆ، بۆ سەرخۆی زانیوە، بۆیە هەر زوو کەوتۆتە دوژمنایەتی و زمان لێدان و ڕاپۆرت نووسین لای میرانی بابان و سەرانی عوسمانی و تەنگ پێهەڵچنینی مەولانا خالید و هەڕەشە و تەقەللای تا رادەی تیرۆرکردنی... هەموو ئەمانەش بوونەتە هۆی ئەوەی تەریقەتی نەقشبەندی لەلایەن جەماوەری دژ بەو سیستەمەوە، وەك تاقانە ئەلتەرناتیڤ و هەڵوێستێکی دژ بە زوڵم و زۆرداریی وەربگیرێ... بە تایبەتیش کە مەولانا خالید هەر لەسەرەتای بڵاوکردنەوەی پەیامەکەیەوە، لە ڕێگەی (نووسین)ەوە بۆ سەرانی بابانی و عوسمانی و قاجاری و تەنانەت بۆ خودی شێخ مارفیش، کەوتۆتە سەرکۆنە و ڕەخنە لێگرتنی سیستەمە سەپاوەکە و هوشیار کردنەوەی سەرلەبەری خەڵك... کە بەم کارەی مەولانا خالید، بۆ یەکەمجار لە مێژووی گوتاری ڕووناکبیری کوردیدا، جووڵانەوەیەکی

(شـــاریی) و شارســــتانییانە، دیـــالۆگ و مشـــــتومڕێکی فەرهــــەنگیی و نیشـــتیمانییانە، لــەناو رووناکبیرانی ئــەو رۆژگــارەدا، دێنێتــە ئــاراوە و زەمینەیــەکی بــەپیت و بەبرشــت، بــۆ هێنانــە کایــەی قۆنــاغێکی نــوێی رووناکبیریی دەرەخسێ، کە هەر لــەو ســەردەمەدا، گــەورەترین بزووتنــەوەی شیعریی، لەسەر دەستی نالی و سالم و هاوڕێکانیان و گەشانەوەی دیـالیکتی (سلێمانی) سەرهەڵدەدا، کە تا ئێستا بەردەوامە و سەرەتاکانی دەگەڕێتــەوە بۆ ئەو رۆژگارەی مەولانا خالید، کە لە رێگــەی تەریقــەتی نەقشــبەندییەوە، باس و خواستی تازەی فەرهەنگیی دەورووژێنـــێ و رەخنــەی تونـد و تیـژ لــە ڕابەرانی لە رێ لادەری ئایینی ئیسلام و فەرمانڕەوایانی ملهوڕ و سیستەمی گەندەڵبووی سیاسی دەگرێ... کە ئەگەر لە مێژووی بزووتنەوەگەلی ئـایینی ئیسـلامدا، نموونــەی وەك (ئاتــەئیزم ـ ئیلحــاد)، (ســۆفیزم) و (تــەئویلی) و رابەرانی تری وەك (سوهرەوەردی) و (ئـیبن رەوانـدی ـ ٨٢٥ ـ ٨٦٤)، لــەناو گوتــاری رووناــکبیریی عــەرەبی و ئێرانیــدا هــەبووبن، ئــەوا بزووتنــەوەی نەقشبەندی (المجدد)، کە مــەولانا خالیـد لــە کوردســتاندا پیـادەی کـردووە، نموونەیەکی بەرجەستەی ئەو بزووتنەوانەیە، کە بە گیانی رەخنــەی ئـایینی و ریفۆرمخوازیی و واقیــع بینانــەی کۆمــەڵگــەی کوردســتانەوە، بــۆ چارەســەری کێشەکانی ئەو کۆمەڵگایە، هەنگاوی هەڵگرتووە و لەم ڕوانگەیەشەوە بووە، کە ئەو کاتــەی مــەولانا خالیـد بــۆ خوێنــدن لــە هیندســتان بــووە، شـیعری حەسرەتی دیدار و دیتنەوەی کوردستانی نووسیوە و دواتریش هەر ئەم روانگە نیشتیمانییە، بۆ شاعیرانی وەك نالی و سالم و هاوڕێکانیان بۆتە سەرمەشق و چاولێکەری.

ئەگەرچی مەولانا خالیـد هــەر تــەنیا (٩) ســاڵ (١٨١١ ـ ١٨٢٠ز)ی پــڕ لــە ململانێ و رووبەڕووبوونەوە و دەستەویەخەبوونی ئەو واقیعە گەندەڵەی پــێ مــەودا دراو لەو (٩) ساڵەشدا، یەك دووجار رەنجاندیان و گوشاریان بۆ هێنا، تا پایتــەختی بابان (سلێمانی) بەجێ بهێڵێ، بەڵام لە مــاوەی ئــەو (٩) ســاڵەدا، ئــەو واقیعــەی بەجۆرێك هێنایە جووڵە و جۆش و خرۆش، کە پــەیام و بانگــەواز و لایــەنگرەکانی مەولانا خالید، وەك ئاگروپوشوو، بە ئاقاری مــەولانا خالیـدا، بــەرین و بــەرینتر

دەتەنێتــەوە. بەرادەیــەك كــە تــەنیا لــە تــازە شــارێكی وەك ئــەو ســەردەمەی (سلێمانی)دا و وەك كلۆدیوس جێمس ریچ (١٧٨٧ ـ ١٨٢١)، خۆی لەو ڕۆژانــەدا لەناو واقیعەكەدا بووە و دەیگێڕێتەوە، ئاماری مرید و لایــەنگرانی گەیشــتوونەتە (١٢) هــەزار و لــە دەرەوەی كوردستانیشــدا گەیشــتوونەتە (٢٠) هــەزار مریــد و (٣٤) خەلیفەی كورد و (٣٣) خەلیفەی سەر بەنەتەوەكانی تر، كە ئەم ئامــارە زۆر و جوگرافیا بەرینە، بۆ ئەو ماوە كورتەی مەولانا خالید بــۆ كوردســتان هاتۆتــەوە (١٨١١) و تــا كوردســتانی جێهێشــتووە (١٨٢٠)، جێــی ســەرنج و لێ ڕامــان و بەڵگەی ئەوەن، كە جەماوەر چەند لەو سیستەمەی ئەو ڕۆژگارە بێزارن و لەســەروو ئەمەشەوە توانای ئەم رابەرە ڕووناكبیرە دەردەخەن، كــە چــۆن لــەناو ئــەو واقیعــە گــەمارۆدراوەی بــەململانێ و بەگژداچــوونەوەی ســەرانی بابــانی و عوســمانی و تەریقەتی باڵادەستی (قادری)دا، توانیوێتی ئەو واقیعە سەركوت و بێدەنگ كراوە، بهێنێتــە دەنــگ و جووڵــە و راپــەڕین و ئــەو بزووتنــەوە فیكــری و ڕووناكبیرییــە (شــاری)یە هەڵایســێنێ و لــەناو گوشــار و تــەنگ پێهەڵچــنینێكی بەردەوامــدا، مشتومڕ و ململانێیەكە بە خرۆشاوی بۆ دوای خۆی بــەجێ بهێڵــێ و بەیــەكجاریی كوردســتان بــەجێ بهێڵــێ" كــە خــودی بڕیــار و ســەرهەڵگرتن و جێهێشــتنەكەی كوردستانیشی، هەڵوێستێكی تری خوێندەوارانە و شــارییانەی مــەولانا خالیــدە و كاتێ دەبینێ ئاستی ململانێ و ڕووبەڕووبوونەوەكە، خەریكە بگاتــە بــەكارهێنانی زمانێكی تری جیا لە زمانی نووسین و مشتومڕ، كە زمــانی بــاوی چــەك و یــەكتر كوشتنە، ئەوسا بەو بڕیاری سەرهەڵگرتن و جێهێشتنەی كوردستانی، دەیســەلمێنێ كە ئەو بڕوای بەدیالۆگی (شاری)ی و شارستانییانە هەبووە.

مەولانا خالید لە دوای كۆچی كتوپڕی بۆ بەغدا (١٨٢٠) و دواییتر لــەوێوە بــۆ شام و مەرگی ناكاوی هەر لە ئاوارەییدا (١٨٢٧)، دوو كەس لە خەلیفەكانی، لــە هەموو ئەوانیتر چالاكتر و بەنفوزتر بوون و خانەقاكانیان بــوون بەناوەنــدی گرنگــی ئیرشــاد و رابەرایــەتی بڵاوكردنــەوەی تەریقــەت، كــە یەكــەمیان: شــێخ عوســمانی سیراجوددینی بیارە (١٧٨٠ ـ ١٨٦٦) و ئەویتریان شــێخ تــەهای شــەمزینی (؟ ـ ١٨٣٥) بوون، كە ئەگەرچی ناوەندی هەردوو خانەقاكــە، لــە دەرەوەی قەڵــەمڕەوی بابان، واتە: لــە دەرەوەی مشــتومڕ و ململانــێ بەردەوامەكــەی مــەولانا خالیــددا

بوون، بەڵام ئەمی دواییان بە هەمان گەرمایی و جۆشی ریفۆرمخوازانەی مەولانا خالیدەوە، درێژەی بە زیندوو راگرتنی بیروڕاکانی تەریقەتی (مجدد)دا و کەوتە سەرکۆنەی هەردوو سیستەمی حوکمی عوسمانی و قاجاری و لە ئاکامیشدا لە رۆژگاری شێخ عوبەیدوڵلای نەهری (١٨٣٠ ـ ١٨٨٣ز)دا، بۆ چاکترکردنی باری ژیانی خەڵك، راپەڕین و شۆڕشی بەربڵاوی ساڵی (١٨٨٠)ی لە دژی رژێمی قاجاری لێ کەوتەوە و دواتریش هەمان رێڕەو، لە شۆڕشەکانی شێخ عەبدولسەلامی بارزانی و شێخ سەعیدی پیران و دواتری بەرزان دا بەردەوام بوون و باڵی دووەمیشیان، باڵی خانەقای بیارە و شێخانی هەورامان بوو، کە هەر ئەوەندەی لە مەڵبەند و جەرگەی ململانێ و مشتومڕەکە دوورکەوتەوە و لە نێوان سنووری هەردوو دەوڵەتی قاجاری و عوسمانی جێگیر بوو، ئیتر مۆرکە (رووناکبیری و ریفۆرمخوازی)یەکەی لە دەست داوە و مۆرکی فێرکردنی رۆتینی نوقسان جێی گرتەوە[١٩٢].. کە ئەم هەڵوێستەی ئەم خانەقایە، جێی سەرنج و وردبوونەوەیە، چونکە هەمان باڵی (مجدد)ی نەقشی، لەسەرتاسەری ناوچەکەدا، بەهەمان گیانی ریفۆرمخوازانەی راپەڕیو، لەگەڵ خەم و خۆزگەی خەڵکی ستەمدیدەدا بووە و لە دژی زوڵم و زۆرداریی راپەڕیوە، کە شۆڕشەکانی شێخ شامیلی داغستانی (١٧٩٧ ـ ١٨٧١) و (سۆفی ئیسلام)ی هیندی و (خواجە یوسفی قەشغەری) و (عەبدولقادری جەزائیری)، نموونەی بەرجەستەی پەیڕەوانی ئەم باڵە (مجدد)ەی تەریقەتی نەقشبەندین.

بەڵگەشمان لەسەر خۆ نەبان کردنی خانەقای بیارە، لە بەرامبەر پەیامی ریفۆرمخوازانەی تەریقەتی نەقشیدا، سەرخوارکردنەوەیەکی خێرا و راگوزارییە، لە جیهانی شیعریی لووتکەیەکی شیعریی ناو کەش و هەوا و تەمتومانی فیکری خانەقای بیارە، کە شیعری مەولەوی تاوەگۆزی یە (١٨٠٦ ـ ١٨٨٢).

شیعری مەولەوی تاوەگۆزی لەگەڵ ئەوەشدا کە بۆن و بەرامەی نیشتمان بەهەموو کەژ و کوێستان و گەرمیان و رووبار و قەڵبەز و سروە و درەخت و

---

١ - هەڵکەوت حەکیم: **ابعاد ظهور الطريقة النقشبندية فى كردستان ـ فى اوائل القرن التاسع عشر ـ مجلة دراسات كردية ـ العدد (١) كانون الثانى ١٩٨٤ ـ ص ٥٥ ـ ٧٦.**

مرۆڤییەوە، بانگمان دەکەن و پێمان دەڵێن کە هەموو جوانییەکانی کردگار، وەك (کچە کوردێکی نازدار، بەبەرگ و پۆیلانەی تەواوەوە)[193] لە کوردستاندان" کەچی لەگەڵ ئەمانەشدا سەرجەمی شیعری مەولەوی، یادێك لە میرنشینی بابان ناکات، یادێك بۆ لە دەستدانی میرنشینی بابان، یادێك لە روونـاکبیران و شاعیرانی پایتەختی بابان ناکات، کە لەو رۆژگارەدا درەوشاوەترین شاری فەرهەنگی کوردستان بووە. تەنانەت مەولەوی، کە چەندان جار لە هەورامانەوە، نامەی شیعریی بۆ بەغدا بۆ (مەحموود پاشای جاف) دەنووسێ، یان کە مەولەوی خۆی لە بەغدا بووە و لەوێوە نامەی شیعریی بۆ (ئەحمەد پریسی)ی بۆ بناری هەورامان دەنووسێ، بەسەر (سلێمانی) مەڵبەندی مەولانا خالیدی نەقشبەندیدا بازدەدا و لەناوهێنانی ئەو شار و شارۆچکە و جێگایانەشدا، کە لە دوو توێی شیعرەکانیدا بەلێشاو هەن، ناوی تاقە چیا و گوند و شارێکیش ناهێنێ، کە لە جوگرافیای میرنشینی بابان، واتە لە مەڵبەندی مەولانا خالیدان! لەمانەش سەیرتر، لەسەرتاسەری شیعری مەولەویدا، تاقە شیعرێك و تاقە بەیتێك، بەڵکو تاقە حەرفێکیش بەدی ناکەین، کە یادی لە مەولانا خالیدی کردبێت! لە کاتێکدا (مەحوی)، بە سۆزترین قەسیدەی بۆ ستایشی مەولانا خالید نووسیوە، کە ئەمە بەیتی یەکەمی سەرەتا و بەیتی دوابەشی ئەو قەسیدەیە:

دڵم ئەمشەو نەخۆشی نیسبەتی چاوێکی بیمارە
جگەر غەڵتانی خوێنی حەسرەتی کێوێکی خوونخوارە
جەمالی رابیگەی، وا دڵ بەرە، بەختی خەواڵووشم
بە ئومێدی تەماشایەك، هەمیشە چاوی بێدارە[194]

٢- ئەوانەی ناو کەوانەکە قسەی شاعیری گەورە (گۆران)ن.

٣- دیوانی مەحوی، لێکدانەوەی و لێکۆڵینەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و محەمەدی مەلا کەریم، چاپەمەنی کۆڕی زانیاری، بەغدا، ساڵی (١٩٧٧)، لاپەڕە (٤٦١، ٤٦٧).

خۆ ئەگەر ئەم ڕێباز گۆڕینــەی خانــەقای بیــارە و هاوتــەریب نــەبوونی لەگــەڵ پەیامی (مجدد)ی نەقشبەندی دا، ئاوڕدانەوە و لێکۆڵینــەوەی تایبــەتی بوێـت“ کـە ئێرە جێی نییە، بەڵام خۆ جیاکردنــەوە و جیــاوازبوونی ڕوانگــە و کــەش و هــەوای شیعری مەولەوی، لەگەڵ ڕێبازی مەولانا خالید و شیعری قەڵەمڕەوی بابان، هــۆی ئەوەیە کە جیهانبینی مەولەوی و داروپەردووی شیعرەکانی لە سەرچاوە قووڵەکانی عیرفانی ئێرانی پاراو دەبێ و ئەم سەرچاوەیەش، تێکەڵەیەکی فرە ڕوانگەیی ئایینە کۆنەکانی ئێرانە، هەر لە بودایی و میترابییەوە، تا زەرتوشـت و ئیـزەدی و ئــەهلی هەق و ئیسلام، کە سەرباشقە بەرجەستەکانی ئەم شـیعرە، جەلالــەددینی ڕۆمــی، واتە: مەولەوی ڕۆمــی (١٢٠٧ ـــــ ١٢٧٣ز)یــە و پــێش مەولــەوی تــاوەگۆزیش هەموو شاعیرانی دیالێکتی گۆران و مەلای جزیری و دواتریش وەفــایی مــەهابادی یەو کەمێکیش (بێخود)، هەر لەم سەرچاوەیەوە پاراو بوون.

ئەمە لە کاتێکدا کە شاعیرانی هاوڕۆژگاری مەولەوی تاوەگۆزی، وەك نــالی و ســالم و هاوڕێکانیان، کە لە ناوجەرگەی ململانێیەکەی هەردوو ڕێبازی (قادری) و (نەقشــی) و سەرهەڵگرتن و کۆچی مەولانا خالید، لە سلێمانی دا، سەریان هەڵدا، بێ ئەوەش کە هیچیان بە ئاشکرا سەر بە ڕێبازگەکەی مەولانا خالید بن، کەچی هەموویان میراتــی و هەوێنی بزووتنەوە و ململانێیەکەی مەولانا خالیــد گرتنیــەوە و تاڕادەیــەکیش تێــوەی گلان و بێ سڵەمینەوە، شیعریان لەو کەش و هەوا جەنجاڵ و خرۆشاوەدا چاوی هــەڵهێنا و ناسنامە و مۆرکی سەردەمەکەیان لە شیعرەکانیاندا هەڵگرت.

خــۆ ئەگــەر نــەبوونی ســەر و پێوەنــدیی مەولــەوی لەگــەڵ نــالی و ســالم و هاوڕێکانیاندا، بەگریمان و هۆی ئەوە دابنێین، کە نــالی و ســالم، ســەر بەتەریقــەتی نەقشبەندی نین، ئەی خۆ شاعیرێکی وەك (مەحوی)، کە خــۆی و باوکیشــی، نــەك هەر سەر بەتەریقەتی نەقشبەندین، بەڵکو هــەردووکیان بــەرودوا، خەلیفــەی شــێخ عوسمانی بیارە، واتە: خەلیفەی هەمان (پــیر)ی مەولــەوی ـ ن!، کەچــی مەولــەوی تاقە شیعر و تاقە حەرفیکی بــۆ (مــەحوی)ش نییــە!![195] بــەڵام (مــەحوی)، کــە

٤- بەڵام مەحوی شیعری بۆ مەرگی مەولەوی هەیە، کە ئەمە هەردوو بەیتی سەرەتا و کۆتــایی ئــەو شیعرەیە:

مەبەستی سەرەکی ئەم نووسینەی ئێمەیە و سەر بە شەپۆلە شیعرییەکەی دوای نالی و سالم و دوای رووخان و لەناوچوونی میرنشینی بابان و دوای ماوەیەکی درەنگتری کۆچی مەولانا خالید، لەگەڵ شاعیرانی هاوتەمەنی خۆی، وەك: (حاجی قادری کۆیی) و (شێخ رەزای تاڵەبانی) و... هتد دا سەرهەڵدەدات" ئەگەر چەندان ڕەگەزی شیعریی، لە شیعرەکانیدا جێی ئاوڕدانەوە و لێکۆڵینەوە بن، ئەوا بەرجەستەترین ڕەگەزی شیعری مەحوی، ڕەگەزی هەڵوێستە، کە سەرومڕی سیماکانی سەردەمی مەولانا خالید لە خۆیاندا کۆدەکەنەوە و بەهەموویان بنچینەی شیعرەکانی مەحوی پێکدێنن.

شیعری مەحوی بەرجەستەکردنی جوامێرانە و راستگۆیانەی ئەو واقیعەیە، کە مەولانا خالید خرۆشاندی و بە خرۆشاویی بۆ دوای خۆی جێهێشت و بەدوایشیدا داگیرکردنی دڵڕەقانەی لەشکری عوسمانی بۆ سەر قەڵەمڕەوی بابان بەسەرداهات و جگە لە مەحوی، کەسی تر نەیتوانی وەك مەحوی، لەناوجەرگەی رووداوەکان و ڕووبەڕووبوونەوەدا بمێنێتەوە و بەرگەی ئەو هەموو تەنگ پێهەڵچنین و هەڕەشە و زەبر و زەنگ گوشار و گەمارۆ ڕۆحییە بگرێ، کە مەحوی لە بەرامبەریاندا سەنگەری شیعری لێگرتن و لەگەڵیاندا دەستەویەخە بووەوە... بەڕادەیەك کە لە تێکڕای شیعری مەحوی و تەنانەت لە زۆرینەی بەیتە شیعرەکانیشیدا، هەست دەکەین: ها ئێستا نا، تاوێکی تر، چەند جەندرمەیەکی داگیرکەری عوسمانی، هەڵدەکوتنە سەر مەحوی و لێی دەنەون و بەدەست بەستراویی بۆ بەر سێدارەی دەبەن و مەحویش لە دەمێکەوە خۆی بۆ ئەم بەرسێدارە بردنە ئامادەکردووە...

دەوری هەر چاوێکی ئەمڕۆ داوە سەد فەوجی بەلا

دین و دڵ یەغما دەکەن، چاری کەن ئەی شێخ و مەلا

***

(مەحوی) ئەم شەو ئەو پەریی شێوەی لە خەو دیبێ، دەبێ

بۆیە ئەمڕۆ (مەولەوی) کەوتۆتە حاڵی حەلوەلا(*)

(*) دیوانی مەحوی لاپەڕە (٢٩).

چـونکە سـەرلەبەری شـیعری مـەحوی، شـیعری ڕەخنـەی توندوتیـژ و پـلار و توانج و لاقرتێ و دەمامك هەڵماڵینە، لەسەر ئـەو واقیعـەی، بـەدرۆ و دەلەسـە و فرت و فێڵ و چاو و ڕاو، جەماوەر دەچەوسێننەوە و ئـاییـنی ئیسـلامیش دەکەنـە سوپەر و چەتر!.

ئەو واقیعەی مەحوی سەرکەشانە دژی وەستاوەتەوە، ئەوەنـدە سـەخت و دژوار بووە، کە مەحوی بەتەنیا تیایدا ماوەتەوە و بـەرگریی کـردووە و وەك (نـالی) لـە قەسیدە جوانەکـەی: (قوربـانی تـۆزی ڕێگـەتم، ئـەی بـادی خـۆش مرور)ەکەیـدا پێناسەی دەکات: ئەگەر شاعیرێك دڵی لەبەرد نەبێت، ناتوانێ تیایدا بژی... بۆیـە کە نالی (دوای جێهێشتنی یەکجارەکی ئەو واقیعە، کاتێ لـە شـامەوە، نامـە بـۆ سالم)ی بەجێماوی ناو ئەو واقیعە پڕ ترس و بیمە دەنووسێ، پێی دەڵێ: ئەگەر دڵت لەبەرد نەبووایە، چۆن دەتتوانی بەرگەی ئەو هەموو دژوارییە بگریت؟.

حاڵیی بکە بەخوفییە، کە ئەی یاری (سەنگ دڵ)
نالی لە شـــــەوقی تۆیە دەنێرێ سەلامی دوور[196]

کە هەر نالی خۆی، لە جێگەیەکی تری هەمان بەیتدا، ئاماژەیەکی سـەیر، بـە کەش و هەوا و زەبروزەنگ و دڕندایەتی سەردەمەکە دەکات و بەئەندازەیەك باسـی مەترسی و باڵی ڕەشی داگیرکەرانی عوسمانی دەکات، وەك ئەوەی سیخوڕیان لەسەر هەناسەدانی خەڵکیش دانابێت: (حاڵیی بکە بەخوفییە!)...

بەدوای نالی ـ شدا، شاعیرانی تری هاورۆژگاری مـەحوی و هاوتەمـەنی، وەك: حاجی قادری کۆیی و شێخ رەزای تاڵەبانی و کـەیفی جـوانڕۆیی، هـەر زوو سـەری خۆیان هەڵگرت و لـە ئەسـتەموولدا گیرسـانەوە و هـەر لـە ئاوارەییشـدا سـەریان نایەوە. شێخ رەزاش لە نێوان سلێمانی و کەرکوك و بەغدا و کۆیە و سنە و بانە و ئەستەموولدا، گەڕیدەیەکی نەگیرساوەی بێ لانە و بێ داڵدە بوو.

٥- دیوانی نالی، لێکۆڵینەوەو لێکدانـەوەی مـەلا عەبدولکـەریم مـودەریس و فـاتح عەبدولکـەریم، چاپخانەی کۆری زانیاری کورد، بەغدا ساڵی(١٩٧٦)، لاپەڕە (١٩٧).

کەچی مەحوی، بەهەمان گیانی ڕەخنەگرانەی مەولانا خالیدەوە، بەتەنیا و بێ پشتیوان، لە مەیدانێکی پڕترس و بیمی ڕووبەڕووبوونەوە، کە دەسەڵاتداران بەزەییان بەهیچ زیندەوەرێکی کوردستاندا نایەتەوە و (سالم) واتەنی: دەست لە دار و درەختی پیرۆزی سەرگۆڕی پیاوچاکانیش دەوەشێنن:

زستانی ئەووەڵێن بوو، دڕا بەرگی (شێخ هەباس)
ڕۆمیی ئەوەندە شوومن، لە شەخسیش دەخەن زەرەر[197]

و... ئا لەو داروبارەدا، مەحوی بەتین و تاوی بەرزی شیعرەوە، بێباکانە و نەترسانە، بەبێ ئەوەی بۆ ساتێکیش لە هەق بێژیی بکەوێت، گیانی خۆی ئامادەی مەرگ کردووە و تەشەری گرتۆتە ناهەق و داکۆکی لە هەق کردووە و لە خەم و خەونی مرۆڤ دواوە... لە کێشەی ڕۆژانەی مرۆڤ دواوە... هەڵوێستی شیعری جوامێرانەی بۆ دەستەبەرکردنی بەختەوەریی مرۆڤ نواندووە و ڕەخنەی توندوتیژی لە دەسەڵاتداران و ئەوانەش گرتووە، کە هاوکاری دەسەڵاتدارانی بێگانەیان کردووە و بەگژ زوڵم و زۆردا چووە. هەمیشە لەبەرەی هەق بێژیدا بووە و هەرگیز سازشی لەگەڵ دەسەڵاتداران و فەرمانڕەوایانی ڕۆژگاردا نەکردووە. تەنانەت ئەو شیعرەش کە بەبۆنەی سەرکەوتنی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم (١٨٧٦ ـ ١٩٠٩ز)، بەسەر خەڵکی یۆناندا نووسیوێتی و پێخۆشحاڵیی خۆی پێ دەربڕیوە، دەبێ بەچاوی ئەو ڕۆژگارە سەیر بکرێ و لێك بدرێتەوە، کە بەڕای ئێمە، بۆ دوو هۆ دەگەڕێتەوە:

١ ـ لەماوەی (٤٠٠) ساڵی رابردوودا و بەسۆنگەی شەڕەکانی نێوان سوننی و شیعەوە، دیدی ئایینی بەجۆرێك تێکەڵ دیدی سیاسی ببوو، هەڵوێستی سیاسی لەسەر دادەڕێژرا و لەمەشدا مەزهەبی سوننی، لایەنگریی لەدەوڵەتی عوسمانی و مەزهەبی شیعەش لایەنگریی لە دەوڵەتی قاجاری دەکرد. بەتایبەتیش وەك پێشتر

٦- دیوانی نالی، لاپەڕە (٢٠٠).

وتمان: لەکاتی شالاَو بردنە سەر رابەرانی تەریقەتی نەقشی و لایەنگرەکانیاندا، لەلایەن شاهەکانی سەفەوی یەوە، رابەران و لایەنگرانی نەقشبەندی، ناچار دەبوون هاوهەڵوێستیی لەگەڵ سوننیەکاندا بکەن و بەو هۆیەشەوە کە سوڵتانەکانی عوسمانی، سوننی بوون، بۆیە بەهەلیان دەزانی ئەم شالاَوەی سەفەوی بقۆزنەوە و پشتیوانیی لە سوننی مەزهەب و مەزهەبە بەر شالاَوەکەوتووەکانی سەفەوی بکەن.

٢ ـ ساڵی (١٨٧٨)، لەگەرمەی خۆ ئامادەکردنی گەلی کورد، بەرابەرایەتی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری و هاوتەریقەتی مەحوی، بۆ راپەڕین و شۆڕش، دژی ڕژێمی عوسمانی، کە تازە لەدوا جەنگی دۆڕاوی لەگەڵ رووس ببووەوە و بەو بۆنەیەشەوە کە گەلی ئەرمەن، لەو جەنگەدا، بە نهێنی و بەئاشکرا، پشتیوانییان لە سوپای رووس کردبوو" سوپای رووسیش بۆ پاداشتدانەوەی چاکەی ئەرمەن" لە کۆنگرەی ئاشتی: سان ستیڤانۆ (٣ مارتی ١٨٧٨) و دواتر لە پەیماننامەی بەرلین (١٣ تەمووزی ١٨٧٨)دا، مەرجی بەسەر دەوڵەتی عوسمانیدا سەپاند، کە دەبێ یاسای ئۆتۆنۆمی، بۆ ناوچە ئەرمەن نشینەکان پیادە بکات و لەمەشدا بەشێکی زۆری خاکی کوردستان، بەر ئەو یاسایە دەکەوت و دەوڵەتانی ئەوروپاش هەمان پشتیوانییان لە کێشەی ئەرمەن کرد، کە ئەگەر هۆشیاریی شێخ عوبەیدوڵلا و بەتەنگەوە هاتنی گیانی دۆستایەتی کورد و ئەرمەنی نەپاراستبایە، ئەم بڕیارەی رووسیا و دەوڵەتانی ئەوروپا، گەلی کورد و ئەرمەنی دەگلاندە شەڕێکی لابەلا و خوێناوییەوە" بۆیە مەحوی ئەم ڕووداوانەی بەوردیی سەرنج داوە و هەموو ژێرکەوتنێکی ئەوروپا و سەرکەوتنی سوڵتان عەبدولحەمیدی عوسمانی، بەسەریاندا پێ خۆش بووە... کە ڕووناکبیر و شاعیرێکی هەمان رۆژگاری وەك حاجی قادری کۆیی، کە لەو کاتەدا لە ئەستەمووڵ بووە و لە نزیکەوە ڕووداوەکانی سەرنج داوە، لەمەدا هەمان هەڵوێستی مەحوی هەبووە. لەبەرئەوە ئەم شیعرەی مەحوی، بۆ ئەم سەرکەوتنەی سوڵتانی عوسمانی، نابێتە مایەی داکۆکی لە دەسەلاَتداران و فەرمانڕەوایان، بەڵکو شیعری ئەو رۆژگار و ڕووداوانەیە، کە مەحوی بەلای خۆیەوە، هەڵوێستی سیاسی لەسەر داڕشتوون.

بۆیە شیعری مەحوی، شیعری هەڵوێستی سیاسی و ڕەخنەی ڕووناکبیرانەی شاعیرێکی (شار)ە و لەو ڕۆژگار و سەردەمە بە زۆر داسەپاوانەدا، کە هەموو ئازادییەکی مرۆڤی تێدا پێشێل دەکرێ و لە هەموو زەمان و لە هەموو جێگەیەکیشدا، خەمی مرۆڤ دەلاوێنێ" کە ئەم پەیامەی مەحوی، جگەلەوەی درێژەی پەیامی بەپیتترین سەردەمی رووناکبیریی کوردییە، کە بانگەوازە ریفۆرمخوازەکەی مەولانا خالید[198] هەژاندی، لەهەمان کاتیشدا ئەزمونێکی دەگمەن و نموونەیەکی ناوازەیە لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا، کە ئەگەر (حافزی شیرازی) و (خاقانی) و (عوبێدی زاکانی) لە ئەدەبی فارسی و (ئەبونەواس) و (ئەبو عەلای مەعەڕی)یش لە ئەدەبی عەرەبیدا، هەمان پەیام و هەڵوێستیان بۆ ئازادی مرۆڤ هەبووبێ، ئەوا پەیام و هەڵوێستی شیعریی مەحوی، لە هەڵوێست و پەیامی ئەوان کەمتر نەبووە.

٧- مەحوی بۆ زیاتر بەرجەستەکردن و ئاشکراکردنی هەڵوێستی خۆی، لە هەڵوێستی مەولانا خالید و بیروبۆچوونەکانی، قەسیدەی زۆر جوان و هونەریی لەم بوارەدا، بەناوی (ستایشی حەزرەتی مەولانا خالیدی نەقشبەندی) نووسیوە. (بۆ زیاتر ئاگاداری، بنوارە دیوانی مەحوی، لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، ل ٤٦١ ـ ٤٦٧).

(٥) سەرنج: ئەم نووسینە، بۆ ڤێستیڤاڵی مەحوی لە هەولێر، لە ڕۆژانی (٢١ ـ ٣٠ ئابی ٢٠٠١)دا ئامادەکرابوو.

بەدواداچوونی وتارێکی

مامۆستا تۆفیق وەهبی

هاوینی ساڵی (٢٠٠٨ز) خەریکی ئامادەکردنی کتێبێك بووم لە بارەی ئایینی (یەزیدی)یەوەو بۆ چنگخستنی سەرچاوەش بۆ ئەم کارەم، لە ناو دەیان و دەیان سەرچاوەی هەمەجۆردا، کەڵکێکی تایبەتی و جیاوازم لە بەشی یەکەمی سەرجەمی بەرهەمی (عەرەبی)ی زانای گەورە: مامۆستا (تۆفیق وەهبی) وەرگرت، کە بنکەی (ژین)ی هەمیشە چالاك و کارامە، لە ساڵی (٢٠٠٦ز)دا بەچاپیان گەیاندبوو. بەو هۆیەشەوە کە وەك تاقانە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندو ڕەهەند کوردانە، پشتم پێدەبەستو چەندانجار دەگەڕامەوە سەریو بەوردی بە وشەو ڕستەو پەرەگرافەکانیدا دەچوومەوە، بۆم دەرکەوت بەدەم ئەم کارەمەوە، زۆربەی هەڵە زۆرەکانی چاپو ناتەواوییەکانی تایپکردنەکەشم بەرچاو دەهاتنو بەچاکم زانی بۆ دەستنیشانکردنیان هێماو نیشانەیان لەسەر دابنێم و دواتریشو پاش دەستخۆشیکردنم لە برایانی بنکەی (ژین)، سەرنجەکانی خۆمیان لە بارەی ئەم هەڵە زۆرانەوە عەرزکردن، کە بەسنگێکی فراوانەوە لێمیان وەرگرتو داوایان لێکردم هەڵەچنی بەشی دووەمی سەرجەمی بەرهەمی (کوردی)ی مامۆستای ناوبراو، بەمن بسپێرنو پاشانیش هەر وایان کردو سەرلەبەری بەشی دووەمی نووسینی تایپکراویان بۆم ناردو منیش لەبەر دوو هۆ زۆر بەگرنگو بایەخ پێدانەوە، کاتێکی زۆرم بۆ بەوردی خوێندنەوەی تەرخانکرد:

١.هەلێکی هەڵکەوتو زێڕین بوو بۆ خۆم، تا زۆرینەی بەرهەمی نووسینی ئەم زانا گەورەیە، لە یەك کاتداو بەسەریەکەوە بخوێنمەوە، لە کاتێکدا کە پێشتر دوای

ماندووبوونێکی زۆرو پچڕپچڕ، دەستم بەبەشێکی ئەم گەنجینە شاراوەیە گەیشتبوو. بۆیە چێژو زانیارییەکی بەکەڵکی دامیٚو هاوکاتیش بووە مایەی ئەوەی بەهرەو سەرمەشقی شاگردانە، لە شێواز توێژینەوەی خۆماڵییانەی ئەم نووسەرە فرە بەهرەیە وەربگرم.

٢. بۆ ئەوەی ئەم بەرهەمە بەپیتە وەك مەبەستو پەیامی مامۆستا (تۆفیق وەهبی) بەخوێنەران بگات، هەوڵم دا جگە لە هەڵەچنی، لەگەڵ هەندێ وشەدا، ڕێنووسی کوردیی ئێستا لەبەرچاو بگرمو لە زۆر شوێنی پێویستی ناو ڕستەکانیشدا، جارجارە (کاما) یان نوقتەیەك دابنێم، چونکە لە داڕشتنی چاپی یەکەمی ئەم چەپکە نووسینانەدا، کە زۆرینەیان (٧٠-٨٠) ساڵ بەر لە ئێستاو پیتچنی (عەرەب) دایانڕشتوون، بۆ خوێندنەوەی ئێستا جۆرە هەڵوێستەو تەمومژێکی دروست دەکرد. لە هەندێ جێگەشدا ئەگەر پێویستی بەڕوونکردنەوەو سەرنجو پەراوێز هەبووبێ، وردە سەرنجو پەراوێزم بۆ کردوون، (وەك ڕاستکردنەوەی دێڕە شیعرێك، یان شتێکی لەو بابەتە)و کۆشاوم ئەو پەراوێزو سەرنجانە، زۆر کەم و کورت بن، بەڵام لەسەر بابەتێکیان، کە بەناوی (پیرەمەگروون)ەوە بوو، بەو هۆیەوە کە لەلایەکەوە: وتارەکە، بۆ خۆم چێژو زانیاریی زۆرم لێ وەرگرتو لەلایەکی تریشەوە: نەمدەتوانی بەبێ هەڵوێستە لەسەرکردنێکی ئارام بەلایدا تێپەڕم، بۆیە هەرچیم دەکرد سەرنجەکەم لەمەی ئێستا بۆ کورتترو چڕتر نەدەکرایەوە. لەبەرئەوە ناچاربووم لە شێوەی پەراوێزی دەرهاوێژمو بیکەمە ئەم ڕوونکردنەوەیەی، کە ناوی (بەدواداچوون)م لێناوەو پێم چاکە بەسەربەخۆو بۆ زیاتریش کەڵك گەیاندن بەخوێنەران، لەم وتارە بەنرخەی مامۆستا (وەهبی)، لە پێش (بەدواداچوون)ەکەی خۆم، وتارەکەی مامۆستای ناوبراو، بخەمە بەردەستو چاوی خوێنەران، ئەوسا ڕوونکردنەوەکەی خۆمی لەسەر دەردەبڕم.(١)

پیرەمەگروون (٢)

(ئەگەر لە ملەی تاسڵووجەوە هەڵبگەڕێین بەشاخەکەی نیوەڕۆی خۆرەڵاتیداو بچنە تەپڵەسەرێکی بەرزو ڕووبکەنە ڕۆژهەڵات، چاوتان ئەکەوێ بەکێوو شاخو دەشتاییێ کە سروشت بەهەموو تەڕدەستیی خۆیەوە ڕازاندوویەتیەوەو ڕەنگاوڕەنگی کردووە، بەگشت ئەو ڕەنگانە کە چاو ئەگەشێننەوەو فەرەحی ئەبەخشن بەدڵ، ئەوێ بەشێکە لە نیشتمانی کورد، کە شاعیرو ئەدیبە حەیرانەکانی، بە (کوردستانی) ڕەنگین ناوی ئەبەن.

لەبەرچاوتانا، لەوێ، دەشتاییێکی فراوان درێژ ئەبێتەوە لە شیمالی خۆراوەوە بۆ نیوەڕۆی خۆرەڵات، وە درێژایی خۆرەڵاتی ئەم دەشتاییە، کە ناوی (دەشتی سلێمانی)ی زۆر لێ دێ، ڕیزە دیوارێکی شاخ کشاوە موازی بەزنجیرە شاخەکەی بەرانان، کە ئەمیان دیواری خۆراوایی دەشتەکەیە.

وە ئەگەر وردتر بڕوانن، ڕاست ئاقاری خۆرەڵات لە پەراوێزی بناری شاخی گۆیژە کە یەکێکە لەو ڕیزە شاخانەی سنووری خۆرەڵاتی دەشتەکە، شارێ بەدی ئەکەن، ئەمە شاری سلێمانییە، ئەم شارەیە دڵە زیندووەکەی نیشتمانی کورد.

ئەو ڕێگایەی لە تەنیشتی چەمانەوە لە ملەی تاسڵووجەوە گلۆرئەبێتەوە بۆ دۆڵی تانجەرۆ، ئەکشێ بەناو دەشتاییێکی شەپۆلدەرا بەرەو خۆرەڵات بۆ سلێمانی، کە لە پاش پەڕینەوەی ئاوی قلیاسان، بەسەر پردە تازەکەیان، ئینجا ئەگاتە جێ. سلێمانی شارێکی تازەی کوردستانە (١١٩٩/١٧٨٤) یادگاری ئیبراهیم پاشای بابانە.

وە ئەگەر چاوبگێڕن بۆ لای دەستەچەپەوە، کێوێکی بڵندی تاقانەی بەدەماغتان بەرچاو ئەکەوێ کە هێشتا لووتی بەرزە بەو خەڕۆیی دێرینییەوە، خەڕۆیی ئەو ڕۆژگارەی کە خوایێ بوو هەرێمی سلێمانیو هاوسێکانی ئەپاراست بەشاخەکانیانەوە، دۆڵو ڕووبارو کانییەکانیانەوە، بەمرۆویانەوە، بەگیان لەبەرو کشتوکاڵیانەوە، وە ئاگاداریان بوو. ئەم کێوە بەسامە خۆشەویستە کێوی

(پیرەمەگروون)ی موقەدەسی دێرینییە، کە هێشتا ئەمڕۆش موقەدەسە لە شیعرو گۆرانیی کورددا.

کێوی پیرەمەگروون، ئەبێ وەکو هەموو کێوێکی مانەندی خۆی، لە دەوری بەرددا پەرسترابێ، قوربانی پێشکەش کرابێو سوێندی بەسەر خورا بێ، هەرچەند خوایەتییەکەی لە دەوری تاریخیدا لێی داکەنراوە، بەڵام موقەدەس تەماشاکراوە.

مادەکان لە سەدەی حەوتەمی پێش میلادەوە لە ڕۆژانی جەژنەیاندا، بەوێنە، لە جەژنی سەری ساڵیاندا، لە جەژنەکانی گەڕانەوەی بەهارو هاوینیاندا، لە جەژنی نۆبەرەی سەوزی پاڕانەوە بۆ باران لە پاییزدا، وە بۆ ڕزگاربوون لە بێ بارانیو نەبوونیو نەخۆشیی داگیرکەرو نەخۆشی تر، وە بۆ پاڕانەوە بۆ منداڵ بوون و نەمردن، وە بۆ پاڕانەوە بۆ دووربوون لە دوژمنی داگیرکەر، وە بۆ پیرۆزی بەسەر دوژمنا، سەر ئەکەوتنە تەوقە سەری پیرەمەگروونو قوربانیان پێشکەش ئەکرد، بەهەر گەورەی گشت خوایەکانیان (دیاوس پیتەر) واتا (باوە ئاسمان، خوا ئاسامان)، وە بە خوای نوورو پەیمانو سەرڕاستی، پارێزگاری وڵاتو دێهاتو کەشتگا، (میپرە)ی گەورە (میهر، کە لە پێشا بەخوای خورشید زانراوە)، وە بەبانوو خوا (الهە)،، ئەناهیتا، ناهیدو خوایەکانی تریان.

نەبوخوزنەسەر (بەختەنەسەر ٦٠٤-٥٦١ پێش میلاد)ی شای بابل، قولە عەجایەبەکەی بابلی لاسایی (لە ئاسایی) کێوی پیرەمەگروونی بەشکۆ، یان کێوێکی تری لووت بەرزی وەکو ئەوی، دروست کردووە بۆ دڵخۆشیی بانووشا (مەلیکە) خۆشەویستەکەی، (ئامیتیس)، کە دوێتەی شای ماد (ئەژی دەهاکە) بوو.

(ئامیتیس) ئەشێ بارەها سەر کەوتبێتە سەر ئەو کێوانە بۆ بەجێهێنانی پەرستشی خوای هەرە گەورەیان (دیاوس پیتەر) (باوە ئاسمان)و میپرە (میهر)و خوایەکانی تریان. خوای نوورو پەیمان و وەفاو سەرڕاستی بوو، بەتایبەتی خوای هەرە خۆشەویستیی مادەکان بوو.

لام وایە هەتا دوایی سەردەمی ساسانی پەرستگاییێکی ئاگربوو بێ لە چەشنی (چوارتاق)، لە تەپڵەسەری کێوی پیرەمەگروون، بێگومان لە زۆر دوورەوە دیاربووە. ئەشێ لەسەر کێوی (سەرسیر)یش چوارتاقێك بووبێ، کە ناوی بەدێیەکەی (چوارتا)وە ماوەتەوە.(٣)

بانوو خوا (الهه) ئەناهیتا لە سووڕی ساسانیدا (بانۆك ناو)، واتا (خانم ناو) یاد ئەکرا، ئەشێ کە پەرستشگاییێکی (بانۆك ناو٩ بووبێ لەسەرچاوەکەی پیرەمەگروون. سەرچاوەکە هەر خۆی بانووخوا (ئاناهیتا) بوو، ئەیانپەرست.

(ئەناهیتا) بانوو خوای سەرچاوەو ڕووبارو پیتو بەرەکەتی سەر زەوی‌و هی زاوزێ بوو. بوژاندنەوەی کانیەکان‌و زیادبوونی ئاو، تەجەلیی ئەو بوو، پیتو بەرەکەتی بەخش ئەکرد بەزەوی، وە مێردو منالّی ئەدا بەکانیەکان، وە بانوو خوای پیرۆزیش بوو.

لەوەی هەتا ئێستا بەیانمان کرد وا دەرئەکەوێ کە پیرەمەگروون دەمی خۆی پەرستراوە، دەمێ بۆتە پەرستشگا بۆ پەرستنی ئاسمان‌و ئاسمانیەکان‌و دەمێ بۆ ئاگر، ئاو، لە دەوری ئیسلامیدا بۆتە جێی مەرقەدی شەخس‌و پیر، کەوا ئێستا مەرقەدی پیرەمەگروونی لێیە. پیرەمەگروون کەوا دیارە، یەکێ بووبێ لە پیرەکانی ئسماعیلیی کۆن، مەرقەدەکەی لەبن قولەی کێوەکەدایە، ژنان ئەچنە سەری، قوربانی بۆ سەر ئەبرن، داوای زگ پڕبوونی لێ ئەکەن. ئەم شەخسە یەکێکە لەوانە کە حاجەتی ناومالّی، کە وەکو مەنجەلّ و کاسەو کەوچك‌و شتی تر بێ، بەنیاز بۆ ئەبرێ و لای دائەنرێ.

ئەشێ ئەسلّی ناوەکەی (پیرعەنبەر گودروون) (گوردووە) بووبێ. پار لەسەردانی دوایی پیرەمەگرووندا، لە دێی (زێویە) پێیان وتم کە پیرەمەگروون یەکێکە لە ئەسحابەکان، دیارە ئەوان راست ئەکەن.

ئەو دێیە کە ئێستا ناوی (زێویە)یە، هەمیشە ئاوا بووە، وە جێگای ئاگرەوان، موگ‌و هێربەدەکان بووە کە پیاوی دینیی زەردەشتی بوون. (زێویە) بەپێی ناوەکەیەوە وا دیارە کە لە دەوری ئیسلامیشدا سەردەمێك ناوچەییێکی تەریقەتێ بووبێ، وە (زاویە) (تەکیە)ییێکی لێ بووبێ.)

* * *

وەك سەرنجمان دا مامۆستا تۆفیق وەهبی لەم چەند لاپەڕە زۆر کەمەدا (کە لەبارەی دێرینەی چیای پیرەمەگروونەوەیە)، ئەو هەموو زانیارییە مێژووییە دەوڵەمەندەمان بەو خێراییە زۆر هوشیارو زیرەکانەیە بۆ بەسەر دەکاتەوەو دەمانباتەوە بۆ ئەو سەردەمانەی کە ئەم چیایەو ئاقارەکەی لە سەدان و هەزاران ساڵ لە پێشترەوە، مەڵبەندی ئایینی دانیشتووانی ناوچەکە بەگشتیو بەتایبەتیش لە ڕۆژگاری دەسەڵاتی دەوڵەتی (ماد-سەدەی حەوتەمی پێش زایین)دا، مەڵبەندێکی ڕێبەرانی ئایینی (ماد) بووەو ڕێوڕەسمی ئایینییان تێدا ئەنجامداوەو لە تەکیشیدا کە دێتە سەر ناوی گوندی (زێویە)ی ناوجەرگەو ئامێزی چیاکە، بەهەمان شێوە لەم گوندەش دەدوێو ئەم گوندەش بەدێرینەی چیاکەوە دەبەستێتەوەو دەڵێ: (ئەم دێیە، کە ئێستا ناوی _زێویە-یە، هەمیشە ئاوابووەو جێگەی —ئاگرەوان-و-موگ-و-هیربەد-ەکان بووە، کە پیاوانی ئایینی زەرتوشتی بوون).. کەچی کە راڤەی وشەو ناوی گوندی (زێویە) دەکات، دەڵێ: وا دیارە لە سەردەمی (ئیسلامی)شدا، ناوچەیەکی تەریقەتیێ بووبێو (زاویە): تەکیە-یەکی لێ بووبێ!!. کە وەك دیارە مامۆستا وەهبی وشەی (زێویە)ی بە وشەی (زاویە)ی عەرەبی لێکداوەتەوە، بۆیە ناوی (زاویە) بۆ ڕۆژگاری ئیسلامی دەگێڕێتەوە!

بۆیە کاتێك بەپێو شوێنی بەسەرکردنەوەکەی مامۆستا (تۆفیق وەهبی)دا دەچینەوە، کە دەڵێ: گوندی زێویە، جێگەی ئاگرەوان-موگ-و- هیربە-ەکان بووە، بێ هیچ دوودڵییەك ئەمەی لەگەڵدا دەسەلمێنینو بۆ پشتیوانیکردنی ئەم بۆچوونەیشی، ئەوە بەیاد دێنینەوە، کە هەر لە سەرووتری ئەودیوی چیای پیرەمەگروونەوە ڕیزە چیایەکی تری بەرزو زۆر سەختو رەقەن بەناوی چیای (ژیلوان)ەوە هەیە، کە لەگەڵ زنجیرە چیایەکی تردا بەسەر گوندی (چۆخماخ)ی سەر بەدۆڵی (جافایەتی)دا دەروانن.

چیای (ژیلوان) هەر لە ناوەکەیەوە بیرمان بۆ ئەوە دەبات کە ئەم چیایە بەدرێژایی ساڵانێکی زۆر (ئەگەر نەڵێم چەند سەدەیەکیش) جێگەی (ئاگرەوان=ژیلەوان) بووە، چونکە تا ئێستاش شوێنەواری ئاگری گەورەو کورەی

گەورەی ئاگر بەسەر هەموو ڕووخساری ڕەشداگەڕاوی چیاکەو تاتەبەردە ڕەشەکانییەوە دیارەو دەریش دەکەوێ، کە لە ئاکامو بەهۆی ئەو تەمەنە درێژەی ئەو ئاگرەی لەسەرتاسەری ئەم چیایەو ئاقارەکەیدا هەبووە، شوێنەواری درەختو سەوزایی لێ نییە.

من لە دوو قۆناغی ژیانی پێشمەرگایەتیمدا (١٩٧٤-١٩٧٥) و (١٩٨٠-١٩٨٧) ڕۆژگارێکی زۆرم لە نزیك هەردوو چیای پیرەمەگروون و چیای (ژیلوان)دا، بەسەربردووە، بەتایبەتی ساڵانی (١٩٨٦-١٩٨٧)، کە بەماڵەوە لەگوندی (مێولاکە)ی نزیك (چۆخماخ)ی دامێنی چیای (ژیلوان) بووین، زۆرجار هەستێکی قووڵی پڕ لە ڕامان پاڵی پێوە دەنام بەچیای (ژیلوان)دا هەڵگەڕێم و لە دیمەنی ڕەش و هەڵکەوتی سامناکی چیاکە وردببمەوە! سەیر لەمەدایە هەر لە تەنیشت چیای (ژیلوان)ەوە، چیایەکی تر بەناوی چیای (ئاسنگەران) هەیەو شێوەو هەڵکەوتی ئەم چیایەش وێکچووی چیای (ژیلوان)ە، وەك بەناوەکەی ئەمیشدا دیارە، ئەم چیایە تایبەت بووە بەپیشەگەرانی (ئاسن)، بۆ دروستکردنی کەرەسەو چەکی جەنگی، بۆ سەربازانو جەنگاوەرانی سوپایی سەردەمانی پێش هاتنی لەشکرو ئایینی ئیسلام بۆ ناوچەکە.

مێژووی (ناو)ی چیای (ژیلوان)، کە بێ هیچ سێو دوویەك، گومان لە کوردی بوونی (ژیلوان=ژیلەوان) ناکرێ، دەبێ بۆ سەدان ساڵی بەر لە هاتنی دەسەڵاتی عوسمانی بۆ ناوچەکە بێت، چونکە کە دەسەڵاتی عوسمانی دەستیان بەسەر ناوچەکەدا پەیداکردووەو وەك ڕەوشتو نەریتی هەموو داگیرکارانێك، کە پێش هەموو شتێك ناوە دێرینو ڕەسەن و کۆنەکانی ناوچەکەیان بۆ زمانی خۆیان (تورکی) گۆڕیوە، هاتوون هەر بەپێودانی ناوی چیای (ژیلوان)، ناوی ئەو گوندەش، کە لە دامێنی چیای (ژیلوان)دایە، بە(چۆخماخ = چۆقماق = چەقماق) ناوناوە، کە هەر بەمانای ئاگرو ژیلەمۆ دێت(٤)..، بەڵام ئەم ناولێنانە (چۆخماخ)، تەمەن نزیکەی (٤٠٠-٥٠٠) ساڵەی عوسمانی، نەك هەر نەیتوانیوە ناوە دێرینەکەی چیای ژیلوان بسڕێتەوەو لەبیر خەڵکی بباتەوە، بەڵکو لە هەمانکاتدا ناوی (ژیلوان) نهێنییەکی دێرینەی زمانی کوردی ئاشکرا دەکات، کە کورد لە سەدان ساڵ پێشترەوە لە جیاتی وشەکانی (موبەد، ئاتوروان، ئاسوروان)ی پیرەوانی ئایینی

زەرتوشتی، کە بەکوردی (ئاگرەوان) دەگرێتەوە، وشەی (ژیلوان) یان بەکارهێناوە. هەر لەم رەهەندەشەوە بیر بۆ ئەوە دەچێ، کە دوای هاتنی دەسەڵاتی ئیسلام بۆ کوردستانو بۆ ڕازیکردنی دەسەڵاتدارانی ئیسلام، لە ناوچەکەدا، لە بری وشەی (موبەد)و (ئاتوروان)، وشەی (ژیلوان)یان بەکارهێنابێ. هەر وەك چۆن لە وڵاتی ئێرانیشدا (سەردەمی ساسانی)، بۆ هەمان مەبەستی دڵنەواییکردنی فەرماندەکانی ئیسلام، لەبری وشەگەلی ئایینی زەرتوشتی وەك: ئیزەد، موگ، موبەد، وشەکانی: یەزدان، هیربەد و مەلەك (فریشتە) یان بەکاربرد.

دەگەڕێمەوە بۆ سەر ناوی (زێویە)و دەڵێم: مێژووی ناوی (زێویە)، لە مێژووی هاتنی ئیسلام کۆنترەو ئەگەر مامۆستا تۆفیق وەهبی لە گوندی (زێویە)ی لای چیای پیرەمەگروندا شوێنەواری ئایینی ئیسلامی دیبێ، ئەمە شتێکی ئاساییەو نەریتو ڕەوشتی هەموو ئاڵگۆڕێکی ڕۆژگارو لەناوچوونی دەسەڵاتی کۆن و پەیدابوونی دەسەڵاتدارانی تازەو ئایینی نوێ، ئاڵوگۆڕی هەمەلایەنەش بەدوای خۆیاندا دێنن، بۆ نموونە: دەسەڵاتدارانی تازە هاتوو، لە شوێن دەسەڵاتدارانی پێشوو دادەنرێن و ئایینی تازەش، جێگەی ئایینی کۆن دەگرێتەوە. لەم بوارەدا چەند نموونەیەك بۆ بیرخستنەوە بەیاد دێنینەوە:

خشایارشا (٦٥ە-٤٨٥پ. ز)ی هەخامەنشی، کاتێ بڕوای بەئایینی (زەرتوش) هێنا، هێرشو لەشکرکێشیی کردە سەر پەرستگەو مەڵبەندەکانی ئایینی (موغ-موگ)ەکانی (ماد)و تێکیدانو داوای لەدانیشتوانی قەڵەمڕەوەکەی کرد لە شوێنو جێگەی ئەو پەرستگایانەی (موگ) پەرستگەی (زەرتوشی) دروست بکەنەوە.. یان کاتێ (هۆلاکۆ ١٢١٧-١٢٦٥ز) هێرشی بۆ سەر ئێران کردو داگیری کرد لە ناوجەرگەی هەندێ پەرستگەی زەرتوشتیدا، مزگەوتی دروستکرد، وەك لە ناو پەرستگەی گەورەو بەناوبانگی (ئازەر گشنسب=شیز)دا، مزگەوتی گەورەی بۆ خواپەرستیی پێڕەوانی ئایینی ئیسلام دروستکرد، بەڵام بەم کارە، ناوی دێرینەی پەرستگەی (ئازەرگشنسب) لەیاد نەچوو..کە لەم ڕووەوە دەیان و سەدان نموونەی لەمجۆرە هەن.. بۆیە بوونی شوێنەواری ئیسلامی لە گوندی (زێویە)دا مانای ئەوە ناگەیەنێ، کە بەهاتنی ئایینی ئیسلام بۆ دۆڵی جافایەتی، ناوی گوندی (زێویە)ش لە ناوچووبێ، هەروەك نموونەی چیای (ژیلوان)ی پێشتر باسکراو، کە وشەو ناوی

(چۆخماخ)ی تورکی نەیتوانی ناوە دێرینەکەی (ژیلوان) لەبیر خەڵکی ناوچەکە بباتەوە.. هەر لەبەر ئەمەشە بەدڵنیاییەوە دەڵێین: ناوی (زێویە) بە ناوی (زاویە)ی عەرەبییەوە نەهاتووە. بەڵگەشمان لەسەر ئەم پێداگرییەمان لەوێوە دێت، کە هەر لە کوردستاندا دەیان گوندو شوێنی تر بەهەمان ناوی (زێوێ، زێوکە، زێوە، زێویە)وە هەن، کە هەموویان لە ڕووی ناوەوە لە بنجدا یەکن و لە هەموو ئەم گوندانەشدا، هاوشێوەی گوندی (زێویە)ی لای چیای پیرەمەگروون، (مزگەوت)یان تێدایە، وەك ئەم مشتە نموونەیە:

-زێوێ-ی لای ڕاژان (ناوچەی مەرگەوەڕ).

-زێویە-و- زێوکە-ی لای شاری (شنۆ).

-زێویە-ی کۆنە لاجان (لای شاری خانێ).

-زێویە-ی سەر بەدێستانی (مەنکاریی)ی سەردەشت، کە بەسێوە لاسوورە بەناوبانگە.

-زێوە-و بەر زێوە-ی ناوچەی باڵەکایەتی.

-زێوە-و-دەرە زێوە-ی ناوچەی خۆشناوەتی.

-زێوێ-ی ناو شاری کەرکووك.

-زێوە مەڕ-ی ناوچەی قەرەداخ.

-زێوێ-ی شێخ پیرمووس (تەنیشت بامەڕنێ).

-زێوکە-ی سەر بەناحیەی نەهلێ (نەهلە)ی پارێزگەی مووسڵ.

-زێوە-ی سەر بەناحیەی نەهلێ- مووسڵ.

-زێوە-ی سەیدا، سەر بەناحیەی نێروەو ڕێکان.

-زێوێ-ی شکان سەر بەناحیەی نێوەو ڕێکان (قەزای ئامێدی).

-زێوکاشین-ی سەر بەقەزای ئامێدی.

-زێوکاژیری- سەر بەقەزای ئامێدی.

-زێوا-ی شەفیقێ- سەر بەقەزای دهۆك.

-زێوکا-ی سەر بەناحیەی نێروەو ڕێکان.

-زێوا-ی سەرێ، سەر بەناحیەی نێروەو ڕێکان.

-زێوە-ی سەر بەناحیەی دیانا.

-زێوکە-ی سەر بەناحیەی ناودەشت.
-زێوە-ی ناوچەی نزار لە بارزان (سەر بەقەزای ئاکرێ).
-زێوەکە-ی کەندالآن (ناوچەی دۆسکی).
-زێوکا عەبوی (ناوچەی دۆسکی).
-زێوکە-ی محەمەد یاسین (ناوچەی دۆسکی).
-زێوە-ی سەر بەناحیەی زاوێتە.
-زێوکێ-ی جیسك (سەر بەناحیەی گولی).
-زێوکا-ی سندیای (سەر بەناحیەی گولی).
-زێوە پیرامیس-ی سەر بەناحیەی سەرسەنگ.
-زێوە-ی سەر بەقەزای ڕانیە.
-زێویە-ی سەر بەقەزای شارباژێر.
-زێوە-ی سەر بەدێستانی دۆڵ.
-زێوە-ی سەر بەدێستانی گەورك-نەڵێن.
-زێوە-ی سەر بەدێستانی ملکاوی.
-زێوە-ی سەر بەدێستانی مەنگوڕی خۆرهەڵات.
-زێوێ-ی سەر بەدێستانی (ئیل تیمور)ی بەشی ناوخۆی مەهاباد.
-زێوەگەورە-ی سەر بەدێستانی (سوگمان ئاوا)ی دەوروبەری شاری (خۆی).
-زێوە-ی سەر بەدێستانی (فارسینجی)ی سەر بە(ئەسەدئاوا)ی پارێزگەی هەمەدان.
-زێویە-ی سەر بە دێستانی (بیلەوەر)ی بەشی (کامیاران)ی سەر بە پارێزگەی _سنە —کوردستان).
-زێویە—ی سەر بە دێستانی (ئیسفەندئاوا) ی سەر بە شاری (قوروە)ی پارێزگەی (سنە-کوردستان).
-زێویە-ی سەر بە دێستانی ژاوەرۆری هەورامانی تەخت.
-زێویە—ی سەر بە دێستانی (نەمەشیر)ی شاری (بانە).
-زێویە—ی سەر بە دێستانی (گوڵ تەپە)ی ناوچەی فەیزوڵڵا بەگی — دەڤەری شاری (سەقز)(٥).

که لە ناو ئەم لیستە ناوەدا و ئەوەی زۆرتر لە مەبەستەکەی ئێمەوە نزیکە، ئەم دواناوە، واتە: (زێویە)ی دەڤەری شاری سەقزە، لە خۆرهەڵاتی کوردستان، کە نزیکەی (٥٠ کیلۆمەتر) دەکەوێتە باکووری خۆرهەڵاتی سەقز و بە هەمان شێوەی ناوچەی دۆڵی جافایەتیش، شەقڵ و مۆرکی _گوڵ تەپە) ی تورکی، بەسەر ناوچەکەوەیە.

دانیشتوانی ئەم گوندە کوردن، کاریان کشتوکاڵ و ئاژەڵ بەخێوکردنە، کەشوهەوای زۆزان و ساردە سێرە و جێگەیەکی ئاوێژە و بە بڕشتە. وەك هەر گوندێکی تر، قوتابخانە و مزگەوتی تێدایە. ساڵی (١٩٦٣) شوێنەوارناس و دێرینە زان، کۆڵیاریی و پشکنینیان تێدا کرد. دێرینە و شوێنەواری شارێکی کۆنی تێدا دۆزرایەوە و گەلێ شتومەکی تێدا چنگ کەوت، کە نیشانەی پێشکەوتنی هونەری و وردەکاری و پیشەیی و خوێندەواری بوون. ئەم گوندە لە بنەڕەتدا ناوی (زێبیە) بووە کە لەگەڵ ناوی ئێستایدا زۆر لە یەکەوە نزیکن و گوایە ئەم ناوانە، لەو بەردە نووسە مێژووییانەدا نووسراون، کە سارگۆنی دووەمی ئاشووری (٧٢٢-٧٠٥ پ.ز) و ناسراو بە (شروکین)ی ئیمپراتۆری ئاشووری، ئەم باسانەی لە ساڵی شەشەمی پاشایەتیی خۆیدا یاداشت کردووە و نووسیویە: (شاری ئیزیرتو) ی وێران کردو سووتاند و دووشاری تری (زێبیە) و (ئارمانیدیش) یشی داگیر کردووە، هەر ئەم (سارگۆن)ە دواتر لە بەردەنووسێکدا ئاماژەی بۆ ئەوەش کردووە، کە دوای داگیرکردن، ئەم دوو شارەی (زێبیە) و (ئارمانیدش)ەی سووتاندوون.

لە ئاکامی ئەو کۆڵیاری و پشکنینانەی لەم گوندەدا کران، گەلێ خشڵ و کەرەسەی زێڕینی تێدا دۆزرایەوە. هەندێ لەو شتانەی تێیدا دۆزرایەوە: سینەبەند و گەردنبەندێکی لە زێڕ دروستکراوی هەڵقەهەڵقەیی بوو. کە هەردووکیان بە وێنەی کەللەسەری جانەوەرانی وەکو: شێر، دێو، دەعبا و دڕندەی نەناسراوی ئەفسانەیی نەخشێنرابوون. هەروەها کالانی خەنجەر و نێزە و پەیکان و چەکی تری جەنگی. دیوارەکانی کە لە ژێر زەویدا دەرهێنراون، زۆر سەختن، پلیکانەی بەتاتەبەردی تاشراوی لووس و نەخشی سوورەوەکراوی قاڵب زل دروستکراون. هەندێ لە ژوورەکانی ئەم تەلار سازییەی، بە داری (سەروو) دارەڕا کراون، کە داری (سەروو-

سەوڵ)، ئێستا لەو دەڤەرانەدا نابینرێن. دیوارەکانی بە کاشی سوورەوەکراوی ڕەنگاوڕەنگ نەخشێنراون.

بە پێی لێکۆڵینەوەی دێرینەناسان، ئەم شتانە هەموو، پاشماوەی سەدەی نۆیەمی پێش زایینن. کە دەبێ لێرەدا لە یادمان بێ، لە سەردەمی نۆیەمی زاییندا، دەوڵەتی (مانا)، یان (ماندی) دەسەڵاتی بەسەر ئەم هەرێمانەدا هەبووە و یەکێك بووە لە دەستە دەوڵەتەکانی (زاگرۆس)، کە بەر لە ئیمپراتۆریەتی (ماد)، لای باشووری زەریاچەی (ورمێ)، فەرمانڕەوایەتی کردووە. بەم پێیە، شاری (زێویە = زێبیە) و ئەو شارانەی کە (سارگۆنی ئاشووری)، لەم هەرێمانەدا داگیری کردوون. لە شارەکانی دەوڵەتی مانا بوون .

ئێستا ئیتر پرسیاریتر دێنە ئاراوە:

١.ئاخۆ ئەو گوند و شوێنانەی ناویان (زێوێ، زێویە، زێوکە، زێوە) یە، شوێنەواری ناو قەڵەمڕەوەی هەمان شارستانێتی (مانا) ین!؟

٢.ئاخۆ ناوی (زێوێ، زێویە، زێوکە، زێوە) ناوی سەردەمانی پێش ئیمپراتۆریەتی (ماد) ن؟!

٣.ئاخۆ هیچ گوند و جێگەیەکیتر لە کوردستاندا، ئەوەندەی ناوی (زێوێ، زێویە، زێوکە، زێوە) بەم ژمارە زۆرە دووپات بوونەتەوە و هەن؟!

٤.ئاخۆ بنەما و ناوی (زێوێ، زێویە، زێوکە، زێوە) چی بێ و لە بنەڕەتدا چۆن بووبێ؟!

٥.ئاخۆ ناوی ئەم هەموو گوند و جێگایانەی ناویان (زێوێ، زێویە، زێوکە، زێوە)یە، لە وشە و ناوی (زاویە)ی عەرەبییەوە هاتوون؟.

پەراوێزەکان:

١.نووسینەکەی مامۆستا (وەهبی) بەهەمان شێوازی نووسراوە، کە نیوسەدە لەمەوبەر، لەگۆڤاری (پێشکەوتن) ژمارە (٨)، ساڵی یەکەم، نیسانی ١٩٥٨، ل١-٤دا، بڵاوی کردۆتەوە.

٢.پێشکەوتن (گۆڤار)، ژمارە ٨، ساڵی یەکەم، نیسان ١٩٥٨، ل١-٤، بەقەڵەمی مامۆستا بڵاوکراوەتەوە.

٣.لە بارەی (سەرسیر)و (چوارتا)وە وتارێکم نووسیوە لەبەرەوە بڵاوی ئەکەمەوە، لە ساڵی ١٩٤٥دا لە سلێمانی بۆ یەکەم جار لێبوونەوەی ناوی (سەرسیر)م بڵاوکردبووەوە، وە وتوبووم کە لە (سەردسیر)ی فارسییەوە هاتووە، کە مانای (هاوینەهوار)ە.

٤.هەر لە شێوەی ئەم ناوە تورکییانەی عوسمانی، لە هەمان ناوچەدا، ناوی گوندی (یاخ سەمەر)و (قزلەر)و چەندان گوندی هاوسێی (چۆخماخ) هەن.

٥. بۆ بەسەر کردنەوەی ناوی (زێویٚ، زێویە، زێوکە، زێوە) سەیری ئەم سەرچاوانەش کراون:

١.فرهنگ دهخدا، جلد٩،ص ١٣١١٩.

ب.محەمەد جەمیل ڕۆژبەیانی، وڵاتەکەت باشتر بناسە. چاپەمەنی ئاراس: ٢٠٠٥، هەولێر،ل. ٣١٠-٣١٣.

ج. د. غەفوور عەبدوڵڵا، گوندەکانی کوردستان، بەرگی: ٤،٣،٢،١، هەولێر، ٢٠٠٥

د. د. غەفوور عەبدوڵڵا، فەرهەنگی جوگرافیایی کوردستان، چاپەمەنی موکریانی، ٢٠٠٨، هەولێر.

هەندێ ئاشنای نامۆ

-١-

هەندێ جار بەدەم نووسینەوە، برێ واژە و زاراوە، دێنە بەر نووکی قەڵـەم“ کـە ئەگەرچی بنەڕەت و مەبەستی نووسینەکە، کاری بەو واژە و زاراوانـە نییـە“ بـەڵام لەهەمان کاتیشدا بێ ئەوەی دەسـەڵات لەدەسـت خۆتـدا بێـت، لەنگـەرێك، یـان هەڵوێستەیەکی کـورتی کـەم خایـەن لـە ئاسـتیاندا دەگریـت و بـە دەمیشـییەوە پشوویەك دەدەیت. ئەوسا لەم دەرفەتی پشووەدا، بەچاوێکی ناسیاوانە، لـە سـەرو روخساری ئەو واژە و زاراوانە ورد دەبیتەوە و هانا بۆ بیرەوەریت دەبەیت، تا ناویان و مانایان و ناسیاویت لەگەڵیاندا بیر بکەیتەوە و بزانیت چۆن تێکەڵ کـاروانی ئـەو شەپۆلە واژە و زاراوە ئاشنا و ناسیاوە کەوتوون، کە ڕۆژانە هاوڕێیەتی قەڵەمەکەت دەکەن!

ئەم چەند واژە و زاراوەیەش“ برێکن لەو نموونانە:

بان؛ نەبان

مامۆسـتا هـەژار موکریـانی لـە لاپـەڕە (٤٧)ی بـەرگی یەکـەمی (هەنبانـە بۆرینە)دا، لەبارەی واژەی ((بان))ەوە ئاوای نووسیوە:

١ ـ بان: بانگی نوێژ (مەلا بانی دا).

٢ ـ گازی: (بانی کە بابێ).

٣ ـ لای سەروو: (لە بان ئەو کێفە).

٤ ـ سەربانی خانوو.

٥ ـ بانو: زەمینی دەشت و بڵند: (بان هۆبەتوو، تاڵەبان).

٦ ـ هۆگر و خاوەن بەزەیی: (ئەو مانگایە لە گوێلکەکەی نەبان بووە).

٧ ـ بن، بوون.

دیسان هەر مامۆستا هەژار، لە لاپەڕە (٨٧٧)ی بەرگی دووەمی ((هەمبانە بۆرینە))دا، لەبارەی واژەی (نەبان)ەوە ئاوای نووسیوە:

١ ـ شیردەرێ کە بێچووی خۆی ناوێ و شیری ناداتێ.

٢ ـ کەسێ کە دەنگی لە یەکێ گۆڕیوە: (کاکم لێمان نەبانە و نامان دوێنێ).

٣ ـ بەدمیجاز، هەمیشە قەڵس و تووڕە.

بەڵام لە نێوان هەردوو واژەی (بان) و (نەبان)ی ئەم لێکدانەوەیەی مامۆستا (هەژار)دا، واژەیەکی هاوبەشی وەك (نەبان) دووبارە بۆتەوە، کە وەك وتمان: بەو مانایە دێت" کە شیردەرێك خۆی لە بێچووەکەی دەگۆڕێ، یان: نایەوێ و شیری ناداتێ. کەواتە مانای گشتی واژەی (نەبان) ئاوای لێ دێت: خۆ تێنەگەیاندن و رووپێنەدان و دووری لێگرتن و سەیر نەکردبێ" بۆیە لە فۆلکلۆردا وتراوە:

تەحا لەو ریزە خاڵانە

بۆ من چاکن ئەو چاوانە

یاری خۆمە و لێم (نەبانە)

واتە: یار دەشزانێ من یاری ئەوم" بەڵام رووی سۆز و بەزەیی لێ وەرگێڕاوم و رووم ناداتێ و بەچاوی جارانی بۆم ناڕوانێت، بۆیە دەشێ دوو کەسی ناسیاو، کەلە رێ و گوزەردا تووشی یەك دەبن، یەکێکیان بەهەر سۆنگەیەکەوە بووبێت، خۆی لەوی تریان بێئاگا و نەدیو دەکات، وەك ئەوەی خۆی وا نیشان بدات، کە گوایە نەیدیوە و چاوی بەسەیرکردنی شتێکی ترەوە خەریك کردووە، کە بەمە دەڵێین خۆی لێ (نەبان) کردووە.

ئەی باشە، ئەگەر پێشگری (نە)ی ئەم واژەی (بان)ە، بەو جۆرە بێنینەوە یاد" کە وەك دەزنین لە کوردیدا (نە) بچێتە پێش هەر واژەیەکەوە، دەبێتە پێچەوانەی ئەو شتە، وەك:

چوون = نەچوون

خواردن = نەخواردن

خۆش = نەخۆش

خەوتن = نەخەوتن

بینین = نەبینین

بینا = نابینا

ئەوسا واژەی (بان) دەبێتە پێچەوانەی (نەبان) و مانای (بان)یش دەبێتە: خۆتێگەیاندن و رووپێدان و سەیرکردن. بۆیە لەفۆلکلۆری کوردیدا واژەی (بان) بە مانای تێڕوانین و سەیرکردن و نزیکی کردنە:

هەتا خۆم کوڕ بووم بە (بان)انەوە
کچگەل بە دوعا و بە پاڕانەوە
ئێستاکە پیر بووم، پێم دەڵێن خاڵۆ
بەرتیلیش دەدەم، نامبەنە ماڵۆ

واتە: هەتا لەتافی لاویدا بووم، کچانی زۆر، پەرۆشی ئەوە بوون روویان پێ بدەم و خۆمیان تێبگەیەنم و بیانلاوێنم و چاوبڕکێیان لەگەڵدا بکەم... کەلە مانا گشتییەکەی ئەم واژەیەوە، هەر سەیرکردن و بینینمان لا گەڵاڵە دەبێت، بۆیە دەبێ مانای واژەی (بان) هەر (بینین) بێت" کە مخابن هێشتا فەرهەنگگەلی کوردی بەمجۆرەی لەبارەوە لێك نەداوەتەوە.

هەڕی لە بەڕی جیا ناکاتەوە

ئەمە پەندێکی پێشینانی کوردییە، بەڵام لە (پەندی پێشینان)ە کەی مامۆستا ((شێخ محەمەدی خاڵ))دا نەهاتووە.

لە لاپەڕە (٩٦٥)ی بەرگی دووەمی ((هەنبانە بۆرینە))شدا، مانای واژەی (هەڕ) ئاوا لێکداوەتەوە.

١ ـ هەڕ: قوڕ.
٢ ـ زیقە، گریانی منداڵ.
٣ ـ زەڕەی کەر، گوڕە.
٤ ـ خاك، خۆڵ.

بەڵام ((**هەڕ**)) و ((**هەرگ**)) لە دیالیکتی گۆران ـ دا بە مانای (**قوڕ**) و (**لیتە**) و (**خاکی تەڕ**) دێت. مەولەوی تاوەگۆزی، لەم چەند بەیتەدا ((**هەڕ**))ی بەمانای قوڕ و لیتە هێناوە:

١ ـ گێچ زرێوار هەرسم مەوج وەردەن.
سارای مەریوان تەمام ((هەڕ)) کەردەن (ل: ٥٠٠).
واتە: زرێباری فرمێسکم شەپۆلی داوەو دەشتی مەریوانی کردووە بە قوڕ.
٢ ـ ها، کاوان کاوان، دڵ چون دڵڕێشان
((هەڕ)) دان وەسەردا، هەردان پەی وێشان (ل: ٥٢٣)
واتە: بەرزاییەکان وەك دڵ برینداران، دڵیان لەت بووە و چیاکانیش قوڕیان بەسەری خۆیاندا داوە.
٣ ـ یاشێخ ((هەڕ)) گاوان مەیلەکەی لەیلێ
سەر بە سەر وەگیان هەرزانەن خەیلێ (ل: ٥٣)
واتە: یا شێخ؟ قوڕاوێك کە بەهۆی مەیلی لەیلێ ـ وە لە گیانی دڵدار بپڕژێ" ئەوەندە بە نرخە ئەگەر سەربەسەر، بە گیانی خۆی بیگۆڕێتەوە، هێشتا بە هەرزانی دەست کەوتووە.
کەواتە هەڕ، بەمانای قوڕ دێت.
بەڵام ((بەڕ)) واژەیەکی عەرەبییە و بەمانای زەمینی وشك دێت،بۆیە هەردوو واژەکە، بەدەستی ئەنقەست، بە پێچەوانەی یەکتر دانراون، تا مانای دژ بەیەك بدەن و مانا گشتییەکەی ببێتە: ((تەڕ و وشك))" کەلە بنەڕتدا پەندەکە بەرامبەر ئەو کەسە گێل و نەشارەزایانە بەکار دەهێنین،کە ئاوەزیان بە جیاکردنەوەی: چاك و خراپ، دۆست و دوژمن و تەڕ و وشك ناشکێ، بۆیە دەڵێن: (هەڕ) لە (بەڕ) جیا ناکاتەوە.
سەرنجێکی تر لەسەر ئەم پەندە" لێکدانی هەردوو واژەی (هەڕ) و (بەڕ)ی کێش و قافیەدارە" کە نموونەی تری ئەمجۆرە واژە دژبەیەکانە، لە زاراوەی تری وەك (تەڕ و بڕ)دا دەبینین و من دڵنیام ئەم دوو واژەیەی ئەم زاراوەیەش لە بنەڕەتدا هەر (تەڕ)و (بەڕ)ی هەمان پێودانی پەندی (هەڕ) و (بەڕ) بوون، کە ئێستا لەم زاراوەیەدا بزوێنی (بەڕ)ەکە سواوە و بۆتە (بڕ) و زاراوەکەش بە گشتی مانای هێشتا (تەڕ) دەگەیەنێ" کە نابێ ماناکەی وابێت، بەڵکو دەبێت بە هەمان پێودانی پەندی (هەڕ ـ ی) لەبەڕ ـ ی جیا ناکاتەوە) سەیری بکرێت.

بۆ بیرهێنانەوەی خوێنەر و هەر لەم بوارەدا، زاراوەی (**حازر و بزر**)، (**بەزمەم ڕەزم**)* ، هەڵبەز و دابەز) مان لە کوردی دا هەیە، کە بەپێودانی زاراوەی پێشوو، هەردوو واژەکەی ئەمانیش، دژبەیەکن و هاوکاتیش (کێش و قافیە) دارن، تا لەسەر زمان و لەکاتی بەکارهێناندا ئاسان و وەك جۆرە شیعرێکیش بن. هەر بۆیە لەم بوارەدا بیر بۆئەوە دەچێ، کەواژەکانی ئەمجۆرە نموونانە، هەروا بە رێکەوتێك نەچوونەتە پاڵ یەکتری، بەڵکو دەبێ زمانزان، یان فەرهەنگ نووسێك، کاری لەسەر کردبن و لەم نموونانەش زۆرتر بووبن، بەلاّم ئێمە هەر ئەم چەند دانەیەمان سنگاوسنگ بۆ مابێتەوە.

کونە مشکی لێکرد بە قەیسەری!،
یان
قەیسەریلێکرد بە کونە مشك!؟

ئەمیش پەندێکی دێرینەیە، تەمەنی لەگەڵ دروستکردنی (شار و بازاڕ و قەیسەری)دایە. داخەکەم لە (پەندی پێشینان)ەکەی مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ ـ دا نەهاتووە. تا ئێستا لە زۆر دەقی کوردیدا دەیبینم بە هەڵە بەکاری دێنن.

ئەگەر لە ڕووی واتاوە سەیری بکەین، هەست دەکەین بەو مانایە هاتووە، کە بەراورد لە نێوان دوو جێگەی وەك (قەیسەری) و (کونە مشك)دا دەکات... بێگومان دەشزنین جیاوازیی لەنێوان ئەم دوو جێگەیەدا، ئەوەندە زۆرە“ جێی بەراورد نییە.

چونکە رووی دەمی پەندەکەش لە مرۆڤە“ نەك لە مشك، ئەوا دەزانین کە مرۆڤ دەتوانێ لە بازاڕ و قەیسەریدا، بە پان و پۆڕیی بازاڕ و قەیسەرییەکەدا بسوڕێتەوە. بەلاّم بەپێچەوانەوە، مرۆڤ بەکونە مشکدا ناچێت. لەبەرئەوە مادام رووی دەمی پەندەکە هەر لەمرۆڤە (وەك وتمان)، ئەوا دەبێ ئەم مرۆڤە (لەوکاتەدا) ئەوەندە بەتەنگ هێنرابێت، کە مەودای هەنگاوهەڵهێنان و بزووتنی لەبەردەمدا

---

* بەزم و ڕەزم: شادی جەنگ، خۆشی و شەڕ و هەرا.

تەنگەبەر و تەسك و پڕ تەنگوچەڵەمە کرابێتەوە. واتە: ئەگەر لەبەر هەر هۆیـەکی گوشاری وەك قەرزاریی، یان دوژمنکاریی، یان هەژاریی بێت" ئەوا ئاسۆی بەر پـێ و بەرچاوی، تاریك و تەنگ دەبێ و تروسکاییەك شك نابات، تا وردە وردە هەست دەکات توانای هەنگاو هەڵهێنان و پەلوپۆ هاویشتن و دەرەتانێـك و دەسـتگرێکی نییە" بەدەم ئەم تەنگانەیەوە بێت. بۆیە هەست دەکات تەنگی پێ هەڵدەچنرێ و دنیـای لێ بچـووك و بچـووکتر دەبێتـەوە" لـەم بارەدایـە ئـەم مرۆڤـەی نـاو ئـەم تەنگەژەیە، ئەو شار و بازاڕ و قەیسەرییەی جارانی لێ تاریك و نووتەك و یـەکجار تەنگەبەرە. بۆیە کاتێ کەسێك، کەسێکی تر بەتەنگ دێنێ" دەڵێن: قەیسـەری لێ کردۆتە کونە مشك. کە نموونەی تری ئەمجۆرە پەندەمان، بەم شێوانەی تـریش هـەن (هەرچەندە هیچیشیان لە ـ پەندی پێشینان ـ ەکەی مامۆستا شێخ محەمەدی خـاڵ ـ دا نەهاتوون).

١ ـ دنیای لێکرد بە چەرمی چۆڵەکە: واتـە ئەوەنـدەی گوشـار بـۆ بـردووە و ئەوەندەی تەنگ پێهەڵچنیوە، ئـەم سـەر زەمینـە بەرینـەی لێ تـەنگ و بچـووك کردەوە" بەئەندازەی چەرمە چۆڵەکەیەك.

٢ ـ سەری دنیا بەپووش نەگیراوە. واتە: ئەم ئاسمانـە بـێ سـنوورەی تـا چـاو هەتەر دەکات، هەر ئاوەڵایە، کەچی کە یەکێك داد لە دەست تەنگژەیەك دەکـات" بەرامبەرەکەی دڵخۆشیی دەداتەوە و پێی دەڵێ: سـەری دنیـا بـەپووش نـەگیراوە. واتە: هێشتا ئومێد و ئاسۆی رووناك ماون.

لەبەر ئەمانە، شێوەی بـەکارهێنانی: ((قەیسـەری لێکـرد بـە کونـە مشـك)) راسترە، نەك پێچەوانەکەی.

ڕەنجبەر، یان ڕەنجبار؟

لە کوردەوایدا بەتایبەتیش لەناو گوندنشینەکاندا (ڕەنجبەر) بەو کەسە دەڵێن، کە بەرامبەر بە کرێیەکی دیاریکراو، کار بۆ کەسێکی تر دەکات، واتە: هەر نزیکە بە (کرێکار)ی ناو شارەکان، کە هەردوو وشەکە لە بنەڕەتدا لە دوو واژەی سەربەخۆ لێکدراون. چونکە واژەی (ڕەنج) بە تەنیا بەمانای تەقەللا و کۆششە و توانای خستنەکار و وزە بەخشین دەگەیەنێت، وەك چۆن (کرێکار) لە واژەی (کرێ + کار) پێکهاتووە" هەر بەو جۆرەش (ڕەنجبەر، یان ڕەنجبار)، لە (ڕەنج + بەر) و (ڕەنج + بار) پێکهاتووە.

بەڵام لە وشەی لێکدراوی (ڕەنج + بەر)، یان (ڕەنج + بار)دا، جۆرە تێکەڵاوی و گۆڕانکارییەکی زمانەوانیی بەسەردا هاتووە، کەوا پێدەچێ پاشگری (بەر)، یان (بار) لەبنەڕەتدا جۆرێکی تر بووبێت و بەپێی تەمەنی مێژووی دێرینەی ئەم واژەیە، لە کوردەواریدا (کە کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵ کار بوون) و لە دەمێکەوە بەسەر زاری زۆربەی جەماوەری خەڵکەکەیەوە واژەش وەك هەر پێویستییەکی تری ژیان، گۆڕانکاریی بەسەردا دێت، بەتایبەتی بەمەبەستی سفتوسۆڵ بوون و بێ گریوگۆڵ بوون، لەسەر زمان و خێرایی لە بەکارهێنانیشدا، کە خێرایی بەکارهێنانی واژەکە، لەسەر زمان، وای سواندووە، هەروەك چۆن ئێستا لەسەر زمان و گوێمانە" هەر بەو جۆرەش بەکاری بهێنینەوە.

بەڵام بە بەراورد لەگەڵ دەستەواژە هاویاساکانی ترماندا، کە هەمان گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە، بۆمان دەردەکەوێ، کە واژەی لێکدراوی (ڕەنجبەر) لە سەرەتادا (ڕەنج + بار)، واتە: (ڕەنجبار) بووبێ" چونکە:

١ ـ نالی دەڵێ:

ئاوی سوێری چاو و (بار)ی تاڵی لێو
سوێر و تاڵیی، دەم دەدەم و ژەم ژەم دەخۆم

* * *

واتە: قورساییەکی گران لەسەر لێومە، کە بەددان لێی دەکەمەوە و دەیخۆم... بۆیە لەسەر هەمان پێودان دەوترێ: (فلانە کەس، لەش بە بارە)“ واتە: بارستاییەکی قورس لەسەر لەشێتی، ئیتر ئەو بارستاییە، نەخۆشیی بێت، یان ئەرکی سەختی ژیان...

یان دەوترێ: (فلانە کەس، هیچی لەباردا نییە، واتە: دەستە چاپە و بێ دەسەلات و بێ خێر.

یان دەوترێ: (فلانە کەس، نالەبارە)، واتە: نایەتە ژێر باری ئەو ئەرك و فەرمانەوە“ کە پێویستە بیکات.

یان دەوترێ: (فلانە ئافرەت منداڵ بارە)، واتە: منداڵی لە ئەستۆیە و ئەرکی سەرشانی قورسە.

کەواتە پوختەی مانای (بار)، لەو نموونانەدا“ بەمانای گرتنە ئەستۆ و هاتنە ئەستۆی ئەرك و فەرمان و قورساییەك، کە هەندێ جار مرۆڤەکە، خۆی بەپیر گرتنە ئەستۆی ئەو (بار)ەوە دەچێت، وەك نموونەی (رەنجبار)ەکە و هەندێ جاریش دیاردەکانی تری ژیان، وەك هەژاریی و نەخوێندەواریی و نەخۆشیی و کارەساتی سروشتی، لە ئەستۆی مرۆڤی (بار) دەکات.

٢ ـ لە فۆلکلۆری کوردیدا دەوترێ:

لەناو سابلاخ دا، بورجێك دیارە بەقەد ئەو بورجە، خەم لە دلّم بارە

واتە: بەبارستایی و قورسایی و بەرزایی ئەو بورجە، بارتەقای خەم، نیشتۆتە سەر دلّم“ بۆیە لەسەر پێودانی ئەم رێسایە، دەوترێ: فلانە کەس خەمبارە، واتە: خەم لە ئەستۆیەتی.

٣ ـ دەوترێ: فلانە کەس (نوێژکەر)ە!. کە دیارە لەسەرەتادا وشە لێکدراوەکە، لە وشەی (نوێژ + کار)ەوە هاتووە و ئەمیش چونکە لەدەمێکەوە“ لەسەردەمی پەیدابوونی ئایینی ئیسلامەوە، لەناو کوردستاندا بەکار دێت، تیپی (ئەلف)ی وشەی (کار)، کە خۆی زۆر کورت دێتە سەر زمان و گوێ“ بووە بە (بزوێن = ە) و لە (نوێژکار)ەوە بووە بە (نوێژکەر)، کە هەرگیز رێی تێناچێ ئەم وشە لێکدراوە، لە بنەڕەتدا بەو سووکایەتییە لە دایك بووبێت، یان دواتر ویسترابێ سووکایەتی پێ

بکرێت! لەکاتێکدا کە بەڕێزەوە سەیری ئایینی ئیسلام کراوە، چونکە نموونەی تری لەمجۆرە وشەیەمان زۆرن، وەك: وشەی (راوکەر)، کە ئەمیش دیارە لە بنەڕەتدا (راو + کار) بووە، وەك وشەی (وەرزشکار).

٤ ـ تیپی (ئەلف)ی تێکڕای ئەو وشانەی سەرەوە، کە هەموویان لە بنەڕەتدا حەرفی (ئەلف) بوون و لەبەر کورتیی تیپەکە، لەسەر زمان و گوێچکە و لەو جێگەیەدا سواون و گۆڕدراون بەتیپی (ە)، واتە: بە (بزوێن)، ئەوەمان لا دروست دەکات، کە وشەی لێکدراوی (رەنجبەر)، هەر (رەنجبار) بووە.

هەرچەندە لەشیتەڵکردنی وشەی (رەنجبەر)دا، وا دێتە بەرهەست، کە (رەنجبەر) بەو کەسە بڵێن گوایە بەری رەنج و تەقەللاکە، بۆ خۆی ببات.

بەڵام وەك وتمان: لەو وشانەدا (بار)ی سواون و بوون بە (بەر) و لەو گۆڕان و سواندنەشدا، مانایان ناگۆڕدرێ و وەك خۆیان دەمێننەو... ئەگینا ئەگەر وابێ" ئەو کاتە کە دەوترێ: (فلانە ئافرەت منداڵەبەرە)" ئاخۆ دەبووایە مانای وابێت، کە گوایە منداڵەکەی دزیوە؟!(*).

* * *

-٢-

هەندێجار بەدەم بینین و بیستنەوە، برێ واژەو زاراوە بەر چاو و گوێ دەکەون، دەم و دەست بەری چاو لێڵ و گوێچکەش لە بیستن بێزار دەکەن: ئیتر بەپەلە بڕیار دەدەیت گوێچکەو چاوت، لەبیستن و بینینی ئەو رەشەبایە دووربخەیتەوە، کە بە مەبەستی شێواندن و کاولکاریی، رووی لەزمانی کوردی کردووەو هیچ دامودەزاگایەکی (زمانەوانی)ش دەسەڵاتی بەرگریی لەم وێرانکارییە پێناکرێ، کەلە هیچ قۆناغێکی مێژووی زمانی کوریدا، ئەوەندەی ئێستا، مەترسیی بۆسەر زمانی کوردی پەیداکردبێ. وەك نموونەی (دڵۆپێك لە زەریا):

ناوزەد:

واژەی ناوزەد! لەچییەوە هاتووە، کە لەم چەندساڵەی دواییدا، زۆر نەشارەزایانە لەنووسینی کوردیدا بەکاری دەهێنن!. بۆیە پێم باشە شتێك لەسەر ئەم واژەیە بڵێم: کە (**زەد**) لەبنەڕەتدا چاوگی قرتاوی (**زَدَنْ — زەدەن**)ی زمانی فارسییەو بەمانای (**لێدان**)ە، کەچی ئەوەی سەیرە ئەو نووسەرانەی بەوهۆیەوە کە ماناکەی نازانن، زۆرجار واژەی (**ناوزەد!**) و هەندێ جاریش دیومە و بیستوومە بە (**ناوزەنگ**)یشی بەکاردەبەن!... لەم سەرنجەمدا لەسەر ئەم واژەیە، مەبەستم ئەوەنییە بڵێم نابێ واژەی بیانی بەکار ببرێ. بە پێچەوانەوە من بڕوام وایە دەوڵەمەندترین زمان، ئەو زمانەیە کە (**ئەنتێن**)ی واژە وەرگرتنی زمانگەلی بیانی بەهێزە و زیرەکانە واژەی بیانی دەقۆزێتەوەو لە شوێنی پێویست و شیاو و لەهەناوی رستەی ڕەسەنی زمانەکەیدا بەکاری دەهێنێ. چونکە (**زمان**) بەبەکارهێنانی واژەی بیانی، نابێتە زمانێکی نامۆ، بەڵکو بەبەکارهێنانی رستەی سەر بە میعماری بیانی، دەبێتە زمانێکی ئاڵۆز و نامۆ... لەم بوارەدا ئەگەر شاعیرانی کلاسیکی کورد بەنموونەو لەناویشیاندا (**نالی**) بەیاد بهێنینەوە، دەبینین واژەگەلێکی زۆری بیانی (**عەرەبی و فارسی**) بەکاردەهێنێ، بەڵام لەناو کەش و هەواو هەژموونی رستەی خۆماڵییانەو ڕەسەنی کوردا دەیانگونجێنێ. لەم بۆنەیەدا

ئەگەر هەر لەسەر واژەی (**ناوزەد**) بوەستین و بڵێین گریمان لەجێی واژەی (**ناوزەد**)، واژەیەکی تری کوردیمان نەبێت، ئەوا قەیناکە ڕێ پێدراوە. بەڵام خۆشبەختانە چەندان واژەی ترمان لەجێی واژەی (**ناوزەد**) هەیە وەك **ناودێر** دەکرێ، یان: **ناودەبرێ**.

* * *

جەنگی جیهانیی یەکەم:

جەنگی جیهانیی دووەم:

ئەم ڕستەیە تەرجەمەیەکی دەقاودەقی عەرەبییە، کەهیچ ڕستەسازیی و بیرکردنەوەیەکی کوردییانەی تێدا لەبەرچاو نەگیراوە. کە ئەگەر بەجیا لەسەر وشەکانی ڕستەکە قسەبکەین، ئاوای لێدێت: جیهان، مەبەست لەو گۆی زەوییەیە، کە ئێستا ئێمەی لەسەر دەژین. ئیتر جیهان (لەئێستادا) گۆیەکی تری زەوی نییە، مرۆڤی لەسەر بژی. کەواتە (**جیهانی یەکەم و جیهانی دووەم و سێیەم**) نییە. بەڵام مەبەست لە واژەی (جەنگ)ی ئەم ڕستەیە، ئەو جەنگەیە کە لەسەدەی ڕابردوودا لەسەر ئەم گۆی (جیهان)ە روویانداوەو مەبەستیش لە جەنگی یەکەم و جەنگی دووەم، یان: یەکەم جەنگ و دووەم جەنگە. بەم پێیە میعماری ڕستەکە بۆکوردی ئاوای لێدێت: (جەنگی یەکەمی جیهانیی) یان : (**یەکەم جەنگی جیهانیی**) و بۆ دووەم جەنگیش بەهەمان شێوە دەبێتە: **جەنگی دووەمی جیهانیی**، یان **دووەم جەنگی جیهانیی**.

* * *

(کان)ی پاشگری **(کۆ)**، وەك: **شاعیرە سۆفییەکان**: لێرەدا **(کان)**ی پاشگر **(سۆفی – ییەکان)**، مەبەست و تایبەت لە (کۆ)ی ئەو شاعیرانەیە، کە سۆفی مەشرەب و سۆفیزمن. لەبەرئەوە دەبێ بنووسرێ: **شاعیرانی سۆفی**، یان ئەگەر پاشگری **(گەل)**، کە زۆرتر بۆ ئەمجۆرە **(کۆ)** یانە بەکاردەبرێ و لەبنەچەشدا ئەردەڵانییەو لەسەدان ساڵەوە سەرلەبەری کورد بەکاری دەبات، شتێکی لەبار و جوانە و لەناوچەکانی گەرمیان و ئەردەڵاندا زۆر رۆیشتووەو بۆ دەیان وشەی وەك: **کوڕگەل، کچگەل، پیاوگەل، ژنگەل، گەلی کورد** و... هتد، بەکاری دبەن. ئەوسا ئەم رستەیەمان ئاوای لێدێت: **(شاعیرگەلی سۆفی)**. هەرچەندە هەندێك زمانەوانانی کورد، پێیان وایە پاشگری **(کان)**ی سۆفییە-کان، **ئامرازی خستنەسەر**ەو دەشێ وەك خۆی: **(شاعیرە سۆفییەکان)** بنووسرێ. کە من لەگەڵ ئەمەدانیم و پێم وایە ئەم **(ئامرازی خستنەسەر)**ە، تەنیاو تەنیا بۆ **(سیفەت)** دەبێ، وەك: **کچە جوانەکان، کوڕەقۆزەکان، سێوەگەورەکان، هەورەبەرزەکان**، نەك بۆ **(ناو)**، کە مخابن بەپێودانی ئەم هەڵە باوە، دەیان و دەیان دەستەواژە و رستەی وەك ئەمجۆرە رستە ئاڵۆز و شپرزانە، بەبێ لەبەرچاوگرتنی هیچ تایبەتمەندییەکی زمانی کوردی لە ئێستادا بەکاردەبرێن و گۆڕینەوە و سڕینەوەشیان، زۆر سەخت و ئەستەمە، وەك ئەوەی دەڵێین و دەنووسن: **حیزبە کوردستانییەکان!** لەکاتێکدا وەك دەزانین هەر **(یەك)** کوردستان هەیە، بەڵام لەکوردستاندا چەندان حیزب هەیە، کە دەبێ سیغەی **(تاك)** بۆ **(کوردستان)** و سیغەی **(کۆ)**ش بۆ **(حیزبەکانی کوردستان)** بەکاربرێ... بەڵام هەڵەباوەکە لەوێدایە، کە پاشگری **(کان)**ی **(کوردستان- ییەکان)**، بۆ حیزبەکانە، نەك بۆ کوردستان و بەم پێیە دەبێت بوترێ و بنووسرێ: **(حیزبەکانی کوردستان)**، یان: **(حیزبگەلی کوردستان)**. هەر لەم بوارەدا نموونەی تری لەمجۆرە دەهێنینەوە دەڵێین: لەکوردستاندا ڕووبارو چیای زۆر هەیە و بۆ ناوهێنانیان بە **(کۆ)**، دەبێ بوترێ: **رووبارەکانی کوردستان، چیاکانی کوردستان.** نەك **رووبارەکوردستانییەکان!**، یان **چیاکوردستانییەکان** و... هەر بەو پێودانەش دەبێ بوترێ: کچانی سلێمانی، نەك کچە سلێمانییەکان! و شەقامەکانی سنە، نەك **شەقامە سنییەکان!**. **کوڕان**، یان: **کوڕگەلی دیاربەکر**، نەك **کوڕەدیاربەکرییەکان!**.

یان دەوترێ و دەنووسرێ: (**ڕێکخراوە دیموکراتییەکان**)!، کە ئەمیش وەك ڕستەی پێشوو، دەبێ سیغەی (**کۆ**) بۆ (**ڕێکخراوەکان**) بێت، نەك بۆ (**دیموکراتی**). چونکە لەکوردیدا وشەی (**دیموکراتی**) جەمع ناکرێتەوە، بەڵکو وشەی ڕێکخراو جەمع دەکرێتەوە و بۆ ئەم ڕستەیەش دبێ بوترێ و بنووسرێ: (**ڕێکخراوگەلی دیموکراتی**) و هەر لەنموونی ئەم هەڵە باوانەدا دەنووسرێ: **ولاتە ئەوروپییەکان!، هێزە ئەمریکییەکان، هەواڵە وەرزشییەکان!**. کە لەمەشدا دەزانین (**ئەوروپا**) بریتییە لە چەندا ولات و بەهەموویان (**یەك**) کیشوەریان پێك هێناوە و ئەم کیشوەرەش وەك وشەی (**کوردستان**)ی پێشتر باسکراو، جەمع ناکرێتەوە. واتە: یەك ئەوروپا هەیە. بۆیە دەبێت دەستەواژەکە بەمجۆرە دابڕێژرێ: (**ولاتانی ئەوروپی**) و... **هێزەکانی ئەمەریکا**، نەك: **هێزە ئەمەریکییەکان!، هەواڵەکانی وەرزش، نەك هەواڵەوەرزشییەکان!**.

حۆئەگەر بگەڕێینەوە بۆ خودی ئەو ڕستەو نموونە عەرەبییانەی، ئەمجۆرە ڕستە کوردییانەیان لێوە تەرجەمەکراوە، ئەوسا بۆمان دەردەکەوێ کە وەرگێڕە کوردەکە، نەزمانی کوردی دەزانێ نە عەرەبی. ئەگینا لە ڕستەو نموونە عەرەبییەکەشدا، ئەو سیغەی (کۆ)یەی ئێمە مەبەستمانە و دەبێ بە (کۆ) بنوسرێن، لەوێشدا هەر وان، وەك ئەوەی لە عەرەبیدا دەنووسرێ: **ألشعراء الصوفيون، الدول الاوربية، الاحزاب الكوردستانية، المنظمات الديمقراطية، القوات الامريكية، الاخبار الريايضية**. واتە: وشەکانی **ألشعراء ، الدول، الاحزاب، المنظمات، القوات، الاخبار**، هەموویان (**کۆ)ن و** وشەکانی (**الاوربية، الكوردستانية، الديمقراطية، الامريكية، الريايضية)ش**، هەموویان بە سیغەی (تاك) هاتوون، کەچی وەرگێڕە نەشارەزا کوردە، سەقەتیان دەکات و لەباریان دەبات و بەمجۆرە ئەم کوردی نەزانانە، زمانی کوردی کاول دەکەن.

ئەم کتێبەم خوێندەوە:

(شاری سلێمانی-ململانێی گروپە کۆمەڵایەتییەکان: ١٨٢٠-١٩٢٠)

(١)

گەورەترین تەنگژە لە بەردەم نووسینەوەی لایەنە جیاجیاکانی مێژووی گەلی کورددا، نەبوونی سەرچاوەیە، سەرچاوەش بەواتای نەبوونی نووسەری کورد خۆی، واتە: نووسەری خۆماڵییە!. کە ئەم دیاردەیە بەتەنیاو لە سەرتاسەری خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، هەر تایبەت بووە بەکوردو هەر کوردیش بەم شێوە سەمەرەیە ماوەتەوەو پێی وایە دەبێ گەڕیدەو لێکۆڵەرو سیاسەتمەداری بیانیی، هەموو کەرەسەو پێداویستیو پلانی هەموو بوارەکانی ژیانی ئابووریو کۆمەڵایەتییو سیاسییو..هتد، بۆ بنووسێتەوەو دەستەبەر بکەن!. ئەمەش بێگومان هەر لە ئەفسانەو میتۆدەکانی خەیاڵدا جێگەیان دەبێتەوە. کەچی زۆر لە نووسەرانی کورد، ئەم دیاردەیە بۆ ئەوە دەگەڕێننەوە، کە کورد بەدرێژایی مێژوو، دەوڵەتی نەبووەو نەبوونی دەوڵەتیش وای کردووە زەمینەی لەبار، بۆ زۆر کاری گرنگو لە ناویشاندا بۆ کاری نووسین نەڕەخسابێ!. کە ئەم قسەیە چەند لە راستیشەوە نزیك بێ، بەڵام راستییەکی لاوازە، یان ئەگەر بوێرم بڵێم: بیانوویەکی لاوازەو مانای خۆبەدەستەوەدانە بۆ هەلومەرجی سەپاو. چونکە ئەگەر کورد دەوڵەتی نەبووبێ، بەڵام لە سەدان ساڵ لەمەوبەرەوە، چەندین میرنشینی خۆی هەبووە، کە ئەم میرنشینانە، ئەگەر دەوڵەتیش نەبووبن، نیمچە دەوڵەت بوونو نەتەوە دراوسێکانی تری کوردستانیش، هەر لە رێگەو ژێر سێبەری ئەو میرنشینو نیمچە دەوڵەتانەوە، سەدان کتێبیان لە بارەی زمانو فەرهەنگو مێژووی خۆیانەوە خستۆتە ناو

کتێبخانەکانی دنیاوە[1]. بەڵام ئێمە، لە ماوەی نێوان ئەو (٣٠٠-٤٠٠) ساڵەی دەسەڵاتی میرنشینەکانی کورددا، ژمارەی نووسەری کوردو بەرهەمەکانیان (واتە: ئەو بەرهەمانەی لە سەر بابەتێکی فەرهەنگیو مێژوویی کوردیان نووسیبێ)، لە ژمارەی پەنجەکانی تاقە دەستێك کەمترن!. لەبەرئەوە گەڕانەوە بۆ لەسەرنووسینی هەر لایەنێکی ژیانی ئەو سەردەمەی گەلی کوردو قۆناغی دوای لە ناوچوونی ئەو میرنیشینانەش، دەبێتە ئەو کارە دژوارانەی ڕەنجی بێبڕانەوەو خوێنی جگەریان دەوێ. چونکە لە یەکەمین پێویستیو کەرەسەی نووسینەوە، کە سەرچاوەو بەڵگەنامەیە، ئیتر دەبێ مەڵبەندەکانی ئەرشیفی وڵاتانی دەرەوەی کوردستانیان بۆ بپشکێنرێت، کە ئەمیش خۆی داستانێکی ترە، بەتایبەتیش نووسین لە سەر لایەنێکی هێشتا دەست بۆ نەبراوی وەك بابەتی سوسیۆلۆگی (کۆمەڵناسی)ی کۆتاییەکانی ژیانی میرنشینی بابان، کە لەچاو میرنشینەکانی تری کورددا و بەنموونە: میرنشینی ئەردەڵاندا، کە لە هەموو ڕوویەکەوە لە میرنشینەکانی تری کورد، سەقامگیرترو دامەزراوتر بووە، کارێکی سەختە، چونکە میرنشینی بابان لە دوا پەنجا ساڵەی تەمەنیدا، بەسۆنگەی شەڕو تێهەڵچوونیان لەگەڵ هەردوو دەسەڵاتی عوسمانیو ئێرانیو هاوکات شەڕو ململانێی خۆبەخۆی خۆیشیاندا، کارێکیان بەسەر میرنشینەکە هێناوە، داری بەسەر بەردییەوە نەمێنێ.

مامۆستا جەعفەر (فازیل کەریم ئەحمەد) کتێبێکی بەناونیشانی سەرەوە چاپو بڵاوکردۆتەوە، کە وەك لە ناونیشانی کتێبەکەوە دەردەکەوێ، تەرخانە بۆ ململانێی گروپە کۆمەڵایەتییەکانی شاری سلێمانی، لە نێوان سەد ساڵی (١٨٢٠-١٩٢٠ز)دا هەڵبژاردنی ئەم بابەتو تەقەللاش بۆ دیتنەوەی سەرەداوەکانی سەرەتاو چۆنێتی ئەو ململانێیە، لە زۆر ڕووەوە کارێکی:

١.ئازایانەیە. چونکە ئەگەرچی هێماو نیشانەکانی ئەو زۆرانو ململانێ نهێنیو ئاشکرایە، ئەوەندە ئاکامیان لێ کەوتۆتەوە، کە چاودێری وردو نزیك، بەئاسانی دەلاقەو درزەکانی پاشماوەی ململانێیەکە (هەست) پێدەکات، بەڵام هەر تەنیا (هەست)ی پێدەکات، نەك بتوانێ دەست لە سەر بنەماو هۆیە زانستییەکانی ئەو ململانێیە دابنێ. لەبەرئەوەی سەرەتاکانی ئەو زۆرانو کێشمە کێشمەیە، ئەوەندە تەماوییو پڕ توونکە توونکەن، کە چاوی (هەست) هەر تەڕیان ناکاتو

دەبێ ڕاستەوخۆ ڕێگەی بۆ لەبەر بگیرێ. لەبەرگرتنی بوارێکیش، کە پێشتر ڕێچکەی نەشکێنرابێ، کارێکی ئەستەمە. بۆیە من ئەم کارە، بەکاری (نەکردە) ناودەبەم، چونکە لەلایەکەوە پێشتر کەس نەیکردووە، لەلایەکی تریشەوە، بەهۆی دژوارییی ئەنجامدانی کارەکەوە، لە دەست هەموو کەس نایەت، کە نووسەر خۆی ئەم چەڵەمانەی لە پێشەکی کتێبەکەیدا دیاریی کردووەو لێیان نەسڵەمیوەتەوە..

٢.زیرەکانەشە، چونکە هەر هەڵبژاردنی ئەو قۆناغەی ژیانی کۆمەڵایەتیی سلێمانی، جیاوازییەکی سەروچڕی لەگەڵ سەرلەبەری شارەکانی تری کوردستاندا هەیە، لەبەرئەوەی شاری سلێمانی بەپێی بڕیارێکی میرانی بابان دروستکراوە (١٧٨٤ز)و بۆ ئەوەش زۆر بەخێرایی ببێتە مەڵبەندێکی درەوشاوەی فەرهەنگی، بازرگانیی، کۆمەڵایەتیی، زۆر بەپەلەش زاناو ڕووناکبیری ناوداری ئەو سەردەمەی کوردستانیان بۆ پایتەختەکەیان بانگهێشت کردووەو تەکیەو خانەقاو مەدرەسەیان بۆ ئامادەکردوون. هاوکات وەستاکارو پیشەگەری چاكو دەست ڕەنگینیشیان بۆ کاری بیناسازییو پیشەی جیاجیا، لە دەرەوەی قەڵەمڕەوەکەیانەوەو بەتایبەتیش لە شارەکانی (سنە)و (بانە)و (سەقز)ەوە بۆ نیشتەجێبوون لە (سلێمانی)دا هانداوە. تەنانەت جووتیارو کرێکارو سەربازیشیان لەو ناوچەو ئیلانەوە خواستوون، کە بەر لە دروستکردنی (سلێمانی)، بەشدارییان لە بەڕێوەبردنی میرنشینەکەدا نەبووە[٢].. بەم بۆنەیەوە پێکهاتەی سلێمانی، پێکهاتەیەکی هەمەجۆرەو بەیەکتر جیاوازو نامۆبوون. کە لەم پێکهاتە جیاوازانەشدا، شەرمو شکۆ لەیەکتر کەمتر دەبێتەوە. بۆیە لەم بارەدا ئاستی ململانێیەکەش زیاتر هەڵدەکشێو هەر پۆلەیان ویستوویانە بەپەلە ببنە خاوەنی دەسەڵاتو دارایییو جێگەکردنەوەی خۆیان، کە هەر خودی ئەم خواستو تەقەللا هەمەجۆرە، لە هەمان کاتدا ماكو تۆوی ململانێو بەربەرەکانێیەکی نهێنیو هەندێ جاریش ئاشکرای لە پرۆسەی پێکهاتەی (سلێمانی)دا کردووەو لە هەمان کاتدا سەرباری ئەم دۆخەش، کە هێشتا ململانێیەکە شەقڵی نەگرتبوو، ململانێیەکی توندتر لەساڵی (١٨١١ز)[٣] بەدواوە، نەك هەر تێکەڵ

ململانێ فراوانەکە بوو، بەڵکو جڵەوی ململانێیەکەیشی بەدەستەوە گرت، کە ئەویش ململانێی نێوان هەردوو ڕێبازی (قادری)و نەقشبەندی) بوو، کە یەکەمیان زانای ناودار شێخ مارفی نۆدێ (١٧٥٢-١٨٣٨ز)و دووەمیشیان مەولانا خالید (١٧٧٩-١٨٢٧ز) ڕابەرایەتییان دەکرد.

بەڵام ئەم ململانێیەیان لە ململانێی چین‌و دەستە جیاجیاکانی تری ناوشاری سلێمانی بەتەوژمترو ئیقلیمگیرتربوو، چونکە بەشێکی فراوان لە بەشداران‌و پێکهاتەکانی ململانێ پێشووەکەش، بەدوو شێوەی جیاواز، تێکەڵ ئەم ململانێیەبوون‌و بەمەش پرۆسەی ململانێی گروپگەلی کۆمەڵایەتیی سلێمانی، تین‌و تاوی بەکوڵی تێڕژاو گەیشتە ترۆپك‌و بەجۆرێك بینی خواردەوەو ڕەگی داکوتا، کە لە دوای مەرگی هەردوو ڕابەری تەریقەتەکەش، هەر درێژەی کێشاو پسانەوەی بۆ نەبوو.

بۆیە دووبارەی دەکەمەوە، کە هەڵبژاردنی ئەو قۆناغەی ژیانی کۆمەڵایەتیی شاری سلێمانی، بۆ لێکۆڵینەوە لە سیماو کرۆك‌و جۆری ململانێ‌و کێشمەکێشمەکانی کۆمەڵایەتیی، هەڵبژاردنێکی ژیرانەیە.. لە پاڵ ئەم هەڵبژاردنەشدا، نووسەر لە ناوجەرگەی ئەم ململانێیەدا، بۆ بابەتێکی دیاریکراو دەگەڕێ، کە پێشتر لە بەرنامەکەیدا ڕەنگی بۆ ڕشتووە، ئەویش بەدیارخستنی (چەمکی هاوشارییبوون، واتە: بازرگان‌و کاسب‌و ڕووناکبیر)ە لە شاری سلێمانیدا، کە ئەم پۆلە خەڵکە لە پرۆسەیەکی مێژووییدا، چینی بورژوا پێکدێنن‌و نووسەر بەپەرۆشەوە بەدوای بابەتی گەرا خستن‌و چڕۆکردنی ئەم چینەی شاری سلێمانیدا دەگەڕێ‌و لەم پێناوەشدا بەماندووبوونێکی پشوودرێژانەوە، پەلی بۆ زۆر سەرچاوەو بەڵگەی دەست بۆ نەبراوی بابەتەکەی بردووە.. بەڵام مخابن، سەرەڕای ئەو هەموو تەقەللایەش، کەچی ڕۆڵی بورژوای کوردی لە شاری سلێمانیدا، ڕۆڵێکی ساواو لاوازی بووە. چونکە وەك نووسەر خۆی دەڵێ: (ئێمە ئەمرۆش لە ڕوومان نایەت باسی ئەوە بکەین، کە چینی بورژوامان هەیە، یان هەبوویێت.. لە (پێشەکی).

بەڵام دەرنەکەوتنی ڕۆڵی کارای بورژوای کورد لە ماوەی سەد ساڵی (١٨٢٠-١٩٢٠ز)ی دیاریکراودا، پشووی نووسەری سوار نەکردووە، بەڵکو بەهەمان تەقەللای دیتنەوەی دوورترین تروسکەو بچووکترین بەڵگەوە لە ئیستگەکان‌و خاڵی

رووداوه بچووك‌و گه‌وره‌كانی ته‌مه‌نی سلێمانیدا، له‌نگه‌ری گرتووه‌و رووداوه‌كانی دواندووه‌.

یه‌كه‌مین ئیستگه‌ی به‌رجه‌سته‌ی ئه‌و رووداوانه‌ش، راپه‌ڕینی ساڵی (١٨٨١)ز)ی شاری سلێمانییه‌، كه‌ ماوه‌ی (٣) رۆژی خایاندووه‌و تیایدا شاری سلێمانی ئازادكردووه‌.

نووسه‌ر ئه‌م زانیارییه‌ی له‌ سه‌رچاوه‌یه‌كی (مێجه‌رسۆن)ه‌وه‌ هێناوه‌ (ل٦٤)، كه‌ ئه‌ویش سه‌ره‌تای سه‌ده‌ی پێشوو، به‌سه‌ردانێكی نهێنی له‌ سلێمانی ماوه‌ته‌وه‌و وه‌ك (سۆن) باسی ده‌كات، ئه‌م راپه‌ڕینه‌، ئاكامی یه‌كگرتنی نوێنه‌رانی چینی بورژوای شاری سلێمانییه‌، دژی به‌ره‌ی شێخان (نه‌وه‌كانی شێخ مارفی نۆدێ)، بۆ ئه‌وه‌ی له‌ یه‌ك كاتدا په‌لاماری حاكمی عه‌سكه‌ریی عوسمانی‌و بنه‌ماڵه‌ی شێخان پێكه‌وه‌ بده‌ن‌و له‌ شاریان ده‌رپه‌ڕێنن.

له‌م راپه‌ڕینه‌دا (وه‌ك سۆن ده‌یگێڕێته‌وه‌) نوێنه‌رانی چینی بورژوا، پێوه‌ندییان به‌هۆزی (هه‌مه‌وه‌ند)ه‌وه‌ كردووه‌، كه‌ ئه‌و زه‌مانه‌ به‌عه‌شیره‌تێكی جه‌نگاوه‌رو چاونه‌ترس ناویان رۆیشتووه‌ (ل٦٤).

له‌م راپه‌ڕینه‌دا ئه‌وه‌نده‌ی نامێنێ شار بكه‌وێته‌ ده‌ست كۆمه‌ڵانی خه‌ڵك، به‌ڵام (په‌لاماری هێزی سه‌ربازیی عوسمانی، به‌توندی هێرشیان كرده‌ سه‌ر راپه‌ڕیوه‌كان‌و سه‌ركوتیان كردن‌و..ل٦٥).

نووسه‌ر ئه‌م رووداوه‌ی له‌ دوو جێگه‌ی كتێبه‌كه‌یدا به‌سه‌ركردۆته‌وه‌ (ل١١، ٦٤)، به‌ڵام له‌ هیچكامیاندا له‌نگه‌ری لایان نه‌گرتووه‌و كه‌م‌و زۆر ورده‌كاریی‌و سه‌رنج‌و لێكدانه‌وه‌ی خۆی له‌سه‌ر نه‌كردووه‌. له‌ كاتێكدا من چاوه‌نوارم ده‌كرد هه‌ڵوێسته‌ی له‌سه‌ر بكات‌و ته‌قه‌للای ئه‌وه‌بدات چاوهه‌ڵبخات‌و ئاسۆی جوگرافیای شاری سلێمانی تێپه‌ڕێنێ‌و بۆ ناوچه‌كانی تری كوردستان له‌گه‌ڵ رووداوه‌كانی تری شارو ناوچه‌كانی كوردستاندا، هاوئاهه‌نگییان پێبكات. به‌مه‌ش ده‌سته‌چیله‌و پشتیوانیی زیاتر، بۆ روونكردنه‌وه‌ی ئه‌م رووداوه‌ په‌یدا ده‌بوو. كه‌ نووسه‌ر ئه‌مجۆره‌ كاره‌ی بۆ روونكردنه‌وه‌ی چه‌ند بابه‌تێكی تری كتێبه‌كه‌ی كردووه‌، وه‌ك له‌ (لاپه‌ڕه‌كانی: ٥٩، ٩٠)دا، نموونه‌ی له‌ هه‌ندێ هه‌واڵ‌و رووداوی شاری كرماشانه‌وه‌، بۆ سلێمانی گواستۆته‌وه‌.

لەبەرئەوە پێم باشە من لای خۆمەوە مۆڵەت لە نووسەر وەربگرمو بەمجۆرە چڕو خێرایە، لەم رووداوەی ساڵی (١٨٨١ز)ی شاری سلێمانی بدوێم:

راپەڕینی ساڵی (١٨٨١ز)ی شاری سلێمانی، هاوکات و هاوئاهەنگە لەگەڵ تەنینەوەی جەماوەرییانەی شۆڕشی (١٨٨٠-١٨٨١)ی کورد، کە شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری (١٨٣٠-١٨٨٣ز) رابەرایەتیی کرد. ئەم شۆڕشە کە ناوەندی سەرکردایەتییەکەی لە(نەهری)ی بارەگاکەی شێخ عوبەیدوڵڵا بوو، دوای زنجیرەیەك کۆبوونەوەی فراوان لەگەڵ نوێنەرانو سەرانی هەموو ناوچە جیاجیاکانی کوردستان، کە نوێنەری شاری (سلێمانی)یشیان تێدابووە،[٤] لە بەهارو کۆتایی هاوینی (١٨٨٠ز)دا سازدرا، بڕیاردرا بۆ رزگارکردنی کورد، لە دەست زوڵمو ستەمی هەردوو دەوڵەتی قاجاریو عوسمانی، بەدوو قۆناغ دەست بەئازادکردنی کوردستان بکرێ. قۆناغی یەکەم لە کوردستانی بندەستی ئێرانو پاشانیش کوردستانی عوسمانی ئازاد بکرێ.

بۆ ئەم مەبەستە، لە کۆتایی (مانگی ٩/١٨٨٠ز)دا، هێزی سوارەو پیادەی کورد،[٥] لە دوو قۆڵەوە بەرەودوا، هێرشیان بۆ سەر ناوچەکانی موکریانو ئازەربایجانی خۆرهەڵات (تەورێز)و خۆرئاوا (ورمێ) بردو لە ماوەیەکی زۆر کورتدا زۆربەی ناوچەکانیان ئازادکردو لە ناوچە کوردنشینەکانی وەك: سابلاخ، سەقز، بانەدا بەنیازی پێکهێنانی دەوڵەتی کوردستان، فەرمانڕەواو کاربەدەستیان بۆ دیاریکردن.

ئەم بەرنامەیەی شێخ عوبەیدوڵڵاش هەڕەشەیەکی ترسناکی بۆ دەوڵەتی ئێران بەتایبەتیو بۆ هەردوو دەوڵەتی عوسمانیو رووسیاش بەگشتی دروست کرد. بۆیە ئێران بەپەلە هەموو هێزەکانی خۆی لە سەرتاسەری ئێرانەوە، بۆ سەرکوتکردنی شۆڕشەکە خڕکردنەوەو رووسیاش بەهەمان خێراییو بۆ رێگەگرتن لە تەنینەوەی شۆڕشی کورد، هێزی سەربازیی خۆی ناردە ناوچەی (جەلفا)و تورکیاش هێزێکی زۆری بۆ سەر سنوورەکانی ئێران-عوسمانی دامەزراندو بەهەموویان گەلەکۆمەکێی سەربازییو دیپلۆماسیشیان لە بەرنامەکانی شێخ عوبەیدوڵڵا کرد. لەبەرئەوە هێزەکانی کورد، لەبەرامبەر هێزی سوپای ئێرانو چەکدارانی خۆبەخشی ناوچە عەجەم نشینەکاندا، نەیانتوانی هەردوو شاری (تەورێز)و (ورمێ) بگرنو لە دوای

شەڕو تێهەڵچوونو پەلاماری خوێناویی لە نێوان هەردوو هێزی کوردو سوپای ئێرانیدا، کە نزیکەی دوو مانگو نیوی خایاند، هێزەکانی کورد لە (١٢/١١/١٨٨٠ز)دا، تێکشکانو تێکشکاویی بەرەو سنوری عوسمانی (ناوچەی هەکاری) پاشەکشەیان کرد. دەوڵەتی ئێرانیش لە (٢٢/١١/١٨٨٠ز) بەدواوە، لە تۆڵەی ئەم هێرشەی شۆڕشگێڕانی کورددا، کە کوردانی هەموو ناوچە کوردنشینەکانی ئێرانن بەهەموو جۆرێك بەشدارییو هاوکارییان کرد، کەوتە سزادانی بەکۆمەڵو سووتاندنو کاولکردنو تالانکردنی گوندو مەزراکانیان. دانیشتووانەکانیشیان لە ترسی گیانی خۆیان، بەدەیان هەزار کەس ئاوارەی ناوچەو شارەکانی رەواندزو نەهریو هەولێرو سلێمانیو شوێنە سەختەکان بوون.. بەم بۆنەیەوە نزیکەی (٤-٥) مانگ سوپای ئێران، زۆر دڵڕەقانە، هەموو گوندە کوردنشینەکانیان کاول کردو بوونە چۆڵەوانیی.. شێخ عوبەیدوڵڵاو فەرماندەکانی تری شۆڕشیش، بەهەموو جۆرێك کەوتنە کۆکردنەوەو داڵدەدانیانو رێکخستنەوەی جەماوەر بۆ هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشو پێوەندیو نامەگۆڕینەوە لەگەڵ سەرانی خێڵەکانی پشدەرو رانیەو قەڵادزێو کۆیە.

لەم سەروبەندەدا، بەپێداگریی ئێران، هەردوو دەوڵەتی رووسیاو بەریتانیا، گوشاری زۆریان بۆ سەر دەوڵەتو دەرباری عوسمانی دەبرد، تا بەهەر شێوەیەك دەبێ، رێگە لە سەرهەڵدانەوەی راپەڕینی کورد بگیرێو شێخ عوبەیدوڵلا لە ناوچەی (هەکاری) دووربخرێتەوە. لەم پێناوەدا سەرانی دەوڵەتی عوسمانی، دەیانویست بەئارامییو لەسەرخۆ لەگەڵ شێخ عوبەیدوڵڵادا بجووڵێنەوەو بەخۆشیی لەداوی بخەن.. لە زستانی (١٨٨١ز)دا، بەگەرمیی کەوتنە هاتوچۆ بۆ لای، لە بارەگاکەی خۆی لە نەهری.. سەرەتای ئەم سەردانانەش بەوە دەستی پێکرد، کە سوڵتانی عوسمانی، یاوەرێکی جەنگیی خۆی بەناوی (کۆلۆنێل ئەحمەد بەگی یاوەر) بەنوێنەرایەتی خۆی بۆ لای شێخ عوبەیدوڵڵا ناردو کۆبوونەوەی نهێنیو دووقۆڵییان کردووەو بەناوی سوڵتانیشەوە بەڵێنی پشتیوانیکردنی لە هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش لە ئێرانداو جێبەجێکردنی هەندێ لە داخوازییەکانیشی لە قەڵەمڕەوی عوسمانی پێدا. ئیتر هەر ئەم یاوەری سوڵتانی عوسمانی (کۆلۆنێل ئەحمەد بەگ)ە، بەهەمان مەبەست سەردانی شێخ عوبەیدوڵڵای کردووەو هاوئاهەنگیی کۆکردنەوەو سازدانی

جەماوەری ناوچە جیاجیاکانی کوردستانی لەگەڵ شێخ عوبەیدوڵڵا بەگشتیو لەگەڵ شێخ عەبدولقادری کوڕی شێخ عوبەیدوڵڵادا بەتایبەتی کردووەو بەجووتەش (شێخ عەبدولقادرو کۆلۆنێل ئەحمەدبەگ)، لە سەرەتای مانگی (٣/١٨٨١ز)دا، سەردانی شاری (رەواندز)و (هەولێر)یان کردووەو لە هەردوو شارەکە، بەرێنوێنی و ئامۆژگاریی ئەحمەد بەگی کۆلۆنێل، کۆبوونەوەیان بەو سەرۆك عەشایەرو جەماوەرە زۆرەوە کردووە، کە پێشتر شێخ عوبەیدوڵڵا لە هەموو ناوچەکانەوە بانگهێشتی کردبوون.. لە هەولێریش تەلگرافێکی تێروتەسەلیان بەناوی جەماوەری کوردستانەوە بۆ خاوەن شکۆ (سوڵتانی عوسمانی)، بەسکاڵاو گازەندەوە بەمجۆرە کردووە:

(.. بۆچی دەوڵەتی رووس لایەنگریی لە کۆمەڵو دینی خۆی، بۆ پشتیوانیی لەگەڵ (قەرەباغ)و (سربستان) کردووە، کەچی بەرێزتان، کە خەلیفەی موسڵمانانن، چۆن رازی دەبن دەوڵەتی عەجەم، بۆ خزمەتی مەزهەبی خۆی، خوێنی ئێمە برێژێو ماڵمان تالان بکاتو مەزهەبمان بگۆڕێو لە نیشتمانی راستەقینەی خۆمان ئاوارەمان بکات!؟..)[٦].

دوای کۆبوونەوەیەکەی هەولێر، شێخ عەبدولقادری کوڕی شێخ عوبەیدوڵڵا، بەنیازی بەسەرکردنەوەی عەشایەرەکانی ناوچەی (کۆیە)و (پژدەر)و رێکخستنەوەیان، سەردانی کۆیەو پژدەری کردووەو لەوێشەوە بۆ (بیتوین) چووەو ماوەیەك میوانی (مامەند ئاغای پیران) بووە.[٧]

زانیارییو بەڵگەکانی بەردەستم، کە لەسەر شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵا کۆمکردوونەتەوە، تا ئێرە هەواڵی ئەوەیان تێدا نییە، کە شێخ عەبدولقادر لەم بەسەرکردنەوەی ناوچەکانی باشووری کوردستاندا، کە لە مانگی (٣/١٨٨١ز)دا کردوونی، سەردانو کۆبوونەوەی بەعەشایەرو جەماوەری شاری (سلێمانی)ش کردبێ، دەشێ لە سەرچاوەو بەڵگەی تردا، کە چنگ من نەکەوتوون، نوێنەرانی شاری (سلێمانی)یشی دیبێ، بەڵام چەند مانگێك دوای ئەم زنجیرە سەردانو کۆبوونەوەو خۆئامادەکردنەوەیە بۆ هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش، دیسانەوە دەربارەی عوسمانی، لە ژێر گوشاری ئێرانو رووسیاو ئینگلستاندا، گوشاریان بۆ شێخ عوبەیدوڵڵا بردووە، کە دەبێ سەردانی سوڵتانو ئەستەموڵ بکات.. وەك

دەردەکەویٚ شێخ عوبەیدوڵڵاش تارادەیەك بڕوای بە بەڵێنەکانی دەربارو سەرانی عوسمانی کردبیٚ، بۆیە دوای تەنگ پیٚ هەڵچنینو گەمارۆدانی بارەگاکەی بەهێزی سوپاوە، بەناچاریی لە (١٨٨١/٦/٤ز)دا، بۆ ئەستەمووڵ براوە.[٨]

ئەم بەڵێنو پەیمان شکێنییەی سوڵتانو دەرباری عوسمانی بەرامبەر بە شێخ عوبەیدوڵڵاو جەماوەری کوردستان، بۆ داکۆکی لە مافەکانیو دواتر گرتنو بردنی شێخ عوبەیدوڵڵا بۆ ئەستەمووڵ، جەماوەری کوردستانو پەیڕەوانی ڕێبازی نەقشی تووڕەو بێزار کردووەو ئەوەی (مێجەرسۆن)یش سەبارەت بە پێوەندیکردنی نوێنەرانی شاری سلێمانی، بە خێڵی (هەمەوەند)ەوە دەیگێڕێتەوە، روونکردنەوەو بەرجەستەکردنێکی جوانی رووداوەکانە. چونکە ئەگەر سەرەداوەکانی ئەم گێڕانەوانە، لەگەڵ یەکتر گرێبدەینەوە، وێنەیەکی روونتری شێوەی راپەڕینو بێزاریی دەربڕینەکەمان بۆ دەردەکەویٚ، بەوەی کە خێڵی (هەمەوەند)، وەك خێڵێکی سەرکەشو یاخی لە دژی هەموو داموەزگاکانی ئیدارەی دەوڵەتی عوسمانیو بەرەی (شێخان)یش وەك پاڵپشتو هاوکارێکی رژێمی عوسمانی، دەبیٚ بۆ راپەڕین دژی دەسەڵاتو ئیدارەی عوسمانی، پەنا بۆ هێزێکی دژی عوسمانی ببریٚ، کە لەو کاتەدا خێڵی (هەمەوەند)ە.

لەم رووداوەدا وێنەی دوو دەستەی دژ بەیەکی ئەو رۆژگارەی شاری (سلێمانی)مان لە بەرچاودا بەرجەستە دەبیٚ:

بەرەی دەسەڵاتدارانی عوسمانیو هاوکارانی، کە بەرەی (شێخان)نو بەرەی نوێنەرانی چینی بورژوا، کە نوێنەرانی ئەم چینە، پێکهاتەیەکی تێکەڵە لە کاسبکارانو پیشەوەرانو خوێندەوارانو پەیڕەوانی ڕێبازی نەقشی، رۆڵی سەرەکییان لەم بەرەیەدا هەیە، ئەگەر نەڵێم هەموو رابەرایەتیکردنەکەی ئەم بەرەیە، وەك دواتریش و بەتایبەتی لە سەرەتای سەدەی بیستدا، هەر ئەمانن. چونکە ئەو شیعرو لاواندنەوانەی لەو بۆنەیەدا بۆ گرتنو بردنەکەی شێخ عوبەیدوڵڵا بۆ ئەستەمووڵ، لە لایەن پەیڕەوانی ڕێبازی نەقشییەوە لە شاری سلێمانی وتراونو دواتریش لە کۆڕو موناجاتی ئاییینیدا، بەدەفەوە خوێندراونەتەوە، تا دوای سەرەتاکانی سەدەی پێشووش هەر بەسەر زاری پەیڕەوانی نەقشییەکانی

(سلێمانی)یەوە بوون. لەم بارەیەوە ئەفسەرو رووناکبیر: رەشید شەوقی (١٩٠٣-١٨/١٠/١٩٦٧ز) لە بیرەوەرییەکانی منداڵی خۆیدا ئاوای دەگێڕێتەوە:

(.. چونکە دەنگخۆش بووم، دەفێکیان بۆ دروست کردبوومو فێری گۆرانی دەروێشانیان کردبووم، ئەو گۆرانییەش ئەوەبوو کە بەسەر شێخ عوبەیدوڵڵای نەهریدا وترابوو، کە ئەو خوالێخۆشبووە ویستبووی لە کوردستانی ئێراندا، سەربەخۆیی دەوڵەتێکی کوردی رێکبخاتەوە، بەڵام لەبەر نووستوویی گەلەکەیو هێرشی ئێران و تورکی خەلیفە، بۆی سەرنەگرتو تورکان بەدیل بردیان بۆ بەغداو لەوێشەوە بۆ ئەستەموولْ. ئەمەش یەکێکە لەو گۆرانییانە:

شێخ عوبەیدوڵڵام بەزەلیلی

بردیان بەرەو خوار بەدیلیی

حافیزی بیٚ جوبرائیلیی

دەمرم بۆ شێخ عوبەیدوڵڵا[9]

هەڵبەتە هاوکارییو پشتیوانیکردنی دەستەی بازرگانو پیشەوەرو خوێندەواران لە رێبازی نەقشی، هەر بەتەنیا لەم بۆنەیەدا (١٨٨١ز) نەبووە، بەڵکو لەسەرەتای دەرکەوتنو درەوشانەوەی (مەولانا خالید)ەوە، وەك کەسێکی رزگارکارو ئەلتەرناتیف، بۆ چارەسەری کێشەکانیان بۆیان نواڕیوەو ئومێدی زۆریان پێی بووە. لە ناو ئەم جەماوەرە فراوانەشدا نوێنەرانی خوێندەواران، لە هەموو دەستەو توێژێك زیاتر لە مەولانا خالید ئاڵاونو داکۆکییان لێکردووە. چونکە جگە لەوەش کە وەك رابەرێکی ئایینی، خاوەن بیروبۆچوونو زانیاریی نویٚ ناسیویانە، هاوکات وەك دیاردەو وەرسووڕانێکی نوێی رووناکبیریی، کە لە ماوەیەکی زۆر کورتدا (١٨١١-١٨٢٠ز)، گۆمی لیخنو مەندی رووناکبیری دەڤەرەکەیشی شڵەقاندووە، دڵبەستەو سەراسیمەی بوون.[10]

بەم پێیە، ئەو ململانیٚ درێژخایەنەی لە نێوان (بەرەی شێخان)ی سلێمانیو بەرەکەی تردا، کە بازرگانو پیشەوەرو پەیڕەوانی رێبازی نەقشی پێکیان دەهێنا،

له ناوەرۆكدا خوێندەواران رابەرایەتییان دەكرد. بەواتایەكی تر: ململانێی نێوان خوێندەوارانو نەخوێندەواران بوو، كە ئەمجۆرە ململانێیە، دژوارترین و سەختترین ململانێی مێژووە، چونكە نەخوێندەوار كاتێ كە دڵنیا دەبێ لەگەڵ خوێندەواراندا دەبەزێ، ئەوسا لە شێوازی هەڕەشەو تۆقاندنو تیرۆر زیاتر، شێوازێكی تر شك نابات‌و هەر لە سەرەتای ململانێكەشەوە بەر لە هەمو كەسێك، بەم شێوازە لەگەڵ خودی "مەولانا خالید"دا جوڵانەوەو لە شاری سلێمانی دەریان پەڕاند.. كە لە بەرامبەردا مەولانا خالید، هەڵوێستی خوێندەوارانەو پاراستنی ئاسایشی قەڵەمڕەوی بابانو سەروماڵی دانیشتووانی كوردستانی هەڵبژارد. هاوكات هەر خودی مەولاناش لە هەمان رۆژگاردا، راستەوخۆ بە(شێخ مارفی نۆدێ)ی رابەری بەرەی شێخانی وتووە: ئێوە لەم ململانێیەتاندا لەگەڵ مندا، پشت بە نەخوێندەواران دەبەستن[11] و ناتوانن وتووێژو دیالۆگی خوێندەوارانەو رووبەڕوو لەگەڵماندا ساز بكەن.[12]

دەرپەڕاندنی مەولانا خالید لە شاری سلێمانی، ئەگەر تینو تاوی ململانێیەكەیشی بە هەڵچوویی رانەگرتبێ‌و جۆرێكیش لە هەرەس‌و پاشەكشێی لای بەرەی لایەنگیرانی مەولاناو خوێندەواران نیشاندابێ، بەڵام ململانێیەكەی بەزیندوویی راگرتووەو هاوهەڵوێستی‌و سۆزی رووناكبیرانی لە دژی ناهەقیی‌و غەدر خۆش كردووەو بەرەیەكی ئۆپۆزسیۆنی رانەگەیەندراوی لێ پێكهێناون.

لەم بەرەیەدا سەرباری ئەوەی كە خەڵك، بەرەی شێخانو دەسەڵاتی توركی عوسمانییان بە بەرەی دژی خۆیان دادەناو قینیان بەرامبەریان ئەستوورتر دەبوو، هاوكات لای خوێندەواران بەگشتی‌و لای شاعیرانی وەك: سالمو كوردی‌و نالی بەتایبەتی، گیانی بەرگریی نیشتمانیی، لە دژی دەسەڵاتی داگیركارانەی عوسمانی، پەرەی سەندو لە شیعرو بەرهەمیاندا، بەزەقیی رەنگیدایەوەو (مەولانا خالید)یان وەك رەمزی ئەو غەدرو رقە، بەكاردەهێنا. نالی لەو قەسیدە بەناوبانگەیدا، كە لە شامەوە بۆ (سالم)ی ناردووەو بریتییە لە (٤٣) بەیت، لە (١١) بەیتیاندا باسی یادو خۆشەویستیی خانەقاكەی مەولانا خالید دەكات[13]. (سالم)یش لە زۆربەی شیعرەكانیدا، توركی عوسمانی، بەدزێوترینو دڵڕەقترین دوژمن چواندووە، كە دیارە لەمەدا هاوپەیمانەكانی توركی عوسمانیشی مەبەستە.

بەمجۆرە ئەم پرۆسەی ململانێیە، هەر درێژەی کێشاوەو بەو هۆیەشەوە کە لەو سەردەمەدا هۆیەکانی راگەیاندن: رۆژنامە، رادیۆ.. لە کوردستاندا نەبوون‌و شیعری ئەم شاعیرانە، لە خانەقاو تەکیەو مزگەوت‌و کۆڕو کۆمەڵی رووناکبیراندا، دەستاودەستی کردووە، ئەوا بەردەوام دەستەو پۆلی تری جەماوەرو خوێندەوارانی دەستەکانی دوای خۆیان، بەم گیانە پەروەردە بووە، کە بێزاریی نامەکەی بازرگان‌و کاسبکارو زانایانی شاری سلێمانی، لە کۆتایی سەدەی نۆزدەو روونتر لە ساڵی (١٩٠٢ز)دا، لە دژی گەورە بەرپرسێکی وەك پارێزگا (متصرف)ی سلێمانی، بۆ سوڵتانی عوسمانی، دەبێتە دووەمین راپەڕینی دوای یەکەمین راپەڕینی ساڵی (١٨٨١ز)ی شاری سلێمانی‌و ئەمیش هەر تەواوکەرو درێژەدەری ئەو رقە پیشخواردووەیە، کە جەماوەری هوشیاری شاری سلێمانی، لە دژی دەسەڵاتدارانی عوسمانی‌و هاوپەیمانەکانیان ئەنجامیان داوە.. کە ئەم راپەڕین‌و مانگرتنە، لەوەی بیست ساڵی پێشتر، خەستترو پشوودرێژتریشە، چونکە ماوەی مانگێك درێژەی کێشاوە.

ئەم بێزاریی نامەیە، کە لە لاپەڕە (٦٥)ی کتێبەکەی مامۆستا جەعفەردا ئاماژەی پێکراوە، ژمارە (١٠٦) کەس ئیمزایان کردووە، لەمانەش (٨٢)یان ئیمزای بازرگان‌و (٢٦)یان ئیمزای زانایانی ئایینین، کە دڵنیام ئەگەر بتوانرایە لێکۆڵینەوە بۆ ناسینەوەی ناوی ئەو (٢٦) زانا ئایینییە بکرابایە، ئەوا بێ هیچ گومانێك، یەك کەس لە کۆی ئەو (٢٦) زانایە، سەر بەرێبازی (قادری-بەرەشێخان) نەبوون.

ئەم رووداوانەو رووداوی پاشتریش، کە (١٥-٢٠) ساڵ دوای ئەم رووداوە دەردەکەوێ، سەرهەڵدانی دەستەیەکی تری نوێنەرانی بورژوای نیشتمانپەروەرن، کە بریتین لە بازرگان‌و پیشەوەران بە گشتی‌و بەتایبەتیش رووناکبیران‌و لە ناو ئەو رووناکبیرانەشدا ئەو دەستە رووناکبیرەی کە بە(مننەوەران) ناسران.. سەرهەڵدانی ئەم شەپۆلەش، کە دەکەوێتە پێش ساڵانی (١٩٢٠ز) سەدەی پێشوو، هەر بەرووبووم‌و سەرئەنجامی ئەو پرۆسەی ململانێ درێژخایەنەی پێشووترە، کە ئەم شەپۆلەی لە هەناوی خۆیدا پێگەیاند. ئەم شەپۆلە، جگە لەو بازرگان‌و پیشەوەرانەی کە نموونەیان لە راپەڕین‌و مانگرتنەکانی پێشتردا بوون، ژمارەیەکی

زۆری سیاسەتمەدارو نووسەرو شاعیرو رۆژنامەنووسی گەورەشیان تێدابوون، کە لە هەڵوێستی سیاسیو بەرهەمی نووسینو شیعریاندا، زۆر توندتر لە دەستەکانی پێش خۆیان، دژی لایەنگرانی دەسەڵاتی عوسمانیو نەخوێندەوارانو بەرەی شێخان بوون، بەجۆرێك کە سەرەڕای تیرۆرکردنی درەوشاوەترینی جووتە رووناکبیری ناو ئەم شەپۆلەی وەك: جەمال عیرفان (١٨٨١-١٩٢٢/١٢/١٢)و عارف صائیب، بەڵام شێلگیرانەترو بێ پەروا، بەرهەمێکی ئەدەبیی رەخنەئامێزو جوامێریان خستە سەر خەرمانی ئەدەبی کوردی، کە وەك ئاکام، لەبەرهەمی هیچ کامیاندا، ددانی خێر بە بەرەی شێخاندا ناهێنرێ، بەڵکو سەرومڕ رەخنەیە لە بەرەی شێخان.. رەخنە بەهەموو جۆرەکانییەوە: رەخنەی دڵسۆزانەو ژیرانە، رەخنەی لاقرتێو کاریکاتێر ئامێز.. کە ئیتر هەر ئەم ئەدەبەش، بووە مۆرکو شەقڵی سەرتاپادگری ئەدەبی نیوەی یەکەمی سەدەی بیست.

بەمجۆرە ململانێی درێژخایەنی ئەم گروپە کۆمەڵایەتییانەی شاری سلێمانی، کە مامۆستا جەعفەر، ماوەی سەد ساڵی نێوان (١٨٢٠-١٩٢٠ز)ی بۆ دیاری کردوون، سەرئەنجام مێژوویەکی درێژیشی پڕ لە جموجووڵو بزووتنەوەو هەڵچوونو داچوونی بەهەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیی، ئابووریی، سیاسیی، فەرهەنگیی، ئەدەبیی.. بەشاری سلێمانی بەخشیوە، کە بەهەموو ئەم جیاوازییانەش، جیاوازییەکی تایبەتمەندی بەشاری سلێمانی داوەو لە شارەکانی تری کوردستانی جیاکردۆتەوەو کردوویەتی بە شارێکی نموونەو پێشەنگو ئاڵای پێشڕەوایەتیی لەو بوارەدا پێ داوەو بەدرێژایی ئەو ماوە دیاریکراوە (١٨٢٠-١٩٢٠ز)و دواتریش، دەستپێشخەر بێو فەرهەنگی جیاجیا، بەشارەکانی تری کوردستان ببەخشێت.

کەواتە کاتێ ئەم سیما جیاوازانە، شاری سلێمانی لە چاو شارەکانی تری کوردستاندا جیاواز نیشان دەدەن، ئیتر دەبوایە هەر نووسەر خۆی، وەڵامی ئەو جیاوازییانەش بداتەوە، کە لە نێوان شاری سلێمانیو شارێکی وەکو (رەواندز)دا هەیەو دەپرسێ: بۆ هەمان دیاردە، لە شاری رەواندز، کە پێتەختی میرنشینی (سۆران) بووە، بیری بزووتنەوەی نەتەوەیی، لەوێش (رەواندز) سەری هەڵنەدا ؟!(ل٣٥).

بێگومان وەڵامی ئەم پرسیارە، هەر لە هەناوی ئەو ئەنجامگیرییەدایە، کە وتمان: شاری سلێمانی لە ئاکامی پرۆسەیەکی ململانێی پێکهاتەیەکی جیاوازو درێژخایەندا، ئەم ئەنجامەی لێکەوتەوە، کە ئەم ململانێیە، لە پێش گواستنەوەی پێتەختی میرنشینی باباندا، کە لە (قەڵاچوالان) بوون، رووی نەداوە، چونکە شاری (رەواندز) بەپێوانەی شاری (سلێمانی)، ئەوەندەی پێکهاتەی تێکەڵو جیاوازو دژە بەرژەوەند، تێدا کۆنەبوونەتەوە، تا پرۆسەیەکی ململانێ دروست بکەن.. لەبەرئەوە ئەگەر میرانی بابانیش، پێتەختەکەیان هەر لە(قەڵاچوالان) بهێشتایەتەوە، ئەوا (قەڵاچوالان)یش هەروەك شاری (رەواندز) دەمایەوە، ئەگەر نەڵێم زۆر پاشکەوتووتریش دەبوو.

هەر لە بواری ئەم بەراوردانەدا، نووسەر دەپرسێ: بۆ شارێکی چکۆلانەی وەکو سابڵاخ (مەهاباد)، کە سەردەمێك پێتەختی میرنشینی موکریان بووە، دەبێتە ناوەندی بزووتنەوەی نەتەوایەتی، کەچی شارێکی گەورەتری وەکو (سنە)، کە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ پێتەختی والییەکانی ئەردەڵان بووە، ناتوانێ خەرمانەی بیری نەتەوەیی لە خۆی بئاڵێنێ؟! (ل٣٥).

وەڵامی ئەم پرسیارەش ئاسانە، ئەگەر هەوڵبدەین پێشینەیەکی مێژوویی دەڤەری موکریانو شاری (سابڵاخ) بەسەر بکەینەوەو بڵێین: شایەکانی سەفەوی رقێکی کۆنیان لە کوردانی باکووری خۆرئاوای ئێران لەسەر ئەوە هەڵگرتبوو کە کوردانی سوننی مەزهەبی ئەو ناوچانە، لە شەڕی چالدێران (١٥١٤ز)دا، پشتیوانییو هاوکارییەکی راستەوخۆی سوپای عوسمانییان کردو شوێنەواری ئەو پشتیوانییەش، تا رۆژگاری شا عەبباسی یەکەم (١٥٨٧-١٦٢٩ز)، هەروا بەزەقیی مابووەوەو کوردانی ناوچەکانی: تەرگەوەڕ، مەرگەوەڕ، سۆما، برادۆستو موکریان، کە (ئەمیرخانی برادۆست- خانی لەپزێڕین) فەرمانڕەوایان بوو، هەر بەهێز دەبوونو خۆیان قایم دەکرد.. شا عەبباس ئەم گومانی خۆقایمکردنانەی لێ کردنە بیانووپێگرتنو لە ساڵی (١٦٠٩ز)دا، هێرشێکی گەورەی نارده سەریان. پاش شەڕێکی سەختو ئابڵوقەدانێکی درێژ، شا عەبباس قەڵاکەی ئەمیرخانی گرتو هەزاران کەسی لێ کوشتن. شا عەبباس بەوەشەوە نەوەستاو لەشکرەکەی شوێن ئەو هێزانەی کورد خست، کە مەیدانی شەڕەکەیان رووەو موکریان دەهێنا.

هێرشێکی گەورەیشی بۆ سەر موکریان کردو لەوێش کوشتارێکی زۆری لە کوردان کرد[١٤].. ئەم هێرشەی شا عەبباس کە (٦٠) شەست هەزار سواربوون، ماوەی (٤) رۆژو (٤) شەو، خەریکی قەتڵو عام بوون[١٥].

نووسەرێکی عەجەم، کە باسی شەڕو کوشتاری دوامەیدانی ئەم تێهەڵچوونەی کوردو سوپای سەفەوی دەکات، دەڵێ: ئەو شوێنەی ئەو دوا کوشتارەی کوردیان تێدا کردووە، بە(کوردقڕان) ناسراوە[١٦].. واتە: سەرلەبەری کوردانی جەنگاوەرو ناوچەکانیشیان لە ناوبردوون. ئەو مەیدانەش کە ئەم نووسەرە عەجەمە باسی دەکات، ناوچەی (شار وێران)ی تەنیشت باکووری خۆرهەڵاتی ئێستای شاری (مەهاباد)ە، کە نووسەرانی سەفەوی، هەر بەم کوشتارو کاولکارییەشەوە نەوەستاونو دەیان هەزار بنەماڵەی کوردیان لەم ناوچانە، بۆ ناوچەکانی (خۆراسان)ی خۆرهەڵاتی ئێران گواستەوەو لە جێی ئەوان، دەیان هەزار بنەماڵەیان لە ئیلی ئەفشار، لە ناوچە کوردنشینەکاندا بەتۆپزیی نیشتەجێ کرد.. ئەمەش بووە یەکەمین سۆنگەی دروستکردنی ناکۆکی قووڵی هەمەلایەنەی نەریتی ژیانو جۆری جیهانبینیو خووڕەوشتی کۆمەڵایەتییو پەروەردەی ئایینو زمان، لە نێوان دوو نەتەوەی جیاواز، واتە: کوردو عەجەمدا، کە ئەم ناکۆکییە، هەتا هاتووە قووڵترو توندتر بۆتەوەو ئارامو ئاسایشی لە ناوچەکەدا نەهێشتووە، چونکە سوپای عەجەم بەبەردەوامیی بۆ تەمێکردنو سەرپێ دانەواندنی ئیلەکانی کوردو هێنانە ژێر باری فەرمانبەریی، هەمیشە شەڕیان بەکورد فرۆشتووەو کوردیش بۆ پاراستنی کەسایەتی سەربەخۆی خۆی، هەر لەبەر هەڵستیو ناکۆکییو ململانێدا بوون.. کە ئەم ستەمو زوڵمە نەتەوایەتییە هەر درێژەی کێشاوەو زەمینەی بۆ چەندان جار یاخیبوونو شەڕوشۆڕی ئیلەکانی (بڵباس)و دواتریش بۆ شۆڕشی ساڵی (١٨٨٠ز)ی پێشتر باسکراومان خۆش کردووە.. کە لەم شۆڕشەدا، یەکەمین شاری کوردنشین، کە لەلایەن شۆڕشگێڕانی کوردەوە رزگارو ئازادکراو هاوکات بەمەبەستی پێکهێنانی ئیدارەی دەوڵەتی سەربەخۆی کورد، فەرمانڕەوای کوردی بۆ دیاری کرا، شاری سابلاخ بووەو هەر شاری سابلاخیش ناوەندو بارەگای سەرەکی فەرماندەی هێزەکانی کورد (قۆڵی ئازەربایجانی خۆرهەلات). دوای سەرکوتکردنی ئەم شۆڕشەش، راپەڕینی (سمکۆ)ی شکاك لە ساڵانی (١٩١٥-١٩٣٠ز) دەست

پێدەکات، کە چەندان جار شاری سابلاخی لە ژێر دەسەڵاتی ئێران ئازاد کردووە. دوای ئەویش لە ساڵانی (١٩٤٠ز) بە دواوەی سەدەی پێشووەوە، پێکهێنانی کۆمەڵەو رێکخراوی نەتەوەیی- سیاسیو دروستبوونی کۆماری کوردستانیش، هەر لە هەمان دەڤەری مەهاباددا روو دەدەن، کە هەموو ئەم رووداوانە، کامی سەربەخۆییو ئازادییان بەم هەرێمە بەخشیوە. بۆیە بەردەوامیش خەباتیان بۆ بەدەستهێنانی ئازادی کردووە.

دەمێنێتەوە سەر بڕگەی دوایی پرسیارەکەی نووسەرو سەرهەڵنەدانی بیری ناسیونالیستی کورد لە شاری (سنە)دا، کە وەڵامەکەیشی ئەوە دەبێ: بەو هۆیەوە ئەو هەلومەرجەی لە ناوچەی موکریاندا روویداوە، لە شاری (سنە)ی پێتەختی ئەردەڵاندا رووی نەداوە، ئەوا دیارە ئەم ئاکامەیشی لێ نەکەوتۆتەوە. هەرچەندە هەر ئەوکاتەی سەرانی سەفەوی بەفەرمانی (شا عەباس)، هێرشیان بۆ سەر ناوچەکانی موکریان کرد، لە بەرنامەیەیاندا هێرش بۆ سەر ناوچەکانی ئەردەڵانیش بکەن، بەڵام لەبەر زۆر هۆ (کە ئێرە جێی نییە) ئەمەیان بۆ نەچووە سەرو دواتر بەهۆی ئەو خزمایەتییەی لە نێوان شا عەباسو خان ئەحمەدخانی میری ئەردەڵاندا هاتبووە گۆڕێو شا عەباس (زەڕین کولاە خانم)ی خوشکی خۆی بەخان ئەحمەدخان دابوو، لە کاتی لەشکرکێشی سوپای سەفەویدا، بۆ سەر ناوچەکانی موکریان، شا عەباس داوای لە خان ئەحمەد خان کرد، تا ئەویش لەشکرو هێزی خۆی کۆبکاتەوەو لەو هێرشانەدا هاوکاریی سوپای سەفەوی بکات. خان ئەحمەد خانیش لەشکری ئەردەڵانی کۆکردەوەو بەدەم بانگەوازی شا عەباسەوە چووەو بەجۆرێك لەسەرکوتکردنی دانیشتووانی موکریاندا بەدڵو بەکوڵ بەشداربووە، کە ئەو بەشە دانیشتووەی موکریان، کە لەدەست سوپاکەی خۆیو شا عەباس، رووەو (رەواندز) هەڵاتنو خۆیان لەقەڵاو شوێنە سەختەکانی رەواندزدا قایم کردووە، شوێنیان کەوتووەو گەمارۆی داونو سزای توندی بەسەردا سەپاندوون[١٧].. بەڵام لە رۆژگاری ئەم لەشکرکێشیو هێرشانەی سوپای سەفەوی دا بۆ سەر ناوچەکانی موکریان، هێشتا شاری (سنە) دروست نەکرابوو و پێتەختی میرنشینی ئەردەڵان لە قەڵای (حەسەن ئاوا) بوو، چونکە شاری سنە، لە ساڵی (١٦٣٥ز)دا دروست کراوە.

(٣)

بەرلەوەی ئەم چەند سەرنجە گشتگرە دوایی پێ بهێنم، بەپێویستی دەزانم چەند وردە سەرنجێکی تریش روونبکەمەوە:

١.نووسەر لە دوو جێگەی کتێبەکەیدا (ل٥٣، ٨٣)، لەنگەری لای بابەتی مردنو شوێنی ناشتنی (سلێمان پاشای کوڕی ئەوڕەحمان پاشای بابان) گرتووە. لە هەردوو جێگەکەشدا چەندین لێکدانەوەو بۆچوونی جیاوازی سەبارەت بەهۆی ناشتنی سلێمان پاشای بابان، بەتەنیشت گۆڕی (شێخ مارفی نۆدێ)وە دەربڕیوە، کە لە یەکەمیاندا دەڵێ: (ناشتنی سلێمان پاشای بابان بەتەنیشت گۆڕی شێخ مارفی نۆدێوە، شتێکی گرنگەو جۆرێکە لە پشکداریکردنی پیاوە ئایینییەکان لە دەسەڵاتی دونیاییدا، دوور نییە گەر هاوکێشەی پشکداریکردن لە دەسەڵاتی سیاسیدا، بەقازانجی مەولانا خالیدو تەریقەتی نەقشبەندی ببووایە، داهاتووی میرنشینی بابان بەجۆرێکی تر نەبووایە).

لە دووەمیشیاندا دەڵێ: (مردنی شێخ مارفی نۆدێ-١٨٣٨ز-و ناشتنی لە گردی سەیوانو مەرگی سلێمان پاشای بابان لە هەمان ساڵداو ناشتنی بەتەنیشت گۆڕەکەی شێخ مارفەوە، ناکرێ کاری رێکەوت بێت. دەتوانرێ لە ئاوێنەی ئەکتیکی سمبولیو میتۆلۆجییەوە، ناشتنی دوو کەسایەتی- دینی-و دنیایی- بەتەنیشت یەکەوە، کە راستییەکی نەشاراوەیە، پیاوی- دنیایی- کورد، هیچ حسابێکی بۆ —پیاوی ئایین-ی نەکردووەو هەریەکەیان لە شوێنێك نێژراون. میران، پاش مردنی سلێمان پاشا، هەستی سیاسییو مێژوویی خۆیان هەبووەو هەستیان کردووە لە سەر داروپەردووی دەسەڵاتی ئەواندا، ئەوا دەسەڵاتێك خەریکە لەدایك دەبێتو دەسەڵاتی ئەوان بەرەو ئاوابوونو تێکشکان دەچێتو بیانووی بوونی، خەریکە خۆی خۆی دەسڕێتەوە، رەزامەندیی یەکسانیبوون، تەنانەت لە

گۆڕستانیشدا، جۆرێك بووه له ددان پێدانانی دهسهڵاتی ئایینی ئهوهی رازیبووه باوکی بهتهنیشت پیاوێکی ئایینییهوه بنێژرێ، ئهحمهد پاشای بابان بووه..).

وهك لهسهرووتر وتمان: ئهم لێکدانهوهو بۆچوونانهی نووسهر، لهمهڕ ناشتنی سلێمان پاشا، بهتهنیشت گۆڕی شێخ مارفهوه دهربڕیون، جگه لهوهی زۆر له یهکتر جیاوازن، لق‌و پۆپیشیان زۆر لێ دهبێتهوه، بۆیه پێم باشه بۆ کۆکردنهوهی ئهم بیروبۆچوونه جیاوازانهو سهروبهرکردنیان، چهند روونکردنهوهیهك بخهمه روو:

١.سهرهتا ئهوه بهیادی نووسهری ئهم کتێبهو خوێنهرانیش دێنمهوه، که (کلودیوس جێمس ریچ) له کاتی سهردانهکهیدا بۆ کوردستان (١٨٢٠ز)و ئاشنابوونی لهگهڵ میرانی بابان‌و ئاگاداربوونی له ههڵوێستی ئایینی‌و سیاسییان، له یادداشتی رۆژی (٢٤ی حوزهیرانی ١٨٢٠ز)دا، له باسی مهولانا خالیددا دهنووسێ: (عوسمان بهگ پێی وتم: خۆی‌و مهحموود پاشاو زۆربهی سهرانی کورد، مریدی ئهون..)[١٨]. بهم پێیهو بهگوێرهی ئهم ههواڵهی (ریچ)، دهبێ (سلێمان بهگی برای مهحموود پاشا، که دواتر دهبێته: سلێمان پاشا، مریدو لایهنگیری شێخ مارفی نۆدێ بێ.. له یادیشمان بێ، که ئهم ههواڵهی (ریچ)، له گهرمهی ناوبانگ‌و دهسهڵاتی (مهولانا خالید)دایهو هێشتا له (سلێمانی) دهرنهپهڕێنراوه. بۆیه شتێکی ئاساییه ئهگهر سلێمان پاشا له ژیانی خۆیدا وهسێتی کردبێ، گۆڕهکهیشی له تهنیشت گۆڕی شێخ مارفی نۆدێوه بێ، که به ڕابهری ئایینی خۆی زانیوه.

٢.لهوهشدا که نووسهر دهڵێ: (پیاوی دنیایی کورد، هیچ حسابێکی ئایین نهکردووه)، من بیروڕام پێچهوانهیهو بۆ ئهمهش دیسان بام ههر له گهشتنامهکهی (ریچ)دا، یادداشتی ههمان رۆژی ناوبراو، بۆ بهڵگهی ئهوه بهێنمهوه، که پیاوی دنیایی کورده، زۆر رێزی له پیاوانی ئایین گرتووه، وهك نموونهی نێوانی مهحموود پاشای بابان‌و مهولانا خالید: (میر -مهبهستی ریچ له مهحموود پاشای بابانهوه-، وا خووی گرتبوو، له بهرامبهر مهولانا خالیددا بهپێوه بوهستێ‌و قهننهی بۆ تێبکات)[١٩]

٣.سهبارهت بهو لێکدانهوهیهش که نووسهر دهڵێ: (میران، پاش مردنی سلێمان پاشا، ههستی سیاسی‌و مێژوویی خۆیان (ههبووهو ههستیان کردووه له سهر داروپهردووی دهسهڵاتی ئهواندا، ئهوا دهسهڵاتێك خهریکه له دایك دهبێت‌و

دەسەڵاتی ئەوان بەرەو ئاوابوونو تێکشکان دەچێتو بیانووی بوونی، خەریکە خۆی دەسڕێتەوە).

من پێم وا نییە میرانی بابان پێشبینی ئەوەیان کردبێ، کە دوای لە ناوچوونی ئەوان، دەسەڵاتێکی تر، لە رابەرایەتی (شێخ)و (شێخان) جێگەیان دەگرێتەوە! بۆیە بۆ رێز لێنان لەو دەسەڵاتە داهاتووەی شێخان، بەچاکیان زانیبێ، گۆڕەکەی سلێمان پاشا، لە تەنیشت گۆڕی شێخ مارفەوە بێت. خۆ ئەگەر لەم روانگەیەوە سەیری داهاتووی دەسەڵاتی خۆیان بکردابایە، واتە: بەهیوای دەستبەرداربوونی دەسەڵاتیان بوونایە، دەبووایە (ئەحمەد پاشا)ی کوڕو جێنشینی (سلێمان پاشا)، کە راستەوخۆ دوای مەرگی باوکی، دەبێتە میرنشینی بابان، خەریکی ئامادەکردنو پێکهێنانی ئەو سوپا نوێیە نەبێ، کە بۆ بووژاندنەوەو بەهێزکردنی میرنشینی بابان، ئاواتی زۆری پێوە بەستووەو زۆری پێوە ماندوو بووەو هەر ئەو سوپایەشە، کە (نالی) بەشیعر[٢٠] و هەموو ئەو گەڕیدانەش، کە لە سەردەمی فەرمانڕەوایی (ئەحمەد پاشا)دا، سەردانی کوردستانیان کردووە، ستایشی دەکەن.

لە ناو ئەو گەڕیدانەدا، نموونەی وەك (فلیکس جۆنز)ی ئینگلیزی، لە بارەی ئەم سوپایەوە دەڵێ: هەر یەك ساڵ دوای بەدەسەڵات گەیشتنی، توانی هێزێکی سەربازیی بەرچاو، لە سەر شێوەی تاکتیکی ئەوروپایی رێك بخاتو رایان بهێنێ.[٢١] هەروەها گەڕیدەی فەرەنسایی (یۆژین فلاندن)، هەر لە بارەی ئەحمەد پاشاو سوپاکەیەوە دەڵێ: (بیروڕایەکی بەرزی لە بارەی گرنگیی سوپاکەیەوە هەیەو زۆری حەز لە هونەری جەنگەو حەزدەکات سوپاکەی لە سەر شێوەی ئەوروپییانە پەروەردە بکات. چەند قوتابییەکی لە ئەستەموولەوە هێنابوو.. لە ناو ئەو قوتابییانەدا، یەکێکیان جێگەی بڕوای ئەحمەد پاشا بوو، یەکێك بوو لە هاوخەباتکارانی خۆی، کوردێك بوو لە ناو ریزی سوپای (میسر)دا خزمەتی کردبوو.. ئەحمەد پاشا بۆ نیشاندانی توانای سوپاکەی، مانۆڕێکی لە بەرچاومان پێکردن، کە دەبێ بڵێم بەوردییەوە جێبەجێکران. بۆ ئێمەش دووربوو لەوەی چاوەنوارمان دەکرد)[٢٢].

٤.هەر لە باس‌و خواسی مەرگی (سلێمان پاشای بابان)و لە جێدانانی (ئەحمەد پاشا)ی کوڕیدا، نووسەر ئاماژەی بەو شیعرە جوانەی (نالی)ش کردووە، کە بەتایبەتی بۆ ئەم بۆنەیەی نووسیوەو سەرەتاکەی بەم بەیتە دەست پێدەکات:

تا فەلەك دەوری نەدا، سەد کەوکەبی ئاوا نەبوو
کەوکەبەی میهری موبارەك، طەلعەتی پەیدا نەبوو

لەم بۆنەیەدا پێم خۆشە منیش چەند روونکردنەوەیەك لەسەر ماناو مەبەستی ئەم شیعری (بۆنە)یەی نالی دەربڕم:

١.پێشتر ئاماژەیەکمان بەوەکرد، کە (سلێمان پاشا)ی باوکی ئەحمەد پاشا، وەك لایەنی ئایینداریی، سەر بەرێبازی قادری‌و لایەنگرو مریدی شێخ مارفی نۆدێ بووە.

٢.لە رێگەی گەشتنامەکەی (ریچ)یشەوە (یادداشتی رۆژی ١ی حوزەیرانی ١٨٢٠ز)، لەوە دەگەین کە لە کاتی سەردانەکەی (ریچ)دا بۆ سلێمانی، سلێمان پاشا تەمەنی (٣٠) سالأن بووە.[٢٣] کە لە سالّی (١٨٣٨ز)یشدا کۆچی دوایی کردووە، ئەوا تەمەنی دەبێتە (٤٨ سالّ)، ئەم تەمەنەش بۆ تەمەنی پیرێتیی، هێشتا زۆری ماوە، لە بەرئەوە دەشێ مردنەکەی وەك شتێکی چاوەنوارِ نەکراو بووبێ‌و دانیشتووانی (سلێمانی) بۆی بەداخ بووین‌و بەشێکی (بۆنە)ی شیعرەکەی (نالی)، بەر ئەم لایەنە دەکەوێ.. لایەنی تری گرنگ‌و بەرچاوی شیعرەکەی (نالی)، تایبەت‌و تەرخانە بۆ هاتنە سەرکاری (ئەحمەد پاشا)ی کوڕی سلێمان پاشاو ستایشکردنی‌و بەلای منەوە مەرگی (سلێمان پاشا)، هەر تەنیا بیانوویەکە بۆ شیعر وتنەکەی (نالی) بۆ (ئەحمەد پاشا). چونکە چ مانای گشتی‌و ئاشکراو شاراوەی شیعرەکەو چ شیعری تری (نالی) بۆ سوپاکەی ئەحمەد پاشاو چ رووداوەکانی تری دوای مەرگی سلێمان پاشا، بەڕوونیی دەریدەخەن، کە پێوەندی‌و دۆستایەتی پێشتری نێوان ئەحمەد پاشاو نالی، زۆر توندو پتەو بووە. بۆ سەلماندنی

ئەمانەش، با لای ئەو شیعرەی نالی هەڵوێستەیەك بكەین، كە بۆ بۆنەی مەرگی سلێمان پاشاو لە جێدانانی ئەحمەد پاشا وتوویەتی:

تا فەلەك دەوری نەدا، سەد كەوكەبی ئاوا نەبوو
كەوكەبەی میهری موبارەك، طەلعەتی پەیدا نەبوو

مانای ئاشكرای بەیتەكە دەڵێ: تا سووڕی گەردوون، خولی خۆی تەواو نەكردو تا (سلێمان پاشا)ش نەمرد، ئەستێرەیەكی گەورەتری وەك (ئەحمەد پاشا) دەرنەكەوت.

تا نەگریا ئاسمان‌و تەم وڵاتی دانەگرت
گوڵ چەمەن ئارا نەبوو، هەم لێوی غونچە وا نەبوو

واتە: تا ڕۆژگاری ناخۆش‌و پڕ ستەمی پێشوو (ڕۆژگاری سلێمان پاشا) بەسەر نەچوو، ڕۆژگارێكی جوانترو و سەوز دەرنەكەوت. هەرچەندە ئەگەر نەیارانی ئەو ڕۆژگارەی (نالی) لە سەر ئەوە لێپێچینەوەیان لەگەڵ نالیدا بكردایە، كە بۆچی دەڵێ: ڕۆژگاری سلێمان پاشا، وڵات پڕ لە گریان‌و هەورو تەم بووە؟ شیعرەكە ئەوەی لە ناوەرۆكدا لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە، تا نالی لە وەڵامدا بڵێ: مەبەستم لە گریانی ئاسمان‌و تەمی وڵات، ئەو شیوەن‌و گریانەی دانیشتووانی قەڵەمڕەوی بابانە، كە بۆ مەرگی سلێمان پاشایان كردووە.

تا چەمەن پیرا لە سەر ئەسڵی درەختی لانەدا
فەرعی تازە، خوڕەم‌و بەرزو بوڵەند باڵا نەبوو

واتە: تا باخەوان لقی سەرەوەی نەبڕی (كە سلێمان پاشایە)، لقی تازە (كە ئەحمەد پاشایە)، سەری دەرنەهێناو بەرزنەبووەوە.

وەك قیاسێكی كە **موثبەت** بێ، نەتیجەی بێتە جێ
حەمدولیللا، شەهـ كە عالی جا بوو، خاڵی جا نەبوو

واتە: ئەگەر ئەو قسەو پەندە وابێ، کە دەڵێ پیاوی گەورە، وەچەی گەورەی لە پاش بەجێ نامێنێ، ئەوا سلێمان پاشا وا نەبووە، چونکە پایەبەرزێکی وەك ئەحمەد پاشای کوڕی لە دوای خۆی بەجێهێشتووە.

شاهی جەم جا (نالیا)، -تاریخ جم- تەئریخیە
دا نەڵێن لەم عەصرەدا، ئەسکەندەری جەم جا نەبوو

واتە: کە مێژووی ساڵمەرگی سلێمان پاشا، بەپێی -تەئریخ جەم-، کە بەحیسابی ئەبجەد ساڵی ١٨٣٨ز- دەگرێتەوە، ئەوا (وەك مامۆستا مەسعود محەمەدیش جەخت لەسەر ئەم مانایەی ئێمە دەکاتەوە)،[٢٤] ساڵی دەستپێکردنی فەرمانڕەوایی ئەحمەد پاشاش وا دەگەیەنێ کە سەردەمەکەی وەك رۆژگاری (جەمشید شا) دەبێ.

٣.هەر (نالی) شیعری تری پێشتر باسکراوی بۆ ئەو سوپایەی بابان هەیە، کە ئەحمەد پاشا، بەهیوای نۆژەنکردنەوەی سوپای بابان پێکی هێناوەو ئومێدی زۆری لە سەر هەڵناوە. ئەم شیعرەش ئەگەرچی بۆ ستایشی ئەو سوپایەیە، بەڵام هاوکات ستایشە بۆ ئەحمەد پاشای دامەزرێنەری ئەم سوپایە.

ئەم دوو شیعری (بۆنە)یەی نالی، کە بۆ لە سەر تەخت دانانی ئەحمەد پاشاو سوپاکەی نووسیونی، لە باری دەسەڵاتی شاعیرێتیی (نالی)یەوە نیشانی دەدەن، کە نالی لە ساڵانی سەروبەندی وتنی ئەم شیعرانەدا، لە لووتکەدا بووە، بەڵام پێش ئەم دوو شیعرە، شیعری بۆ لەسەر تەخت دانانی (سلێمان پاشا)ی باوکی ئەحمەد پاشا نەوتووە.

٤.هەر ئەم دۆستایەتییو نزیکایەتییەی نێوان (نالی)و (ئەحمەد پاشا) بووە، کە کوردناسێکی وەك (ئەلیکساندەر خۆدزکۆ)، کاتێ داوا لە ئەحمەد پاشا دەکات، تا بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر زمانی کوردی-دیالیکتی سلێمانی- هاریکاریی بکات، ئەحمەد پاشا لەسەرتاسەری کوردستاندا، هەر تەنیا (نالی) وەك زمانزانی باڵادەست، بۆ (خۆدزکۆ) باسدەکات.[٢٥]

٥.ئەحمەد پاشا دوای ئەوەی لەبەردەم سوپای عوسمانی (نەجیب پاشا)دا دەشکێ (١٨٤٦ز)، لە رێگەی کرماشان- گەڕووس- سایین قەڵا-وە دەچێتە (شەمدینان)و ماوەی (٥ مانگ) لە خانەقای (شێخ تاهای نەهری- شەمزینی) دەمێنێتەوە.[٢٦]

ئەم بڕگەیەی دوایی (مانەوەی پێنج مانگ لە خانەقای نەهری)، بەڵگەی بەهێزە بۆ پشتیوانیی لەوەی کە ئەحمەد پاشا سەر بەڕێبازی نەقشبەندیو پێشتر لە لایەنگیرانی ڕێبازی مەولانا خالید بووەو هەر ئەم هۆیەش لەگەڵ (نالی)دا، کۆی کردوونەتەوەو دۆستایەتییانی توندو بەهێزکردووەو هەر لەم روانگەیەشەوەیە، کە (نالی) ئەم ستایشە زۆرەی لەو دوو شیعرەی پێشتر باسکراویدا دەکات.

لە بۆنەی چاوگێڕان بەستراکچەری رستەسازیی ئەم بەرهەمە بەپێزەدا، بەهەلی دەزانم ئەم کتێبە بکەمە بیانوو، بۆ زۆر لەو نووسەرانەی کورد، کە شێوەی داڕشتنی رستەسازییو ڕێنووسی کوردی نووسینیان، لە روانگەی رستەسازیی زمانی عەرەبییەوە سەرچاوە دەگرێ، کە هەردوو زمانی کوردیو عەرەبی لە رووی داڕشتنی رستەسازییەوە زۆر لە یەکتر جیاوازو نامۆن. لەبەر ئەوە خۆزگە دەخوازم رستەسازییو داڕشتنەکانیان کوردانەترو روونو رەوانو زولاڵتربێ..

با لەم بوارەدا ئەم چەند نموونەیە هەر لەم کتێبەی لەمەڕ خۆماندا بەنموونە بهێنمەوە:

١.باشتر وایە دەقەکەی نووسەر، لە پاش گۆڕینی بۆ سەر ڕێنووسی ئەم سەردەمە، سەرلەنوێ بخوێنرێتەوە، هەر بۆ ئەوەی خوێنەری ئازیز، خۆی ئاشنایەتی لەگەڵ شێوازی بیرکردنەوەی ئەو کاتەدا پەیدا بکات..ل٣١).

لە راستیدا چەند جارێك ئەم پەرەگرافەم خوێندەوە، ئەوسا توانیم بزانم نووسەر چی دەڵێ! لە کاتێکدا دەتوانرا ئەم پەرەگرافە بەم شێوە روونو رەوانە دابڕێژرێ: بۆ ئەوەش خوێنەری ئازیز، خۆی ئاشنایەتی لەگەڵ شێوازی بیرکردنەوەی ئەو کاتەدا پەیدا بکات، باشتر وایە دەقەکەی نووسەر (پاش گۆڕینی بۆ سەر ڕێنووسی ئەم سەردەمە)، سەرلەنوێ بخوێنرێتەوە.

٢.بەڵگە عوسمانییەکان-ل٣٦: بەڵگەکانی عوسمانی.

٣.بەرهەمە کوردییەکان-ل٤١: بەرهەمی کوردی= بەرهەمگەلی کوردی.

٤.ناوەندە بازرگانییەکانی رۆژهەلاتی ناوەڕاست-ل٤١: ناوەندەکانی بازرگانیی رۆژهەلاتی ناوەڕاست.

٥.ولاَتە ئەوروپییەکان-ل٤٢، ١٠٨: ولاَتانی ئەوروپا.

٦.سەبارەت باری ئابووری-ل٤٧: سەبارەت (بە) باری ئابووری.

٧.له وڵاته عوسمانییه‌کاندا-ل٤٧: له وڵاتانی عوسمانیدا.
٨.ئه‌فسه‌ره ئینگلیزه‌کان-ل٩٩: ئه‌فسه‌رانی ئینگلیز.
٩.جه‌نگی جیهانی یه‌که‌م-ل١٠٠: یه‌که‌مین جه‌نگی جیهانی= جه‌نگی یه‌که‌می جیهانی.
١٠.ناداد په‌روه‌ریی-ل١٠١: بێدادی.
١١.سه‌رچاوه ئینگلیزییه‌کان-ل١٢٥: سه‌رچاوه‌کانی ئینگلیز= سه‌رچاوه‌گه‌لی ئینگلیزی.
١٢.زۆربه‌ی زۆری وه‌کو دڕکی ناو ئاردی لێهاتووه-ل١٤٧: زۆربه‌ی زۆری وه‌کو ئاردی ناو دڕکی لێهاتووه. چونکه ئه‌گه‌ر (ئارد) له ناو (دڕك)دا. بڕژێ، کۆناکرێته‌وه. (پیره‌مێردی شاعیر) په‌ندی ئاردی ناو دڕکی به‌مجۆره له شیعردا به‌کاربردووه (سه‌یریش ئه‌وه‌یه شیعره‌که‌ی پیره‌مێردیش هه‌ر له‌مه‌ڕ شاری سلێمانیو بۆنه‌ی گواستنه‌وه‌ی پێته‌ختی بابانه، له قه‌ڵاچوالانه‌وه بۆ (سلێمانی)و گله‌یی گواستنه‌وه‌ی پایته‌خت له سلێمانی ده‌کات:

ئاردی ناو دڕك، چۆنه، واین ئێره
فه‌رموو: دوو ده‌سته دۆست هه‌ڵبژێره
له‌گه‌ڵ یه‌ك ناڕۆین له رێی راسته‌وه
خوا ئه‌وه بگرێ شاری گواسته‌وه!

١.ئه‌و شیعره‌ی له لاپه‌ڕه‌کانی (٨٦-٩١) داو به‌ناوی شیعری (مه‌لا حه‌مدوون)ه‌وه راگه‌یه‌ندراوه، به‌شیعرێکی ده‌ست هه‌ڵبه‌ستی ئه‌م رۆژگاره‌ی ده‌زانم.
٢.شیعرێکی (سالم)، که بۆ (عه‌زیز به‌گی بابان)ی نووسیوه‌و له (مێژووی ئه‌ده‌بی کوردی-به‌رگی سێیه‌م)ی دکتۆر مارف خه‌زنه‌داری وه‌رگرتووه‌و له لاپه‌ڕه‌کانی (١٧٩-١٩٠)دا بلاویکردۆته‌وه، زۆربه‌ی به‌یته‌کانی له باری (کێش)ه‌وه له‌نگ‌و له باری رێنووسیشه‌وه پڕ هه‌ڵه‌و په‌ڵه‌و بێ سه‌روبه‌رن‌و ساغکردنه‌وه‌ی زۆرتریان ده‌وێ.

پەراوێزەکان:

١.لەکاتێکدا هەندێ لەو میرنشینانەی دراوسێی کورد، وەك: ئاق قۆینولوو و قەرە قۆینولوو، ئەگەرچیش نامۆو نەشارەزای ئەو ناوچە تازانەش بوونو لە سەدانو هەزاران کیلۆمەتر دوورترەوەو لە ڕێگەی هێرشو داگیرکردنەوە هاتوونەتە ئەو ناوچانەو بەخێراییەکی سەیر، قەوارەو دەسەڵاتیان تیایاندا دامەزراندو بەو میرنشینانەشەوە نەوەستاونو بوونەتە دەوڵەتو ئیمپراتۆر!.

٢.بۆ نموونە: ئیلی جاف، لە دوای دروستکردنی شاری سلێمانیو لە ماوەی دەسەڵات گرتنەدەستی ئەوڕەحمان پاشای بابان (؟-١٩١٣ز)دا تێکەڵ سوپاو بەڕێوەبردنی میرنشینی بابان بوون. (بۆ زیاتر زانیاریی، بنواڕە: گەشتنامەی کلودیوس ریچ بۆ کوردستان، وەرگێڕانی بۆ کوردی محەمەد حەمە باقی، چاپی سێیەم، چاپو پەخشی دەزگای ئاراس.

٣.لەو ساڵەدا مەولانا خالید، دوای وەرگرتنی ئیجازەی تەریقەتی نەقشبەندی، لە هیندستان بۆ کوردستان گەڕاوەتەوە.

٤.ئەم هێزانەی کورد لە ناوەڕاستی (مانگی ١٠/١٨٨٠ز)دا، گەیشتنە (٦٠) هەزار کەس.

٥.خالفین: خەبات لە پێناوی کوردستاندا، ل١١٣، هەروەها: شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵا، لە بەڵگەنامەی قاجاریدا، محەمەد حەمەباقی، ل.٧٧

٦.امیر **نظام** گروسی: گزارشهاو نامەهای دیوانیو **نظامی**، بەکوشش ایرج افشار، تهران ١٣٧٣ش، ص١٩٦-.١٩٧

٧.هەمان سەرچاوە، ص٢٦٣. هەروەها: محەمەد حەمە باقی، شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵا لە بەڵگەنامەی قاجاریدا، ل.٢٣٨

٨.شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵا لە بەڵگەنامەی قاجاریدا، ل.٢٤٠

٩.بەسەرهاتووی کاکە ڕەشید شەوقی، ئامادەکردنی سدیق ساڵح، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان، زنجیرەی ١٩٥، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠٠٣، ل٦٥-.٦٦

١٠.بێگومان وەك شاعیرێکی پێشەنگو نموونەش، کە بابەتو باسو خواسی تازەو سۆزی نیشتمانیی، ئاوێتەی هەڵوێستو شیعری خۆی کردبوو، لای شاعیرانی ئەو سەردەمە (نالیو سالمو کوردیو مەشوی) چاوی لێکراوەو هەوێنی شیعری ئەویان وەك دەستەچیلە، بۆ شیعری خۆیان خواستووە، کە ئەم راستییە، شاعیرێکی وەك (سالم)، لە جیاتی (نالیو کوردیو مەشوی) ددانی پێدا دەنێو دەڵێ:

لە رۆژی ئیمتیحانا دیم بەرابەر **طالب**و مەعشووق کە مەربەستەی هونەر هاتن، لە تیپی عیشق بازانا

لە یەك لا: نالیو مەشوی، لە لایێ: سالمو کوردی لە هەڵگامەی هونەر گەرمیی، تکا جۆ بوون لە: (مەولانا).ل٣٥

١١.بۆ زیاتر زانیاریی، بنوارە: مودەڕیس، مەلا عەبدولکەریم: یادی مەردان، بەرگی یەکەم، نامەی ژمارە (٥٢)ی مەولانا خالید (بەزمانی عەرەبی) بۆ شێخ مارفی نۆدی، ل٣٩٦-٣٩٨.

١٢.هەمان سەرچاوەی ناوبراو. نامەی ژمارە (٦١)ی فارسی، مەولانا خالید بۆ عوسمان پاشای برای مەحمود پاشای بابان، ل٢٠٩-٢١٢.

١٣.هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٤-١٩٧.

١٤.اسکندر بیگ ترکمان: تاریخ عالم **آراي** عباسی، ج٢، تهران، انتشارات امیر کبیر، ١٣٥٠ش، ص٨٠٧-٨١٠. نصرالله فلسفی: زندگانی شا عباس اول، ج٣-٤، تهران، انتشارات علمی، ص.١١٠٢

١٥.عەلی خان گونەخان ئەفشار، شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە بەڵگەنامەی قاجاریدا، وەرگێڕانی لە فارسییەوە محەمەد حەمە باقی، لە بڵاوکراوەکانی کۆڕی زانیاری کوردستان، چاپخانەی دەزگای ئاراس، ٢٠٠٧، ل١٤٩-١٥٠.

١٦. نصرالله فلسفی: زندگانی شا عباس اول، ج٣-٤، تهران، انتشارات علمی، ص.١١٠٢

١٧.مێژووی ئەردەڵان، مەستوورەی کوردستانی، گۆڕینی بۆ کوردی: د.حەسەن جافو شکور مستەفا. چاپی دووەم ٢٠٠٥، چاپەمەنی ئاراس، ل٣٨-٤٠. هەروەها، علی اکبر وقایع نگار کردستانی، حدیقەی ناصریە در جغرافیا و تاریخ

کردستان، بەتصحیح محمد رئوف توکلی، تهران ١٣٦٤ش، ص١٣١-١٣٣و زۆر سەرچاوەی تر.

١٨.گەشتنامەی کلودیوس جێمس ریچ بۆ کوردستان (١٨٢٠ز) وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە محەمەد حەمە باقی، چاپی سێیەم، چاپەمەنی ئاراس، ل.١٤٢

١٩.هەمان سەرچاوە، ل.١٨٨

٢٠.ئەمە یەکەمین بەیتی سەرەتای ئەو شیعرەی نالییە، کە لە ستایشی سوپاکەی ئەحمەد پاشادا وتوویەتی

ئەم تاقمە مومتازە، کەوا خاصەیی شاهن

ئاشووبی دڵی مەملەکەتو قەلبی سوپاهن —دیوانی نالی، ل ٣٤٠.

٢١.ئەلیکساندەر خۆدزکۆ، چەند لێکۆڵینەوەیەکی فیلۆلۆژی دەربارەی زمانی کوردی (دیالیکتی سلێمانی)، وەرگێڕانی لە فەرەنسییەوە بۆ کوردی: نەجاتی عەبدوڵڵا، چاپەمەنی بنکەی ژین. سلێمانی، چاپخانەی شڤان، ساڵی ٢٠٠٥، ل.٤٩

٢٢.محەمەد حەمە باقی، کورد لە سەفەرنامەی بیانیدا، وەرگێڕان لە فارسییەوە، گۆڤاری رامان، ژمارە (٥٩)، ل٢١٠-٢١٤.

٢٣.گەشتنامەی ریچ بۆ کوردستان، وەرگێڕانی بۆ کوردی محەمەد حەمە باقی، ل.١٣٢

٢٤.مەسعود محەمەد: دەستەو دامانی زالی- چاپی دووەم، چاپەمەنی دەزگای ئاراس، ٢٠٠٧، ل.١١٩

٢٥.بۆ زیاتر زانیاریی لەم بارەیەوە، بنوارە: ئەلیکساندەر خۆدزکۆ- چەند لێکۆڵینەوەیەکی فیلۆلۆژی دەربارەی زمانی کوردی-دیالیکتی سلێمانی- وەرگێڕانی بۆ کوردی: نەجاتی عەبدوڵڵا، چاپەمەنی بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٥.

٢٦.نەوشیروان مستەفا ئەمین: میرایەتی بابان لە نێوان بەرداشی رۆمو عەجەمدا، چاپی دووەم، چاپەمەنی خاك، سلێمانی ١٩٩٨ز، ل١٦٨.

هێمن موکریانی

و

ڕۆژنامەی کوردستان (١٩٥٩-١٩٦٣)

سەرنج: ئەم وتارە کە لە ژمارە (٢٦)ی گۆڤاری (ڕۆژنامەنووس)دا بڵاوبۆتەوە، هەڵەی زۆر و پەلەپەل و شپرزەیی بەسەردا هاتبوو، بۆیە بەشێکی هەرەزۆری(لە نیوەی زۆری) لێ پەڕیو و ناتەواو چاپکرابوو. لەبەرئەوە بە پێویستمان زانی سەرلەنوێ هەڵەگیریی و ڕاستکردنەوە و ناتەواوییەکانیشی پێ زیاد بکەینەوە.

* * *

له دوای شۆڕش، یان کودەتای (١٤ی تەمووزی١٩٥٨)ی عێراق، کە ڕژێمی ئەو سەردەمەی عێراق، لەلایەن ژەنەراڵ عەبدولکەریم قاسم و چەند ئەفسەرێکی سوپای عێراقەوە، ڕووخێنرا و ڕژێمی کۆماریی هاتە جێی و ئازادیی بەزیندانییانی سیاسی و ڕۆژنامە و گۆڤار و چاپەمەنی و کاری ئاشکرای حیزبایەتی و سەندیکاکانی کرێکاران و پیشەکارانی تری نەتەوەکانی عێراق دراو گەلانی عێراق هەوایەکی ئازاددیان هەڵمژی و لەماددەی (٣)ی **دەستووری کاتیی** عێراقیشدا، ددان بەوەدانرا، کە گەلی کوردی عێراق، لەگەڵ گەلی عەرەبی عێراقیدا، هاوبەش و برایەو بەمەش سەر لەنوێ باس و خواسی ئازادی و مافەکانی گەلی کورد لە عێراق و دەرەوەی عێراقیشدا هاتنەکایە و بەشێکیش لەم باس و خواسانەی ماف و ئازادی کورد و تروسکانەی هیوا، لە خۆرهەڵاتی کوردستانیشدا دەنگدانەوەو زەبری خۆی نواند و بەم هۆیانەوەو لە بەرامبەر ئەمانەدا، ڕژێمی پاشایەتی ئێرانیش، بۆ ڕاگرتنی لەنگەری داروباری ناوخۆی ئێران و پاراستنی ئاسایش و ئارامیی کوردستانی ئێران و بۆ ئەوەش ئەو ڕژێمە ، لە وەڵامی ئەو گۆڕانکاریی و ئازادییانەی لە عێراقدا بۆ کوردانی باشوور، سەریان هەڵداوە و هاوکات بۆ ئەوەی هەر بە ڕواڵەت بە کوردانی وڵاتەکەی خۆی و میدیاکانی جیهانیش بڵێ کە کوردانی خۆرهەڵاتیش مافی روناکبیریی و ئازادیی دەربڕینیان هەیە، بۆیە هەشت ـ نۆ مانگێك دوای ئەم ڕووداوانەی عێراق، ساڵی (١٩٥٩)، بە چاکی زانی ڕۆژنامەیەك بە زمانی کوردی و بۆ چەندین بابەتی هەمەلایەنەی کوردەواریی دەربکات. بۆ ئەمەش بە هاوکاریی چەند نووسەرێکی کوردانی خۆرهەڵات، ڕۆژنامەیەکیان بە ناوی (کوردستان)ەوە دەرکرد.

ژمارەی یەکەمی ئەم ڕۆژنامەیە (کوردستان)، لە ڕۆژی چوارشەممە: ١٥ی مانگی گوڵانی ٢٥٧١ی کوردی، بەرامبەر بە مێژووەکانی: ئۆردیبە هەشتی ١٣٣٨ی هەتاویی، شەووالی ١٣٧٨ی کۆچی، ٦ی نیسان (مەی) ١٩٥٩ی زایینی، چاپ و بڵاوبووەوە، کە دەستەی نووسەرانی بنەڕەتیی ڕۆژنامەکە بریتی بوون لە:

١ ـ عەبدولحەمید بەدیع زەمانی، خاوەنی ئیمتیاز و بەڕێوەبەری لێپرسراو
٢ ـ دکتۆر محەمەد سدیق موفتی زادە ـ سەرنووسەر
٣ ـ عەبدولڕەحمان موفتی زادە ـ نووسەر
٤ ـ ئەحمەد موفتی زادە ـ نووسەر
٥ ـ عابید سیراجوددینی ـ نووسەر
٦ ـ شوکرولڵای بابان ـ نووسەر
٧ ـ خوسرەو شێخکانلووی میلانی ـ نووسەر

ئەم رۆژنامەیە بۆ ماوەی چوار ساڵ چاپ و بڵاوبۆتەوە، کە مەکۆی بڵاوکردنەوەکەی شاری تاران بووە و ئەمەش ناوونیشانی یانەکەی بووە: مەیدانی بەهارستان ـ شەقامی سەفی عەلی شا، پلاکی ژمارە (٢١٨)، ژمارەی تەلیفۆن: ٣٢٠٠٣.

لە ماوەی ئەو چوار ساڵەشدا (٢٠٩ دوو سەد و نۆ) ژمارەی لێ دەرچووە و هەروەك یەکەمین ژمارەی لە مانگی نیسانی (١٩٥٩ز)دا دەرچووە، بەڵام دوای چوارساڵ دەرچوونی و دوای رووداوە خێراکانی پاش (١٩٥٨) و سەرەتای دەرکەوتنی پەشیمان بوونەوەی رژێمی عەبدولکەریم قاسم، لە بەڵێنەکانی بەرامبەر مافە رەواکانی کورد و هێرشی راگەیاندنەکانی شێفینیزمانی عەرەبیی دژی کێشەی کورد و قەدەغەکردنی کاری سیاسی و داخستنی رۆژنامە و گۆڤاری کوردی لە لایەك و لە لایەکی تریشەوە سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٦١ و هێرشی راستەوخۆی سوپای عێراق لە ئەیلوولی (١٩٦١)دا بۆ سەر کوردستان و کاولکردنی گوند و ئاواییەکانی کوردستان، هەموو ئەمانەش تەقەللا بوون بۆ کپکردنی هەموو مافێکی کورد، بۆیە رژێمی (شا)ش هاوتەریب لەگەڵ رژێمی عێراقدا بۆ کپکردنی دەنگی کورد، لە دەرکردنی رۆژنامەی **کوردستان** پەشیمان بووەوە و لە مانگی نیسانی (١٩٦٣)دا، بڕیاری داخستنی رۆژنامەکەیان دەرکرد.

ئەم رۆژنامەیە، لە ماوەی چوارساڵ دەرچوونیدا بەو هۆیەوە کە لە لایەکەوە دەستەیەکی رووناکبیری گەورە و قەڵەم بە بڕشتی کورد، هەڵیان سووڕاندووە، باس

و خـــواس و بابـــەتی هەمـــەجۆرەی زۆر دەوڵەمەنـــد و بایەخـــداری بوارەکـــانی لێکۆڵینەوەی ئەدەبیی، کۆمەڵایەتیی، ئـابووریی، زمانـەوانیی، شوێنەوارناسـیی، کەلەپووری تێدا بڵاوبۆتەوە، لە لایەکی تریشەوە و بەو هۆیەوە کە ئـەم رۆژنامەیـە لەو قۆناغەدا و دوای جوانەمەرگ کردنی **کۆماری کوردستان** (١٩٤٦) لە **مەهاباد** و دوای کپکردن و قەدەغەکردنی گۆڤار و رۆژنامە و نووسـین بـە زمـانی کـوردی، تاکانە رۆژنامە و تاکانە دەرەتانێك بووە تا نووسەران و روونـاکبیرانی خۆرهـەڵاتی کوردستان، بە هەلی بزانن و بە ئاشکرا بەرهەم و بابەتی خۆیانی تێدا بڵاوبکەنەوە، بۆیە لە ماوەیەکی زۆر کورتدا، زۆرترین نووسەر، لـە هـەموو ناوچـە جیاجیاکـانی کوردستانی ئێرانەوە(بەتایبەتی)، بێ پسانەوە بەرهەمی هەمـەجۆرەی بـۆ بنێـرن و بەمەش هەموو شێوە دیالێکت و بن دیالێکتەکانی زمانی کوردی تێدابڵاوبۆتـەوە، کە لەم بوارەدا دەبێ بڵێین ئەم رۆژنامەیە یەکەمین رۆژنامە و یەکەمین تەقەللایە بۆ بڵاوکردنەوەی هەموو شێوەزار و بن زارەکانی زمـانی کـوردی و لـەم پێنـاوەدا بـۆ هەریەکە لەم زاراوە و بن زاراوانە، لاپەڕەی سەربەخۆ و تەوەر و ستوونی تایبەتییان بۆ تەرخانکردووە و ئەمەشیان لەو روانگە و مەبەستەوە کردووە، تا بەهەر شێوە و دنەدانێك بێت، نووسەرانی بەشـە جیاجیاکـانی کـوردانی خۆرهـەڵات بجـووڵێنن و خۆیان بکەونە نووسین و زیندووکردنەوەی زمان و کەلەپووری ناوچـەکانی خۆیـان و لەم رێگایەشەوە لە لایەکەوە گەلێ نووسەری شێوەزار و بن زارەکانی تری کـوردانی خۆرهـــەڵات بـــاس و بابـــەت و لێکۆڵینـــەوەی بایەخـــداریان لـــە رۆژنامەکـــەدا بڵاوکردۆتەوە، کە شایانی ئاوڕلێدانەوەن. لە لایەکی تریشەوە، هەر ئـەم دنـەدان و هاندانـەی نووسـەرانی ناوچـە و شـێوەزارە جیاجیاکـانی خۆرهـەڵاتی کوردسـتان، زەمینەی بۆ ئەوە خۆشکرد، تا نووسەران و دڵسـۆزانی ئـەو ناوچـە و شـێوەزارانە، دەستنووسی دێرینەی سەدان ساڵەی پارێزراوی شیعری ناوچـەکانیان و کەلـەپوور و فۆلکلۆرێکی فرە دەوڵەمەندیان بەرچاوخستووە و بۆ رۆژنامەکەیان نـاردووە و لـەم بوارەدا سامانێکی زۆر بەنرخیان لە رێگـەی رۆژنامەکـەوە، بەرچـاوی خوێنـەران و لێکۆڵەران خستووە. هاوتەریب هەر بەم کارەی رێگەخۆشکردن بۆ نووسین بە زاراوە و بن زاراوەکانی زمانی کوردی، ئەم دەسـتە نووسـەرانەی رۆژنامـەی **کوردسـتان**، جگە لەوەی گەلێ نووسەری نەناسراویان بەرچـاو خسـتووە، لـە هـەمان کاتیشـدا

دەڤەر و قەڵەمڕەوی نووسینیان بە زمانی کوردی، لەو شێوەزارە سنووردار و ناسراوە، هەراوتر و فراوانتر کرد، کە پێشتر و لە ئەزموونی ڕۆژنامەی (**کوردستان**)ی زمانحاڵ و ئۆرگانی **کۆماری کوردستان**، لە مەهابااددا قەتیس بووە و زۆرتر هەر بە دیالیکتی (**سۆران**)، یان (**موکریان**) چاپ و بڵاودەبۆوە.

هەر ئەم کاری هاندانەی نووسەرانی ناوچە جیاجیاکانی خۆرهەڵاتی کوردستان، کارێکی کرد زۆربەی نووسەرانی خۆرهەڵاتی کوردستان، بەتایبەتیش نووسەرانی هەرێمەکانی **سنە، ئەردەڵان، کرماشان، هەورامان، لوڕستان،** بەشداریی و هاوکاریی نووسینی ڕۆژنامەکە بکەن، کە بۆیەکەمین جار نووسەرانی شاری(**سنە**)، نەك هەر بە (**شیعر**)، کە لەناو نەتەوەی کوردا، پێشەنگی بێ یەك و دووی هەموو ژانرەکانی تری ئەدەبی یە، بەڵکو بە (کورتە چیرۆك) بەرهەمیان تێدا بڵاوکردۆتەوە و ناوە درەوشاوەکانی ئەم بوارەش، تا ئێستا زۆر کەم لای چیرۆکنووسانی کوردستان ناسراون. هاوکات نووسەرانی تری ناسراو، وەك **مامۆستا سەیید تاهیری هاشمی، هەژار**(١٩٢١-١٩٩١)، **هێمن** (١٩٢١-١٩٨٦)... بەشداریی راستەوخۆ و بەردەوامیان لەگەڵ ئەم ڕۆژنامەیەدا نەپساندووە.

لەم ڕووەوە ئەوەندەی بابەتگەلی ئەدەبی (دەق، لێکۆڵینەوە، وەرگێڕان)، مێژوو، زمانی کوردی، لە ڕۆژنامەکەدا گرنگییان پێ دراوە ئەوەندە باس و خواسی سیاسەت لە ڕۆژنامەکەدا زەق نەکراوەتەوە و هەر تەنیا ڕووبەری لاپەڕەی یەکەم و چەند ستوون و نیوە لاپەڕەی سەر ڕۆژنامەکەی داگیرکردووە.

لە دەرەوەی کوردستانی خۆرهەڵاتیش، نووسەرانی کورد، لە شارەکانی کوردستانی باشوور و بەغداد و وڵاتانی ئەورووپاوە نامە و نووسینیان بۆ ئەم ڕۆژنامەیە ناردووە و پێوەندییان لەگەڵدا بەستووە و دەستخۆشیی و هاوکارییان کردووە.

سەر لەبەری ژمارەکانی هەر چوار ساڵی ئەم ڕۆژنامەیە (**کوردستان**)، کە لەدەمێکەوە لەلایەن شاعیری ناسراوی شاری سەقز مامۆستا نافیع مەزهەر — شپرزە(١٩١٤-١٩٩٨)ەوە بەشێوەیەکی زۆر دڵسۆزانە، پارێزراو و راگیرابوون و ژمارەکانی هەر ساڵێکیش بە جیا، جزوبەند (تەجلید) کرابوون و بەڕێزیشیان بەو بۆنەیەوە کە لەماوەی مانەوەی درێژ خایانی نووسەری ئەم چەند لاپەرەیەدا،

لەشاری (**سەقز**)، ئاشنایەتی و پێوەندیمان پەیداکردبوو، پێ سپێریی بنەماڵەکەیانی کردبوو، کە دوای مەرگی خۆی، ژمارەکانی رۆژنامەی (**کوردستان**) بەمن بسپێرن و بنەماڵەکەشیان بە سوپاسەوە هەر وایان کردو ئێستا نزیکەی (١٣) ساڵێك دەبێ، ئەو ئەمانەتە بەلای منەوەیە و منیش لە دوای گەڕانەوەم بۆ هەولێر، کاتێ برایانی (بنکەی ژین)ی خۆشەویست، زانیان ژمارەکانی رۆژنامەی (کوردستان)لای منە، داوایان لێم کرد رێگە بەوان بدەم سەرلەنوێ چاپی بکەوە، کە ماوەیەکە بنکەی ناوبراو ئامادەی چاپیان کردووە و لەماوەیەکی کورتدا، لەگەڵ ئەکادیمیای کوردستان، وەك پرۆژەیەکی هاوبەش ، چاپ وبڵاوی بکەنەوە.

لەماوەی ئەم چەندینساڵەدا، کە ژمارەکانی رۆژنامەی (**کوردستان**) بەلامەوە بوون و ناوبەناو لە زۆر دەرفەتدا بابەتە جۆربەجۆرەکانیم بەسەر کردوونەتەوە و لای هەندێکیشیان لەنگەری راگوزارییی و لای نووسینە بە پێزەکانی وەك نموونەی دکتۆر محەمەد سدیق موفتی زادە(١٩١٥-١٠٨٤)ش بەتایبەتی لەنگەر و هەڵوێستەی درێژم گرتووە، کە دیارترینیان لێکۆڵینەوە بەنامێکەی ناوبراوە، لەسەر شاعیری گەورە: **مەولەوی تاوەگۆزی**[١]، جگە لەم لێکۆڵینەوەیەی، لێکۆڵینەوەی قووڵیشی لەسەر (**باباتاهیری هەمەدانی**) و (**زمانی کوردی**) کردووە.[٢]

بەڵام وەك پێشتر وتمان رژێمی ئێران، هەر بە ڕواڵەت بانگەشەی باس و خواسی ماف و ئازادیی رووناکبیری کوردیی، لە رۆژنامەی (**کوردستان**) دا، بۆ میدیاکانی دەرەوەی وڵات و بەتایبەتیش بۆ راگەیاندنەکانی وڵاتانی ئەوروپا مەبەست بوو، کە لەو کاتەدا چالاکی (**کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد**) لە ئەوروپادا، لەو پەڕی گەشەسەندن و ناساندنی کێشەی کورد بوو بە وڵاتانی ئەوروپادا، نەك ئاڵوگۆڕێکی راستەقینە و بنەڕەتیی لەناوخۆی کوردستانی ئێران و خاوکردنەوەی ئابلۆقە لەسەر زمان و ئەدەب و رووناکبیریی کوردیی ... تەنانەت ئەم رۆژنامەیەی (کوردستان)یش، کە گوایە بەڵگەونیشانەی ماف و ئازادیی دەربڕینی رووناکبیرانی کوردانە، کەچی وەك کوردانی خۆرهەڵات دەیگێڕنەوە، ئەگەر خودی رۆژنامەی (**کوردستان**)یش، لەناوخۆی کوردستانی ئێراندا، بەدەست کەسێکەوە ببینرایە، کەسەکەیان دەگرت و لە زیندانیان دەنا!.. بەواتەیەکی تر: خوێنەرانی چاپەمەنی

کوردی یان لە ژێر سانسۆر و گوشاری دەسگای (**ساواك**)دا دادەنان و چاودێریی جموجوولیان دەکردن. کە هەر لەسەروبەندی دەرچوونی رۆژنامەی (**کوردستان**)دا، شاعیرێکی ناوداری وەك (**هێمن**)، لە بیرەوەریی خۆیدا دەیگێڕێتەوە[٣]، دوای جوانەمەرگ کردنی (کۆماری کوردستان)، لەوپەڕی تەنگ پێ هەڵچنین و ژێر گوشارو ترساندن و لێپێچینەوەی دەسگای (ساواك)ی ئەو سەردەمەدا بووەو تا مێژووی دەرچوونی ئەم رۆژنامەیەی _کوردستان – ١٩٥٩)، دووجار ناچارکراوە ماڵ و منداڵ و زێد و نیشتمانی خۆی بەجێ بهێڵێ و روو لە ئاوارەیی بکات، کە جاری یەکەمیان لە سەرەتای ساڵی ١٩٤٧ و جاری دووەمیش ساڵی (١٩٥٩)بووە..[٤] کەچی لەلایەکی ترەوە و هاوکات هەر لەسەرەتای دەرچوونی رۆژنامەی(کوردستان)ەوە، پەیتا پەیتا رۆژنامەی (**کوردستان**) یان بۆ (**هێمن**)، بۆ (مەهاباد) ناردووەو داوای هاوکاریی و بەرهەمیان لێ خواستووە!. (**هێمن**)یش پاش دوو مانگ کەمتر لە مێژووی دەرچوونی رۆژنامەی (**کوردستان**) ەوە، سەروپێوەندی لەگەڵ گرتوون و نامە و بەرهەمی بۆ ناردوون و لە دووتوێی (هەندێ) لەو شیعر و نووسینانەشدا، سووکە باج و گومرگێکی وەك لە کۆڵ خۆکردنەوە و هێورکردنەوەی ئەو گوشارەی لە سەرێتی، لەو بەرهەمانەی ئاخنیوْن، کەمن لێرەدا هیچ داکۆکی و پاکانەیەکم بۆ ئەو جۆرە باج و گومرگ و هەڵوێست و بەرهەمانەی(**هێمن**) نییەو (**هێمن**)یش خۆی دواتر و دوای کۆکردنەوەو رێکخستن و چاپی یەکەمی دیوانی شیعرەکانی خۆی بەناوی (**تاریك و روون**)، کە شەهید قاسملوو پێشەکی بۆ نووسی و (**هێمن**)یش بە پەخشانێکی یەکجار بەرز و شیرین و ناوازە، چمکێکی مێژووی خۆی و دەڤەرەکەی، کردە سەرەتای (**تاریك و روون**)، خۆی لە هەندێ لەو شیعر و نووسینیانە نەبان کرد، یان خۆی بوارد، کە لە باری ئەدەبییەوە لاوازن، یان وەك باج و گومرك لە رۆژنامەی (**کوردستان**)دا بڵاوبوونەتەوە و لە (**تاریك و روون**)دا چاپی نەکردنەوە.

بەدەم بەسەرکردنەوەی رۆژنامەی(کوردستان)ە وە، لە (٣١)سی و یەك ژمارەی رۆژنامەکەدا، بەرهەمی نووسین و شیعری (هێمن)م بەرچاوکەوتن. ئەو(٣١) ژمارەیەش بە پێی زنجیرەی بڵاوکردنەوەیان ئەمانەن:

١. ژماره (٧) ل٤: شیعری: (کچی مەهاباد)
٢. ژماره (١٢) ل٤: شیعری: (بانەمەڕ) ـ بەشی یەکەم.
٣. ژماره (١٣) ل٤: شیعری: (بانەمەڕ) ـ بەشی دووەم.
٤. ژماره (١٤) ل٤: شیعری: (بانەمەڕ) ـ بەشی سێیەم
٥. ژماره(٩٣)، ل٩،٢، شیعری: (بەهاری بێ خەزان).
٦. ژماره(٩٥)، ل٤، ٩، شیعری (ڕۆڵەی ماد).
٧. ژماره(٩٦)، ل٩،شیعری: (زیپکی شاهانە)، (دڵی شاعیر)، (خونچەی سیس).
٨. ژماره(٩٧)، ل٣، شیعری: (بەهاری لادێ) و ل١٩(نامە).
٩. ژماره(٩٨)، ل٣، ٦، شیعری: (کۆچی یار).
١٠. ژماره(١٠٠)، ل٣، شیعری: (بلوێری شوان)
١١. ژماره (١٠٦)، ل٢، نامەی هێمن بۆ ڕۆژنامەی کوردستان.
١٢. ژماره (١٠٧) ل(٤ ـ ٩)، شیعری (چارەنووسی شاعیر).
١٣. ژماره (١٢٢) ل (٣ ـ ٤)، شیعری (ماچی شیرین).
١٤. ژماره (١٢٣) ل١٠، شیعری (کەمتەرخەمی).
١٥. ژماره(١٣٠)، ل٢، وتار و نووسین.
١٦. ژماره(١٣١)، ل٧، ١١، نامە، وتار (پاشماوەی ژمارەی پێشوو).
١٧. ژماره(١٣٢)، ل١١، (پاشماوەی وتاری ژمارەی پێشوو).
١٨. ژماره (١٣٣)، ل٤، دوو پارچە شیعر.
١٩. ژماره(١٣٤)، ل١٢، (شیعر).
٢٠. ژماره (١٣٨)، ل٨، شیعر.
٢١. ژماره (١٤٣)، ل٣، شیعر.
٢٢. ژماره(١٧٢)، ل٣، ١٠، (نامە و شیعر)
٢٣. ژماره (١٧٣)، ل٢، پاشماوەی وتاری ژمارەی پێشوو، لەگەڵ شیعری: (سایەی غەم).
٢٤. ژماره(١٧٤)، ل (٣، ٤)، شیعری: (خاوەنی زێڕ).
٢٥. ژماره (١٧٥) ل١١، شیعری (ئارەزووی فڕین).
٢٦. ژماره(١٨٤)، ل(٤، ٩، ١٠) (چیرۆکی وەرگێڕاو).

٢٧. ژماره (١٨٥) ل٦، شیعری (کیژی لادێی).
٢٨. ژماره (١٨٦) ل٣، شیعری (تۆم هەر لە بیرە).
٢٩. ژماره (١٨٧) ل (٣، ١٠)، شیعر.
٣٠. ژماره (١٩٤)، ل١١، شیعری (گێژەڵووکەی خەزان).
٣١. ژماره (٢٠٠)، ل١١، شیعری (شینی گۆران)ی شاعیر.

لەو (٣١) ژمارەیەی رۆژنامەی (کوردستان)دا، کە نامە و نووسین و شیعری (هێمن)یان تێدا بڵاوبۆتەوە، ئاماژە بە ناونیشانی ئەوانەیان دەکەین، کە لە (**تاریك روون**)[5] دا بڵاوبۆتەوەو ئاڵوگۆڕ لە ناوونیشان و ژمارەی بەیت و دارشتنەوەی تازەیان بەسەردا هاتووە و (هەندێ) لەوانەشیان کەلە(**تاریك و روون**)دا بڵاوبوونەتەوە.

١ ـ ژماره (٧) ل٤: شیعری (کچی مەهاباد). ئەم شیعرە لە رۆژنامەی (کوردستان)دا (١٠) بەیتە و لە (بارگەی یاران، ل٩٧)دا (٨) بەیتە، کە بەیتی (٣) و (٥) رۆژنامەی کوردستان، لە (بارگەی یاران)دا نین و ئەمانەن:

١ ـ لە کوێ وەك من دەزانێ: چەندە شیرین و رەزا سووکی
کەسێکی تۆی لە رێ بازا، لە ژێر چارشێوی رەش دا دی؟
٢ ـ دڵی سەد عاشقت کردە نیشانەی تیری موژگانت
کچی کوردی، لە تیر ئەندازیا، مەعلوومە ئوستادی

٢ ـ ژماره (١٢) ل٤، شیعری (بانەمەڕ)، بەشی یەکەم، بەڵام لە (بارگەی یاران، ل٩٨)دا، ناوونیشانی ئەم شیعرە بۆتە (بەهاری کوردستان).
٣ ـ ژماره (١٣)ل٤، شیعری (بانەمەڕ)، بەشی دووەمی.
٤ ـ ژماره (١٤) ل٤، شیعری (بانەمەڕ)، بەشی سێیەمی.
٥ ـ ژماره (٩٣) ل٩، شیعری (بەهاری بێ خەزان)، ئەم شیعرە لە دیوانی (تاریك و روون)دا نییە دوای ساڵ و نیوێك دابڕانی (هێمن) لەگەڵ رۆژنامەی (کوردستان)دا، دووبارە لە مێژووی ئەم ژمارەیە بەدواوە، سەرو پێوەندی (هێمن) لەگەڵ ئەم رۆژنامەیەدا دەست پێدەکاتەوە و رۆژنامەکەش لە بەرامبەر ئەم

سەرلەنوێ پێوەندییەی (هێمن) لەگەڵیدا، ئەم پێشەکییەی لەلاپەڕە(٢) دا نووسیوە:

برای زاناو هۆنەر و بەڕێز کاك سەیید **محەمەد** ئەمین شیخ الاسلامی

لەسەرەتای دەرچوونی ڕۆژنامەوە — کە نامە جوانەکەت لەگەڵ ئەو هەموو شوێنە[٦] بە نرخانەدا بۆ ناردووین — ئێمە بەدڵ و گیان هەمیشە چاوەڕوانی گەیشتنی نامە جوانەکانی تۆ بووین وە ڕۆژنامەمان بەهەر ناونیشانێ بۆت ناردووە، گەڕاوەتەوە، زۆر سەرمان سووڕ مابوو، کە چۆن ئەبێ ئەستێرەیێکی ڕووناکی وەکو تۆ، لە ژێر هەوری چڵکنی گومناوی دا داپۆشرێ، وە کەسێ نەیناسێ، تا لەم دواییەدا بە ناونیشانی: (مهاباد، **آقای** سلێمان خان أمیری، کارمند بازنشتەی فرهنگ) ڕۆژنامەمان بۆ ناردی.

ئێستا کە لە پاش نزیکەی دووساڵ دیسان ئێمەت بە ناردنی نامە جوانەکەت و گەلێ هەڵبەست و هۆنراوەی بەنرخ سەربەرز کردووە، وادەی ناردنی وتار و هەڵبەستی ترت پێمان داوە، زۆر کەیف خۆش بووین، وە هیوامان وایە ئەم هاوکاری ئێوە، درێژەی ببێ.

نووسەرانی ڕۆژنامەی (**کوردستان**) بە هاوکاری وەها مرۆێکی زانا و نیشتمان ویست و خوێن خاوێن شانازی ئەکەن وە سەربەرزیی و پیرۆزییتان لە یەزدانی مەزن داوا ئەکەن.

مامۆستا گیان! بە راستی هەموو هەڵبەستەکانت بۆئەوە چاکن کە بە ئاوی زێڕ لەسەر تەختەی زیوەوە بنووسرێ، وە بۆ شانازیی و سەربەرزیی هەموو کوردێ هەتا هەتایە بمێنێتەوە. بەڕاستی ئێوە ئەستێرەیەکی ڕووناکن کە لە ئاسمانی وێژەی کوردیدا ئەدرەوشێتەوە وە دونیایێ بە پرشنگی جوانی شوێنە بەنرخەکانی خۆتان ڕووناك ئەکەنەوە. خودا بتانپارێزێ بۆ هیوادریی ئێمە و هەموو برا کوردە نیشتمان ویستەکان.

ئەوا لەم ژمارەوە دەس ئەکەینەوە بە بڵاوکردنەوەی گەوهەرە هۆنراوە بەنرخەکانتان کە بە دیاری بۆ ڕۆژنامەی (کوردستان)ت ناردووە، وە بە کڕیارانی پڕ بایی وێژەی کوردی یان ئەنوێنین[٧].

٦ ـ ڕۆڵەی ماد: شیعر، ژمارە (٩٥، ١٩٦١/٣/١)، ل٤، ٩. ئەم شیعرە لە **تاریك و ڕوون** دا نییە:

کوردە! تۆ رۆڵەی دلێرانی   زادەی خاکی پاکی ئێرانی
ئاریایی نەژاد و خوێنپاکی   چاونەترس و بە جەرگ و بێ باکی
فەرخەی[٨] شێری رۆڵەی مادی   نەبەز و سەربڵند و ئازادی
رۆژی سەخت و بەترس و تەنگانە   قەت نەترساوی تۆ لە بێگانە
ئیمتیحانی شوجاعەتت داوە   نەتەویی[٩] قەت بە تۆ نەوێراوە
لەسەر ئەو خاکە، خوێنی پاکت رشت   نەبوو جارێ بکەی لە دوژمن پشت
لە پەلاماری دوژمنی ناڕاست   ئەو سنوورەت بە خوێنی خۆت پاراست
تۆ لە رێی ئیفتیخاری ئێرانا   لە هەموو عەسرێکا سەرت دانا
زەربی شمشێری تۆی ئەگەر نەدەچێشت   ((گزنەفۆن)) خاکی تۆی بەجێ نەدەهێشت
تۆ وەشاندت لە ئەرمەنا شمشێر   هەم لە یۆنان و ئاسیای سەغیر
تۆ بەئەمری شەهنشەهی مەشهوور[١٠] (ئاشوور)   چوویتە مەیدانی (کەلدە) و
تۆ چەقاندت لە (بابل)ی وێران   پەرچەمی فەخر و قودرەتی ئێران
ئەوبەری (دەجلە) و کەناری (فورات)   کوردە! کوڕژنی ئەسپی تۆی لێ هات
تۆ لەگەڵ پادشاهی ساسانی   چوویتە (مصر) و (یەمەن) بە هاسانی
دۆخی شمشێرێ تۆ لە میسر و شام   حیفزی کردووە شەعائیری ئیسلام
تۆ نەگەیباتە عەرسەیێ مەیدان   دەنگی ناقووس دەهات لە باتی نەزان
زیپك و ئازایەتی (صلاح الدین)   دینی ئیسلامی گرتەوە بە یەقین
تۆ قبووڵت نەکرد نەنگی شکست   تۆ بەری هێرشی سەلیبت بەست
هەموو سەربازی (نادری)ی کورد بوون   بۆیە وا دوژمنی بەدەست و بردبوون
کورد بوو، ئەفغان و ئۆزبەکی تاراند   سوور و ساتی[١١] لە (بمبی)[١٢] ئەستاند
ئێستەکەش بۆ وەتەن وەفاداری   حازری بۆ هەموو فیداکاری
تاکو ئێران بمێنێ، تۆش ماوی   سەر و ماڵت بنێ لە پێناوی
وون مەکە شوێنی باب و باپیرت   بوەشێنە لەسەر وەتەن شمشێرت
بەو هەموو زیپك و غیرەت و هێزە   وەتەنی ئاریا بپارێزە

((سەید محەمەد ئەمین شێخ الاسلامی ـ هێمن))

٧ ـ ژماره (٩٦)، ل٩، سێ شیعری (هێمن)ی تێدایه:

١ ـ دڵی شاعیر: ئەم شیعره له دیوانی (بارگەی یاران)ی سەرجەمی شیعری هێمن، ل١٨٥دا هەیه.

٢ ـ خونچەی سیس: ئەم شیعرەش له دیوانی (بارگەی یاران)، ل ١١٠ ـ ١١١دا هەیه.

٣ ـ زیپکی شاهانه: ئەم شیعره له (تاریك و روون) و (بارگەی یاران)یشدا نییه.

٨ ـ ژماره (٩٧)، ل٣، شیعری (بەهاری لادێ)، ئەم شیعره له دیوانی (بارگەی یاران)، ل٦٦دا هەیه، هەر له لاپەڕه (١٩)ی ئەم ژمارەیەدا، نامەی (هێمن) هەیه، که ئەمه بەشێکی پێشەکی نامەکەیه:

سەرەتا، رۆژنامەکه ئەم چەند دێڕەی بۆ نامەکەی (هێمن) نووسیوه:

هۆنەری زمان پاراوی بیرتیژی دڵ روناکی کورد، کاك سەید محەمەد ئەمین شێخ الاسلامی (هێمن)، نامەیەکی زۆر گەرم و گوڕی بۆمان ناردووه، وه لەبەرئەوه که مەبەستەکانی ئەم نامەیه له چاوی وێژەیی و کۆمەڵایەتییەوه، زۆر شیاوی چاودێریی و خوێندنەوەیه، کورتەیەکی بۆ خوێنەره بەڕێزەکان له چاپ ئەدەین:

«.. من لەوانەنیم که دەگەڵ دوو قسەی لەتوپەتم کردو دوو شیعری لەنگ و لوێرم وت، پێم وابێ که دونیا له شەرافەتی منەوه دروست کراوه، وه چاوەڕوان بووم گەلەکەم دەستی رابگرێو ئەمن بەسەریدا بڕۆم، وەهەتا مابم کارێکی نەکا دڵم گەردێ بگرێ، وه پاش مردنیشم کۆتەڵم بۆ بڕازێنێتەوه، وه گومبەزم لەسەر گۆڕیان بۆ دروست بکاو ....

.. بەڵکو ئامانجم ئەوەبووه ئیستیعدادی خودادای خۆم، کەم یا زۆر، له رێگای خزمەتی گەل و نیشتمانەکەم بەکار بهێنم، وه له بەرانبەری ویجدانی خۆمەوه شەرمەزار نەبم. جا خەڵك کردەوەی منی پێ بەکەڵك بووه، یانه، کەیفی خۆیەتی..

..ژیانی خسوسیم خۆش بێ یا ناخۆش، تاڵ بێ یا شیرین، ئێستا خۆم گەلێك بەختەوەرو سەربەرز دەزانم که لەسایەی.......»

٩ ـ ژماره (٩٨)، ل٣: شیعری (گریانی نیوەشەو). ئەم شیعره لە (بارگەی یاران)، ل ١٠٨ ـ ١٠٩دا بڵاوبۆتەوه. هەروەها: ل٦، شیعرێکی چوارینه بە ناوی: (کۆچی یار). ئەم شیعرەش لەگەڵ چەند چوارینەیەکی تردا، لە **بارگەی یاران**، ل(١١٧)دا، چوارەمین ئەو شیعرەیه، کە ناوی نراوه: (موو ناپسێنم).

١٠ ـ ژماره (١٠٠)، ل(٣)، شیعری (بلوێری شوان)، ئەم شیعره لە (بارگەی یاران)، ل(٨٨)دا هەیه. هەر لە ژێر ئەم شیعرەدا، شیعرێکی تر بە ناوی: (گۆمی خوێن) بڵاوکراوەتەوه، ئەم شیعرەش له (بارگەی یاران)، لاپەڕە (١١١)دا هەیه. سەیر ئەوەیه ئەم شیعره لەم رۆژنامەیەدا بە ناوی شاعیری شاری (سەقز)، مامۆستا (نافیع مەزهەر ـ شپرزه)ەوه بڵاوبۆتەوه.

١١ ـ ژماره (١٠٦)، ل٢، نامەی هێمن بۆ رۆژنامەی کوردستان، بە بۆنەی بڵاوکردنەوەی شیعرێکی (هەژار موکریانی)، بەناوونیشانی (کارخانەی قەندی، یا: سیلسیلەی مەشایخی نەقشبەندی)، کە له ژماره (١٠٢) ل (٤، ٩، ١٠) و ژماره (١٠٣) ل (٣، ١٠)ی رۆژنامەی کوردستاندا بڵاوبۆتەوه و هێمن سوپاس و دەستخۆشیی له رۆژنامەکه دەکات و ئەمەش دەقی نامەکەیەتی:

دیاری خوێنەران

نامەی ((هێمن))

"زۆر جێگای شانازییە، رۆژنامەی خۆشەویستی کوردستان کە ئەستێرەی گەش و روناکی هیوای هەموو کوردێکی پاك و دڵسۆز و شاهدۆست و نیشتمان ویستە، رۆژنامەی کوردستان کە ئاڵا هەڵ گری کورد و ناسیونالیزمی ئێرانە رۆژ بە چاکتر و تەواوتر دەبێ و خزمەتی گەورەتر بە مەبەستی خاوێن و ئامانجی بەرزی کوردستانی ئێرانی دەکا".

وادیارە، کە کاربەدەستانی ئەو رۆژنامە لە رێگای پەرەپێ دانی رۆژنامەکەیان و لە پێناوی خزمەتی گەل و نیشتمان دا، خۆیان بۆ هەموو چەشنە تێ کۆشان و فیدارکارێیك ئامادەکردووە و ئاسایشی خۆیان لە پێناو ئاسایش و حەسانەوەی گەل داناوە.

یەکێك لە کارە گەورەکانی ئەوان چاپ و بڵاوکردنەوەی شوێنەواری بەنرخی هۆنەرە کوردەکانە. لەو دواییەدا رۆژنامەی کوردستان هەڵبەستێکی بەنرخی هۆنەری بەناوبانگی کورد کاك هەژاری لە چاپ داوە...

کارخانەی قەندی، یاسلسلەی مەشایخی نەقشبەندی یەکێکە لە جوانترین، بە کەڵکترین، وەپڕ ئیحساس ترین ئاثاری هەژار، وە تەنانەت دەتوانم بڵێم بە شاکاری وێژەی کوردی دەناسرێ. بڵاوبوونەوەی ئەو هەڵبەستە کە کەمە کەمە لە بیرمان دەچوەوە، سوودی زۆر گەورەی لێ وەردەگیرێ. ئەو هەڵبەستە بێجگەلەوەی کە لە چاو عیرفانەوە ئەثەرێکی بەرز و بێ وێنەیە، لە چاو کۆمەڵایەتییەوەش دەتوانین بەهرەی زۆری لێ وەرگرین. ئەوا بە کورتی سوودی کۆمەڵایەتی ئەوە دەخەمە بەرچاو:

١ ـ چاپ كردنی ئەو هەڵبەستە بە كاك هەژار دەسەلمێنێ ـ با ئەو لە نێو ئێمەشدا نەبێ[1] با ئەو خۆمان لێ بشارێتەوە ـ هەر شتێكی بە قازانجی گەل و نیشتمان بە پێنووسی ئەو بنووسرێ ئێمە سوودی لێ وەردەگرین و بڵاوی دەكەینەوە.

٢ ـ بە برا شیعەكانمان دەسەلمێنێ كە: ئێمەش ئیمامەكانمان لە كن زۆر گەورە و پایە بەرز و ماقووڵن. وە شاعرەكانی ئێمە وا جوان بە ئیمامەكان و پێشوایانی دین هەڵدەڵێن.

٣ ـ بڵاوبوونەوەی ئەو پارچە شیعرە بەنرخە كە لەودا كاك هەژار ئیحساساتی مەزهەبی خۆی چاك دەرخستووە وە... ئەو تاقمە بە درۆوە ئەخاتەوە كە ئەڵێن هەژار شاعرێكی بێ دینە و لە مەكتەبی مادیدا پەڕەوازە بووە... ئایا كەسێ كە وەها بە سۆزەوە لە خودا بپاڕێتەوە و بڵێ:

ئیتر من هەر بەوە ئومێدەوارم
كە تۆ نێوت كەریمە و من هەژارم

پیاوێكی مادی و بێ دینە؟! تا ئەو جێگایەی ئەمن تێ دەگەم، وە تا ئەو زەمانەی ئەمن هەژارم دەناسی، هەژار ئێرانی بوو، كورد بوو، خوداناس و موسڵمان بوو... دەبێ هەموومان پشت لەیەك ببەستین، تێ كۆشین، هەوڵ بدەین و بە رابەری(....)[1] خۆشەویست و مەزن ئێران بكەینەوە. ئێرانێك كە چاوی كوێری پێ رووناك ببێتەوە.

ژمارە (١٠٧) ل(٤، ٩)، شیعری (چارەنووسی شاعیر)، (٨) بەیتە، بەڵام لە (بارگەی یاران، ل١١٩)دا، (١١) بەیتە، كە بەیتی (٥، ٦، ١٠)ی (بارگەی یاران) زیادكراون و ئەمانە:

---

(١) لەو كاتەدا (هەژار) لە شاری بەغداد نیشتەجێ بووە.

(١) بۆ رێزهێشتنەوەی هێمن، ئەو جێگایەم بە چۆڵیی هێشتەوە و نەمنووسی.

١ ـ لەسەر بەفریٚ بەکارنایە، وەکو بیستوومە داوی رەش
لەسەر کولٚمەت ئەدی بۆ دلٚگرە ئەو بسکە تاتایە؟
٢ ـ هونەر ناتوانیٚ جوانی تۆ بە هیچ شیٚوێکی بنوێنیٚ

لە مەڕمەڕ چۆن دەتاشریٚ هەیکەلی ئەم بەژن و بالاٚیە؟
٣ ـ بەتوو تووش تووشی مەکتەب بۆ دەهاتم من کە زانیبام
خەفەت، مەینەت، کەسەر، حەسرەت، بەشی ئینسانی زانایە

١٣ ـ ژمارە (١٢٢) ل(٣، ٤)، شیعری (ماچی شیرین)، (بارگەی یاران) ل١٢١، بەلاٚم لە رۆژنامەی (کوردستان)دا، ئەم پێشەکییە بۆ ئەم شیعرە نووسیوە

((.... ئاوالێکم دوو شیعری ـ ئەنوەری ـ بۆ خوێندمەوە، کە:
هر بلائی کز آسمان آید   گرچه بر دیگران قضا باشد
بزمین نارسیده میپرسد: خانەی أنوری کجا باشد؟

چونکە وەصفەلحالٚی برای خۆتان بوو، ویستم وەری گێڕمەوە سەر کوردی و بۆتانی بنێرم، وە ئەوا، وام بەسەرهێنا:

هەر بەلاٚییك لە ئاسمانەوە بیٚ   با، لەویش را نەهاتبیٚ بۆ من
کە گەیشتە زەوین، دەکا پرسیار   ئەریٚ لە کویٚ یە مالٚی کاك (هێمن)؟

١٤ ـ ژمارە (١٢٣) ل١٠، شیعری (کەم تەرخەمی)، (٥) چوارینەیە، بەلاٚم لە (بارگەی یاران، ل١١٨)دا، جگەلەوەی ناوی شیعرەکەی بۆتە (تووڕەیی)، هاوکات کۆپلەی پێنجەمیشی بواردووە، کە ئەمەیە:

هێندە کێشاومە ڕەنجی بێهودە
پیربووم و تواموە، وەك شەم
شەرتە تازە نەخۆم غەمی خەڵکی
خۆم بکەم شێت و مەست وکەم تەرخەم

١٥ ـ ژمارە (١٣٠)، ل(٢)، وتارێکی زۆر درێژی (هێمن)ی بە ناوونیشانی: (هەر لە سایەی ئەمنیەتەوە، بە هەموو ئاواتی بەرزی خۆمان دەگەین) تێدایە، کە ڕۆژنامەکە ئەم چەند دێڕەی بۆ سەرەتای ئەو وتارەی (هێمن) نووسیوە:

هۆنەری بەناوبانگ و نووسەری تەواناى کورد، کاك ((سەید محەمەد ئەمین شێخ الاسلامی ـ هێمن)) وتارێکی زۆر جوانی سەبارەت بە پێشکەوتنی شارە خۆشەویستەکەی، یانێ شاری مەهاباد (سابلاغ) نووسیوە و بۆمانی ناردووە، کە لە چاپی بدەین، تاوەکو هەموو برا کوردەکانمان لە ئێران و لە دەرەوەی سنووری نیشتماندا بزانن کە شاری مەهاباد چۆن چۆتە پێش، لەم ژمارەوە دەستی پێ ئەکەین[١٣].

١٦ ـ ژمارە (١٣١)، ل(٧) و (١١)، پاشماوەی وتارەکەی ژمارە (١٣٠)ی پێشوو.

١٧ ـ ژمارە (١٣٢)، ل(١١)، پاشماوەی وتارەکەی ژمارە (١٣١)ی پێشوو.

١٨ ـ ژمارە (١٣٣) ل٤، دوو شیعر، یەکەمیان (هێلانەی بەتاڵ)، (٧) بەیتە و لە (بارگەی یاران، ل١٢٢)، (٩) بەیتە، کە ئەم دوو بەیتە، لە (بارگەی یاران)دا، بۆ شیعرەکە زیادکراوە:

١ ـ ئەرێ ئەی ئاسکی ناسك، هەتا کەی دەستەمۆ نابی؟
ئەرێ پیرۆزەکەی خۆشفەڕ، هەتا کەی نایە ماڵی من؟
٢ ـ گوتت: بۆت دێمە جێژوانێ، هەزار سوێندت بە شاڵم خوارد
لە ئاهی عاشقانەی من بترسە، نەك لە شاڵی من

هەروەها ئەم بەیتەی (٤)ی رۆژنامەی (کوردستان)یش:

لە مێژە چاوەڕێی مەرگم، کەچی نایێ نەجاتم دا
شەوی هیجرانە بۆچی؟ وا درێژە ژینی تاڵی من؟

لە (بارگەی یاران)دا، کە بۆتە دوابەیت، ئاوای لێکراوە:

رەش و تار و درێژ و پڕ لە ئازار و خەم و دەردە
بەشی شەوگاری دووری بوو، سەراسەر ژینی تاڵی من

پارچە شیعری دووەمی هەمان ئەم ژمارەیەش، بە ناوی (پەیمان شکێنی)یە و لە (بارگەی یاران، ل١١٧)دا، بۆتە کۆپلەی سێیەمی شیعری (موو ناپسێنم).

١٩ ـ ژمارە (١٣٤)، ل(١٢)، شیعرێکە لەم رۆژنامەیەدا بە بێ ناوونیشان بڵاوبۆتەوە، بەڵام لە دیوانی (بارگەی یاران)، ل(١٢٣)دا، بە ناوونیشانی: (گلێنەی شاعیر)ەوە بڵاوبۆتەوە و لەگەڵ ئەم دەقەی ناو رۆژنامەی (کوردستان)دا، جێگەگۆڕکێی هەندێ بەیتی پێکراوە.

٢٠ ـ ژمارە (١٣٨) ل٨، شیعری (ژیانم پڕ لە دەردە و نامرادی)، کە لە (بارگەی یاران، ل١١٧)دا، بۆتە کۆپلەی یەکەم و دووەمی شیعری (موو ناپسێنم).

٢١ ـ ژمارە (١٤٣) ل٣، شیعری (وڕێنەی رۆژوو)، کە لە (بارگەی یاران)دا نییە و ئەمە دەقەکەیەتی:

وڕێنەی ڕۆژو

ئەمن ئەوڕۆکە پەیدام کردوە بۆ خۆم یەکی دیکە
بڕۆ خوێڕی! نەکەی تۆ بێ یە ئەو جێی ژوانە چی دیکە
بەڵی گرتۆمە یارێکی لەبار و ژیکەڵە و تازە
ئەتۆم ناوێ بەخێرهاتی، بڕۆ هەرچی دەکەی بیکە
کچێکی چاردەساڵەی نازەنینم دیتەوە بۆ خۆم
ئەتۆ کەڵکت نەماوە، هێندە پیری بوویە ئەنتیکە
ئەمن ماچی دەم و لێوی ئەوم بۆ هەڵکەوێ ئاخر
چلۆن وازم دەچێتە تۆ، دەم و لەوست هەمووی لییکە
ئەتۆ پێت وایە لاجاینگ بە ڕشك و چاو بەڕیپۆقە
وەکوو تۆ، یارەکەی من، نایچووێنێ تە، نێزیکە
تەماشاکە سەر و بسکی، تەماشاکە دەم و چاوی
ببینە ئەو هەموو صابوون و پودر و ڕۆژ و ماتیکە
خەیاڵی وەی نەکەی، یارم وەکوو تۆ کورتەباڵایە
درێژ و خان و مان و نازەنین شووش باریکە
وەکوو تۆ گێژ و ناقۆڵا و خوار و خێچ نییە هەی هوو
ئەوەندە راست و لیك لووس و قیتە، هەر دەڵێی پیکە
ڕەش و رووت و رەجاڵ وپیس و بێ دەرپێ نییە وەك تۆ
سەر و بەرگێکی خاوێنی هەیە، ئەڵبەتتە زۆر شیکە
لە وێنەی بەختەکەی من نێرگسی مەستی لە خەودایە
سەر و زوڵفی وەکو ڕۆژی منی بێچارە تاریکە
وەکوو خاسەکەوی کوێستانی کوردستان دەقاسپێنێ
ئەو و قوربان ئەتۆش لێت دێ وەکوو مەشکە دڕەزیکە
وەکوو دۆدانە دۆیە مەمکی تۆ ئەمما بە مەرگی تۆ
مەمۆڵەی ئەو کچەتیوە وەکوو لامپی ئەلکتریکە

ئەگەر ووستەی بکەی ورتە لە زاری بێتە دەر ئاوجار
دەبێ منداڵی ئەو دێ یەت وە دووخەم بۆت بکەن فیکە

***　*　***

وڕێنەی ڕۆژووە ئەو شیعرە بێ تامەی کە فەرمووتە
ئەگەر پێت ناحەزە کاکە ئەتۆ تێری دە چاکی کە
نیشانی کاك (.....) گەر بدەی ئەو پارچە هەڵبەستەم
دەڵێ ئەو شیعرە نەزمی تۆ نییە سەبکی کلاسیکە
شیعر لوطفی هەبێ، جا تازە بێ یا کۆن بێ هەر باشە
نیشانەی شاعری طـەبعی ڕەوان و فیکری باریکە
ئەمن دڵ بەستەیی هەڵبەستەکانی نالی و کوردیم
بلا، ئەو شاعیرە لاوە بلێ (هێمن) فناتیکە

ساڵێکی لە مانگی رەمەزان دا، دوو میوانم بوون کە هەمیشە لەسەر شـیعرەی تازە و کۆن کێشەیان بوو، ئەمنیش کە رۆژوو، نیـوە عـومر و شـپرزە و کەلـەلای کردبووم، ئەو پارچە هەڵبەستەم بۆ پێ کەنین نووسی

مەهاباد ـ سید محمد امین شیخ الاسلامی (هێمن)

٢٢ ـ ژمــاره (١٧٢)، ل(٣) و (١٠)، نامەیــەکی (هــێمن)ە، کــە ئەمــە دەقەکەیەتی:

برا بەڕێزەکانم، نووسەرانی گەورەی رۆژنامەی خۆشەویستی کوردستان

لە پاش سڵاوی گەرم و سوپاسی زۆر: چەند رۆژ لــەوێ پــێش، چــوومە شــاری مەهاباد، لە ئاواڵێکی کۆن و لەمێژ و دۆستێکی نیزیك و بە ئەمەگم بیست، کە ئێوە لە نەگەیشتنی دیاری و نامەی من، پەشـێو و دڵگیربــوون. بــە راســتی زۆر سوپاستان دەکەم و هەتا دەژیم، مەمنوونتانم، چــونکوو لــەو کوردســتانە دوور و درێژەدا، بەڵکە لەو دونیا پان و بەرینەدا هەر ئێوەن، کە جاروبارە یادم دەکــەن و فەرامۆشتان نەکردووم.

لەوەی کە ساڵی ئەوساڵ هــیچ دیارییــەکم بــۆ ئێــوە نــەناردووە، بــە راســتی شەرمەزارم، بەڵام بیر نەکەنەوە کە ئەمن لە خزمەتکردنی زمان و ئەدەبیاتەکــەم دڵسارد بوومەوە، هەتا رەگێکی تەڕم مابێ، هەرچی لە دەسم بێ، کۆتایی ناکەم، ئەمما داخەکەم سەرچــاوەی تــەبعم ویشــك بــووە، تەســدیق دەفــەرموون: شــاعیر ئینسانێکی عادی نییە، نازانم شێت و نەزانە، یا ژیر و وریایە، هەرچی هەیە، وەك خەڵکی دی ناچێ. هەست و بیری دەگەڵ مەردم جیاوازە، وە ئەگەر وەك خەڵك بیر بکاتەوە، ناتوانێ شوێنەواری بە کەڵك لە پاش خۆی بەجێ بهێڵێ، ئــەمن جــاران شاعیر بووم و هیچم وەك خەڵك نەدەچوو.

دیتنی دیمەنێکی جوانی تــەبیعی، لەنجــەولاری کیــژێك، ســەیری هەڵپــەڕین و رەشبەڵەك، تەماشای گوڵ و شینکە، تیشکەی مانگ، گزینگی هەتاو، گوێ لــێ بوونی ئاهەنگی مووسیقا، قاسپەی کەو، وریکەی بولبول بۆ من، ئیلهام بەخش بوون. وە هەروەها فرمێسکی ژنی زك سووتاو، کوڕووزەی هەتیوی بێ باب، فیزی دەوڵەمەند، ناڵەی هەژار، هەستی منیان دەهێنا جۆششەوە. بە کورتی بە هەموو شتی جوان و دزێوی ئەو جیهانە موتەئەثیر دەبووم، وە ئەو تەئەثــورە بــوو هــانی ئەدام هەستی خۆم دەربڕم و شیعر بڵێم، بەڵام بەداخەوە ئێستا پێ لێ دەنــێم کــە بوومەتە پیاوێکی عادی و شاعیر نیم، نەدەتوانم پێبکــەنم و نــەدەتوانم فرمێســك هەڵوەرێنم. بۆچی وام لێ هاتووە نازانم؟ (....)[١٤] دەس تەنگی، لــێ قــەومان و تاڵی ژیان، ناهومێدی، بوونە هۆی ئەوە، یا شتێکی تر، بۆم لێك نادرێتەوە.

خۆشەویستەکانم! ئینصاف بدەن، کەسێکی مەجبوور بێ لە گوندێکی چووکی (٢٠) ماڵیدا، کە تاقە خوێندەوارێکی تێدا نەبێ، بژی و هیچ دڵ و خۆشێکی نەبێ، نە تەنیا هیچی تازە فێرنابێ، بەڵکە ئەوی دەشی زانێ، فەرامۆشی دەکا.

ئەوە حاڵی منی هەژارە، بەو حاڵەشەوە هیوادارم لە دوارۆژدا بتوانم زیاتر خزمەت بە زمان و ئەدەبیاتی کوردی بکەم، ئەوە دەگەڵ ئەو نامە، چەند پارچە هەڵبەستەی کۆن و تازەی خۆمم بۆ ناردن.

٢٣ ـ ژمارە (١٧٣)، ل(٢)، پاشماوەی نامەکەی ژمارەی پێشووی (هێمن)ە، کە دەستەی نووسەرانی رۆژنامەی (کوردستان)، ئەم پۆزشەیان لەو بارەیەوە نووسیوە:

(لێمان ببوورن کە لە نامەکەی مامۆستا هێمن، کە لە ژمارەی پێشوودا لە چاپمان دا، ئەم چەند واتەی خوارەوە داکەوتبوو):

رۆژێك پۆلێك لە لاوە تازەپێگەیشتوو وە خوێندەوارەکانی شارەکەمان دەورەیان دابووم، وە رەخنەیان لێ دەگرتم، کە بۆچی هەڵبەستەی تازە دروست ناکەی؟ گوتم: براکانم مەسئەلەی مەشهوورە!! هەرکەس گوێزان لە هەنبانەی خۆی دەژمێرێ))، ئێوە ئاگاتان لە حاڵی من نییە و نازانن لە چ مەحروومییەت و چارەڕەشیدا دەژیم.

دوای ئەوە پرسیم: مەگەر ئێوە عەلاقەتان بە ئاثاری من هەیە؟ تێکڕا بەسەریاندا قیژاندم و گوتیان: جا چۆن وا دەفەرمووی؟ مامۆستا! گوتم: ئەگەر راست دەکەن، هەریەك لە ئێوە چەند کتێبێکم بە ئەمانەت بۆ بنێرن، کە پاش خوێندنەوە، بە ئەحمەقیشم بزانن، بۆتانی دەنێرمەوە، بەڵکە موتالاّ بتوانێ کەمێك لە نارەحەتی و تەنیایی من کەم بکاتەوە. هەموویان گوتیان: بەچاوان، بەڵام بە گیانی ئێوە هەردوو کتێبم پێ گەیشتووە.

هەر لە هەمان لاپەڕەدا و دوای تەواوبوونی ئەو نامەیە، شیعرێکی (هێمن)ی تێدایە، بە ناوی: (سایەی غەم) کە هەر ئەم شیعرە (لەگەڵ هەندێ جیاوازییدا)، لە (بارگەی یاران)، ل(١١٩)دا، بە ناوی: (بۆسەی رۆژگار)ەوە بلاّوبۆتەوە، بەڵام لە (بارگەی یاران)دا، بەیتی (٣ و ٤)ی پێ زیادکراوە و بۆتە (٩) بەیت و بەیتی ژمارە (٥)ی ئەوەی رۆژنامەی (کوردستان)یشی لێ دەرهاوێژراوە، کە ئەم بەیتەیە:

دەردی بیّ دەرمانی من، چارەی بە هیچ کەس ناکریّ
چونکو دەرمانی نییە، بێجگە لە: ماچی دەم نەبیّ

٢٤ ـ ژمارە (١٧٤)، ل (٣ و ٤)، شیعرێکی (هێمن)ی بە ناوی (خاوەنی زێڕ) تێدایە، کە ئەم شیعرە (بە جیاوازییەکی زۆرەوە) لە (بارگەی یاران)، ل (٦١)دا هەیە. بەڵام هەردوو شیعرەکە، لە هەردوو جێگەکەدا، هەر تەنیا ناوونیشانەکەیان: (خاوەنی زێڕ) وەك یەکە، ئەگینا سەرومڕی هەردوو دەقەکە، زۆر جیاوازن و بۆ ئەوەش خوێنەران زۆر بە وردەکاریی جیاوازییەکانییەوە خەریك نەکەین، دەقەکەی ڕۆژنامەی (کوردستان) بۆ ئێرە دەگوێزینەوە، تا خۆیان لەگەڵ دەقەکەی (بارگەی یاران)دا بەراوردی بکەن:

((خاوەنی زێڕ))

ججێل چاك و لەبارە، خاوەنی زێڕ
ئەگەر پیرێکی خوێن تاڵە و ورگ تێر
ڕەزا شیرینە، شۆخە، قیت و قۆزە
ئەگەر خینگە زلە و خوار و شەل و گێڕ

قسەزانە، ئەدیبە، خوێندەوارە
ئەگەر نەی خوێندبیّ، شەش پیت و دوو دێڕ

سڵاوی لیّ دەکەن، سەر دادەخەن بۆی
لە ڕیّ باز و لە کۆڵان و لە باژێڕ

بەڵام زێڕت نەبیّ، سووکی، ئەگەر تۆ
بڵێی دەرسی هەزاری وەك (شکسپێر)

٢٥ ـ ژمـاره (١٧٥) ل١١، شـيعری (ئـارەزووی فـڕین)، (٧) کۆپلەيـە، لـە (بارگەی یاران، ل١٠٩)دا، (٦) کۆپلەیە، کە ئەم کۆپلەیەی تێدا نییە:

خێوی بیرێکی بەرز و رووناکم
کەچی لە لایان پەستم و نەوی
ئەمن کە دەڵێی ئاوونگی پاکم
نازانم بۆچی هاتمە سەر زەوی؟

٢٦ ـ ژماره (١٨٤)، ل (٤، ٩، ١٠)، لەو چەند لاپەڕەيـەی ئـەم ژمارەيـەدا (هێمن) چیرۆکێکی بە ناوی (کوڕ) تەرجەمە کردووە، کە رۆژنامەکە و (هـێمن)یش ئاماژەیان بە سەرچاوەی وەرگێڕان و زمانی دەقەکـە نـەکردووە[١٥]. مــن بـە بـیرم نایەت ئەم تەرجەمەیەی (هێمن)م لە سەرچاوەیەکی تردا بەرچاو کەوتبێ، بۆیە پێم باش بوو بۆ ئێرەی راگوێزم:

کوڕ

وەرگێڕاو لە کتێبی هەفتە ـ بە پێنووسی: مامۆستا هێمن

بەرەبەیانی رۆژێکی رەش و تاڵ بوو، هەموویان بە ڕیز لـە لێـواری کەنداڵێکـدا راگرتبوون، دە کەس بوون کە بڕیاری کوژرانیان درابـوو، لـە نێـو ئـەوان را کـوڕ و بابێك هەبوون کە دەستی هەردووکیان پێکەوە بەسترابوو. دەستی راستـەی بـاب و دەستی چەپەی کوڕ بەرەڵلاّ بوو. بێدەنگ سەریان داخسـتبوو، مانـدوو و شـەکەت دەهاتنە بەرچاو، لە تەنیشت یەکتر راگیرابوون، مچ و مۆڕ و بەسام بوون، ردێنیـان نەتاشیبوو.

ئەفسەری فاشیست گوتی: دەی بیرت کردووەتەوە.

کوڕ گوتی: نا.

ئوستاشا[١٦] بە رقەوە لێی مۆن بووەوە، کوڕ تێکۆشا خۆی ئازا و نەبەز نیشـان بدا، بەڵام سەر و ملی دەلەرزی، شان و پیلـی دێشـا، زۆر مانـدوو و شـپرزە بـوو، ئەفسەر سەربازەکانی لە بیست هەنگاوی کەنداڵەکەوە بە ریز راگرتن، وە فـەرمانی دا فیشەك بخەنە تفەنگ، دەنگی چەخماخان هات، کوڕ ئاوڕی بۆ لای کەنـداڵ داوە، کەندناڵ لەبەر چاوی ئەو، قوڵ و پان و پڕ لە لیتە بوو، هەموویان لێرەدا دەنێژرێن. کوڕ لەبەر خۆیەوە گوتی: لێرەدا...

لـەرزی و پـتر لـەوە نـەیوێرا چـاو لـە کەنـداڵ بکـا، بـاب بـەژنێکی بـەرز و نێوچاوانێکی مۆن و گـرژی هـەبوو، بـە هـەموو هێـزی خـۆی هـەوڵی دەدا کـۆم نەبێتەوەن زۆریان لێدابوو، جەزرەبە درابـوون لـە لـەش و چـڕ و چـاویدا نیشـانەی جەزرەبە دیاربوو ـ سەربازەکان بەرەو رووی کەنداڵ بە ریز راوەستابوون تفەنگیان لە دەسدا بوو، چاوەنۆڕی فەرمانی ئەفسەری خۆیان بوون تا دەسرێژ بکەن، دەیانویست

هەرچی زووتر ئەو کارەساتە دوایی بێن. لە چاوی هێندێکیاندا بێزاری و ماندوویی وە لە چاوی ئەوانی تردا دڵسۆزی و بەزەیی دەبیندرا.

دەی بیرت کردۆتەوە؟

کوڕ گوتی: نا!

ئەفسەر پێکەنی و گوتی: بە جەهەننەم ... لەبەر تۆمە، کوڕ بە قینەوە چاوی لێ کرد، لەو چاو لێکردنەدا رق. بێزاری دەبیندرا، وەك سەگ و گورگ تێك دەفکرین.

هەموویان لە لێواری کەنداڵ، لە لێواری گۆڕ کۆکردبوونەوە، لە تاو ژان و ماندوویی توانای راوەستانیان نەمابوو، شتومەکیان بزگوڕ، بزگوڕ بوو، زۆرداران جل و بەرگی ئەوانیان بە ئامرازی جەزرەبە شڕۆپەتۆڕ کردبوو، بە میلی ئاسن لێیان راکێشابوون، چارەڕەش و بێهیوا، بە جل و بەرگی شڕ و کڵاوی دڕاوەوە رێزێکی خوارو خێچ و بەرز و نەوییان پێکهێنابوو، هەموو دەمێك بیردەکراوە لەبەر ماندوویی سللار ببنەوە، باب کڵاوێکی لە پێستی بزنی رەش لەسەر بوو، کڵاوی کوڕی لە خوری سپی بوو، سمێڵی باب رەش و ئەستوور بوو، نووکی بادرا بوو، کوڕ لە مێژبوو ردێنی نەتاشیبوو، تووکی زەرد و تەنك سەر و رووی داپۆشی بوو، ئەفسەر لە پشت سەربازەکان راوەستا و فەرمانی دا ئامادە ...... لە پاشان گوتی:

لە چەپەوە بۆ راست سێ، سێ، تیرەبارانیان بکەن، دوایی قیژاندی: هەرسێ سەربازی، یەکێك بکەنە نیشانە.

دیسان وەك دڵنیا نەبووبێ کە سەربازەکان لە فەرمانی ئەو گەیشتبن، دووپاتی کردەوە: لە چەپەوە بۆ راست، سەربازەکان سێرەیان گرت ((ئاوڕ)).

تەقەی گوللە هات، دووکەڵی رەش لە لوولەی تفەنگەکان هاتەدەر، سێ کەس کەوتنە کەنداڵ، خەریك بوو چوارەمیش دەگەڵ خۆیان سەر و نخوون بکەن، هەرچۆنێك بوو خۆی راگرت، یەکجار پەشێو بوو، دەتگوت: پێی خۆش بوو ئەویش مردبا، کاری تەواوبووبا، ئەوە کوڕەکە بوو.

ئەفسەر پرسیاری کرد: دەی؟

کوڕ گوتی: نا!

ئەفسەر فەرمانی دا تفەنگ پڕ بکەنەوە، دەس بە جێ قیژاندی: ئامادە! لوولەی سێ تفەنگ بۆ لای سینگی کوڕ راداشترا.

لەسەرەخۆبە!...

ئەفسەر بە سەربازەکانی گـوت: دەسـڕێژ مەکـەن، دەتگـوت بـە ئاواتـەوە بـۆ کوڕێکی تازەپێگەیشتوو لە مردن رزگار بکا، تەنانەت دڵخۆشیش بـوو، وە لـەوەی کە کوڕ بیری خۆی گۆڕیوە، رازی دەهاتە پـێش چـاو، کـوڕ باڵابـەرز و لاواز بـوو، رەنگی بزڕکابوو، پاڵتۆیەکی کەسکی درێژی لەبەردابوو، گوێزینگی دەگرت.

وەك چارەنووس، بێ بەزەیی و دڵ رەق بوون، ئەفسەر بـە سـەربازەکانی گـوت: بحەسێنەوە، دەنگی لەرزۆك بوو:

دەی؟ دە رۆژ بوو لەسەریەك ئەوەی بە کوڕەکە گوتبوو، وەڵامـی ((نـا))ی پـێ درابۆوە، هەر گوتبووی:

دەی؟ وە کوڕ وەڵامی دابوەوە: نا!... دە رۆژی تەواو وەخت و بـێ وەخـت ئـەو پرسیار و وەڵامە دووپات کرابۆوە، هەردووك لاسارییان دەکـرد. هـیچ کامیـان لـە بیروڕای خۆیان لانەدەدا و ئێستا کوڕ بەزیبوو. وە دەیگوت:

لەسەرەخۆبە!....

ئەفسەر لە کوڕی ویستبوو بە دەستی خۆی بابی بکـوژێ و لـەباتی ئـەو کـارە، ئازاد دەبێ و لە مردن رزگار بکرێن، ئاواتی ئـەوەبوو بەندییـەکان یـەکتر بکـوژن، نەخۆشی رۆحـی هـەبوو، کـاتێ ئـەوان بەگژیەکـدا دەچـوون، شاگەشـکە دەبـوو و پێدەکەنی کە خۆی ئەوەندە بەزاکون دەدیت، زۆر شاد دەبوو، وە ئێستا لە هەمیشە زیاتر، چونکو دەیدیت بە فـەرمانی ئـەو، کوڕێـك خەریکـە بـابی خـۆی بکـوژێ. ئەفسەر لە پێشدا لە بابی ویستبوو کە بە دەستی خـۆی رۆڵـەی لاوی لـە خوێنـاو وەردا و لە پاداشتی ئەو کارەدا ئازاد بکرێن، بەڵام پیرەپیاو توڕە ببوو، وە تەنانەت تفی لە نێو چاوان کوتابوو، ئەفسەر لە پاشان بیروڕای خۆی گۆڕی و ئەو کارەی لـە کوڕ ویست و گوتی: (ئەتۆ ئازاد دەکەم).

کوڕ دە رۆژی تەواو خۆی راگرتبوو و نەچـۆبووە ژێربـار و ئێسـتا جـارێکی تـر ئەفسەر لێی دەپرسێ: دەی؟ کوڕ لاڵ و پاڵ بوو.

ئەفسەر گوتی: لە بیرتە چ وادێکم پێ داوی؟ توندی دەدواند تا هەموویان گوێیان لێ بێ و لە مەبەستی بگەن. کوڕ چاوێکی پڕ لە ناهومێدی لە باب کرد و لەبەر خۆیەوە گوتی: ناتوانم...

باب بە بەژنێکی راست و هەروا بێ دەنگ راوەستابوو، دەتگوت تارمایی لەعنەت و بێزارییە.

ئەفسەر رووی لە سەربازەکان کرد و فەرمانی دا: ((ئامادە)). کوڕ نالآندی لەسەرەخۆبە...

جا بۆ؟ کوڕ گوتی: کوتکم وێدە، ئەفسەر قیژاندی: ئەگەر مێشکی پرژ و بڵاو بکەی لە مردن رزگار دەبێ، کوڕ دووپاتی کردەوە: کوتکم وێدە، زۆری لە خۆی دەکرد، وەك شێتان نەقیژێنێ.

ئەفسەر، دەستوری دا، دەستی کوڕ بکەنەوە سەربازێك کوتکی هێنا، کوڕ لێوی کورۆت، رەنگی بە رووداً نەمابوو.

باب چاوێکی سووکی لە لای کوڕ کرد، بەڵام کوڕ بەری هەڵنەهێنا، تا چاوی بە چاوی باب نەکەوێ ـ وێ دەچوو لە دڵی خۆیدا بڵێ، بابم زۆریش بێ تاوان نییە، چەندی لە دایکم دەدا، هۆی گیرانی ئێمە ئەوبوو، ئەو ئەمنی تووشی ئەو داوە کرد، ئەفسەر دەستی لەسەر شانی کوڕ دانا!...

باب بە تەنێ ماوە. فرمێسکی لە چاودا قەتیس ما، دڵۆپێك فرمێسکی لە چاوی هاتە خوار و بە کوڵمیدا خولۆر بووەوە و لە نێو مووی سمێڵیدا شاردراوە.

ئەفسەر بە پێکەنینەوە گوتی: کوتك هەڵگرە، نیشانەی شادی لە سیمایدا دەبیندرا، کاتێکی خۆشی رادەبوارد.

لەبەرئەوەی کە توانیبووی یەکێك لە بەندییەکان ئەوەندە بچووك و پەست بکاتەوە، شایی لە دڵدا دەگەڕا. کوڕ کوتکی بەدەستەوە گرت، ئەفسەر گوتی: بە زەبرێك، سەربازەکان بە بێزاری تەماشای ئەو کارەساتە دزێوەیان دەکرد، ئەفسەر گوتی: بە هەردوو دەست، کوڕ گوتی زۆر چاکە... دەتگوت: هێزی لێ بڕاوە.

دەست و هەموو گیانی دەلەرزی. کوتك ئارام بە دەوری سەری کوڕدا هەڵسوڕا، ئەفسەر هەڵسوڕانی کوتکی تەماشا دەکرد، لەو کاتەدا چاوی بە باب کەوت، پیرەپیاو بێ دەنگ و بێ جووڵە جووڵ راوەستابوو.

ژیان، تێیگەیاندبوو کە تازە نابێ هیوای بە هیچ هەبێ، کوتك بە توندی لە هەوادا هەڵدەسوڕا، ئەفسەر و پیرەپیاو هەردوو چاویان تێبڕیبوو. لە پڕ هەموو ئەو کەسانەی کە چاویان لەو کارە پڕ لەسامە بوو، لە جێگای خۆیان وشك بوون، کوڕ کە رق و بێزاری هەموو لەشی داگرتبوو، زۆر بە چالاکی بە دەوری خۆیدا سوڕا وە بە هەموو هێزی خۆی کوتکی لە تۆقی سەری ئەفسەر دا، ئەوجار دوو زەبری دیشی لێدا، کوتکی خوێناوی بۆ لای سەربازەکان هاویشت و بە دەنگی بە سامەوە قیژاندی: ئەوجار دەسڕێژ بکەن، بزەیەکی پڕ لە دەرد، لێوی بابی لێك کردەوە.

* * *

مانای وشەی کوڕ

مچ و مۆڕ: رووگرژ و نێوچاو تاڵ
ردێن: ریش
شپرێو: شپرزە
ئاوڕ: لاکردنەوە
پتر: زۆرتر
بزرگوڕ، بزگور: پژگ و بڵاو
ئامراز: وەسیلەی جەزرەبە و ئەشکەنجە
خوار و خێچ: لار و چەوت
سللار: هاتنە لا و مردن
دوپاتە: دووبارە
سێرە: نیشانە
راداشتن: روو بە روو راگرتن
رەنگ بزرکان: رەنگ پەڕین
کەسك: سەبز
گوێزنگ: قولاپەی پێ
بێ بەزەیی: بێ رەحم
لاسار: لەنج، پێداگرتن
زا کون، زۆردار، بەدەسەڵات
وێ دە: بدە
قەتیس: گیر، بەند
دزێو: پیس و ناشرین

٢٧ ـ ژماره (١٨٥) ل٦، شیعری (کیژی لادێی)، (١٧) بەیتە و لە (بارگەی یاران، ل٧٠)دا، (١٥) بەیتە، کە ئەم دوو بەیتەی (٦) و (١١)ی تێدا نییە:

٦ ـ گەردنت وەکو مینای بلوورە
بێ ڕۆژ و ماتیك، لێوی تۆ سوورە
١١ ـ بێ فڕ و فێڵ و پاك و خاوێنی
کچێکی وەك تۆ، پاکە داوێنی

٢٨ ـ ژماره (١٨٦) ل٣، شیعری (تۆم هەر لە بیرە). (بارگەی یاران، ل٦٩).

٢٩ ـ ژماره (١٨٧) ل(٣، ١٠)، شیعرێکی بێ ناوونیشانە و لە (بارگەی یاران)دا نییەو ئەمە دەقکەیەتی:

گوڵی گەش بە بای شەماڵی بەهار، ئەشنێتەوە
قاسپەی کەوی کەژ، بەرانبەر نزار، بەرز ئەبێتەوە
من کە دیم لەرەی شەپۆلی شنەی....[1] کوردستان
تێکەڵاو ئەبێ لەگەڵ جریوەی ئەستێرەی بەیان
ئەوکاتە هیوا و ئامانجی دوورم، هەردوو پێکەوە
ئەبن بە پرشنگ، گوڵاڵەی سوورم، ئەگەشێتەوە

٣٠ ـ ژماره (١٩٤) ل١١، شیعری (گێژەڵووکەی خەزان)[2]، (٢٥) بەیتە و لە (بارگەی یاران، ل١٢٣)دا، (٢١) بەیتە، کە ئەم بەیتانەی (٣، ٦، ١٠، ١٣، ١٤)ی ڕۆژنامەکە، لە (بارگەی یاران)دا نین و ئەمانەن:

---

(١) لە دەقەکەدا ئەو جێگەیە هەروا چۆڵ بوو، پێدەچێ وشەی (ئالا) بێ، کە لەگەڵ وشەی دواییدا، دەبنە (ئالای کوردستان).

١ ـ هەڵ دەوێزنێ بیساتی دڵ خۆشی
دای دەمەزرێنی حوزن و خامۆشی
٢ ـ بێ ئەوەی هەر مچوڕکی پێدا بێ
کوڕ لە گریان دەکا لە سوێی بابێ
٣ ـ بزەیێك نابینی لەسەر لێوێ
چاوە، فرمێسکی خوێن دەپاڵێوێ
٤ ـ نەبوو قەت فاجعەی ئەوەندە بەسام
سێ برا، پێکەوە بن ناکام
٥ ـ دەستی تەقدیر لەت لەتی کردن
گورگی برسی ئەجەل هەمووی بردن

٣١ ـ ژمارە (٢٠٠) ل١١، شیعری (شینی گۆران)ی شاعیر، (٢٥) بەیتە و لە (بارگەی یاران، ل١٣٢)دا، (٢٦) بەیتە و وردە جیاوازییەکی زۆریش لە هەردوو دەقەکەدا هەیە، بۆیە پێم باشە، بە مەبەستی بەراورد، دەقەکەی ڕۆژنامەی (کوردستان) بۆ ئێرە ڕاگوێزم:

(٢) لە ڕۆژنامەکەدا بۆنەی شیعرەکەی ئاوا نووسیوە: بە بۆنە پێشاتە ناگەوارەکەی مەهاباد و کوژرانی سێ براکەوە.

شینی گۆران

مامۆستا: هێمن

هەر لە بۆتانەوە هەتا سۆران
هەموو سۆرانی شینە: بۆ (گۆران)
هەر لە کوێستانەوە هەتا گەرمێن
یەخەمان دادڕییوە تا دامێن
لە جزیرە هەتاکوو دەریای رەش
نییە کوردێك سەری نەنابێ لە هەش
لە دیاربەکرەوە هەتا ورمێ
شان بە قوڕ، مل بە کوێنە، نێر و مێ
هەر لە ئامێدەوە هەتاکوو سنە
کوردە غەمناکە، چ پیاو چ ژنە
لە مەریوانەوە هەتا زرێبار
وەك زرێ بارە چاوی کوردی هەژار
هەر لە بۆکانەوە هەتا جوانڕۆ
جوان و پیر پێکەوە دەڵێن: ئەی رۆ!
لە دەهۆکا هەتاکوو هەورامان
هەرچی دەی بینی هەر دەڵێ: ئامان
هەر لە زاگرۆسەوە هەتا ئاگری
کێ یە کورد بێ و ئەتۆ بلێی ناگری
لە سولێمانیا، هەتا سابلاخ

دیارە تێدا نییە دڵی بێ داخ
هەر لە بیجاڕەوە هەتا شەمزین
کچ و کوڕ لاو و پیری کورد، شەمزین
لە شنۆوە هەتاکوو سەنجابی
تووشی کوردێکی شادمان نابی
هەر لە هەولێرەوە هەتا پاوە
گەلی ئێمە پەشێو و داماوە
لە هەڵەبجە هەتا دەگاتە سەقز
هەمو غەمبارە، ڕەنجەڕۆیە و کز
هەر لە بتلیسەوە هەتا سونقور
ژن و پیاو پێکەوە دەپێون قوڕ
لە نووسبینەوە، هەتا کەرکووك
شینی گۆران دەکەن، چ گەورە و چ چووك
ئەوەیە حاڵ ـ وەکو ئێرە، وان
خەبەرم نییە چلۆنە ئێرەوان

* * *

جا، چلۆن دڵ بەغەم نەبین، نەگرین؟
جا چلۆن کۆڕی شینی بۆ نەگرین؟
شاعرێك بوو، بەنرخ و بێ وێنە
بیری روون تر بوو زۆر لە ئاوێنە
خاوەنی بیر و ذەوق و حیسس و هەست
ڕەنگ بوو نێوی بنێن: (خودای هەڵبەست)
فەخری کوردانە گەنجی ئاثاری
شیعری شیرین و ورد و ساکاری
داخەکەم ئەو بلێسە دامرکا

که خەریك بوو: وڵاتی روونترکا
گڵی پێدا کرا، هەتا دامرد
ئەو گڕەی کوردەواری رۆشن کرد
پێم پەری شیعر و مۆسیقا تۆران
بۆیە بردیانەوە بەهەشت گۆران
یا خودای گەورە، تورەبوو لێمان
ئەو چرایەی رەوا نەدی پێ مان

شیلان ئاویێ ـ سابلاخ ـ ١٦ی رەشەمێی ٢٥٧٤

پەراوێز:

(١) ئـەم لێکۆڵینەوەیـە لـە ژمـارە (٣٠)ی رۆژنامەکـەوە تـا دوا ژمـارەی رۆژنامەکە (جگـە لـە یـەك دوو ژمـارە)ی، واتـە: (١٧٩) ژمـارەی رۆنامەکـەی گرتۆتەوە و ئێستا ئەو لێکۆڵینەوەیەم کۆکردۆتەوە و ئامادەی چاپم کردووە.

(٢) دکتۆر محەمەد سدیق مـوفتی زادە، سـەرنج و پێشـنیاری زۆر زیرەکانـە و زانستانەی لەسەر رێنووسی کوردی نووسیوە، وەك ئـەوەی لـەجیاتی (واو) و (ی)ی درێژ، (سەر: فەتحە)ی بۆ پێشنیار کردووە، کە (کـۆڕی زانیـاری کـورد)، لـە دوای دروستبوونی (١٩٧٠)، لە بارەی ئەو دوو پیتەوە، پێشنیارە دێرینەکـەی (مـوفتی زادە)یان پەسەند کردووە و لەسەر لەبەری بەرهەمی چـاپکراوی ئـەو قۆناغەیانـدا، پیادە و پیڕەویان کردووە.

(٣) بۆ زیاتر زانیاریی، بنوارە: بارگەی یاران، سەرجەمی شیعری هێمن (واتـە: چاپی دووەمی: تاریك روون)، چاپەمەنی دەسگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٦، ل٤٠.

(٤) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٥٤.

(٥) دواتریش: بارگەی یاران.

(٦) شوێن: مەبەست لە (بەرهەم)ی نووسینە. کە دیارە تەرجەمەکراوی (**أثر**)ی فارسییە.

(٧) دەقی نووسینەکەم وەك خۆی بۆ ئێرە راگواستووە.

(٨) فەرخە: بێچوو، بەچکە.

(٩) نەتەویی، دوژمنت (لە دەقەکەدا ئاماژەی ـ پەراوێز ـ ی لەسەر ئەم وشەیە داناوە، بەڵام پەراوێزەکەی بۆ نەنووسیوە.

(١٠) مەبەسـت لـە (کـورش: ٥٥٩ ـ ٥٢٩ پـێش زایـین)ی شـای (هەمەخامەنشی)ییە.

(١١) سووروسـات: مەسـرەفی ئالیـك و پێویسـتی وڵاخـی باربـەری جـەنگ و لەشکرکێشی.

(١٢) بمبی: مەبەست شاری (بۆمبی)ی هیندستانە.

(١٣) بەشێکی وتارەکەی (هێمن) لەم ژمارەیەی ڕۆژنامەکەدایە و پاشماوەکەی لە دوو ژمارەی داهاتوودا بڵاوبووەتەوە، ئەم وتارەی (هێمن) سەبارەت بە باری پێشکەوتن و ئاوەدانی شاری (مەهاباد) ە.

(١٤) ئەو وشەیە کاڵ بوو، نەخوێندرایەوە.

(١٥) بەڵام ڕۆژنامەکە هەر ئەوەندەی نووسیوە، کە لە (کتێبی هەفتە)وە تەرجەمە کراوە!

(١٦) (خەڵکی یۆگسلاوی بە فاشیستەکانیان دەگوت: ئوستاش).

(١٧) هێمن ئەم چەند وشەیەی خوارەوەی راڤە کردووە، کە لە تەك ئەم وەرگێڕانەدا، ئەو وشانەشمان بۆ ئێرە گواستۆتەوە.

بەرهەمی چاپکراوی نووسەر

١. ژووان، شیعر، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی، (١٩٨٠).
٢. گەشتی ریچ بۆ سلێمانی، وەرگێڕان، چاپی یەکەم، بەرگەلوو، (١٩٨٤).
٣. کێشەی کورد، وەرگێڕان چاپی یەکەم، یاخ سەمەر، (١٩٨٦).
چاپی دووەم، ئێران، تەورێز، (١٩٩٠).
چاپی سێیەم، هەولێر، (١٩٩٢).
٤. گوڵەکانی دۆزەخ، شیعر، چاپی یەکەم، ئێران، تەورێز، (١٩٩٠).
چاپی دووەم، هەولێر، (١٩٩٢).
٥. گەشتنامەی ریچ بۆ کوردستان، وەرگێڕان، چاپی یەکەم، ئێران، تەورێز، (١٩٩٢).
چاپی دووەم، ئێران، تەورێز، (١٩٩٥).
چاپی سێیەم، هەولێر، (٢٠٠٢).
چاپی چوارەم، هەولێر، (٢٠١١).
٦. ئەفسانەی ئەدونیس، وەرگێڕان، چاپی یەکەم، ئێران، تەورێز، (١٩٩٤).
٧. گۆرانی کوردی، وەرگێڕان، چاپی یەکەم، ئێران، تەورێز، (١٩٩٤).
٨. مێژووی مۆسیقای کوردی، چاپی یەکەم، ئێران، شەهری کورد، (١٩٩٤).
چاپی دووەم، هەولێر، (٢٠٠٢)، دەزگای ئاراس.
چاپی سێیەم، هەولێر، (٢٠٠٨)، دەزگای موزیك و کەلەپووری کورد.
چاپی چوارەم، هەولێر، (٢٠١٣)، دەزگای موزیك و کەلەپووری کورد.
٩. سەیید عەلی ئەسغەری کوردستانی، چاپی یەکەم، هەولێر، (١٩٩٨).
چاپی دووەم، هەولێر، (٢٠٠٢)، دەزگای ئاراس.
١٠. راوە گزنگ، وتار و رەخنەی ئەدەبیی، چاپی یەکەم، هەولێر، (١٩٩٨).
١١. بیرەوەرییەکانی وەفایی (تحفه المریدین)، وەرگێڕان، چاپی یەکەم، هەولێر، (١٩٩٩). ،چاپی دووەم ، هەولێر، (٢٠١١).
١٢. کەروێشکی زیرەك و گورگی دانا، چیرۆکی منداڵان، وەرگێڕان، چاپی یەکەم، سلێمانی، (٢٠٠٠).

١٣. شۆرشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری، لە بەڵگەنامەی قاجارییدا، چاپەمەنی موکریانی، چاپی یەکەم، هەولێر، (٢٠٠٠).

١٤. میرنشینی ئەردەڵان، بابان، سۆران، لە بەڵگەنامەی قاجارییدا، چاپی یەکەم، هەولێر، (٢٠٠٠).

١٥. راپەڕینی هەمزائاغای مەنگور، لە بەڵگەنامەی قاجارییدا، چاپی یەکەم، هەولێر، (٢٠٠٠).

١٦. کەروێشك و تانجی، چیرۆکە شیعر بۆ منداڵان، چاپی یەکەم، هەولێر، (٢٠٠٥).

١٧. دیوانی ئەدەب (عەبدوڵڵا بەگی میسباح دیوان)، چاپی یەکەم، هەولێر، (٢٠٠٦).

١٨. أفتتاح ناسری، لە بەڵگەنامەی قاجارییدا، نووسینی عەلی ئەکبەر سەرهەنگ، وەرگێڕان، چاپی یەکەم، هەولێر، (٢٠٠٧).

١٩. شۆرشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری، لە بەڵگەنامەی قاجارییدا، نووسینی عەلی خان گۆنەخان ئەفشار، وەرگێڕان، چاپی یەکەم، هەولێر، (٢٠٠٧).

٢٠. شۆرشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری، لە بەڵگەنامەی قاجارییدا، ئینگلیزی و ئەمەریکاییدا، نووسینی وەدیع جوەیدە، لە بەڵگەنامەی قاجارییدا، وەرگێڕان، چاپی یەکەم، هەولێر، (٢٠٠٧).

٢١. شۆرشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری، لە بەڵگەنامەی قاجارییدا، نامەی دەرباری و سەربازییانە. نووسینی حەسەن عەلی خان، وەرگێڕان، چاپی یەکەم، هەولێر، (٢٠٠٧).

٢٢. شۆرشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری، لە بەڵگەنامەی قاجارییدا، بەڵگەنامەکانی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئێران، وەرگێڕان، چاپی یەکەم، هەولێر، (٢٠٠٧).

٢٣. شۆرشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری، لە بەڵگەنامەی ئەرمەنیدا، نووسینی ئەسکەندەر غۆریاس، وەرگێڕان، چاپی یەکەم، هەولێر، (٢٠٠٧).

٢٤. موزیك و گۆرانی کوردی، کۆمەڵە وتار، چاپی یەکەم، هەولێر، (٢٠١١).

٢٥. بیرەوەرییەکانی د. سەیید عەزیزی شەمزینی (ئامادەکردن و پەراوێز بۆ نووسینی) محەمەد حەمەباقی.

٢٦. سەفەرنامەی ژان ئۆتەر، وەرگێڕان لە فارسییەوە، خانەی موکریانی، هەولێر (٢٠١٣)

٢٧. ئەفسانە و تەم، (کۆمەڵە وتارێکی تەرجەمەکراو).

بەرهەمی داهاتوو

١- مەولانا خالید ـ خوێندنەوەیەکی نوێ

٢- مەولەوی تاوەگۆزی ـ خوێندنەوەیەکی نوێ

٣- سمکۆی شکاك ـ لە بەڵگەنامەی ئێرانیدا

٤- نامە و بەڵگەنامەی بەجێماوی عەبدوڵلابەگی میسباح دیوان ـ ئەدەب.

٥- چاپی نوێی دیوانی عەبدوڵلابەگی میسباح دیوان ـ ئەدەب.

٦- دیوانی مەولەوی تاوەگۆزی

٧- کورد لە سەفەرنامەی بیانیدا

٨- بیرەوەرییەکانی لیێتن ـ کونسوڵی ئەڵمانیا لە تەوریز ـ ١٩١٤

٩- مەولەوی رۆمی ـ بەسەرکردنەوەی ژیان و بەرهەمی

١٠-کورد لە بەڵگەنامەی ئێرانیدا

١١-کۆمەڵێك بەرهەمی وەرگێڕدراو ـ لە فارسی و عەرەبییەوە.

١٢-نالی و زمانی نالی ـ خوێندنەوەیەکی نوێ